هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٩

سالی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و نۆ

---

چاپی یەکەم/ سالی ٢٠١٩

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ٩٩
**چاپی یەكەم: ٢٠١٩**
**تیراژ: ٢٥٠**
**پێداچوونەوە: دنیا انور بهجت**
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/٩/٣٠ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١٠/١٤ ل ١٠٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١٠/١٥ ل ١٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١٠/٢١ ل ٢٦٥

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤\٩\٣٠**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٣)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٩/٣٠، بەرنامەی کار بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

١. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.
٢. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

سەرەتا بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە بەگەرمی بەخێرهاتنی وەفدی پارێزگای هەڵەبجە دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئامادەبوونیان لە دانیشتنی ئەمڕۆ، بەتایبەت

که دانیشتنی ئەمڕۆ یەکێك لە بڕگەکانی بریتییە لە قسەکردن و گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری ناساندنی شاری هەڵەبجە وەکو پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمار (٢)ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢٣، مۆڵەت پێدراو بوون یان بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوە بوو، (انس محمد شریف ـ مۆڵەت، ئاری محمد عبدالرحیم ـ ئامادەنەبووە، پەری صالح ـ مۆڵەت، جمال عثمان. مۆڵەت، زۆزان صادق سعید ـ مۆڵەت، زولفا محمود. مۆڵەت علی علی هالۆ ـ مۆڵەت، قادر ئۆتمان ـ مۆڵەت، محمد علی یاسین ـ مۆڵەت منی نبی ـ مۆڵەت، بەهزاد دەروێش ـ مۆڵەت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داوا لە بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو لە کۆبوونەوەکانی لیژنەکان ئەوەی لە ٢٠١٤/٩/٢٩ ئەنجامدرا بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، ئەم بەڕێزانە ئامادەنەبوون (د. عزت صابر ـ مۆڵەت، دڵشاد شعبان ـ مۆڵەت، صالح فقێ ـ نەهاتووە، یروانت نیسان ـ مۆڵەت) لیژنەی ئاسەوارو شارەوانی و گەشت و گوزار ئەوانەی ئامادەنەبوون ( شکریە اسماعیل ـ گوازراوەتەوە بۆ لیژنەیەکی تر) لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ئەوانەی ئامادەنەبوون (زۆزان صادق ـ مۆڵەت بەهۆی نەخۆشییەوە) لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان (پەری صالح ـ مۆڵەت) لیژنەی تەندروستی کاروباری ژینگە ئەوانەی ئامادەنەبوون (زولفا محمود ـ مۆڵەت) لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر ئەوانەی ئامادەنەبوون (زانا عبدالرحمن ـ مۆڵەت، عادل عزیز ـ مۆڵەت) لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ئەوانەی ئامادەنەبوون (د. عزت صابر ـ مۆڵەت) لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر ئەوانەی ئامادە نەبوون (زولفا محمود ـ مۆڵەت) لیژنەی دەست پاکی و نەزاهەت ئەوانەی ئامادەنەبوون ( خلف احمد معروف ـ نەهاتووە، ادریس علی اسماعیل ـ مۆڵەت) لیژنەی وەرزش و لاوان ئەوانەی ئامادەنەبوون ( محمد صادق سعید ـ مۆڵەت) لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەوانەی ئامادەنە بوون ( شکریە اسماعیل ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢) لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢٣، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢. خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو و ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان و هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە،

٣. گفتوگۆکردنی ئەندامان سەبارەت بە دانانی بیرۆکە لە بەرنامەی کار یان لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر پێش پێشکەشکردنی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەوەش بە دەنگدان یەك لایی کرایەوە.

٤. دەنگدان لە سەر قبول کردنی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز (ئاری محمد هەرسین) لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان.

٥. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، دواخرا بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ.

٦. دەنگدان لە سەر ئەندامانی نوێی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان و پەسەندکرا.

٧. خوێندنەوەی یەکەم بۆ چوار پڕۆژە یاسا کرا.

٨. دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران و پەسەند کرا.

٩. دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا.

١٠. خوێندنەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئێستا دەست دەکەین بە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ هەڵبەتە ژمارەیەك پرسیار و ژمارەیەك وەڵامم بۆ هاتۆتەوە کە ئەوانیش دەخوێنینەوە، یەك بیرۆکەمان بەدەست گەیشتووە، لەلایەن بەڕێز عباس غزالی کە ئەویش لە دانیشتنی ئەمڕۆدا باس دەکرێ، دەبینم دەست بەرزکراوەتەوە بۆ دوو نوقتە نیزامی؟ فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ماوەیەك بە واژووی چەند پەرلەمانتارێك داواكرا كە ئەنجومەنی هەرێمی باڵای نەوت و گاز لە پەرلەمان ئامادەبن بە حوكمی بەردەوامی قەیرانی دارایی و، ئێستا جۆرێك لە پاشەكشە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەوتیشدا دەبینرێت كە پێشتر جۆرێك قسەی لە سەر دەكرا و، ئێستا جۆرێكی تر قسەی لە سەر دەكرێ با بڵێین رۆیشتنەوە بۆ لای سۆمۆ هەموو ئەو شتانەی تریش، ئینجا جارێكی تر داوا دەكەینەوە ئەو ئەنجومەنە ئامادەبن لە ناو پەرلەمان، بۆ ئەوەی هەم روونكردنەوە بدەن و، روونكردنەوە لە سەر ئەو گۆڕینی ئیتیجاهی سیاسەتەش بدەن و، وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانیش بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێت بەڕێز جێگیری سەرۆكی پەرلەمان ئەو نووسراوەی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران كردووە و، لە دەرفەتێكی گونجاو بۆ پەرلەمان و بۆ ئەنجومەنەكەش ئەو كۆبوونەوەیە ساز دەكرێ، فەرموو مدینە خان.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو ئەم دبینین چەندین جارا بەرنامێ كارێ پەرلەمانی ب زاراڤێ سۆرانی دێتە پێشكەشكرن، لەوما داخازێ ژ سەرۆكایەتیا پەرلەمانی د كەین هەندێك جار بەهرا زاراڤێ بەهدینی ژی بدنێ، چونكە گەلێك وشەێت هەین ب لایێ بادینی ب شێوەیەكی نە و لایێ سۆرانی ب شێوەیەك دینە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەیرێكی ئەم داواكاریەی بەڕێزیشتان دەكەین، مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا كاتێك سەیری بۆكسەكانمان دەكەین و پڕۆژە یاساكان دەبینین هەست ناكەین لە پەرلەمانی كوردستان داین و، هەست ناكەین لە پایتەختی كوردستان داین، چونكە ئەو پڕۆژانەی كە من دوێنێ سەیرم كردووە، هەمووی بە زمانی عەرەبی نووسراوە، كێشەكە لەوەدا نییە زمانی عەرەبی تێدایە، كێشەكە لەوە دایە زمانی كوردیش لەگەڵیدا هاوپێچ بكرێت، چونكە ئێمە باسی ئەوە دەكەین لە حكومەتی عێراقی گلەییەكەمان لە سەر ئەوەیە زمانی كوردی وەكو پێویست بەكار نایەت، ئێمە خۆمان لە پەرلەمانی كوردستاندا بەكاری نەهێنین، ئەو كات بۆمان نییە لە راستیدا داوا لە حكومەتی ناوەند بكەین، بۆیە دەكرێت چارەسەری ئەم حاڵەتە بكرێت كە یەك دوو جاری تر باس كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پڕۆژەی زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئێستا راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار کە لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنە لە سەری ئامادەکراوە و، لە ماوەیەکی نزیکدا راپۆرتی لیژنەی یاسایی یان راپۆرتی هاوبەشیشی لە سەر ئامادە دەکرێ و، لە پەرلەمانی کوردستان دەنگدانی لە سەر دەکرێ و، چارەسەری ئەو کێشەیەش دەکا کە جەنابت باست کردووە، لە ماوەی داهاتوودا (انشاءالله) ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێ، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بێنە سەر منەصە، فەرموو مامۆستا غریب.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەفتەی پێشوودا نووسراوێکم دا خزمەتی جەنابت، بیرۆکەیەك بوو ئەو کاتە ئەوە بوو کە ئەمە هاتە پێشەوە کە بڕیار بوو حەفتەی پێشوو نەخوێندرێتەوە پەیوەندیشم کردووە بە (کاك فخرالدین)ەوە عەرزم کردووە کە بیرۆکەکە زۆر پێویستە و، کاتەکەی تێ دەپەڕێ پێویستە بەڕاستی بخوێندرێتەوە و بدرێت بە حکومەت، ئەگەر ناوەکەم یاداشت بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان روونکردنەوە لە سەر ئەو بابەتە دەدات،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مامۆستا غریب ئەو کۆبوونەوەیە لە (٢٣) ی مانگدا بوو کە ئاڕاستەت کرد ئەوە بوو ئەو بڕیارەی پەرلەمان هاتە پێشەوە کە (٤٨) سەعات پێش وەخت بدرێ، لە ئەو (٤٨) سەعاتەی بۆ کۆبوونەوەی ئەمڕۆیە کە بیرۆکەکە نەگەیشتۆتە دەست من تا بیرۆکەکە بە رەسمی وەکو ئەو بیرۆکەی پەرلەمانتار عباس غزالی خوێندنەوەی بۆ بکەین و لە دەستەی سەرۆکایەتی و بڕیاری لە سەر بدەین، واتا هی پێشووە تەئکیدت لێ نەکردووە بیرۆکەکە ماوە یان نا؟ چونکە هەندێك لە بیرۆکەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان کە دەڵێن کاتەکەی بەسەر دەچێ کە لە کاتی خۆیدا ئەو بیرۆکەیە پێشکەش نەکرێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غریب.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەفتەی پێشوودا خۆم دامە دەست جەنابت، پێش کۆبوونەوەکە بە دەستی دامە جەنابت بە نووسین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەیرێکی ئەو داواکاریەی جەنابت دەکەین، فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ویستم ڕوونكردنەوەیەك لە سەر ئەوە بدەم كە ئەو پڕۆژە یاسایانە كە دێتە صندوقەكەنمانەوە بە زمانی عەرەبی زۆربەی زۆریان تەرجومەی ئەوەیە كە ئەسڵەن بە كوردی تەقدیم كراوە و، دواتر تەرجومە دەكرێ بۆ عەرەبی بۆ ئەوەی بە هەردوو زمانەكە هەبێ، ئەگەر نا ئەوە نییە بڵێین هەموو پڕۆژەكان بە عەرەبی تەقدیم كرابێ، بەس ویستم ئەو ڕوونكردنەوەیە بدەم، بەتایبەتی ئەوانەی ئەو جارە تێدابوو هەمووی تەرجومەی كوردییەكەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوا دانیشتن، یەعنی حەفتەی ڕابردو نەك بە دەستی خۆم بیرۆكەیەكم بە نووسین هێنا تەسلیمی جەنابتانم كرد، باسی نەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێم وابێ بیرۆكەكەی بەڕێزت ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان كراوە، ئەوە دابەشیش كراوە بەسەر سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، فەرموو كاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە نییە قوربان، من لە سەر مەسەلەی كشتوكاڵ بوو، كێشەی گەورە هەبوو لە سەر مەسەلەی كشتوكاڵ بیرۆكەكە لە سەر ئەوە بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەیری ئەو داخوازیەی جەنابیشت دەكەین، بیرۆكەكان دەهێنینەوە ئەگەر بە پەسەندمان زانی لە دانیشتنی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو بیرۆكانەی تر دەخرێتە ڕوو، فەرموو د. شوان.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د. شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە نەك (٤٨) سەعات ئەوە جەنابی شێخ ئاگادارە (١٩٢) سەعاتە، یاداشتێكمان داوتە جەنابیان بۆ ئەوەی كە لیژنەیەك پێك بهێنرێت دەربارەی ڕووداوێكی گەورە كە لە ڕانیە ڕوویداوە، بەڵام نە وەڵامیش هەیە، نە ئاماژەشی پێ دەكرێت، دەڵێ بیرۆكە نییە ئەی چۆن لێی وەرگرتووم، پێشترێش كە ئێمە یاداشتمان دا لیژنە كە پێكهێنرا بۆ هەڵسوڕاوەكانی گۆڕان و پاسەوانەكەی مەڵبەندی كۆمەڵ هەر بەو شێوازە بووە، بەڵام ناوەكە ناخوێندرێتەوە گوێش ناگیرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان روونکردنەوە دەدات.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی (٢٣)ی مانگدا تکایە با بیرۆکەیەکی دیکەش ئەو موداخەلەیە نەکاتەوە لەگەڵ رێزم بۆتان، ئێمە لە دانیشتنی (٢٣)ی مانگدا ئەو بڕیارە کە وترا پێش (٤٨) سەعات لە دانیشتنی پەرلەمان بیرۆکەمان تەقدیم بکەین، پێشکەشمان بکەن بۆ ئەوەی بیخوێنینەوە، واتا سیستەمێکی نوێمان بۆ پێشکەشکردن و خوێندنەوەی بیرۆکە هێنایە پێشەوە لە کۆبوونەوەی پێشوودا، مەفروزە بەڕێزت هەر یەکێك لەو بەڕێزانەی کە ئاماژەیان پێدا (٤٨) سەعات پێش ئێستا ئاگاداری بکردبایەنە، نەخێر هەر دوای کۆبوونەوەکە بیگوتبایە ئەم بیرۆکەیەی من بۆ کۆبوونەوەی ئایندەش کاری لە سەر دەکرێ، واتا ئەو سیستەمەی ئێستا کە داهێنرا لە دانیشتنی (٢٣)ی مانگدا بیرۆکە (٤٨) سەعات پێش وەختی خۆی پێشکەش بکرێ، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بیخوێنینەوە، هەر بەموناسەبە مامۆستا شوان بیرۆکەکەی بەڕێزتان لە دەستەی سەرۆکایەتی ئاماژەی پێدا باسمان کرد کە بەو شێوەیە بنەماکانی بیرۆکەی تێدا نییە لە کاتێکدا بیرۆکەیەك بورووژێندرێ، چونکە لە هەولێریش بابەتێکی وا هەیە کە لە دانیشتنی دەستەی سەرۆکایەتی ئاماژەمان پێدا، بەهەر حاڵ هەر بیرۆکەیەك کە هەبێ بەڕێزان ئێمە لە دانیشتنی رابردودا ئەوەمان رێکخست کە (٤٨) سەعات پێش وەخت بگاتە دەستی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکەین لە ئێستاوە کاری پێبکەین بەوە و، ئەو بیرۆکانە ئێستا لای من پارێزراون دەیخەمە بەر دەست سەرۆکی پەرلەمان و قسەی لە سەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا با لیژنەکانی یاسایی و پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان ودەستەی سەرۆکایەتییان بفەرموون بۆ سەر منەصە بۆ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە (٢١)ی ئەیلول بیرۆکەیەکمان پێشکەش بە سکرتێری پەرلەمان کردووە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە لە کۆبوونەوەی رابردو شێوازەکەی گۆڕدرا ئەوانەی بیرۆکەمان هەبووە پێمان وابووە داخلی بەرنامەی کار دەکرێت، بەڵام گرفتەکە لەوە دابووە هیواداریـن ئەو بیرۆکەیەی هەمانە وەکو پێشتر کە تەڵەبمان کردووە بخرێتە روو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی دوایی سەیری بیرۆکەکان دەکەین ئەوەی کە گونجاو بێ لە دانیشتنی ئەمرۆدا دەخرێتە روو، بەڕێزان فەرموون بۆ دەست کردن بە گفتوگۆ لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزان دەکەین کە راپۆرتی هاوبەش کە لەلایەن سێ لیژنەوە ئامادەکراوە ببێ بە ئەصڵ و، بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە راپۆرتی هاوبەشی هەر سێ لیژنە سەبارەت بەو پڕۆژە بڕیارە بکرێتە بنەمای گفتوگۆکردن با دەست بەرزکاتەوە؟ (٩٦) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو راپۆرتی هاوبەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی هاوبەش**

سەبارەت بە پڕۆژە بڕیاری ناونانی شاری هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان و عێراق لیژنەی کاروباری یاسایی و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان و کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی رۆژی چوارشەممە (٢)ی رەزبەری کوردی بەرامبەر بە ٢٠١٤/٩/٢٤ی زایینی کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژە بڕیاری ناونانی شاری هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە رۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٤/٥/١٤ رەوانەی لیژنەکان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە، ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ناونیشانی پڕۆژە بڕیارەکە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

١ـ ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢ـ لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆنفراس و کۆڕو کۆبوونەوەو مەڕاسیمی تایبەت بە پەخشکردنی فەلسەفە و رۆشنبیری ئاشتی لەو پارێزگایە ساز دەکەن.

٣ـ پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربکات.

٤ـ کار بە هیچ بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت.

٥- پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٦- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی لە وەقایعی کوردستاندا کاری پێ دەکرێ.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی تاوانەکانی جینۆساید بە سەر دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و لیبوردەیی لە کوردستان و جیهان ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردنی مادده بە ماددەی پڕۆژە بڕیارەکە، بۆیە لە ناونیشانەوە داوا لە بەڕێز سەرۆکی لیژنەکان دەکەین کە لە سەرەتا ناونیشانەکەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان و، دوایی یەك بە یەك ماددەکان دەخەینە گفتوگۆوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پڕۆژە بڕیارەکە بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە،

ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەیەکی هەیە لە سەر ناوی پڕۆژەکە؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە بۆ گفتوگۆکردن ناویان لای ئێمە تۆمارە ( مامۆستا هەورامان، ئومێد خۆشناو، فرست صۆفی، عباس غزالی، ئاری هەرسین، شێرکۆ جودت، شوان قەڵادزەیی، عبدالله حاجی محمود، سهام عمر، محمد علی، ابو کاروان، سۆران عمر، عمر عینایەت، فەرهاد سەنگاوی، حیات مجید، کاك خلف، شێخ شامۆ)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی وەفدی شاری هەڵەبجەی خۆشەویست ئەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، یاخوا بەخێربێن و، خۆشحاڵین بەوەی تەشریفیان لێرەیە، دیارە بەڕێزان من وەکو بەرکەوتوویەکی چەکی

کیمیایی له شاری هەڵەبجەی شەهید کە چارەگە سەدەیەك لەمەوپێش لە لایەن گەورەترین تاغوت لە عێراق بەر گەورەترین و خراپترین و بکوژترین چەك کەوتین، لە پاش تێپەڕبوونی چارەگە سەدەیەك بەسەر ئەو مەئساتە گەورەیە کە بەسەرمان هات، زۆر خۆشحاڵم ئەمڕۆ خۆم بە نوێنەرایەتی گەل دەنگ ئەدەم لەسەر ئەوەی کە شارەکەم ببێتە پایتەختی ئاشتی هەرێمەکەم، بەراستی ئەوە مایەی خۆشحاڵییە، دەروونم زۆر پێی ئاسوودەیە، هیوادارم ڕۆحی شەهیدە سەربەرزەکانیشمان انشاءالله ئاسوودە بێ، بە تایبەت کە هەست ئەکەین هەلەبجە لە دەرگای تەزحیەدان و فیداکاری و شەهیدیەوە هاتە ناو مێژووەوە، بەلاَم لە موقابیل زۆر خۆشحاڵم کە ئەو ناونیشانەمان بۆ هەڵبژاردووە لە پرۆژەکە، ئێمە ناومان ناوە پایتەختی ئاشتی، بۆ ئەوەی بۆ هەموو دونیای بسەلمێنین کە میللەتی کورد ئاشتی ئەوێ و شەڕی ناوێ، و میللەتێکی ئاشتی خواز بووە، سەبارەت بەو پرۆژەیە دیارە ئەوەی سەرنجمە لە راستیدا (ناوە) زۆر گەورەیە، بەلاَم دیارە تەنیا (ناو ) برینەکانی ئەو شارە ساڕێژ ناکات، ئەمە هەوڵێکی مەعنەوی باشە، بەلاَم پێم خۆشە ئێمە چەند بڕیارێکی تریش بدەین لەم پرۆژە بڕیارە، چەند ماددەیەکی تێدابێ کە ئەو شارە کە ناوی ئەنرێ پایتەختی ئاشتی، ناوەڕۆکەکەشی بە جدی پایتەختی ئاشتی بێ و ڕەنگ بداتەوە، تێبینی یەکەمم، ئەو شارە کە پایتەختی ئاشتی ئەبێ، ئەبێ بە هەموو جۆرێك چەکی قورسی تێدا نەبێ، دوو......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق- سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان ئێستا پێشنیازی خۆتت کرد لەسەر پرۆژەکە، دەستت خۆش بێ، لە دوای ئەوەی هەر تێبینیەکت هەیە لەسەر ماددەکانی تر ئەتوانی بیڵێی، بەلاَم ئێستا تەنیا قسە لەسەر ناونیشانەکەی بکە، هیچ تێبینیەکەت هەیە لەسەری؟

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف(گەچێنەیی):**

لە ماددەی دووش تێبینیم هەیە، کە هاتینە سەری باس ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەوانەی کە ناویان نووسیوە نوێنەری هەموو فراکسیۆنەکانی تێدایە، لە وتووێژ کردن لەسەر ناونیشانی بڕیارەکە ڕێ بە بەڕێزتان ئەدەین بە ناوی فراکسیۆنی خۆتانەوە، بە ناوی ئەندامی پەرلەمانەوە، قسە لەسەر گرنگی پرۆژەکەش بکەن، پرۆژە بڕیارەکە ڕای خۆتان لەسەری دەربڕن و بەستنەوەی بەو خزمەتانەی پێویست ئەکات بۆ هەڵەبجە بکرێ، بۆیە ڕێمان بە بەڕێز مامۆستا هەورامانیش دا کە لەسەر کۆی پرۆژەکەش قسە بکات، لێرە ڕێ بە بەڕێزتان ئەدەین قسە لەسەر ناونیشانەکە بکەن، لەسەر گرنگی پرۆژەکەش بکەن کە پەیوەندی بە هەڵەبجەوە هەیە، بەلاَم کە هاتینە سەر بڕگەکانی تری پرۆژە بڕیارەکە، ماددە بە ماددە کە وتووێژی لەسەر ئەکەین، تەنیا وتووێژ لەسەر ئەو بڕگەیە و ئەو ماددەیە ئەکەین، فەرموو کاك ئومێد خۆشناو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵەبجە گرفتی ناوی نییە، هەڵەبجە بەشێکە لە مەزلومیەتی خەڵکی کوردستان، بۆیە قەت گرفتی ناوی نەبووە هەندەی گرفتی ناوەڕۆکی هەبووە، بۆیە واباشە ئێمە لەگەڵ تەواوی ئەو پرۆژەیە بین، فیعلەن پرۆژەیەکە ئەکرێ بەشێك بێ لە ئاوڕدانەوە لە خواستی ئەو خەڵکە، بەڵام واباشە لە پایتەختی ئاشتیەوە ناوەکە بگۆڕدرێ بۆ شاری ئاشتی، لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی بە پایتەخت بوون هێندە خەڵك لێی قەڵس بووە، بە ئیهتیمامەوە سەیری ناکات، شارێکە ببێتە شاری ئاشتی، جگە لەوەی پێی ئەگوترێ پایتەختی ئاشتی، دوو: پەلە کردن لەوەی هەرچی زووە پارێزگای هەڵەبجە تەشکیل بکرێ، ئەوە یەکێکە لە داخوازییەکانی خەڵکی هەڵەبجە، ئێستاش نوێنەرانیان لێرەن، ڕۆژانە چەندین کەمپین و گردبوونەوە لەسەر ئاستی ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و توێژە جیاوازەکانی هەڵەبجە دروست ئەکرێ، واباشە بۆ ئاوڕدانەوە لە خواستی هەڵەبجە، هەرچی زووە پەلە بکرێ لە پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای ئەو شارە و، دوور بکرێ لە موحاسەسەی حزبی، خەڵکی قوربانیدەری ئەو شارە، خەڵکێکی تێدا هەیە تا ئاستی بالاً پرۆفێشناڵە لە کارەکەی خۆیدا، فرسەتی بۆ برەخسێ، ململانێ حزبیەکان بەلاوە بنرێ، ئەنجومەنی شار بە فیعلی بکەوێتە کار، ببێتە پارێزگا کە تا ئێستا لە ٣/١٦ دا بە بیر خەڵکی هەڵەبجە ئەهێندرێتەوە، کار لەسەر ئەوە بکرێ ئاشتی بەیەکەوە ژیان لەو شارە زیاتر بکرێ، چونکە ئەگەر سەیر بکەین تا ئێستا ئەو ئاشتی و بەیەکەوە ژیانە لەوێ ئەکرێ بە شێوازێکی تر تەفسیری بۆ بکرێ، قوڵ بوونەوەی ئاشتی کە شاری ئاشتیە ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر ناوچەکانی تر، نەك لە ناوخۆی خۆیدا گرفتێك هەبێ کە لێی بترسی کە پێی ئەگوترێ ئاشتی کۆمەڵایەتی، یەکەم کار لەو شارە ئەوەیە تەواوی حزبەکان لەو شارە پەیمانی شەرەف واژوو بکەن کە بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکان و بەرژەوەندییەکانی هەڵەبجە بخەنە سەر بەرژەوەندییە حزبەکانەوە، سێ: دیاردەی چەکداری، یەکێ لەو گرفتانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە دیاردەی چەکدارییە، واباشە بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێ، لە دەزگاکانی تەنفیزی کە ئەگەر بمانەوێ دیاردەی چەکداری نەمێنێ با لە هەڵەبجەوە دەست پێ بکەین کە شاری ئاشتییە، نەك چەکی قورس، هیچ چەکێك لەو شارە نەمێنێ، تەنانەت.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە موعالەجە ئەکرێ....

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

......بەڵام تا ئێستا کە ئاوڕی پێداویستی لێ نەدراوەتەوە ئەکرێ لەگەڵ بە پارێزگا بوونی ئاوڕێکی لێ بدرێتەوە، یەکێ لەو تایبەتمەندیانەی هەڵەبجە و ڕوکنی ئەساسی گەشتوگوزار لەو شارە جێی سەرنجە،

یەکێکیان شوێنی گەشت و گوزارییە سروشتییەکانە، شوێنە ئاینی و دینییەکان، ئاسەوار و شوێنەوار و، یەکێکە لە مەرکەزەکانی جینۆساید، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەو شێوازە سروشتییەی کە لەو شارە هەیە تواندراوە سوودی لێ وەرگیرێ؟ تایبەتمەندییەکی تر لە ڕووی کشتوکاڵیەوە، هەڵەبجە بە دەلائیلی زانستی سەلمێنراوە کە لە دوای دەشتی شارەزوور دووەم دەشتی بە پیتە لە ناوچەکە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا خەڵکی هەڵەبجە جگە لەوەی قوربانی دایە لە ڕووی کشتوکاڵیەوە توانیویەتی بژێوی ژیانی خۆی یان کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان ببووژێنێتەوە؟ هەڵەبجە یەکێکە لە کۆنترین قەزاکانی عێراق، نەك هەرێمی کوردستان، ساڵانی شەستەکان بە نموونە وەرگرین، لە شەستەکان هەڵەبجە بووە لە ڕووی کەلتوورییەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیریەوە، لە ڕووی هونەری و ئەدەبیەوە پەخشی داهێنانەکانی خۆی کردووە بۆ ناوچەکانی تر، شارەکانی تر سوودیان لێ وەرگرتووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێستا، هەڵەبجە دوای ئەو هەموو قوربانی و مەئەساتەی بەسەری هاتووە، لەو ڕوانەش چەندە زەرەری پێ کەوتووە؟ بۆیە پێویستە لەو ڕووەش بە جدی کار بکرێ، ساڵانە لە ٣/١٦ گەورەترین گرفت لەو شارە ئەوەیە کە مۆنۆمێنتێکی شایستەی نییە ئەو یادەی تێدا بکرێتەوە، شوێنی مۆنۆمێنت لەگەڵ گۆڕستانی شەهیدان زۆر لە یەکەوە دوورە، وەکو تقوسێکی لێ هاتووە، خەڵك ئەچێتە مۆنۆمێنت و پاشان ئەچێتە گۆڕستانەکە، چەندین گۆڕستان لە نێو گۆڕستانی شەهیدان کە سیمبولە، بەڵام گۆڕی بە کۆمەڵیش هەیە، تا ئێستا نەتوانراوە ئەوانەش بە شێوازێکی جوان خزمەتی بکرێ ئەو گۆڕستانە بە کۆمەڵانە کە ببێتە بەشێك لەوە، بۆیە پێشنیار ئەکەین مۆنۆمێنتی شەهیدان لە هەڵەبجە بە شێوەی پانۆرامە بێت، هەرکەسێك ئەچێتە هەڵەبجە، وەکو فیلمێك، وەکو داخیل بوونی بۆ ئەو تراژیدیایەی کە لە وەختێك بەسەر خەڵکی کوردستان هاتووە، لە ڕابردوو بڕیاری بە پارێزگا بوونی ئەو شارە درا، ئێستاش ئاشتی، بەڵام ئەوەنابێ لە یادمان بچێ هەڵەبجە بێ بەشە لە خزمەتگوزاریەکانی، واتە نە بە پارێزگا بوونی، نە بە ئاشتی بوونی ناگاتە خواستی ئەو خەڵکەی لە ڕووی ڕێگاوبان، خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان، هەموو ئەو پێداویستیانەی کە هەیە، تەندروستی، ڕۆشنبیری، ئەوانە خواستی هەڵەبجەیە، ئەگەر هەر بڕیارێك ئەدرێ، ئەبێ ئەوانە لەبەر چاو بگیرێ، دوو پێشنیار ئەخەینە ڕوو، یەکێکیان ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەو پرۆژە بڕیارە، بڕیاری ئەوە بدات لە کاتی لەبار بوونی باری ئابووری هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە قەیراندایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بکرێ هەندێ لە خەدەماتە سەرەتاییەکان پێشکەش بە شاری هەڵەبجە بکرێ، دوو: لەبیرمان چووە حکومەتی عێراقی کە ئەوەی ئێستا هەیە میراتگری ئەو ڕژێمە ستەمکارەیە، ئایا لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا، بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق تا ئێستا هەرێمی کوردستان چ بڕیارێکی داوە کە حکومەتی عێراقی ئیلزام بکات ئاوڕێك لەو شارە بدرێتەوە، غەیری ئەوەی هەڵەبجەمان وەکو سۆز تەماشا کردیە، بە چاوی بەزەییانەی خۆمان کە کارەساتێکە بەسەرمان هاتووە، بەڵام هیچ سوودێکمان لەوە وەرنەگرتووە کە ئەوە جینۆسایدە، ئەوە قڕ کردنە، خاپوور کردنی شارێکە، حکومەتی عێراق مەسئولیەتی دیاری بکرێ، ئاوڕی جدی تر لەو شارە بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق- سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فەرهاد سەنگاوی.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمرۆ ڕۆژێکی خۆشە بۆ هەڵەبجەیەکان نا بە تەنیا، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، هەرچەندە هەموو خەڵکی کوردستان لە پێشەوەی هەڵەبجەیەکان لە دوای هەموو کەس فریا بکەونایە و داوای ئەو هاوکاریانەیان بکردایە، چونکە هەڵەبجە بووە بە شارێکی نێودەوڵەتی و نێو نەتەوەیی، لە ئاستی کەرکووکدایە، کەرکووك وەکو ئابووری، و خاك، وەکو سنوور گرنگە، بەڵام هەڵەبجە وەکو سنوور گرنگە، لە ناو سەدان و هەزاران پەیج و ماڵپەڕ و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنیەکان هەڵەبجە ناسراوە، ئەکرێ هەڵەبجە بێ ئیستیغلال سوود بگەیەنێت بە هەموو نەتەوەی کورد و، لە هەموو فشارێکی تریش بەکاربێت، بۆیە ئەوەی هەڤاڵان باسیان کرد یەکێکیان بێکاریە، کورد هەزاران ساڵ لەمەوپێش وتوویەتی شەڕ لە بێکاری باشترە، خەڵکی هەڵەبجە پێش هەموو شتێ پێویستیان بە کار هەیە، ئەگەر چی ئەمە کارێکی جوانە بۆ پایتەختی ڕۆشنبیری، بۆیە پێشنیار ئەکەم دوای ئەمانی ئەو ئەزمەیە ٥ هەزار شوقە بۆ ٥ هەزار قوربانیەکەی هەڵەبجە دروست بکرێ، و چاکترین نەخۆشخانەش لەسەر ئاستی کوردستان لە هەڵەبجە بکرێ، ئەوە کارێکی گرنگە، ساڵێك زیاترە خۆم و چەند هاوکارێکم خەریکی دروست کردنی جادەیەکین لە هەڵەبجەی تازەوە بۆ هەڵەبجەی کۆن، تەنیا ٥ کیلۆمەترە، ڕێگای هەڵەبجە نیو سەعات کورت ئەکاتەوە، پێویستە ئەم خزمەتگوزاریانە بۆ خەڵکی هەڵەبجە بکرێ، لە پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد / سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕابوون معروف.

**بەڕێز ڕابوون توفیق مەعروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خۆم و فراکسیۆنی گۆڕانەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و بە دیاری کراوی خەڵکی سەربەرزی هەڵەبجە ئەکەم بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بەشێك لەو قەرزە گەورەی خەڵکی ئەو شارە زۆر گرنگ و زۆر خۆشەویستەی کوردستان ئەدەینەوە کە لە ڕووی ڕەمزیەوە ئەیکەین بە پایتەختی ئاشتی بۆ وڵاتەکەمان، بۆخۆم لەگەڵ ئەوەم وشەی پایتەخت لە زمانە ئەوروپیەکانیش هەر وشەی پایتەخت بەکاردێ، لە عەرەبیش هەر وایە، بۆیە پێم وایە پایتەخت وشەیەکی گونجاوە بۆ بابەتی ڕەمزیەکان، وەکو ئەوەی بۆ سلێمانی کردمان بە پایتەختی ڕۆشنبیری، بۆ هەڵەبجەش بیکەین بە پایتەختی ئاشتی، گونجاوە، بەڵام بابەتێك هەیە کە وەکو مولحەق ئاماژەی بۆ بکەم، ئەویش ئەوەیە لە بابەتی بەپایتەخت ڕۆشنبیر کردنی سلێمانیش ئەوسا ئەو ڕەخنە و سەرنجانەمان بەرگوێ کەوتن و کە لە جێی خۆشی بوون، ئەویش ئەوەیە تۆ شارێك ئەکەی بە پایتەختی فلاَنە بابەت، بۆ نموو نە کە سلێمانمان کرد بە پایتەختی ڕۆشنبیری کە

شایستەی لەوەش زیاترە، بەلأم لە پاڵ ئەوەدا چیمان کرد بۆی؟ ئەبوایە کۆمەڵێك بابەتی فەرهەنگی، کۆمەڵێك مەرکەزی سەقافی و ڕۆشنبیریمان بۆ بکردایە، و حکومەتی هەرێمی کوردستانمان مولزەم بکردایە کە کۆمەڵێك ئیجرائات و ڕێوشوێن بگرێتە بەر بۆ ئەوەی ئەو ناوە لەگەڵ خۆی تەنیا ناو نییە، بەڵکو کۆمەڵێك ئیجرائات و کۆمەڵێك ڕێکار کە حکومەتی هەرێم ناچار ئەکات ئەو شارە بکاتە مەرکەزێکی سەقافی گرنگ، بۆ هەڵەبجەش وا، ئەوە وەکو نموونە بوو، هەڵەبجەش کە ئەکەین بە پایتەختی ئاشتی، ئەبێ حکومەتی هەرێم هەر بە ناو وازنەهێنێ، بەڵکو هەندێ ئیجرائات بگرێتە بەر کە لە ئاست ئەوە بێ، هەرچەندە پڕۆژە یاساکە کە دێینە سەری کۆمەڵێك ئاماژەی بۆ کردووە، بەلأم بەلای کەمەوە حکومەتی هەرێم ئەگەر لە ڕووی ئەخلاقیشەوە بێ مولزەمی بکەین، یان داوای لێ بکەین کە کۆمەڵێك ئیجرائات بگرێتە بەر بۆ ئەوەی هەڵەبجە ببێتە شارێکی نموونەیی، و ببێتە شوێنێکی جوگرافی، و شوێنێك شایستەی ئەوە بێ پێی بڵێین پایتەختی ئاشتی وڵات، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد- سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابو بکر هەڵەدنی.

**بەرێز ابو بکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پیرۆزبایییەکی گەرم لە گەلی کوردستان و خەڵکی خۆشەویستی شاری هەڵەبجەی شەهید ئەکەم، پێم وایە ئەم بڕیارە هەموو ئەزانین قەرەبووکردنەوەیەکی مەعنەوی خەڵکی ئەو پارێزگا خۆشەویستیەیە، هەڵەبجە چۆن ڕەمزی ناساندنی کێشەی گەلەکەمان بوو بە جیهان، ئەمڕۆش دەستە گوڵێکی تر لە یەخەی ئەو شارە ئەدەین سەرباری بە پارێزگا بوونی، و ئەیکەینە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان، لێرەوە ئەڵێین ئەگەر بەعسییەکان ئەو شارەیان وێران کرد، نەك هەر ئاوەدانمان کردۆتەوە، بەڵکو ئەو شارە ئەکەینە پایتەختێك بۆ بانگەواز و بانگەشەی ئاشتی بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ عێراق و بۆ جیهان، پێم باشە لەمەودوا هەر ناکۆیەك لە هەرێمی کوردستان هەبوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکان، لە نێوان هەر تەرەف و لایەنێکی تر، ئەو لایەنانە بچنە شاری هەڵەبجە، و لەسەر زاری شەهیدان بەڵێنی ئاشتەوایی ڕابگەیەنن، ئەمە تەنیا ناونانێك نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەش وەکو لە پڕۆژە بڕیارەکە هاتووە کۆمەڵێك هەنگاوی تری بەدوا دێ کە لە بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڤیستیڤاڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە ئەگیرێ کە زیاتر ئەو شارە خۆشەویستە بە دونیا ئەناسێنێ، و هەر خۆی ناوەکە هێشتنەوەی حەجمی ئەو کارەساتەیە لە زیهنی نەوەکانی ئێستا و ئایندە، و ئەو شارە هەموو گەلی کوردستان وەکو هەندێ لە شارەکانی کوردستان قەرزاری ئەوەین کە ئەم پاداشتە مەعنەوییەیان بدەینەوە، لە خەباتی پێشمەرگایەتی، لە ڕاپەڕینەکان لە دژی بەعس، لە پێشکەش کردنی (٥ ) هەزار شەهید، جگە لەوەی لە مەڵبەندی زانایان و شاعیران و هونەرمەندان، ئەمە لایەنی کەم پاداشت دانەوەیە، بۆیە ئەگەر گومانێك لەسەر هەندێ شتی ئەو شارە دروست ئەکرێ، لە باقی شارەکانی تریش هەمان دیاردە هەیە، دیاردەی

چەکداری، یان ( ١٤ تا ١٥ ) گەنجی ئەو شارە بڕۆنە ناو گروپێکەوە، ئەوە بکرێ بە سیمایەك بۆ هەڵەبجە، نەخێر، خەڵکی هەڵەبجە زۆر لەوە گەورەترە، ئەمەی ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان ئەیکات دەستکەوتێکی گەورەیە، و بەشێکە لەو قەرزە ئێمە ئەیدینەوە بە خەڵکی ئەو شارە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد - سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك خلف احمد.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێگەم بدەن سوپاسی هەڤالأنم لە فراکسیۆنی سەوز بکەم، کە وەکو پەرلەمانتارێکی دانیشتووی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و سەیدسادق و هەورامان لە بری فراکسیۆنی سەوز لەسەر ئەم بابەتە گرنگە کە خۆشبەختانە پەرلەمانی کوردستان درکی بەوە کرد کە ئەم بابەتە زۆر گرنگە، و لە مانگی ٩ کە ئەزانین ٩/٢١ ڕۆژی ئاشتی جیهانییە ئەو بڕیارە گرنگە دەر بکات و، بەخێرهاتنی وەفدی پارێزگای هەڵەبجە ئەکەم، هیوادارم ئەو بڕیارە لە ڕووی دەروونییەوە گرنگی باشی هەبێ بۆ خەڵکی هەڵەبجە و سنوورەکە و، بۆخۆی لە کاتی بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە پێم خۆشە بە بیر بەڕێزتان بێنمەوە کە بۆخۆی بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕانەوە بۆ ئەو کەلتوورە جوانەی کە لە هەڵەبجە و هەورامان و سەیدسادق هەبوو لە کاتی بە پارێزگا بوونەکە، ڕەچاوی ڕای هەموو دانیشتووانی قەزاکانی تری دەوروبەری هەڵەبجە کرا، تا ئازاد بن لەسەر ئەوەی ئەچنە سەر پارێزگای هەڵەبجە، یان نا، ئەوەش کەلتوورێکی زۆر دیموکراسیە، انشاللە لە داهاتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان گرنگی بەو کەلتورە جوانەی کوردستان ئەدات، ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگ و پڕشنگدارە بۆ پەرلەمان، و یەکە بە یەکەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە دەستی نوێنەرایەتی کردنیان بەرز ئەکەنەوە بە پێدانی ناونیشانێکی شایستە بە جوانترین و مەزلوومترین شاری دونیا کە دیکتاتۆریەت هەموو ڕقە ژەهراویەکانی خۆی بەسەر ئەو شارە و ئەو ناوچە بە تاڵ کردەوە، پێویستە خەڵکی کوردستان بە گشتی و، خەڵکی شارەزوور و هەوارمان و سەیدسادق و پێنجوین و، هەڵەبجە بە تایبەتی، شانازی بکەن کە قوربانیان لە پێناو ئاشتی و ئاوەدانی و بەدیهێنانی مافەکان داوە، هەڵەبجە سیمبولە دیارەکانی مەزلومیەتە لە دونیای پێشکەوتوودا، جیاواز لە هەموو تاوانەکان و جینۆسایدەکانی دونیا و مرۆڤایەتی، لە پاڵ جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە قەدەغە کردنی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژ، بەبەرچاوی دونیای پێشکەوتووەوە جینۆساید کرا، (٢٦) ساڵ لەمەوبەر هەڵەبجە کیمیاباران کرا، و لە ٢٠١٣/٣/١٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو حکومەتەی کە بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانی خۆیەتی و بەرهەمی هەموو قوربانیەکانی کوردە، بڕیاری بە پارێزگا بوونی هەڵەبجەی دەرکرد، ئەمڕۆ و دوای (٢٦) ساڵ لە پەرلەمانی کوردستان کە دیسان بەرهەمی قوربانیدانی هەڵەبجە و کوردستانە وەکو پایتەختی ئاشتی ئەو شارە ئەناسێنێ، گەورەیی کارەساتی هەڵەبجە وای کردووە هەڵەبجە وەکو کوردستان و کێشە ڕەواکەمان بە دونیا

بناسێنردێ، بۆ نموونە ڕێکخراوی ئاشتی نێودەولەتی کە ڕێکخراوێکی جیهانی ناسراوە، لە ساڵی ١٨٩٠ دامەزراوە، زیاتر لە (١٧٠) دەوڵەتی دونیا ئەندامەیەتی، هەڵەبجەش ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بێت، و بە فەرمی لەلایەن ئەو ڕێکخراوە ناسێنراوە، و هەمان ڕێکخراو نووسراوی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و، داوای کردووە هەڵەبجە بە شوێنی ئاشتی بناسێنرێن و، لە ناو (٦٧٠٠) ئەندامی ئەو ڕێکخراوە (٨) کەس دەستنیشان کراوە وەکو کەسانی چالاك لەسەر ئاستی جیهان، یەکێکیان سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەرێز (خدر کریم)ـە، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بالۆێزی ڕێکخراوی ئاشتی نێودەوڵەتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵەبجە ئەندامە لە ڕێکخراوی گەلانی بن دەست، بنکەی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە لە ئەڵمانیایە، هەڵەبجە ئەندامە لە ڕێکخراوی گەلانی بن دەست و ئەو گەلانەی تا ئێستا نەگەیشتوون بە مافە سیاسییەکانیان، هەڵەبجە ئەندامە لە ڕێکخراوی نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژ لە جیهان، هەموو ئەوانە دەستکەوتن و، دەستکەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە، کە لە دوای کارەساتی هەڵەبجە گرنگی بە هەڵەبجە و کارەساتی هەڵەبجە داوە، کاتێ پەرلەمانی کوردستان بڕیار دەدات هەڵەبجە ببێتە پایتەختی ئاشتی، کاتێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار ئەدات هەڵەبجە ببێتە پارێزگا، پێویستە خەڵکی ناوچەکە و هەموو دانیشتووانی سنوورەکە چاوەڕوانی ئەوەن ئەو دوو بڕیارە ڕەنگدانەوەی کرداری لەسەر ژان و ئاوەدانی زیاتری شارەکە و هەموو دەڤەرەکە هەبێ، گوند و سروشتی شێواوی ئەو ناوچەیەی چاوەڕوانی بڕیاری ئاوەڕدانەوەی زیاترە لە حکومەتی هەرێم، هەڵەبجە زۆری بەخشی بە کوردستان، ناسنامەی گەلە مەزلومەکەمانە لە جیهان، پێویستە ئەو بڕیارانە وابکات حکومەتی عێراقیش بخاتە باری قەرەبووکردنەوە، و ئاوڕدانەوەی جدی لە هەڵەبجە، وەکو چۆن لە داهاتی نەوت قەرەبووی کویت ئەکرێت لە پای داگیر کردنی لەلایەن عێراقەوە، پێویستە قەرەبووی ئەوە بکرێتەوە کە هەڵەبجە کیمیاباران کراوە، و دادگای باڵای تاوانەکان ئەمەی بە یاسا سەلماندووە، بە فەرمی ناساندنی ئەم بڕیارانە وەکو چۆن سەیدسادق و قەڵادزێش لە پای ڕووخاندنیان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە بە فەرمی ناسێندراوە، پێویستە حکومەتی عێراقی مولزەمی قەرەبووکردنەوەی ئەو ناوچانە بکرێ، هەڵەبجە باش ئاوەدان کراوەتەوە، گەشەی باشی لەلایەنی گەشتوگۆزار و ڕێگاوبان و قوتابخانە و خوێندنگە و زانکۆی لێ کراوەتەوە، و نەخۆشخانەی تایبەتی بە چارەسەری کیمیایی هەیە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی زۆربەیان تەواو بوون، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەیە، مۆنۆمێنیتی هەیە، بەڵام باشتری پێویستە، حکومەتی هەرێم هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەواو کردووە، پێویستە هەموو بەڕێوەبەرایەیتییە گشتیەکان بکرێتەوە و هەموو پێداویستییەکانی بە پارێزگایی بوونەکەی جێبەجێ بکرێ، کۆتایی قسەکانم ئەوەیە کە هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان و سەیدسادق و پێنجوێن مەرکەزی ئاشتی و ئەدەب و پێکەوە ژیان بوون، ئەم بڕیارەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە نییە هەڵەبجە شوێنی شەڕە و ئێمە بە ئاشتی ئەیناسێنین، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە دووژمنانی میللەت بڵێین، ئەوانەی

هەڵەبجەیان جینۆسـاید کـرد پێیـان بڵـێین بـەڵێ لێـرەوە پـەیامی ئاشـتی بـۆ هـەموو دونیـا و بـۆ خـەڵکی کوردستان دووپات ئەکەینەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد- سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شوان قەڵادزەیی.

**بەڕێز عمر مصطفی (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی وەفدی پارێزگای هەڵەبجە ئەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەرچەند خۆزگـە خواستن باش نییە، بەڵام خۆزگـەمان ئەخواسـت ئێسـتا تەشـکیلەی پارێزگـای هەڵەبجـە تـەواو بوایـە، بـەبێ گیروگرفت و گرێ کوێرەی حیزبایەتی، و ئێستا ئەو کۆبوونەوەمان لە هەڵەبجـە ئـەنجام بدایـە و بـە ئامـادە بوونی بەڕێز موحافیز و کابینەکەی، لێرەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی هەڵەبجـە و شـارەزوور بـە گشـتی ئەکـەم، حەتمـەن ئـەمڕۆ ئـەم پڕۆژەیـە دەردەچـێت بـۆ ئـەوەی پەرلـەمان پەسـەندی دەکـات کـە هەڵەبجـە دەکرێتـە پایتەختی ئاشتی لە کوردستان و عێراق، بەڵام چەند سەرنجێکم هەیە، هەڵەبجە بۆ خۆی بەشاری شەهیدان و هەڵەبجەی شەهید بەناوبانگە لە کوردستان و عێراق و هەموو جیهان، هەڵەبجە مێژوویێکی دێرینی هەیـە لەخەباتی کوردایـەتی، لـەدوای تێکچـوونی مفـاوەزاتی سـاڵی ١٩٧٠ ڕژێمـی بـەعس دوای قەسـفی قـەڵادزێ لـە ١٩٧٤/٤/٢٦ شاری هەڵەبجەی بوومباباران کرد و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شارەکە شەهید بوون، هەروەها لە ١٩٨٧/٥/١٢ بەهەمان شێوە لە ئەنجامی ڕاگواسـتنی گونـدەکان خـەڵکی هەڵەبجـە خۆپیشـاندانیان کـرد، کـە بەداخەوە ئێسـتا ئـەم خۆپیشـاندانە زۆر بەهەنـد وەرناگیرێـت، ئەوکاتـە خۆپیشـاندانێك لـە موحافەزەیـەك دەکـات کـە قـەزای هەلەبجـە پـاك کرایـەوە لـە سـیخورەکانی بـەعس و، ژمارەیـەکی زۆر لەخـەڵکی هەڵەبجـە شەهید بوون (٢٥) کەسیش بێسەر و شوێن کـران و خسـتیانە نـاو چاڵەوە، لـە ١٩٨٨/٣/١٦ ش (٥٠٠٠ ) کـەس شـەهید بـوون کـە ئێسـتا ئـەو شـەهیدانە مانگانـەو سـاڵانە ئێمـە گوێبیسـتی دەبـین کـە بـەهۆی کاریگـەری کیمیاییەکەیەوە تا ئێستا ڕۆژانە خەڵك دەمرێت، ئەو شەڕەش کە گرووپە چەکدارەکان و داعش بەتایبـەتی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندی بەپێی ئەوەی کە زۆرینـەی ڕێـژەی شـەهیدەکان لەشـارەزوور و لـە هەڵەبجە دراون، لەبەر ئەوە ئێمە سەرنجی ئەوەمان هەبووە ئێمە لەئێستاوە بە بوونی بە پایتەختی ئاشـتی پیرۆزبایـیـان لێ دەکـەین، بـەڵام پایتــەختی شــەهیدان لەگـەڵ ڕێــز و تەقـدیرێکی زۆریـش بـۆ شــەهیدانی گەرمیانیش ئەنفالەکانی گەرمیان و سەرتاسەری کوردستان، بەڵام ئەو ناوە خۆ دائیمەن ئاشتی لە ئـەنجامی خوێن و خەبات و تێکۆشـان و قوربانیـدان دێتـە ئـاراوە، لەبـەر ئـەوە مـن لەئێسـتاوە بەبۆنـەی ئاشـتیەکەوە پیرۆزباییان لێ دەکەم، بەڵام ناوی هەڵەبجـەی شـەهید زیـاتر ناسـراوتر بـۆ لـەناوەوە و دەرەوەی کوردسـتان، شەهیدیش هەر بیروبۆچوون و فکرێك بێت هەرشتێك کە ئینسان بتوانێت روحی قوربـانی خـاك و وڵات و نشتیمانی خۆی بکات جێگای سەربەرزییە، سەرنجی ئەوەشم هەیە کە پەرلەمان پێویستە هەموو فشارەکانی خۆی بەکار بهێنێت، پارێزگای هەڵەبجە تەشکیلەی هەڵەبجە پارێزگارو کابینەکەی بەزووترین کات تەشـکیل

بكـرێن، خـاڵێكی تـر پێشـنیاری كردنــەوەی فرۆكەخانەیـەك بكرێـت لـە هەڵەبجـە بـەناوی فرۆكـە خانــەی هەڵەبجەی شەهید یا خۆد (عمر)ی خاوەر بۆ ئەوەی هەموو ئەو كەسانەی كە كاتی خۆی ئـەو وڵاتانـەی كـە كیمیاییان دەنارد بۆ ڕژێمی بەعس كە بەسەر خەڵكی هەڵەبجەدا دەیرژاند بەچاوی خۆیان مەزڵۆمەتی ئـەو شارە ببینن، گرنگیدان بە شوێنەوارە دێرینەكان كە هەڵەبجە لە كۆنەوە پایتەختی میرنشـینی ئـەردەلان لـە خورماڵ بووە، لە زەمانی بابانیەكان ڕۆڵێكی بەرچاویان هـەبووە لـە ڕۆشـنبیری و خـەبات و تێكۆشـان و لـە ڕووی كۆمەڵایەتی و لـە هـەموو ڕووەكانـەوە، گرنگـی بـە شـوێنەوارە دێرینـەكان بـدرێت لەگـەڵ شـوێنەوارە سیاحییەكان، هـەروەها بـە نێـو دەوڵـەتكردنی دوو مـەرز، لـەوێ مـەرزی تەوێڵـە لەگـەڵ مـەرزی ملـەخورت، ئـەوەش هەوڵبـدرێت بەنێودەوڵـەتی بكرێـت لـەڕووی ئابووریيـەوە، لـەڕووی پەیوەنـدی نێـوان كوردسـتانی ڕۆژهەڵات و كوردستانی باشوور ڕۆڵێكی باشی دەبێت، ئەگەر بارودوخی دارایش لە كوردستان باش بـوو یـان حكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو خۆی یان حكومەتی فیدڕاڵی ناچاربكات بچێتە ژێـر بـاری ئـەوەی كـەوا تەواوی خەڵكی شارەزوور قەرەبوو بكرێنەوە هەر لە قەزای سەیدسادق، لەخورماڵ و تەوێڵە، لە سیروان، لـە هەموو ئەو گوند و دێهاتانەی كە سەر بە پارێزگای هەڵەبجەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی گەرمی نوێنەرانی هەڵەبجەو مێوانە بەڕێزەكان دەكەین، بڕیاردان لەسەر ناوی شاری هەڵەبجـە بە پایتەختی ئاشتی بۆ كۆڕو كۆبوونـەوەكان دەسـت خۆشـی لـە لیژنـە پەیوەندیـدارەكان و ئـەو فراكسـیۆنە بەڕێزەی كە ئەم بیرۆكەیەی هێنایە پەرلەمانی كوردستان دەكەین، هەڵەبجە هەرچی بـۆ بكرێـت لـە ئاسـتی گەورەیی و قوربانیدان و گیان بەخشینی شارەزوور بەگشتی و هەڵەبجە و هەورامان لـەجێگای خۆیـەتی بـە بۆچوونی ئێمە و مافێكی سرووشتییە، بۆیە پشتیوانی لەهەر بیرۆكەیەك، لەهەر پێشنیارێك دەكـەین كەلـە ئاسـت گـەورەیی كارەسـات و مەینەتیـەكانی خـەڵكی هەڵەبجـەو هـەورامان و شـارەزوور دابێـت كەلـە ڕێـزی پێشەوەی قوربانیدان و تێكۆشـان و خۆبەخشـین و گیـان بەخشـین بـوون لـەپێناو ڕزگـاری نشـتیمانیی گـەلی كوردسـتان و مرۆڤایـەتی، ئێمـە پێشـنیار دەكـەین لـەپاش كۆتـایی هـاتنی قـەیرانی ئـابووری لـە هـەرێمی كوردستان گرنگی تایبەتی بدرێت بـەبواری كشتۆكاڵی لـە پارێزگـای هەڵەبجـە و بـواری گەشـتوگوزار كـە بـە بۆچـوونی ئێمـە دوولایەنـە جێگـای خۆیـەتی و دەتوانرێـت نـەك پارێزگـای هەڵەبجـە لـە ئایندەدا هـەرێمی كوردستان پێشبخات و بووژانەوەیەكی گشتی بەهـەرێمی كوردسـتان بـدات، تەمـەنا دەكـەین كـە هـەموومان پێكەوە و، دیارە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان و فراكسیۆنەكانیش هەموومان كۆكین لەسـەر ئـەوەی كـە هەرچـی شتی باش هەیـە بكرێـت لـە ئاسـت گـەورەیی و كارەسـات و مەرگەسـاتی هەڵەبجـە بـۆ سارێژكردنی بـرین و مەینەتیەكانی خەڵكی هەڵەبجە و، پیرۆزبایی لە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانیش دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا منیش وەکو برادەرانی تر بەخێرهاتنی وەفدی هەڵەبجە دەکەم و پیرۆزبایشیان لێدەکەم، خەڵکی هەڵەبجە بەگشتی بەم بۆنەیەوە دەڵێم سەرەتا پیرۆزبایی لە خەڵکی هەڵەبجە دەکەم لەبەرئەوەی ئەوان زیاتر ئازاری ئەو کارەساتەیان چێشتووە و ڕۆژانە برینەکانیان دووبارە و سەدبارە دەبێتەوە، دواتریش پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەم، بە گشتی کە تاوانێکی گەورە بەرامبەر میللەتەکەمان کراوە لەو ڕووەوە، بەڕێزان هەرچی بکرێت بۆ هەڵەبجە لە ئاستی گەورەیی هەڵەبجەدا نییە و ڕەنگە پێویستیش نەکات لێرە وتار بخوێنینەوە، لە ئاستی قوربانیانی هەڵەبجەدا نییە، بەڵێ گرفتی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان لەناودا نییە، چونکە مێژووی هەڵەبجە و گەورەییەکەی لە شۆڕشەکاندا و لە دێر زەمانەوە هەیە و باس دەکرێت، بەڵکو ئەوەی پێویستە بەلای منەوە بایەخی زیاتر بدرێت بە کەس و کاریان جگە لەبواری خزمەتگوزاری، بواری دەروونی و مەعنەوی کە گرنگی خۆی هەیە کە ئەویش بەدادگایی کردنی ئەو تاوانبارانەیە کە لەلایەن دادگاوە داواکراون و تا ئێستاش تەسلیم نەکراون، دوو: پەرلەمان کارێکی باشی کرد بۆ دەرچوواندنی ئەم یاسایە و جێگای دەست خۆشیە، بەلأم لەوەش گرنگتر ئەوەیە کەئەم پەرلەمانتارانەی کە ئێستا لێرەن نوێنەرانی ئەو حزبانەن جەخت بکەنەوە لە حزبەکانیانەوە بۆ ئەوەی تا زووە پارێزگاری هەڵەبجە دابنێن و ئەنجومەنی پارێزگا دابنێن بۆ ئەوەی دەست بەکار بن بۆ کارەکانیان، چونکە بەراستی خەڵکی کوردستان زۆر قسە دەبیستێ و زۆر شیعار دەبیستێ، چاوەروانی تەنفیزکردنیەتی، بۆیە ئەگەر ئێمە بەرژەوەندی هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکانمان دەوێ لەپاڵ ئەم بڕیارە پێویستە ماوەی (١٠) ڕۆژ تێپەڕ نەبێت ئەو کارە ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەوە نەکرێت دیسان ئەم قسانە هەر دەبێتە قسە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو کەسێکی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی وەکو یەکێك لە دەربازبووانی پرۆسەی ئەنفال و لە دایك بووی شاری هەڵەبجە، سەرەتا دەست خۆشی لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەم پڕۆژەیان پێشکەش

کردووه و دەست خۆشی له سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەم کە پرۆژەکەی بەهەند وەرگرتووە و کارێکی زۆر دروست و لەجێی خۆیەتی، بەڵام خۆزگەم دەخواست کە دەبوایە هەڵەبجە بە پراکتیکی بەشێوەیەکی کرداری ببوایە پارێزگا ئەوکاتە ئەم پرۆژەیە پێشکەش بکرابایە، بەڵام بەهەر حاڵ من لێرە دەست خۆشی لێدەکەم کارێکی زۆر بەجێیە، من بۆ خۆم وەکو عمر عینایەت شەرەفی ئەوەم هەبووە کەیەکەم ڕۆژ دەست کرا بە پاکردنەوەی هەڵەبجە دوای کە گەڕاینەوە لە ساڵی ١٩٩١ شەرەفی لێ خوڕینی یەکەم شۆفەڵم هەبووە کە دەستمان کرد بە پاکردنەوەی هەڵەبجە لەگەڵ کۆمەڵی ئاوەدانی هەڵەبجەی ئەو دەمە بەهاوڕێیەتی برای بەڕێزم کاك(عثمانی عەله شین ) و کۆمەڵێك لەبرادەرانی ئەو سەردەمە، برایانی بەڕێز: هەڵەبجە برینێکی زۆر سەختە لە جەستەی کوردستاندا و هەڵەبجە توانی ببێتە یەکەم بەردە باس بۆ دۆسێیەی خەڵکی کورد و کوردستان بگوازێتەوە لەسەر ڕەفە تۆز لێ نیشتووەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێزەوە و دانوستانەکانیان، هەرچی بکرێت بۆ هەڵەبجە بەڕەئیی من کەمە، تەبعەن هەڵەبجە دەستە خوشکی قەڵادزێیە، هەڵەبجە لە گەڵ ئەنفالدا جیا ناکرێتەوە، چونکە هەڵەبجە هەم ئەنفال کراوە هەم کیمیاباران کراوە، ئێمە تا ئێستاش دەیان خێزانمان هەیە تا ئەم لەحزەیە لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفال دا دیارنین و نەگەڕاونەتەوە، بەر ئەو عەفوواتە نەکەوتن، یەعنی ئەوان تیاچوون پێش ئەوەی سەرەی ئێمە، ئێمە سەرەمان نەهات کە تیابچین، برایانی بەڕێز هەڵەبجە ناکرێ بڵێی هیچ شتێکی بۆ نەکراوە، بەڵام من بە ئێوە دەڵێم بە ئەمانەتەوە هەڵەبجە لە چاو قەزاکانی کەلار و ڕانیە و قەڵادزێ تا ئەم لەحزەیەش وەك گوندێك وایە، لەبەر ئەوە من گلەیم لەو ڕۆژەوە هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیاری بە پارێزگابوونی لە ٣/١٦ دەرچوو تا ئێستا نەکەوتووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە سەرباری ئەوەی جێبەجێش نەکراوە، تا ئێستا هەنگاوێکی وا نەنراوە کە پرۆژەیەکی وا لەو شارە دروست بکرێت کە ئەم شارە سیمایەکەی وەکو شارەکانی تر پێوە دیاربێت، چەند خەلەلێك هەیە دەمەوێت بیخەمە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز، نەخۆشخانەیەکی کیمیاوی لەهەڵەبجە دورست کراوە تا ئێستا ماوەی (٣ ) ساڵە لەلایەن کۆمپانیای زاگرۆسەوە جێبەجێ دەکرێت کە کۆمپانیایەکە لە پشتتییەوە بەرپرسەکانی ئەم وڵاتە هەن، تائێستا زۆر خەمساردن لە ئیشکردنیان و تەواویان نەکردووە و، ئەگەر تەواویش بێت ستافی نییە و هەموو دەزگا و ئامێرەکانیشی بۆ هێنراوە، بەڵام تا ئەم لەحزەیە نەکەوتووتە کارکردن، زیاتر لە (٢٠٠) برینداری چەکی کیمیاوی زۆر خەتەرناك لە هەڵەبجە هەن ڕازین بەوەی ستافێکی نوژداری لە سلێمانی یان لە هەولێرەوە بچێت لەوێ چارەسەریان بکات، بەڵام نەیانێرن بۆ ئێران، تا ئێستا بەداخەوە وەزارەتی تەندروستی ئەم هەنگاوەی هەڵنەگرتووە، تا ئەم لەحزەیەی ئێمە تێدا قسەدەکەین لە هەڵەبجە هۆڵێك نییە بۆ ئەوەی لە بۆنەیەك یان لە بواری ڕۆشنبیری یان لە بواری هونەری یان کۆڕ و کۆبوونەوەیەك ئیستیقبال بکات، ئەو هۆڵەی لە هەڵەبجەدا هەیە نیوەی ئەم هۆڵە نابێت کە ئێستا ئێمە لێی دانیشتووین، تائێستا هۆڵێك نییە بۆنەکانی تێدا بکرێت، تائێستا لە هەڵەبجە یەك جادە نییە لەناو هەڵەبجەوە دەرچووبێت و قۆلاییێکی ستراتیجی بۆ هەڵەبجە دروست بکات، ئێمە چەندین جار پێشنیارمان کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە، تا ئەم

لەحزەیە خەڵکی هەڵەبجە قەرەبوو نەکراونەتەوە، زۆر بەداخەوە دەڵێم هەڵەبجە وەك پێویست خزمەتی نەکراوە، بڕۆ سەیری مەدخەلی هەڵەبجە بکە بەراستی لە مەدخەلی شار ناچێت، من داوای لێبوردن دەکەم لەو بەڕێزانەی کە وتیان هەڵەبجە هەموو شتێکیان بۆ کراوە، هەڵەبجە زۆر بەکەمی شتی بۆ کراوە، من لێرەوە پێشنیار دەکەم سێ بڕگەم نووسیوە دوایی دەینێرم بۆ برادەرانی یاسایی، سێ بڕگە ئیزافەبکرێت، یەکەم بە مەبەستی ئاشنا بوونی زیاتری نەوەکانی داهاتووی کوردستان لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەمە ببێتە بڕگەیەك، پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالاْ گرنگی بدەن بە ڕێکخستنی گەشتی قوتابیان و خوێندکاران بۆ شاری هەڵەبجە و ئاشنا بوون بە ئاسەواری کارەساتەکە و مێژووی ئەم شارە ئەمە ببێتە ماددەیەك، دووهەم ماددەی تریش بە مەبەستی جێبەجێ کردنی کرداری ئەم بڕیارە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەم شارە دابین بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانەی کە ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەبدات، سێیەم بەخشینی دانیشتوانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە لەباجی دەرامەت و خانووبەرە بەڕێژەی لە ٥٠٪ بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەبەرواری دەرچوونی ئەم بڕیارەوە، ئەگەر دەتانەوێت خزمەت بەخەڵکی هەڵەبجە بکەن پێویستە ئەم بڕیارە تەنها...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، کاك ئاری نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەبیری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەهێنمەوە بۆ قسەکانی خۆی کە فەرمووی لەئێستادا ئێمە قسە لەسەر بەس مەسئەلەی ناو لێنانی پایتەختی ئاشتی دەکەین، بەلاْم ئەمانەی کە خەریکین دەچینە باسێکەوە کە لەوانەیە دواتر مەجالی پێبدرێت لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری ئێمە باسمان کرد وتمان، لەم بڕگەیە دەکرێت ئەو ئەندامانەی ناوی خۆیان نووسیوە قسە لەسەر کۆی پڕۆژەکەش بکەن.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ، بە داوای لێ بووردنەوە لە جەنابت و لە کاك ئاریش، ئەم سێ خاڵەی کە من خوێندمەوە لەناو پڕۆژەکەدان، بۆیە باسم کرد لە سەرەتاوە ئەگینا کەهاتنە سەر ماددەکانی تر ئەو کاتە قسەم لەسەر ماددەکانی دیکەش هەیە، بەلاْم ئەم سێ ماددەی دەمەوێت ئیزافە بێت، داوای لێ بووردن لە جانابی سەرۆکی پەرلەمان و لە جەنابی کاك ئاریش دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم ژی بنـاڤێ فڕاکسـیۆنا کلـدانی، سـریانی، ئاشـووری، پـڕ ژدل پیرۆزباهیـا هـەرێما کوردسـتانێ و شـارێ هەڵەبجە یا شەهید دکن، کو ئەڤ پارێزگەهە بناڤێ پارێزگەها ئاشـتیێ هاتـە نیاسـین و، هـەر خزمەتـەك بـۆ بێتە کرن ئەز دبێژم هێشتا کێمە بۆ هەڵەبجە، هەروەسا ئـەم پشـتگیریا هـەڤالان دکـن کـاك ئومێـد خۆشـناو کاك فەرهاد سەنگاوی بۆوان پێشنیارێت کرین بۆ هەڵەبجە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بـەخێرهاتنی میوانـە بـەڕێزەکانمان دەکـەین لـە شـاری هەڵەبجـە، شـاری هەڵەبجـە وەك هێرۆشـیما گەورەترین کۆمەڵکوژی و جینووسایدی لێ ئەنجام دراوە، بەهەزاران کەس لـە ئـەنجامی بـەکارهێنانی چـەکی کیمیاوی شەهیدبوون و بوونە نموونەی مرۆڤایەتی و شەهیدبوون و ئاشتی لە کوردستان و لەئاستی جیهان، بۆیـە سـەرجەم لیسـتە تورکمانییـەکان و پێکهاتـەی تورکمـان پشـتیوانی ئـەم پرۆژەیـە دەکـەین و دەنگمـان دەخەینە پاڵ دەنگی برایەکانمان و ئەمەش نـەك تـەنها بـە ناوبێـت، بـەڵکو بـە فیعلـی حکومـەتی هـەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە ئیشی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو حیات فەرمووو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی ئەو وەفدە بەڕێزەی پارێزگای هەڵەبجە دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، دیارە ناولێنـانی پایتـەختی ئاشـتی بـۆ ئـەم شـارە دەسـتکەوتێکی مەعنەوییـە، بـەلاَم لەگـەڵ ئـەم نازنـاوەش پێویستە گرنگی زیاتر بەم شارە بدرێت لەم ڕووانەوە:

١- لەپایتـەختی ئاشـتیەوە ببێتـە شـاری ئاشـتی، شـاری ئاشـتی نـاوێکی نـەرم تـرە لـە بەکارهێنانـدا و هـەم جوانتریشە، چونکە ئێمە چوار پارێزگامان هەیە و هەر یەکە پایتەختی شتێکە.

٢- کاربکرێت بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری لەم شارەدا.

٣- لـەڕووی گەشـتوگوزارییەوە گرنگـی پێبـدرێت، ناوچـەکانی چـوار دەوری هەڵەبجـە هـەمووی شـوێنی گەشتیاری و دینیە لەم ڕووەوە دەتوانرێت داهاتێکی باش بۆ ئەم شارە بەدەستبێنین.

٤- كردنەوەی موزەخانەیەكی تایبەت بۆ ئـەم شـارە كـە هەرچـی شمـەك و پاشماوەی شـەهیدان و مێـژووی دەوڵەمەندی شارەزوور و هەڵەبجە دەسەلمێنن كە ئەم ناوچەیە مەڵبەندی ئەدەب و شـاعیران و كەسـایەتییە دینیەكان بووە، بۆیە پێویستی بە موزەخانەیەكی تایبەتە بۆئەوەی مێژوویان بپارێزرێت.
٥- داوادەكـەم لـە گشـت لایەنـە سیاسـیەكانی ئـەم شـارە بەرژەوەنـدی حزبایـەتی خۆیـان نەخەنـە پـێش بەرژەوەندی ئەم شارەوە و بەزووترین كات ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە دابنرێت بـۆ خزمـەتكردنی ئـەم شارە تا خزمەت و خزمەتگوزاری لەم شارەدا دوانەكەوێت و بەدەردی شارەكانی تر نەڕوات.
٦- حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان كاربكـات بـۆ ئـەوەی بـەزووترین كـات موسـتەسمرین بباتـە ئـەو شـارە و ئیستیسماری خۆیان لەو شارەدا بكەن.
٧- داوا لە حكومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان دەكەم كار بكات بۆ دۆزینەوەی ئەو منداڵانەی كە لـەكاتی كیمیابارانی هەڵەبجەدا بێ سەروشوێن بوون و، كار بكرێت بۆ برەودان بە سێكتەری تەندورستی لەم شارەدا كە لە ئاستی پێویستدا نییە و، ڕێژەی سەوزایی لەم شارەدا زیاد بكرێت و. نوقتەیەكی تر ویستم لـە خـاڵی دووەم دا باسی بكەم لەسەر نەبوونی هۆڵی سمینار و هۆڵی گەورە، زائیـدەن هۆتێـل و موتێـل كەلـەو شـارەدا وەكو پێویست وجودیان نییە، چۆن سمینار و ئەو كوڕو كۆبوونەوانە بەڕێوە ببرێت لـەو شـارەدا لـە كاتێكـدا هیچ شتێكی وا نییە لەم شارەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتی لە ڕای زۆربەی هاوڕێكانم دەكەم و، لەگەڵ عینوانەكەش پێم وایە كێشەیەكی نییە، عینوانێكی زۆر باشە، بەس ئەوەی دەمەوێت لێرە بڵێم ئەوەیە كە ئەگەر بكرێت ئێمە لێرەوە وەكـو پەرلـەمان دوای ئـەوەی كە بڕیارەكەمان دەركرد داوا لە نوێنەرەكانی خۆشمان لە بەغدا بكەین ئـەو بڕیـارە ببەنـە نـاو ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق و لـەوێش هـەمان بڕیـار دەربچێت و، ئەگـەر گونجـاویش بێـت بـەپێی مـاددەی دوو لـە پەیڕەوی ناو خۆی پەرلەمانی كوردستان، پەرلەمان لە هەولێر كۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت و دەكرێـت لـە كاتی پێویست لە هەر شوێنێكی تر ببەستێت، ئێمە لە ٢٠١٥/٣/١٦ كۆبوونەوەیەكی نا ئاسایی ببەینـە ئـەوێ و لەوێوە هەموومان لەبەردەم شـەهیدانی هەڵەبجـە دابنـەوێنین بـەهۆی ئـەوەی ئێمـە هـەموومان قـەرداری ئەوانین، وەكو باسیش كرا منیش تەئكیـد دەكەمـەوە هەڵەبجـە كـەمتر پێویسـتی بـە قسـە هەیـە ئەوەنـدەی زیاتر پێویستی بـە كـردار هەیـە، بۆیـە تەمـەنا دەكـەین ئەگـەر دۆخـی كوردسـتان لـەو قەیرانـە دەرچـوو و بودجە هاتە پەرلەمان، ئێمە لەوێوە قسەی فیعلی بۆ هەڵەبجە بكەین و بتوانین دەستی ئـاوەدانی بگەێنینـە ئەم شارە خۆشەویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگۆمان هەرچی بڵێین لە هەقی هەڵەبجەی شەهید ناتوانین ئەو مافەی بۆ بگێڕینەوە و ئەو زوڵمەی كە لێی كراوە سارێژ بكەین، بۆیە ئەوەندەی كە لە قسەكانمان جەخت لەوە دەكەمەوە كە هەنگاوی پراكتیكی بۆ ڕوون كردنەوەی، بۆچی پایتەخت و بۆچی ئاشتی؟ كە لەناونیشانی پرۆژەكەدا هەیە پشتیوانی لێ بكەین لەڕووی عەمەلیەوە، بۆ ئەوەی كە بزانین ئەم پایتەختی ئاشتییە چی دەتوانێت جێبەجێ بكات بۆ هەڵەبجەی شەهید لەڕووی كردارییەوە بۆ ئەوەی كە لە قۆناغی قسە و وتەوە دەرچین بۆ قۆناغی كرداری و عەمەلی، بێگومان بەندە وەك یەكێك لەو پەرلەمانتارانەی فراكسیۆنی یەكگرتوو كە ئەم پرۆژەیان پێشكەش كرد، چەند ئەسبابی موجیبەیەكمان دیاری كردبوو كە ئێستا عەرزی دەكەین هیوادارین بخرێتەوە جێی خۆی، چونكە پێشتر هەبوو، بەڵام دیارە لابراوە، چونكە ئەو هۆكارانە گرنگن بۆ ئەوەی كە بتوانین ئەو دەستكەوتانەی كە ئاواتمانە بە هەموومانەوە بهێنینە دی، بەخێرهاتنی وەفدی نوێنەرایەتی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید دەكەین و دەست خۆشی لەو پەرلەمانتارە بەرێزانەش دەكەین كە پشتیوانیان دەربڕیوە و، هیوادارین ئەمە دەستكەوتێكی گەورە بێت بۆ پەرلەمانی هەرێمی كوردستان كە بتوانێت ئەمە بێنێتە دی، گرنگە ئەم پرۆژەیە لە پەرلەمانی عێراقدا جەختی لەسەر بكەینەوە و نوێنەرانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خەباتی تەواوی بۆ بكەن بۆ ئەوەی هەڵەبجەی شەهید ببێتە پایتەختی ئاشتی عێراق، دوای ئەوەی كە بوو بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی كوردستان، چونكە هەموومان باش دەزانین كە گرنگی و پێویستی هەرێمی كوردستان و عێراق لەم سات وەختەدا بە پایتەختێكە كە ئاشتی بۆ بهێنێتە دی و هەوێنی ئاشتی بێت، هەمووومان گرنگی ئەو ئاشتی بوونەی پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی كوردستاندا دەزانین، یەكێك لەو هەنگاوە زۆر گرنگانەی كە دەستكەوتی پراكتیكی دەتوانرێت بە دەست بێنێت بۆ هەڵەبجەی شەهید بریتیە لەوەی كە هەڵەبجەی شەهید بچێتە ڕێزی پایتەختەكانی ئاشتی جیهان، مەعلومی جەنابتانە ئێستا چەند پایتەختێكی ئاشتی هەیە لە جیهان، ئەم هۆكارانە بۆ ئەوەیە ئەوە ڕوون بكەینەوە بۆ پایتەخت و، بۆ ئاشتی كە پەیوەندی بە تایتڵ و ناونیشانەكەوە هەیە، هەڵەبجەی شەهید ببێتە (١٦)ـیەم پایتەختی ئاشتی لە جیهاندا دەستكەوتێكی نەوعی و مێژوویی گەورەیە كە ئێستا بەفەرمی (١٥) پایتەختی ئاشتی هەن لە جیهاندا كە جنێڤ یەكێكیانە، هەڵەبجە ببێتە (١٦)ـیەم پایتەختی ئاشتی لە جیهاندا و ناوی بچێتە ئەو كوربەندە ودەستكەوتێكی جیهانیە و شانازییەكی گەورەیە بۆ كوردستان، دوو: بوونی پایتەختی ئاشتی هەندێك خواستی ئاوەدان كردنەوە دەهێنێتە كایەوە، فەرزێكە بەسەر هەمووومان لە حكومەت و تەنانەت لە ڕێكخراوە جیهانیە مرۆڤ دۆسستەكانیش، بەڵێ حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەی پێویستە دەبێت بیكات بۆ هەڵەبجەی شەهید و لەمەودوا وەكو پایتەختی ئاشتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقیش وەكو پایتەختی ئاشتی عێراق كە خەباتی بۆ بكەین كەلەوێش

بێتە دی، بەڵام ڕێکخراوە جیهانییە مرۆڤ دۆستەکانیش ئیلزام دەکرێن بەم بڕیارە فەرمییە، بەوەی کە ئەوان بێن هەڵەبجەی شەهید بکەنە شوێنێك کە شیاو بێت لە ڕووی خزمەتگوزاری و ئوتێل و شوێنە گەشتوگوزارییەکان و مۆنۆمێنت هەمووی ئەوەی کە پێویستە بۆ ئیستیقبالی مێوان و پێشوازی کردن لە کۆڕو کۆڕبەندە جیهانییەکان بۆ ئاشتی لە هەڵەبجەی شەهیددا، ئەوە دەستکەوتی ئابووری و خزمەت گوزاری گەورە ڕادەکێشێت بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ هەڵەبجەی شەهیدیش، شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان کەپێش زیاتر لە (١٨٠) وڵاتی جیهان بکەوێت بۆ داواکردنی پایتەختی ئاشتی تا ئێستا زیاتر لە (١٨٠) وڵات لە جیهاندا داوای ئەوەیان نە کردووە کە پایتەختی ئاشتیان هەبێت، هەڵەبجەی شەهید ببێتە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان و عێراق و یەکێك لە پایتەختەکانی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وجیهانیش، ئەو زوو خوێندنەوەیە و ئەو مافە و ئەو ئیمتیازە بۆ هەڵەبجەی شەهید شانازییەکی گەورەیە بۆ کوردستان، ڕێکخراوە جیهانی و مرۆڤ دۆستەکان لە پاڵ لایەنە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەم ڕێکخراوانە بەرێزان: پرۆگرامیان هەیە بۆ پشتیوانی کردن لە پایتەختەکانی ئاشتی، بۆیە نەڵێین شار بڵێین پایتەخت، دەمانخاتە ناو بازنەی پرۆگرام و فەندو پشتیوانی دارایی ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان و وڵاتە مروڤ دۆستەکانی جیهان کە پشتیوانی دارایی بکەن لە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان، بۆیە جیاوازییەکە لە نێوان پایتەخت و شار لێرەدا بە روونی دەردەکەوێت، بۆیە هیوادارام هەروەکو چۆن ئاوا خەمی هەڵەبجەی شەهید دەخۆن خەمی ناوچەکانی تری کوردستان و هەرێمی کوردستان بخۆین لە بادینان و لە سۆران، بۆ ئەوەی کە بیناسێنین بە جیهان لە ڕێی ئەم جۆرە پرۆژانەوە و بیانخەینە ناو بازنەی ئیهتماماتی جیهانی لە ڕووی پشتیوانی دارایی و پرۆژەیی و عەمەلی بۆ ئەم شوێنانە، ئاخیر خاڵم، بریتیە لەوەی کە ئەگەر سەیری جنێف بکەین لە سویسرا کە پایتەختی ئاشتی جیهانە، هەموو وڵاتانی جیهان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شەر لە جنێڤدا نەکرێت و جنێڤ شوێنی کۆکردنەوەی پارەو و سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە بێت و جنێڤ بە هەموویان داکۆکی لەسەر بکرێت و بەرگری بکرێت و بپارێزرێت، بۆ ئەوەی کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەم وڵاتانە پارێزراو بێت، بۆیە هەموو وڵاتانی جیهان بەرگری لە جنێڤ دەکەن، پایتەختی ئاشتی ئەم ئیمتیازەی هەیە کە ئەگەر شوێنێکی دوور لە جەنگ و دوور لە ململانێی عەسکەری و ئاسایشی تەواوی تێدا دابین بکرێت ئەمە بنەمایەکی گەورەیە بۆ دەستکەوتی ئابووری کە هەڵەبجەی شەهید دەستی بکەوێت، بۆیە باسمان لە گرنگی بوونی کەلیمەی پایتەخت کرد لە ناونیشانەکەدا، لە برگەکانی تریشدا باس لە ئەمە دەکەین ئەم شوێنە چۆن شوێنێك بێت کە چەکی تێدا نەبێت و، ناوی پایتەختی ئاشتی بە هیچ شێوەیەك تەعاروز ناکات لەگەڵ تایتلی هەڵەبجەی شەهید، بەڵکو پشتیوانی لێدەکات کە بڵێین هەڵەبجەی شەهید پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان و عێراقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، بەڕێز کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پـێم وایـە دیسـان دەکەوینـە بـەردەم ئـەو پرسـیارەی هەڵەبجەییـەکان و خانـەوادەی قوربانیـان و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی کە لێمان بپرسنەوە ئەو بڕیارەی ئێوە چیتر لـە خەمـەکانی بەرکـەوتووانی چەکی کیمیایی و لە داواکانی هەڵەبجە و پارێزگای هەڵەبجە دەباتـە پـێش، مـن ئومێـد دەکـەم ئـەو بڕیـارە جێبـەجێکردنی بـە پارێزگـابوونی هەڵەبجـە دوا نـەخات، واتـە حکومـەتی هـەرێم ﴿١٥﴾سـاڵ بڕیـاری بـە پارێزگابوونی هەڵەبجەی جێ بەجێ نەکردووە و دوێنێ ئەو میوانە بەڕێزانـەی کـە لێـرەن دیسان بـە خێـر بێن و دوێنێش لێرە بوون بۆ ئەوە هاتبوون کە بڕیاری بە پارێزگابوون لـە لایـەن حکومەتـەوە جـێ بـەجێ بکرێت و، ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە چاودێری جێبەجێ کردنی بڕیارەکـانی خـۆی بکات، ئومێـد دەکـەم ئەو بڕیارە کە دڵخۆشی بـۆ خـەڵکی هەڵەبجە دێنێتـە روو، لـە رووی مەعنەوییـەوە جـێ بـەجێ کردنـی بـە پارێزگابوونیـان جـارێکی تـر دوا نـەخرێت، لێرەشـدا کاتێـك کـە پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەم پـرۆژە بڕیـارە موناقشـە دەکـات پـێم وایـە لـە ئـەرزی واقیعـدا هـیچ ئامادەکارییـەك نـەکراوە بـۆ ئـەوەی کـە ئێمـە تـەنیا پێویستمان بەوە بێت کە بڕیـار بـدەین هەڵەبجە ببێـت بـە پایتـەختی ئاشـتی، بڕیارەکە دەدەیـن و دوایـی تووشی گرفتی ئەوە دەبین کـە لـە ئـەرزی واقیعـدا چیان بـۆ جـێ بـەجێ کـراوە؟ دێمـە سـەر ناونیشـانەکە، هەڵەبجە تـەنیا مـوڵکی هـەرێمی کوردسـتان نییـە و ئومێـد دەکـەم هەڵەبجە بچووك نەکەینـەوە بـۆ تـەنیا هەرێمی کوردستان، چونکە بەشێك لە هاوڕێیانم داوایان کرد لە عیراق ئـەم بڕیـارە جـێ بـەجێ بکرێـت بـۆ ئەوەی ببێت بە پایتەختی ئاشتی لە سەرتاسەری عێراق، من دەڵێم ناونیشانی ئەم پرۆژە بڕیارە کە دەڵێـت بە پایتەخت کردنی ئاشتی هەرێمی کوردستانی عێراق، من لەگەڵ ئەوەدام کە ناونیشانەکە بـەم جـۆرەی لێ بێت ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشـتی کوردسـتان، واتـە تەئکیـد دەکەمـەوە کـە هەرێمەکـە و عێراقەکەی لێ لابەرین، چونکە هەڵەبجە موڵکی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا و بـاکوور و باشووریشـە، بۆیـە لەگـەڵ ئەوەدام کە پارێزگای هەڵەبجە ببێتە پایتەختی ئاشتی کوردستان بە بێ هەرێم و عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا خوشك و بـرایێن عـەزیز ل پارێزگـەها هەڵەبجـەی دکـەین بـۆ ئێـرە بـەخێر بـێن سـەر سـەرا و سەرچاوا، بێ شك ئەوەی باسی هەڵەبجە بکات و گرنگییەکانی بکات هەمووی باس کراوە لە لایەن برایانمـان

و هاوكارانمان دەستخۆشيان لێ دەكەين و تەئيديان دەكەين، هەڵەبجە لە مێژەوە لە دێرزەمانەوە لە لايەن ناحەزانى كورد و كوردستان رق وكينەيان بەسەردا رێشتووە، لەو كاتەى لە ١٩٧٤/٤/٢٤ زانكۆيان لە قەڵادزێ بە چەكى ناپاڵم بۆردومان كرد (٢) رۆژى تريش هەڵەبجە لە ١٩٧٤/٤/٢٦ كەوتەوە بەر شاڵاوى چەكى قەدەغەكراوى نێو نەتەوەييەوە، بەڵام ئەو كات دونيا بێ دەنگ بوو و ئێستا قۆناغێكى تر دەستى پێكردووە بە نيسبەت ئەمە من تەئيدى راى كاك سۆران عمر دەكەم كە ببێتە پايتەختى ئاشتى كوردستان نەك عێرق و هەرێمى كوردستان، هى كوردستان بە گشتى، هاوڕام لەگەڵ رايەكانى (كاك ئومێد خوشناو و فرست صۆفى)، بەڵام گرنگ ناو نييە ناوەرۆكە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداين كە زۆرترين خەڵك رابكێشن بۆ دەست نيشانكردن و ديتنى شارى هەڵەبجە، كاك ئومێد باسى كرد كە لە رووى گەشتوگوزارييەوە زۆرە، بەڵام ئێمە باسى ئەوەمان كرد كە ئەو خەڵك بيانيانەى دێن بۆ هەڵەبجەو هەر لە هەڵەبجەدا بهێلينەوە، لە راپۆرتى ئەم ساڵى ٢٠١٤/٣/١٦ دوو راپۆرتى زۆر جوانم ديت كە كاك (احمدى ناطق) كە ئەو دەمى وێنەگر بووە و (رمضان تورك) كە دوو رۆژى پاشتر كارەساتەكە هاتبووە هەڵەبجە، زۆر جوانيان كرد ئێمە دەتوانين ئەم مۆنۆمێنتە تا دەگاتە ئەو شەقامانەى لەوێنە بكەينە مۆزەخانەيەكى سەر كراوە، ئەو خەڵكانەى دێنەناوى كارەساتەكان ببينن، لەو شوێنانە كافتريا و سيدى و ئەو شتانەى پەيوەندى بەم كارەساتى هەڵەبجەوە هەيە ببينن، بەڵام ئێمە با بچينە سەر ئەمرێكى واقع، ئێمە ناوى سلێمانيمان دانا بە پايتەختى رۆشنبيرى، ئايا ئەنجومەنى وەزيران ئەو كاروبارانەى كە پەيوەندارن بە بوارى رۆشنبيرى چەند كۆبوونەوەى خۆى گرێدا؟ و پەرلەمانيش لەو بابەتانەى كە بڕيارى رۆشنبيرى چەندى لە سلێمانى گرێ دا؟ و پێويست بەمە دەكات زەمينەيەك هەبێت بۆ حەوانەوەى ئەم خەڵكانە و ئەوانەى دەچنە ئەوێ لەو جێگايانەدا بمێننەوە و، خەڵكەكە دەبينن و كارەساتەكە دەبينن و خزمەتگوزارى پێويستە لە پێش ئەوەى تر، تەئيدى برادەرانمان دەكەم و جارێكى تر بەخێرهاتنى برادەرانى هەڵەبجەى شەهيد دەكەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئارى هەرسين فەرموو،

**بەڕێز ئارى محمد عبدالرحيم (ئارى هەرسين):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من موشكيلەيەكم هەيە، خۆى تەبعەن لەو كاتەى ليژنە بەرێزەكان موناقشەيان لەسەر ئەمانە كردووە بەندە غايب بووم، راستە ليژنەكەى ئێمە واژووى لەسەر كردووە و منيش واژووم لەسەر كۆى كردووە وەكو سەرۆكى ليژنە، هەرچەند برادەرى بەڕێزم كاك دلێر بەم كارە هەستاوە لە غيابى بەندەدا، بۆيە من پرسيارێكم هەيە لە بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان، ئايا سەرەراى ئەم ئيمزا كردنە مافى ئەوەم هەيە بۆچوونى خۆم دەرببرم يا خود نا؟

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو بۆچوونى خۆت دەربڕە كاك ئارى.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من بە خێرهاتنی خوشك و بـرا بـەڕێزەکانم دەکـەم هـەر لـە هەڵەبجـەوە تـا هـەولێر زۆر زۆر بەخێر بێن، وەکو مامۆستا هەورامان فەرمووی بەندەش ساحیبی شەهیدم لە کارەساتەکەی ساڵی ١٩٨٨ دا کە قەبریشیان نییە و لە گۆڕە بـە کۆمەڵەکانـدان، ئـەوەی کـە باسـی ئـەوە بکرێـت پێویسـتە چـی بـۆ هەڵەبجـە بکرێت؟ ئەو خوشك و برایانەم ئەندامانی بـەڕێزی پەرلـەمان بـە دوور و درێـژی باسیان کـرد مـن کـەلامی ئەوان لێرە کورت دەکەمەوە، بەس یەك ئیزافەم هەیە ئێمە ئیتر نازانم لەبەر کزی هەستی نەتـەوەیی بێـت یان هەر چی تر بێت، حەق بـوو زۆر شـتی زیـاتر بـۆ هەڵەبجە بکـەین، بـەڵام هۆکـاری سـەرەکی کـە نـەمان توانیوە بیکەین کە هیچ لایەکمان نەیکات بە موزایەدەی سیاسی لایەك بۆ لایەنێکی تر، نەبوونی یـەکڕێزی لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئـەم تەقسیماتە لـە کوردسـتان روو بـدات، بۆیـە ئەگەر شتێك بۆ هەڵەبجە نـەکرا بـێ هـەموو سیاسـییەکانی کوردسـتان تێـدا بەشـدار بـوون نـەك لایـەنێکی سیاسـی بـە تایبـەتی، لەبـەر ئـەوەی خـەڵکی هەڵەبجـە حـەقی خۆیـەتی گلـەیی لـە سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان بکـات کـە ئـەم دوو ئیدارەییـە حیکمـەتێکی تێـدا بـوو، دێمـە سـەر مەسـەلەی پایتـەختی ئاشـتی نموونەیەك هەیە کە زۆرجار دەیهێننەوە تەشـبیهی ئەوانـەی کـە کۆمەڵناسـن یـا خـود مرۆڤناسـن زۆر جـار تەشبیهی کۆمەڵگای بەشەری دەکەن بە سامپڵێك، بە دارستـانێك و دەڵێن ئەگـەر بێـت و بڕیـار بـدرێت کـە گۆشت خواردن حەرام بێت لە دارستان گرنـگ نییە کەروێشك ئیمزای بکات، لەبـەر ئـەوەی گۆشـتی نـاخوات گرنـگ ئەوەیە شێر و پلنگ بێن ئیمزای بکەن، ئێمـە لـە حاڵەتێکداین هـەتا ئێسـتا هـەموو ئەوانـەی کـە لـە ئەورووپا و ئەمریکا هەڵهەڵە لێدەدەن بۆ دیموکراسی و مافی ئینسان نە لە ١٩٨٨، نە لە کاتی ئەنفالەکان و نە تا ئێستاش، دڵیان خرپەیەکی نەکرد بۆ ئەو منداڵە جوانانە کە شیرەخۆرە بوون لە هەڵەبجەی شەهید، ئێستا لـە کاتێکـدا کـە هێـز بەرامبـەر نییـە یـەعنی هێـزی سیاسـی و عەسـکەری و ئـابووری خـەڵکی کوردسـتان و خەڵکی هەڵەبجە یەکسان نییـە بـە هێـزی عەسـکەری و ئـابووری و دیموکراسـی لـە جنـێڤ دا یـان لـە هـیچ شوێنێکی تری دونیا، ئینجا با میللەتێکی بن دەست هەتا ئێستاش بن دەستەو خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییـە، چـۆن دەگاتـە قـوەی تێگەیشـتن و لێبـووردەیی لـە ئینسـانییەت و بانگەشـەی ئاشـتی دەکـات، مـن کاتێـك بانگەشەی ئاشتی دەکەم ئەو کاتەی کە حقوقی میللەتەکەم یەکسان بێت بە حقوقی میللەتانی تر، من نـابم بە باڵیۆزی ئاشتی خەڵك (ئێـف ١٦) هـەبێت و تفـەنگم لێ هـەلگرێت و توانـایی ئـەوەی هـەبێت جارێکی تـر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە دووبارە بکاتـەوە، کە ئاشـتیم کـرد دەبـێ چـەك دابنـێم، خـەڵکی کوردسـتان نابێـت چـەك دابنێـت هـەتا ئـەو رۆژەی ئەوانـەی کـە موسـەببی ئـەو کارەسـاتە بـوون لـە هەڵەبجـە داوای لێبووردن بە فەرمی لە خەڵکی کوردستان نەکەن بە تایبەتی خەڵکی هەڵەبجە، ئەمە زۆر کـەس دەگرێتـەوە لە حکومەتی عێراق، جەیشی عێراق، ئەو عەلەمی عێراقی کە بە تەیارەی نەگریسی عێراقی ئەوکات خاکی پیرۆزی کوردستانی لە هەڵەبجە کیمیابارن کرد، ئەمە ئەو خەڵکانە دەگرێتـەوە کـە شـەریکی تیجاری بـوون

لەگـەڵ سـەدام، ئـەو کۆمپانیانـەی لـە ئـەوروپا و روسـیا و ئـەمریکا و ئەمانـە بـوون، ئەمـە ئـەو وەزارەتـە دیفاعانە دەگرێتەوە کە سەفقەی نهێنی و عەسکەریان هەبوو لە ژێرەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق، من بەش بە حاڵی خۆم دەستخۆشی دەکەم لە ئـەم خۆشـك و بـرا بەرێزانـەم کـە هیمـەتیان فـەرموو بـۆ رێزلێنـانێکی زیاتر لە خەڵکی هەڵەبجە و لە بەرز نرخاندنی شەهیدەکانمان ئەو پرۆژەیان خستە بـەردەمی ئێمـە، بـەڵام خۆم وەکـو ئـاری هەرسـین هـەتا ئـەو رۆژەی بسـتێکی خـاکی کوردسـتان داگیر کـرا بێـت هـەتا ئـەو رۆژەی خەتەری داگیرکردن و لێدان لەسەر خاکی کوردستان هەبێ لای من ئاشتی مەرفوزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز ئاری هەرسین، خاتوو سهام فەرموو،

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پیرۆزبابیـا خـەڵکێ کوردسـتانێ و پارێزگـەها خـۆ ب تایبـەت ئاراسـتەی خـەڵکێ هەڵەبجـەی قوربانیـدەر پێشـکێش دکـەم و، ب دەسـتکەوتەکێ پـیرۆز دبیـنم ئەڤرۆکـە ل پەرلـەمانا کوردسـتانێ بڕیـار ڤـی رەنگـی دەربچیتن و، دیسان حەز دکەم بێژم پشتگیریا پێشنارێت (د. فرست صۆفی) دکەم بۆ هندێ کو نوێنـەرێت کورد ل پەرلەمانا عیراقێ هەمان بڕیار ببەنە ئێرێ و وەکو پـرۆژە ل وێـرێ بهێتـە پەسـەند کـرن، ئـەز ڤـێ ئاخفتنێ بۆچی پشتگیریێ لێ دکەم و داکوکیێ لێ دکەم ئەوێ پێشـنیارا هـەنێ؟ چـونکی بـەری (٣) سـاڵا ئـەز دگـەڵ شـاندەکێ هـەرێمێ ل کۆنگرەیـەکا جیهـانی بـووم لسـەر ژنـێ ل وەڵـاتێ ئیرانـێ، شـاندەکێ عیراقـێ ژی ئامـادەبوو ل ئێرانـێ ل سـەر مینەسـێ کـو بڕیـاردەری کـۆنگرەی کـو عیراقـی بـوو، بەحسـی جینوسـاید و قوربانیدانێت وەسەت و جنوبی کرن لێ بەحسێ هەڵەبجە و شیمالێ نەهاتە کرن ژ بەر هندێ ژێ ئـەز وەکـو ئەندامەکا شاندێ هەرێمێ مەجبور بووم بچمە سەر مینەسێ بەحسـێ هەڵەبجـەیا شـەهید و وان قوربانیـان بکەم، ئەگـەر بڕیارەکا وی رەنگـی ل پەرلـەمانا عیراقـێ ژی دەربچیت هـەر شـاندەکێ حکومـەتا فیـدراڵ ژی بچیتە جهەکی دێ پابەند بیت ب ڤێ چەندێ کو بەحسێ کیمیابارانـا هەڵەبجـەی بهێتـە کـرن ئەڤـەژی دێ پەیامەکا گرنگ بیتن ل هەڵەبجە بهێتە ئاراستە کرن و ژبەرهندێ ئـەز پشـتەڤانیێ لێ دکـەم، دیسـان دبێـژم گەلەکا گرنگە وشەیا پایتەختێ ئاشتی بمینیت، چونکی وشەیا پایتەخت گەلەکا گرنگە، چونکە د فەرهـەنگا وەڵاتاندا پایتەخت سەنتەرێ نیشاندانا هەر سـیمایەکێ یـە بـۆ وی جهـێ لێ دەردکـەڤیتن و دیسـان دێ بیتـە سیمایەکێ دیار بۆ نەوەیێن داهاتی ل کوردستانێ و هەروەسا ببیتە نیشانەکا دیار بۆ وەلاتێن دەوروبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ شامۆ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بلا بخێر بێن شاندێ شارى هەڵەبجە بۆ پەرلەمانا كوردستانێ، هەرچەندە (٢٦) ساڵێن دەربازبوويى، بەڵكى ئەو خزمەتا بۆ هەڵەبجەى هاتيە كرن تێرا دەرمان كرنا برينێن وى خەڵكى ناكەت لێ ئيرۆ ناڤ كرنا هەڵەبجە ب شارێ ئاشتيێ يان ژى پايتەختێ ئاشتيێ، پرۆژەكێ پيرۆزە ل ئاستێ قوربانيدان و بەرخودان و خۆراگرييا خەڵكێ هەڵەبجەيە، بفەر دزانم هەردەم دگەڵ ڤان دانوستاندنا هزرەكێ بێخمەروو بۆ سەرۆكاتيا پەرلەمانێ و رێزدار ئەندامێن پەرلەمانى، بێژم شارەكێ ديتر ژێر ناڤەكێ ديتر و هەلگرێ كارەساتەكا ديتر ئەو ژى شنگالا شەهيدە ل بەندا پەرلەمانا كوردستانێ يە، ئەڤە سەرێ دوو هەيڤايە بن دەستێن داگيركەرێن تيرۆريستێن داعش دناڵە، هيڤيدارم زوو نە درەنگ، پێشمەرگێت قەهرەمان تۆڵا شنگالێ ڤەكەت و وى شارێ ئازاد بكەت و ئارام بكەت و هێڤيا من ئەو كو پەرلەمانا كوردستانێ چەوا پێشرەوبوو ل گەهاندنا دەنگ و دۆسەيا شنگالێ و كارەساتا شنگالێ و پێكهاتێن ديترێن كوردستانێ بۆ دادگەها نێو دەولەتيا لاهاى و وەسا رۆژەك بێت پەرلەمانا كوردستانێ شاندێ شارێ شنگال ژى مێڤان بكەت و پرۆژەكێ ئاستێ بەرخودان و قوربانيدانا و كارەساتا شنگال دابرێژيت ل هەمى كنارێت ژيانێ ڤە شنگالێ ژى گەڵ هەڵەبجە وەكو دوو خوشكێن كوردستان بدەتە هاژووتن رەوشاوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. محمد على فەرموو.

**بەڕێز د. محمد على ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئاشتى حاڵەتەكە بتنێ گرێدايى بناڤێ ڤە نينە، ئاشتى بتنێ گرێ دايى نەبوونا شەرى ڤە نينە، ئاشتى رەنگڤەدانا ئارامى و تەناهى و پێكڤە ژيانێ يە ژ هەموو تاكێن كۆمەلگەهێ، بخێر هاتنا شاندێ هەڵەبجەى دكەم و من پرسيارەكا هەى ژ وان، ئايا ئەو بخۆ هەست ب ئاشتيێ دكەن؟ دڤێت ئەم ڤێ پرسيارێ ل وانا بكەين ئايا ئەو بخۆ وەكو تاكەكەس هەست ب ئاشتى و ئاراميێ دكەن ل وى باژێرێ دا كو دژين؟ پاشى ئەم بهێين وان جۆرە پرۆژا ياسايا كار تێدا بكەين، بابەتێ مە ناڤ لێنان نينە، ناڤ هيچ برينەكێ سارێژ ناكەت، هەمى ڤۆناغادا مە بتنێ رۆخسار و ناڤ و سەروە تەعامولا دگەڵ هەر ديارده و بابەتەكێ كرى، روخسار و ناڤ بتنێ بەس نينن، دڤێت كار ل موحتەوايێ دا بكەين، دڤێت كار ل ناڤەرۆكێ دا بكەين، هۆيەكانى دەرچوواندنى ئەڤێ ياسايێ دا دبێژيتن، لە پێناو سڕينەوەى شوێنەوارە نێگەتيڤەكانى تاوانەكانى جينۆسايد لەسەر دانيشتوانى هەڵەبجە و گەياندنى پەيامى ئاشتى، چەوا بەردەوام بم ئەزێ بۆ هەوە دئاخڤم.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێز د. محمد على لە قسەكانت بەردەوام بە ليژنەى ياسايى گوێ يان لێيە و ليژنەكانى تريش گوێيان لێ يە، لە پرۆتۆكۆل تۆمار دەكرێت، ئێمە هەندێ موشاورەمان هەيە سەبارەت بە ئەو پێشنيارانەى كە خراوەتە روو.

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سڕینەوە شوێنەوارەکانی جینۆسايد دڤێت کار بکەین پەیدا کرنا خوشگوزەرانییێ گرنگە، پەیداکرن و بەلافکرنا کەلتورێ ئاشتییێ گرنگە، بجهئینانا ئاشتییێ و گەهاندنا پەیاما ئاشتییێ پرۆسێسەکە گەلەك لايان بخۆڤە دگريتن، تنێ ب ناڤ و نيشانافە گرێدايی نينە، پرۆسێسەکە دڤێتن لايەنێن پەروەردەيی و کەلتووری و کۆمەڵايەتی و ميديا ژی پشتەڤان بيت بۆ ڤێ پرۆسێسێ، بەڕێزان ئەندامێن پەرلەمانی، هيڤی دکەم وەرن دا ژ هەست و سۆزان دير کەڤين مە هەميا سۆز و هەست هەنە و ل هەمی ئادارێن هەر ساڵ دلێ مە دلەرزيت لبەر ئەوا کو بەری (٢٦) ساڵان ل هەڵەبجەی رووی‌دا، لێ هەروەك مـن هنـدەك هەڤاڵێن سلێمانییێ يێن هەی کو ل بياڤێن رۆشنبيری و بياڤێن دی دا کار دکەن، وانا ژی دگوت ل وێ رۆژا سلێمانی بويە پايتەختێ رۆشنبيريێ، تا نهو رۆژ ب رۆژ چالاکيێن رۆشنبيری لێ کێم دبن و خەڵك خەريکە سلێمانی يا بەرزە دبيت ل ڤێ بياڤی دا، ئەم تنێ بناڤ نەشێين هندەك کارا بکەين پێدڤی کرپارێی نە، برناردشۆ دبێژيتن، هەر ئێك ل ڤی تشتێ دگەريت يێ کو لێ کێم، مە سەروەری و سنوور و مە دەولەت نينە، جارێ مە چەندين پايتەخت هەنە ل وێرێ، بەڕێزان دڤيابا هەڵەبجە ببا ئەگەر دووبارە جينۆسايدەك ل هەرێما کوردستانێ روونەدەت ئەم د هەڵەبجەدا سەرکەفتی نەبووينە ل ئاستێ نيڤێ دەوڵەتيدا، هەڤاڵان باس کرد کو ئەم ئەندامين دناف چەندين کۆمەڵگەهاندا و ئەندامين دناڤ چەندين سازيێن نيڤ دەوڵەتيدا، لێ هەڵەبجە نەبوو ئەگەر کو شنگالەك روونەدەت ل ٢٠١٤ ێ بيست و شەش ساڵان پشتی هەڵەبجەی جينۆسايدەکا دی ل کوردستانێ رووی‌دا، کەواتە ئەم نەشياينە هەڵەبجە بکار بينين وەکی پێدڤی کو ئەڤ جۆرە تاوانە ل ئێرە روونەدەنەڤە، مە دڤيابا پلانەکا ژێرخانەيی بۆ هەڵەبجە هەبا، جهێن وەکی هەڵەبجە ئەگەر ل دونيايێ دا هەبان نهو دا ل باشترين موزەخانێن شەڕی ڤۆناغێن پشتی شەڕی ل وێرێ بن و گەشتيارا ل هەمی دونيايێ ل خوە کۆم کەت، بەڕێزان ئەو ياسايە ژ لايێ موحتەوايان وە ژ لايێ ناڤەرۆکێ ڤە ب ديتنا من پێدڤی پێداچوونێ يە و پێدڤی ڤەکۆلينێ يە، خەلکێ بەڕێزێ هەڵەبجەی پێويستی ب کريارێن فيعلی و پراکتيکەو نە بتنێ ناڤ و سۆز و عاتيفە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. محمد، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر هەڵەبجە زۆر وتراوە، هەڵەبجە زۆر لەوە زیاتر دەهێنێت لە راستیدا قسەی زۆر لەمە زیاتری لەسەر بکرێت و، هەڵەبجە یەکێکە لەو شارانەی کە پێشینەیەکی زۆری هەیە لە بواری رۆشنبیری و

ئەدەبیـدا و هـەروەها لـە  بـواری ئاینیشـدا، مـن پێشـنیار دەكـەم لەگـەڵ وشـەی پایتـەختی ئاشـتی، وشـەی پێكـەوەژیان زیـاد بكرێـت، چـونكە لێمـان تێـك نەچـێت هەڵەبجـە پێكهاتـەی تریشـی تێدایـە كـە هەڵەبجـە دەتوانێت ئەمە وەكو شانازییەك سەیر بكات كە لە ئێستادا لـە شـاری هەڵەبجـە و لـە دەوروبەریـدا نزیكـەی هەزار ماڵ هەن كـە كاكـەیین و لـەناو هەڵەبجـەدان و پێكـەوە ژیـاون و تـا ئێسـتا هـیچ گرفـت و ئـاڵۆزی لـەو شارەدا دروست نەبووە، چونكە لێمان تێك نەچێت هەڵەبجە پێكهاتـەی جیـاوازی تێدایـە، هەڵەبجـە دەتـوانێ ئەوە وەكو شانازییەك سەیر بكات، كە لە ئێستادا لە شاری هەڵەبجە و لـە دەوروبەریـدا نزیكـەی (١٠٠٠) مـاڵ هەن كە كاكەیین و لەناو هەڵەبجـەدان و پێكـەوە ژیـاون و هـەتا ئێسـتا هـیچ گرفـت و ئاڵۆزییـەك لـەو شـارە دروسـت نـەبووە، كەواتـە دەكـرێ لەگـەڵ ئاشـتیدا پێكـەوە ژیانێكیشـی بـۆ بلكێنـدرێت، مـن پێشـنیار دەكـەم وەزارەتی رۆشنبیری دەكرێت گرنگی تەواو بە هەڵەبجە بدات و هەموو كایە جوانەكانی ئەم شـارە دەربخات، هەروەها دەكرێت وەزارەتی دارایی و بازرگانی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان زۆر جـەخت لـەوە بكاتـەوە لـە ئێستادا برایەكم باسی كرد، باسی مەرزی شوشكە و مەرزەكانی دەوروبەری هەڵەبجـەی كـرد هیـوادارم پەلـە بكرێت، بەڵام بە مەرجێك ئەو مەرزانە دەورو رۆڵێكی كاریگەریان هەبێت بۆ ئاوادانكردنەوەی هەڵەبجە، بۆ خەڵكی هەڵەبجە، نەك وەكو باشماخ و پەروێزخان، كە لە راستیدا پێموایـە لـە ئێسـتادا سـەر ئێشـەو كێشـەو نارەحەتیان بۆ ناوچـەكانی خۆیـان زیـاتر هەیـە تـا خێـرو بەرەكـەت، مـن داواكـارم وەزارەتـی شـەهیدان بـە حوكمی ئەوەی هەڵەبجە پێی دەوترێت هەڵەبجەی شەهید با وەزارەتی شـەهیدان وەزارەتەكـە ببرێتـە شـاری هەڵەبجە وەكو رێز و تەقدیرێك بۆ ئەو شارە، ئەگەر هاورێیانم پشتگیری و پشـتیوانیم بكـەن، پشـتگیری لـە قسەكانی كاك عمری حاجی عینایەت و كاك د.فرست صۆفی دەكەم دووبارەی ناكەمەوە، بەڵام شـتێكی دیكـە هەیە بۆ هەڵەبجەو ناوچەكانی دیكەی وەكو هەڵەبجە كە بـەر شـاڵاوی وێرانكـاری و راگواسـتنەوە كـەوتوون، ئەوەیە یـەكێك لـە گرفتـەكان، سـاڵانە لـە پێـدانی بودجـەی شـارو شاروچكەكاندا تـەنها ژمـارەی دانیشـتوان دەكرێتە پێوەر كە ئەمە زەرەرمەندی ئەوەل و ئەخیر ئەو شارانەیە كە بەر شاڵاوی راگواسـتنەوە كـەوتوون، لە نێویاندا شاری هەڵەبجـە، بۆیـە دەكرێـت جگەلـەوەی كـە ژمـارەی دانیشـتوان دەكرێتـە پێـوەر بـۆ پێـدانی بودجە و بۆ دابینكردنی بودجە بۆ ئەو شوێنانە بە تایبەت لـە ئێسـتادا هەڵەبجـە پێـی دەوترێـت پارێزگـای هەڵەبجە، هیوادارم بە كرداریش پاریزگابوونەكەی هەڵەبجە بسەلمێنرێت بودجەیەكی تایبەت جگەلەوەی كە بەپێی دانیشتوان دیاری دەكرێت بەپێی رووخانـدن و بـەپێی وێرانكارییـەكانی بودجەیـەك بـۆ پێنجـوێن و شـارو شارۆ چكەكانی دیكـەی وەكـو هەڵەبجـە كـە بـەر وێرانكـاری كـەوتوون دابـین بكرێـت، مـن بـە حـوكمی نزیكایەتیم لە هەڵەبجە و لەو سنوورە بـە تایبـەت كـە مـن وەك خـۆم دانیشـتووی پێنجـوێنم و هاوسـنوورم لەگەڵ هەڵەبجەدا رەنگە لە زۆرێك لە موعاناتی ئەو شارە ئاگـاداربم، هەڵەبجـە لـە راسـتیدا برایـانی بـەرێزم زۆر باسی ئەوەیان كرد كە هەڵەبجە پێویسـتی بـە وشـەی زۆر بریقـەدار نییـە، ئێمـە دەكرێـت هەڵەبجـە لـە ئەرزی واقیع و لە ئەمری واقیعدا بزانین، هەڵەبجە پێویستی بە چی هەیە؟ هەڵەبجە چـی بـۆ كـراوە؟ بۆیـە پێشنیار دەكەم راستە پایتەختی ئاشتی ناوێكی گەورەیە و لە رووی مەعنەویەوە، من پیرۆزبایی لـە خـەڵكی

به شەرەفی پارێزگای هەڵەبجە دەکەم، هەڵەبجە زۆر لەوە زیاتری قابیلە کە بۆی بکرێت، بەڵام لێمان تێك نەچێت هەڵەبجە لە ئێستادا ترافیکلایەتێکی زۆر باشی تێدا نییە، هەڵەبجە لە ئێستادا نەخۆشخانەیەکی نموونەیی تێدا نییە، هەڵەبجە لە ئێستادا لە راستیدا ئۆتێلێکی تێدا نییە، ئەگەر بمانەوێ ئەم (١١١) ئەندام پەرلەمانە بچین سەردانێکی هەڵەبجە بکەین و تێیدا بمێنینەوە، بۆیە قسەکانم لەوەدا کورت دەکەمەوە هەڵەبجە چی بۆ بکرێت هێشتا هەر کەمە، بەڵام هیوادارم قسەکردن و ئەو بڕیارانەی کە دەیدەین تەنها لە رووی مەعنەویەوە نەبێت هەوڵبدەین زیاتر قسەکانمان بکەین بە کردارەکی، هەوڵبدەین هەڵەبجە بکەینەوە بە هەڵەبجەکەی (٥٠ -٦٠) ساڵ پێش ئێستا کە لە راستیدا لە هەموو کایەکاندا کێبڕکێی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی دەکرد، لە بواری رۆشنبیری، لە بواری ئاینی و لە بوارەکانی دیکەشدا، هەروەها دەکرێت ژێرخانی ئەو ناوچەیە زۆر گرنگی پێ بدرێت بە تایبەت لە رووی کشتوکاڵیەوە، بە تایبەت لە رووی گەشت و گوزاریەوە، من قسەکان دووبارە ناکەمەوە و پشتگیری جارێکی دیکە لە قسەکانی کاك عمر و کاك د.فرست دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەکان بفەرموون رای خۆیان لەسەر پێشنیارەکان بدەن، کاك سالار نوقتەی نیزامی؟ فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە قسە لەسەر ئیزافەکردنی ناونیشانێك دەکەین بۆ پارێزگای هەڵەبجەی شەهید، زیاتر لە (٣٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان قسەیان لەسەر ئەم ناونیشانە کرد، هەروەها لە راپۆرتی بنەڕەتی و لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەشیشدا هاتووە کە ئێمە دەمانەوێ نازناوێکی نوێ بخەینە پاڵ هەڵەبجەی شەهید، بەڵام نازناوە رەسەنەکەمان لێ سەندۆتەوە، لە پرۆژەکەدا هاتووە نازناوی هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی، هەڵەبجە، هەڵەبجەی شەهیدە، لە رووی قانونییەوە لە رووی ئیدارییەوە کە دەچیت بۆ هەڵەبجەی شەهید پێت ئەڵێت شارەوانی هەڵەبجەی شەهید بە خێرهاتنت دەکات، قایمەقامیەتی قەزای هەڵەبجەی شەهید، واتە پاشگری شەهید بە هەڵەبجەوە لە رووی مەعنەوی و ئیعتیباری و لە رووی ناو و نازناوەوە لە پایتەختی ئاشتی ئەهەمیەتی زیاتر نەبێت کەمتر نییە، من ئەوە زیاتر لە کاتژمێرێك و نیوە دەردەشە دەکەم چۆن ئێمە جورئەت دەکەین (٢٠) دەقە قسە لەسەر ناونیشانێك بکەین دەمانەوێ ناوێك ئیزافە بکەین ناوێکی ترمان لێ سەندۆتەوە، بۆیە وەکو دەوترێت (خیرالکلام ما قل ودل)، هیوادارین بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ قسە لەسەر مەوزوعیەتی مەوزوعەکە بکرێت، ئێمە بۆچی موناقەشە دەکەین؟ لەبەر ئەوە هیوادارم لە پێناو پێدانی ناوی پایتەختی ئاشتی بە هەڵەبجەی شەهید، شەهیدەکەی لێ نەکرێتەوە، واتە ناونیشانەکە بەم جۆرە بێت ناونانی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید بە پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیژنـەی یاسایی، لیژنـەی نـاوخۆ، لیژنـەی پێشمەرگە) ڕوونکردنـەوەتان چییە لەسـەر ئـەو بـیرو ڕایانـەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکران؟

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سـەبارەت بـەو پێشنیار و بیروڕایانـەی کـە سـەبارەت بـە ناونـانی پارێزگـای هەڵەبجە بە پایتـەختی ئاشـتی هـەرێمی کوردسـتان_عێـراق پێشکەش کـرا، تـەنها چـەند ڕوونکردنەوەیـەك سـەبارەت بـە عینوانەکـە دراوە، ئـەوەی تـر بـابڵێین هـەمووی پێشـنیاری جـوان بـوون، بـەڵام زۆربـەی پێشنیارەکان پەیوەندی بە ناوەڕۆك و ماددەکانەوە هەیـە بەشێکی زۆریشـی پەیوەست بـوون بـە پـەیڕەو و تـەنزیم و تـەعلیمات کـە لەلایـەن وەزارەت و ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە دەردەچـێت، ئێمـە ئێسـتا تـەرکیز دەکەینە سەر ناونیشانی پڕۆژە بڕیارەکە، ناونیشان ئەو ناونیشانەی کە لـە ڕاپـۆرتی هاوبەشـدا هـاتووە، کـە دەڵێین ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان_عێراق، پارێزگای هەڵەبجە هـەر پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە، چونکە ئەوە لێی ناسەندرێتەوە وەکو پارێزگای هەڵەبجەی شەهید دەمێنێت، بـەڵام وەکـو پایتــەختی ئاشـتی هـەرێمی کوردسـتان ناوزەنـد دەکرێـت، بۆیـە ئیزافـەکردنی موسـتەلەحی شەهیدیش بە ناونانی پارێزگای هەڵەبجەی شـەهید بـە پایتـەختی ئاشـتی ڕەوایـە، بـەڵام مانـای ئـەوە نییـە ئەگەر ئێمە لێرە ناو نەنێین نەڵێین ناونانی پارێزگای هەڵەبجەی شـەهید بـە پایتـەختی ئاشـتی گوایـە ئـەو نازناوەمان لە شـاری هەڵەبجـە سـەندبێتەوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو نازنـاوە، نازناوێکـە کـە هەڵەبجـە و هـەموو هـەرێمی کوردسـتان و هـەموو کوردسـتانییەك و کوردێـك پێـی دەنازێـت، ئـەوە نازنـاوی خۆیـەتی و لـە سەلاحیەتی هیچ دەسەڵاتێکدا نییە کە نازناوی هەڵەبجـەی شـەهید لـە هەڵەبجە بسـەنێتەوە، واتـە ناونـانی پارێزگای هەڵەبجەی شـەهید بـە پایتـەختی ئاشـتی هـەرێمی کوردسـتان_عێـراق جائیزە، هـەروەها ناونـانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی مانای ئەوە نادات کە نازناوی شەهید لەو پایتەختە دەسـەندرێتەوە، پێشـنیارێکی تـر هـەبوو سـەبارەت بـە ناونـانی پارێزگـای هەڵەبجـە بـە پایتـەختی ئاشـتی هـەرێمی کوردستان_عێراق بکرێ بە پایتەختی ئاشتی کوردستان، ئێمـە دوای موشـاوەرە لەگـەڵ لیژنـە هاوبەشـەکان گەیشـتینە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە دەتـوانین هـەرێمی کوردسـتان لێرانـە هـەڵبگیرێت، دەیکـەین بـە ناونـانی پارێزگـای هەڵەبجـە بـە پایتـەختی ئاشـتی کوردسـتانی عێـراق، بـۆ ئـەوەی پایتـەختی ئاشـتی بێـت هـەم بـۆ هەرێمی کوردستان و هەم بۆ ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هـەرێم، بـەڵام خۆتـان دەزانـن کـە دەڵێین کوردستانی عێراق ئەوەیان بابەتێکی ترە کە دەسـتوورییە وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، بۆیـە تـەنها ئـەو دوو پێشنیارە هەبوو سەبارەت بە ناوی ناونیشانی بڕیارەکە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جائیزە بیکەین (هەڵەبجەی شەهید بە پایتەختی ئاشتی کوردستانی عێراق)، ئێمە ئەوە پێشنیار دەکـەین، ئەگـەر ڕێگاشمـان بدەی هەندێك ڕوونکردنەوە لەسەر هەندێك بابەتی تر بدەین ئەوە بۆ ناونیشانەکە، دیارە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە زۆر تـەرکیز لەسـەر قەرەبووکردنـەوەی قوربانیـانی جینوسـاید لـە شـاری هەڵەبجـە

کرایەوە کە جێگای بکرێتەوە لەو بڕیارەدا، بەڕێزان ئێمە پێتان دەڵێین کە پەرلەمانی کوردستان لـە خـولی سێیەم یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی دەرکردووە، لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣) کە لەسەر پێشـنیاری حکومەت هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان و لـە پەرلـەمانی کوردسـتان پەسـەندکراوە، یاسـاکە بـە نـاوی یاسـای دیاری کردن و وەرگـرتنی شایستە داراییـەکانی هـەرێمی کوردسـتان_عێـراق لـە داهاتـە ئیتحادییەکانـدا، لـە ماددەی دووەم لـە خـاڵی شەشـەمی ئـەو یاسـایە پەسـەندکراوەدا هـاتووە وەرگـرتنی قـەرەبووی شایسـتەکانی هەرێم لەو زیانانەی کە دەرئەنجامی ئەو کارە ستەمکاریانەی رژێمی پێشوو بوون لە رێگەی داپلۆسـین و بـە کۆمەڵ کوشتن و جینوساید و پرۆسەکانی ئەنفال و سیاسەتی زەوی سووتێنراو، بـە گوێرەی برگـەی (١) لـە ماددەی (١١٢)ی دەسـتووری عێراقیـدا، واتـە مەسـەلەی قەرەبووکردنـەوەی قوربانیـانی جینوسـاید لـە شـاری هەڵەبجـە، هـەروەها قەرەبووکردنــەوەی قوربانیــانی تاوانــەکانی تــر کــە چــوار کــەیس تــاوەکو ئێســتا لــە مەحکەمەی جینائی عێراقی عولیا دەرەجەی قەتعی وەرگرتـووە ئـەوە بـە پێـی یاسایەك رێکخـراوە کـە لـە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە لەسەر پێشنیاری حکومەت، حکومەت ئەو ئیلتیزامەی خستۆتە سەر داهاتـە ئیتیحادیــەکان، بۆیــە پشــتگیری کردنــی سیاســەتی نــەوتی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان لەلایــەك و بەدەســتهێنانی ئابووریــەکی ســەربەخۆ بــۆ هــەرێمی کوردســتان لەلایــەکی تــر خــۆی لــە خۆیــدا دێتــە جێبەجێکردنی ئەو داواکاریەی کە زۆربەی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلـەمان تـەرکیزیان لەسـەر کـردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنـەی یاسایی یـەك دەقـە، دەمانـەوێ چێکی ئەمـە بکـەین کـە بـزانین بڕیـاری پارێزگـای هەڵەبجە، بڕیارەکەی کە بۆی دەرچووە، پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە؟ یان هـەر پارێزگـای هەڵەبجەیـە؟ بـۆ ئەوەی بزانین هیچ تەعاروزێك لێرەدا دروست نەبێت، بەهار خان فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە رووی یاساییەوە وەکو ناو هەر هەڵەبجەیە، ئەو شەهیدە لە رووی عورفیەوە دانراوە و شتێکی رەمزیە کە دانـراوە، بۆیە ناکرێت بڵێی هەڵەبجەی شەهید وەکو قـانون، بـەڵام لـە رووی عورفیـەوە ئـەوە دانـراوە ئەمـە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەمە بۆ پاساوی ئەوەیـە لـێ سـەندنەوەی نـاوێکی ئەسـڵی بـێ، نـەخێر، بـە پێچەوانەوە نازناو هیچ کات نابێتە ئەسڵ، هـەر بـۆ نموونـە: مـن نـاوم (بـەهار عبـدالرحمن محمـد)ە ئەگـەر ناوێکی دیکە نازناوم بێ هیچ کات ئەو ئەسڵەی من ون نابێ، چونکە لـە هـەموو شـتێکی رەسمیـدا هـەر ئـەو ئەسڵی ناوەکەیـە، بەهـەمان شـێوە بەسـەر ئەوەشـدا تـەتبیق دەبـێ، هـیچ کاتێـك ئـەوە لێسـەندنەوەی نـاوی ئەسڵی نییە بە ناوێکی تر، نازناو هەر بەهینەکەی خۆی دیارە کە نازناوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەو راپۆرتە هاوبەشەدا ئیمزامان لەسەر هەرێمی كوردستانی عێراق كردووە، وشەی كوردستانی عێراق یەكەم هەم نا دەستووریە، پێچەوانەی دەستووری عێراقیە كە وشەی (اقلیم كوردستان) هاتووە، دووەم: هەم ئیقراركردنە بە پارچە كردنی كوردستان، یەعنی ئێمە كوردستانێكی گەورەمان هەیە، بەڵام كوردستانی عێراق، واتە دان دەنێی بە دابەش بوونیدا، لەبەر ئەوە هەر لە ئەسڵەكەدا ئەوە دەستووریە، بڵێی هەرێمی كوردستان_عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە دوایی، كاك سالار خۆت بڕیارەكەت لایە، بڕیاری پارێزگای هەڵەبجە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵەبجەی شەهید لە رووی عورفیەوە هەڵەبجەی شەهیدە، ئەو بڕیارە كە لەبەر دەستمان نییە و دیارە لەبەر دەست جانابیشتان نییە، ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەری كردووە، ئەوە دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەریكردووە، پەرلەمانی كوردستان دەسەڵاتی بڕیاری تەشریعی هەیە بە ناونیشانێك كە واقیعی تر بێت، گونجاو هەیە، گونجاو تر هەیە، گونجاو ترین هەیە، بە دیدی من ناونانی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید بە پایتەختی ئاشتی گونجاو ترینە، چونكە مەسەلەی هەڵەبجەی شەهید ناوێكە لە دونیادا بۆتە سیمبول، بۆتە نازناو، لەبەر ئەو ئیعتیبارەش كە وشەی شەهید یەكێكە لە سیمبولە هەرە باڵاكانی قوربانیی ئێمە، نازناوێكی تری لە پاڵی بۆ ئیزافە دەكەین كە پایتەختی ئاشتییە، پێموایە پەرلەمانی كوردستان دەبێ زۆر بە دیقەتەوە ئەم دەستەواژەیە لەم بڕیارە دانەبڕێ، ئەگەر لە بڕیارەكەی حكومەتی هەرێمی كوردستانیشدا نەبێ، هیوادارم لیژنەی بەڕێز زۆر بە دیقەتەوە ئەم مەسەلەیە یەكلا بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری ئەوەی ناونیشانەكە بكرێتە كوردستانی عێراق، ئەوە كاتی خۆی هاوڕێیان و دۆستانمان نوێنەرانی كورد زۆر دیراسەی ئەو بابەتەیان كردووە، هەروەها بە مەبەستەوە و لە

**هۆشیارییەوە (كوردستان_عێراق)یان داناوە، من بۆ خۆم پێموایە هەر خەتەریشە بكرێ بە كوردستانی عێراق، چونكە جۆرێك ئیلحاقی پێ دەكات، وەكو دەیكاتە مولكیەتی فلانی فلان، یان ئەوەی مولكیەت دەگێرێتەوە، من پێموایە ئەوە نەك هەر خراپە، خەتەریشە، بۆیە دژی ئەوەم بكرێت بە كوردستانی عێراق، وەك خۆی بمێنێتەوە (كوردستان_عێراق)، هەروەها ناوەكە دەستووریشە ، سەبارەت بە بابەتی ناوی هەڵەبجەی شەهید، تەبعەن هەڵەبجە تازە شەهید كراوە و بە داخەوەش شەهید كرا، لە دڵی هەمووماندا هەڵەبجە هەڵەبجەی شەهیدە، چۆن ئێستا ئەگەر لەم هۆڵە بڵێم شاری هەڵەت و قوربانی، هەمووتان دەزانن مەبەستم سلێمانیە، چۆن ئەگەر بڵێم شاری هۆلاكۆ بەزین، هەمووتان دەزانن مەبەستم هەولێرە، بابەتی هەڵەبجەی شەهیدیش ئاوایە، تازە ئەوە لای كورد لە دڵی تاك بە تاكمان بۆتە هەڵەبجەی شەهید، بۆیە با بابەتەكە حدسی ئەولا ئەولا نەوروژێنین، پێموایە ناوەكە بە خۆی ئاساییە و سروشتیە وەك ئێستا بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی هیچ روونكردنەوەیەكتان هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لەسەر پێشنیارەكەی خۆمان دەتوانین ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی كوردستان_عێراق بێت، چونكە لە سەرەوەی هەموو كتێبەكانیشمان (پەرلەمانی كوردستان_عێراق)ە، بۆیە هەرێم هەڵدەگیرێ وای بە پەسەند دەزانین، هەروەها مەسەلەی شەهیدیش بۆخۆتان دەزانن ئەگەر لە رووی تەشریعیشەوە تەسبیت نەبووبێ وەكو بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا عورفیەن ئەو پارێزگایە بە پارێزگای شەهید ناسراوە، بە هەڵەبجەی شەهید ناسراوە، واتە نەبوونی هەڵەبجەی شەهید لیرانەدا مانای ئەوە نییە كە ئێمە بتوانین ئەو نازناوە لەو شارە بسەنینەوە، هەروەها ئیزافەكردنیشی هەر مانای ئەوە نییە كە ئێمە پێی دەبەخشین، بۆیە پێشنیار دەكەین كە ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی كوردستان_عێراق بدرێتە دەنگدان، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك سالار.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەکو لەم پەرلەمانەدا عورفە رای سابت کە لیژنە دەیدا دواتر بخرێتە دەنگدان، ئەو ڕا تازەی کە پێشکەش کراوە بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە هەڵەبجەی شەهیدەوە هەیە پێشتر ئەوە بخرێتە دەنگدان، دواتر پێشنیارە بنەڕەتیەکە یان ئەسڵیەکە بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند پێشنیارێك هەبوون، یەك پێشنیار نییە، یەکێك لە پێشنیارەکان بریتیە لەوەی کە ناونیشانەکە وای لێ بێت (ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە شاری ئاشتی هەرێمی کوردستان_عێراق)، پێشنیارێکی تر هەبوو بەوەی کە ناوەکە بەم شێوەیە بێت (ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان)، پێشنیارێکی تر کە ناونیشانەکە بەم شێوەی لێ بێت (ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستانی عێراق)، پێشنیارێکی تر هەبوو بەوەی کە ناونیشانەکە وای لێ بێت (ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی و پێکەوە ژیانی هەرێمی کوردستان_عێراق)، بۆیە چوار پێشنیار لە ئارایە، ئەو پێشنیارەش لە ئارایە کە ناوی پڕۆژەکە وای لێ بێت (ناونانی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان_عێراق)، ئەم پێنج پێشنیارە لە ئارادان، ئەو پێشنیارەی کە لیژنەکان کردیان دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا یەك بە یەکی ئەو پێشنیارانە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ، نوقتەی نیزامی هەیە؟ فەرموو کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون تۆفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم، ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر لە نیوەی دەنگدەرانی زیاتری هێنا ئەوانی تر نەخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش وا دەڵێم، بەهار خان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کراوە هیچیان پشتگیری نەکراون لەلایەن سێ پەرلەمانتارەوە، هەموو تەرحەکان یەك، یەك بووە، لەبەر ئەوە ناکرێ بخرێتە دەنگدانەوە و ئیعتیباری بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەسڵەن لە هیچ شوێنێکی پەیڕەویشدا ئەوە ئاماژە پێ نەدراوە کە هەر پێشنیارێك پێویست دەکات سێ کەس پشتگیری بکات، بە شێوەیەکی عورفی رۆیشتووە جار بە جار پابەند بین پێوەیەوە، بە تایبەتی ئەو کاتەنە پابەند بووین پێوەیەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان قسەیان کردووە، ئێستا تەنها (٢١) ئەندام پەرلەمان قسەی کردووە، بۆیە هەموو پێشنیارەکان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین یەك بە

یەکـەیان دەخەینـە دەنگدانـەوە کامـەیان دەنگی زۆرینـەی هێنـا کۆتـایی بـە بابەتەکە دەهێنێ، کـاك ئـاری نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێت، یەعنی یەك بۆچوون بخرێتە دەنگدانەوە مەرجی ئەوەش دابنرێ، یەعنی مەشهود بکرێ بەوەی کە ئەگەر لە (٥١٪) هێنا ئەوانی تر وەلا بخرێت، مادام کۆمەڵێك پێشنیار هەیە پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێت بە ڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر وا دەبێت کە پێشنیارێك دەنگی هێنا خۆ نـاتوانی جارێکی تـر پێشـنیارێکی تـر بخەیتـە دەنگدانـەوە و بیگۆڕی، بۆیە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە ئەوەی سێ لیژنەکە تەرحیان کـرد کـە ناونیشانەکە بـەم شـێوەی لـێ بێـت (ناونـانی پارێزگـای هەڵەبجـە بـە پایتـەختی ئاشـتی کوردسـتان_عێـراق)، بـەڕێزان ئێسـتا دەیخەینە دەنگدانەوە، کـێ لەگەڵدایـە؟ تکایـە دەسـت بەرزکاتـەوە، (٥٢) کـەس لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵ دانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٨) کەس لەگەڵ دانییە، زۆر سـوپاس، کەواتـە بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسەندکرا، دەچینە سەر ماددەی یەکەم، تکایە بیخوێننەوە، کەواتە ئێستا ناونیشانی پڕۆژە بڕیارەکـە بـەم شێوەیە (ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان_عێراق)، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان_عێراق، هەرێم هەڵدەگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسـەیەکی هەیـە لەسـەر ئـەم ناونیشـانە؟ ئەمـە مـاددەی یەکەمـە بـەڕێزان، ئـەوە ناونیشـان بـوو، ئەمـە ماددەی یەکەمە، دوو نوقتەی نیزامی هەیە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەم ئسلوبی ئەوەی کە شتێك چـەند ڕەئیـەك هـەبێ دەیخەیـە دەنگـەوە زۆرینـە دەیـنێ ناچـیە سـەر ئەوەکانی دیکە، هیچ مانایەك بـۆ قسـەکردنی ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان نامێنێتـەوە، مـن نموونـەی پەرلەمانی عێراقی باس دەکەم پێنج ڕەئی هەبێ لەسەر بابـەتێك هـەر پێـنج دەخرێتـە دەنگدانـەوە دواتـر لەو پێنـج ڕەئیە کام ڕەئی ئەکسەریەتە ئەوە پەسەند دەکرێ، یەعنی ئەم ئسلوبەیە، ئەگەر وابێتن ئێمـە بـۆ قسە بکەین، ئەگەر بەڕێزتان ڕەئی یەکەم وەردەگرن لە ئەسڵەکەدا و دەیخەیتە دەنگەوە و دواتر ڕەئیـەکانی تـری ئەنـدامانی پەرلـەمان ناخرێتـە دەنگـدان، دوایـی بەڕێزیشـتان خۆتـان گوتتـان چـەند ڕەئیـەك هەیـە

ڕەئیەکان وەردەگرین، خۆ من لەوانەیە موتەحەمیس نەبم لەسەر هیچ ڕەئیەك، بەلاَم ئسلوبی قانونی، یەعنی خستنە دەنگدان بەم شێوازە نارێکە لە پەرلەمان نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە گفتوگۆ دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان قسەی خۆیان دەکەن راو بیرو بۆچوونی خۆیان دەخەنە ڕوو، ماڧی خۆیانە بەرگری لە راکانی خۆیان بکەن، بەلاَم ئەوە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانە یەکلای دەکاتەوە کە کام ڕایە پەسەند دەکرێ، بڕیاردان لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی سادەیە، هەر بڕیارێکیش پەسەندکرا دوایی ناتوانرێ جارێکی تر ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ هەر مەسەلەیەك، هەر ماددەیەك، هەر پرۆژەیەك خرایە دەنگدانەوە ناکرێ جارێکی تر بە شێوەیەکی تر بخرێتە دەنگدانەوە، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، منیش هەمان رای (کاك گۆران)م هەبوو، چونکە من لەسەر عێراقەکە دەنگم نەدا، هەرچیەکیش (ع) پێوەبێ دەنگی بۆ نادەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك سالار نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی خستنە دەنگدانی بابەتێك کە چەند ڕەئیەکی جیاوازی لەسەر هەبێ، لە ڕووی پاراستنی ماڧی بۆچوونێك کە کەمینەیە، کەمترین کەس داوای کردووە عورفە لەم پەرلەمانەی کوردستانەدا ئەبێ ئەو ماڧە بپارێزرێ ئەو لە پێشا بخرێتە دەنگدانەوە، عەرزی جەنابتم کرد، بەلاَم جەنابت هەر سووربووی لەسەر ئەوەی کە پێشنیاری لیژنەی مەعنی بخرێتە دەنگدانەوە، کە ئەمە ئەبێ ئەساسەکەبێ ئەخیرترین بۆچوون بخرێتە دەنگدانەوە، لە پرۆژە بڕیار و یاساکانی تریش لەم خولەی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا خۆشت موتەفیق بووی ئەوەمان کرد، بەلاَم ئەوە لە ئەستۆی ئیدارەدانی ئێوەی بەڕێزە کە بە پایتەختکردنی ئاشتی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید (٥٢) دەنگ بێنێ، لە کاتێکدا یەك کەس تەعاروزی ئەو پرۆژەیەی نەکردووە هەموو لەگەڵین، دەبوو ئەو دەنگدانە ڕابگیرابایە ئەو برادەرانەشی لە دەرەوەن بهێنرێنە ژوورەوە، بۆ ئەوەی نەك بە زۆرینە بەڵکو بە تێکڕای دەنگی هەموومان ئەم پرۆژەیە پەسند بکرێ، هیوادارم ئەو مەسەلەی پەیوەندی بە دەنگدانی ڕەئییەکانەوە هەیە لێرەشەوە ڕابگیرێ لەسەری بوەستین ڕایەکانی تریش بخرێتە دەنگدانەوە وەکو ئەوەی کاك گۆران ئاماژەی پێکرد بە زۆرترین دەنگ پەسەند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سالار جارێ هەر لەسەرەتاوە قسەكانی بەڕێزت كە كردت لەسەر ئەو بابەتە دەركەوت كە نوقتەی نیزامی نییە، چونكە ئەسڵی پرۆژەكە، ئەسڵی بڕیاری پارێزگاری هەڵەبجە وشەی شەهیدی پێوە نییە تا پێوە بلكێنرێ كەواتە نیزامی نەبوو، ئەبوو بەڕێزت ڕای خۆت، ناوی خۆت بنووسی ڕای خۆت ڕوونبكەیتەوە، ڕێمان پێدای وەكو نوقتەی نیزامیش بەشداریت كرد، بەلاَم سەبارەت بەوەی كام ڕا دەخرێتە دەنگدانەوە ئێمە ڕای ڕاپۆرتەكەشمان نەخستە دەنگدانەوە، بەڵكو ئەو ڕایەی كە دوایی سێ لێژنەكە لەسەری موتەفیق بوون، ئەوەمان خستە دەنگدانەوە، بەڕاستیش بۆ گێڕانەوەی كات بۆ پەرلەمانی كوردستان ئەبێ ڕایەك كە زۆرینەی لەگەڵدایە ئەبێ ئەو ڕایە بخرێتە دەنگەوە ئەگەر نا جاری وا هەیە هەشتا پەرلەمانتار قسە ئەكا، ئەگەر هەریەك لەمانە ڕای خۆیان دەربڕن هەریەك لەمانە ئەم ڕەئیانە بخەینە دەنگەوە كاتێكی زۆر زۆرمان پێ ئەچێ بۆ پەسندكردنی پرۆژە بڕیارەكان لە پەرلەمانی كوردستان، دكتۆرە ڕێواز فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناچمەوە سەر ئەو جەدەلەی كە هاوڕێكانمان باسیان كرد، بەلاَم پرسیار ئەكەم ئێمە لەناو قاعەكەدا (١٠٤) كەسین؟ ئەوەتان ژمارد؟ وا (٥٢) بە زۆرینە حسێبە، ئێ بەشكو ئەوەی تر (٥٣) دەنگی هێنا .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمەش دیسان نوقتەی نیزامی نییە بەڕێز دكتۆرە ڕێواز، چونكە بڕیار لە پەرلەمانی كوردستان بە زۆرینەی سادەی ئامادەبووان ئەدرێت، بەزۆرینەی سادەی ئامادەبووان پێویستی بە زۆرینەی موتڵەق نییە.....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك پرسیارم هەیە، گریمان ئێستا (١٠٧) كەس لە ژوورەوەن، زۆرینەی ئەوان ئەكاتە چەند؟ ئەكاتە (٥٣) كاك دكتۆر بڕوا بكە مەبەستم هیچ شتێك نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بڕیار بە زۆرینەی سادە ئەدرێ دكتۆرە ڕێواز نوقتەی نیزامی نییە، كاك دڵشاد شعبان فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی دەنگدان مەسەلەیەكی تەكنیكییە، یەعنی ئەگەر دوو ڕەئی هەبوو دەخرێتە دەنگدان بە زۆرینەی دەنگ ڕەئییەك پەسەند دەكرێ، بەلاَم ئەگەر زیاتر لە دوو ڕەئی هەبوو یەعنی زیاتر لە دوو

(ئۆپشن) هەبوو ئەوە بەو جیهازەی ئەلیکترۆنی چارەسەر دەکرێ، هەر هەموو ئۆپشنەکان لێرەدا ئیدراج دەکرێ و، یەکێکیان ئیختیار دەکەین، هەر هەموو ئۆپشنەکان پێکەوە دەبێ بخەینە دەنگدان، نەك یەك بەیەك، ئەمەش بە جیهازی ئەلیکترۆنی چارەسەر دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس جارێ جیهازی ئەلیکترۆنی بەداخەوە تا ئێستا بە ئێمە چارەسەر نەکراوە، چونکە کێشەی گەورەی تێدایە و، لەوە دەچێ ئەسڵەن هەر ئیشیش نەکا ناچار بین بیگۆڕین، بەدواداچوون بۆ ئەوە بکەین چۆن دانراوە، بەڵام سەبارەت بە بڕیاردان لەپەرلەمانی کوردستان ڕا بە ڕا ئەخرێتە دەنگەوە، کام ڕا زۆرینەی سادەی هێنا ئەو ڕایە پەسەند دەکرێ لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز کاك ڕابوون معروف فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جۆرێك خراپ تێگەیشتن هەیە لەسەر دەنگدان لەسەر ڕەئیە جیاوازەکان، دوو ڕەئی جیاواز ئەگەر یەکتر ڕەتنەکەنەوە دەکرێ هەردووکیان بخەنە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی کامەیان زۆرتری هێنا دەبێتە ڕەئی سابت بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەگەر دوو ڕەئی یەکتر ڕەتکەنەوە ئەو ڕەئییەی زۆربەی ئامادەبووان دێنێ ئەوەی دیکە کۆتایی پێدێنێ، چونکە خۆناتوانێ لەو هۆڵەدا دوو ناو پەسند بکەین مادام ناوی یەکەم زیاتر لە نیوەی ئامادەبووانی ناوهۆڵەکەی بەدەست هێناوە ڕایەکانی تر خۆبەخۆی ڕەتدەبنەوە، بۆیە من داوا دەکەم یەکسەر ئەم بابەتە کۆتایی پێبهێنین و بچینە سەر موناقەشەی بەندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن ( ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم، بەڕاستی ئەگەر لە دوو ڕایی زیاتر بوو، پێویستە هەموو ڕاکان بخرێتە دەنگەوە، دژیش دەنگنەدرێ هەر کامی زۆرینە بوو ئەوە ئەبێ ببێتە قەرار، یەعنی ئەوەی کە کرا لە عورفی پەرلەمان، لە عورفی کۆنگرە و کۆنفرانسەکان هەموو ئەو خەیاراتانە ئەخرێتە دەنگەوە ئەوەی زۆرترین دەنگی هاورد لەناو ئەو خەیارانە ئەو دەنگ دێنێ، دوو: من بەڕاستی تێناگەم، بەرەسمیات ئەوەی ئاگام لێیەتی هەڵەبجەی شەهیدە تەنها، ئێستا بۆچی هۆکارەکە چیە ئەوەی لێ لائەدرێ؟ من ئەمەوێ ئەو پرسیارە بکرێ ئەگەر هەر لە دەزگاکان ناوی قائیمقام، قائیمقامی هەڵەبجەیە گرفت نییە، بەڵام ئەگەر لە هەموو ڕەسمیاتی حکومەت هەڵەبجەی شەهید بێ بۆچی لای ئەدەین ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەرچاو ڕوونی هەمووتان لە بڕیارەکەی سەرۆکایەتی هەرێم، لە بڕیارەکەی پەرلەمان ساڵی ١٩٩٩ ولە بڕیاری سەرۆکی هەرێمی ٢٠١٣/٣/١٦ تەنها وشەی هەڵەبجە هاتووە، وشەی شەهید پاشگری نییەو ئەو وشەی شەهیدە تەنها لەناو خەڵکا باسە، لە ڕووی ئیداریشەوە شەهید بەکار ناهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تا ئێستا وشەی شەهید عورف بووبێت، بەڵام دەکرا خۆ ئێستا بکرابا یاسا هەتا ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمیش، سەرۆکایەتی حکومەتیش، یەعنی ئەوە کارەساتا پەرلەمان بە یاسا وشەی شەهیدی لە هەڵەبجەی شەهید سەندەوە، بەیاسا سەندراوەتەوە کاکە تێیدا نییە بۆ یاسا نییە ....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە جارێ لێی نەسەندراوەتەوە هیچ یاسایەك دەرنەچووە بڵێ نابێ بە هەڵەبجەی شەهید بوترێ (هەڵەبجەی شەهید) باشە، کاك شوان ناکرێت لە خۆتەوە قسەبکەیت، لە جێی خۆتەوە بەڕێزت ڕای خۆتت وت، لەبەر ئەوە پێویست ناکا دوایی تەعلیق بدەیتەوە، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حمە شریف (گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕاستیا ئەوە بڵێی وەکو ئیلتزامێکی مێژوویی و ئەخلاقییە، بۆ ئەوەی هەم خەڵکی شاری هەڵەبجەی شەهید، هەم گەلی کوردستان بە گشتی حاڵی نەبن کە بڕیاری پایتەختی ئاشتی بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید تەنها (٥٢) ئەندام پەرلەمان دەنگی پێداوە لە کۆی (١١١) ئەندام پەرلەمان، تکا دەکەم کە ئەو مەوزوعە ئەسڵی لوبی بڕیارەکە بیخە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی هەموو پەرلەمانتاران دەنگی بدەنێ، چونکە ئیعلام دەیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی کە تەنها (٥٢) ئەندام پەرلەمان دەنگیداوە، چونکە هەڵەبجە کوشتەی دەستی ئەم جۆرە ململانێیە بووە، ئەوە روبعە فەرنێکە بەڕاستی ، تکا دەکەم ئەو مەوزوعە بیخە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەو لە پرۆتۆکۆلیش وا نەنووسرێت هەڵەبجە تەنها بە دەنگی (٥٢) ئەندام پەرلەمان بوو بە پایتەختی ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە مامۆستا هەورامان جارێ کۆی ماددەکانی تری پڕۆژە یاساکە، پڕۆژە بڕیارەکە نەخراوەتە دەنگدانەوە، بۆ زانیاری بەڕێزتان ئەمە ڕای نوێنەرانی خەڵکی هەڵەبجەیە لێرە دانیشتوون، بە نووسراو ئاراستەی ئێمەیان کردووە کە بەڕێز ناوەکانیان ئەمانەن:

- بەڕێز ئەركان حەسەن غفور/ قائیمقام
- بەڕێز خدر كریم محمد/ سەرۆكی شارەوانی
- بەڕێز شێخ طاهر شێخ عزالدین/ كەسایەتی هەڵەبجە
- بەڕێز كوێستان ئەكرەم فەرەج/ جێگری سەرۆكی شارەوانی
- بەڕێز دلاوەر یاسین/ چالاكی كۆمەڵی مەدەنی

ئەوانە نووسراوێكیان بۆ ئێمە ناردووە ئێستا كە لێرەن خۆیان ناتوانن قسە بكەن، بەڵام ئەو نووسراوەیان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆكایەتی كردووە، كە ئەڵێن هەڵەبجە بە ڕەسمی وشەی شەهیدی تێدانییە تەنها بەكار دەهێنرێت، بۆیە هیچ گرفتێك لەو بابەتە نییە، سەبارەت بە دەنگدانیش دەنگدانەكە زۆر ئوسوڵی بوو، بۆ زانیاری ئێوە (٨٨) ئەندام پەرلەمان ئێستا لە ژوورەوەن ئەو بڕیارە زۆرینەی موتڵەقیشی هێناوە كاتێك كە پێویستی بە زۆرینەی سادەیە، ئەچینە سەر ماددەی یەكەم فەرموو دكتۆرە ڤالاْ.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە بیخوێنینەوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ماددەی یەكەم: ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی (ئاشتی كوردستان - عێراق)، واتە هەرێمەكە حەزف دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تەنها دوو ناو ناوی خۆیان نووسیوە بەڕێز علی حەمە صالح ، بەڕێز عمر عینایەت، فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە كە وشەی كوردستان بەتەنیا بەكار ئەهێنین ڕۆژئاوا ئەگرێتەوە، ڕۆژهەڵات ئەگرێتەوە، باكووریش ئەگرێتەوە، ئایا ئێمە نوێنەری هەر چوار پارچەكەی كوردستانین، یاخود تەنها نوێنەری باشووری كوردستانین، دوو حاڵەتە، یان هەرێمی كوردستان بەكار بهێنرێت، یاخود باشووری كوردستان بەكاربهێنرێت ، چونكە هەڵەبجەش لە بنەڕەتدا ئەبێ بە تەنیا نوێنەری باشووری كوردستان بێت ئەمە حاڵەتێك، حاڵەتێكی دیكەشی ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە ئایندەشا ببین بە دەوڵەت كە ئەمن هەر ڕەئم وایە ئەبێ دەوڵەتی كوردستانی باشوور بێت، چونكە ئەبێت خوێندنەوەیەكی ترمان هەبێت، خوێندنەوەیەكی واقیعی ترمان هەبێت، كە ئەمە تەنیا ئەم پێنج پارێزگایە باشووری كوردستانە، نەوەكو كوردستان بە گشتی؟ سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عمر عینایەت فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لە ڕووی دارِشتنەوە قسە لەسەر ئەوە ئەکەم، مادام ئەمە برِیارە، ئەڵێ برِیارماندا بەوەی شاری هەڵەبجە (پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان - عێراق)ـە، یەعنی ئەبێ لێرە ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ برِیارەکان نایەتەوە، بە ڕەئی من بەم شێوەیە بنووسرێ شاری هەڵەبجە (پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان - عێراق)ـە بەو شێوەیە بنووسرێ، ناکرێ ناونانی لەسەرەوە باسمان کردووە ناوی پرِۆژەکەیە، یەعنی ناوی پرِۆژەکە لە خوارەوە جارێکی تر دووبارە بووەتەوە، لەبەر ئەوە بوترێ شاری هەڵەبجە (پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان - عێراق). ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە، دەست خۆش، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی پەسندە، پارێزگای هەڵەبجە پایتەختی ئاشتی هەرێمەکە حەزف دەکرێ، (پایتەختی ئاشتی کوردستان - عیراق) جێی دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

لیژنەی ناوخۆ شتێکتان هەیە لەسەری، لیژنەی پێشمەرگە، باشە پێشنیارەکە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارێزگای هەڵەبجە پایتەختی ئاشتی کوردستان - عێراقە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

کێ لەگەڵیەتی بادەست بەرزکاتەوە؟ (٨١) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ کەواتە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوەو مەراسیمی تایبەت بە پەخشکردنی فەلسەفە و ڕۆشنبیری ئاشتی لەو پارێزگایە سازدەکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

کێ وتووێژ لەسەر ئەو ماددەیە دەکات، با دەستی بەرز بکاتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە ناویان لای ئێمە تۆمارە بۆ گفتوگۆکردن (ئاری هەرسین ، محمد علی، حیاة مجید، عباس غزالی، فرسەت سۆفی، فرحان جوهر، مروان گەلاڵی، ڕابوون معروف، بەهار عبدالرحمن، بەهزاد دەروێش، منیرە علی، حاجی کاروان، شێرکۆ جودت، مدینة ایوب، عمر عینایەت، شکریة اسماعیل).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتەکە ڕۆیشت، منیش لەگەڵی نەبووم، بەلاَم خۆ ئەڵێین (زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە)، بۆچوونێکم هەیە لەسەر خاڵی دووەم یاخود ماددەی دووەم ئەگەر باشتری بڵێم، یەکەمیان لە مەسەلەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بۆچوونی من حەق بوو ئەم لایەنە پەیوەندیدارانە تەعریف بکرێن، چونکە زۆر مەتاتی و گشتگیرە، نازانین لایەنی پەیوەندیدار بەتەواوەتی کێیە، مەسەلەیەکی تر بوونی وشەی فەلسەفە لەمەیا فەلسەفە یەعنی جیهان، بەبوچوونی من ئەمە بۆ مەجالاتی بڵێین کلوبێکی سەقافی ئەوانەی کە بڵێین توێژینەوە ئەکەن لە بواری ژیاندا ئەمە قەیناکە، بەلاَم لێرە مادام ماددەیەکی قانونییە لەماددەی قانونیدا، هاتنی کەلیمەی فەلسەفە ئەیکات بە دەقێکی ئەدەبی زیاتر هەتا قورسایی دەقێکی قانونی بداتێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەروان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەی (٣) و (٤) ئەوانە کۆتایی بە قانونەکە دێنن، ئەو سێ خاڵەی بۆ زیاد بکرێتن بە ڕەئی من یەکەمیان: خەلاَتی ئاشتی لە هەڵەبجە پێشکەش بکرێتن بۆ ئەوەی بەس خاڵێك نەبێتن. دووەم: نوێنەری قوربانیانی کارەساتی کیمیاباران موشارەکەیان پێبکرێتن لە کۆڕ و سیمینار و کۆبوونەوەکاندا. سێیەم: سەوز کردنی شارەکە بە ڕێژەی (١٥٪)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

پێشنیارەکانت بنێرە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەم لەسەر وشەی پەخشكردنە، هەستدەكەم پەخشكردن زمانزانەكانمان با باشتر قسەی لەسەر بكەن ڕای خۆیان بڵێن، بەلام ئەمن هەستدەكەم پەخشكردن لەوێ مانای بلاوكردنەوە نادات لەو سیاقە لەو كۆنتێكستە، بۆیە پێموایە لەجیاتی پەخشكردن بڵێن تایبەت بە بلاوكردنەوەی، بابەتی وشەی فەلسەفەش بۆ لابردنەكەی هاوڕای بەڕێز ئاری هەرسینم ڕەنگە لە حوجەكەمان تۆزێك جیاواز بین، بەلام هەروەكو تەئكید دەكەمەوە كاك ئاری ئەو بابەتە بابەتێكی قانونی زۆر جدییە، فەلسەفە بەو مەعنایەی لێرە بەكار هاتووە لەزمانی ئینگلیزیش بەكاردێ، بەلام مادام وشەكە لە بنەڕەتەوە كوردی نییەو هەر بۆخۆی مەعنای وشەكە بۆخۆم فەلسەفەم خوێندووە مانای وشەی فەلسەفە چییە، بۆخۆی گرفت و موناقەشاتی زۆری لەسەرە، لێرە لەجیاتی وشەی فەلسەفە دەكرێ بڵێین پەیام ئیتر پەیام و ڕۆشنبیری، ئاشتیش لەوێ با زمانزانەكان قسەی لەسەر بكەن، كوردیزانەكان، ئاشتی لەوێ بكرێتە پێكەوە ژیانی ئاشتیانە، هەستدەكەم مانایەكی كوردی زۆر دەقیق نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆر محمد علی فەرموو.

**بەڕێز د. محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان.**

دیسان ئەم تووشی بابەتێن تیۆری و نەزەری دبین ڤێرەدا كو گەلەك دگەل پێكهاتە و دگەل ناڤەڕۆكا بابەتی ژێك دویرن ، دڤێتن ئەم ل هەڵەبجەدا كار بۆ هندێ بكەین كو سێ قۆناغێت (pice building) ئاڤاكرنا ئاشتیێ ، (pice keeping) ڕاگرتنا ئاشتیێ ، حاڵەتێ (postromatic) ، (pice keeping )یان كۆ هەڵەبجە یا د حاڵەتەكێد دەرباز بوی كۆ تا نهۆ ژی تەعامول دگەل نەهاتیە كرن هەڵەبجە د (تراما) دەربازبوی هەڵەبجە یا د هەڤركییەكا مەزنا شەڕیدا دەرباز بووی ، دڤێتن پلانەك هەبیتن كو ژ ئالییێ پەروەردەی و ئالییێ پێكڤە ژیانا ڤان مرۆڤا كار بهێتەكرن دگەل ڤان مرۆڤا ێن كو تووشی(تراما) بووین تووشی نەهامەتیەكا هندا مەزن بووین، بدیتنا من ئەگەر دڤێرەدا جهێ وێ بێتەكرن كۆ ئاڤا كرنا ئاشتیێ و ڕاگرتنا ئاشتییێ و كاركرن بۆ پرۆسێسا سەرەدەری كرن و ڕەفتاركرن دگەل (تراما) قۆناغا پشتی (تراما) ێدا و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا ماددەی دوو سنووردارکردکەت، یەعنی لایەنی پەیوەندیدار چ بکرێت چ نەکرێت دەبێتە یاسایەك ئەو دبی لەبەر هەندێ هەروەکو زۆر بابەت دێت کو دێتە باس کرن وەکو برای بەڕێزم مەلا مەروان باسی کردووە ئەوانی تر بە رەئی من ئەو ماددە نەبێتن هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێتن، ماددەی دوو حەزف بکرێتن پایتەختی ئاشتی کوردستانی عیراق کافیە ئەم ماددە پێویستە، چونکە ئەو جارە چونکە شتی تریش دەبێتن لە رۆژی ئاشتیدا پەرلەمان جەلسەی پەرلەمانی ئەبەستێ، حکومەت جلسەی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی پەیوەندیدارەکان لەوێ بکەن هەموو خاڵن زیاد دەبێ یان دەبێ هەر نەبێت یان دەبێت زۆر خالی تر زیاد بن لەگەل رێزماندا .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، منیرە عثمان فەرموو:

**بەڕێزمنیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ لە ماددەی دووەمدا قسە لەسە ئەوە بکەم لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، پێشنیاردەکەم کۆنفرانس و کۆرو کۆبوونەوەی کلتوری و مەراسیمی تایبەت بە پەخش کردنی فەلسەفەو رۆشنبیری ئاشتی لەو پارێزگایە ساز دەکەن، واتە مەبەستم ئەوەیە لەدوای کۆبوونەوە وشەی (کلتوری) بۆ زیاد بکرێ، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: پیشنیار ئەکەم کە لە ماددەی دووەمدا بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ کە پێشنیاری بەشێکی زۆر لە ئەندام پەرلەمانەکانە تیایدا جێگە بکرێتەوە، ئەو سێ پێشنیارەی بەڕێز کاك عمری حاجی عینایەت باسی کرد وەکو بەخشینی دانیشتووانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە لە باجی دەرامەت بە رێژەی لە ٥٠٪ و، دابین کردنی بودجەیەکی سالانەی تایبەت بەم شارەوە، هەروەها هەوڵبدرێ وەزارەتی پەروەردە رابسپێردرێ بۆ گەشتی زانستی خوێندکاران بەرێتە ئەم ناوچەیە و، پشتگیری تەواوی قسەکانی بەرێز مامۆستا هەورامان ئەکەم بە داماڵینی شاری هەڵەبجە لە هەموو جۆرە چەکێك، پێویستە لە ماددەی دووەمدا بڕگەی دووەمی بۆ زیاد بکرێت ئەم خاڵانەی تیایە جێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوباس فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی مەبەستی ئێمە لێرە لە شاری هەڵەبجە وەکو شاری پایتەختی ئاشتی بناسێنین ئامانجێکی گەورەترە، تەنها لە لایەنی کلتوری، سەقافی و کۆڕو کۆبوونەوە و، هەموو ئەو بەرێزانەش زۆر پێشنیازیان کرد، بۆیە پشتگیری ئەو قسەیەی کاك عباس غزالی دەکەم، ئێمە بۆ ئەوەی دەرگا بهێڵینەوە هەڵەبجە وەکو

پایتەختی ئاشتی بێت هاوشێوەی ئەوەی کاك د.شێرکۆش باسی کرد (جنێڤ و ڤیێنا)و ئەوانە، گرێبەستی ئاشتی و پەیماننامەی گەورەی نێو دەوڵەتی لە داهاتوودا تێدا بکرێ و، لەسەر ئاستی دیکەش تحریمی شەڕو جارێکی تر خوێنی لێ نەڕژێ و، ئەگەر بێتو ئیزافە بکەین لەوانەیە ئەم بابەتە ببێتە سێ ماددەش، بۆیە دەرگایەکە بە کراوەیی بهێڵینەوە و، ماددەی دوو بە تەواوی هەڵبگیرێت یەکسەر بچینە سەر ماددەی سێ، چونکە بڕیارەکە عیبرەتەکەی تەنها لەوە دایە ئێمە دەیکەینە پایتەختی ئاشتی دواتر تفاصیل و وردەکاری لەسەر ئاستی ناوەخۆ، لەسەر ئاستی سەقافی، لەسەر ئاستی ئاوەدانکردنەوەو بنیادنانەوەی ئاشتی (بناء السلام) و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و، هەموو ئەوانە لەسەر ئاستی عیراق بە تەفاسیل وردەکاریەکەی بەجێبهێڵین، چونکە ئێستا بە بوونی ماددەی دووەم، یەعنی وای لێدێ پایتەخت کردنی ئاشتی هەڵەبجە کورت دەکرێتەوە بۆ لایەنەکی موعەیەن، زۆر سوباس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کنعان نجم الدین(حاجی کاروان) فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەگەل ڕایەکەی (د.فرست)دام، بەس یەك پێشنیارم هەیە وەکو ماددە، ئەگەر بکرێ من نازانم موستەلەحەکە بە دیدی کوردیەکەی ئەبێتە چی لە مەککە پێی ئەوترێ (بلد الحرام) یا لە مانگەکانە پێی ئەوترێ (شهر الحرام) ئەو مانگە یا ئەو مەککە، مەسەلەن کوشتنی تیا حەرام کراوە ئەوە لە کاتی دیاری کراوە یا لە شوێنی دیاری کراو، ئەگەر بە برگەیەك ئەوە بکرێ لەرووی یاسایەوە، نازانم چەنێ ئەتوانن دایبرێژن، تحریم کردنی شەڕ ئیتر تەحریمەکە موستەلەحێکی کوردی بێ یاخود بە عەرەبی بمینیتەوەی ببێتە ماددەیەك لەوە ئەچێ شتێکی باش بێ، زۆر،سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، کە ئەو ماددەیە تەعریفی ئەو چالاکی و بە ئاشتی بوون پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدا ئەبێ بگرێتە ئەستۆی، لایەنە پەیوەندیدارەکان چ مسئولیەتەکی بەرەو روو ئەبێتەوە، چونکە لە ماددەی سێ ئەڵێ پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ئاوا یەعنی ئەوەی پێشتر جێبەجێ بکا، بۆیە ئەوە پێشنیار ئەکەم ماددەی دوو بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ لەماددەی سێی لایەنی جێبەجێکار چی جێبەجێ بکا و، چ ئیلتزامێك دروست بکات؟ پێشنیار ئەکەم ئەم بڕگانە لە ماددەی دووەم کە بریتی بێ لەو چالاکییانەی لەو بریارو هەنگاوانەی کە پێویست بێ بۆ بە هێز کردنی بە ئاشتی کردنی، بە پارێزگای هەلەبجەی شەهیدو ناونانی بە پایتەختی شەهیدان.

١. بڕیاردانی هەتا هەتایی بۆ نەهێشتنی شەڕو کوشتار لەو پارێزگایە ئەمە لەرووی مەعنویەوەش لە پێشەوە بێ، وەکو باسمان کردووە شتەکان بوعدی مەعنەوی هەیە و، بوعدی پراکتیکی هەیە لەرووی مەعنەویشەوە بێ شانازیەکی گەورەیە کە ببێتە بڕیارێکی دەستە جەمعی هەمووومان.

٢. ساز کردنی کۆڕو کۆنفرانس خۆی لە ئەسلی ماددەکەدا هەیە موجودە بمێنێتەوە .

٣. بەشداریکردن لە کۆڕو ئەو کۆنفراسە جیهانیانەی کە بۆ ئاشتی ساز دەکرێت وەك یەکێ لە پایتەختەکانی ئاشتی لە جیهاندا، ئێمە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە.

٤. هەماهەنگی هاریکاری لەگەڵ پایتەختەکانی تری ئاشتی لەجیهاندا وەکو بەرقەرار بوونی ئاشتی یەعنی خەتێکی هەبێ، بۆ ئەوەی کە رۆڵ بۆ ئاشتی بگێڕێ لەسەر ئاستی جیهان نەك تەنها لە سنووری ئەم ناوچەیە.

٥. کۆتایی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆرێك لە مرۆڤ دۆستان لە رێکخراوە دەستە جیهانییەکان داوایان لێ بکرێ بە پێی عیلاقاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی ترەوە، داوا بکرێ کە بودجەی تایبەت تەرخان بکەن ئەوان بۆ بڵاو کردنەوە بەرقرار کردنی ئاشتی بۆ زۆرێك لەو پایتەختانەی ئاشتی لەرێی دروست کردنی دامودەزگای تایبەت بە توانا سازی و گەشە پێدانی نەوەیەکی ئاشتیخواز لە ناوچەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مدینە ایوب احمد فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنێت من هاتنە گوتن ژ لایێ منیرە خانێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان :**

زۆر سوپاس، بەڕێز عمر عینایەت حەمە فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەیەکم هەیە پێم خۆش بوو بیکەم ئەبوایە ئەم بابەتە پێش دەرچوونی بڕیاری بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە بکرایە بە پێی مەرسومی جمهووری ( ١٠٤٧ )لە ساڵی (١٩٨٨) شاری هەڵەبجە لەسەر نەخشەی عیراق سڕاوەتەوە، تا ئێستا لەرووی یاسایی ودارایییەوە، من پێم خۆشە بەڕێزان لیژنەی یاسایی گوێیان لەم بابەتە بووە، بۆ ئەوەی قەراری خۆیان بدەن بە پێی بڕیاری مرسوم جمهوری (١٠٤٧) لە ساڵی (١٩٨٨) هەڵەبجە سڕاوەتەوە لەسەر نەخشەی عیراق، پێویستە ئێمە لەو هۆڵەوە جارێکی دیکە ئەو بڕیارە ئیلغاء بکەینەوە، ئەگەر دەسەڵاتی یاساییمان هەیە ئەو بریارە ئیلغاء بکەینەوە و، داخڵ بکرێ لەم ماددەیە ببێتە یەکەم ماددە ئیلغاء کردنەوەی ئەم بڕیارە (١٠٤٧)، ئەمە زۆر گرنگە بەنیسبەت هەڵەبجەوە کاری لەسەر بکرێ.

دووهەم: ئەو بابەتە من پێم خۆشە برگەی دوو بەم شێوەیە بێ نازانم بڕادەران چۆنیان پێ باشە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بدات لە رووی ماددی و مەعنەویەوە، بۆ ئەوەی کۆنفرانس و کۆڕو سیمینارە پەیوەندیدارەکان بە ئاشتی و پێکەوە ژیان لە هەڵەبجە رێك بخرێت، وشەی رۆشنبیریم لێدەرهیناوە، لەبەر ئەوەی پایتەختی رۆشنبیری سلێمانی ناکرێ ئەوە لەوان قۆرەخ کەین ئەوە ئەو کۆڕو سیمینارە تەنها پەیوەندیدارە بە ئاشتی و پێکەوە ژیان، حکومەت هانی بدا بۆ نموونە بوودجەیەکی تایبەت بتوانێ تەشجیعی لایەنی پەیوەندیدار بکات لە هەڵەبجە ئەو کۆڕو سیمینارە رێك بخرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من پێم وایە ئەم پرۆژە پێویستی بە زیاد کردنی چەند ماددەیەکی تر هەیە، چونکە ئەوەی کە بۆ کەسوکاری شەهیدان و هەڵەبجە دیاری کراوە لەم پرۆژە یاسایە، من پێم وایە ئەوان شایەنی زۆر لەمە زیاترن یەکیك لە مانە من پێم باشە هەندێك ئیمتیازات دیاری بکرێ بۆ کەس و کاری شەهیدان بە تایبەتی بۆ خەڵکی هەڵەبجە و، هەروەها خەلاتێکی کوردستانی بۆ ئاشتی تەرخان بکرێ و، ئەو کەسانەی کە زۆر چالاکوان بووینە لە شاری هەڵەبجە و، توانیانە زۆر شت بۆ خەڵکی ئەم شارە بکەن، هەروەها مەسەلەی سەوزایی و چاندنی دار لە شاری هەڵەبجە، من بە پێویستی دەزانم بە پێی ستاندەری جیهانی کە لە (١٥٪)وە پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی مامۆستا هەورەمانیش دەکەم، هەرچی چەك هەیە لەم شارە لا بدرێ و لێی دوور بخرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز جمال مۆرتکە فەرموو .

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتکە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پیرۆزبایی ئەو یاسایە دەکەم کە بۆ خەڵکی هەڵەبجەی خۆشەویست و هەموو رۆڵەکانی کوردستان دەردەچێ، ئەوەی من تێبینیم هەیە دەربارەی لایەنی نەتەوەیی ونیشتیمانی و، توندوتیژی لەو بەندە تەقریبەن فرامۆش کرایە، بۆیە من پێم باشە بەم شێوەیە رێك بخرێت: لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کۆنفرانس و لە کۆڕو کۆبوونەوەوی لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی و رۆشنبیری و ئاشتی و توندو تیژی لەو پارێزگایە گرنگی پێبدەن بەو شێوەیە رێکی بخەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خلف احمد معروف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە برگەی دووەم، پێشنیار ئەکەم خاڵی دووەمی بۆ زیاد بکرێ لەبەر ئەوەی لە رووی بونییەوە ناو هەڵەبجەیە ئەو دامو دەزگایانە ئەوەندە لە ئاستێکی پێشکەوتوو نین، ئەوەی لەخاڵی دووەم دیاریکراوە بتوانێ بەو هۆڵ و جێگایانەی کە لە هەڵەبجە هەیە جێبەجێ بکرێ، بۆیە خاڵی دووەمی بۆ زیاد بکرێ، هاوکارم دکتۆرە رێواز بۆ لیژنەی قانوونی ناردووم منیش پێشنیار ئەکەم بەم جۆرەی لێبکرێ لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند بکرێت بە بونیادنانی ژێرخانی پێویست بە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە لە برگەی یەکدا هاتوون و، ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی دامالینی چەکەوە هەیە بۆ ئەو شوێنانە، حەز ئەکەم هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز لەوە ئاگادار بن نەك هەر هەڵەبجە بە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان پێویستی بەوە هەیە لەرووی ئاسایشەوە بپارێزرێت، بۆیە قسە کردن لەسەر بابەتەکی لەم جۆرە ئەوەندەی کە ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانە ئەخاتە نێو مەترسیەوە ئەوەندە سوود بەخش و سوودمەند نابێ، بۆیە تکایە مەسەلەی ناساندنی هەڵەبجە وەکو پارێزگای ئاشتی وەکو پایتەختی ئاشتی پەیوەندی بەوەوە نییە تا چەند چەك ئەکرێ، ئێمە بلێن قەدەغەکردنی چەك بەدەست هاوولاّتیانی ئاساییەوەیە بەبێ رەزامەندی، هەر چەند پێویست ناکا ئەم یاسایە هەبێ، چونکە ئەوە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

سەرنجی من لەسەر ئەم بابەتە بەوە دەست پێ ئەکەم کە پێم باشە بەو شێوەیە بمێنێتەوە تایبەت بۆ بڵاو کردنەوە و پەرە پێدانی فەلسەفەی ئاشتی لەو پارێزگایەدا، بۆیە مانای وشەی فەلسەفە لەویا دەتوانم بڵێم سێ واتای هەیە بەم شێوەیە روونی ئەکەمەوە، یەکەمیان: مەبەست لە وشەی فەلسەفە لەویا جەوهەرو ناوەرۆکی ئاشتییە، دووەم: حیکمەت یان بایەخی ئاشتییە بۆ ئینسان و، پەیوەندی ئاشتی مرۆڤە، سێیەم: خودی فەلسەفەی ئاشتییە لەلای کۆمەڵێك فەیلەسوفانیش جێی بایەخەو و، تێکستی گەورەی لەبارەوە نووسراوە، بۆ نموونە یەك لەو فەیلەسووفانە (ئیمان ویلکانت)ـە کە کتێبی زۆر باشی لەو بارەیەوە نووسیوە گرینگیدان بە فەلسەفەی ئاشتی واتە بە سەنتەر کردنی خوێندن وبڵاوکردنەوە ئەو تێکستانەیە کە بیرو جیهان بینی ناتوندو تیژانە پەرە پێدەدەن، بۆیە ئێمە کە باس دەکەین شاری هەڵەبجە ئەبێتە پایتەختی ئاشتی واتە یەك لەو برگانەش کە دانراوە بۆ بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی ئاشتییە، بریتیە لە پەرەپێدانی ئەم رەهەندە جیاوازانە بێگومان ئەوە پەیوەندی بەو نوقتەیەوە هەیە کە ئایا وشەکە لێرە دەقە یاسایەکە دەکاتە دەقێکی ئەدەبی؟ بێگومان ئەوە بە تەواوی ناڕاستە، چونکە خودی دەقە یاساییەکە بۆچی هاتۆتە

ئاراوە جەوهەری ئەم دەقە یاسایە بۆ بەرپاکردنی پرۆسەیەکی ئەدەبی، فکری، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، کلتووریە لە پارێزگای هەڵەبجە و لە کوردستانیشدا، بۆیە ئەمە هەم رەهەندی ئەدەبی هەیە، رۆمانە، چیرۆکە، هەموو لایەکانی تریەتی وە رەهەندی فکری وە تێکستی جیاوازە فەلسەفیەکانی ئێوە، واتە رەهەندی جیاوازی هەیە ئەم وشەیە لەوێ دەکرێ بمێنێتەوە، چونکە بایەخ وگرنگی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز نجیبە خان فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای پیرۆزبایی بۆ دانیشتوان و هاوولاتیانی پارێزگای هەڵەبجەی شەهید بۆ دەرچوونی ئەو بڕیارە، چەند پێشنیارێك لەسەر برگەی دووەم، یەکەم: پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا مەروان ئەکەم بە تایبەتی دروست کردنی خەڵاتێکی رێزلێنان بۆ ئەو شارە وەکو درعێك کە بە ناوی ئاشتییەوە بۆ چالاکوانی بواری کیمیاباران و جینۆسایدو چالاکوان و ئاشتی بدرێت، پێشنیارێکی تر، قوربانیانی ئەو کارەساتە لە هەموو کۆنگرەوو کۆنفرانسە ناوخۆیی و جیهانیەکان کە تایبەت بە ئاشتی بەشداریان پێ بکرێ و، ئەولەویەت بۆ ئەوان بێ، بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە بێ، پێشنیارێکی تر هەرچەندە ئەمە لەوانەیە پێویست بێ لە بڕیاری بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە قسەی لەسە بکرایە و، ئالیەتی چۆنیەتی تەشکیل کردنی بەرێوەبەرایەتی و شارەوانییەکانی هەڵەبجە، بەڵام من لێرە بە فرسەتی دەزانم ئەو پێشنیارە بکەم کە لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و یاخود لایەنی کەم هەندێك لەبەرێوەبەرایەتییەکان ئەم وەزارەتە ببرێتە شاری هەڵەبجە، وەکو رێز لێنانێك بۆ خەڵك و مەئساتەکانی ئەو شارە، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت روون کردنەوەی خۆیان بدەن لەسەر رەئی ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ئەم ماددەیە، بەڕێزد. ڤالا فرید ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنار کرا لەلایەن بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کە خاڵی دووەم لەم بڕیارەدا هەڵبگیرێتن بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار دروست کراوە بێ، هەم لەسەر ئاستی رۆشنبیری هەم لەسەر ئاستی ئابووری، هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکان بتوانێتن کار بکاتن بۆ جێبە جێکردنی دەقی ئەو بڕیارە، بۆیە نەهێشتنی ئەو خاڵە بدرێتە دەنگدان، ئەگەر نەمایەوە خاڵەکە ئەوە قسە لەسەر تەعدیلاتی تر ناکرێ، بەلاّم ئەگەر مایەوە ئینجا تەعدیلاتەکانی تر کە پێشنیارکرا بخرێنە بەر باس و گفتوگۆ کردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا هەورامان نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکە ئەوەیە ئێمە دیارە هەموو قسەمان لەسەر کرد ئەم شارە کە ناوی لێ ئەنرێ پایتەختی ئاشتی هەر ناو نەبێ ناوەرۆکیشی لەگەڵ دابێ، بۆیە پێشنیازی ئەوە ئەکەم کە ئەم ماددەیە زیاد بکرێ لە جێی ئەوەی ماددەی دووەم بەم جۆرە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، ئەمە رەئیە، بەڵام دوایی دەتوانیت لە ماددەکانی تر باسی بکەیت، ئەتوانی لە وتوێژکردن لەسەر ماددەی سێیەم داوای ئەوە بکەیت، ماددەیەك ئیضافة بکرێ، باشە ئەوە ئەخەینە دەنگەوە کە ماددەی دووەم لە پرۆژە بریارەکە هەڵبگیرێ، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ماددەی دووەم هەڵبگیرێ؟ (٢٥) بیست و پێنج کەس لەگەل ئەوەیە کە هەڵبگیرێ کێ لەگەڵی نییە.؟(٣٥) سی وپێنج کەس لەگەڵی نییە، کەواتە ماددەکە ئەمێنێتەوە، ئێستا ئەچینە سەر ئەو پێشنیارانەی کە کراون بۆ هەموار کردنەوەی، دکتورە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کرا کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفراس و کۆڕو کۆبوونەوەو مەراسیمی تایبەت بە بلاْوکردنەوەی رۆشنبیری و پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایە ساز بکەن).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە سەرجەم پێشنیارەکان بخوێنەرەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەو پێشنیارانە چی بوون و دەنگ بە چی دەدەن؟

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان پێشنیاری لوغەوین زیاتر، پەخش کردن ببێت بە بلاْوکردنەوە، فەلسەفە ببێت بە پەیام، ئاشتی ببێت بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، بۆیە پێمان باشە هەمووی پێکەوە صیاغە بکەین و صیاغە کردنەکە بدەینە دەنگدان، لەبەر ئەوەی زیاتر لەسەر موستەڵەحات بوو پێشنیارەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموون پێشنیارەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاَ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو پێشنیاریانە كە باس كرا، بەشێكی زۆر لە پێشنیارەكان دەچێتە ناو بابی ئەنزیمە، واتا نیـزام و تەعلیمات، كە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەكان دەریدەكەن، بۆیە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیجرائات، ئێمە ماددەیەكی تایبەتیمان داناوە، كە دەڵێین:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنـی حوكمـەكانی ئەم بڕیارە دەر بكات).

ئەوەی كە ئیجرائاتـە، ئـەوە كـاری حكومەتـە ئـەو دەیكـاتن، نابێـت بچینە نـاو تەفاسـیل و جوزئیـات لـەناو بڕیارێكی تەشریعی، ئەوەی كە پەیوەندی بە بڕیاری مەجلیسی قیادەی سەورەوە هەبوو، كە باستان كرد لـە بڕیاری ١٠٤٧، ئێمە خاڵی چوارەممان هەیە، لە خاڵی چوارەم دەڵێین (كـار بـە هـیچ بڕیـارێكی نـاكۆك لەگـەڵ حوكمـەكانی ئـەم بڕیـارەدا ناكرێـت). واتـا هـەر بڕیارێـك كـە پێچـەوانەی ئـەو بڕیـارە بێـت كـە پەرلـەمانی كوردسـتان دەریدەكات و پەسندی دەكات، خۆی لە خۆیدا ئیلغای هـەموو بڕیـارە ناكۆكـەكان دەكاتـەوە. دوای وەرگرتنی پێشنیارەكان، لیژنەی هاوبەش بەو شێوەیە ئەو خاڵەی داڕشتۆتەوە:

مـاددەی دووەم: لایەنــە پەیوەندیـدارەكان كـۆنفراس و كـۆڕو كۆبوونــەوەو مەراسـیمی تایبــەت بــە بــلاَو كردنەوەی رۆشنبیری و پەیامی پێكەوە ژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایە ساز دەكات و، حكومـەت بودجەیـەكی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە دابین دەكات.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادیق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزيز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە لابردنی وشەی فەلسەفە ئەگەر بەو مەغزایە بێت، كە گوایە فەلسـەفە دەچـێتە بـواری ئەدەبیـەوە، من پێموایە وا نییە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادیق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە ڕەئیە.

**بەڕێز عادل عزيز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر ئەوە ڕەئی نییە، چونكە ئەو وشەیە لادراوە، پێموایە یەك كەس بوو بەس كاك ئاری ئەو پێشنیارەی كرد بوو كە ئەو وشەیە لابرێت، یەعنی نەچۆتە سێ پێشنیارەوە، بەلاَم ئەمە هەر بۆ ڕوون كردنـەوە ڕەئـی نییە، ئەگەر فەلسەفە بە یاسایی بكەین، باوكی یاساكان و ئەوەی كە ژیـانی خـۆی لەسـەر چەسـپاندنی یاسـا

دانا سوقرات بوو، لێرەش باس لە فەلسەفە ناکات، بۆ هەموو رەهەندەکانی فەلسەفە، بەڵکو باس لەوە دەکات، من تەواو لەگەڵ قسەکانی کاك (ئومێد حەمە علی)م کە باس لە فەلسەفەی ئاشتی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جارێکی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، نوقتەی نیزامی کاك رابوون؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو بابەتە زۆر لەسەری نەڕۆین، من فەلسەفەم لە یەکێك لە زانکۆ موعتەبەرەکانی دونیا خوێندوە، بەس ئینگلیزی وشەیەکمان نییە بەناوی (فەیلەسوفی) یەعنی مانای فەلسەفە نادات، بەس لە ئینگلیزیشدا وەك عەرەبی بڵێین (فلسفه السلام) یەعنی مەدرەسەیەکی فەلسەفی، فرعێکی فەلسەفەمان نییە بەناوی سەلام، بەلاّم بە مانای تر دێت، ئەمەش مانایەکە وەك پەیام بێت، یان ئامانجی ئەو بابەتە، ئێمەش کردمانە پەیام، پێمان وابوو بابەتێکی ئاسانترە، بۆ ئەوەی خەڵکیش تێ بگات و شتەکە ئاڵۆز نەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفراس و کۆڕو کۆبوونەوەو مەراسیمی تایبەت بە بلاّو کردنەوەی رۆشنبیری و پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایە ساز دەکەن، حکومەت بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەی کە ئێستا خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٥٧) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٤) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، نوقتەی نیزامی هەیە رێواز خان فەرموو.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من قەناعەتم بەوە هەیە، کە مەرج نییە سێ کەس پێشنیار بکات، ئینجا مەسەلەیەك بخرێتە دەنگدانەوە، بەلاّم لەگەڵ کاك خلف پێشنیارێکمان خستە بەر دەستی بەڕێزیان، من بە نووسراو و کاك خلفیش بە قسە کردن، سەبارەت بەوەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند بکرێن بە بونیاتنانی ژێرخانی پێویست بە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کە لە بڕگەی یەکی ماددەکە هاتووە، ئێمە

پێشنیارمان کرد ئەو دووەمە بکرێت بە دوو برگە، برگەی یەکەمی ئەوەی کە دەنگمان لەسەردا زۆر باشە، برگەی دووەمی یەعنی زۆر لە هاورێیان قسەیان لەسەر ئەوە کرد بە ناو باسی ئوتێل و مۆتێل و هۆڵ و ئەمانەیان کرد، بەلاّم یەکێك لە موشکیلە زۆر گەورەکانی شاری هەڵەبجە نەبوونی هۆڵێکە کە لە ئاست ئەو بۆنانە دابێت لەویّ دەکرێت، من دەزانم بودجەی سالأنە دابین دەکرێت، بەلاّم بودجەی سالأنە بۆ سالێکەو بۆ مەراسیمەکانە، بەلاّم دروست کردنی ژێرخانی پێویست پێشنیارێك بوو داوا دەکەم لە بەرێزتان بفەرموون بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عینایەت نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز دکتۆرە ڤالاّ گوتی برِیاری ١٠٤٧ مەرسومی جمهوری سالّی ١٩٨٨، بەم برِیارە ئیلغا دەبێتەوە، ئەمە شتێکی گشتیە، ئەم برِیارە برِیارێکی تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی ئیدارەی هەڵەبجە، پێویستە لێرە یان بە خالێك جێی بۆ بکەینەوە، یان پرۆژە یاسایەکی بۆ پێشکەش بکەین، بە رەئی من لێرە جێی بۆ بکرێتەوە باشترە، بۆ ئەوەی ئەم برِیارەی ئێمە شوێنی یاسایی خۆی بێت.

دووەمیش/ من سیّ پێشنیارم پێشکەش بە بەرێزتان کردووەو لەبەردەمی لیژنەی یاساییە، سیّ ماددەیە:

یەکەمیان/ دابین کردنی بودجەیەکی سالأنەی تایبەت، چونکە بەپێی ژمارەی سوکانی هەڵەبجە ناتوانرێت ئاوا بکرێتەوە وەکو پێویست.

دووەم/ بەخشینی خەڵکی هەڵەبجە لە ٥٠٪ی باجی دەرامەت و خانووبەرە.

سێیەمیشیان، من سیّ پێشنیارم خستە بەردەم بەرێزتان و ئەو سیّ پێشنیارە لەلای بەرێزتانە، تکا دەکەم بیخوێنەوەو بیخەنە دەنگدانەوەو ئەو هاورێیانەی خۆشم پشتگیریان کردم، داوا دەکەم لە جەنابت هەرسیّ پێشنیارەکە بخەنە دەنگدانەوە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە هەر ئەوەی دکتۆرە رێوازیش باسی کرد یەکێك لەو خالأنەیە کە من داوام کردووە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری تریش هەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە داواکەی دکتۆرە ڕێوازیش دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادیق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری تریش هەیە، ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێزان دکتۆرە ڕێوازو کاك عومەر عینایەت باسیان کرد، پێشنیاری تریش هەبوو کە بەڕێز مامۆستا مەروان گەلاڵی خستیەروو، مامۆستا هەورامانیش بە تەمایە پێشنیارێکی تر بکاتە مادده ئیزافە بکرێت لە کۆی پرۆژە بڕیارەکە، بۆ وتوویێژ کردنی زیاتری لیژنەکان لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ ئەو بەڕێزانە و، ئێستا بۆ ماوەیەك دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین و کاتژمێر ٣:٣٠ دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوە داوا لە سەرۆکی فراکسیۆنەکان دەکەم کە سبەینێ سەعات ٩ لە پەرلەمان ئامادە بن بۆ کاری پێویست، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە کۆبوونەوەکەمان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەم ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٣) کۆبوونەوەی ژمارە (٢) ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٩/٣٠، بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنەکەی ئەمڕۆ کاتژمێر(١١) پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣٠ بێت، بەرنامەی کار لە دوو بڕگە پێك هاتووە کە ئێمە لە گفتوگۆی بڕگەی یەکەمین، بریتی بوو لە پروژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پێ ماددەکانی (٧٢، ٧٤ و ٧٥) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئێمە سەبارەت بە پرۆژە بڕیارەکە ماددەی دووەمی دەنگی لە سەر درا، بەڵام هەندێك ئیزافە هەبوون، پێم وابێ لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەشێك لە خاوەنی ئەو بیرۆکانەی کە هەبوو و قسەیان کردووە، بیرۆکەکانی و ڕایەکانی گونجێندراوە، هەندێك ڕای تریش هەبوون، ڕوون کردنەوە بوون لە سەر ئەو پێشنیارانە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە هەبوون و پێمان گەیشتوون دیارە زۆری لەگەڵ خاوەنی پێشنیارەکان گفتوگۆمان کردووە، زۆربەی پێشنیارەکان دەچنە بابی ئیجرائاتەوە، وەك گوتمان ئەویش لە خاڵێکی بڕیارەکەدا ئێمە دیاریمان کردووە، پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست دەربکاتن، لەو پەیڕەو و ڕێنماییانەی کە لایەنی پەیوەندیدار دەری دەکاتن تێکڕایی ئەو بابەت و پێشنیارانەی کە خرانە ڕوو و

پەیوندیدار بێت بە حکومەت، پێویستە لە سەر حکومەت لە ئەنزیمە و تەعلیماتی خۆیدا دەری بکات و جێگایان بکاتەوە، ئەوەی پێشنیارێکش کە پەیوەندیدار بوو بە بودجە و هەروەها بە ژێرخانی ئابووری، ئەویش هەر روون کردنەوەماندا بەوە کە حکومەت بودجەیەکی تایبەتی ساڵانەی بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکا، ئەو بودجەیەی کە دیاری دەکاتن مەبەستمان ئەوەیە، ئەوەی کە پێویستە بۆ تەحقیق کردن و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، ئەو بودجەیەی کە دیاری دەکرێتن بە مەبەستی ئەوەیە کە هەر چی لەو بڕیارەدا هاتووە پێویستە بۆ مەبەستە ژێرخانەکە بە پێی ئەو بودجەیە دابین بکرێت و بودجەکەی بۆ تەرخان بکرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ کاک خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەو بودجەیە جیاوازە لەو بودجەیەی کە بۆ ژێرخان دیاری ئەکرێ، ئەو بودجەیەمان کە خۆمان دیاریمان کردووە بە پێی یاساکە ئەوەیە بۆ مەراسیمەکان خەرج ئەکرێ، بەڵام ئەو بودجەیە بخرێتە فەقەرەی دووەم بۆ دروست کردنی هۆل و ئەو موستەلزەماتە گەورانەی کە لە توانای ئێستای شاری هەڵەبجە نییە بۆ دابین کردنی، لە بەر ئەوە پێویستی بە قەرارێکی تایبەتە حکومەت پەلە بکات لە دروست کردنی ئەو هۆڵ و شوێنانەی تر کە پێویستن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەو بودجەیەی کە ئێمە لێرە تەحدیدمان کردووە ئەو بوجەیەیە کە پێویستە بۆ دابین کردنی ژێرخان بە مەبەستی بەستنی کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوە، واتە ئەو بودجەیەی کە حکومەت تەرخانی دەکاتن بۆ تەحقیق کردنی ئەوەیە، واتە ئەو قاعە و هۆڵانەی پێ دروست دەکرێتن کە کۆڕ و کۆنفرانسەکانی تێدا دەبەسترێ، ئەو کەسەش یان ئەو خاوەن بابەت و خاوەن سمینارەکە، ئێمە ئەو بودجەی تەحقیق ناکرێ بدرێ بەو کەسەی کە سمینارەکە دەکا، بەڵکو ئەو بودجەیە حکومەت کە دیاری دەکاتن بۆ ئەوەیە شوێنێکی دیاری کراو بۆ مەراسیمەکان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئەوەی کە پێویستە بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامی رۆشنبیری، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پێکەوە ژیان، ئەو بودجەیە تەرخان بکرێتن بۆ دروست کردنی ژێرخان، بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو سەقافەتەی کە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ابوبکر هەڵەدنی نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

هەر ئەو پێشنیارە بوو کە ئێمە لە ماددەی سێیەم دا بڵێین لایەنی حکومەت بودجەی تایبەت بۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی دوو دابین بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی سجل کراوەتەوە بۆ بودجەکەی، تەواو کراوەتەوە.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی) :**

بەڵێ، هەر ئەوەیە تەواو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر هەڵەدنی نوقتەی نیزامیت هەیە؟ بەڵێ، کاك رابوون توفیق فەرموو.

**بەڕێز رابوون معروف :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

یاساکە لە سەر ئەوەیە کە هەڵەبجە بکرێت بە پایتەختی ئاشتی، لە گەڵیشی دا هەندێك ئیجرائات حکومەت مولزەم دەکرێت، بۆ ئەوەی بە پشتیوانی خوای گەورە هەڵەبجەی داهاتوومان لە ئاستی ئەو ناوەدا بێ، بەڵام کە هەندێك بابەت پێشنیار نەکەین کە لەگەڵ ناوەرۆکی پەیامی پرۆژە یاساکە ناکۆکە، دەکرێ لە یاسایێکی تر هەڵەبجە شایانی ئەوەیە کە یاسایێکی تری بۆ دەرکەن بە ناوی (یاسای ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە)، بۆ نموونە پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام لەم یاسایەدا بابەتێك نەهێنیتە کایەوە کە پەیوەندی بە قسەکە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من نازانم لە رووی قانونییەوە ئەکرێت قسە لە سەر پرۆژەکانی ژێرخان بکرێت یان نا؟ هەر بۆ زانیاری جەنابتان مەبەستم چییە لەوە، بۆ ئەوەی پێتان بڵێم هەڵەبجە لە رووی مەشاریعەوە بەمە ناکرێت، چونکە ئێستا کە پرۆژە دابەش دەکرێت بە پێی نیسبەی سوکانییە، ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە نیزیکەی لە سەدا دوو (٢٪) دانیشتوانی کوردستانە، ئەگەر پرۆژەکانی ساڵی ٢٠١٣ وەرگرین بە پێوەر هەڵەبجە (٥٠) ملیار دیناری بەر ئەکەوێ بە پێی ژمارەی دانیشتووان ئایا بە (٥٠) ملیار دینار ئەتوانیت ئەو پرۆژانەی کە پێویستن، پێویست نین یەعنی ئیستا بونیەیەکی تەحتی ئەوتۆمان نییە، (٥٠) ملیار دینار تەنیا ئەتوانێ چەند ئیزافاتێکی بەسیتی پێ بکرێ وەك چەند قوتابخانەیەك و نەخۆشخانەیەك نەك پرۆژەی گەورەی ژێرخان، من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەکرێت پروژەی گەورەی ژێرخان لەم قانونە جێگەی بکەینەوە؟ یا خود ئەرکی ئەمە نییە، ئەکرێ لە شوێنێکی تر کاری بۆ بکەین، چونکە ئەگەر بیسپێریت بە بودجە، دڵنیاتان

ئەكەمەوە كە بودجە وەزارەتی پلاندانان لە پرۆژەكانی وەبەرهێنان بە پێی نیسبەی سوكانی دابەش ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

كاتێك كە بڕیاردرا كە سلێمانی بكرێت بە پایتەختی رۆشنبیری لە بڕیارەكە هیچ مەبلەغێكی مالّی دانەنانراوە، لە بودجەی ئەو ساڵە كاتێك كە میزانییە هاتۆتە پەرلەمان، (٢٠ ) ملیار دیناری بۆ تەرخان كرا، بۆیە دەكرێ ئێمە ئەوە بە هەند وەربگرین لە هەندێ كات لە بودجە بۆ جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارە ئەو مەبلەغە تەخمین بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی روون بێ لە لای هەم لیژنەی دارایی، هەم تەواوی پەرلەمانتاران، ئێمە بودجە بۆ ژێرخانی هەموو هەڵەبجە نالێین، هەموو مەشروع و پرۆژەكانی هەڵەبجە نالێین، ژێرخان تەنها بۆ ئەم بابەتە دیاری كراوە كە لە فەقەرەی دووەمەوە هەیە، تەنها مەبەستەكەمان ئەوەیە، ئەوەی كە لەوێ هەیە بۆ نموونە لە یەكێك لە ساڵیادەكانی كیمیابارانی هەڵەبجە (١٢) دەفتەر دۆلار خەرج كرا تەنها بۆ هۆڵێك، تەنها یەك یادی تێیا كراوە، دواتر هۆڵەكەیان گواستۆتەوە سەفەری بووە، ئەوەی كە ئێمە ئەڵێین لێرە بودجە تەرخان بكرێ بۆ نموونە مێنۆمێنتی هەڵەبجە ئێستا توانای لە چاپدانی كتێبێكی نییە، ئێ خۆ وەفدە بیانییەكان دێن لە مێنومێنتی هەڵەبجەوە، كەلتوری هەڵەبجە و كارەساتی هەڵەبجە ئەبینن، خۆ پێویستە بودجەیەكی هەبێت هەم هۆڵەكە هەم مونەمێنتەكە گەشەی پێ بكرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت فەقەرەی یەكەم بە باشی جێ بە جێ بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا تەقریبەن بیرو بۆچوونەكان وازحن، روونن، بۆیە ئێمە رێزگرتن لەو رایانەی كە لە ناو پەرلەماندا هەن ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ كاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابت تەواوە، دووەم تەواو بووە، ئێمە ئەڵێین فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێ، واتە دووەم وەکو خۆی بمێنێتەوە بکرێتە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمی ئەو ژێرخانەیە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز پەرلەمانتار کاک خلف تەرحی دەکا جێگەی کراوەتەوە لە برگەی دووەم دا، یەعنی بڕگەیەك کە ئیزافەی دەکەی دەبێ بە زیادە، چونکە ئێمە لەو بڕگەیە کە دەنگمان لە سەردا، دەڵێین لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفرانس و کۆڕوکۆبوونەوە و مەراسیمی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری، پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە ساز دەکەن، حکومەت بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەکات، ئەو بودجەیەش روونمان کردەوە کە بۆ بونیەی تەحتییە، کە تەحقیقی هەدەفی ئەو بڕیارە دەکا نەك بونیەی تەحتیەی کە پەیوەندیدار بێ بەهەموو پرۆژەکان، وەکو بەڕێزییان فەرمووی بونییەی تەحتی یە، تەحقیقی جێ بەجێکردنی ئەو بڕیارە دەکات، بۆیە جێگای کراوەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ روون کردنەوەی بەڕێزت دکتۆرە ڤاڵا، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی بیرۆکەکە و خاوەنی رایەکە موسیڕە لەسەر ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، دەیخەینە دەنگەوە، بۆ ئەوەی موناقشەکە کۆتایی پێ بێت، تکایە بیخوێنەوە ئەو برگەیە، کاك خلف بیخۆینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەم:

لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەند بکرێت بە بونیادنانی ژێرخانی پێویست بە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە لە بڕگەی یەکدا هاتوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەوەیە کە برگەیەك بۆ ئەو ماددەیە، ماددەی دووەمی بڕیارەکە زیاد بکرێ بەو شێوەیە کە لە لایەن بەڕێز خلف احمدەوە خوێنرایەوە، کێ لە گەڵێیەتی؟ با دەست بەرز بکاتەوە، ١٧ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ (٢٩) کەس لە گەڵێ نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، ئەچینە سەر ماددەی سێیەم، تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

سێیەم : پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و ڕێنمایی دروست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەیەکی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەرێز د. هەورامان حەمە شریف :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

من پێشتر جەنابتم ئاگادار کردووە، بۆیە ئەمەوێ پێشنازێك بکەم بۆ ئەم ماددەیە، ئێستا دەتوانم پێشنیازەکە بکەم؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو؟

**بەرێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

دیارە هەموو لایەك باسمان کرد بەوەی کە هەڵەبجە تەنها ناوی ناوێت و ناوەرۆکی ئەوێت و ئەو ناوەش کە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان دانراوە ناوێکی پیرۆزە و، لە رووی مەعنەوییەوە باسمان کرد کە زۆر گرنگە، بەڵام ئەم پێشنیازەم بۆ ئەوەیە کە تەنها ناو نەبێت ناوەرۆك بێت و هەڵەبجە گەشەکردنێك بە خۆیەوە ببینێ بە هۆی ئەم ناوەوە، پێم خۆشە بەم جۆرە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو پێداویستیانە مسۆگەر بکات کە پایتەختی ئاشتی داخوازی دەکات، تەنها مەبەستم کۆڕوکۆبوونەوەکان نییە، پایتەختی ئاشتی تەنها بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە نییە، شتی تریشی لە گەڵدایە ئەو هەموو پێشنیازەمان کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێی دی قسەی هەیە لە سەر ماددەی سێ؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من تەنها لوغەویە، پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم حوکمە دەر بکات، خۆی لە راستی دا پەیڕەو ویان ڕێنمایی، یان یەکێکیان لابدرێ پێویست ناکات پەیڕەو و ڕێنماییش دەربکات، یان پەیڕەو دەر بکات یان ڕێنمایی، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك محمد سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم و پێنجەم چ فەرقیان هەیە؟ لە پێنجەم دەڵێ پێویستە جێ بەجێی بكات، لە سێیەم دەڵێ ڕێنمایی دەربكات بۆ ئەوەی جێ بەجێی بكات ئاسانكاری بكات، لە پێنجەم هەموو یاسایەك نوقتەیەك دەبێت كە پێویستە ئەنجومەنی وەزیران جێ بەجێی بكات، هەر دووك وەك یەكن فەرقیان نییە وابزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كەسی تر هەیە قسەی لە سەر ئەم ماددە بكات؟ بەڵێ كاك شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەڵادزەیی) :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەو وشەی لە سەر زیادە، ڕێنماییەكەش بكرێت بە بڕیار، بڕیار بە هێزترە، ئاسانەكەشی لا ببرێت، واتە بەو شێوە بكرێت : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و بڕیاری پێویست بۆ جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم بڕیارە دەربكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زور سوپاس كاك دكتۆر شوان، فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم دشێن برگا سێ و یا پێنجێ دەمج بكەین، چونكی برگا سێ دبێژێتن پەیڕەوە و ڕێنمایێت پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم بڕیارە دەربكات و پێنجەم دبێژیت پێویستە ئەم بڕیارە جێ بەجێ بكەن، ئەتوانین هەردووكیان دەمجی كەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی، چ روون كردنەوەتان هەیە، عەفوو هەموو لیژنەكانی كە لێرەن، چ روون كردنەوەتان هەیە لە سەر ئەو پێشنیارانەی كە كران؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەو پێشنیارانەی كە كران لە سەر دەمج كردنی، ئێستا سیاغەی دەكەینەوە، پێشنیارێكی بەجێیە.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكیش كە وترا كە ئیزافە بكرێتن بۆ ئەم پرۆژە بڕیارە، پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستییەكانی بون بە پایتەختی ئاشتی دابین بكات ئەوە لە برگەی سێیەم دا جێی كراوەتەوە، كە ئێمە ئەڵێین ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست دەركات لەم بارەیەوە، پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست

بۆ ئەوەیە کە چی پێویستە ئەم پارێزگایە بکرێت بە پایتەختی ئاشتی، سەبارەت بەوەی کە وترا بوترێ پەیڕەو یان ڕێنمایی ئەوە پێم وایە پەیڕەو و ڕێنمایی ڕاسترە، چونکە ئەمە بۆ یەك جار نییە، هەموو جارێك کە ئەم مەراسیمە و ئەو پێویستیانەی کە بۆ ئەم بڕیارە دووبارە ئەبێتەوە، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەو و ڕێنمایی بۆ دەربکات، هەندێ جار پەیڕەوە و هەندێ جاریش ڕێنماییە، بۆیە پێم وایە پەیڕەو و ڕێنماییەکە باشترە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم و پێنجەم کە دەمج بکرێت بەلامانەوە پەسەندە ئەگەر بدرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی ناوخۆ، ئەخوێننەوە پێشنیارەکە؟ ئێستا چەند پێشنیارێك ئەخەینە ڕوو، یەکێك لەو پێشنیارە ئەوە بوو کە ئەو دوو ماددەیە دەمج بکرێت، ماددەی سێیەم و ماددەی پێنجەم کە یەکێکیان پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمی ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەن و، سێیەمیش کە پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران کە پەیرەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربکات، پێشنیارێك هەبوو بۆ دەمج کردنی، کێ لە گەڵێیەتی؟ بەڵێ کاك ئاری نوقتەی نیزامی؟.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی بەڕێز مامۆستا هەورامان لە پێش ئەوە بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە دەنگی لە سەردرا، لە ماددەی پێشوو دەنگ لە سەر ئەوە درا.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر دەنگ لە سەر ئەو پێشنیارە نییە، ئەوەی پێشنیاری کرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بودجەی بۆ تەرخان کراوە لە ماددەی دووەمدا.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەوە لە پێشەوە بوو، ئەوە حەقی خۆیەتی،  یەعنی بڵێ پێشنیارەکەی ئەوە لە پێشەوە بوو، یەعنی عەجەبا یەکێك لە دوای ئەو، شتێك بۆ پێشنیارەی مامۆستا ناکاتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئاری پێشنیارەكەی ئـەو ماددەیـەكی تازەیـە بـۆ بڕیارەكە، فـەرق ناكـات لـە پێشـەوە بـێ یـان لـە پاشەوە بێ، بەڵێ كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم، لە بەر ئەوە لە پەیرەوە ناوخۆیەكە بابەتەكە حەل نەكرایـە، پـێم وایـە لیژنـەی یاسـایی رۆڵـی خۆیان بگێڕن لەوەی كە هەر پێشنیارێك كە لاری و لاسەنگی دەخاتـە یاسـاكانەوە روون كردنـەوە بـدات كـە پێویست ناكات بیخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

روون كردنەوەیان نییە؟ بەڕێز كاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەی كەواتە مەرج نییە بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی بۆ وەلامەكـە مـەرج نییـە هـەر پێشـنیارێك كـە كـرا لـە هۆڵی پەرلەمان بیخاتە دەنگدانەوە، هەندێك لەو پێشنیارانە یاساكان لاسەنگ دەكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لیژنەكانمان بانگ كردۆتە ئێرە، لیژنەی تایبەتمەندن بەم بوارانە، بۆیـە بانگمـان كـردوون، بـۆ ئـەوەی لەم بوارانە روون كردنـەوە بـدەن، بۆیـە كـە رای لیژنـەكان بـە نـەزەر ئیعتیبـار وەرئـەگرین و ئـەوەی روون كردنەوەیان نییە، كاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من بە بـیر بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمانی ئەهێنمـەوە كـە لێـرە مـەجالی وەڵامدانـەوە نییـە، ئەگـەر وەڵامیش بدرێت، ئەبێ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڵێت نەك ئەندام پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ، كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كاك ئـاری كـردی، بـەڵام حـس دەكـەین لـە نـاو پەرلەمانـدا، سـەرۆكایەتی پەرلـەمان وتەبێـژی هەیە، كە ناكرێت وەڵام و وەڵام كاری خەڵكی سەرۆكایەتی پەرلەمان وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کەس وتەبێژی سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە، هەر یەك لە ئەندام پەرلەمان رای خۆیان ئەڵێن لە سەر بابەتەکان، قسەکەی کاك ئاریش بە نەزەر ئیعتیبار وەرئەگرین، سەرەڕای ئەوەی کە لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان روون کردنەوەیان دا لە سەر ئەوەی کە لە بڕگەی دووەم یان لە ماددەی دووەم راستتر بڵێین جێی ئەوە کرایەوە، بودجەیەکی پێویست تەرخان بکرێت بۆ سەرجەم ئەو مەراسیم و کۆبوونەوانەی کە پێویستە لەم بوارە ئەنجام بدرێن، بەڵام بەڕێز مامۆستا هەورامان پێشنیاری ئەوە ئەکات کە ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران هەموو پێداویستییەکانی پایتەختی ئاشتی دابین بکات، بۆیە ئەوەش ئەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستەکەی من ئەوە بوو، ئایا پایتەختی ئاشتی کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، تەنها باسی کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانس ئەکات، ئێمە هەڵەبجەمان تەنها بۆ ئەوە ناوێت کە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانسی تێیدا بکرێ، ئەگەر بە مەعنای کەلیمەی ئاشتی بێ، پایتەختی ئاشتی پێداویستی و داخوازییەکی بۆ جێ بەجێ بکرێ، ئەوەی کە باسمان کرد شەڕی تێیدا نەکرێ، ئەوەی باسمان کرد چەکی قۆرسی تێیدا نەبێ و، سەوزایی شارەکە لە (١٥٪) بکرێ بە سەوزایی، وەفدەکان، کۆمەڵە شتی زۆری باسمان کرد، ئەمە ئەو ماددەی دووەمەیە کەئەنەما بڕیارمان داوە پایتەختی ئاشتی تەنها بۆ کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانس بێ و هیچی تر، هەڵەبجەیش ئەو کۆڕوکۆبوونەوە و کۆنفرانسەی ناوێ، تێری خواردووە لەم ناوانە، ناوی بێ ناوەرۆك، ئەوەش (٢٦) ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی پرۆژەی ناو شار وەکو سەوزایی زۆر کەمە، ئەمە ئیشی مەجلسی موحافەزەیە بە سەراحەت و، لە پرۆژەی بودجەدا جێگای هەیە، یەعنی ئەوە ئیشی ئێمە نییە، جێگایەکی بۆ بکەینەوە لە ناو ئەم پرۆژە یاسایەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلف فەرموو، زۆر سوپاس کاك دڵشاد.

**بەڕێز خلف احمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی قسـەکانی مامۆسـتا هـەورامان دەکـەم، فیعلـەن ئـەوەی کـە ئـەو وتـی هـەمان ئەوەیـە کـە ئێمـە پێشنیارمان کردوە بۆ بڕگەی دووەم، ئەوەی کە لە برگەی دووەم ئێمە دیاریمان کـردووە سـاڵانەیە، بـۆ شـتە تەکنیکییەکەی مەراسیمەکەیە، بەڵام وەکو وتمان پێشنیار بکرێ یەکجارە، یەعنی لـە ژێرخـانی رووناکبیری لە هەڵەبجە رێك بخرێتەوە، بتوانێ لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سمیناری تێیدا رێـك بخـرێ نـەك وەکو سـەفەری پارەی لێ خەرج بکرێت و بگەڕێنەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەزانی تۆ وامزانە پشتیوانی لە مامۆستا هەورامان ئەکـەی، ئەگـەر پێشـنیارەکەی تـۆ و پێشـنیارەکەی ئەو یەك نەبێ، کەواتە ناتوانین دەنگی لە سەر بدەین، چونکە شتێکە لە پەرلەمانـەوە دەنگی لـە سـەر درا، ناتوانین جارێکی تر بیخەینە دەنگەوە، ئەگەر یەکیش بێ ئـەوە بـە راسـتی پێویسـت نییـە دەنگی لـە سـەر بدەن، دکتۆرە ڤالا فەرموو ...

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز مامۆستا هەورامان ئیشارەتی بۆ دەکات، کە پێویستە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئـەوەیان هەموو پەیوەندی بە ئەرکی حکومەت، ئەرکی سولتەی تەنفیزیە، پێویستمان کردووە لەسەریان کە ڕێنمایی دەربکاتن، لەدوایی ڕێنمایی ئینجا پەیڕەو دەربکاتن، لـە پـەیڕەو لـە ڕێنماییەکانیـدا دیـاری بکـات سـەوزایی چۆن لەو شارە دەکرێت، بونیەی تەحتی ئەو شارە چۆن دەبووژێتەوە، ئەوەیان کاری حکومەتـە، بۆیـە ئێمـە لـە بڕیارەکـەدا لـە خاڵەکـەی خۆمانـدا زۆر بـە ڕاشـکاوانە ئیشـارەت بـەوە دراوە، کـە حکومـەت بودجەیـەکی تایبەتی سالأنە بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەنها یەك ڕوونکردنەوە لێرە دەخەمە ڕوو، تکایە ئـەو ڕوونکردنەوانـەی لیژنـە تایبەتمەندەکانـە بـەوە وەری بگرن، کە بۆ باشترچوونی یاساکەیە، ئەگەرنا هـیچ پەیوەنـدی بـەوە نییـە کـەمتر خزمـەتی هەڵەبجـە بکرێت، یان ئەندامانی پەرلەمان داوای ئـەوە بکـەن زیـاتر خزمـەتی هەڵەبجە بکرێـت، دەبـێ ژێرخانەکـەی ببووژێنرێتەوە، بەڵام کۆڵێـك شـتی یاسـایی هەیـە پەیوەندیـدارە بـە باشـتر چـوونی یاسـاکان لـە پەرلـەمانی کوردستان، لیژنەی یاسایی و لیژنە مەعنییەکان حـەقی خۆیانـە و واجبیشـە ڕوونکردنـەوەی لەسـەر بـدەن، بۆیـە سـەرەڕای ئـەوەی کـە جیـاوازی بـیروڕا لـەم بـوارەدا هەیـە، دەیخەینـە دەنگـەوە، ڕایەکـەی مامۆسـتا هەورامان دەخەینـە دەنگـەوە، کـە داوای ئـەوە دەکـات بڕگەیـەکی بـۆ ئیزافـە بکرێـت، بۆئـەوەی حکومـەتی هـەرێم سـەرجەم پێویسـتییەکانی پایتـەختی رۆشـنبیری دیـاری بکـات، بیخوێنـەرەوە مامۆسـتا هـەورامان، فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو پێداویستیانە مسۆگەر بکات، کە پایتەختی ئاشتی داخوازی دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ (٣٣) کەس لەگەڵییەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (١٨) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا ئەوە دەبێتە ماددەی سێیەم لە بڕیارەکە، پێشنیارێکی تر هەیە کە ماددەی سێیەم و پێنجەم دەمج بکرێ، بکرێن بە یەك ماددە واتە ئەو ماددەیەی باس لەوە دەکات، کە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەو ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربکات، دەمج بکرێت لەگەڵ ماددەی پێنجەم کە دەڵێت پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم دوو ماددەیە دەمج بکرێت؟ (٦٦ ) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵێ نەبێ کەواتە پەسەند کرا، ئینجا دارشتنەکەی بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دەبێتە ماددەی چوارەم.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی مامۆستا هەورامان درایە دەنگدان لە کوێ سیاغەی بکەینەوە؟ لەکوێ جێگای بکەینەوە؟ خاڵی سێیەم دەبێتە چوارەم دەمج دەکرێت لەگەڵ دووەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێتە خاڵی سێیەم، ئێستا ئەو ماددە دەمج کراوە دەبێتە ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن و پەیڕەوو ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو بڕیارە دەربکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە کە ماددەی چوارەم بەوشێوەیە خوێندرایەوە؟ (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (١) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، تۆش لەگەڵی نی کاك عمر؟، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم کرد داوام کرد (ئیلغای مەرسومی جمهوری ساڵی ١٠٤٧)، نازانم داخیل نەکرا، پێم باشە ڕوونکردنەوەیەکم بدەنێ، بزانم چی بکەین بۆئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی دەڕۆینە سەری دەبێتە ماددەی پێنجەم، دەخوێندرێتەوە ئینجا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: کار بە هیچ بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارێك هاتە کرن لەلایەن ئەندام پەرلەمانێکەوە، دەنگدان هاتە کرنێ سەر پێشنیارە وی و جەهێ وی، ڤێ پێشنیارێت ناڤێ بڕیار لەناوی ویدا، بەس دگەل هەندێ کو پێشنیار دەنگدان هاتە کرنێ جەنابێتە راستەوخۆش لەلایەن خۆ ماددەك خالا خۆ پەسەند کر، ناڤێ ماددەکی، مەفروزە پشتی کو دەنگدان سەر پێشنیاری وی هاتە کرنێ لیژنە قانونی خوێندیەوە دووبارە و ناڤێ ماددەی دیار کربا، دووبارە دەنگدان لەسەر هاتبا کرنێ، نەك ئەو پێشنیارێ بکەت و تۆ بێژی بلێی خالا پێنجی و تەواو، ئەوە چێنابێت دکتۆر ئەوە دەبێتە موخالەف بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من لێرە سەرۆکی پەرلەمانم و، یاساکان جێبەجێ دەکەین، پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێ دەکەین، ئەو بەڕێزە پێشنیارێکی کرد، ماددەیەك ئیزافە بکرێت، جێی ماددەکەش دیارە، پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو ماددانەی کە پەیوەندیان بە ئەحکامی خیتامیەوە هەیە، پێویست دەکات جێی بکرێتەوە، ماددەکانی کە لێرەوە هاتوون لە سێیەم بۆ شەشەم هەمووی ئەحکامی خیتامین، بۆیە پێویست دەکات پێش ئە و ماددانە بخرێت و، ببێتە بڕگەی سێیەم، ماددەکانی ئەحکامی خیتامیش بێ، باسمان کرد وتمان دەبێتە بڕگەی سێیەم و، بڕگەی سێیەم دەبێتە بڕگەی چوارەم دەمج کرا لەگەڵ بڕگەی پێنجەم، خوێندرایەوە دەنگی لەسەر درا، ئێستا بڕگەی چوارەم لێرە هاتووە دەبێتە بڕگەی پێنجەم، کە ئێستا خوێندرایەوە، کار بە هیچ بڕیاریکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەو بڕیارە ناکرێت ، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە ئێستا دەنگی لەسەر درا، من بۆیە دەنگم پێنەدا هەست دەکەم یەك پاش و پێشی پێویستە، دەڵێ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات و، پاشان ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی دەربکات، تەسەور دەکەم دەبێ ڕێنمایی دەربکات، پاشان جێبەجێ کردنەکە پاش و پێشیەکی تێدادەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر وانییە کاك سۆران، ئەوکاتیش ئەگەر پێویست بوو ڕێنمایی بۆ دەربکات، دەنگیشی لەسەر درا، شتێکیش کە دەنگی لەسەر درا ناگەڕێینەوە بۆ موناقەشەکردنی، ئێستا لە ماددەی چوارەمین کە بووە پێنجەم دەڵێت هیچ بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەم بڕگەیە بدەین، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك عمر، سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (١٠٤٧) ی ساڵی ١٩٨٨ ئەو بڕیارە ئۆتۆماتیکی هەڵوەشاوەتەوە، بەوەی کە هەڵەبجە ئێستا نەك لە خەریتە هەیە، بەڵکو کراوە بە پارێزگاو ئەوەتە دەیکەین بە پایتەختی ئاشتی و، جگە لەوەش ئەم ماددەیە کە ئێستا دەنگی لەسەر دەدەین کار بە هیچ بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە، ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەوە هەڵدەوەشێنرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا دەقی ماددەکە دەخوێندرێتەوەو دەیخەینە دەنگەوە، تکایە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم: کار بە هیچ بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاْو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا کاری پێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی؟ (٧٤) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ کەواتە پەسەند کرا، فەرموو دکتۆرە ڤالا بۆ خوێندنەوەی هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤیەکانی تاوانەکانی جینۆساید لەسەر دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و لێبووردەیی لە کوردستان و جیهان، ئەم بڕیارە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەخرێتە وتووێژەوە چونکە دەست بەرز کراوەتەوە، کێ قسەی لەسەر دەکات؟ بەڕێز کاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری واژووەکان بکەی، برای بەڕێزم کاك انور قادر لێرەدا تەحەفوزێکی نووسیوە کە من ١٠٠٪ لەگەڵی دام، ئەوەی کە دەڵێت من تێبینیم هەیە لەسەر وشەی لێبووردەیی، بەزیادی دەزانم، بەڕەئی من ئەوە بۆ میللەتێکی وەکو یەکە کە ئەوەی خوا پێی ناخۆشە لەسەر ئەم ئەرزە بەسەرمان دا هاتووە، لێبووردەیی چی ئەوە یەك، دوو: پێم باشە ئەو مەوزوعەی کە دیسان برای بەڕێزم کاك محمد علی باسی کرد، ئەو باسی ئەوەی کرد کە میللەتێك بەو مەئساتەی دابڕوات، بەو مێژووەدا بڕوات، وەکو زۆر میللەتی تر بەو تونێلە ناخۆشەی دابڕوات، من عەرەبیەکەم باش نییە وابزانم وەرگێڕانی وشەی تراوما بە زمانی عەرەبی دەکاتە مەئساوی، ئیتر نازانم وایە یان نا؟ من نموونەیەك دەهێنمەوە ساڵی ١٩٩٢ کە نیلسۆن ماندێلا دوای (٢٧) ساڵ لە زیندان ئازاد کرا، لە یەکەم چاوپێکەوتنی بەردەم زیندانەکە وتی (٣٥٠) ساڵە خەڵکی سپی ئێمە دەچەوسێننەوەو تووشی تراوامایان کردین، بۆیە پێویستی بە (٣٥٠ ) ساڵی تر هەیە بۆئەوەی ببینەوە بە ئینسان، لەبەرئەوەی موعامەلەی ئینسانیان لەگەڵ نەکردووین، بۆیە ئەم کەلیمەیە قوەتێکی هەم سیاسی، هەم سایکۆلۆژی زۆر زۆر گرینگ دەدات بە ڕستەکە، شتێکی تر کە من مولاحەزەم هەیە لەسەری مەسەلەن دەڵێ لەپێناو سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەکان، بۆچی شوێنەواری پۆزەتیڤیشی هەیە؟ هەتا هی نێگەتیڤی هەبێ، ئەم کارەساتەی کە لە هەڵەبجەوە ڕوویداوە، بۆیە ئەم نێگەتیڤە من زۆرم لا سەیرە، چونکە عەمەلیەی بۆمبا بارانکردنی شاری هەڵەبجەو شەهید کردنی، لە ئەوەل تا ئاخیری نێگەتیڤە، لەبەرئەوەی هیچ مەجال نییە تۆ لە شوێنێکی دانی خێری پێدابنێی، لەبەرئەوە ئەو نێگەتیڤە من بە شتێکی زیاتری دەزانم، لەکۆتایشدا کە دەڵێت لە کوردستان و جیهان، ئەو وشەی جیهانە من بەزیادی دەزانم، لەبەرئەوەی هێشتا جیهان بەکۆی دەنگ یان بەزۆرینەیەك لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر میللەتی کورد نەهاتووەتە دەنگ، هەتا کورد خۆی بکات بە دەم ڕاست و یاخود سەنگەرێك کە ئاشتی جیهانی لێرەوە بڵێین دەربچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو دکتۆر ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهيم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ دیارکرنا ئاشكرا كرنا پەیڤە دراما، گوتی بە مائسات دێت، دراما پەیڤەكە یۆنانی كەڤنە، بە هەردوو مەعنا دێ، مەعنا دراما وەكو مەئسات چی، وەكو مەلهاژی، هەردوو روو دێن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

درامای نەگوت ئەو ترامای گوت، كاك انور فەرمو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە مایەی خۆشحاڵیە كە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی كوردستان هەڵەبجە دەبێتە پایتەختی ئاشتی، پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان و شاری هەڵەبجەش دەكەم، بەس ئەوەی من دەمەوێ باسی بكەم هۆیەكانی دەرچوواندن لەپێناو سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەكانی جینۆساید لەسەر دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و لێبووردەیی لە كوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێنرا، گەیاندنی پەیامی ئاشتی دیارە ئەمە لە جێگای خۆیەتی، چونكە ئێمە هەموومان دەزانین كورد نەتەوەیەكی ئاشتیخواز بووە، قەت دەست درێژی نەكردووەتە سەر خاكی هیچ كەسێك یان هیچ نەتەوەیەكی تر، شەڕ و خەباتیشی تەنها لەپێناو ڕزگاركردنی كوردستان و پاراستنی خاكی كوردستان بووە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی بكەم نازانم وشەی لێبووردەیی بەرامبەر بەكێ، چونكە ئێمە هەمووومان دەزانین كارەساتی هەڵەبجە، كیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن دوژمنەكانەوە بەسەرماندا هاتووە، بەتایبەتیش كە دوای دەنگدان ئەم پرۆژە بڕیارە دەبێتە بڕیارێكی تەشریعی ڕەسمی كە لە پەرلەمانەوە دەردەچێ، بۆیە پێشنیارەكەم كە وشەی لێبووردەیی لابرێت و نەمێنێت ئەمە خاڵێك، خاڵێكی تر ئێمە دەزانین كە دیارە ئەو مەینەتیەی كە بەسەر شاری هەڵەبجە هات لەلایەن ڕژێمی دكتاتۆری بەعسی گۆڕبەگۆڕ، كارەساتێكی زۆر گەورە بوو، بەڵام لەوە كارەساتتر ئەوەیە كە هێز و كەس و لایەن هەن تا رووخانی ئەم ڕژێمە دكتاتۆرەش دەستیان لەگەڵ تێكەڵ بوو، لە هەمان كاتیشدا تا ئێستا وەك كاربەدەست و حوكمڕان و بەردەوامیش فرمێسكی بۆ دەڕێژن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەناوی خۆم و خەڵکی هەڵەبجەوە سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و ئەوانی پرۆژەکەیان تەقدیم کردووە، زۆر سوپاسیان دەکەم، سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتیش دەکەم، کە نەفەس درێژ بوون لەگەڵ هەموو ئەندامان، زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم، من وەکو کەسێکی خەڵکی هەڵەبجە قسە دەکەم و یەکێك لە بریندارانی چەکی کیمیایی هەڵەبجەم، ئاخیر قسەم ئەوەیە تەنها دەکرێ لەپێناو سارێژکردنی برینەکانی خەڵکی هەڵەبجەو سڕینەوەی تاوانەکانی جینۆساید لەسەر دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە، گەیاندنی پەیامی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان و لە جیهان ئەم بڕیارە دەرچوێنرا، پێکەوە ژیانێك ئەگەر بکرێت زیاد بکرێت لەگەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن منیش بۆچوونەکانم وەکو ئەو برادەرانەیە کە پێش من قسەیان کرد، بەڵام من دەیکەم بە دوو ڕاستە هۆیەکانی دەرچوواندن کە لیژنەی یاسایی دەریچوواندووە لەپێناو سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی تاوانەکانی جینۆساید، من پرسیارێك دەکەم چۆن دەسڕێتەوە، ئەو تاوانانە چۆن دەسڕێنەوە؟ یەعنی حەق نییە بنووسین سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەکان، تەعبیرێکم نووسیوە ئەگەر لیژنەی یاسایی گوێم لێ ڕابگرێت، چونکە ئەگەر تەرجومەی ئەوە بە عەرەبی بکەین دەبێت (من اجل ازالة الاثار السلبية لجرائم الابادة الجماعية على مواطني مدينة حلبجة)، بەڵام من بە سیغەیەکی تر نووسیومە، لەبەرئەوەی ئەوە ناسڕێتەوە، دەکرێت مەسەلەن تەخفیف بکەین لە موعاناتەکانی، ( من اجل التخفيف من معانات مواطني حلبجة الذين تعرضوا الى ابشع جرائم حرب الابادة الجماعية)، بە کوردیش (لەپێناو کەم کردنەوەی ئاسەوارەکانی دانیشتوانی هەڵەبجە کە گەورەترین تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی لە دژیان ئەنجامدرا)، فەقەرەی دووەم لەگەڵ هاوڕێیانی خۆمم، لێبووردەییەکە هەڵبگیرێت بەو شێوەیە بکرێت، بۆ ڕاگەیاندنی پەیامی ئاشتی لە کوردستان بۆ هەموو جیهان، نەك وەك کوردستان و جیهان، ئەم بڕیارە دەرچووێنرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سەرنجانەی من دەڵێم هەمووی لەلایەن کاک ئاری هەرسین و چەند برادەرێکی تریش وترا، بەڵام پێشنیار دەکەم بەوشێوەیە دابڕێژرێتەوە، لەپێناوی سڕینەوەی شوێنەواری نێگەتیڤە، کاک ئاریش باسی کرد، یەعنی لەو حاڵەتە وەکو ئەوە وایە کە ئاساواری پۆزەتیڤیشی هەبێ، بۆیە نێگەتیف لابرێت یەکسەر بکرێتە شوێنەوارەکانی، تاوانەکانی جینۆساید من پێم وایە ئەوەش هەمان (معیار) لەسەری جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر بڵێی تاوانەکانی وەکو ئەوەی شتێك پێچەوانەی تاوان بێ، یەعنی تاوانیش پێویست ناکات رێك لەپێناوی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی جینۆساید و ئینجا بڵاوکردنەوە زیاد بکرێت، بڵێ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتی و لێبووردەیی ئەم بڕیارە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی من (٥) مولاحەزەم هەیە، پەیوەستە بە دەستەواژەو گۆڕینی هەندێك بڕگەوە، ئەوەی کە باسکرا بە دڵنیاییەوە ئەو نێگەتیڤە دەبێت لابرێت، کاراکردنی پرەنسیپی ئاشتی دەبێت ئیزافە بکرێت، مەبدەئی ناتوندوتیژی ئیزافە بکرێ، ئەوەی جیهان بگۆڕدرێت پەیامەکە ئاراستەی جیهان بکرێ، خەڵکێك هەیە لەکاتی کیمیاباران تووش بووە، ئێستا دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجەش نییە لەوانەیە لە ئەوروپا بێ، لە دەرەوە بێ، بۆیە دەبێ ئەو پەیامە بۆ ئەوانیش بێ، بۆیە من ئەو سیاغەیە دەخەمە بەردەست لیژنەی بەڕێز و ئێوەی بەڕێز، هیوادارم گوێی لێ بگرێت، لەپێناو سڕینەوەی لێکەوتەی تاوانەکانی جینۆساید لەسەر خەڵکی هەڵەبجەو کوردستان و کاراترکردنی پرەنسیپەکانی ئاشتی و لێبووردەیی و گەیاندنی پەیامی ناتوندوتیژی لە کوردستان بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئەم بڕیارە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاردەکەم هۆیەکانی دەرچوون بەمجۆرەی لێ بکرێت، لەپێناو گرینگیدانی زیاتر بە پارێزگای هەڵەبجەو قوربانیدانەکانی و پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان ئەم بڕیارە دەرچووێنرا، چونکە دەبێ ئاگامان لێ بێ شوێنەواری ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە هەڵەبجە ماوەتەوەو دەمێنێتەوە، ئەمە شتێکی مەعنەویە، ماددی نییە تا ئێمە شتی ماددی پێ لابەرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن وێـڕای دەستخۆشـیم لـە لیژنـە پەیوەندیـدارەکان بـۆ ئامـادە کردنـی ئـەم راپۆتـە، دیـارە تێبینیـەکانم گەیاندرا، بەلاّم دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمـەوە، ئەمـە کـەم کردنـەوە نییـە لـە گـەورەیی و گرنگـی ئـەم بڕیارە، بەلاّم هەرگیز زامەکانی هەڵەبجە، یان ئەو شوێنەوارانەی تاوانی جینۆساید لە هەڵەبجە بـەم بڕیـارە ناسڕیتەوە، بۆیە لەگەڵ لابردنی ئەو بەشەی سـڕینەوەم و، دواتـر بـە هـەمان شـێوە لەگـەڵ لابردنـی وشـەی نێگەتیڤم، چونکە تاوانی جینۆسـاید هـیچ ئاسـەواری پـۆزەتیڤی نییـە، هـەمووی نێگەتیڤـە، بۆیـە لابرێـت، دواتر لە شوێنی گەیاندنی پەیامی ئاشـتی و لێبـووردەیی پێشـنیار دەکـەم ئـەم رسـتەیە دابنرێـت (لـە پێنـاو گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلەکەمان بۆ ناوچەکەو جیهان)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل هەندێ مە کو ل جیاتی سڕینەوە بێتە نڤیسـین کـەم کردنـەوە، شـوێنی شـوێنەوار بێتـە نڤیسـین لێکەوتەی، نێگەتیڤەکانیش لابرێت، دواتر پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان ئیزافـە بکرێـت، خـالێ ئـەخیریش کارکردن بۆ دانپێدانێ دەوڵەتی بۆ ناڤنانی شاری هەڵەبجە وەك پایتـەختی ئاشتی ئەم بڕیـارە دەرچـووێندرا، ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان شێخ احمد فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەرچەندە لە راپۆرتەکەی تەوقیعم کردیە، بەس لە رووی صـیاغەوە ئەگـەر مـەجال هـەبێت دوو، سـێ قسە بکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له رووی صیاغەوە پێم باشە لە پێناو سڕینەوەی شوێنەوار یەکێتی بێت، تاوانەکانی جینۆساید لەسەر دانیشتوانی پارێزگاری هەڵەبجەو لە پێناو جێگیر بوونی ئاشتی لە کوردستان و جیهان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەروان گەلاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين(مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەڕێزان کاك سۆران عمر و برای بەڕێزم کاك ئاری هەرسین کردیان، من لەگەڵ قسەکانیان هاوڕام و دەستیان خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فرسەت صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەقەی کاك سۆران عمر پێشکەشی کرد پاڵپشتی لێ دەکەم بۆ هۆیەکانی دەرچوواندن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عادل عزیز فەرموو.

**بەڕێز عادل عزيز شكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە وشەی سڕینەوە هەر خۆی هەڵەیە لەوێ، چونکە ئازار ناسڕێتەوە، کە کاتێك سڕیتەوە، کەواتە ئیتر پێویست ناکات هەڵەبجە بکەیتە پارێزگای ئاشتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە ڕەئیەکەی کاك سۆران عمر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕەئی لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەریکی صیاغە کردنەوە دەبین، ئەگەر چەند دەقیقەیەکمان پێ بدەن زۆر باشە، بەلاّم با پێشنیارەکەی کاك سۆرانیشمان بگاتێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران پێشنیارەکەی خۆت بنێرە بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە، تکایە دانیشن، با هۆیەکانی دەرچوون بخوێندرێتەوەو بخرێتە دەنگدانەوە، دوایی کۆی یاساکە دەخرێتە دەنگدانەوە، بێگەرد خان دەرفەتت پێ دەدەم، فەرموو دکتۆرە ڤالاّ بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

لەپێناو کەمکردنەوەی لێکەوتەیی تاوانەکانی جینۆساید لەسەر قوربانیانی پارێزگای هەڵەبجەو گەیاندنی پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کوردستانەوە بۆ جیهان ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٧٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە، کەس نییە لەگەڵدا نەبێت، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا.

بەڕێزان، ئەمڕۆ یەکێك لەو یاسایانەی کە پێویست بوو و، پێویستە هەموومان بە ڕۆحێکی نیشتمانیی مامەڵەی لەگەڵ بکەین لەناو پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی لەسەر کرا، پڕۆژە بڕیارێك موناقەشەی لەسەر کرا کە پەیوەندیدارە بە یەکێك لە پرسە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە بریا و دەبوو وا بێت کە هەندێك بابەتی خیلافی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەیە ئەمڕۆ وەلا بنرایەو هەمووان بە گیانێکی بەرزی نیشتمانیی ئەم مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پڕۆژە بڕیارە بکردایە، سوپاستان دەکەین کە هەمووتان بە پێشنیارەکانی خۆتان ئەم پڕۆژە بڕیارەتان دەوڵەمەند کرد، بەلاّم بە پێچەوانەی هەموو پڕۆژە بڕیارو یاساکانی کە لە ماوەی رابردوو لەناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشەمان کردووەو کە مادده بە مادده خراوەتە دەنگدانەوەو دوایی لە کۆتاییدا کۆی پڕۆژە بڕیارو یاساکەمان نەخستۆتە دەنگدانەوە، بۆ پیشاندانی یەکریزی نیشتمانیی سەبارەت بە یەکێك لەو پرسانەی کە پەیوەندی هەیە بە هەموومان کۆی بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوەو هیوادارم دەنگدانی ئێوە دەربڕی یەکێتی هەموو هێزو لایەنە سیاسی و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بێت، سەبارەت بە یەکێك لە پرسە هەرە نیشتمانییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە کێ لەگەڵ کۆی پڕۆژە بڕیارەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٨٨) ئەندام لەناو هۆڵی پەرلەمانن و، هەر (٨٨) ئەندامەکەی دەنگی پێدا، کەواتە بە کۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم بڕیارە، پیرۆزبایی لە دانیشتوانی قوربانیدەری پارێزگای هەڵەبجە دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم بڕیارە لە پەرلەمانی کوردستان، هەڵبەت ئێمە لە پەرلەمانی

کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ حکومەت چاومان لەوەیە کە بە تەواوەتی بڕیاری بە پارێزگا بوونی بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوەو هەر شتێك کە پەرلەمانی کوردستان پێویست بێت لەم پێناوەدا ئەنجامی بدات درێغی ناکات لەگەڵ نوێنەرانیان دانیشتووین و لەگەڵ حکومەتیش بەردەوام لە پەیوەندی دەبین، بۆ ئەوەی ئەو پرسەش بەزووترین کات یەکلا بکرێتەوەو هەڵەبجە هەموو پێداویستییەکانی پارێزگای بۆ بڕوات لە رووی ئیداری و، هەم لە رووی ئابووری، هەم لە رووی بووژاندنەوەی ژێرخانی ئەو ناوچەیە، بۆیە زۆر سوپاس بۆ نوێنەرانی دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجەش کە ئەمڕۆ لێرە بوون، ئەوان داوای ئیزنیان کردووە لە پەرلەمانی کوردستان جەنابتان دەتوانن تەشریف بەرن و هیوادارین بە زووترین کات بتوانین دەستکەوتی گەورەتر بۆ هەڵەبجە بەدی بێنین، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، فەرموو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە وەکو فراکسیۆنی سەوز لەناو پەرلەمانی کوردستان، لە سەرەتای دەست بەکار بوونمان لەم خولەدا رۆژێك لە رۆژان نەمانویستووە نە ئیحساسی هیچ یەکێك لە هاوڕێیەکانمان و هاوکارانمان لەناو پەرلەمانی کوردستان بریندار بکەین، نەرۆژێك لە رۆژان بە ئامانجی هیچ یەکێك لە فراکسیۆنەکان بە ئامانج بگرین بۆ ناو زڕاندن و تەشهیر کردنی یەکتری، بەلاًم بە داخەوە دەبینین لێرە رۆژانە لەناو پەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەشێك لە پەرلەمانتاران لە فراکسیۆنی گۆڕان، فراکسیۆنەکەمان، سەرکردایەتی ئێمەو حزبەکەمان بۆتە ئامانج، من لە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەپرسم بەڕێزتان بەپێی ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەرکتانە هەر ئەندام پەرلەمانێك لەو بابەتەی کە لەبەر دەستی دایەو لەناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێت دەربچێت، پێویستە ئێمە قسەکانی بوەستێنن، تاوەکو ئێستا بەناوی نوقتەی نیزامی و بە ناوی قسە کردن و دوور کەوتنەوە لەو مەنهەجەی لەبەر دەستماندایە چەندین جار فراکسیۆنی یەکێتی لەناو پەرلەمانی کوردستان کراوەتە ئامانج، بەلاًم ئێوە رێگەتان کردۆتەوەو بە ئاسانی قسەی خۆیانیان کردووەو دوای ئەوە دەڵێن ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، دەیان جار هەڤاڵەکانمان لەڕاستیدا هەنگاوی جددیمان ناوە بۆ ئەوەی تەتبیعی عیلاقات بکەین لەگەڵ فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، چونکە پێمانوایە حکومەتی ئەمجارەو پەرلەمانی ئەمجارە تەوافوقین و، پێویستە هەمووومان بە یەکەوە هاوکارو هەماهەنگ بین لەسەرخستنی بەرنامەکانی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتیشدا، هەڤاڵێکی ئێمە لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان قسەیەکی کرد، ئێمە هاتین لەناو پەرلەمان هەستمان کرد دڵی بەشێك لە فراکسیۆنەکانی پێ نیگەران بوو، داوای لێبووردنمان کرد بە فەرمی و جەنابت یەك جەلسەت لەسەر قسەی هەڤاڵەکەی ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا بەست، ئێمە بە یاساییمان وەرگرت، لە هەفتەی رابردوو دووبارە تەشهیرو ناوزڕاندن بۆ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و حزبەکەی ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان کرا، جەنابت هیچ مەوقیفێکت نەبوو لەبەرامبەر ئەوەدا، من

دەمـەوێ لێـرەدا یـەك شـت بڵـێم جـەنابی مـام جـەلال کـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق بـووە، یەکێکـە لـەو سەرکردانەی نەتەوەی کورد کە بەدرێژایی مێژوو تاکە سەرکردە بووە کە نەکەوتۆتە بەر لێبووردنی گشتی دوژمنانی نەتەوەکەمان، ئەوە دەلالەت لـەوە دەکات کـە کەسـێك بـووە هەمیشـە بەرژەوەندییـە گشـتیەکانی نەتەوەکەی لە سەرووی هەموو شتێکەوە بینیوە، تاکە سـەرکردەی کوردیشـە کـە هـەرگیز ڕۆژێـك لـە ڕۆژان لەگەڵ سەرکردە نەتەوەیەکانی دیکە چۆکی بۆ نەیارانی نەتەوەکەمان دا نەداوە، لە ئێستادا سـەرکردەیەکی وا گـەورە بکرێتـە ئامـانج، بـەراورد بکرێـت بـە سـایق تەیارەیـەك کـە نەتەوەکـەمانی کیمیابـاران کـردووە، جەنابتان وەکو سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەبوایـە ڕێگـە نـەدەن، دوای ئـەوە مـن داوای مـەوقیفێکی رەسمـی و روون کردنەوەیـەکی رەسمـی لـە فراکسیۆنی گۆڕان دەکـەم، چـونکە هەمیشـە لـە فراکسـیۆنەکەی ئەوانـەوە بەڕاستی تەشهیرێکی زۆر بـە سـەرکردەو بـە حزبەکـەی ئێمـە دەکرێـت، مـن دەمـەوێت یـەك شـت بڵـێم زۆر مەلەف هەن لە رابردوودا ئەنجامدراون کە ئێستا کاتی ئەوەیان نییە ئێمە لێرە هەڵیاندەینەوەو ئەوە با بـۆ مێژوو بێت، داوا دەکـەم دووبـارە فراکسـیۆنی گـۆڕان مـەوقیفی رەسمـی خـۆی لـەو بارەیـەوە بـڵاو بکاتـەوەو پەرلەمانتارەکەیان بە فەرمی داوای لێبووردن بکات، چونکە جەنابی مام جەلال هی ئەوە نییە بەو شـێوەیە قسەی لەسەر بکرێت لەناو پەرلەمانی کوردستان، یەکێکە لـەو سـەرکردانەی کـە مایـەی شـانازییەو پێشـمان وایە ئێستا غیابی مام جەلال لە عێراق و لە کوردستانیشدا زۆر قەیران و کارەساتی گەورەی بەدوای خۆیـدا هێنا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە ئـەمڕۆ یاسـایەکی گرنگمـان دەرکـرد، یاسـای کردنـی هەڵەبجـەی خۆشەویست، هەڵەبجـەی شـەهید بـە پایتەختی ئاشتی، لـە ئەسـبابەکانی موجیبـە، یـان هۆیـەکانی دەرچـوواندن کۆمـەڵێك چـەمك هاتنـە نـاوەوە پەرلەمانتارەکان هەندێك چەمکمان بۆ زیاد کـرد، لـەو چـەمکانەی هاتنـە نـاوەوە پێکـەوە ژیـانی ئاشـتییانە بوون، چەمکی لێبووردەیی بوو، چەمکی پێکەوە ژیان بوو، کۆمەڵێك بابەتی تر، بەداخـەوە هەنـدێك گـرژی هاتە ناوەوە کە پێویسـتی نـەدەکرد، بـەڕێز مـام جـەلال نەخۆشـەو، ئێمـە بـەناوی خـۆم و فراکسـیۆنەکەمان هیـوای چـاك بوونـەوەی بـۆ دەخـوازین، ئـەو بـەڕێزەش سـەرکردایەتی بەشـێك لـە شۆڕشـی گەلەکـەمانی کـردووەو، کـەموکورتی هـەبووەو لایـەنی چاکیشـی هـەبووە، ئێمـە لێـرەوە بـەناوی فراکسـیۆنەکەی خۆمـان رادەگەیەنین هیچ کەسێك لەسەر ئەوە رەخنـەی نییـە، بـەڵام پێویسـتیش ناکـات بابـەتێك بێتـە نـاوەوە کـە پەیوەندی بە پرۆژە یاساکان و یاساکانەوە نییە، ئێمە شانازی بە فراکسیۆنەکەی خۆمان و هەموو ئەو کـارو کردەوانـەی لـە پەرلـەمانی کوردسـتان کردوومانـە دەکـەین، هـەم لـە خـولی رابـردوو، هـەم لـەم خولەشـدا، فراکسیۆنێك بووین کە بانگەوازمان بۆ پێکـەوە ژیـانی ئاشـتییانە کـردووەو، سـوور بـووین لەسـەر ئـەوە کـە

ئاسەوارەکانی شەڕی ناوخۆ نەهێڵین و، هەموو ئەو ئیشانەی کە فراکسیۆنی ئێمە کردوویەتی هەم لە خولی پێشوو، هەم لەم خولەشدا ئەگەر شایستەی یەك شت بن، شایستەی ئەوەیە شانازییان پێوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم بابەتە کۆتایی پێ دەهێنین و دایدەخەین، زۆر سوپاس بۆ لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، فەرموون دەتوانن بچنەوە جێگای خۆتان، تەنها لیژنەی یاسایی لێرە بمێنێت، بۆ وتوویژ کردن لەسەر بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، بەڕێزان پێشنیارێك هەیە بۆ دواخستنی گفتوگۆ کردن لەسەر بڕگەی دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ کردن، نەخێر سبەینێ نییە بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٦٦) کەس لەگەڵیەتی، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٥) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسند کرا، سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی، بەڕێزیشتان دەتوانن بچنەوە جێگای خۆتان، تکایە دانیشن، دانیشتنەکەمان بەردەوام دەبێت، پرسیارەکانی ئێوە دەخوێنینەوە، ئەو وەڵامانەی کە هاتوونەتەوەو، چەند بیرۆکەیەکیش هەن دەیانخەینە روو.

بەڕێزان، لەلایەن ئێوەوە ژمارەیەك پرسیار ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوەو، کۆمەڵێك وەڵامیش گەیشتۆتەوە دەستەی سەرۆکایەتی کە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەیە، دەیانخوێنینەوە.

بەڕێز هەورامان حەمە شریف/ پرسیاری ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی یاداشتی کەسوکارو وارسی شەهیدانی کارەبا کە ژمارەیان (١٢٠) واریسەو شەهیدەکانیان لەکاتی دەوامی فەرمی گیانیان لە دەست داوە، ئاماژە بە بڕگەی (٤)ی ماددەکەی نووسیوە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢و، ماددەی (٤)ی یاسای ژمارە (١٦٨) ساڵی ١٩٩٩، بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بووە، بڕیاری داوە بە شەهید حیساب بکرێن و، ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ هەمان مەبەست، پرسیاری کردووە ئایا بۆچی ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە؟ ئەو بەڕێزانە تاکو ئێستا بە شەهید حیساب نەکراون؟

بەڕێز دکتۆر عبداللە جاسم ڕێکانی/ پرسیاری کردووە دەڵێت ئەو هاووڵاتیانەی پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە لە ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ دەبێت ساڵانە ملیۆنێك و شەش سەدو حەفتا هەزار دیناری عێراقی بگەڕێننەوە بۆ بانك، بەڵام ئەوانەی لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە تەنها دەبێت یەك ملیۆن دیناری عێراقی بگەڕێننەوە بۆ بانك، دەپرسێت بۆچی ئەم جیاوازییە هەیە؟ هاووڵاتیان داوا دەکەن وەکو یەکتر تەنها یەك ملیۆن دیناری عێراقی ساڵانە بگەڕێننەوە بۆ بانك.

خاتوو شکریە اسماعیل/ پرسیاری کردووە سەبارەت بە کردنەوەی بەشی (فارم - دی) دکتۆر فارم سی پرسیاری ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کردووە، کە دەڵێت بۆچی لە کۆلیژی دەرمانسازی بەشی (فارم — دی) دکتۆر فارم سی ناکرێتەوە؟

**خاتوو نجيبه لطيف احمد/ پرسیاری لە وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کـردووە سـەبارەت بـە دەرچووانی کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان، باس لەوە دەکات بۆچی دەرچـووانی ئـەم کۆلیژانـە دانامـەزرێن، یان زۆر بە کەمی دادەمەزرێن؟ ئەوانەشی کە فەرمانبـەرن و لـەم کۆلیژانـە خوێندوویانـە، دوایـی مامەڵەی ڕاست کردنەوەی بڕوانامەیان بۆ ناکەن؟**

**خاتوو شـکریه اسماعیـل مصـطفی/ پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری دادی هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، تیایـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە بـە نووسـراوی پەرلـەمان ٢٦٨٤/٤/٣ لـە مێـژووی ٢٠١٤/٩/٢ دەربـارەی هەڵەیـەکی ماددی لەوەرگێران و داڕشتنەوەی قسمی (٢٤) لە یاسای هاتووچۆی عێـراق ژمـارە (٦٨)ی سـاڵی ٢٠٠٤ کـە بـە یاسای (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان بە کار بووە، پرسیاری ئەوە دەکات ئایا ئەو هاووڵاتیانەی کـە بەم یاسـایە گـیراون، تـا ئێسـتا لـە بەندیخانـەکان ژیـان دەگـوزەرێنن؟ سـەرەڕای ئـەوەی کـە پـێش ژماردنیـان تەقدیم کردووەو داوە، بەڵام هێشتا لە گرتووخانەکان ماون، ئایا مافی ئەوەیان نییە ئازاد بکرێن؟ ئایا عـەفو دەیانگرێتەوە، یان نا؟**

**خاتوو شکریه پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری تەندروستی هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، دەپرسـێت ئایـا وەزارەتی تەندروستی بە نیاز نییە ڕێنمایی پێویست دەربکات، سەرجەم پزیشکان ناچار بکات وەکو وڵاتـانی دنیـا بـە گـروپ کـار بکـەن؟ لـە ڕۆژێکـدا زیـاتر لـە (١٠) نـەخۆش نـەبینن و دەرمـان بـۆ هـیچ نەخۆشـێك نەنووسرێت تا نەخۆشیەکە بە تەواوەتی دیاری دەکرێت؟**

**خـاتوو شـکریه پرسـیارێکی تـری ئاراسـتەی وەزیـری تەندروسـتی کـردووە تیایـدا دەپرسـێت ئایـا وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ چ ڕێگـا دەداتـە مەدخـەرەکان لـە ٥٪ و دەرمانخانـەکان لـە ١٠٪ زیـاتر بخەنـە سـەر قـازانجی دەرمان؟ ئایا وەزارەتی تەندروستی بە بەرپرس نازانرێت لە هەڵکشانی نرخی دەرمان بـەو شـێوەیەی ئێسـتا کە لەگەڵ باری ئابووری و گوزەرانی خەڵکی کوردستان ناگونجێت؟**

**بـەڕێز مامۆسـتا غریـب مصـطفی/ پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری کشـتوکاڵ و سەرچـاوە ئاوییـەکان کـردووە دەپرسـێت بۆچـی تـاکو ئێسـتا لـە قـەزای پێنجوینـدا هۆبـەی ئـاودێری نییـە و ئایـا بـەنیاز نـین هۆبەیـەکی ئاودێری لەو قەزایەدا بکەنەوە؟**

**بـەڕێز خـاتوو فـیروز طـه/ پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری ئاوەدانکردنـەوەو نیشـتەجێ بـوون لـە هـەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێت/ لە بەهاری ساڵی ٢٠١٣دا لە کاتی لافاو و باران بـارینێکی زۆر، کـە بـوو بـە هـۆی تێکدانی چوار پـرد، کـە ئـەم پردانـە ڕێگـای سـەرەکی هاووڵاتیـانن، دەپرسـێ/ بۆچـی تـاکو ئێسـتا وەزارەتـی پەیوەندیـدار هەڵنەسـتاوە بـە چـاك کردنـەوەی ئـەم پردانـە؟ یـان نۆژەنکردنـەوەیان؟ خـاتوو فـەیروز پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری خوێنـدنی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی لـە هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، تیایدا دەپرسێ کە بۆچی سکوڵی خوێندنی زانکۆیی کە بەشێکە لە زانکۆی دهۆك، بەشـەکانی: کۆمەڵایـەتی، عەرەبی، بیرکاری، ئینگلیزی، کوردی لە خۆ دەگرێ، لە ئاکرێ بۆچی ئەم سکوڵە وەکو شوێنەکانی تر کـە لـە زاخۆ و سۆران کراون بە زانکۆ، لە ئاکرێش ناکرێ بە زانکۆ؟.**

خاتوو حياة مجيد/ پرسیاری ئاراستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، باسی ئەوە دەکات ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی عەرەب ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە، پارەیەکی زۆر صەرف دەکەن لە چەندین شوێن کە باسم کردووە، باسی ئەوە دەکات کە ئایا وەکو وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوەتان نەکردووە لەم عەرەبانە؟ ئەم پارانەیان لە کوێوە بۆ دێت؟ سەرچاوەی ماددیان لە کوێیە؟.

بەڕێز دکتۆر شوان قەڵادزەیی/ پرسیاری ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کردووە، تیایدا دەپرسێ/ ئایا داهاتی سەرپێچییەکانی شوفێران، کە بەهۆی کامێرای چاودێری و هۆی تر وەردەگیرێت، لەگەڵ باجەکانی تری ئۆتۆمبێلەکان، ئایا دەچنە وەزارەتی دارایی و ئابووری؟ ئەگەر نا، چۆن و بۆ چ مەبەستێك خەرج دەکرێ؟.

کاك دڵشاد شعبان غەفار/ پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە کورتهێنانی قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە نزیکەی یانزە تریلیۆن دیناری عیراقی مەزندە دەکرێ، جەدوەلێکی پێشکەش کردووە، داوای ئەوە دەکات بەپێی ئەو جەدوەلە سەرجەم ئەو قەرزانە بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕوون بکرێتەوە.

خاتوو فیروز طه/ پرسیاری ئاراستەی وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کردووە، تیایدا باسی ئەوەی کردووە، وەرگرتنی مامۆستایان کە دەرچووی خانەی مامۆستایانن لە پەیمانگای گەشەپێدان، کە ساڵانی پێشوو خانەی مامۆستایان سێ ساڵ بوو، بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی زانستیان دەکرێت بە پلەی بەکەلۆریۆس، پرسیارێکی هەبوو، بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بابەتە لەگەڵ بابەتی تر کە دەرچوونی پەیمانگا یان ئامادەیی و خانەی مامۆستایان پێنج ساڵ لەگەڵ ئەم چارەسەرە بۆیان جێبەجێ ناکات، خاتوو فیروز پرسیارێکی تری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە، تیایدا باس لە پرۆژەی ئاوی ئاکرێ دەکات کە ستراتیجی لەلایەن کۆمپانیای عیمرانی ئێرانی جێبەجێ دەکرێ، بەسەرپەرشتی وەزارەتی شارەوانی، لە ٢٠١٣/١٠/١وە دەست بە پرۆژەکە کراوە، بڕیار بوو لە ماوەی دوو ساڵ دا تەواو بکرێ، بەڵام تاکو ئێستا لە ٢٠٪ جێبەجێ کراوە، دەپرسێ دەڵێ/ بۆچی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو ئیستیسنا سولفە بۆ ئەو پرۆژەیە خەرج ناکات؟ تاکو بە زووترین کات تەواو بکرێت، لەبەر گرنگی پرۆژەکە؟.

بەڕێز گۆران ئازاد/ پرسیاری ئاراستەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کردووە، تیایدا دەپرسێ، ئایا هەڤاڵانی خوالێخۆشبووی بارزانی کاتێك کۆچی دوایی دەکەن بە پێی چ یاسا و پێناسەیەك لە بەرزترین مووچە لە وەزارەتەکەتان بە پلەی شەهید دادەنرێن؟ تا ئێستا چەند هەڤاڵ بەم پلەیە بە شەهید هەژمار کراون، ژمارەیەك پرسیاری تر هەیە کە لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە دەخوێنرێتەوە.

**بەڕێز جعفر أبراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکی هاتینە ژلایی بەرێز وحیدە یاقو هرمز/ بۆ وەزیرێ خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، پرسیار دکاتن/ بۆچی کورسی تایبەت بۆ خوێندنی بالا ب زمانی سریانی تەرخان نەکرینە، لەلایەن وەزارەتەکەتان لە کاتێك دا بۆ زمانەکانی تر ئەو کورسییە هەیە، لەگەلٚ ئەوەی کە دەستووری عیراقی فیدرالٚ لە مادەی (٤) رِێگای داوە کە خوێندن لە دام و دەزگاکانی تر بە زمانی دایك بێ، هەر دیسا پرسیاری دکاتن بۆچی زمانی سریانی زانکۆیەکێ لە هەرێما کوردستانێ نایێتە کرن؟ بۆ ئەوەی ڤوتابی سریانی بێتە ڤە کرن، وەکو بابەتێ تورکمانی و فارسی.

پرسیارەکیش بەرێز ئامینە زیکری سعید هاتیە بۆ وەزیرێ ناڤخۆیێ هەرێما کوردستانێ، بۆچی ل پارێزگاها دهۆکێ تۆمارکرن و سەرپەرشتی کرن و دانانا کەمپا و هەر شتەك گرێدای ئاوارە لای نڤیسنگەها کۆچ و کۆچبەران دهۆکی نایێتە ئەنجامدان؟ سەنتەری گەشەپێدانا پارێزگەهێ DMC یان هەندێك کەس دی یێن دیار کری ل پارێزگەهێ کو ئەگەر پێدڤی روونکرنێ بێتن ئەم دشێن ناڤێت وان بۆ جەنابێ هەوە دیار بکەین، چ پەیوەندی و پسپوری ب چاڤدێری کرن و سەرپەرشتی کرن و دانانا کەمپان دەربارەی ئاوارانڤە هەیە، کێ دەستهەلات دایە ڤێ سەنتەری بورەی چ یاسایەك؟ پرسیارەك دی هەر ژ دەڤ.

بەرێز ئامینا زکری سعید/ بۆ بەرێز وەزیرێ کار و کاروبارێت کۆمەلٚایەتی هەرێما کوردستان عێراق، پرسیار دکەتن بوچی تا نووکە خێزانێت ئاوارا ژ دەستێ شەرِێ تیرورێ ژ لایێ شنگالێ ڤە نەکەڤتینە بەرنامێ تۆرا چاڤدێرییا کۆمەلٚایەتی سیستەمێ سوشیالدا؟ هەر پرسیارا دوویێ کاودانێن بلەز دا پلٚانا وەزارەتا هەوە دەربارەی هاریکارییێن دەست پێکی یێن دەروونی (إسعاف أولي نفسي) بۆ وان کەسان چییە و دێ چ بیتن؟ هەوە چ جۆرە چارەسەریەك بۆ ڤان جۆرە نەخۆشیان ئەنجام دایە؟ هەر دیسان پرسیارەك دی ژ دەڤ بەرێز امنە زکری سعید بۆ بەرێز وەزیرێ کارو کاروبارێت کۆمەلٚایەتی هەرێمی کوردستان عێراق پرسیار دکەتن ب گوێرەی ئەو ئامارێت مە ژ پارێزگەها دهوکێ وەرگرتین ٢٤٥ زاروکێن بێ سەمیان پارێزگەها دهوکێ و ل گۆر ئامارا رێکخراوا پاو (PW) (١٠٠) زاروکێن ل کەمپا خازر هەتا نووکە هاتینە تۆمار کرن، بۆچی تا نووکە ب پراکتیك وەزارەتا هەوە بۆ حەواندنا وان زارۆکان بۆ مالێت ئێتیم و سێوی ئەنجام نەداینە؟ بۆچی وەزارەتا هەوە خەمساری دەربارەی حەواندن و رەوشا ژیانا وان زارۆکان نڤاندیە؟ پێ رابونێن هەوەیێن یاسای چ بن بەرامبەر ئەو کەسێن بازرگانیێ ب زاروکێن بێ سەمیان دکەن؟ هەر پرسیارا سیێ هەمان رێزدار، پلٚانا وە چیە و دێ چ بیتن بۆ پاراستن و چاڤدێری و حەواندنا زاروکێن بێ سەمیان یێ ژ شنگال و زمارێ هاتین؟ پرسیارەك دی و پرسیارا دوماهیێ ژ بەرێز امنە زکری سعید بۆ بەرێز وەزیرێ کارو کاروبارێت کۆمەلٚایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، پرسیار دبێژیتن، سێ پرسیارن ل دویف ئێك، ل گۆرِ ئەو ئامارا مە ژ پارێزگەها دهۆکێ وەرگرتین ناف هاتیێن شنگال و زمارێ دا (١٦١٩) ناڤێن کێم ئەندام و خودان پێدڤیێن تایبەت هاتینە تومار کرن، رەوش و کاودانەکێ زۆر خرابدا دەروونی و ژینگەهێ دا دژین، بۆچی تا نووکە وەزارەتا هەوە ب ئەرکێ خۆ دەربارەی چاڤدێری کرن و حەواندنا وان کەسانە نەرابویە، پرسیارا دوویێ بوچی تا نوکە ل پارێزگەها دهوکێ مالا حەواندنا پیرا (دار العجزة)

نەهاتیە ڤەکرن؟ کێ بەرپرسیارە بەرامبەر چاڤدێری کرن و حەوندانا پیر و پەککەفتیان دنەبوونا مالا پیراندا؟ هەر فەقەرا سیێ ژ وێ پرسیارێ پلانا هەوە بۆ حەواندنا وان دوو تەرخان ب تایبەتی کێم ئەندامێن زیان دگەهنێ یێن دەور و بەران چیە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا کۆمەڵێك لەو وەڵامانەی کە لەلایەن وەزارەتەکانەوە گەیشتۆتەوە پەرلەمان، پوختەکەی لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو بەروارەی کە دانیشتنی دووەمی پەرلەمانی کوردستانی تیا بە ئەنجام گەیەندرا، واتا لە ٢٠١٤/٩/٢٣ تا ئەمڕۆ، وەڵامی پرسیارەکان بەم شێوەیە لەلایەن دەزگای جێبەجێکردنەوە دراوەتەوە، پرسیاری بەڕێز خاتوو ڤیان عباس کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کردووە، دەربارەی کار و چالاکی و کەم و کورتییەکانی سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان، دەڵێن سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان لەلایەن وەزارەتی ئێمەوە پەیڕەو و بەرنامەی کاریان پەسند دەکرێت، بەڵام بڕیاری دامەزراندنیان بە پێی یاسای ژمارە ١٨ لە وەزارەتی ناوخۆ دەردەکرێت، پاشان هەر سەنتەرێکیش لە کاتی خۆی دا کۆنفرانس نەکات و بە هەڵبژاردن دەستەی بەڕێوەبەری نوێ دانەمەزرێنێ، دیسان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

بەڕێز هەورامان حەمە شریف/ پرسیاری ئاراستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کردووە سەبارەت بە ئەو فەرمانبەرانەی کارەبا کە بە هۆی کارەباوە گیان لە دەست دەدەن بە شەهید تۆمار بکرێن، وەڵام دەداتەوە دەڵێت/ بە پێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، یاسای ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠٠٧ و هەر سێ هەموارەکەی لە پێناسەی شەهید بە ڕوونی دیارە و ئەم کۆچ کردووانە ناکەونە چوارچێوەی پێناسەی شەهیدەوە.

بەڕێز شکریة إسماعیل/ پرسیار دەکات لە وەزارەتی تەندروستی، سەبارەت بە نرخی نۆرینگەی پزیشکی ددان، وەڵام دەدەنەوە دەڵێن/ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی پێك هێنانی لێژنەیەك بڕیاری لەسەر دراوە سەبارەت بە ڕێکخستنی نرخ و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ددان و دروستکردنی ددان لە نۆرینگەکانی تایبەت بە پزیشکەکانی ددان، شکریة إسماعیل دەپرسێ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، سەبارەت بە دیاردەی بەکاربردنی هەڕەمەکی و، بەربڵاوی و، نائابووری لە ئێستادا کە بۆتە جێگەی گرنگی پێدانی ئابووریناسان و خەمی گەورەی کۆمەڵگا، وەزارەت وەڵامدەداتەوە بەوەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەلای خۆیانەوە پشتیوانی لە هەر هەڵمەتێکی هۆشیار کردنەوە دەکەن بۆ کەم کردنەوەی ئەم دیاردەیە، لە ڕێی هاندان و پشتگیری ڕێکخراو و سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان و هەروەها لەڕێی میدیاکان و لە ڕێی ئەو کۆڕ و سیمینارانەوە کە ئەم سەنتەرانە دەیکەن و مێوانداری ئابووریناسان دەکەن، بۆ هاووڵاتیان دەدوێن، ئێستاش لەو بارەیەوە چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراون، واتا لە

بواری ڕۆشنبیری بەکاربەر لە ساڵانی ڕابردوو چەند ووۆرك شۆپێکیان بە ئەنجام گەیاندووە، پاشان دەڵێن ئەوقافیش دەتوانێ لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە بەشدارییەکی کاریگەری هەبێ بۆ ئەو دیاردەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، سێ بیرۆکەمان هەیە، بیرۆکەی یەکەم/ بەڕێز مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت مادام قەرار بێ بیخوێنمەوە، قسە هەڵناگرێ، بەس تەنها سەرنجی جەنابتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەم بابەتە زۆر هەستیارە، ترسێکە لەبەردەمی هەمووومانە کە ئەو گەنمەی لە بنکەکان دایە لە بەردەم هەڕەشەی تەڕبوونە بە باران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە مامۆستا غەریب ئەگەر جەنابت بتوانی کورتەیەکی باس بکەی، چونکە دەینێرین بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی پێی وەربگیرێ، کورتەیەکی باس بکە، ڕەنگە پێویست نەکات هەمووی بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کورتەی بابەتەکە ئەوەیە کە لە ساڵانی پێشوودا ئەو گەنمە حکومەتی مەرکەز کڕیویێتییەوە، بردویێتییە خوارەوە، ئەم ساڵیش وەکو ساڵان گەنمەکە حکومەتی ناوەند کڕیویەتی، پارەکەی دابین کردووە، ئێستا ڕێژەیەکی داوە بە جوتیارەکان، ڕێژەیەکی زۆر لە پارەکە ماوە پێیان بدرێت، بەڵام لەبەر نەبوونی سایلۆ لە کوردستان دا، گەنمەکە تا ئێستا لە بنکەکان دا ماوەتەوە، لە هەر سێ پارێزگاکە هەیە، چاوەڕێی داپۆشین دەکات، ئەوەی کە حکومەت قەراری لەسەردا، لەسەر داوای لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان، کە بەڕێزتان بەرزتان کردەوە بۆیان، بڕیاریان دا کە ئەو گەنمە دابپۆشرێت، بەڵام داپۆشینەکە میکانیزمەکەی بە شێوازێکە بەڕاستی، نازانستیانەیە، چادریان هێناوە داویانە بەسەر گەنمەکەدا، کۆگای گەنمەکە بە ئەندازەی فوتابخانەیەك دەبێ، چەند چادرێك بە ڕیز دراوە بە سەریدا و بلۆکی سەر خراوە، بەو شێوەی کە ئێمە چووین لە نزیکەوە بینیومانە، ئەو گەنمە تەڕ دەبێ، هەم لە بەینی چادرەکەوە، هەم کە ئاوەکە هاتە خوارەوە لە ژێرەوە دەچێتە ناو گەنمەکە، گەنمەکە تووشی شێ و تەڕبوون دەبێ، لە ئەنجام دا خەراپ دەبێ، پارەی گەنمەکە حکومەتی ناوەند دابینی کردووە، لە ئەنجامدا کە گەنمەکە خراپ بوو، قووتی هاووڵاتیانی ئەو هەرێمەیە هەتا مانگی شەشی داهاتوو، لەوێوە کێشەیەك دروست دەبێ لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان دا، کە جارێکی تر گەنم لە ئێمە ناکڕێ، چونکە ئەو پارەی ئەوەی داوە، پێشنیارەکە دوو خاڵە، یەکیان/ یان ئەوەتا ئەو شێوازە واز لێ بهێنرێت، شێوازێکە کۆمپانیایەکی ئیتاڵی-

ئەمریکی هاتوون پێشنیازیان کردووە بۆ وەزارەتی بازرگانی، کە ئەوان دەزگایەکی تایبەتیان هەیە بۆ پاراستنی گەنمەکە، ئەوە دابین بکرێت، یان ئەوەتا ئەو گەنمە بهاردرێت بە خێرایی و بدرێ بە هاووڵاتیان، چونکە هەورەکانی وەرزی پایزە دێن، بە ئاسمان دا تێدەپەڕن، ئەوە دەچرپێنن بە گوێمان دا کە وەرزی باران بارین نزیکە، من بە حەتمی دەڵێم ئەو گەنمە تەڕ دەبێ، وەکو لێژنەی کشتوکاڵیش عەرزی جەنابتان دەکەم، کە بیڵێن بە سەرۆکایەتی حکومەت، کە بەڕاستی ئەگەر فریای نەکەون، ئەوا کارەساتێکی گەورە ڕوو دەدا لەو هەرێمەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، بیرۆکەکەی بەڕێزتان ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و وزە دەکەین، بۆ ئەوەی بە زووترین کات کاری پێ بکەن، یاداشتێکمان هەیە کە لەلایەن فراکسیۆنی زەردەوە پێشکەش کراوە، کاك ئومێد خۆشناو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سیستەمی فیدراڵیدا دابەش کردنی سامانی دەوڵەت لە نێوان هەرێمەکان و دەسەڵاتی فیدراڵدا یەکێکە لە ڕێسا سەرەکییەکانی ئەم سیستەمە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان گرفتی دەستووری و یاسایی هەبوو لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی، سەبارەت بە بەشە بودجە و سەربەخۆیی ئابووری هەرێمی کوردستان، حکومەتی ئیتیحادی نەك هەنگاوی چارەسەری یاسایانەی، بەرپرسانەی نەناوە، بەڵکو چەندین کۆششی بەردەوامی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستانی پشتگوێ خست، لە کارێکی نایاسییانەی نەرێنیدا دژ بە پرەینسیپەکانی هاونیشتمانی مرۆڤ دۆستی بەشە بودجە و قووتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی بڕی، ئەگەر بڕوانینە بنەما یاساییەکان:

١- بە پێی حوکمی ماددەکانی ١٣، ١٠٥، ١٠٦، ١١٠، ١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١، ١٣٢ لە دەستووری عیراق ٢٠٠٥.

٢- عورفی دەستووری یاسایی لە سیستەمی فیدراڵی.

٣- ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ تایبەت بە پاراستنی شکۆمەندی مرۆڤ لە دابین کردنی ژیانی شایستە بۆ هاووڵاتیان.

مەبنای ئەو بنەما یاساییانە و هی تریش حکومەتی ئیتیحادی کارێکی ناڕەوا و تاوانکارانەی بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجام داوە، پێمان وایە دەبێ ڕێ و شوێنی شایستەی جددی لەسەر ئەم پرسە بگرینە بەر، هەمووومان وەك پەرلەمانی کوردستان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین و دبلۆماسییەتی کاری پەرلەمانی لەم ناوەدا بە باشترین شێوە وەگەڕبخەین، تا داهاتی کوردستانی عیراق دەستەبەر بکرێت، هەر بۆیە لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠١٤/٥/٢٦) و لە دیداری بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، لەگەڵ ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری، وەك فراکسیۆنی پارتی داوامان کردبوو کۆمەڵی دەولی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش

بەرپرسیاریەتی مرۆڤ دۆستانەی خۆیان و ئەرکیان لە پاراستنی تەبایی و ئاشتی، هەروەها ئەو پێ گیرییە نێودەوڵەتییەی لە چوارچێوەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە عیراق هەیە، داواکارین کە بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی و بە هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشە داهاتی کوردستانی عیراق لە بودجەی گشتی عیراق جیابکرێتەوە، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە ژیان و شکۆمەندی خەڵکی کوردستان بپارێزێت.

داواکارین سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەم یاداشتە بە هەند وەربگرێت و لە هەردوو ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندەکانی تری هاوکاری و هەماهەنگی بۆ ئەو پرسە دەستەبەر بکات، لەگەڵ ڕێزمان دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بیرۆکەیەکی تر لەلایەن بەڕێز کاك عباس غەزالییەوە پێشکەش دەکرێت، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك علی؟ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت بە نیزامی، ٢٤ی هەیڤێ من سەرەدانەك مەیدانی بۆ کۆبانێ کربوو، ئەگەر هوین چەند دەقیقەیەکان دەلیڤێ بدەنە من ل سەر رەوش و ژیانا کۆبانێ هندەك تشت من یێن هەین ئەز پێشکێش بکەم و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس غزالی فەرموو، کاك علی هالۆ دوایی دەرفەتت پێ دەدەین کە باسی سەردانەکەی خۆت بکەی بۆ کۆبانێ.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم بیرۆکەیە خۆی لە دوو بەش دا دەبینێ دەیخەینە بەردەستی بەڕێزتان بۆ ئاگادار کردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار ئەگەر بە پەسندی بزانن:

یەکەم/ زەرەرمەندانی دەستی ڕژێمی بەعس و، زەرەرمەندانی دەستی تیرۆر پێویست دەکات کە حکومەتی ئیتیحادی قەرەبووی بکاتەوە، شنگال هەردوو لایەنی ڕابردوو و ئێستاش دەگرێتەوە، هەرچەندە لە سەرەتاوە وەزارەتی شەهیدان ڕایگەیاندووە کە قوربانیانی دەستی داعش بە شەهید تۆمار دەکرێن، بەڵام أ/ بریندارەکانیش پێویستیان بە چارەسەری هەیە، ب/ گورزی کوشندە و قوربانیانی سەرەکی داعش ئافرەتانن، لە شنگال چ ئەوانەی شەهیدبووینە، یان بریندار بووینە، یان براون، یان ڕزگاریان بووە، لە ڕووی دەروونی و نەفسی تووشی تێکشکانێکی گەورە هاتوون، پێویست بەوە دەکات لە ڕێگای پسپۆڕانی دەروونی چارەسەری تەندروستی و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بۆیان بکرێ، بە هەند وەربگیرێ، تا کێشەی کۆمەڵایەتی و روحیی بگەن بە نزمترین ئاست، بۆ هەردوو خاڵی سەرەوە، دام ودەزگای پەیوەندیدار

له ڕێگای ئەنجومەنی نوێنەران له بەغدا و حكومەتی ئیتیحادی هەوڵی ئاوەدانكردنەوە و قەرەبووكردنەوەی كوردستان بە گشتی و شنگال بە تایبەتی لە حكومەتی فیدراڵ داوا بكرێت لیژنەیەكی پسپۆڕ بەو ئەركە هەستێ.

دووەم/ كەركووك لە ڕابردوو بە سیاسەتی تەعریب، بە هێنانی عەرەب، ئەمڕۆ كۆسپی سەرەكین لە ڕێگای گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێمی كوردستان. دوو/ لەدوای ئەوەی داعش هات بۆ موسڵ و سوپای عیراق لە بەریەك هەڵوەشایەوە، دەسەڵاتی بەغدا دژی پاراستنی كەركوك بوو لەلایەن پێشمەرگەوە، لە دوای ئەوەی بە پشتیوانی دونیا هەندێك سەركەوتن لە دژی داعش بە دەست هاتن، بەڕێز هادی عامری دێتە كەركوك و لە ناو پارێزگا هێرش دەكاتە سەر پێشمەرگە، بە ئاشكرا هاوار دەكات نابێ پێشمەرگە لە كەركوك بمینێن، لە دوای داعش و پێش داعشیش ڕوویان لە هەرێمی كوردستان كردووە، لە كەركووكیش لە ئاوارەی عەرەب پشكی شێری بەركەوتووە، ڕەنگە هەندێكیش بەرنامەی بۆ دارێژرابێت، ئەم خاڵانەی سەرەوە ئاماژە بەوەدەكەن، كەركوك لە قۆناغێكی هەستیار و ترسناك دایە، ئەگەر دەوروبەری ئارامە و نائارامتر بكەن هێزی پێشمەرگە خەریكی بەرگری دەبێ، لە ناوەوە عەرەبە هاوردە وئاوارەكان وەكو شوێنەكانی تر لێمان هەڵدەستن و كارەساتی هەڵەبجە و شەنگال لەناو كەركوك بەسەر كوردی دەهێنن، لەگەڵ كارەساتی جەرگبڕی هەڵەبجە و شەنگال هەر بە كوردستانی مانەوە، بەڵام ئەگەر ئەم كارەساتە ڕووبدات نەك هەر كارەساتی مرۆیی ڕوودەدات، بەڵكو كوردستانی بوونی ئەم دەڤەرە كوردستانییەش بۆ هەتا هەتایە لە دەست كورد دەردەچێت، جا ئەركی سەرەكی پارێزگای كەركوك وهەرێمە كە ئاوارەكانی حكومەتی فیدراڵ بگوازرێنەوە بۆ باشوور و ناوەراست، چونكە فەسڵی زستانە و هاوردەكانیش بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی كە لێوەی هاتوون، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڕێزان كاك علی هالۆ و ئەو پەرلەمانتارانەی تریش كە بیرۆكەتان پێشكەش كردبوو، بەڵام لەدانیشتنی پێشووی پەرلەمانی كوردستان بڕیارێكمان داوە بەوەی كە پێویست دەكات بۆ ڕێكخستنی بیرۆكە، بەڕێزت لێرە نەبووی، بڕیارمان داوە كە پێویست دەكات پێش (٤٨) سەعات بە نووسراو بیرۆكەكە بگاتە دەستەی سەرۆكایەتی، بۆ ئەوەی لە دانیشتنەكاندا جێی بكرێتەوە، بۆیە ئەو بڕیارەی خۆمان پێشێل نەكەین كۆی ئەم پرۆسەیە تێك نەچێ داوا لە بەڕێزت دەكەین كە بە یاداشتێك و، بە نووسراوێك ئەنجامی سەردانەكەی خۆت بۆ كۆبانی ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی بكەی، هەم بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەشی دەكەین، هەر كاتێك هات قسەی لەسەر دەكەین، بەڕێز د.فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د . فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو بیرۆکەیە دائیمەن پێشکەشی حکومەت دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە کاك علی هالۆ تاکە ئەندام پەرلەمانە و چووەتە کۆبانێ و من خۆم یەکێکم لەوانەی کە موشتاقم لەوەی کە لێرە قسە بکات و هیچ ڕەبتیشی بە بیرۆکەوە نییە، تەنها پەیوەستە بەوەی لە ئەنجامی ئەو سەردانەی هەندێ شتی بینیوە وقسە بکات، بۆیە ئەمە ناچێتە چوارچێوەی ئیتفاقیەی کە پێشتر کردوومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

من دڵم لەگەڵ کاك علی هالۆیە و بەڕاستی حەزم دەکرد قسە بکات، ئەنجامی ئەو سەردانەی بۆ کۆبانی ڕوون بکاتەوە، بەڵام لەوە دڵنیا نیم کە کاتێ کاك علی لەسەر ئەو پرسە قسە دەکات هەندێ ئەندامانی تری پەرلەمان ڕەخنەمان لێ نەگرن لەوەی کە بۆچی بیرۆکەکانی ئەوان کە دوێنێ پێشکەشیان کردووە لەبەرچاو ناگیرێ؟ خاتوو ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە هاوڕێم کاك د.فرست دەکەم، چونکە ئێمە زۆر لەوە زیاتر و دەزانین جەنابیشت موشتاقی، بەڵام زۆر لەوە زیاتر موشتاقین کە تەحەمول بکەین هەتا جەلسەیەکی تری پەرلەمان تا ئەو کاتەی ئەو دەینووسێتەوە، بەش بە حاڵی خۆم من هەرگیز لەسەر ئەوە گلەیی ناکەم، داوا دەکەم ریزپەر بۆ جەنابی کاك علی هالۆ بکەی ئیستسنائێ بێ و بۆمانی باس بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کەواتە قسەیەك هەیە لەسەر ئەم بابەتە با بیخەینە دەنگەوە و بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە کاك علی، نوقتەی نیزامی؟ کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە تۆزێك علاقەی بە نوقتەی نیزامیەوە هەیە، یەعنی بنەمایەکەی، من داواکارم و جەنابت ئەمرۆ زۆر خۆشحاڵ بووم و دەستخۆشی لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە مەسەلەی یەکڕیزی نیشتمانی زۆر بەرز نرخاند، پێداگیری لەسەر کرد، هیوادارم ئەو ئەزموونەی کە بەڕێز کاك علی هالۆ ئەگەر خرایە دەنگدانەوە و ئەمڕۆ باسی کرد دەرگای موناقەشەیەك نەکاتەوە کە جەمسەرگیری حزبی و سیاسی و لەیەکتردان دروست بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو بیرۆکەیە بخرێتەڕوو؟ با نوقتەی نیزامی بەهار خانیش وەرگرین فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٦٨ پەرلەمانتار واژوومان کردووە کە ڕۆژێك کۆبوونەوەی پەرلەمان تەرخان بکرێ بۆ باسی کۆبانی، ئێستا ئەو بەڕێزە کە باسی دەکات بەڕاستی ئەو( ٦٨) ئیمزایە ئیعتباری زیاترە کە باس بکرێ، ئەمە یەك، دوو/ با دانیشتنەکانی پەرلەمان پەیوەست بێ بە پەیڕەوی ناوخۆوە لەڕووی خستنەڕووی پرسیار و لەڕووی خستنەڕووی بیرۆکە، لەڕووی خستنەڕووی نوقتەی نیزامی بەڕاستی ئەمە دەبێتە عورفێکی خراپ هەریەکەمان شتێکی هەبێت و ڕێگە بە یەکێ بدرێ و ڕێگە بە یەکێ نەدرێ، ئەمڕۆ ڕێگە بەو بەڕێزە دەدەی، پێمان خۆشە، بەڵام ڕۆژێکی دیکە ئەگەر شتی ترمان هەبێ یاخود هەر ئێستا ئێمەش شتی ترمان هەبێ کە گرنگە، بۆ خەڵکی کوردستانیش گرنگە، بەڵام دواجار دەبێتە عورفێکی خراپ بەڕاستی خۆمان گیرۆدە دەکەین بە شتێکەوە کە دواتر خۆشمان گلەیی لە خۆمان دەکەین و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

سەبارەت بە پرسی ئیمزای ( ٦٨) ئەندام پەرلەمانەکە یاداشەکەتان کە هاتووەتە لای ئێمە داوای دانیشتن نییە بۆ قسە کردن لەسەر وەزعی کۆبانی، یاداشتەکە بۆ ئیعتراف کردنە بە هەرێمەکان و بە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، ( ٦٣) ئیمزایە، دەستەی سەرۆکایەتی بەڕەسمی وەڵامی ئێوەی داوەتەوە لەڕێگەی فراکسیۆنەکانتانەوە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شوکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو یاداشتەی کە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو (٦٨) ئەندامە بەڕێزەی کە واژوویان لەسەر ئەوە کردووە کە ڕۆژێك دابندرێ بۆ قسە کردن لەسەر کۆبانێ، بەڵام پێموایە بە هەر( ٦٨ ) ئەندامەکەشەوە کە واژوویان کردووە ناکاتە ئەوەی کە کاك علی هالۆ مەیدانیەن خۆی چووەتە کۆبانێ، بۆیە پێمان خۆشە لێرەوە خۆمان گوێمان لەو چیرۆکانە بێ کە چووەتە کۆبانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەو یاداشتە و مەغزای قانونی وەڵامدانەوەی جەنابی سکرتێری پەرلەمان ناکەم، بەڵام پشتگیری پەسەند کردنی ئەو داوایە دەکەم لە کاك علی هالۆ لەسەر ئەو سەردانەی قسەمان بۆ بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشه سوپاس، دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز کاك علی هالۆ باسی سەردانەکەی خۆی بکات بۆ کۆبانی بە کورتی، کێ لەگەڵە؟ (٥٦) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (١٠) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، کاك علی فەرموو بەکورتی باسی سەردانەکەی خۆت بکە بۆ کۆبانی، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارێن هێژا گەلەك سوپاس بۆ ڤێ دەرفەتێ، سلاڤ ل بەرخودانا کۆبانێ، کوردستان د ڕەوشەك نازك دا دەرباز بیت، ئەو شەڕی وێرانکەر کو ژ لایێ داعشدا تووشی گەلەك وەلاتان بوویە، دیماهیێ هەمی ئالیان بەرێ شەڕیدان کوردستانێ و ئیرۆ کوردستان شانۆیا مەزنترین شەڕی جیهانییە، سەرکردایەتیا سیاسیا کورد، شەڕەکی دکات کو پرانیا وەلاتێن دنیایێ خۆ ژێ پارێزن، نووکە کورد بخازن یان نا لهەمبەر شەڕەکی چارەنڤیسسازدانە، دوهێ شنگال بووە قوربانی و ئەڤرۆژی شەر لسەر کۆبانییە، ئەگەر ڕێ لێ نەهێتە گرتن جینۆسایدەکا مەزن و خویناوی دێت ژیا شنگالێ دێ ڕوویدات، د چەند ڕۆژێن بووری دا چەکدارێن داعش هێرشەکا بەرفرە ب چەکێن گران و گەلەك ژ وان ئەو چەکێ ل عیراقێ و سووریا دەست کەتین، چەکی هەری مۆدێرن ئەمریکا و ئەوروپان ژ سێ ئالێین ڕۆژهەلات و باشوور و ڕۆژئاڤا هێرش کرینە سەر کۆبانێ و بهەزاران کەس زێدەتری سەد هەزار کەسا ئاوارە بوونە قەستا باکوورێ کوردستانێ کرینە، ژ بەر کو کوبانێ دکەڤیتە ناڤبەرا کانتۆنا جزیرا ل ڕۆژهەلات و عەفرین ل ڕۆژئاڤا و، نووکە چاردەورێن وێ بهێزێن داعش گرتینە، هاوولاتی ناچاربوو بەرێ خۆ بدەنە تورکیا، بۆچی کۆبانێ؟ داعش دڤێت بەڤێ ڕێکێ ئەجندا و ستراتیژیا خۆ بجێ بهینیت، کانتۆنا کۆبانێ کو دکەڤیتە سەر سنوورێ ناڤبەرا سوریا و تورکیا جهەکی ستراتیژی گرنگە بۆ تورکیا وبۆ ڕۆژئاڤا و وەسا بۆ داعش ژی، چونکێ جهەکێ ستراتیژیا گرنگە کو دکەڤیتە ناڤبەرا دوو کانتۆنێن جزیرا ل ڕۆژهەلات و عەفرین ل ڕۆژئاڤا، دناڤبەرا هەر سێك کانتۆنان دا چەند دەڤەرێن عەرەب نشین هەنە، کو د دەستێ داعش دانە، ئەگەر کۆبانێ بکەڤیتە دەستێ داعش کانتۆنێن دی لاواز بن، دەسەلاتا داعش دێت بەرفرەهتر بێت و دەسکەفتیێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ دکەڤنە مەترسیەکا گەلەك مەزن، د هەمان دەمدا باژەرۆکێ پر سۆز ل باکوورێ کوردستانێ کو دگەڤیتە هەمبەر کوبانێ، ئەگەر داعش دەست بسەر کۆبانێ دا بگری خالەکا دیا سنووری دناڤ بەرا سووری و تورکی دا دێت ڤەبێت و دەستێ داعش و تورکیا دێ بەرفرەهتر بن، ئیدی هاڤسنوور بت، داعش بیت واقیعەکا مەنتەقێدا، کۆبانێ جهەکێ ستراتیژی گرنگە و ئەگەر بکەڤیتە دەستێ داعش ئان کو سنوورێ ناڤبەرا تورکیادا بەرفرەهبێت هەروەسا دەست گرتن بسەر کۆبانێ دا دەست گرتنە بسەر دەروازا ئاڤا فورات و ئەڤە ژی دێ ڕێگەك ئازاد بۆ داعش ڤەکەت، ژ ئالیەکی بۆ هاتوچوونا موجاهیدێن بناڤ مجاهیدێن بیانی کو ژ ئەوروپا دێن ژ ئالیەیا دیڤە بۆ ب دەست ئینانا ئاریکارێن لۆجستی و ماددی کو سنوورێت گەهینن دەستێ واندا، دەستێ داعش بسەر هەمی هاریکارێن ماددی ولۆجستی ڤە، ئەوە کو من ل کۆبانێ دیتی ( ٢٤) ی هەیڤێ ل سنوورێ برسۆز کو هاڤسنووره لگەڵ کۆبانێ، نزیکی ئورفایێ، ئەز دەربازێ کۆبانێ بووم، پشتی چەند

سەعاتا دانوستاندنێ دگەل لەشکر وپۆلیسێن تورکی، ئیدی رێك دان، ئەو تشتا من لسەر سنووریّ ب چاڤێ خۆ دیتی هەزارا گەنجێت کۆبانێ و خورتێت کۆبانێ ب دلەکی گەرم ب فیداکاری و قەهرەمانییەك مەزن ب حەماسەتەك گەلەك گەرم دژڤرین دا کو کۆبانێ بپارێزن، (٢٤) ی هەیڤێ ئەز چوومە کۆبانێ ب سەدان عائیلە ژن و زارۆك و خەلك دناڤا کۆبانێ دا هەبی و رەوشا باژێرێ کۆبانێ گەلەك ئارام بوو، مەعنەویات و ورەیا خەلکی کۆبانێ ژ گەلەك بەرز بوو، ئەو تشتە من دیتی جهێ سەرسوڕمانیێ، ئەو گرێدانا خەلکێ کۆبانییە ب ئاخا وان ڤە و ولاتێ وان ڤە ب کۆبانێ ڤە نموونا بەرخودان، ل (٢٥) ی جارەکا دی دگەل دەزگایێ خێرخوازیێ بارزانی کو گەلەك هاریکاری گەهاندە کۆبانێ ئەز دەرباز بووم، ل وێ رۆژێ (٢٥) ی چەند هەزار کەس ژن و زارۆك و عائیلە ژ باکووریّ کوردستانێ دیسا دژڤرین بۆ کۆبانێ، ئیدی خەلکێ کۆبانێ سۆزدابنە کۆبانێ بەرنادەین مان و مرنا مە د کۆبانێ دانە، کۆبانێ ژیان و هەبوونا مەیە، کو خەلکێ کۆبانێ داخوازیا گەلەك مەزن ل سەرکردایەتیا سیاسیا کورد هەیە کو دەستێ هاریکاریا ماددی و مەعنەوی و ئینسانی و سیاسی و دبلۆماسی درێژی خەلکی کۆبانێ بکەن، ئەگەر کۆبانێ تووشی شکەستنێ بوو واتە بەرخودان و ئیرادە و هەیبەت و کەرامەت و هەبوونا کوردا دکەڤیتە ژێر پرسیاریّ، ئەگەر کۆبانێ کەفت، واتە دەستکەفتیەن رۆژئاڤایێ کوردستانێ و هەروەسا باشووریّ کوردستانێ و پرۆسێسا سیاسی ل باکوریّ کوردستانێ دکەڤن بەر مەترسیا گەلەك مەزن، بۆ هەندێ کو ئەم برینێن شنگالێ چارەسەر بکەین و ئەم مزگێنیێ بدەین هەلەبجە و خەمێت وان و ئەنفالا ڤەرەڤینین رێکا ل کارەساتێن دی هاوشێوەی شنگالێ و سوبەهی ل مهاباد و قامیشلۆ و ل هەڤلێرێ و جهێت دی چەند بارە نەبن پێویستە ئەم هەمی دەستی هاریکاریێ درێژ بکەین و هەرچەند گەلەك تشتێن دیت هەی ئەز حەز دکەم بێژم بەس دیارە دەلیڤە کیمە، ئەز چەند پێشنیارەك منێت هەی بۆ پەرلەمانتارێن هێژا و سەرکردایەتیا سیاسیا کورد، ئێك/ پێویستە ناڤ مالا کورد یەکرێزیا خۆ بپارێزێت و خۆ بکات کێشە و ناکۆکیەن سیاسی بدەن ئالیەکی، ئەگەر نا کۆبانێ دێ تووشی جینۆسایدەك مەزن ل کوردستان ب گشتی و خەلکێ کوردستانێ دێ زەرەرمەندێن ئێکێ بن، ئەز داخاز دکەم دڤی وەختێ دا کۆنگرا نەتەوەیی بهێت گرێدان مەزنترین پشتەڤانی و ئیعترافا ب بەرخودان وهەبوونا کۆبانێ، پێویستە دەسەلاتا سیاسیا باشوور کارو خەباتەکا سیاسی و دبلۆماسی گەلەك مەزن و بەرفرە بکات دگەلّ هێزێن نێڤ نەتەوەیی بتایبەتی ئەمریکا و ئەوروپا و un، کو هاریکاریا نیڤ دەولەتی بۆ کۆبانێ بچت، هاڤ سۆز و هاڤ دەردێن کۆبانێ بن، چونکی کوردستان یەك پارچەیە و کورد یەك نەتەوەیە، داخازا من ژ خەلکێ کوردستانێ ئەڤەیە کو کەمپینێن گەلەك گەرم و گرستەیی ل هەمی باژێر و باژەرۆکێن کوردستانێ لدار بێخن بۆ پشتەڤانیا کۆبانێ، داخازا من ژ سەرۆکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ ئەوە شاندەك فەرمی د رۆژا جەژنێ دا سەردانا کۆبانێ بکات بۆ دەربڕینیا هاڤ سۆزی و هەڤ دەردی خەلکێ کۆبانێ، نە بتەنێ کۆبانێ، ئەگەر دەلیڤە هەبت بۆ شەنگالێ و هەروەسا بۆ بەرۆکێن شەڕی کو ئەڤرۆکە پێشمەرگەین قەهرەمان داستانێن سەرکەفتنێ تۆمار دکەن، ئەز هیڤیدارم شاندەکا پەرلەمانێ کوردستانێ ئەگەر بکرێت هەر سوبەهـ سەرەدانا کونسولخانێت بیانی ل هەڤلێرێ بکەت بۆ گەهاندنا داخازا خەلکێ

کۆبـانێ کـو نـزیترین دەم بهاوارا وان بچـن، داڕێکـا ل جینۆسـایدەکا دی بێتـە گـرتن، جینۆسـایدا شـەنگال و حەلەبجە وجهێت دی چەندبارە نەبت، دوماهیێ من دڤێت ئەز بێژم پاراستنا کۆبانێ، پاراسـتنا کەرامـەت و ناسـنامە و هەیبـەت و ئـیرادا هـەمی کوردانـە، داخـازا مـن سـەرۆکایەتیا پەرلـەمانێ ئـەوە ئەڤرۆکـە ئـەم سەرکەڤین دا خـەلکێ کۆبـانێ هـزر نەکـەن کـو ب تەنێنـە بـزانن هـەر چـار پارچێت کوردسـتانێ بتایبـەتی پەرلەمانێ کوردستانێ کو نوێنەرایەتیا خەلکێ باشووریێ کوردسـتانێ دکـات هـاڤ سـۆز و هـەڤکارێن خـەلکێ کۆبانێنە، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بـۆ بـەڕێز کـاك علـی هـالۆ، جـارێکی تـر بـەناوی سـەرجەم ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان و بـەناوی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان سـلاو دەنێـرین بـۆ بـەرگری قارەمانانـەی بـرا و خوشکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان و بە تایبەتی لە ناوچەی کۆبـانی، لـە مـاوەی ڕابـردوو قارەمانانـە دژ بـە گروپە تیرۆرستەکان مقاوەمەت دەکەن، ئێستا گروپە تیرۆریستییەکان سەرەڕای ئەو چەکە پێشکەووتوانەی کە لەبەردەستیان دایە نەیانتوانیوە سەرکەون بەسەر مقاوەمەتی ئەوان، ئێمـە لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردستان سەرجەم ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێز کاك علی علی هالۆ و ئەندامانی تری پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو خستوویانەتە بەردەم سەرۆکایەتی بە نـەزەری ئیعتبـار وەردەگـرین و هـەوڵ دەدەیـن بـە زوویی کاری بۆ بکەین وکاری لەسەر بکەین، چونکە دووپاتی دەکەینەوە کە پێویسـتە سـەرجەم دەسـەڵات و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەی لە توانایاندا هەیە و ئەوەی لە تواناياندایە بیکەن پێویست دەکات ئەنجامی بدەین بۆ پشتیوانی لە براو خوشکانی خۆمان لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی کە ئێستا کۆبـانێ کەوتووەتـە بەر هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکان، هەروەها وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی بەشداربوو لە هاوپەیمانیەتی دژی تیرۆر دەکەین کە بە ئەرکیان دەزانـین کـە بـەهانای خـەڵکی کۆبـانێوە بچـن و پشـتیوانیان لێ بکـەن، لـە شـەڕیان دژی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و شـەڕڤانانی ئـەو ناوچەیەش بە بەشێك لە بەشدارانی شەڕی دژە تیرۆر بناسێنرێن و پشـتیوانی مـاددی و پشـتیوانی لـەڕووی سەربازی لێیان بکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەشێوەی لۆجستی پشتیوانیان لێ بکرێت، ئێمە لـە مـاوەی ڕابردوو چ لەو سەردانانەی کە ئەنجامەمان داوە و چ لەو سەردانانەی کە بـۆ لای پەرلـەمانی کوردسـتان و بـۆ لای دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجام دراون کۆبانێ یەکێك بـووە لـەو باسـانەی کـە لەگـەڵ سـەرجەم وەفـدەکان باسمان کردووە و ئەوەندەشی ئاگادارین دەسەڵاتەکانی تریش لە هەرێمی کوردستان لە سـەرۆکایەتی هـەرێم و حکومەت و وەزارەتی پێشمەرگە بەجدی لەسەر خەتن لەگەڵ هاوپەیمانان بـۆ ئـەوەی هەماهـەنگی بکـەن، بـۆ ئـەوەی بەشـێوەی لۆجسـتی یارمـەتی ئـەو خەباتکارانـە بـدرێ کـە لـە کۆبـانێ ڕووبـەڕووی تیرۆریسـتان بوونەتەوە، چیمان پێ بکرێ درێغی ناکـەین و پێشـنیارەکانی بەڕێزیشـت بـە نـەزەری ئیعتبـار وەردەگـرین، بەڵێ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابەتێك هەبوو من بە پەلە دەیخەمە بەردەم بەڕێزت، ماوەیەكە لێرە ولەوێ بەرپرسانی ئیسلامی ئێران ....... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر تكایە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە، دیعایەی ئەوە دەكەن كە ئەوان هەولێریان پاراستووە و كوردستانیان پاراستووە، ئەگەر وایە بۆچی بەڕاستی هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانان پاراستویانە، ناكرێ خەڵكی كوردستان، سەرۆكایەتی هەرێم و هەمووی بێ دەنگن و قاسم سلیمانی و ............ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر بە یارمەتیت، جەنابت دەتوانی وەكو پرسیار ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە بكەی بۆ ئەوەی ڕوونكردنەوەی پێویست لەم بارەیەوە وەربگری، بەڕێز د.شوان ئەو بیرۆكەیەی كە جەنابت پێشكەشت كردبوو ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی لێمان ڕوانی، بەلام بیرۆكەیەكی ناوچەییە و چەندین بیرۆكەی ناوچەیی تر لەو بوارە هەبوو كە نەمانتوانی بیخەینە بەرنامەی كارەوە، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی پێشمەرگە با جوابی قاسم سلێمانی و ئەو بدەنەوە، ئایا هێزی پێشمەرگە كوردستانی پاراستووە؟، بەڕاستی هێزی پێشمەرگە بووە یان حەفتا پاسەوان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

سوپاس بۆ تۆ بەڕێزان بەم شێوەیە كۆتایی بە دانشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، بەلام جارێكی تر دووپاتی دەكەمەوە سەرۆكی فراكسیۆنەكان سبەینێ لێرە بن، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤\١٠\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٤

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٤ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٤)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٤ دا بەم شێوەیە بێت:

١-گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانی.

٢-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان — عێراق ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٣-گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٤-گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان، بەپێی خاڵی دووەم/ بڕگەی یەکەم/ ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٤)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٤ دا بەم شێوەیە بێت:

١-گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانی.

٢-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکیی هەرێمی کوردستان — عێراق ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٣-گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥)ی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٤-گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەپێی خاڵی دووەم/ بڕگەی یەکەم/ ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموار کراو.

خالی یەکەمی بەرنامەی کار ئەو وەفدەی کە بۆ سەردانی کۆبانی ڕۆیشتبوون و لە دەرەوەی وڵات بوون و، سەرقاڵی ئیش و کارەکانی خۆیان بوون، نەیان دەتوانی ئەمڕۆ لە دانیشتنەکان ئامادە بن و، ئێمەش لەبەر گرنگی ئەم بابەتە بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بە گشتی و بۆ شەقامی کوردی بەتایبەتی نەمانویست دانیشتنەکە زیاتر دوابخەین، بۆیە ئەمڕۆ دانیشتنەکەی خۆمان دەکەین و، هەر کاتێکیش پێویست بوو ئەندامانی پەرلەمان بانگهێشتی وەزیرەکان بکەن سەبارەت بەم دۆخە قسە بکەن لە سەرچۆنیەتی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەگەڵ پرسی کۆبانێ و ڕۆژئاوا ئەوە بە دڵنیاییەوە داوا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکەینەوە کە لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان ئامادەبن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ یەکەم بابەتی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان تایبەتە بە کۆبانێ ئەو شارەی کە لە ڕێگای بەرخودانیەوە سەرتاپای جیهانی سەرسام کردووە، کۆبانێ چی دی وەکو جاران تەنها ناوی شارێك نییە، تەنها ناوی جێگایەك نییە لە سەر ئەم گۆی زەوییە، بەڵکو ناوێکە بۆ شانازی و قارەمانی و رووبەرووبوونەوەی بەربەریەت و خۆشویستنی ژیان، جێگایەکە نەك تەنها کورد هەر کەسێك لە سەر رووی ئەم گۆی زەوییە قەدری ئازادی بزانێت بیەوێ شەرەفمەندانە بژی، ئەو شارە سیمبولیەتی، کۆبانێ لە کاتێکدا گۆڕەپانی دڕندەترین شێوازی پاکتاوکردن و قڕکردنە لە هەمان کاتدا سیمبولی مەرگێکی مرۆڤانە، گەر باشوور بە هەڵەبجە بناسرێت و ڕۆژهەڵات بە مەهاباد و باکوور بە بەندیخانەی ئامەد، ئەوا ڕۆژئاوا کۆبانێ دەناسرێت، پۆڵۆنییەکان لە ڕۆژانی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا لە وارشۆ ڕاپەڕین و بەتەنها دژ بە ئەڵمانەکان جەنگان بە بەرچاوی یەکێتی سۆڤیەتەوە هەتا شارەکەیان خاپوور بوو، ئەمڕۆ یادەوەری ئەم مێژووە بەشێکە لە ناسنامەی هەموو پۆڵەندییەك، کۆبانێش وەها دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو، نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر ئێرلەندییەکان لە (دبلن) ڕاپەڕین و، لەئەنجامدا ئینگلیزەکان کۆمەڵکوژیان کردن، ئەگەر ئەم ڕاپەڕینە تا ئەمڕۆ جێگای شانازی خەڵکی ئەو وڵاتەیە، ئەوا کۆبانێش دەروازەی چوونە ژورەوەی ئێمەیە بۆ سەدەی (٢١)، ئەمڕۆ هەردووك (پۆڵەندا و ئێرلەندا) وڵاتی سەربەخۆن، کوردستانیش لە سەر هەمان ڕێگایە، کۆبانێ بە هۆی قەدەری جوگرافی و تەعریبی پلان بۆ دارێژراوی بەعسەوە لە دوو دەستە خوشکەکەی دابڕاوە، ئەم تایبەتمەندییە وەهای کرد کە هەر زوو ببێتە جێگەی پەلاماری هێزی دژە کوردی داعش، پێش هەموو جێگایەکی تری کوردستان، ئێمە لە پەرلەمان لە بەرواری ١٣/ تەمووز، لە ڕێگای بەیاننامەیەکەوە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیمان لە هەڕەشەی داعش لە سەر کۆبانێ ئاگادار کردۆتەوە، پاش ڕوودانی جینۆسایدەکەی شنگال پەرلەمان زۆر چالاکانە لە هەوڵی بە جینۆساید ناساندنیەتی لە بالاترین ئاستی نێو دەوڵەتیدا، هەمیشە کۆبانێ و شنگالمان پێکەوە ئاماژەمان پێداوە، ئەمڕۆ داعش لە

خانەقینەوە هەتا کۆبانێ کردۆتە ئامانج، ئێمە لە باشوور و براو خوشکەکانمان لە رۆژ ئاوا دژ بەیەك دوژمن دەجەنگین، خاوەن یەك چارەنووسین، دەبێت راستگۆیانە براو هاوپشتی یەك بین، نابێت سنوور و ئامانجی حزبی و خواستی تەسك لێکمان جیا بکاتەوە، پەرلەمانی کوردستان لەم خولەیدا بە رۆحیکی نیشتیمانی و دوور لە ئەجێندای حیزبی مامەڵەی لەگەڵ گشت لایەنەکانی کوردستانی گەورەدا کردووە، یەکەم جار نوێنەری پارتە سیاسییەکانی باکوور لەم خولە بەشێوەیەکی فەرمی هاتنە باڵاخانەی پەرلەمان و، پێشوازیان لێکرا، هەروەها نوێنەری پارتەکانی رۆژ ئاوا، دوای ئەم کۆبوونەوەیەش بەشێوەیەکی فەرمی داوەتی کانتۆنەکانی رۆژ ئاوا دەکەین بۆ ئەوەی بێنە پەرلەمانی کوردستان لە نزیکەوە بەیەکەوە دابنیشین و هەرچییەك پێویست بێ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پشتگیری و پشتیوانی ئەوان بین، رۆژ ئاوا لە سەرەتای پرۆسەی هاتنە بوونیەتی بۆ نێو سیستمی سیاسیی ناوچەکە، ئەم پرۆسەیە وەك لە ئەزموونی کوردستانی باشووردا دەیبینین کات خایەن و پڕ ئەرکە، دروست بوونی کانتۆنەکان قۆناغی سەرەتایە بۆ بنیاتنانی حکومەتی خۆ بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووس، ئەم کانتۆنانە دوا شێوازی حوکمڕانی نین لە رۆژ ئاوا، بەڵکو تەنها شێوازی سەرەتان، ئێمە ئاگادارین لە سیمبولیەتی دان پێدانان لە ئاگایی تاك بە تاکی خەڵکی کورددا، خەڵکی کوردستان حەقیانە کە داوای ئەوە بکەن پەرلەمان دەبێ دان بە کانتۆنەکانی رۆژ ئاوا دابنێت، ئێمەی کورد لە رابوردوودا بە هەموو جۆرێك رووبەڕووی نکوڵی لێکردن و سڕینەوەو تەنانەت شێوازی جۆراوجۆری قڕکردن بووینەتەوە، ئا لەم پاشخانە پڕ لە ناسۆرەوەیە خەڵکی کوردستان داوای دانپێدان دەکەن، پەرلەمانی کوردستان هەرگیز لاری نەبووە لە بەفەرمی مامەڵەکردن لەگەڵ کانتۆنەکان، چونکە هەر لە سەرەتاوە وەك لایەنێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ کردوون و ماڵێك بووە بۆ لە باوەشکردنی هەمووان، کاتێك لە نیوە زیاتری ئەندامانی پەرلەمان بە ژمارەی جیاواز لە فڕاکسیۆنە جیاوازەکان هەندێك فڕاکسیۆن بە (٢٠) ئەندام و، هەندێك بە (١٣) ئەندام و ئەوانی تریش بە ژمارەی جیاواز داوای دانپێدانی هەرێمی رۆژ ئاوایان کرد، ئێمە ئەو پرۆژەیەمان تەنها لە رووی هاوپشتی نیشتیمانی و هاوسۆزی نەتەوایەتییەوە نەبینی، بەڵکو هەوڵماندا وەها ببینین کە چۆن لە سەر بنەمایەکی هەندە تۆکمە بێتە ئاراوە، ببێت بە دەروازەیەك بۆ دانپێدانانێکی نێو دەوڵەتی، برایان و خوشکانمان لە رۆژئاوا، دڵنیان لە دانپێدانانی ئێمە، لە پشتیوانی ئێمە، ئەوەی ئەوان خوازیاری نین پشتیوانی زیاتری کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییە، ئێمە لەو بارەیەوە درێغیمان نەکردووە، بەداخەوە هاوکێشەکانی ناوچەکە ئاڵۆزن و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش لە بەرژەوەندی تر دەگەڕێ، ئەوەی گرنگە لەو بارەیەوە بیڵێیم ئەوەیە کە هەتا پەرلەمانی کوردستان شەرعیەتی زیاتر بێت کاریگەری لە سەر ناساندنی کانتۆنەکانی رۆژئاوا لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکاندا زیاتر دەبێت، پەرلەمان رێگای هێرش کردنە سەر و ناو زڕاندن و یاری میدیاییەوە شەرعییەت بەهێز نابێت، ئەوەی شەرعییەتی زیاتر دەکات کارکردنیەتی بە یاساو بوونیەتی وەك ماڵی تەشریع کردنی یاسا لە پێناو باشترین نوێنەرایەتی خەڵك و سەپاندنی دیموکراسی، ئەمڕۆ ئێمە شایەت حاڵی ساتێکی ترین لە ساتە پڕ تراژیدیاکانی مێژووی کورد، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین چۆن رۆژئاوا

وەك بوونێكی جیاواز وەك كارەكتەرێكی نوێ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە بوون، بەهیوام ئەم ئامانجە پاڵنەرمان بێت بۆ پێكەوە كاركردن سەرباری جیاوازییەكانمان، گەر خەڵك لە رێگای حیزبەكانەوە نوێنەرایەتی كراون ئەوا دەبێت حیزبەكان لە ئاست نوێنەرایەتی خەڵك دابن، نوێنەرایەتی ئیتیكتی تایبەتی خۆی هەیە، ئێستاش داوا لە شاندی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان دەكەین كە سەردانی رۆژئاوایان كردبوو با بفەرموون بۆ سەر منەصە، تا بەڕێزان ئەندامانی شاندی پەرلەمانی كوردستان بۆ كۆبانێ ئامادە دەبن، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەم ناوەكانی ئامادەنەبووانی كۆبوونەوەی پێشوو بخوێنێتەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی یاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٣٠دا مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(ادریس علی اسلام ـ مۆڵەت، پەری صالح حمید ـ مۆڵەت، زانا عبدالرحمن عبدالله ـ مۆڵەت، زۆزان صادق سعید ـ مۆڵەت، سهراب میكائیل محمد ـ مۆڵەت، عزت صابر اسماعیل ـ مۆڵەت، محمود عمرصالح مۆڵەت)، ناوی ئەندامانی ئامادە نەبوو لە كۆبوونەوەی لیژنەكان لە بەرواری ٢٠١٤/٢/١٢، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ لیژنەی ئاوەدانكرنەوەو نیشتەجێكردن ٢٠١٤/١٠/١٢، رۆژی یەكشەممە پەرلەمانتار نەجات محمد عبدالله ئامادە نەبووە، بەڵام مۆڵەت بووە.

٢ ـ لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی٢٠١٤/١٠/١٢، رۆژی یەكشەممە پەری صالح حمید مۆڵەت بووە.

٣ ـ لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی ٢٠١٤/١٠/١٢، رۆژی یەكشەممە پەرلەمانتار محمد صادق سعید ـ نەهاتووە، باپیر كامەلا ـ مۆڵەت، یعقوب گورگیس ـ مۆڵەت.

تێبینی ئەم لیژنانەی خوارەوە كۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە:

١ ـ لیژنەی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان

٢ ـ لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت

٣ ـ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

٤ ـ لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە

٥ ـ لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان

٦ ـ لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان

٧ ـ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس موداخەلەك هەی مە  كۆبوونەوە كری نزانم كاك فخرالدين گوتی كۆبوونەوە نەكريە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهيم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی خشتەی كارەكان ئێمە كۆبوونەوەمان كردووە.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عزت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی دارایی و ئابووری لە دوو رۆژی رابوردوودا بە رەزامەندی بەڕێزتان و بە ئاگاداری بەڕێزتان بەشداری كردووە لە وۆرك شۆپێكی زۆر بە بەرهەم بۆ چاككردنی سیستەمی دارایی لە هەرێمی كوردستان، بۆیە بە نووسراو لەلایەن بەڕێزتانەوە ئاگاداركراوین و بانگهێشتنامەش بۆ بەڕێزتان نێردراوە، بۆیە ئەمە خۆی كافيە بۆ ئەوەی غايب نەدرێن.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەرۆكی ليژنەكانی پەرلەمانی كوردستان لە حاڵەتێكی لەم  شێوەیەدا كە ناتوانن كۆبوونەوەكان ئەنجام بدەن وە سەرقاڵی كاری ترن، بە نووسراوێك كاروباری ليژنەكانی پەرلەمان ئاگادار بكەنەوە كە لەبەر چ ئيلتيزامێك كۆبوونەوەتان ئەنجام نەداوە، فەرموو كاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆبوونەوەی ليژنەكەمان لە رۆژی (١٢)ی مانگ خاتوو نجاة محمد عبدالله بە ئەركی ليژنە لە دهۆك مابۆوە لەبەر ئەوە بەدواداچوونێكی هەبووە بۆ كاروباری ليژنە، بۆ ئاگاداريتان.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سكرتێری پەرلەمان باسی كردووە كە ئەو مۆڵەتی هەیە، فەرموو شيلان خان.

**بەڕێز شيلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو ليژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی رۆژی یەكشەممە كۆبوونەوەی خۆمان تەئجيل كردووە، رۆژی دووشەممە ئەنجاممانداوە و، بە راپۆرتيش سەرۆكايەتيمان ئاگادار كردۆتەوە.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا له بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كه كورتەیەك له كۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو زولفا خان.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمه به نووسراو دەستەی سەرۆكایەتیمان ئاگادار كردۆتەوە كه كۆبوونەوەی لیژنەمان تەئجیل كردووە، بۆ ڕۆژی چوارشەممە و، هۆكارەكەشمان نووسیوە دیاریمان كردووە كه لەبەر چی تەئجیلمان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكانیش كۆبوونەوەی یەكشەممە له ڕۆژی دووشەممە ئەنجامداوە و له سایتی پەرلەمانیشدا هەیه بۆ ئاگاداریتان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها دوو لیژنه هۆكاری كۆبوونەوە نەكردنیان له بەرواری دیاریكراودا لای ئێمه هەیه پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان لەگەڵ شارەوانییەكان، ئەوەی كه خوێندرایەوە له ناوی ئامادەنەبووان و كۆنەبوونەوەی لیژنەكان لەلایەن كاروباری پەرلەمانەوە به ئێمه گەیشتووە بەو شێوەیە، بۆیه پێویسته هەر لیژنەیەك كه كۆبوونەوەی نییه به فەرمی ئێمه ئاگادار بكاتەوە، بۆ ئەوەی به مۆڵەت حیساب بكرێ، نەك كۆبوونەوەیان نەكردبێ، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣) له بەرواری ٢٠١٤/٩/٣٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

١ ـ دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە.

٢ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

٣ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو له كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگیری سەرۆكی پەرلەمانەوە.

٤ ـ خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

٥ ـ پەسندكردنی پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی كوردستان ـ عێراق.

٦ ـ گفتوگۆكردن له سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كه دواخرا بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ.

٧ ـ خوێندنەوەی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان، وەڵامی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەن بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان و جێگیری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمانەوە.

٨ ـ خوێندنەوەی چەند بیرۆکەیەك و یاداشتێك لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و ڕەوشی کۆبانێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردن لە سەر ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ، بەڵام لە سەرەتادا بەڕێز سەرۆکی شاندەکە ڕاپۆرتی شاندەکەیان دەخوێنێتەوە با بفەرمووێت.

**بەڕێز ابوبکرعمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان، پاش سەردانی شاری کۆبانێ و خاتوو امنە زکریش لە شاشە عەرزی ئەو سەردانەمان پیشان دەدا بە چڕو پڕی بۆ ئەوەی وێنەکە لای جەنابتان ڕۆشن تر بێ، لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٤/١٠/٦دا شاندێکی پەرلەمان کە پێك هاتبوو لە (١٠) پەرلەمانتار لە سەرجەم فراکسیۆن و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لە ٢٠١٤/١٠/٧دا بە مەبەستی سەردانی کانتۆنی کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو وڵاتی تورکیا بەرێکەوت، شاندەکە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (ابوبکر هەڵەدنی) لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و سەرۆکی شاندەکە، (امنە زکری) لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، (محمود حاجی عمر) لە فراکسیۆنی گۆڕان، (سعید محمد سعید (سعید مەسیفی)) لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ((عبدالرحمن فارس) ابو کاروان) لە فراکسیۆنی حیزبی شیوعی، (عمر مصطفی (د. شوان قەڵادزەیی)) لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی، (یروانت نیسان) لە فراکسیۆنی کلدان و سریان و ئاشوور و ئەرمەن، باپیر کامەلا) لە فراکسیۆنی ئاڕاستەی سێیەم، (ایدن معروف) لە فراکسیۆنی تورکمان، (سۆران عمر) لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر ئەم سەحکەینە جوغرافیا کۆبانێ، کۆبانێ دکەویتە سەر سنووری ڕۆژ ئاڤا و باکووری کوردستانێ کو ژ لایێ کارگێریڤە سەر ب پارێزگاها حەلەبێدایە، (١٥٠) کیلومەترا ژ سەنتەرێ حەلەبێدا دوورە، ئەگەر کۆبانێ ب خۆ (٣٨٤) گوندێت بچیك پێ دێتن، کو ژمارە دانیشتووی وێ، ئاکنجیێ وێ (٤٦٠) هەزار کەسن، کو بەشی هەرە زۆری وان کوردن، کۆبانێ گرنگیا خویا هەی بۆ هێزە تیرۆرستێ داعش ژ بو هەندێ کو دەستێ

خۆ دانە سەر، ژ ئالیەکی دیڤە د کار ئاسانیا بۆ داعش کەتن کو لایێ جوگرافییێ ڤە ناوچەیێن سنووریا ما بەینا رۆژ ئاڤاییێ کوردستانێ باکوورێ و کوردستانێ پێکڤە گرێدەت، ستراتیژیەتە کۆبانێ یا هەندێ دا کو پشتی ڤامیشلۆ و عەفرینێ مەزنترین باژێڕی کوردی دێتە حسیب کرن، ئەگەر ئەم سەحکەینێ بزڤڕمە سلایدێ بەرە نووکە، ژ ئالێێ رۆژ ئاڤایی ڤە عەفرینە و، ژ ئالێی رۆژهەلاتێ دا جزیرەیا یەعنی هەردوو بەشی عەفرین و جەزیرێ، یەعنی مەبەستا من ئەوا ئەگەر ئەڤ مەنتەقە بێتە گرتن ژ لای تیرۆریستی داعش ڤە خەتەر سەر هەردوو کانتۆنی دیتر دا هەی، ئەگەر کۆبانێ بکەویتە دەستی داعشەوە ئەم ناوچە هەمی ب تەمامی ئەو ناوچێ کو ژێر دەستی داعشدا، هەروەسا ئەڤ ناوچە خۆ ب درێژاییا (١٣٦) کیلۆمەترا د ئێك و دوو گرێ داتن، سنووری تورکیا حەتا د گەهێتا ئەعزازێ و، پشتێنەیەکا یا سنووریش بۆ داعش دروست بیتن کو د کەڤیتە سەر سنووری تورکیا، هاتن و چوون و جوولاندن یا داعش د گەلەك ب ساناهی کەڤێتن هەر چوار ئاستێت رۆژهەلات، رۆژ ئاڤا، باشوور و باکووردا هەتا دگەهێتا تیراتیا سووریا کو گەهێتا رقه و حلب، سپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکرعمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رۆژی یەکەم ٢٠١٤/١٠/٧ شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان لە شاری ماردین لەلایەن (احمد تورك) سەرۆکی شارەوانی ماردین و خاتوو (مولکیا بیتانا) ئەندامی پەرلەمانی باکووری کوردستان پێشوازی کراو باس لە بارودۆخی باکووری کوردستان و دۆخی کۆبانێ کرا، ناوبراو راشکاوانە پێیوتین جگە لە دەروازەی سەر سنووری تورکیا بەرەو کۆبانێ هیچ رێگایەکی تر نییە بۆ گەیاندنی کۆمەك بە کۆبانێ، پاش نیوەڕۆ شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان لە ماردینەوە بە هاوڕێیەتی پەرلەمانتار خاتوو (مولکیا بیتانا) بەرەو کۆبانێ بەڕێ کەوت، بەڵام لە شاری (قزل تەپە) بە هۆی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئەو شارۆچکەیە بەرامبەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا لە بەرامبەر کۆبانێ کاتژمێرو نیوێك ئاستەنگی بۆ دروست کردین، شاندەکە گەیشتە قەزای (سروچ پرسوس) لەلایەن پەرلەمانتاران (ابراهیم بینیسی و ئارۆل دۆرا و ابراهیم ئایهان و اسعد جانان و حیلمی ئایدغدۆ و سەلن مرزاقلو) ئەندامانی دیوانی بەدەپە پێشوازی کران و لە کۆبوونەوەیەکدا لە بارەگای بەدەپە لەگەڵ پەرلەمانتاران سەرەتا سڵاوی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرجەم پەرلەمانتاران و گەلی کورد لە باشووری کوردستان گەیەنرایە ئامادەبووان و ئامانجی سەردانی شاندەکە خرایە روو، داواکاری پەرلەمانتارانی باکوور بۆ بەدەمەوەچوونی کۆبانێ گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم سەحکەینە بەحسێ باژێرێ قزلتە پێ هاتە کرن، د وێرێدا خۆپیشاندانەکا یا گەلەك توند ژ ئالیێ هاوولاتی مە یان ژ کوردی باکووری هاتە ئەنجامدان، ئەگەر ئەم سەحکەینە ڤان سێ وێنە جان دیارە کا ب چ شێوازە رێگری مە هاتە کرن، شارع هەمی ئاگر سەر بوو گەلەك ب زەحمەتی ئەم چووین تورومبیلە مە وێرێ دەرباز بن، ئەگەر پەرلەمانتارێ باکووری گەل مە نەبوون ئەم زەحمەت بوو ئەم بشێن وێرێ ئاسان دەرباز بووین، کێشەی دیتر ئەوە بوو هەر سەیارەکا یا باشووری کوردستانێ داخلێ باکوورێ بوو توندو تیژی بەرامبەر هاتنە کرن، جام هاتنە شکاندن، سەیارێت وان نەشێت حەرەکەی پێ بدەن، یەعنی ل ڤێ وینەدا بە باشی دیارە ئەڤە ژی ئێکی سەبەبی کو ئەم درەنگ بگەهینە سنووری.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو  کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکرعمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی هەردوو لا بیروڕای خۆیان گەیاندە میدیاکان و پەرلەمانتارانی باکوور سەردانەکەیان بەرز نرخاند سەرەڕای درەنگ وەختی سەردانەکە، هەمان کات شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان لە بارەگای بەدەپە لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردی سوریا (ئەنەکەسە) کۆبوویەوە کە پێك هاتبوون لەم (١١) لایەن، (پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا) (پارتی دیموکراتی پێشکەوتووی کورد لە سوریا) (پارتی یەکێتی کورد لە سوریا) (بزووتنەوەی چاکسازی کورد لە سوریا) (پارتی ویفاقی کورد لە سوریا) (پارتی نیشتیمانی کورد لە سوریا) (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا ﴿الپارتی﴾) (پارتی یەکسانی کورد لە سوریا) (پارتی ئازادی کورد لە سوریا) (پارتی ئازادی کورد بزووتنەوەی لاوانی کورد)ی ئەنەکەسە بە ئاشکرا باسیان لە ناکۆکیەکانیان کرد لەگەڵ پەیەدەو دەیانگوت پەیەدە رێگە بە بوونی ئەوان نادات، هەرچەندە ئەنەکەسە (١١) لایەن لە خۆ دەگرێت، هیچ شەڕوانێکیان نییە لە کۆبانێ بۆ بەرگریکردن لەو شارە، سەرەڕای ئەوەی بانگەوازیان بۆ سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانیان کردووە تاوەکو چەك هەڵگرن بۆ بەرگری لە کۆبانێ، سەدان گەنج و خەڵکی سەربەخۆیان هەیە، شاندی پەرلەمانی کوردستان داوای کرد لەم کاتەدا هەموو لایەنەکانی رۆژ ئاوا ناکۆکییەکان وەلا بنێن و یەك دەنگ و یەك دەست رۆژئاوا بەگشتی و کۆبانێ بەتایبەتی لە مەترسی و پەلامارەکانی داعش بپارێزن هاوشێوەی باشووری کوردستان، رۆژی دووەم ٢٠١٤/١٠/٨ شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان خاتوو (عائیشە فندی) سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لە کانتۆنی کۆبانێ و (پایزە عبدی) ئەندامی ئەنجومەنی کانتۆنی کۆبانێ و (ابوبکر حلفی) بەرپرسی پەیوەندییەکانی پەیەدە و (حسام الدین زیندر لیۆگلۆ) ئەندامی پەرلەمان لە باکووری کوردستان (سلمی ئیرماك) ئەندامی پەرلەمان و هاوسەرۆکی کەجەدە کۆبوویەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لە کانتۆنی کۆبانێ

نیگەرانی لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەڵام سەردانی شاندەکەی پەرلەمانی بە گرنگ وەسف کرد (سلمی ئیرماك) گوتی: ئەگەر هاتنی شاندی پەرلەمانتارانی باشووری کوردستان تەنها بۆ نیشاندانی یەك ریزی گەلی کوردستان بێت زۆر جێی بایەخە و پەیامێکی گەورەی تێدایە بۆ پرسی نەتەوەییمان، شاندەکە لە دۆخی کۆبانێ و شەڕوانانی پرسی، زانیاری وردیان خستە بەردەست شاندەکە لە پێویستی هەنووکەیی شەڕوانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشە دڕندانەیەی کە لە ٢٠١٤/٩/١٥وە داعش کردوویەتیە سەر کۆبانێ، ئاماژەشیان بەوە کرد داعش چەکی قورس و پێشکەوتووی لە دەست دایە و شەڕوانانیش چەکی سووك و کۆنیان پێیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلامارەکانی داعش.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر د رۆژا دووێ دا مە سەرەدانا کەمپا کر بۆ هەندێ کە ئەم ژ نزیك بزانین رەوشا خەڵکی چ ئاسایە، ئایا هەتا نووکە هیچ رێکخراوەکی نەتەوەیی یەکگرتی کۆمەڵگەهێ مەدەنی مافێ مرۆڤ یان هەر لایەنەکی سەرەدانا کەمپا کریا؟ چ پێشکەشی وان کریا؟ بوومە دەرکەڤت کو پشتی سەرەدانا مە ڤەزا (پرسوسێ)، دیڤ ئامارێت کو هەم ژ لایێ وەلی ئورفایێ هەم ژ لایێ ریڤەبەری کەمپێ گوتینا، مەسەلەن (١٨٠) هەزار ئاوارە ژ سنوورێ رۆژئاڤایێ کوردستانێ بەرەڤ باکووری کوردستانێ هاتین هەتا نووکە (٧) کەمپێ مەزن ێت هاتینە دروست کرن، کو هەر کەمپەك (٢٥٠٠) کەسە دخودا گریتن و، ژمارە کەمپی بچووك (٣٦) کەمپێن بچێکی هاتیە جێکرن کو هەر کەمپێ (٢٠٠) هەتا (٣٠٠) بخووە گریتن، لێ ب راستی رەوشا یا ئاوارە ئاستەکی نەیێ مرۆڤایەتی و دۆخێ وان خراپە و، پێتڤییە هاریکاری تەندروستی پێداویستی زستانێنە، بۆ دابین کرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکرعمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاشان شاندەکە بەهاوڕێیەتی پەرلەمانتارانی باکوور سەردانی ئاوارەکانی کوبانێ کرد لە شارۆچکەی (سروچ) کە ژمارەیان نزیك (١٨٠) هەزار کەسە، لە (٧) کەمپی گەورە دان کە هەر کەمپێك (٢٥٠٠) کەس لە خۆ دەگرێ لەگەڵ (٣٦) کەمپی بچووك کە هەر یەکەیان (٢٠٠) تا (٣٠٠) کەسی تێدایە و ئەو ئاوارانە لە دۆخێکی خراپی مرۆیی دان و پێویستیان بە هاوکاری خێرایە لە رووی تەندروستی و کەل و پەل و پێداویستی زستانە، بە وتەی پەرلەمانتارانی باکوور تەنها شارەوانییەکان هاوکاری پێشکەش بە ئاوارەکان

کردووه و بەشی زۆری ئاوارەکان لە نێو گوند و ماڵ و بارەگا و شارۆچکەکانی تردا جێگەیان کراوەتەوە، هاوکات شاندەکەی پەرلەمان سەردانی کۆگای کۆمەکی ئاوارەکانی کرد لە (سروچ) و لە کۆبوونەوەیەکدا پاش تاوتوێکردن و داواکاری هەنووکەیی ئاوارەکان دەربارەی چۆنیەتی پێشکەشکردن و ئەو کۆمەکەی کە پەرلەمانی کوردستان دابینی کرد بۆ ئاوارەکانی کۆبانێ، بۆیە بڕیارماندا شاندەکە بکەین بە دوو گرووپ بەڕێز (پروانت نیسان) چووە شاری غازی عەنتاب بۆ دابینکردنی (٢٦٠) خیوەتی زستانە و (١٤٠٠) بەتانی، تاکو کەمپێکی پێ دروست بکەین بەناوی پەرلەمانی کوردستان و لە چەند رۆژی ئایندەدا پێداویستییەکانی کەمپەکە ئامادە دەبن، پاش نیوەڕۆی ٢٠١٤/١٠/٨ شاندەکە لە (پرسوسەوە) بەڕێکەوت بەرەو سنووری کۆبانێ بازگەی یەکەمی بڕی، بەڵام بازگەی دووەم کە بەهێزی سەربازی تورکیا رێگری کرا بەهیچ شێوەیەك رێگایان نەدا شاندەکە بچێتە کۆبانێ، بەهۆی هەبوونی شەڕی قورسی کۆڵان بە کۆڵان لە کۆبانێ، پاش ماوەیەك ماینەوە لە سەر سنووری کۆبانێ سەردانی گوندی (دەوەشان) نزیك کۆبانێمان کرد لەسەر سنوور و لەلایەن جەماوەرێکی زۆری رۆژئاواو باکوور پێشوازی کراین و، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بە ئامادەبوونی (سلمی ئێرماك) هاوسەرۆکی کەجەدەو (فائزە عبدی) ئەندامی ئەنجومەنی کانتۆنی کۆبانێ جارێکی تر سڵاو و پەیامی گەلی کوردستان لە باشوور و سەرۆکایەتی پەرلەمان گەیەنرایە ئامادەبووان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەم سەحکەینە ڤی وێنەی ئەڤە بازگەها یا ئێکێا کو دەوڵەتە تورکیا ژ بەر حیجەتێ یان ژ بێژین ژ بەر باری ئەمنی کۆبانێ نەدهیلا درباز ببین، ئەڤە بازگەها ئێکێا کو ئەم شییان لێ دەرباز بین، بازگەها دوویێ کو د بینن گەلەك جەندرمە تورکیا ژی وێرێ حازرن نەتهێلان بە هیچ رەنگەکی گوتن مەسئولیەتا کو ئەم بهێلین دەرباز ببن و، شەڕەکی مەزن، شەڕە تەڤە یەعنی مەگولێت بوو، ب چاڤی خو ژی دیت وەختێ دووکەل ژ باژێڕێ کۆبانێ بڵند بوو و، هەر هەمان دەما ژی تەیارێن هێزی هاڤپەیمان ژی بە توندی ئەو بەشی کو داعش تێدا هەی بۆردومان دکەن، ئەڤە یا رۆژا دوویێیا ژ بەر هەندێ ئەم بڕیار دا کو بەرەڤ گوندی (دەوەشان) بچین وێرێ جڤینەکێ دگەل خەڵکی وێرێ باشتر بوو، چونکە سنوورێ ما بەینا وێرێ و، هەروەسا کۆبانێ گەلەك نزیك تر بوو ئەو جهێ ئەم لێ بووین، هەمی رووداو مە ب چاوێ خو دیتن، ژ بەر هەندێ مە رۆژا سێی مە دیسان هەندەك پەرلەمانتار ئیسرار کر کو بەردەوام بین ژبۆ هەندێ کو نا رازینا خو ژ دەربڕین بەرەڤ کۆبانێ بچین، ئەو بۆ ماوێ چەند خولەکە وەك نا رازی دەربڕین ئەم رینشنە خارێ ڤێرێ ئەم داخازی ژ کر کو ئەم د سەر مەسئوولیەتا خۆ داخلێ کۆبانێ بین هەر تشتەك ژی پێش بهێتن ئەم مەسئوولیەتە هلگرین، ئەو بوو پشتی نا رازی بوونا مە والیێ ئورفایێ دگەل پەیوەندی کرن ب

سوپاسیەوە هەردوو پەرلەمانتارێن بەڕێز (اسعد جانان و مولكیە بیرتانا) بەردەوام ژ پەیوەندیا دا بوون هەتا شیان وێرێ ئیجازەی بوومە وەربگرن بەرەو كۆبانێ بچین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبكرعمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رۆژی سێیەم ٢٠١٤/١٠/٩، شاندەكە سوور بوو لە سەر ئەوەی بگاتە كۆبانێ پاش مانەوە بۆ چەند كاتژمێرێك لە سەر سنوور وەك دەربڕینی نا رەزایەتی، بەرپرسانی ئەمنی پارێزگای شاری ئۆرفە رەزامەندیان نیشاندا لە سەر ئەوەی تەنها پەرلەمانتاران بچنە كۆبانێ لەگەڵ شاندەكەی پەرلەمانی كوردستان بۆ ناو كۆبانێ، هەردوو پەرلەمانتارانی باكوور (اسعد جانان و مولكیە بیرتانا) هاوڕێیەتی شاندەكە بوون، كاتێك گەیشتینە دەرگای نێوان كۆبانێ و توركیا كە دەكاتە باكووری رۆژئاوای كۆبانێ لە سەر سنوور لەو كاتە شەڕ لە نێوان شەڕڤانان و داعش لە ناو كۆڵانەكان بەردەوامی هەبوو، بۆردومانی فڕۆكە لە سەر ئەو ناوچەیە هەبوو لەوێ چەند هاووڵاتییەكی مەدەنیمان بینی لەگەڵ ئەوەی رۆژانە بە تەلەفۆن لەگەڵ خاتوو (اسیا عبدالله) هاوسەرۆكی پەیەدە لە پەیوەندی بەردەوامدا بووین، پەرلەمانتارانی باكووریش وتیان ئەگەر شەڕڤانان لە جێگاكانی خۆیان دەربچن بۆ لای ئێمە مەترسی لە سەر ژیانیان دروست دەبێت، لە كاتێكدا ئەوان لە نێو ماڵ و كۆڵانەكانی كۆبانێ لە شەڕو بەرگریەكی سەختدان، بۆیە دوای راوێژ شاندەكە بڕیاریاندا لەم دۆخەدا لەگەڵ شەڕوانان كۆ نەبێتەوە، دوایی پاش كاتژمێرێك شاندەكە گەڕایەوە سەر سنوور و هەر لەوێ لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا ئەم بەیاننامەمان بڵاوكردەوە كە ئەمە دەقەكەیەتی..............

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورە، فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕۆژە كو ئەم داخلێ باكوورێ كوردستانێ بووین، هێرشێن هێزین هاڤپەیمانا گۆڕانكاری ب سەر داهات بوو، هەتا بەرا ئەو ڕۆژە كو ئەم داخیل بین هێزێن هەڤپەیمانێ ب شەڤ بوردمانا هێزێن تیرۆرستیەن داعش كەت، ل ئەوڕۆژە ئەم داخلێ باكوورێت كوردستانێ بووین خەڵكێ وێرێ و پەرلەمانتارێت مە گوتنا مە كو هێرشێن یەن ئاسمانی نووكە ب ڕۆژێ تێنە ئەنجام دان، گۆڕانكاریا ب خۆ دیتی، تشتەكی دی حەز دكەین ئاماژە پێ بدەین دەرگەهێ سنووری ڕۆژئاڤا بۆ باكووری ڤەكری بوو، یەعنی هەر خەڵكەكی هاتبا داخلی باكوورێت با وەكی وی وێنێ ل سەری دا دیارە، خەلك داخل بووە، ل باكوورێ بۆ ڕۆژئاڤا دەرگەهێ

گشتی کو رێ نەدا هیچ لایەنەك کو تێدا حازر بیتن، ل ڤێ وێنەی دا ئەگەر سەح کەین ئەڤە ئالاَی داعشە ل سەر ڤی گری، کو یا دیارە پاش هاتنا مە بۆ کۆبانێ، و ئەڤە ژی هێرشێن یەن فرۆکەین هێزێن هاڤپەیمانا کو چەند نزیکا مە هاتیە ئەنجام دان، ئەگەر ئەم سەح کەین ئەو نەخشێت کو شاند داخیل بووی، ئەڤ گرە کو ئەم وێنێ نیشاندای، ئەو گرێ کو ئالاَییەت داعیش چکراندیە، ئەڤ مەنتەقە هەمی ل دەستێت داعش دا، یەعنی ئەگەر سەح کەین ئەم ڤی بەشێت دا داخیل بووین، کو وێنێت وێ...کاك کاروانێت بێژتە من غەلەتی گوتی، ئەو جێییێت کو وێنەیەت نیشان دا، ئەڤ مەنتەقە هەمیا ل دەستێ داعشە، ئەگەر سەح کەین نەخشە نزیکە بە، ئەڤە سنوورێ تورکیا بۆ ڕۆژئاڤایا کوردستانێیە، ئەم ڤێ حدودێ بووین، ئەڤە هێزێن شەڕڤان تێدا بوون، ئەز دخازم هەندەك پارچە فیلما نیشاناوە بدەین......

**بەڕێز ابو بکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەو شوێنانەی ئامینە خان ئاماژەی پێدا کە داعیشی لێیە، شەڕڤانیانی یەپەکە وتیان لەو کاتەدا بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان هەبوو، لەبەر ئەوە سەرجەم ئەو شوێنانە گیرانەوە کە گەڕەکەکانی (کانی عرب، کانی کوردە، ئاسایش، پشتە نوور)، هەمو ئەو شوێنانە دواتر گیرانەوە لە ئەنجامی هێرشێك، چەند کوژار و (١١) دیلیشیان لە داعیش گرتبوو، ئەمەش بەیاننامەی پەرلەمانی کوردستانە کە لە سنووری کۆبانێ دوای گەڕانەوەمان خوێندمانەوە، لە ئەنجامی بەدواداچوونمان لە دوو ڕۆژی ڕابردوو بۆ ڕەوشی کۆبانێ و، زنجیرەیەك دیدار و سەردانی مەیدانی لەگەڵ پەرلەمانتارانی باکوری کوردستان و سەرۆکی شارەوانی ماردین و ئەنجومەنی کۆبانێ ونوێنەرانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سوریا و سەرکردە مەیدانییەکانی یەپەدە و شەڕڤانانی یەپەکە و پژاکە و کەجەدە، ئەمڕۆ بە هاوکاری پەرلەمانتارانی باکوور و پارێزگاری ئورفا چووینە ناو کۆبانێ لە ڕێڕەوی سەرووی خۆرئاوای کۆبانێ کە لەو کاتە بۆردومانی خەستی فڕۆکەی هاوپەیمانان بۆ سەر چەکدارانی داعش هەبوو، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕوو بوونەوەی دەستە و یەخەی توونـد لە کۆڵانەکانی کۆبانێ لە ئارادابوو، لەبەر ئەوە وەفدی پەرلەمان بڕیاریدا بارگژی و ناجێگری بارودۆخەکە و بارگرانی بۆ شەڕڤانان دروست نەکات کە سەرقاڵی بەرگری بوون، لە ئەنجامی سەردانە مەیدانییەکە بۆمان دەرکەوت کە ئەگەر هاوکاری بە پەلەی نێودەوڵەتی نەگاتە کۆبانێ، ڕەوشی کۆبانێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپی ئەڕوات، بۆیە:

یەکەم: داواکارین هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش هاوکاری ڕۆژئاوا و پێشمەرگە لە باشووری کوردستان لە ڕووی چەك و کەرەستەی سەربازی بکەن، کە بە نوێنەرایەتی دونیا شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش ئەکەن.

دووەم: نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری مرۆیی بگەیەننە خۆرئاوای کوردستان، بە تایبەت کە وەرزی زستان بەڕێوەیە.

سێیەم: داوا لە وڵاتی تورکیا ئەکەین کە بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان ڕۆڵی خۆیان کاراتر بکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ خۆرئاوای کوردستان.

چوارم: هەرێمی کوردستان هەوڵی خۆی زیاتر بکات لە ڕێگەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ دۆستانی گەلەکەمان و هاوپەیمانان بۆ ڕێگەگرتن لە هەر جۆرە کارەساتێکی مرۆیی لە خۆرئاوای کوردستان.

لە کۆتاییدا خۆڕاگری گەلی خۆرئاوای کوردستان و شەرڤانانی قارەمان لە بەرگری کردن لە خاکی کوردستان بەرز دەنرخێنین، هەروەها سوپاسی ئەو هەموو وڵات و هێز و ڕێکخراو و شارەوانییەکانی باکووری کوردستان ئەکەین کە لەم دۆخە نا هەموارە یارمەتیدەرمان بوون لە کۆبانێ، سڵاو لە شەهیدانی کۆبانێ و ڕێگەی پاراستنی خاك و خەڵك و کوردستان، سەرکەوتن هەر بۆ گەلی خۆڕاگری کۆبانێ و گەلی کوردستانە، شاندی پەرلەمانی کوردستان، سنووری کۆبانێ، ٢٠١٤/١٠/٩.

پاشان شاندی پەرلەمان سەردانی (عیزالدین کوجوك)ی پارێزگاری شاری ئۆرفای کرد، باس لە ڕەوشی ئاوەرەکانی سنووری کۆبانێ کرا، دەربارەی خراپی گوزەرانی ئاوارەکان و خراپی پێداویستییەکانیان و، پارێزگاری ئورفا باسی لەوە کرد سەرڤاڵی دروست کردنی کەمپێکن کە (٥) هەزار خێزان لەخۆ ئەگرێ، دەربارەی بەدەم هاتنی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ (١،٨٠٠٠٠٠) ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار ئاوارەی سوریا (٢٠٠ ) ملیۆن دۆلاریان لە (UN) وەرگرتووە، لەو بڕە پارەیش پێداویستی ئاوارەکان دابین ئەکەن، ئاوارەکان عەرەب و تورکمان و (٤٦) هەزار ئاوارەی شەنگال بوونی هەیە، ناوبراو وتیشی لە (سروچ) نەخۆشخانەیەکی تایبەتیان دابین کردووە بۆ ئاوارەکان و (٤١٥) برینداریشیان لێ چارەسەر کردووە، دەربارەی هاوکاری کردنی کۆبانێ پارێزگاری ئورفا وتی ئێمە چەك نادەین بە شەرڤانانی پەیەدە، دواتر بکەوێتە دەست پەکەکە و شەڕی تورکیای پێ بکەن، خەڵکی کۆبانێ ئاماژەیان بەوەکرد کە خەڵکێکی زۆریان لە گوندی (عەلی گۆڕ) دەستگیر کراوە کاتێ گەیشتوونەتە باکوری کوردستان و ئاوارە بوون، پارێزگاری ئورفا ئاشکرای کرد کە ئەوان (٢٢٠) کەسیان دەستگیر کردووە بە بیانووی بوونی ناویان لای تورکیا، وتیشی ئێستا گیراوەکان لە کەمپێك دان، و پەنجە مۆریان وەرئەگیرێ، پاش لێکۆڵینەوە، ئازاد ئەکرێن، پاش ئەو سەردانە شاندی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠١٤/١٠/١٠) گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و هەر لەوکاتەش لە خاڵی سنووری (ابراهیم خلیل) ـەوە بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم ئاوارەی کۆبانێ داخیلی باشووری کوردستان بوون.

**بەرێز امنە زکری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتی سەردانێت مەیدانی مە ئەنجام دای دگەل لایەنێت حکومی و دگەل خەڵکێ و دگەل سنوورێت ڕۆژئاوایەت کوردستانێ، ڕاگەهاندن کو ئەو لایەنێت کو دگەل والییێت ئورفایێ، ئاماژە دا هەندێ حەتا نووکە ئەو لایەن کو هاریکاریێ کرین، ئێك: هەیڤا سۆرا یا تورکی، دوو: ڕێکخراوە خێرخازیا بارزانییە، کو حەتا نووکە (١٢) لۆری و نیڤ خارن بۆ کۆبانێیە ناردی و، نووسینگەها جێگری سەرۆکێ پارتی بەرێز

نێچیرڤان بارزانی مەبلەغا (٢٥٠) هەزار دۆلار کو ئەڤ مەبلەغ بۆ (٦) هەزار خێزانا بۆ پێداویستیەت خارن و ژن و زارۆکا، و گەلەك تشتێت دی خەرچ کری، و تیمەکێ یە پزیشکی (١٧) کەسی ژی ل کوردێت ڕۆژئاڤا یێ ژی پێك ئینان، حەتا نووکە بەردەوام ل نڤیسینگەهێ بەرێز نێچیرڤان بارزانی ئەڤ هاریکاری و پێداویستییێت دەرمانا بۆ تێنە ڕەوانا کرن، سوپاس.

**بەرێز ابو بکر عمر(هەڵەدنی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێی باسە مانگی سووری تورکی بەردەوامە لە هاوکاری کردنی ئاوارەکان و ڕێکخراوی خێرخوازی بارزانیش (١٢) لۆری کە (١٣٦) تەن خۆراکی بۆ ناو کۆبانێ ناردووە، نووسینگەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت تیمی پزیشکی لە کوردانی ڕۆژئاوا پێکهێناوە و بەردەوام پێداویستی تەندروستی بۆیان ڕەوانە ئەکرێت و، بڕی (٥٠) هەزار دۆلاریش بۆ ئاوارەکان ڕەوانە کراوە، ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێ بۆ بەدەمەوە چوونی کۆبانێ:

١ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرجەم کونسوڵخانە و وڵاتان توانای دبلۆماسی خۆی بەکاربێنێ بۆ دروست کردنی ڕای گشتی تایبەت بە هاوکاری کردنی سەربازی و مرۆیی بۆ کۆبانێ.

٢- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات لەسەر بنەمای ڕێکەوتنامەی هەولێر.

٣- پەرلەمانی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم و سەرجەم نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە وڵاتان هەوڵەکانیان لە ڕێگەی ڕەوەندی کوردستانی و پەرلەمانتارانی ئەوروپا چڕتر بکەنەوە بۆ دروست کردنی فشار لەسەر وڵاتان بۆ بەدەم هاتنی خێرای کۆبانێ.

٤- هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێکی دیبلۆماسی بەکاربێنێ تاکو وڵاتی تورکیا ڕێگە بدات هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆبانێ بچێت.

٥- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە ئاوارەکانی کۆبانێ بکات.

٦- پێویستە سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان یەك ڕیزی و هاوسەنگی تێوانیان بپارێزن، دەرچوون لە ستراتیجی نیشتیمانیی و کۆدەنگی نیشتیمانیی هێڵی سوور بێ، چونکە یەك ڕیزیمان زامنی سەرکەوتن و بەدەم هاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

٧- نارەزایەتییەکان بۆ پشتگیری و بەدەم هاتنی خەڵك و شەرڤانانی کۆبانێ نابێت شێوازی ئاشتیانە و شارستانیانەی خۆی لەدەست بدات و پێویستە دووربێت لە توندوتێژی و بانگەشەی حیزبی.

٨- هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش هاوکاری گەلی ڕۆژئاوا و پێشمەرگە لە باکووری کوردستان لە ڕووی چەك و کەرەستەی سەربازی و لۆجستیك بکەن کە بە نوێنەرایەتی دونیا شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش ئەکەن.

٩- نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هاوکار و یارمەتییە مرۆیەکانیان بگەیەننە ئاوارەکانی خۆرئاوای کوردستان، بە تایبەت کە وەرزی زستان بەرێوەیە.

١٠- داوا لە وڵاتی تورکیا ئەکەین کە بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان ڕۆڵی خۆیان کاراتر بکەن بۆ گەیاندنی هاوکاری بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، سوپاس.

**بەرێز د. یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە بە گەرمی سوپاسی شاندی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین کە لەخۆ بردووانە بەم بارودۆخە سەختەدا ژیانی خۆیان خستە مەترسی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی کۆبانێ، و بەهەمان شێوە سوپاسی ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکەیان لێ ئەکەین، ئێستا دەست ئەکەین بە گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتەکە، (٢٧) ئەندامی پەرلەمان ناوی خۆیان نووسیوە، کێی تریش ناو ئەنووسێ با بنووسێ، دوایی گفتوگۆکان دەست پێ ئەکەین.

**بەرێز فخرادین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەرتی یەکەم (بێگەرد دڵشاد، مریم صمد، گەشە دارا، سالار محمود، خلف احمد، قادر ئۆتمان، صالح فەقێ، فەرهاد سەنگاوی، تەلار خان)، کەرتی دوو (زۆزان صادق، مدینە ایوب، محمدعلی یاسین، فیروز خان، عباس غزالی، فرحان جوهر، شوان شێخ احمد، شیلان خان، بەیار طاهر، ناظم کبیر، ئاواز حمید، علی علی هالۆ)، کەرتی سێ (ڕابوون توفیق، بهار عبدالرحمن، ایوب عبداللە، ئیڤار ابراهیم، بێستوون فائق، بەهزاد دەروێش، حسن صالح، شکریە اسماعیل، انور قادر، نجیبە لطیف، شێرکۆ جودت)، کەرتی چوار (عبداللە محمود، غریب مصطفی، ابو کاروان، منی نبی).

**بەرێز د. یوسف محمد/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان جگە لەو ناوانە پێشتر هەندێ ئەندامی پەرلەمان لای بەرێز سکرتێری پەرلەمان ناویان نووسیوە، دەست پێ ئەکەین بە خوێندنەوەی ناوەکانیان و دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، بەرێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەرێز عمر عینایت:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی سەردانی هاورێیانمان دەست خۆشیان لێ ئەکەم، بەراستی ئەرکێکی باش و هەنگاوێکی زۆر بوێرانە بوو، هەرچەند درەنگ بوو، بەڵام چوونیان باشتر بوو لە نەچوونیان، ئێمە ئەزانین کە کۆبانێ ئێستا بۆتە سیمبولی بەرگری کردن لە خاکی کوردستان و، لە مێژووی دوور و نزیکی شۆرشەکانی دونیا ڕووینەداوە بەم شێوەیە کچەکان و ژنان بەشداری بەرگری بکەن شان بە شانی پیاوان، لە هەندی وڵاتی وەکو (کەمبۆدیا و ڤێتنام و پۆلیڤیا)ش ڕووینەداوە کاریگەریگەری ژنان بەم شێوەیە، ئەمەش ئەبێتە جێی شانازی هەموو گەلی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، بە نەتەوەی کورد و کەمە

نەتەوایەتییەکانی تریش، من بەشداری کردن لە بەرگری کـردن لـە کۆبـانیٚ بـە ئـەرکی سەرشـانی یـەك بـە یەکی خەڵکی کوردستان ئەزانم بە ژن و پیاوەوە، ئێسـتا کۆبـانیٚ شـان بـە شـانی پێشـمەرگە قارەمانـەکان لـە جەلەولاوە بگرە تا ئەگاتە شەنگال لە سەنگەری بەرگریدان، من بەش بە حـاڵی خـۆم پشـتیوانیان ئەکـەم و، داوا ئەکەم لـە پەرلـەمانی کوردسـتان بـە بڕیارێـك دان بـنێ بـەم کانتۆنانـە، هەرچـەند پـێم بـاش بـوو ئـەم کانتۆنانە سێ بن، بەلاٌم لە ئەنجامی وتووێژ لەگەڵ ئەو برایانە، تەنانەت لەگـەڵ بـەرێز سـەرۆکی پەرلـەمان کـە سـەردانی نوێنەرایـەتی کـانتۆنی کۆبانێمـان کـرد، بـۆی ڕوون کردینـەوە کـە نـەتوانراوە لـە ڕووی جوگرافیەوە بەهۆی ئەو تەعریبەی کـراوە کانتۆنـەکان یـەك کـانتۆن بـن، لەبـەر ئـەو پرۆسـەی تەعریبـەی حیزبی بەعسی سووری کردوویەتی، بۆیە لێرەوە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرجەم هـەڤاڵانم ئەکـەم لە پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێك دان بنێین بە کانتۆنـەکان وەکـو پەرلـەمانی کوردسـتان، ئێمـە لەمـەولا قەبووڵی نوێنەرایەتیان بکەین، داوا لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەم گوشـار لەسـەر دەسـتەلاٌتی جێبـەجێکار دروست بکات بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری بە ڕۆژئاوای کوردسـتان و هاوکـاری سـەربازی بەتایبـەت، ئـەوەی ئێمە پرسیارمان لێ کردوون بە جدی پێویستیان بە چەکی دژە تانکە، گەورەترین چـەك بـۆ دەسـتی ئـەوان چەکی دژە تانکە بە پێی ئەو گفتوگۆیـەی ئێمـە لەگـەڵمان کـردن، ئـەوان ئـەڵێن بـەس هاوکارییـەکان بگاتـە ناوچـەی جزیـرە ئێمـە ئـەتوانین خۆمـان ئـەو هاوکارییـە سـەربازیانە بگەیـەنین، پەرلـەمانی کوردسـتان پشتیوانی لە شەقامی کوردستانی گەورە بە گشتی بکات، و پێشنیار لەسەر داخوازییـەکانی شـەقام بـە هەنـد وەرگریٚ، یاداشتێك پێشکەش بە حکومەت و نەتـەوە یـەکگرتووەکان بکـریٚ دەربـارەی ڕەوشـی مەترسـیداری کورد بە تایبەتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، پەرلـەمان لـەم کاتـە ڕۆڵـی خـۆی ببـینیٚ لـە نێـوان هـەموو لایەنـە سیاسییەکان، و بەرگری ڕاستەقینەی نەتـەوەیی بچەسـپیٚ، و هـەوڵی جدی بـدات بـۆ دروسـت کردنـی فشـار لەسـەر تورکیـا بـە مەبەسـتی پشـتیوانی کردنـی داعـش، لەوانـەش ئـەم چـەند پێشـنیارە ئەخەینـە ڕوو، وەدەرنانی سوپای میتی تورکی لە خاکی هەرێمی کوردستان، تەنانەت ئەگەر بکریٚ بزانین حکومەتی تورکیا بـەم شـێوەیە ڕەفتـار ئـەکات، بـایکۆت کردنـی کـالاٌ و شـتوومەکی تورکیـاش لـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان، و پێداچـوونەوە و هەڵسـەنگاندنی پەیوەنـدی بازرگـانی لەگـەڵ تورکیـا و ڕاگـرتنی کۆمپانیاکـان لـە هـەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی نەوت وەکو هەڕەشـە لەسـەر تورکیـا، بـەش بـە حـاڵی خـۆم لـەجیاتی هەڤالاٌنم ئەمڕۆ بەبیٚ بڕیار لەم هۆڵە دەرنەچین، و پشتگیری تەواوی خـەڵکی کوردسـتانی ڕۆژئـاوا بکـەین، بەتایبەتی کۆبانیٚ کە بۆتە ڕەمزی بەرخودان دژی تیرۆرستانی داعش لە سەرتاسەری دونیا، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەرێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گیانی خۆڕاگری هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و شەرڤانەکان، هەر لە خانەقین و جەلەولاوە تا ئەگاتە کۆبانێ، ئەمە زنجیرەیەکی تەواوکەرە لە خەباتی نەپساوەی نەتەوایەتیمان کە لە ڕابردووەوە بە جۆرێك بووە، ئێستاش لە قاڵبی تیرۆریستی داعش خۆی ئەنوێنێ، و لە ڕاستیدا ئەو قارەمانانە هەر لە جەلەولاوە تا ئەگاتە کۆبانێ بە نوێنەرایەتی هەموو جیهان شەڕی داعش و شەڕی پشتیوانانی داعشیش ئەکەن، بە تایبەتی کە زۆر بە ڕوونی دەرئەکەوێ کە دەوروبەری هەرێمی کوردستانیشیان لەگەڵ دایە، جا بە بڕوای من تورکیا بە ڕاستەوخۆیی، ڕەنگە ئێرانیش بە شێواز و بە مۆدێلی خۆی هاوکارییان بکات، سلاو بۆ گیانی هەموو شەهیدە قارەمانەکان، درووود بۆ نەمریان، و  هیوای چاك بوونەوەی خێرا بۆ برینـدارەکان و، سلاو لە قارەمانانی باکووریش کە چەند ڕۆژێکە بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوا شەهید ئەدەن، برینـدار ئەدەن، و شارەکانی کوردستانیش بەبێ جیاوازی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەموو شارۆچکەکانی تریش کە بەردەوام وەکو خەسڵەتی جوانی کورد شێوازی خۆیان لە پشتیوانی برا پێشمەرگەکان و شەرڤانانە قارەمانەکان ئەکەن، من پشتیوانی تەواوی قسەکانی هاوڕێم بەڕێز عمر عینایەت ئەکەم، و دەستخۆشیش لەو هاوڕێیانە ئەکەم کە سەردانی کۆبانییان کرد بە نوێنەرایەتی پەرلەمانی کوردستان، و دەست خۆشی لە هەموو هەوڵەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەم بۆ بانگهێشت کردن و میوانداری کردنی ئەو هاوڕێیانەمان لە پارتەکانی ڕۆژئاوا، باکوور، و بە فەرمیش داوا لە کانتۆنەکان ئەکەن، ئەوە کارێکی زۆر باشە، دوو ڕەخنەم هەیە لە ڕاپۆرتەکە، یەك، لە خاڵی دووەم ئەوەی داوا کراوە ئەڵێ (پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات، لەسەر بنەمای ڕێکەوتنامەی هەولێر) بە بڕوای من ( لەسەر بنەمای ڕێکەوتنامەی هەولێر) لابرێ، هەموو ئەزانین واقیعی کوردستان ئێستا جۆرەها شوێن و بارەگایان هەیە لە هەرێمی کوردستان، هەر لە موخابەراتی دەرودراوسێ، هەتا عالەمییشەوە، و ئیجازەشیان لەکەس وەرنەگرتووە، و کەسیش مەرجی بۆ دانەناون لەوەی ئەوان هاتوون لێرە هێزیان دانەوە، هاتوون جۆرێك لە جۆرەکانی ئیستیخباراتی خۆیان لە هەرێمی کوردستان، و هەندێ جار شکۆی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانیش ئەخەنە ژێر پرسیارەوە، بۆیە ناکرێ بۆ کانتۆنەکان مەرج دابنێنین، بەلام بێگومان داواکارم لە لایەنەکانی ڕۆژئاوا تەبا بن، ڕێك بن، ئیرادەی نەتەوەیی بەهێزیان هەبێ، وەکو چۆن لە ڕابردووش هەیان بووە، و بتوانن سیاسەتێکی سەربەخۆی خۆیان پەیڕەو بکەن، هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەم سیاسەتێکی سەربەخۆیان هەبێ، دوور لەوەی دەست بخەینە کاروباریانەوە، بەلام پێویستیشە لەسەر ئاستی نەتەوەیش ستراتیجمان هەبێ،  لەسەر ئاستی باکوور و باشوور و ڕۆژئاواش هەریەکە بۆخۆی ستراتیجی خۆی هەبێ بە گوێرەی ئەو هەلومەرجەی کە خۆی تێیدایە، و ڕەخنەیەکی تر ئەوەیە دەستەلاتی جێبەجێ کردن، جا ئەگەر لە بالاترینەوە لە هەرێمی کوردستان بەگوێرەیی ئەو هەلومەرجەی کە خۆی تێدایە، ڕەخنەیەکی تریش ئەوەیە لەراستیدا دەسەلاتی جێبەجێ کردن جا ئەگەر لە بالاترینیانەوە لە هەرێمی کوردستان سەیریان بکەی کە سەرۆکایەتی هەرێم دەکات بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەموو فەرمانگە و وەزیرە تایبەتمەندەکان، ئەوە ڕەخنەیەکی قورسە ڕەخنەیەکی زۆر گەورەیە لە سەریان کە

دەبـوو ئـەمڕۆ ئامادەبوونایـە، هـیچ بیانوویـەك نییـە بـۆ ئامادەنـەبوونیان بەراسـتی خۆیـان خسـتە ژێـر پرسیارێکی گەورەوە، جا لە بالاَترین دەسەلاَتی جێبەجێ کردنەوە بۆ بچووکترین فەرمانگە کە پەیوەنـدی بـەم پرسـەوە هەیـە، لەراسـتیدا ئەگـەر لـێم قبۆڵکـەن ئـەم پێشـنیازانە ڕەنگـە بەشـێکیان هـەم لـە نـاو ڕاپۆرتەکەشدا هەبێت هەم بەشێکیشیان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، بـەلاَم مـن بـەخێرایی ئەمانـە دەڵێم دان پێنان بە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا ئەمە کارێکە پێویستە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، پەرلـەمانی کوردستان، دەسەلاَتی جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان دا بیکات، ئەمە لەراسـتیدا خواسـتێکی گـەورەی شـەقامی باشووریشـە و شـەقامی ڕۆژئـاوا و باکوریشـە، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان یـاخود دەسـەلاَتی جێبەجێ کردن لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ خـوارەوە بـەو شـێوازە و میکانیزمـەی کـە پێویسـتە هاوکـاری سیاسـی، مرۆیـی، دبلۆماسـی، سـەربازی ڕۆژئـاوا بکـات، سـنوورەکان بکرێنـەوە، نوێنەرایـەتی کانتۆنـەکان لـە باشوور، لە هەرێمی کوردستان بکرێنەوە، هەر وەکو وتم چۆن مەرج لەسەر کـەس دانـەنراوە، مـەرج لەسـەر ئەمانیش دانەنرێت، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بکرێت ژوورێکی عەمەلیات دورست بکـات، لـە پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەمری واقیعـە ئێسـتا کـە ئـەحزابی سیاسـی لـە هـەرێمی کوردسـتان دا ئـەوەتا خۆتـان دەزانـن کۆبۆنەوە دەکرێت لەگەڵ بەغدا، ڕێك دەکەون، لەگەڵ بەغدا توندی دەکەن، لەگەڵ بەغدا خاوی دەکەنـەوە، وەزیر دادەنێن، سەرۆك کۆمار دادەنێن، یـەعنی شـاند دەنێـرن، لەبـەر ئـەوە لەراسـتیدا ئەمـە واقیعێکـە بـە بڕوای من دەبێت ئێمەش مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بۆیە من پێشنیاز دەکەم پەرلـەمانی کوردسـتان هـەر لـە ناو پەرلەماندا ژوورێکی عەمەلیات بکاتەوە نوێنەری لایەنە سیاسییەکانیش لێرە بـن بـەردەوام کۆبوونـەوە هەبێت، بەردەوام ئاگامان لەیەکتر بێت و، هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت بۆ ئەوەی تەفسیری ئـەو یەکڕێزییە و یەك گۆتاری و یەك هەڵوێستی نەتەوایەتییە بکات، بۆ خۆی سەرۆکایەتی سـەردانی مەکتـەبی لایەنە سیاسـییەکانیش بکـات کـە ئەمـە کارێـك دەبێـت بەراسـتی ئەوەنـدەی تـر ئـەو یـەك گوتـاری و یـەك ڕیزییـە بەرجەسـتەتر و باشـتر دەکـات، مـن دووبـارەی دەکەمـەوە دەسـتتان خـۆش بێـت بـۆ هـەموو ئـەو هەولاَنەی کە لە ڕابردوودا کردووتانە، ئومێد دەکەین لە ئایندەشدا فشاری زۆر جدی و زۆر عەمەلی بخرێتە سەر دەسەلاَتی جێبـەجێ کـردن لـە هـەرێمی کوردسـتاندا بـۆ ئـەوەی وەلاَمێکـی پێویسـت بـە داواکارییـەکان بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز دکتۆر شێرکۆ، بەڕێزان (٦٩) کەس ناوی خۆیان نووسیوە، بۆیـە داواتـان لێدەکـەم زۆر بەکورتی بیروبۆچۆنەکانی خۆتان باس بکەن، قسەکانی خۆتان دووبـارە نەکەنـەوە، قسـەی ئەنـدامانی پـێش خۆتان دووبارە نەکەنەوە، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بـەپێی پـەیڕەوەی نـاو خـۆ مـافی ئـەوەمان نییـە کات دابنێین بۆ قسەکردن، بەلاَم بۆ هەموومان وا باشترە کورت و پوخت قسە بکەین و بە دەرەنجامێکی باش لێی دەربچین، بەڕێز مەڕوان گەلاَلی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەلاَلی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست خۆشی بۆ نوێنەرانی سەرجەم فراكسیۆنەكان كە راستییەكانیان خستوونەتە بەرچاومان، دەست خۆشییان لێ دەكەین، زوڵم و ستەم كردن یەكێكە لەم خەسڵەتە قێزەونانەی كە خودای پەروەردگار نەفرەتی لێی كردووە و ئاگاداری كردووینەوە بۆ ئەوەی تێوە نەگلێن لەم تاوانە، دەفەرموێتن ((یا عبادي اني حرمت الظلم على نفسي و جعلته بينكم محرما فلا تظلموا))، شاراوە نییە لای بەڕێزتان كە خەباتی ڕزگاریخوازی هەر چوار پارچەی كوردستان بە قۆناغی جۆراو جۆردا گوزەری كردووە و لە پێناویدا قوربانی زۆر دراوە، میللەتی كوردیش شان بە شانی میللەتانی تر هەقی سەربەخۆیی و ژیانێكی شەرەفمەندانەی هەیە كە خودای گەورە بە هەموو مرۆڤەكانی داوە، میللەتی كورد لە سەدەی عەولەمە و مافەكانی مرۆڤ وپێكەوە ژیاندا كیمیاباران و ئەنفال دەكرێت و بەدەیان جار ناچاری گۆڕەوی بە كۆمەڵ كراوە، بۆیە ئێمە لە فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی هاوسۆزی و پشتگیری خۆمان ڕادەگەیەنێن كە ڕاشمان گەیاندبوو بۆ كۆبانێ كە ڕووبەڕووی هێرشە یەك لەدوای یەكەكانی داعش بۆتەوە كە بە گەورەترین زوڵم و تاوانی دەزانین و تاوانەكانی بەعسمان دێنێتەوە یاد بەرامبەر بە میللەتەكەمان، بەراستی ئەو تراژیدیا مرۆییەی كە لە كۆبانێ ڕوویداوە و بەردەوامی هەیە جێی نیگەرانی گشت لایەكمانە، ئاوات خوازیشین كە كوردانی ڕۆژئاوا بە یەك ڕیزی و وەلاوەنانی ناكۆكییەكانیان بتوانن ڕووبەڕووی ئەو داگیركارییە ببنەوە و ئێمەش لە هەرێمی كوردستان بە پەرلەمان و حكومەت ئەوەی پێمان دەكرێت بیكەین بۆ كۆبانێ، نەیكەین ڕوو بەڕووی بەرپرسیارییەتییەكی قورس دەبینەوە و مێژوو رەحممان پێناكات، لێرەشەوە دەست خۆشی لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرجەم فراكسیۆنەكان دەكەین بە ناردنی نوێنەرانی هەرێم بۆ كۆبانێ، دووبارە بەناوی فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەی گشت شەهیدەكان دەكەین و دوعای چاك بوونەوەی بریندارەكان دەكەین و گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ زێدی باب و باپیرانیان، هەرشاد و سەركەوتوو بن لە كوردستانێكی ئازاد و ئارام و هیوای خۆش گوزەرانی بۆ گشت لایەك، سوپاس.

**فراكسیۆنی كۆمەڵی ئیسلامی**

**٢٠١٤/١٠/١٣**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوون منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەكانمان لە جەلەولاو خانەقین و حەمرین تا دەگاتە شنگال بەرخودانی شەرڤانانی یەپەگە و ژنە چالاكەكانی، كە تەمەنام دەكرد ئێستا نە ئەندامی پەرلەمان بوومایە و لە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە داكۆكییان لێ بكەم، تەمەنام دەكرد ئێستا لە سەنگەری خەبات و تێكۆشاندا لەگەڵ ژنە

شـەڕڤانە تێکۆشـەرەکان و هێـزی پێشـمەرگەی ژنانـدا بوومایـە، بەپێویسـتی دەزانم لـە هـۆڵی پەرلـەمانی کوردستان دا پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان بکەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان، دیارە بەرنامەی دانیشتنی ئەمرۆمان لەسەر دۆخی کۆبانییە، هەربۆیەش دەتوانین بڵێین کۆبـانێ سـەرباری ئـەوەی بـوو بـە ڕەمـزی بـەرگری و بـەرخودانی میللەتەکـەمان شـان بەشـانی ڕۆڵـی جوامێرانـەی هێـزی پێشمەرگە لـە باشـووری کوردسـتان، هاوکـاتیش دەتـوانین بڵێین تۆمـارکردنی مێژوویـەکی زێڕینـە لەسـەر مێژووی لەوحەی نەتەوەی کورد، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی لـە چـەند ڕۆژی ڕابـردوودا بینیمـان لەلایەن حیزبێکی دیاری کراو و چەند پەرلەمانتارێکەوە و چەند ڕاگەیاندنێکـەوە دۆخـی کۆبـانێ هێنـدەی بـۆ مـەرامی حیزبـی و شەخسـی و سیاسـی بـەکارهێنرا، هێنـدە وەکـو دۆخێکـی سیاسـی سـەیر نـەکرا، کـە ئومێدەوارین لە پەرلـەمانی کوردسـتاندا ئەمـە دووبـارە نەبێتـەوە، چونکە یـەك ڕێـزی میللەتەکـەمان لـەم قۆناغـەدا لـە هـەموو شـتێکی تـر گـرنگترە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان ئـەم پێشـنیارانە دەخەمـە بـەردەم بەڕێزتان، پەرلەمانی کوردستان پێویسـتە هـەموو هەوڵـە دبلوماسـییەکانی چـڕ بکاتـەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی زیـاتر بـۆ کۆبـانێ، بـەڕێزان سـەرۆکی حکومـەت و جێگـری سـەرۆکی حکومـەت و فەرمانگـەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و وەزیری پێشمەرگە بانگ بکرێن بۆ پەرلەمانی کوردستان، ڕوون کردنـەوە بدەنـە پەرلەمانتاران و خەڵکی کوردستان سەبارەت بە هەموو ئەو هاوکارییانەی کەلە ڕووی سیاسی و دبلۆماسـی و پێگەیاندنی هاوکاری سەربازییەوە هاوکاری کۆبانێیان کردووە، پێویسـتە پەرلـەمانی کوردسـتان، حکومـەتی هەرێمی کوردستان مولزەم بکـات بـۆ ئـەوەی مامەڵـەی ڕەسمـی لەگـەڵ کانتۆنـەکانی ڕۆژئـاوادا بکـات تـا ئـەو کاتەی کانتۆنەکان داوایەك ئاراستەی پەرلەمانی کوردسـتان دەکـەن کـە بـە چ نـاو نیشـانێك پەرلـەمان بیـان ناسێنێت، پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لـە یەکخسـتنی گوتـاری سیاسـی لەهەمبـەر تـەواوی پێشهاتە سیاسییەکان و ڕووداوەکان بە تایبەتی بۆ ئەم دۆخەی ئێستای کوردستان، پێویسـتە دەسـەڵاتدارانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان جارێکی تـر بـە پەیوەندییـە ئیقلیمـی و نێودەوڵەتیـەکانی خۆیانـدا بچنەوە، بەتایبـەتی لەهـەڵماڵینی ڕووی راسـتەقینەی دۆسـت و دوژمنـەکانمان کـە ئـەم ڕووداوە سیاسـییانەی دوایـی میللەتەکـەمان ڕوون بۆتـەوە، لەبـەر چـاوی خـەڵکی کوردسـتان دۆسـت و دوژمـن و هاوکـار و پشـتیوانەکانی میللەتەکەمان کێن، جارێکی تر سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان دادەنێم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ بەڕێز دکتۆر ابراهیم نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز نزانم هەڤالێت مە ئەڤ موداخەلەێت وان چ ئیزافە کر ژ ڤان ڕاپۆرتێت کو هەڤالێت مە ین لیژنا چۆینە کۆبانێ و ئامادەکرینە، ئەگەر هەر دێ وان خالا ئیعادەکەن ئەڤە نەبوو ئیزافە، مەدڤێت ئیزافەیەکێ بێخنێ ژ دەرڤەی ڤان ڕاپۆرتا یت هەڤالێت مە خاندن، ئـەز مولاحـەزە دکـەم هـەر سـێ هـەڤالێت مـە چ ئیزافەیـەکا

وەسا ئیزاڤە نەکر بتنێ خالەك نەبت، ژبەر هندێ ئەم هیڤیدارین هەڤالێت مە ئەگەر چ ئیزافەیەك نەبت لسەر ڕاپۆرتێ بلا ئەم موناقشێ نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی بۆ هیلاك و ماندی بوونیان هەر چەندە درەنگ بوو و، خۆشیان لە ڕاپۆرتەکەدا ئەو گلەییەیان لێ کراوە، لەلایەن خەڵکی خۆراگری خۆرئاوا، بەڵام بەهەرحاڵ دەستیان خۆشبێت بۆ ڕاپۆرتەکە، لێرەشەوە سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان دادەنوێنین و لە خوای گەورە داواکارین بەرخودان و خۆراگری ئەم خەڵکە سەربخات بۆ ئەوەی بە دەستکەوتەکانیان بگەن، ئەوەی من لێرە لەسەر ڕاپۆرتەکە دەمەوێت ئیزافەی بکەم کە باس نەکرابێت چەند خاڵێکە، دیارە خودی ڕاپۆرتەکە لەگەڵ ئەو داواکارییانەی ئێستا لە شەقامی هەرێمی کوردستان بەیەکەوە لەهەندێ خاڵ دا دەتوانم بڵێم تەواو موشتەرەکە و لێکنزیکە، من و چەند هاوڕێیەکم لە فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بەشداربوین لە وەرگرتنی یاداشتی ئەو خۆپیشاندەرانەی کە لەبەردەمی پەرلەمانی کوردستان مانیان گرت بوو، ولەناو یاداشتەکەدا کە بۆ هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانیان ناردبوو چوار خاڵیان تێدا بوو، من ئەو خاڵانە ڕەبت دەکەمەوە بە خودی ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی مەعنی نووسیویەتی، یەکەمیان: داوایان کردبوو پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە و ئەم خاڵە هاتۆتە دی، دوو: لەسەر مەسئەلەی پرسی دانپێدانان بە کانتۆنەکان، سێ: لەسەر ئەو گیروگرفتانەی لەسەر حدودی (سێماڵکا) هەیە لەگەڵ ناردنی پێویستی لۆجستی نەك بابڵێین هێزی سەربازی، دیارە ئەمە مەسئەلەی ئیعترافە، دانپێدانانە لە خودی ڕاپۆرتەکەی بەڕێزیشیان ئاماژەی پێکراوە، منیش هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم دکتۆر (شێرکۆ) کەوا ناکرێت ئیعتراف کردن مەرجی بۆ دابنرێت، لەڕاپۆرتەکەیاندا باسی هەندێ گیروگرفت دەکەن لەناو حیزبەکانی خۆرئاوا، دەبێت ئێمە هاوکاریان بین وەك پەرلەمان وەك سەرۆکایەتی هەرێم وەك هەموو موئەسەسەیەك بۆئەوەی ئەم حیزبە سیاسییانە لە یەکتری نزیك بکەینەوە و تەبایان بکەین، بەڵام نابێت مەرجیان لەسەر بسەپێنین، بەپێی قانون ئیعتراف کردن یا خود موباشرە یا خود غەیر موباشرە، موباشر ئەوەیە کە تۆ پەرلەمانی کوردستان یا خود حکومەت بە بەیانێك یان بە ئیعلانێك دانی پێدا دەنێی و، غەیر موباشریش ئەوەیە تەعامول لەگەڵ ئەو واقیعەی دەکات، ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کۆبانێ ڕوویدا ئەم کانتۆنانە خۆیان ئیعتیرافیان کردووە، بابڵێین ئەمری واقعی دیفاکتۆن لەوێدا، ڕاستە بەپێی قانون، بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراقی ئیختیساسی حەسری حکومەتی عێراقییە، کە ئیعتیراف کردن و ڕەسمی سیاسی خارجی لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دایە، بەڵام من دەپرسم ئەم پرسە هێندەی پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئێمە لەم ڕوانگەیەوە سەیری

دەکـەین هێنـدەی لـە ڕوانگـەی یاسـاییەکەوە سـەیری ناکـەین و، لـە ڕابـردوودا پەرلـەمانی کوردسـتان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پرسانەی کە نیشتمانی و نەتـەوەیی بـوون لەگەڵ تـەنازوعاتی قـانوونی پێموایـە هـەنگاوی نەتـەوەییمان هەڵبـژاردووە، بـۆ نموونـە ئێمـە لـەماوەی ڕابـردوودا کۆمسیۆنی سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانمان دروست کرد کە بەڕێز سـەرۆکی هـەرێم ئـەو کاتـە لـە پەرلـەمان ئامادەبوو وتـی ئەمـە یەکێکـە لـە پێویستییەکانی هـەنگاونان بـۆ سـەربەخۆیی هـەرێمی کوردسـتان، ئەگـەر بـەوردی ئـەم یاسـایەو سـەلاحییەت و وردەکارییـەکانی بیخوێنیـەوە، لـە مەحکەمـەی ئیتیحـادی بێـی وردەکارییەکەی بکەی ئیختیلافاتی قانوونی تێدایە، ئێمە ئێستا کە لە وتاری بەڕێزیشتان وەك سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دەست پێکردنـەوەی ئـەم خولـەدا و لـە وتـاری بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم و، ئێمـە ئێستا چـەند پەرلەمانتارێك و من و دکتۆر فرست و چەند هاوڕێیەك سەرقاڵی ئامادەکردنی خودی پرۆژەی ئەنجامـدانی ڕێفراندۆمین لە ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئایا ئەم یاسایەی کـە دەری دەکـەین بـۆ ئەنجامـدانی ڕێفرانـدۆم لـە ناوچە جێ ناکۆکەکان پێچەوانەی دەستووری عێراق نییە؟ نا قانوونی نییە؟، بـەلاٚم نەتەوەییـە و دەیکـەین و کـارێکی پیرۆزیشـە، جـا نایەمـەوە سـەر وردەکـاری پرسـی نـەوت ئەگـەر وردی کەینـەوە چـۆنە لـە ڕووی دەستوورییەوە، بەلاٚم لە ڕووی نەتەوەییەوە ئێمە بە هەنگاوێکی گرنگی دادەنێین، نایەمەوە سەر وردەکاری پرسی پێشمەرگە کە ئەگەر نەتەوەییە ئێمە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، بـەلاٚم لـە دەسـتووری عێراقیـدا چۆن پێناسەکراوە، بۆیە ئەمەی کە زۆر جار قسەی لەسەر دەکرێت من تێنەگەیشتم بـۆ لەسـەر ئـەم پرسـە بـۆ ئێمـە وا موتەمەسـك بـووین بـەکۆی وردەکاری دەسـتووری عێراقـی، لـە کاتێکـدا بـۆ پرسـەکانی تـری نیشتمانی، بۆ خزمەتی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان و نەتەوەکەمان باشە، ئێمە هەنگاومان بۆ نـاوە و، بەپێی دەستووری عێراق ماددەی (٣٣) بڕگەی (أ) و بڕگەی (٣) هەرکاتێك دەسەلاٚتی مەحکەمەی ئیتیحادی هەیە ئەگەر پەرلـەمانی کوردسـتان قانونێـك دەربکـاتن نادەسـتوورییەتی قـانونی تێـدا بێـت، یـاخود ببێتـە موشکیلەی نیزاع لـەنێوان حکومـەتی ئیتیحـادی و حکومـەتی ئیقلـیم سـەلاحییەتی مەحکەمـەی ئیتیحـادی هەیە، بۆیە من پێموایـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەتوانێـت ئـەم بڕیـارە دەربکـات لـەڕووی نیشـتمانییەوە بـۆ دانپێدانان بە کانتۆنـەکان و، ئەگـەر ئـەم بڕیـارە تـەنازوعات و ئیختیلافـاتی لـەنێوان حکومـەتی ئیتیحـادی دوروست کرد، ئەوا مەحکەمەی ئیتیحادی هەیە کێ زەرەری پێ کەوتووە لەم لایانە دەتوانرێت شکایەت بکات و هەڵی بوەشێنێتەوە، بەلاٚم دەمەوێت ئـەوە بڵـێم گرنگـە ئـەم ئیعتیرافـە بـۆ هـەرێمی خۆرئـاوا، ڕای خـودی کانتۆنـەکان لـەلای پەرلـەمانی کوردسـتان و ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان هـەبێتن کـە ئـەم قـەرارەی پەرلەمانی کوردستان دەیدات چەندە خزمـەت بـە دۆخـی کانتۆنـەکان دەکـات و چـەندە پرۆسـەی سیاسـی و نەتەوەیی ئەم هەرێمانە بەرەو پێش دەخات ئەو کات پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەم قـەرارە بـدات، یـاخود بـە پێچەوانەوە، دەکرێت ئـەوان ئەگـەر ڕایـەکی تریـان هـەبێت ئـەو کاتـە ئازادانـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەری نەکات، چونکە ئەم بڕیارە بۆ خزمەتی ئەوانە نـەك بـۆ هـیچ حاڵـەتێکی دیکـە خـوا نەخواسـتە ئێمـە داوای بکـەین، خـۆ ئەگـەر ئێمـە پەرلەمانەکـەمان بـابڵێین ئـەم ڕێگایـە بـە موباشـر گرفتمـان بـۆ دوروسـت دەبێـت

دەتوانین ڕێگایەکی تری قانونی هەیە کە غەیر موباشر ئێمە دەتوانین ئیعتیراف بە کانتۆنەکان بکەین، ئەویش بە چەند شێوازێك، یەك: من پێم خۆشە لێرەوە پێشنیار بکەم کە ئێستا بەڕێز (صالح مسلم) لە هەرێمی کوردستانە و خۆش بەختانە ئەمڕۆ پێموایە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆ دەبێتەوە، پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی بکات بۆ پەرلەمانی کوردستان و لێرەوە پەیام و وتارێك پێشکەش بکات لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر قسە لەسەر پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە ئێمە عورفییەن لە خولی پێشووش ئەو کارانە کراوە کە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی کردووە، بۆ نموونە بەهیچ جۆرێك پارێزگار نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان قسە بکات، بەڵام لەسەر وەزعی کەرکووك هەموو فراکسیۆنەکان داوامان کرد پارێزگاری کەرکوك هات و ڕوون کردنەوەی دا و بەڕێز (دانیال میتران) هاتە پەرلەمانی کوردستان وتاری پێشکەش کرد، بۆیە پێموایە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە جا چ لە ناو هۆڵی پەرلەمان بێت یان بەهەر شێوازێکی دیکە بیری لێبکرێتەوە، پێموایە ئەمە پەرلەمان بیگرێتەبەر جۆرێکە لە جۆرەکانی ئیعتیراف بە خۆرئاوا و ئیعتیرافێکی زومنییە، دوو: ئەوەی بەڕێزتان وتتان من بە هەنگاوێکی باشی دەزانم کەوا کانتۆنەکانی خۆرئاوا بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە پێی عورفی قانونی بابڵێین تەعامولێکی فەرمییە، بەڵام من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئیشە قانونییەکە وەك خۆی سەر بگرێت، پەرلەمانی کوردستان وەفدێك بنێریت بۆ کانتۆنەکانی خۆرئاوا لەگەڵ دەسەڵاتی تەشریعییان دابنیشێ و پرۆتۆکۆڵێکی هاوکاری ئیمزا بکەن، کە پرۆتۆکۆڵی هاوکاری لەنێوان پەرلەمانی ئێرە و ئەوێ ئیمزا کرا ئەمە لە ڕووی قانونییەوە دەچێتە ناو ئیعتیرافێکی زومنییەوە کە ئەمەش پێموایە هەنگاوێکی گرنگە، لەوە گرنگتر کە پێویستە ئێمە، من پشتیوانی لە هاوڕێیانم دەکەم کە بەراستی جێی ڕەخنەیە بەڕێزیشتان هەرچەندە ڕوون کردنەوەتان دا دەبوایە حکومەت لێرە بوایە، چونکە هەندێك پرس هەیە بۆ حکومەتە بۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان نییە، لەوانەیە ئێمە مەعلوماتەکانمان ورد نەبێت بۆیان ڕاست دەکردینەوە و لێرەشدا ئەوەی پێویستی بە قەرار بوو، قەراری لەسەر دەدرا، بۆیە پێویستە بەراستی پەلە بکەین لە کردنەوەی نوێنەرایەتی کانتۆنەکان لە هەرێمی کوردستان کە ئەمانە دەتوانرێن هەوڵی دبلۆماسی لێرە بدەن و هەوڵی کۆ کردنەوەی کۆمەك بدەن، ئەو هەوڵانەی کە ئێمە زۆر جار بەنوێنەرایەتی ئەوان دەیکەین و خەڵکێك هەڵوێستی نیشتمانی تەفسیر دەکات بە مەسەلەی سیاسی و موزایەدەی سیاسی، لەکۆڵ ئەو نا تێگەیشتنە سیاسییانەش دەبینیەوە لەلایەن هەندێك کەسەوە کۆتایی بەم حاڵەتە دێت و خۆیان نوێنەرایەتی ئەم شتە دەکەن، سێ: بەراستی ڕەخنەم هەیە لە ڕاپۆرتەکەدا باس نەکراوە من پێموایە یەکێك لە خودی گرفتەکان، گرفتی سنوورییە، کە مەسئەلەی حدودی (سێماڵکایە)، ئێمە لە خولی پێشووش سەردانی ئەم حدودەمان کرد نا تێگەیشتنێك لەسەر وردەکاری کارکردنی ئەم دەروازە سنوورییە هەیە، کە دەکرێت بەشێك لە هەقیقەت لەلای خودی بەرپرسان بن کە ئەم حدودە بەڕێوە دەبەن و لەوانەیە بەشێك لە هەقیقەت لەلایەن ئەوانەی تر بن کە ڕەخنەیان هەیە، بۆیە من لێرەوە پێشنیار دەکەم ئالییەتێك بگیرێتە بەر، جا چ بە ناردنی

لیژنـەی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان بچێت ئـەم حاڵەتـە دیراسـە بکات ئەگـەر گـیرو گرفتێـك و کـەم و کۆڕییەك هەیە (بە مەبەستە، بە سیاسییە، بە ئاراستەیە، بێ مەبەستە، میزاجە) هـەرجۆرێك ئەگـەر هـەر ئەگەرێك هەبێت لەم حدودە لیژنەی ناوخۆ ڕۆڵی هـەبێت لـە چارەسـەرکردنی ئـەم پرسـە، ئـاخر خـاڵم کـە گەیاندنی کۆمەکی سەربازییە بۆ خۆرئاوا، ئێمە دیارە هەرێمێکین ئێستا خۆمان داوای کۆمەك و هاوکـاری و پێویستی سەربازی دەکەین، بۆیە بەراستی لە وەشدا موهیم بوو ڕەئیـی حکومـەتمان لـەلابێت، کـە ئایـا ئـەم پێویستییانەی هەمانە بینێرین یا خود نا؟ بەڵام ئەوەی کە ئێمە لەبەرپرسانی حیزبی و حکومی دەبیـنین دەڵێن ئێمە پێویستی سەربازیمان ناردووە، کەواتە ئێمە دەتـوانین کۆمـەك بنێـرین، هەرچـەندە مـن لەگـەڵ ئـەوە نـیم کـە کاتێـك کۆمـەکی سـەربازی دەنێـرین هـیچ بەرپرسـێکی حیزبـی و سیاسـی ئیعلانـی نـاردنی کۆمەکی سەربازی بکات، بـەڵام ئەگـەر ئیمکانییـەتمان هەیـە هەنـدێك پێداویسـتی هەیـە کـە ڕۆڵـی دەبێـت، هەندێك جۆرە چەکێك کە برادەرانیش باسییان کرد ڕۆڵیان دەبێت لە یەکلایی کردنەوەی دۆخی کۆبـانێ و لە گۆڕینی تەوازونی هێز بەلای خۆرئاوادا و، جارێکی دیکەش من هاوشێوەی دانیشتنەکانی پێشـوو تەئکیـد لەسـەر موراجەعـە کـردن لـە بنکـەی سـەربازی تورکیـا دەکەمـەوە لـە هـەرێمی کوردسـتان و، ئـەمڕۆش بەرپرسێك لە ڕۆژنامەیەك باس لەوە دەکات کە دەبێت لە پەرلەمانی کوردستان بپرسن، بۆچی لەسـەر ئـەم پرسە بڕیار دەرناکەن و هەڵوێستی جدییان نابێت، پێموایە ئەمـە یـەکێك دەبێـت لـەو پرسـانەی کـە جـاری پێشووش هـەمان قسـەم کـرد بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ حکومـەت ئەمـە دیراسـە بکرێـت و بڕیـاری پێویسـتی لەسەر بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مادام لە شاندەکە بووم، ڕاپۆرتەکەمان کافییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مورتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سڵاوڕێز بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان هەر لە جەلەولا و خانەقینەوە تا دەگاتە کۆبـانێ و، ڕێـز و تەقدیرم هەیە بـۆ هـەڤاڵانی لیژنـە کـە توانیـان سـەرەڕای هـەموو ئـەو ئاسـتەنگانەی هاتـە پێشـیان ڕوون کردنەوەیەکی باش بدەن لەسەر وەزعـی کۆبـانێ و ئـەو ڕووداوانـەی کـە لـەوێ ئێسـتا ڕوو دەدەن، هـەڤاڵانی بەڕێز، ئەگەر ڕێگەم بدەن بابەتەکـە زیـاتر هەمەلایەنـە دەکـەم، شـەڕی کۆبـانێ شـەڕی کـورد و کوردسـتانە بەراسـتی ئـەو شـەڕە جێگـەی تەقـدیرە بـۆ مـن وەکـو ئەنـدام پەرلـەمانێك و وەکـو پێشـمەرگەیەك، وەکـو

ڕۆڵەیەکی کورد شانازی بەوە دەکەم کە ڕۆڵەکانی ئێمە لە کوردستانی ڕۆژئاوا کچ و کوڕان ئەمڕۆ سەنگەریان گرتووە بەرامبەر بە دڕندەترین دوژمنی سەردەمی دروستکراو ڕاوستاون، دیارە بەدرێژایی سنووری کوردستان هەر لە جەلەولاوە تا دەکاتە کۆبانێ ڕێز و تەقدیر بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە و ئەو قارەمانانە دادەنێین کە ئەمڕۆ گیانی خۆیان بەخت دەکەن لەپێناو ئەوەی کە دەست کەوتی نەتەوەیمان بپارێزن، هەڤالآنی بەڕێز: من بەراستی بەبێ هیچ لادانێك یان بۆچوونێکی حیزبی دێمە ناو بابەتەکە، ئەو شەڕەی کە بەسەر ئێمە وەکو میللەتی کورد فەرز کراوە لەراستیدا شەڕی ئێمە نییە، بەلآم ناحەزانی دەوروبەرمان ودوژمنانی ئێمە تەنانەت ئەوانەی کە واقیعیەتی کوردستان هەزم ناکەن، لەڕوویەکدا کە خۆشیان بە دۆستی ئێمە دەزانن ئەم شەڕەیان بۆ ئێمە دورست کردووە، ئەم شەڕە مێژوویەکی هەیە ئەگەر سەیری مێژووی ڕابردوومان بکەین شەڕی سەفەوییەکان و عوسمانییەکان وابزانم (١١٧) ساڵ بەردەوام بوو، بەداخەوە ئەو واقیعیەتەی ئەمڕۆی کورد لەسەر ئاستی سیاسی هەرێم و دووربینی خۆی هەوڵی دا خۆی لەو شەڕە دوور بخاتەوە، بەلآم خەریکە دەمانخزێننە ناو مەرگەساتی ئەو شەڕە، شەڕی چالدێران نەتیجەکەی واهات کە کوردستان کرا دوو پارچە و ماڵی کورد وێران کرا و هەموو دەستکەوتەکانی کوردیش لەناوبرا، ئێمە لەسەرەتای دروستبوونی داعش کە لەراستیدا داعش بۆ زۆر هۆکار دورست کراوە، یەکێك لەوانە هەموو ئەو بیروباوەڕە ئازادانەی کە لە ناوچەکە سەر هەڵدەدەن سەرکوت بکات، یەکێك لەوانەش کورد، بەلآم وەکو کورد بەراستی بەتەقدیرەوە دەڵێم سەرکردایەتی سیاسی کورد لەسەرەتاوە خۆی لادا لەو شەڕە و ڕێڕەوی شەڕەکەش لە موسڵەوە کە داخلی عێراق بوو بە شێوازێکی تر بوو، بەلآم دیارە بەشێك پاڵپشتی ئامانجی داعشیان کردووە بۆ ئەوە بوو کە هەنگاوی زووتر بهاوێژن بۆ ئەوەی (دەست کەوتی کورد، کیانی کورد) لەناو بباتن، بۆیە من داوا دەکەم یەك پارچەیی، یەك ڕیزی کورد و تەجروبەی ڕابردووی هەموو لایەکمان لە هەموو هێزە سیاسییەکان، لە هەموو تاکێکی کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە واقیعیەت ببینین و، یەك ڕیزی نێو ماڵی کورد بکەینە ئەولەوییەتی کارەکانمان دوور لە عاتفییەت، دوور لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی، چونکە من وەکو پێشمەرگەیەك لەراستیدا ئەو قۆناغانەی کە ئێستا پێدا دەڕۆین بەراستی لێتان ناشارمەوە تا ئێستاش هەزمی مەترسی ئەو شەڕەمان نەکردووە، من دوو جاریش لەگەڵ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دانیشتووم و لەگەڵ زۆربەی زۆری مەسئۆلانیش دانیشتم و لە کاتی هاتنی داعشیش لە کۆبۆنەوەی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان باسم کرد، هەڤالآنی بەڕێز: ئەو شەڕەی کە ئێمە ئێستا دەیکەین ڕاستە شکستشمان بووە و سەرکەوتنیشمان بووە، ئێستا قارەمانەکانی کۆبانێش کە بەڕێز و تەقدیرەوە دەبینم و، لەهەمان کاتدا شەڕەکانی هەموو ئەو ناوچانەی لە جەلەولا دەست پێدەکات تا دەگاتە شنگال و ڕەبیعە جێگەی شانازین، بەلآم بەراستی خۆمان ئامادە نەکردووە، من داوا دەکەم یەك لە بابەتەکان ئەوە بێت، ئێمە هەزمی ئەو مەترسییە بکەین، لە شکرمان هەیە، پێشمەرگەمان هەیە، کوڕ و کچی ئازا و دڵسوزمان هەیە، هەر وەکو ئەو قارەمانانەی کە ئێستا لە کۆبانێ سەنگەریان گرتووە، ئێمە پێویستیمان بە لەشکرێکی نیزامی، لەشکرێکی یەکگرتوو، لەشکرێکی بە بیروباوەڕ، لەشکرێکی تاقەی نوێی

هەیە، ڕۆڵەكانی ئێمە ترسنۆك نین، گەنجێك دێت كەدەبێتە پێشمەرگە ئێمە پەروەردەی ناكەین، لەو پەرلەمانە داوام كرد كە شەڕ دەست پێدەكات پێش ئەوەی هێرشی كوردستان بكەن لە هەموو میحوەرەكان مەیدانی مەشق دورست بكەین، چونكە شەڕ سووتەمەنییە تاقە سەرف دەكات، چەك سەرف دەكات، بەشەرییەت سەرف دەكات، چۆن ئێمە داوا دەكەین چەكمان پێبدەن دەبێت ئێمە ئامادەشبین لەشكر دروست بكەین و، من لە سەرتاسەری جەبهەكان دەبینم لەگەڵ بەشێكی زۆری میحوەرەكانیش قسەم كردووە و لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەش قسەم كردووە لەكام میحوەر مەیدانی مەشقمان دروست كردووە؟، پێویست بوو لە مانگ و نیوێكی ڕابردوو لەسەرەتای هێرشەكانەوە كە ئێمە لەزۆر شوێن شكستمان خوارد، ئیعادە تەنزیمەمان بكردبایە و خۆمان بۆ حازر بكردبایە، بەس بەداخەوە موقابیل ئێمە بە پشتیوانی و هاوكاری نێو دەوڵەتی كە توانیمان تا ڕادەیەك هەناسەیەك هەڵبكێشین و خۆمان ڕابگرین، بەڵام ئێمە خۆمان ئامادە نەكردووە من بە ڕاشكاوی دەڵێم، پێویستە خۆمان بۆ ئامادە بكەین، شەڕ هێشتا دەستی پێنە كردووە بڕیار بڕیاری...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ببوورە كاك جمال قسەكانی تۆ زۆر لە جێی خۆدان، تكایە زیاتر تەركیز بكە لەسەر كۆبانێ.

**بەڕێز جمال عثمان ((جمال مورتكە)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر من بە واقیعییەت وەكو پێشمەرگەیەك دەبینم، ئافرەتێكی كورد تەعدای لێ دەكرێت تاوانێكی زۆر گەورەیە هەڤالان، من شەرم لەخۆم دەكەم وەكو پێشمەرگەیەك كەسەنگەری پێشمەرگە دەگیرێت و پێشمەرگە دەڕوات، هەر ئەو پێشمەرگە بوو هەتا دوێنێ بەرامبەر بە كیمیاوی، بەرامبەر بە ناپاڵم لە شاخەكانی كوردستاندا، ئەگەر بشگیرابایە دوو كیلۆمەتر، كیلۆمەترێك دەگیرا، كوانێ ئەو قارەمانانەی كە لە شاخەكانی كوردستان هەر لە هەورامانەوە تا دەگاتە چیای سپی. دەیان جار پێشمەرگەم دیوە كە كیمیاوی لێدراوە بەردەوامیش بووە و سەنگەری بەرنەداوە، بۆیە پێویستە ئێمە بیرو باوەڕی بەهێزی نەتەوەیی دڵسۆزی زیندوو بكەینەوە و مەشق بە گەنجەكانمان بكەین، پێشمەرگەی ئێمە لەسەنگەردا شەڕ پەیدا دەبێت نازانرێت ڕومانە دەربێنێت و بیتەقێنێت، نازانێت ئاڕبیجی بیتەقێنێتن، ئەوە كارەساتێكە بۆ ئێمە، وەختیشمان هەیە، بۆیە برایان ئەو شەڕە پێویستی بە خۆئامادەكردن هەیە، پێویستی بە هەنگاونانەوە هەیە كە ئێمە هەمووشتێك وەلانێین، بەتەقدیرەوە دەڵێم شەڕی ئێستای كۆبانێ شانازییەكە، بەڵام دوێنێ قارەمانەكانی كوردستان لە شاخەكانی كوردستان هەمان شەڕیان دەكرد ئەمڕۆ بۆ ئەم شەڕە ناكەن؟ پێویستە پێداچوونەوە بكرێت و چارەسەری ئەم وەزعە بكرێت، هەڤاڵانی بەڕێز، بیروڕای ئازادی، ئەمڕۆ ژیانی سەردەمە. لە ڕاپۆرتی هەڤاڵانی لیژنە لەسەر تێبینیەكان و بۆچوونەكانیش لەسەر مەوزوعی كانتۆنەكان، من بۆچوونی خۆم هەیە دوور لە مەسەلەی حزبایەتی، پێویستە ئێمە واقیع بین، لە كوردستانی باشوور دەبێ هەموو چین و توێژەكان و هەموو نەتەوەكان هەر چی هەیە لەسەر خاكی

کوردستان بێنە مەیدان و تەبایی بپارێزین و کەسیش نکۆڵی لە وجودی بەرامبەرەکەمان نەکات، بۆیە من لە ڕوانگەی دڵسۆزی نەتەوەییەوە دەڵێم، داوا دەکەین لە هەموو ئەوانەی کە کاربەدەستن لە کوردستانی رۆژئاوا با برایەتی رەچاو بکەن، با تەبایی رەچاو بکەن، با ئەو هێزانە، ئەو ئاوارانە، ئەو خەڵکانە، کەوا لەگەڵیان هاوبەش بن، هاوبەشیان بکەن بۆ ئەوەی باشتر بتوانن قارەمانێتی تۆمار بکەن و خاکی کورد و کوردستان بپارێزن، ئەمەیە خەلەلەکە، ساردی ئێمەش ئەمەیە لە کوردستانی باشوور و لە کوردستانی باکووریش و لە روژئاواش، برایان هەوڵێك هەیە و لە ئاستی ناوچەکەش، ئێستاش تەسریحات هەیە لە لایەن هەندێك دەوڵەتەوە بۆ تەداخول کردن بە واقعیەتی عێراق و کوردستان، دەیانەوێ رێرەوی کورد کە خۆی پاراستووە لەم شەڕەدا زیاتر تووشی بکەن، بۆیە من داوا دەکەم ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین و ئیمکان هەیە ئیزافە بێت لەسەر بەرنامەکە، کۆبانێیەکی تر لە رێگەیە، با بەڵێن بدەین بە خوێنی شەهیدان، کەرکووك بپارێزین، با هەمووومان هەوڵ بدەین، من وەك پێشمەرگە پێتان دەڵێم بە هەموو کوردستان ئامادەم بچم لە کەرکووك لەوێ شەهید بم و پارچە پارچە بم، با هەوڵ بدەین ئەمە لەبەر چاوی خۆمان بگرین، دوژمنان هەموو هەوڵیان ئەوەیە ئەوەی بەدەستمان هێناوە لە چنگمان دەریبێنن، بۆیە داوادەکەم کە ئەمە زۆر گرنگە و مەترسییە چارەسەری ئەم وەزعە بکەین، هاوکارییە مرۆییەکان زۆر زەرورین، من داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هەوڵی جیددی خۆیان بدەن و رەخنەش بە راستی لە رۆڵی حکومەتی تورکیا بگیرێت وەکو پێویست هەڵوێستی نەبوو، وەکو پێویست ئەوەی کە قەناعەت دەکرا بۆ هاوکاری کردن نەیکرد بەرای من بە تایبەتی بەرێز سەرۆك کۆماری تورکیا کە لاپەڕە یان دەرگای ئاشتی و تەبایی کردەوە بۆ ئەوەی مێژوویەکی بۆ خۆی تۆمار بکردایە، مەجالی پێشمەرگەی بدایا، مەجالی هاوکاری بدایا، بۆ ئەوەی بمانتوانیبا بگەینە هاوکاری برایانمان لەکۆبانێ، بۆیە من پێموایە ئەمە یەکێکە لە هەڵوێستەکانی نەتەوەیی پێویستە باسی بکەین و رەخنەش بگرین، هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان جێگەی تەقدیرە بۆ کۆبانێ و بۆ کوردستانی باشوور، بەڵام لە هەمان کاتدا دەست بە خۆشوڕکردنەوەمان و رەچاوکردنمان کە تەیارە دێت دەمان پارێزێت بە راستی ئەمەش نەقسە، پێویستە ئەمرۆ وەکی ئەو رۆڵە بین لە شاخەکانی هەورامان، لەدۆڵەکانی بالیسان، لە جوانەگا، لە چیای سپی، لە چیای مەتین، لە دەشتی هەولێر لە قۆناغەکانی تر، هەر ئەو رۆڵەشین، کەسیش نەیدەپاراستین و چەکیش بەو شێوەیە نەما بوو، چەکمان دەگرت و فیشەکیشمان دەگرت و شەڕمان پێدەکرد، کەواتە دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین ئەو واقعە دروست بکەینەوە کە لە پێشوودا هەمان بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا سوپاسیشیان دەبێت بکەین، بۆیە من دەڵێم یەکخستنی لەشکری کوردستان لە مەیدان دەکرێت و کێشەکانی شکستی لەشکریش لە مەیدان چارەسەر دەکرێت، من داوا دەکەم کە هەم کوردستانی رۆژئاوا کە ئێستا کاتێکی مێژوویییە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم ئەمرۆ دادەنیشن یان بەیانی، ئومێدەوارم ئەو مژدە گەورەیە بە هەموو رۆڵەکانی گەلەکەمان بدەن و دڵی شەهیدەکان و ئاواتی شەهیدەکان جێبەجێ بکەن، ئێمەش لە کوردستانی باشوور لەشکرێکی بەهێزی نەتەوەیی و نیشتمانی

دروست بکەین، بۆ ئەوەی دەرسێك بە دوژمنان بدەین، بۆ ئەوەی ئەو دوژمنەی لە ئایندەش چاو لە کوردستان دەکات جورئەت نەکات بڕیار بدات شەڕ لەگەڵ کورد بکات، من لەهەمان کاتدا داوادەکەم دەوری ڕاگەیاندن کە ئەمڕۆ زۆر گرنگە بە تایبەتی نووسەرانمان و کەسانی ڕۆشنبیرمان و سیاسەتمەدارەکانمان هەوڵ بدەن گەنجەکانمان ئاراستەبکەن بەرەو مەیدانی شەڕ و مەیدانی بەرگری لە کورد و کوردستان، کچ و کوڕەکانمان تەشجیع بکەن بۆ ئەوەی خۆیان فێر بکەن، دڵسۆزی خۆیان بۆ نەتەوە و نیشتمان بنوێنن، ئەوە ئەساسە و ئەرکی نیشتمانییە نەك ناوزڕاندن و لەکەدارکردن و هەر بابەتێکی تر، ئەمە خزمەتی کورد ناکات ئەمڕۆ، من لە کۆتاییدا ئومێدەوارم هەموو ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە بەر دەستی داعش بە تایبەت ئەو قۆناغەی ئێستا لەناوچەکانی کۆبانێ ئەوانەی کە لە کوردستانی باشووریش ماوە بتوانین هەموو هەوڵمان ئەوە بێت بیانگەڕێنینەوە، چونکە ئاواتی دوژمنان و ئاواتی دروستکردنی داعش بۆ ئەوەیە کوردستان نەهێڵێت لەسەر نەخشەی جیهان و ئومێدەوارم هەنگاوەکانمان بۆ ئەوە بێت، بۆ ئەو ئاراستەیە بێت، تەبایی و برایەتی و یەکخستنی نێو ماڵی کورد و هەر چوار پارچەی کوردستان، واقعییەتێك فەرز بکەین، سایکس بیکۆ هەڵوەشێنینەوە و بتوانین لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی خۆمان فەرز بکەین و بڕیارێك بدرێت بۆ ئەوەی کە کورد بگات بە ئامانجی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز جمال مورتکە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی لە هەڤاڵانی لیژنەکەی پەرلەمان کە سەردانی کۆبانێیان کردووە و هەروەها لەگەڵ تەواوی ئەو پێشنیارانەداین کە لە ڕاپۆرتەکەیان دا هەیە، دووەم، سڵاو لە خەبات و بەرخودانی پێشمەرگە و شەرڤانان لە هەر شوێنێکی کوردستان لە سەنگەر و مەفرەزەکانی شەرەفدا بۆ مانەوە و پاراستنی کیانی کوردی، کۆبانێ و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشم و قسەی ناوێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ لە خەبات دایە لەگەڵ گروپێکی جیهانی تیرۆر پێویستی بەپشتگیری هەیە لە هەموو ڕوویەکانی، ئەوەی چاوی لێیە کە هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ باشووری کوردستان دەستکەوتێکی نەتەوەییە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان تێی دەڕوانن، وەك چۆن دەستکەوتی نەتەوەییە بەهەمان شێوەش چاویان لەوەیە کە پشتیوانیان لێ بکرێت لەم مەنفەزە نەتەوەییە کە وەکو قەبارەیەك باشووری کوردستان هەیەتی، ڕۆژئاوا پێویستی بە کەرەستەی سەربازی و چەکە، پێویستی بە پشتگیری نێودەوڵەتییە، پێویستی بە لایەنی مرۆیی و بەهاناچوونی ئاوارەکانە، پێویستی بە یەکرێزی ناوخۆی خۆیەتی و لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان، ئەو چوار خاڵە لە رابردوودا ئەوە سەلمێنراوە و باسی لێکراوە لەسەر زاری سەرۆکی حکومەت باس لەمە کراوە کە چەك بۆ ڕۆژئاوا نێردراوە، هیوادارین بە شێوازی دیکە پشتگیرییان لێ بکرێت، پشتگریی نێودەوڵەتی و هەموو لایەك باش دەزانێت شەقام، و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و رای گشتی، کە باشووری کوردستان تاکە

دەنگێکە لێی بەرزبووەتـەوە، هاتووتـە سـەر خـەت و بـە شـێوازێکی زۆر دروست داوای کـردووە هـەمان ئـەو پشتگیرییەی لە باشووری کوردستتان هـەبووە، سـەرۆکی کوردسـتان داوای کـردووە کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی بێتە سەر خەت و ئێستا لە سەر خەتە، هێزەکانی هاوپەیمانان کە ئێستا بۆردومانی مۆڵگەکانی تیرۆریستان دەکـەن، دەبیـنین موعادلەکـە و تـەوازونی هێـز بـە چ شـێوەیەك گـۆڕاوە، لـە باشـووری کوردسـتان و دەرگاکردنەوە بۆ هاتنی ئاوارەکان و کردنەوەی کەمپ و هەموو ئەو بابەتانـە و ئـەوەی کـە کـراوە پێویسـتە زیاتریش بکرێت لە ئاستی رووداوەکە و قوربانیدانەکە بێتن، یەکرێزی خواستێکە، هەمووومان پێویستە لـە پێناویدا تێبکۆشین، لەبەر ئەوە نە شنگال و نە جەلەولا و نەکۆبانێ هیچ جیاوازییەکیان نییە، یـەك هێڵـی بەرگری و موقاومە و مانەوەیە و یـەك هێڵـی شـەڕە، ئـەمڕۆش کۆبـانێ بووتـە نـاوێکی جیهـانی و سـیمبولی مانـەوە و بـەرخودان و خـەباتی گەلێکـە کـە لـە  پێنـاو ئازادیـدا قوربـانی داوە، پشـتگیری لـە خـەبات و بـەرخودانی هێزەکـانی رۆژئـاوا دەکـەین، پێمـان وایـە هـەروەك ئـەوەی کـە پشـتگیری لـە هـەر جـۆرە پێشڤەچوونێکی پەیوەندییەکان دەکەین کـە ئـەمڕۆ دەبیـنین، رۆژئـاوا لـە نـاو خۆیـدا پێویسـتی بـە بـەرەو پێشچوونی پەیوەندییەکانی خۆیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەگـەڵ بەشـەکانی دیکـە بـە تایبـەت لەگـەڵ باشـووری کوردستان پێویستی بە پێشڤەچوونی ئەو پەیوەندییانە هەیە کە لە چەند رۆژی رابردوودا ئـەو هەوڵانـەی هـەبووە بـەرزی دەنـرخێنین، پێمـان وایـە دەمانگەهێنێتـە ئاکـامێکی باشـتر، ئێمـە لـە فراکسـیۆنی پـارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری ئەوەمان داوە تاك لایەنانە هەر جیاوازییەك کە هەمانە لەگـەڵ هـەر هێزێکـی دیکە لەگەڵ هەر بووچۆنێکی دیکە، لەو قۆناغەدا جیاوازییەکانمان بەلاوە دەنێین لـە پێنـاو ئـەوەی یەکـەم، پێشمان وایە تەواوی کاتەکانمان دەبێ هەموو لایەکمان تەرخان بکەین بۆ ئەو شـەڕە جیهانییـەی کـە ئێسـتا ئێمە بە فەخرەوە لە بەرەی دیموکراتیەتین و لـە بـەرەی ئیرهابـدا لـە شـەڕداین، دووەم، شـەقامی کـوردی و کوردستانی لە بەشەکانی دیکەی کوردی کە ئەمڕۆ لەسەر شـەقامەکانن و رژاونەتـەوە نـاو شـەقامەکان تاکـە خواستیان ئەوەیە داوای یەکرێزی و تەبایی و ئیتفاق دەکەن، بەلامانەوە گرنگە و دەنگی خۆمـان دەخەینـە پاڵ دەنگی جولانی شـەقام، دەنگـی ئێمـە دەنگـی ئەوانـە، ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوەداین دەنگـی ئـازادیخوازان و ئەوانەی داوای یەکرێزی و تەبایی دەکەن، پێمان وایـە هاوبەشـییەکانمان ئەوەنـدە زۆرن کـاتی ئـەوەی نییـە جیاوازییەکانمان کە لەئاستی هاوبەشیەکانمان زۆر زۆر کەمن ئێمە قسەی دەربارەیانەوە بکەین، بۆیە دیسان دەڵێین بڕیارمـان ئەوەیـە یـەك وتـاری لـە پێنـاو سـەرکەوتن و قوربـانی دەدەیـن و هـەر بـێ دەنگیەکیشمان دەربارەی هەر چەواشەکارییەك، دەربارەی هـەر نابەرپرسـیارەتی تەسـەروفکردن لەگـەڵمان، پێمـان وایـە لـە مەوقعیەتی بەرپرسیارەتی قۆناغەکە و بەس و چی دیکە نییە، تایبەت بەو دەنگانەی کـە زۆرجـار هێرشـی ناڕەوا دەکەن ئێمە دەڵێین بە دڵنیاییەوە لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە ئێمە دانمان ناوە بە چوار بەشـی کوردسـتان لـە پێناویـدا خـەباتمان کـردووە و شـەهیدمان داوە و قوربانیمـان داوە، ئـەمڕۆش هـەر سـەنگەرێك، هـەر مۆڵگەیەك، هەر شوێنێك دوو پێشمەرگە یـان دوو گـەریلا یـان دوو شـەڕڤان تێدا بجەنگن و خـەبات بکـەن ئێمـە بـە کیـانێکی نەتـەوەیی دەزانـین و بـە دەسـتکەوتێکی نەتـەوەیی دەزانـین، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا

گەورەترین داننانە بە هەرجۆرێك لە جۆرەكان، بەڵام پێمان شەرمە كە باس لە داننـان بكـەین، داننـان بـە رۆژئاوای كوردستان واقعێكە، بەشێكە دوژمن دابەشی كردووە، یەكێك لەو بەشانەی كوردستانە كـە دابەشـی سەر وڵاتێكی دیكە كراوە، بەڵام كوردسـتانە ئـەوە ئـەمڕۆ لـە سـاڵی (٢٠١٤)ەوە بـێین بـاس لـە داننـان بكـەین، داننان پێویست ناكات، رۆژئـاوای كوردسـتان قەزییەیەكـە و بەشـێكە و گەلەكەشـی ئێمـەین و كـوردین تێـدا دەژین و كوردستانیانین، بۆیە ئێمە پێمـان وایـە ئەگـەر بـاس لـە داننـان بكـەین دوو جـۆر داننانمـان هەیـە، یەكـەم: داننـانی یاسایی هەیـە كـە زۆرجـار موبـەریراتی یاسـایی لەبارەیـەوە دەگوترێـت و داننانێـك هەیـە ئـەمری واقیـع و دیفاكتۆیـە، یاساییەكە لـە پێنـاوی چییە؟ دانـانی یاساییەكە لـە پێنـاوی ئـەمری واقیـع و دیفـاكتۆ و تـەعامول كردنـە، ئـەمڕۆ هـەرێمی كوردسـتان، باشـووری كوردسـتان تـەعامولی لەگـەڵ رۆژئـاوای كوردستان كردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئێستا بـە چ شـێوەیەك وەفدەكـەیان لێـرەن، بۆیـە پێمـان وایـە ئەگەر ئەو داوایەش هەیە، ئەگەر پەرلەمانی كوردستان دان بنێت بەهەر ئیدارەیەك لە رۆژئاوای كوردستان باشـترین شـت ئەوەیـە ئەگـەر لـە سـەڵاحییەتی پەرلەمانیشـدا نییـە، ئێمـە پێشـنیار دەكـەین پەرلـەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان نامەیەك پێشكەشی سەرۆك كۆمـاری عیراقـی فیـدراڵ بكـەن كـە ئەویش دەستكەوتێكی نەتەوەییە، سـەرۆك كۆمـاری عیراقـی فیـدراڵ كـە كـوردە، دەسـتكەوتێكی نەتەوەییـە لەوێ با ئەو هاوكار بێت و پشتیوان بێت و حكومەتی عێراقی ناچار بكات دان بنێت بەو قەبارەیەی كـە لـە رۆژئاوای كوردستان هەیە، رێكەوتنی هەولێر زۆر گرنگە كە ئەمڕۆش خۆشبەختانە دەبینین هێزەكان وا لە هەولێرن وكۆبوونەوە دەكرێ، رێكـەوتنی یـەك و دوو نـەتیجـەی هـەبووە هیـواداریـن رێكـەوتنی سـێیەمیش بەهەمان شێوە نەتیجەی هەبێت، لـە كۆتاییـدا پێشـنیار دەكـەین پەرلـەمانی كوردسـتان بڕیارێـك دەربكات، ئـەمڕۆ لـەو كۆبوونەوەیـەدا بڕیارێـك دەربكـات هـەموو جوڵـە سـەربازییەكان و كارەكـان لەهـەر بەشـێكی كوردستان دەربارەی شەڕی دژە تیرۆر دەكرێت دوور بخرێتەوە لە مەسائیلە حزبییـەكان و هـەروەها هـەموو خیلافاتی نێوان حزب و لایەنەكان بـەلاوە بنرێـت، پـەیمانی شـەرەف لـە نێـوان هێـز و لایەنـە سیاسـییەكان واژوو بكرێت، پەرلەمان بە تایبەت هێزەكانی باشووری كوردسـتان ئیلـزام بكـات و نـاچـار بكـات لایەحەیـەك بنووسرێت، تێكستێك بنووسرێت كە پێی بوترێت پەیمانی شەرەف لە نێوان هێز و لایەنە كوردستانییەكان، خیلافاتیان بەلاوە بنێن و واژووی بكەن و ئەو پەیمانە شەرەفە لە پێناو ئەو یەك گوتارییە بێت كە ئـەمڕۆ شەقامی كوردی دەیەوێت، شەقامی كوردی نیگـەران نییـە بـە داعـش، نیگـەران نییـە بـە هـەر پیلانێـك كـە دەرحـەق بـە كوردسـتان ئـەنجام بـدرێت، هێنـدە نیگەرانـە بـەوەی كـە خیلافاتـەی لـە نێـوان هێـز و لایەنـە سیاسـییەكانی كوردسـتان دەبینێـت، جـارێكی دیكـە دەستخۆشـی بـۆ ئـەو لیژنەیـەی پەرلـەمان، سـوپاس بـۆ راپۆرتەكەیان و لەگەڵ تەواوی پێشنیارەكانیان داین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز ئومێد خۆشناو، كاك انس فەرموو،

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، (الذين قال لهم الناس ان الناس قد جمع لكم فاخشوهم فزادهم ايمانا وقال حسبنا الله و نعم الوكيل)، حەقیقەت دەمێ ئینسان نها بێت بەرێ خۆ بدەتە وی وەزعێ ئەڤڕۆکە تێدا شەرەفەکا مەزنە بۆ میللەتێ کورد سەرانسەری جیهانێ، ئەڤڕۆکە بوویە سەنگەر بەرامبەر تیرۆرێ، ئەم دبینین ئەوان گرووپێت تیرۆریست کو گەلەك جاران بناڤێ جیهادێ بەحس دکر، جیهادا وان بۆیە ئەو کو شەڕێ نەڤێت سەلاحەددین ئەیوبی بکەن و ابن صلاح شەهرەزوری و ئامەدی و ابن الحاجم، ئەڤڕۆکە جیهادا وان گەهشتییە وێرێ کو تەکفیرا میللەتێ کورد بکەن هەر ل جەلەولا بگرە هەتا بگەهیتە شنگالێ و بچیتە کۆبانێ، تەنها شەڕێ وان لسەر نەمانا ئەوێ میللەتێ یە حەقیقەت ئەوا هە دەلالەتێ لسەرڤێ چەندێ دکەت کو موئامەرەکا مەزن دژی ئەوی میللەتی یا دهێتە کرن، لەورا واجبە لسەر هەمی ئەحزابێت کوردی هەمی ئێکدەست و ئێکدلێ بن خیلافاتێت خۆ یێت سیاسی پاش خۆڤە بهێلن، چونکو شەڕەکێ مەزن یێ هەی (ولا تنازعوا و تفشلوا و تذهب ريحكم)، بەداخەوە هندەك جاران دبینین دڤان کاودانێن هندە نەخۆشدا تیجارەت ب مردییا دهێتە کرن، بەڕێزان تیجارەت ب مردییا ناهێتە کرن، دڤێت ئەم هەمی ئێك هەلۆێست بین و ئەوان شەهیدان ئەم نەکەینە قوربانی هندەك تشتێن بچیك یان ژی هندەك فایدێن حزبی یان موزایەداتێن سیاسی دگەلێ ئێکدو بکەین، ئەڤرۆکە دڤێت ئەم ڤان خیلافاتا هەموویان پشت خۆ بهێلین هەر ئیقتیراحەکا ئەم بکەین دچیتە چارچوڤێ ڤان کارا دا ئەڤ کارێت سەرۆکاتیا هەرێمێ کری و هەروەسا سەرۆکاتیا حکومەتاهەرێما کوردستانێ کری هەر ل دەستپێکێ ئەگەر نە هەولێت سەرۆکاتیا هەرێمێ و نە هەولێت سەرۆك بارزانی بان ئەڤا ئەڤڕۆکە ل کۆبانێ نەدهاتە کرن کو تەحالوفا دەولی ل وان تیرۆریستا بدەت ژ بەر گەلەك ئەگەرا و هەروەسا ئەڤ کارێت نها ئەم بێژین یێت هاتیە کرن کو هاریکارییا ماددی و مەعنەوی و سەربازیشی بۆ کۆبانێ هاتبیتە کرن، حەقیقەت هندەك جاران مرۆڤ مستغرب رادوەستیت لسەر هندەك خالا کو بەحسێ ئیعترافێ ب کانتۆنا بهێتە کرن ئەگەر ئەم بێین بەرێ خۆ بدەینە وان کانتۆنا کو چەوا کوردستان نەیار و دوژمنا کریە چار پارچە، ئەڤڕۆکە پارچا بچیك کو رۆژئاڤایە ئەڤ ژی بۆیە سێ پارچە، دانپێدان ب ڤان کانتۆنا ئیحتیمالە ببیتە ئەگەرێ پارچە کرنا کوردستانێ ل وێرێ، ئەم دڤێت تشتەکێ مەزنتر بخازین ئەم بخازین ئەڤرۆ کە حەق تەقریر مەسیر هەبیت بۆ کوردان، مافێ چارەنڤیسێ هەبیت کو مەزنترە ل کەلیما کانتۆنێ و ئەوا ئەم بێژین کو ئیعتیرافێ پێ بکەین فیعلی یا هاتیە کرن، ئەگەر چەك بۆ هاتە هنارتن، ئەگەر توخیب هاتە ڤەکرن، ئەگەر یارمەتیا وان هاتە کرن، ئەرێ زێدەی ڤێ چ تشتە؟ ئەرێ ئیعتیراف ژ ڤێ مەزنتر هەیە؟ دبیت گەلەك جاران هێزێت سیاسیێت کوردی ل رۆژئاڤا ببنە ئەگەرێ ڤێ چەندێ کو هاریکاری نە ب شێوەیەکێ دروست بگەهیتە وان، داخازا من بۆ وان ئەڤەیە کو هەمی ئێك بن و هاریکارێ برایێت خۆ ژی بن دا ئەم بشێین هاریکارییا وان بکەین، سوپاسییەکا تایبەت بۆ شاندێ پەرلەمانا کوردستانێ کو ماندی بوون و چوونە وێرێ و راستی ب چاڤێ خۆ دیتی، تەنها تێبینییەك من لسەر راپۆرتێ هەبوو کو ئەڤ کورتە فیلم ئەوێ بۆ مە دانایە سەر کو دەنگێ (کاك سۆرانێ) دهات دگوت، ئەڤە

کۆبـانێ یـە ئـالایێ تورکیـا ل پشت بـوو و وەسا دیـار بـوو ئـەو لەختـە یێت هاتیـە پـەخش کـرن احتیمالـە راگەیاندنێ ژی دیتبیتن، دا نەبیتە خالەکا لاواز لسەر شاندێ مـە ئـەڤ ئـەرد هـەمی داخلـێ سـنورێ تورکیـا بوون، چونکو هەتا سایلۆیێ کـو ئـەو ژی سـروجە، سایلۆ بـوو و تـەنها دوماهیکا کۆرتـە فیلمـێ ئـەو غورفا دەرکەفتن کو مە نەزانی حەقیقەت مەعالمێت پشت ڤێ چ بوون؟ ئەگەر وێرێ بتنێ دەستپێکا سنوورێ بیت و ئەوا دی هەمی ئاخا تورکیادا بـوو و دا حـەقێ وان خـەلکا ژی بـەرزە نـەبیت یـەعنی حەقیقـەت دەزگـایێ خێرخازیێ بارزانی کارەکێ گەلەکێ باش کرییە، ئەز بێژم (سقط لسان)ەك چێ بو بۆ خوشکا ئامینای شـینا بێژیت (۱۲) ترێلە چووینە، گوتی (۱۲)تەن یێن چووینە، ئـەز بـاوەرم پـتر (۱۲۰)تـەنا ل ئێـك وەجبـەدا یێـت هاریکاریـیا خێر خازییا بارزانی ئەوێ دەزگای یێت گەهاندینـە وێـرێ و دیسان دۆماهیکا ئاخفتنـا خـۆ ئـەم بەژنا خۆ دتەوینم بۆ شەهیدێت کوردستانێ هـەر ل جەلـەولا بگـرەو شـنگالێ هـەتا دگەهیتـە کۆبـانێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاك انس، کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

سەردانی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەت کانتۆنی کۆبانی گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو، هەروەها پەیامی خەڵکی باشووری کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بوو بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە شـاندەکە کۆمـەك و پێداویسـتی مرۆیـی گەیانـدە ئاوارەکـانی دەڤەرەکـە، بـەڵام پێویستی هەنووکەیی و جیدی بۆ قایم بوون و تۆکمەکردنی سەنگەرەکانی بەرگری لـە لایـەن شـەڕڤانانەوە زیاتر لە هەموو شتێکەوە جەخت کردنە لە چەك و تەقەمەنی و، هەروەها گەیشـتنی هاوکـاری سـەربازییە، جا بەو پێیەی کە دەسـەڵاتی جـێ بـەجێ کـار، واتـە حکومـەت ئـەرکێتی وەڵامی ئـەو پرسـەی لا بێـت نـەك پەرلەمان، بۆیـە مـن داوام کـرد لـەم یـەك دوو ڕۆژەی ڕابـردوو بـۆ ئـەم کۆبوونەوەیـە سـەرۆکی حکومـەت و جێگرەکـەی و وەزیـری پێشـمەرگە بانگهێشـتی پەرلـەمان بکرێـت، تـاوەکو تـاوتوێ کردنـی ئیمکانییـەتی هاوکاریکردنی ئەو پرسەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، دواتر ئەوەتا لەو ماوە هەمووومان بینیمان کاتێـك ئـەمریکا و هاوپـەیمانان بڕیاریـان دا هاوکـاری هێـزی پێشـمەرگە بکـەن، هـەمووومان سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی وڵاتانمـان بینـی هاتنـە نـاو پەرلـەمان و بـە بـێ ڕەزامەنـدی پەرلـەمان نـەیاتوانی فیشـەکێك بنێـرن، بۆیـە ڕەزامەندی پەرلەمانیان وەرگرت، ئینجا توانیان هاوکاری ئێمە بکەن، دەبوایـە لای ئێمـەش وا بوایـە، دووەم، ئەو سەردان و ئاوڕلێدانەوانە و ئەو کۆمەکانەی کـە پەرلـەمان کردوویـەتی و قـەرارە زیاتریشی بکات، ئـەو ڕوونکردنەوانـەی کـە لـەم یـەك، دوو، ڕۆژەی ڕابـردوو لـە کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەوانیـدا بـەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باسی لێوە کرد، ڕەنگە بەشێك بن لە دانپێدانان بە کانتۆنی ڕۆژئاوا، بەڵام من پێشنیار دەکەم پەرلەمان یان سەرۆکایەتی هەرێم فەرمان بـدەن هەرچـی زووە لیژنەیـەکی یاسـایی تەشـکیل بکرێـت

تـاكو ڕێوشـوێنی سـیغەیەکی دەسـتووری و یاسـایی دابرێـژرێت بـۆ لایەنـە قانونییەکـەی، واتـە داننـان بـە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا بە فەرمی، هەمووومان ئەو دەزانـین ئـەوەی کـە بـەڕێز کـاك ﴿ئومێـد خۆشـناو﴾ باسـی کرد، دەمێکە زانیمانە کوردستان چوار بەشە و لەت کراوە و ئەمە دانپێیانانێکی جیایە، بەڵام ئـەوەی ئانیـە بۆ دانپێیانانی کانتۆنەکانی ئێستایە، چونکە ئـەوەی ئێمـە لـە نزیکـەوە بینیمـان لـەو سـەردانە کـە مایـەی شانازی پێوە کردنە، جەنگاوەرەکانی ئەو سنوورەیە کە توانیان بە هەموو ڕۆحیەتەوە پارێزگاری لە خـاك و نیشـتمانیی کوردسـتان بکـەن، ئـەوەی ئـەمڕۆ ڕەمـزی تەحەددایـە بـۆ کۆبـانێ و ئـەو کانتۆنانـە، دوا قسـەم کۆمەڵێك کارمەندی تەندروستی ئامـادەیی خۆیـان دەربڕیـوە بـە خۆیـان و پێداویستی پزیشکییەوە بچنە سـنووری کۆبـانێ، داوا دەکـەن هاوکـاری بکـرێن بـۆ ڕێگـە و بـان و حـدودی، و پەرلـەمان ناونیشـانێکیان بـۆ دابنێت ئەوان بە هەر ناونیشانێك بێت دەیانەوێ ئەرکی خۆیان جێ بـەجێ بکـەن لـەو سـنوورانە، داواکـارم پەرلەمان لێرەوە ڕێو شوێنێکیان بۆ دابنێت و موافق بێت لەسەر ئەوەی ئەو تیمە پزیشکییە بچنە ئـەوێ و خزمەتی باش بکەن بە ئاوارەکانی کۆبانێ و جەنگاوەرانی ئەو سنوورە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز محمود، پێش ئـەوەی ڕێگـە بـدەم بـەڕێزێکی تـر قسـە بکـات، دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بکـەم بەراستی ڕاپۆرتێکی گرنگ پێشکەش کراوە و، ئەو ڕاپۆرتەش ئەنجامی کاری هاوبەشی گشت فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بوو و، قسەی باش دەکرێن و، بەس دەمانەوێت ئەوەش ببینین کە کۆدەنگی لەسەر ئەم پرسە نیشـتمانییە زیـاتر بـەدی بکرێـت و پشـتیوانی بکرێـت و ئـەو قسـانەی کـە دەکـرێن دڵنیاینـە هـەموو لـە پەڕۆشییە و ئەو پرسە نیشتمانییە بەو شێوازە ڕەنگ بداتەوە زۆر گرنگە، بەڕێز ڕێواز فایق فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم بۆ هاوڕێیانم لەو شاندەی کە سەردانی کۆبانێیان کـردووە، بـەخێر بێنـەوە، سـوپاس بـۆ خوا کە سەلامەتن، من زۆر قسە ناکەم لەسەر ئەو قسانەی کە کراون، بەڵام سـەبارەت بـە فـەرمی ناسـاندنی هەرێمەکانی ڕۆژئاوا، چەند خاڵێك دەخەمە ڕوو کە هەست دەکەم بەشێکیان قـانونی و بەشـێکیان سیاسـین، یەکـەم، هەرێمـەکانی ڕۆژئـاوا لـە یاسـای نێودەوڵـەتی هاوچـەرخدا وا دەناسـرێن کـە حکومـەتی دیفـاکتۆی لۆکالین، حکومەتن، چونکە بە شێوەیەکی پراکتیکی کاروبـاری هەرێمـەکانی ڕۆژئـاوا بـەڕێوە دەبـەن و، ئـەو بۆشاییە دامەزراوەییەیان پڕ کردۆتەوە کە بە هۆی پاشەکشە و وەدەرنانی دامـەزراوە و دەزگاکـانی سـوریاوە دروست بوون، دیفاکتۆ واتە ئەمری واقعن، گوزارشتی دیفـاکتۆ لـە یاسـادا واتـە بـۆ وەسـفی حاڵـەتێك بـەکار دێت کە بنەمای یاسـایی تـەواوی نییـە، بـەڵکو هێزەکـەی لـەوەوە سەرچـاوە دەگرێـت کـە بـەکردەیی لەسـەر ئەمری واقیع پراکتیزە دەکرێت، لە بواری یاسای نێودەوڵەتیشدا بۆ وەسفی حکومـەتێکی تـازە دروسـت بـوو بەکار دێت، کە بنەما و ڕەکیزەکەی لە بەردەوامی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبـەردنی ناوچـەیەکی دیـاری کـراو بە شـێوەیەکی جـێگیر و فیعلـی سەرچـاوە دەگرێـت ﴿لۆکالیشـن﴾، چـونکە هێشـتا لـە ڕووی دەسـتوورییەوە

بەشێکن لەو کیانەی کە ناوی دەوڵەتی سوریایە، شەرعییەتی ئەم حکومەتانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ ئەم حکومەتە پیادەی دەسەڵاتی حکومییە کە لەسەر بەشێك لە زەوی دەوڵەتێك بە بێ ئەوەی بە گوێرەی دەستووری ئەو دەوڵەتە رێی پێدرابێت وەك دۆخی هەرێمی کوردستان دوای راپەرین، کەواتە بە پێی دەستووری ئەم وڵاتە حکومەتەکە حکومەتێکی نادەستوورییە، لە بەرامبەردا حکومەتە دیفاکتۆ لۆکالییەکە بە مەبەست دژ و ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیبە دەستوورییەکانی دەوڵەتەکە و بگرە هەر دانیشی پێدانانێت، بە پێچەوانەوە سەرچاوەی وجودی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە کۆنترۆلی واقیعی و کردەیی هەرێمەکە دەکات و هاوکات رەوایی خۆی لە مافێکەوە وەردەگرێت کە بەرزتر و باڵاترە لە پرەنسیبە دەستوورییەکان ئەویش مافی میللەتانە لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان، سەبارەت بەوەی ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت چی بۆ ئەم کانتۆنانە و هەرێمانەی رۆژئاوا بکات؟ لە یاسای نێودەوڵەتی و کارپێکردنەکانی، دوو جۆر دانپێدانان هەیە کە هەر یەك لە هاوڕێیانم ﴿کاك ئومێد خۆشناو و کاك گۆران ئازاد﴾ قسەیان لەسەر کرد، یەکێکیان دانپێدانانی یاساییە کە دانپێدانانی رەوایە و راستەوخۆیە و لە شێوەی رێکەوتننامە و راگەیاندنەوە لە لایەن دەسەڵاتە دەستوورییە تایبەتمەندەکانەوە رادەگەیەنرێ و ئەوەی تریش دانپێیانانە بە واقیع، ﴿الاعتراف بالواقع﴾ کە دانپێدانانی زیمنی و ناراستەخۆیە و دوور و نێزیك خۆی لە قەرەی وجودی کیانی سیاسی نادات، بەڵام پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان هەردوو لادا دروست دەبێت، پەیوەندییەك کە تەنیا لە نێوان ئەو دەوڵەتانەوە دروست دەبێت خاوەنی سەروەرین، بەڵام پەیوەندی نێوان دەوڵەتە دان پێدانەرەکە و ئەو کیانەی کە دانی پێدا دەنرێ لێکچووە لەگەڵ ئەو جۆرە لە پەیوەندی وەك ئاڵوگۆڕی نێردەی دیبلۆماسی و پەیوەندی سیاسی، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە رێگەی ئەوەی کە ئەم خۆبەڕێوەبەرییانە دیفاکتۆن و حەقیقەتێکن و لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە، دەتوانێت ئیعتیراف بە واقعی بوونی ئەوان بکات و پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان ئەو هەرێمە و هەرێمەکانی رۆژئاوادا بکات بە بڕیارێکی بەرجەستە، جیاوازی نێوان دانپێدانانی یاسایی و دانپێدانانی بە واقیع دا، پیادەکردنی جۆرێك لە جۆرەکانی دیپلۆماسییەت هێنایە بوون، واتە پەنابردن بۆ دانپێدانانە بەواقیع بە پراکتیزە کردنی ئەو پرەنسیپەیە کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاندا پێیدەوترێت (دیبلۆماسییەتی میللی)، پەرلەمان لە جیاتی کۆی خەڵك و بە نوێنەرایەتی ئەوان پیادەی دەکات و بەمە پەرلەمانی کوردستان دوو ئامانجی گرنگ دەپێکێت، یەکەم، دەرگا بەسەر هەرێمەکانی رۆژئاوادا دەکاتەوە بۆ ئەوەی پیادەی جۆرێك لە چالاکی دەرەکی بکەن لایەنی کەم لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا ئەوکاتەی بارودۆخیان جێگیر دەبێت، دووەم، پیادەی جۆرێك لە راقیترین شێوازەکانی دیبلۆماسییەتی میللی دەکات،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی توزێك میکرۆفۆن دوور بکەی،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

دەنگم بەرزە؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نا تۆزێك دووری بخە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، باشە، پیادەی جۆرێك لە راقیترین شێوازەکانی دیبلۆماسییەتی میللی دەکات بە تایبەت کە لایەنەکانی دیبلۆماسییەتی پەرلەمانی بەهرەمەندن، بە ڕێگە پێدانێکی یاسایی لە لایەن گەلەوە سەرچاوەکەی رەوایی متمانەی ئەو دەنگدەرەیە کە دەنگی پێداوین، بەمەش بتوانین گوزارش لە ئاراستەی رای گشتی باشووری کوردستان بکەین، کە داوا دەکات پەرلەمانی کوردستان بە نوێنەرایەتی ئەو دان بە هەرێمەکانی رۆژئاوا دابنێت، هاوکات کەناڵێکی راستەقینە بۆ کاریگەری دانان لەسەر رای گشتی و رازیکردنیان دەدەۆزینەوە، دواجار پێ داگیری لەسەر ئەوە دەکەم کە ئەرکی ئەم پەرلەمانەیە کە ئیعترافێکی واقیعی سیاسی بە هەرێمەکانی رۆژئاوا بکات، چونکە ئەم جۆرە لە ئیعتیراف کردنە دەچێتە چوار چێوەی وەزیفەی سیاسی پەرلەمان لە پاڵ چاودێری و یاسادانانداا بە تایبەت کە وەزیفەی سیاسی لە ئێستادا وەکو وەزیفەیەکی هاوچەرخی پەرلەمانەکانی دونیا دەناسرێت، هاوڕێم کاك گۆران ئازاد زیاتر تەفصیلی داوە، قسەی لەسەر ئەوە کرد کە ئەمە مەسەلەیەکی سیاسی نەتەوەییە، قسەیەك لەسەر مەسەلەی سەروەری دەرەکی دەکەم لە عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی، یەعنی لە رووی واقیعییەوە ئێستا چۆنە، ئایا ئەوەی لە واقیعدا هەیە سەروەری دەرەکی ڕێگرە لە بە فەرمی ناساندنی کانتۆنەکان، یان هەرێمەکانی رۆژئاوا؟ لە رووی دەستووریەوە پیادەکردنی سیاسەتی دەرەکی (السیاسة الخارجیة) بە گوێرەی ماددەی (١١٠)ی بڕگەی یەکەم لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ لە دەسەڵاتە حەسریەکانی ناوەندییە، لەبەر ئەوەی بە فەرمی ناساندنیش یەکێکە لە رواڵەتەکانی یان مەزاهیرەکانی سیاسەتی دەرەکی، کەواتە دەسەڵاتەکانی ناوەند دەتوانن ئەم کارە بکەن، بەڵام دوایی گرینگە، یەك: هەر بە گوێرەی دەستووری هەمیشەیی ماددەی (١١٠)ی بڕگەی دووەم دانانی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی و جێبەجێکردنی لە ناویاندا دروست کردنی هێزە چەکدارەکان و بەڕێوەبردنیان بۆ دڵنیایی پێدان و پاراستن و گەرەنتی ئاسایشی سنوورەکانی عێراق، داکۆکی لێ کردن لە دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی ناوەندیە، بێگومان بەڕێزتان ئەو حەقیقەتە دەزانن کە ئەگەر ئەم دەقە دەستووریە بەو جۆرە روون و رەوانەش لە ناو دەستووری هەمیشەیی عێراقدا نەبووایە ئەمە یەکێکە لە سیماکانی دەوڵەتی فیدراڵی، بەڵام بە دەست خۆشییەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و شاندەکەی هاوڕێی کە سەردانی هۆڵەندایان کردبوو لە راپۆرتەکەی خۆیاندا نووسیویانە، بە دەق لە لاپەڕەی دووەم پەرگرافی یەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە دیدارەکەیدا وێنەیەکی گشتی رووداوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقی خستە بەر چاوی وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا، داوای هاوکاری و پشتیوانی سەربازی کرد بۆ هێزی پێشمەرگە، لە کۆتایی راپۆرتەکەشدا دەڵێ لە ئەنجامی سەردانەکە خاڵی یەکەم: پەرلەمان و حکومەتی هۆڵەندی بڕیاری هاریکاری و پشتیوانی مرۆیی و

سەربازیدا بۆ هەرێمی کوردستان، گریمان ئەمەی لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە (١٠٠٪) راستە، هەر چەندە بە گومانم لەوەی دەوڵەتی هۆڵەندی لەسەر داخوازی پەرلەمانی کوردستان بەشداری لە هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی داعشی کردبێت، بەڵام من دەست خۆشیان لێ دەکەم، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بە فەرمی ناساندنی هەرێمەکانی رۆژئاوا ناکۆك بێ لەگەڵ برگەی یەکەمی ماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراقی هەمیشەیی، هەروەها پێشێلکردنی سەروەری دەرەکی دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بێ، ئەوە بە بڕوای من هیچی فەرق نییە لەگەڵ ناکۆکی داواکاری و ئەنجامی بەدەست هاتووی سەفەرەکەی بەڕێزان و شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان بۆ هۆڵەندا، بە هەمان مقیاس، بە هەمان پێوەر نا تەبان، تەبعەن لەگەڵ دەست خۆشیمان جارێکی تر، هاوکات بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەردانی نێردراو و قونصولیەت و نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەر وەفدێك کە سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات، داوای پشتگیری و یارمەتی سەربازی دەکات بۆ هەرێمی کوردستان، خۆ ئەگەر ئێمە پابەند بین بە دەستوور هێشتا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی، ئەگەر پابەند بین بە دەستوور، بەڵام من دەست خۆشیتان لێ دەکەم هیوادارم ئەو حاڵەتە بەهەند وەرگرتنە دۆخە نەتەوەییەی کە دەستتان پێ کردووە بەردەوام بن لەسەری، ئەمە نەبێتە حاڵەتی بانێکە و دوو هەوا لەمەسەلەی پاراستنی سەروەری دەرکیدا، هەر لەم پەرلەمانەدا لەم وەرزە تەشریعیە، لە وەرزی تەشریعی پێشتریشدا دوو یاسا دانراون کە هەموومان دەنگمان پێداون، فەخری پێوە دەکەین، ئەوەی لەبەر چاومان نەگرتبێت بایەخی سەروەری ناوخۆیی دەسەلاتی فیدراڵیە، هەر دوو یاساکان یاسای کۆمسیۆنی باڵای راپرسی و هەڵبژاردنی کوردستان، کە مەبەستمان باشووری کوردستان بووە، لەگەڵ یاسای ناساندنی هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان، کە مەبەستمان بە هەمان شێوە باشووری کوردستان بووە، سەروەری دەرەکی بریتییە لە خۆیەوە ئەو ماف و دەسەلاتانەی کە دەوڵەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پیادەیان دەکات، وەك مافی ئەندامیەتی لە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان، بەشداری لە کۆبوونەوەی گۆنگرە نێودەوڵەتیەکان، گرێدانی پەیماننامەو رێکەوتننامە، چوونە ناو پەیوەندی دیبلوماسی ئازادانە لەگەڵ دەوڵەتانی تر، هەروەها پەیوەندیە بازرگانی و ئابووری و رۆشنبیریەکان لەگەڵ مافی بەدوا داچوون چاودێریکردنی هاووڵاتیان لە دەرەوە و پاراستنیان، پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان خۆیان لە کام لەم چالاکی و فەعالییەت و پیادەکردنی دەسەلاتەکاندا پاراستووە، بە دەست خۆشییەوە، بە ناوی پاراستنی سەروەری دەرەکی، تا ئێستا ئەمە ببێتە لەمپەر لەبەردەم بە فەرمی ناساندنی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، بێگومان بە دەست خۆشییەوە زۆربەی ئەم دەسەلاتانە لەلایەن دامەزراوە دەستووریەکانی هەرێمەوە پیادەکراون، سەروەری ناوخۆیی و دەرەکی دوو رووی دراوێکن، کە چی لە رووی واقیعییەوە ئێستا لە دەوڵەتی عێراقیدا شتێك نەماوە بە ناوی سەروەری ناوخۆیی، دەوڵەتانی ئیقلیمی و هاوپەیمانان هەموو خاکی عێراقیان لەبەر دەستدا واڵیە و تەراتێنی تێدا دەکەن، ئاسمانی عێراقیش کەس لێی ناپرسێتەوە، جا تێناگەم ئەم پەرۆشییەی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەروەری عێراق لە چییەوە هاتووە؟ بە خۆش حاڵیەوە دەیڵێم لە چ دەوڵەتێکی فیدراڵیدا لە

ئەزموونەکانی دونیادا کاتێك سەرۆکی وڵاتان و نێردراوەکان سەردانی پایتەختی ناوەند دەکەن و دواتر وەك سەردانی دەوڵەتێکی تر، وەك پێویستیەکی حەتمی دەچنە سەردانی هەرێمەکان، جگەلە هەرێمی کوردستان کە تایبەتمەندی و قورسایی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا هەیە، لە رووی واقیعییەوە خاوەنی پەیوەندی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی خۆیەتی، بە مەش وڵاتان و نێردراوەکان نا راستەوخۆ مامەڵەی دامەزراوەی دەستووری دەوڵەتی لەگەڵ دامەزراوەکانی هەرێمدا دەکەن، رەنگە ئەوەی دەقا و دەق بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دروستە لە رووی واقیعی و پراکتیکەوە لە هەرێمی کوردستاندا زەمینەیەکی راستەقینەی نەمابێت، خۆش بەختانە نا راستەوخۆ خاوەنی هەموو دەسەڵات و پێگەیەکین کە هیچی لە دەوڵەت کەمتر نییە، دوا قسەم ئەوەیە کە تەنانەت لە دەوڵەتە فیدراڵیەت و توندوتۆڵەکانیشدا شتێك نییە بە ناوی سەروەری دەرەکی رەها بەمانە تەقلیدیەکەی، بەڵکو ئەوە دەستوورە دیاری دەکات کە کام دەسەڵات و سەلاحیەت رێ پێدراوە کە ئەمەش قەدەغەیە، دەسەڵاتی حەسری ناوەندە، چونکە لە ناو یاسای نێو دەوڵەتیدا سەوابت لەو رووەوە نییە، بەڵکو ئەرکێکە کە بە دەستووری فیدراڵی سپێردراوە، بۆیە ئەگەر لە دەقە دەستووریەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق وردبینەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە سەروەری دەرەکی عێراق رێژەییە، نەك رەها، بۆ نموونە ماددەی (١١٠)ی بڕگەی یەکەم لەگەڵ ماددەی (١٢١)ی فەقەرەی چوارەمدا ئەگەر بەراورد بکرێت، لە کۆتاییدا من داوا دەکەم و پێداگیری لەسەر ناوەڕۆکی ئەو یاداشتە دەکەم کە (٦٣) پەرلەمانتارەکە پێشکەشیان کردووە کە یەکێکیان ئەنجامدانی کۆبوونەوەیە، ئەوەی تر بە فەرمی ناساندنی کانتۆنەکان بوو بەو سیغە یاساییەی کە دەکرێ لە ئێستادا بۆ ئەم دۆخە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها ئاماژە بە خاڵێك دەکەم باسی هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان کرا، لە مەسەلەی دان پێدانانی بە کانتۆنەکانی رۆژئاوا، پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی پێش وەختەی نەبوو، ئەمڕۆ تاوتوێی ئەو مەسەلەیە دەکرێ، یەعنی پەرلەمانی کوردستان ئێوەنە، لێرە بڕیار دەدرێت، لێرەش هەڵوێست دیاری دەکرێت، هیچ هەڵوێستێکی تر نەبووە بڵێی ئاماژەی پێ بکرێت، خاڵە نیزامییەکان، سێ خاڵی نیزامی هەیە؟ بەڵێ، فەرموو بەکورتی کاك د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (شەشەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان بە یاسایەك دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ پێك دەهێنرێت بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و بەڕێوەبردنی کارەکانی هەڵبژاردن، ئەوە لە ساڵی (١٩٩٢)، ئەوەی لەبەر دەستمدایە دەستووری عێراقیە ماددەی (١١٠) کە دەسەڵاتی حەسریەکانی حکومەتی ئیتیحادی تێدا هاتووە، لە هیچ جێگایەك لەو بڕگانە رێگە لە هەرێمی کوردستان نەگیراوە کە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی سەربەخۆی هەبێت، بۆیە چ بە ناساندنی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی

ئاشتی لەگەڵ ڕێزی زۆر بۆ قسەکانی بەڕێز د.ڕێواز، مەسەلەی کۆمسیۆنی هەڵبـژاردن نـاکرێ بـۆ موفایـەزە کردن و موقارەنە کردن لەگـەڵ حاڵـەتێکی تـر، کـە ئێسـتا ئێمـە هـەمووومان هاوسـۆزین دێـین ئـەو هـەنگاوە یاساییەیانەی کە ئەوەی من دەیڵێم تەواو نوقتـەی نیزامییـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوە یاسـا لـە بەردەسـتمدایە، یەعنی پەرلەمان کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی دروست کردووە، پشت ئەستوورە بە دەقی یاسایی کـە بـۆ جەنابتم خوێندەوە، هەروەها ئەوەش دەستووری عێراقی ماددەی (١١٠) بە هیچ شـێوەیەك هـیچ ڕێگریـەکی یاساییمان نییە، بۆیە ناکرێ ئێمە لە پێناوی ئەوەی دێین شەرعیەت بدەینە حاڵەتێکی تر کۆمەڵێك یاسـا و هەنگاو کـە لـەو پەرلەمانـە هێناومانـە بـێین مەسـحی بکەینـەوە، یـان مولاحـەزاتی یاسـایی لەسـەر دروسـت بکەین، لەگەڵ داوای لێبووردنم بۆ د.ڕێواز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵێکی تـر نیزامی هەیە؟ ئێڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کاتی خۆم قسەکانم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لێرە جێگای پرسیارە ئەوەیە کە واقیعی بوونی ئەو کانتۆنانە هیچ قسەیەکی لەسـەر ناکرێـت، بـەڵام قسە لەسەر ئەوەیە ئایا ئەو جیهەتەی کە داوای لێکراوە ئیعتیراف بکـات شەخصـیەتی دەولـی هەیـە، توانـای ئیعـتیراف کردنـی هەیـە، یـاخود نـا؟ پرسـیارەکە لێرەدایـە کـەس گومـانی لـەودا نییـە کـە بـەڕێز د.ڕێـواز کانتۆنەکانیشی بە نا دەستووری وەصف کرد، ئێمە لە ڕووی واقیعییەوە لەوانەیـە کانتۆنـەکان شـەرعیەتیان پێ بدەین و زۆر بە شەرعی وەصفیان دەکەین، لەبەر ئـەوەی هـەڵقوولاوی گـەلن لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا، بەڵام ئەوەی پرسیارەکە دروست دەکات ئەوەیە لایەنی بەرامبەر ئایا کە پەرلەمانی کوردستانە شەخصیەتی دەولـی هەیـە و دەتـوانێ ئـەو کـارە ئـەنجام بـدات؟ ئیعـتیراف بکـات بـە دەوڵـەتێك کـە خـاوەنی سـەروەری و سیادەی خۆیەتی، بۆ مەسەلەی هاوکاری و پشتیوانی نێو دەوڵەتی کاتێك کە وەفدی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان چوون بۆ هۆڵەندا کارەکەی بە هیچ شێوەیەك پێچەوانەی دەستووری عێراقی نییە، بەڵکو بـە پێـی مـاددەی (٧)ی بڕگەی دووەم لە دەستووری عێراقی دەڵێت (دەوڵەت ئیلتیزام دەکات بە موحارەبە کردنی ئیرهـاب بـە هەموو شێوەکانییەوە)، ناوی دەوڵەتی هێناوە، واتە لە چوار چێوەی دەوڵـەتی عێراقـدا حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، حکومـەتی ئیتیحـادی، پەرلـەمانی کوردسـتان، پەرلـەمانی ئیتیحـادی، موئەسەسـاتی تـر هـەر هەموویان دەتـوانن بەشـداربن و داوای کۆمـەك و هاوکـاری بکـەن لـە موحارەبـەکردنی مەسـەلەی ئیرهابـدا،

لەسەر مەسەلەی سەربەخۆبوونیش قسەکرا، ئەوەشیان هەر کارێکی دەستووریە، لەبەر ئەوەی یەکەمیان دیباجە ڕێگەی پێداوە، دووەمیان هەموو قانونییەك دەبێ جیاوازی بکات لە نێوان دوو بابەتدا ئەویشیان مەسەلەی ئیختیصاصە، لە ماددەی (١١٠) باس لە ئیختیصاصات دەکات، بەڵام لە ماددەی (١٤٠) باس لە ئیلتیزام دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو جیهەتەی کە ئیلتیزامەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەگەر هاتو ئیلتیزامەکەی جێبەجێ نەکرد، ئەو جیهەتەی کە خاوەنی مافە، ئایا دەتوانێ ئیلتیزامەکە جێبەجێ بکات یاخود نا؟ ئەوە بەجێ دێڵین بۆ یاساییەکان کە جەوابەکەی وازح و روونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.ڤالآ، هەر چەندە ئەمە روونکردنەوە بوو، نوقتەی نیزامی نەبوو، بەڕێز د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەزانم بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ من حەقی ئەوەم نییە جەوابی هاوڕێیەکانم بدەمەوە، بەڵام من لە رووی قانونییەوە قسەم لەسەر ئەوە کردووە کە لە باڵآ تر لە بنەما دەستوورییەکان شەرعیەت دەدات بە کانتۆنەکان ئەویش مافی رەوای چارەی خۆ نووسینە، کەواتە لە قەناعەتی مندا مافی چارەی خۆ نووسینی خەڵکی ئێمە لە رۆژئاوا باڵآ ترە لە پرەنسیپە دەستوورییەکانی دەستووری سوریا ئەمە یەك، حەز ناکەم وا لێکبدرێتەوە کە من دەڵێم نا دەستووری، من دەڵێم ئەوان پشت ئەستوورن و رەوایی وەردەگرن لە پرەنسیپێکی باڵآ تر لە پرەنسیپە دەستوورییەکان کە مافی چارەی خۆ نووسینی میللەتەکەمانە لە رۆژئاوا، سەبارەت بە قسە کردن لەسەر هەر دوو یاسا کە ئاماژەم پێدان، من یەکێك بووم لەوانە کە دەنگم پێداون، بەڵام ئێمە بە ئەنقەست وشەی هەرێمی کوردستانمان لێ کردەوە وەکو پەیامێك بۆ ناوەند و بۆ دونیا کە ئێمە میللەتێکین و پەرلەمانێکین دەمانەوێ وردە، وردە هەنگاوەکان بەرەو سەربەخۆیی بنێین، من بە هیچ شێوەیەك نەم وتووە بایی ئەوە ئیدراکی سیاسی... باسم لەوە نەکردووە کە ئێمە حەقی ئەوەمان نییە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دابمەزرێنین، بەڵێ، حەقمانە، هەروەها مومارەسەی حەقێکی دەستووری خۆمانمان کردووە، بەڵام وشەی هەرێمی کوردستانمان لێ لابردووە بە ئەنقەست لەبەر ئیحساسی نەتەوەییمان، سەبارەت بەوەی کە دەوڵەت بۆی هەیە موحارەبەی ئیرهاب بکات، مادام ئێمە لەوێدا وەکو دەوڵەت ناسراوین کە چووین موحارەبەی ئیراهابمان کردووە وەکو چەند جارێك وتوومە دەستتان خۆش بێت، کەواتە مادام ئێستاش هەر ئەو دەوڵەتەین، لەبەر ئەوەی لە رۆژئاوا شەڕ لە دژی ئیرهاب بەرێوە دەچێت، فەرموون ئەگەر هیچمان پێ ناکرێ با ئەو شەڕەی کە لە رۆژئاوا بەرێوە دەچێت لە دژی داعش بە شەڕی بەرەیەکی بناسێنین، کە بەرەی هەموو خەڵکی کوردستانە لە بەرامبەر داعشدا، من تەئکید دەکەمەوە لە قسەی هەڤاڵەکانم دەستیان خۆش بێت، بەڵام من حەز ناکەم لێکدانەوە بۆ قسەکانم بە جۆرێك بکرێ کە من خۆم وام نەوتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش خۆی روونكردنەوە بوو، نوقتەی نیزامی نەبوو، ئومێدەوارم ئەوەی بەڕێز كاك بەهزاد نوقتەی نیزامی بێت؟ فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله منیش هەر بۆ تەئكیدا ماددەیا (١٠٨) لە دەستووری عێراقا فیدرالێ، یەعنی مافێ دەدەتە عێراقیێ و هەرێما كوردستانێش هەر دەستەیەك بێتە دامەزراندن، وەكی چاوا مە ئەنجومەنا بالآیا دادوەری هەی لە هەرێما كوردستانێ، ژبەر هەندێ راستی ئەوە نبیتە جێهی خیلافێ كو مە یاسایەك دەرخستیە كۆمسیۆنا بالآیا هەلبژاردن و راپرسیێ، چونكە راستی ئەڤ وەفدێ چووە دەرڤە بۆ راپرسی و گشت پرسیا سكوتلەندا چەند دیدار كرنە بە راستی ڤێ گاڤێ راپۆرت ئامادەیە، مەخسەدم لێرە پەرلەمانێ مە دەڤێت ئەڤ خیلافە بە چ شێوەیەكی نەبیت، حەتا لێكدانەوەش بۆ ڤێ خیلافێ نەبیت، بۆ؟ چونكە بۆ مە دیار بی (پەرلەمانێ كەتەلۆنیا، پەرلەمانێ سكوتلەندا) ئەوون بزوێنەر و دافعێت سەرەكی كو بۆ سەربەخۆیا ڤان هەرێما راستی دەینە وجودێ، ژبەر هەندێ لە هەرێما كوردستانێش بە قەنەعەتا من بە تایبەتی لە پەرلەمانێدا دڤێت هیچ وەكی گوتی لێكدانەوەی جیاوازیش نەبن بۆ ڤێ مەسەلەی، وەكی گوتی هاو دەنگیەك و هەمی پێكڤە بۆ ڤێ مەسەلەی بەرەو پێشڤە بەین، ژبەر هەندی ئەڤ ماددەیا (١٠٨) من ئاماژەی پێ بكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمێنكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤە ژی روونكردنەوە بوو، هەر چەندە روونكردنەوەی باش بوون، پێویست بوون، بەڕێز كاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم ئەمەیان نوقتەی نیزامی بێت، دیارە گفتوگۆكردنی هەر بابەتێك لە ناو پەرلەماندا ناكرێت بكرێتە گفتوگۆی نێوان دوو كەس، ئەمە دەبێتە مونازەرە، چونكە من دڵنیام ئێستا د.ڤالآ وەلآمی هەیە، ناكرێ ئێمە گوێ بگرین و دوو كەس موناقەشە بكەن، پێموایە ئەمەیان نوقتەی نیزامی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

راست دەكەی، نوقتەی نیزامی بوو، دەست خۆش، ئومێدەوارین لەمەو دوا نوقتەی نیزامی، نوقتەی نیزامی بن، چەندین جارە تەئكیدمان كردۆتەوە پێداگیری بكەن زۆر گرنگە بۆ پەرلەمانی كوردستان، هەندێك روونكردنەوەی یاساییش بە راستی لەم بوارەدا باشە گوێمان لێ ببێت، بەلآم نەك وەلآم دانەوە، ئێستا دێینە سەر ئەوەی یەك بەڕێزی تر وەردەگرین، دواتر پشوویەك وەردەگرین، بەڕێز د.فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئکید دەکەمەوە ئەو قسانەی پێشتر کردم نوقتەی نیزامی بوون، چونکە پشتم بەست بە نەصی قانون، تەبعەن جارێکی تر دەست خۆشی لەو هاوڕێیە بەڕێزانەمان دەکەین کە ماندوو بوونیان کێشاوە، بە نوێنەرایەتی هەموومان چوون، ماندوو نەبن، بەخێر بێنەوە، بەر لەوەی کە باسی کۆبانێ بکەم هەر لەسەر کۆبانێ و لەسەر ئەو دۆخەی کە لە ڕۆژئاوا دروست بووە، دەمەوێ داوا لە خۆمان بکەم وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئێمە بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) مەرجەعی ئەساسین بۆ یەکلا کردنەوەی ململانێ سیاسییەکان یان پرسە چارەنووسسازەکان، هەروەها بە پێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) پەرلەمانی کوردستان مەرجەعی بڕیاردانە بۆ پرسە چارەنووسسازەکان، ئێمە پێمانوایە ئێستا گەلی کوردستان لە هەموو پارچەکان و بە تایبەتی لە باشوور و ڕۆژئاوا بە دۆخێکی زۆر چارەنووسسازدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە بە هیچ شێوەیك ناکرێ پەرلەمانی کوردستان ببێتە چەقی ململانێیەکان، خوا نەخواستە ململانێی سیاسییە لاوەکییەکان بە نوێنەرایەتی حیزبەکان لێرە بەڕێوە ببەین، بۆیە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر بەرپرسیاریەتی پەرلەمانی کوردستان گەورەتر و گرنگ ترە کە بە ڕۆڵی مێژوویی خۆمان وەکو مەرجەعی پرسە چارەنووسسازەکان و بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان هەڵبستین، دڵمان گەورە بێت، ململانێیەکان بەلاوە بنێین، زۆر خۆش بەختیشم، خۆشحاڵیشم کە ئەمڕۆ دەبینم جۆرێك لە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی نیشتیمانیی لەم هۆڵەدا دەبینین، تەمەننا دەکەم ئەم کۆبوونەوەیە تا ئەخیر بەم شێوەیە، بەم بەرپرسیاریەتە بەڕێوە بچێت، کاتێك کە قسە لەسەر کۆبانێ دەکەین خوێنی کۆبانێ و کارەساتی کۆبانێ و گەورەیی کۆبانێ، یەعنی هەموومان لەسەری کۆك بین و بە هیچ شێوەیەك ململانێیەکان کە دوێنێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەمانە دەمان بینی لێرە ڕەنگ نەداتەوە، هەروەها هەموومان لەسەر وەرقەیەکی هاوبەش ڕێك بکەوین، خاڵی دووەم: داوا لەلایەنە کوردستانییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەین کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك بۆ ئەوان چارەنووسسازترە کە ململانێیە لاوەکییەکان و ململانێیە ناوخۆییەکان بەلاوە بنێن لە چوار چێوەی بەرەیەکی کوردستانی کۆ ببنەوە، بە یەکەوە بەرامبەر تیروریستان و بە یەکەوە ئیدارەی ئەوێ بکەن، بە یەکەوە ئەم پرسە چارەنووسساز و ئەم دۆخە چارەنووسسازە بەرێ بکەن، خاڵی سێیەم: ئەوەیە وەکو هاوڕێیەکانیشم باسیان کرد مافی چارەی خۆنووسین یەکێکە لە پرەنسیپەکانی یاسای نێو دەوڵەتی، لە میساقی نەتەوە یکگرتووەکان، لە زۆربەی پەیماننامەو عەهدەکانی نێو دەوڵەتی، لە سەدان و دەیان بڕیاری جەمعی عامە و ئەنجومەنی ئاسایش و مەحکەمەی عەدلی دەولی و مونەزەماتی ئیقلیمی باسی لێوە کراوە، بۆیە بۆتە پرەنسیپێکی نێو دەوڵەتی ئامر، ئێمە لێرە وەکو پەرلەمانی کوردستان تەئکید لەسەر مافی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان بکەینەوە لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، خاڵێکی تر: ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، هەروەها داواش بکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گەلی ڕۆژئاوای کوردستان، هێزە ساسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەر دیفاکتۆیەك یان هەر یەکێکی بەڕێوەبردنی ئیداری لە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ خۆیان بە شیاو دەزانن و بڕیاری لەسەر دەدەن ئێمە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی فەرمی لەگەڵدا بکەین، پشتگیریان بکەین، ئەو

تەجروبەی کە ئێمە لە خۆ بەڕێوەبردن هەمان بووە بە تایبەتی لە قۆناغی ساڵی (١٩٩٢) تا ساڵی (٢٠٠٣)، ئەگەر چی پاڵپشتیش بوو بە بڕیارێکی نێو دەوڵەتی کە بڕیاری (٦٨٨)ە، بەلاّم حالّەتێکی دیفاکتۆ بوو، ئێمە هەوڵدەدەین بەو ئەزموونەی هەمانە پاڵپشتیان بکەین، بەلاّم وەکو باسم کرد بۆ ئەوەی دەرگا دانەخەین لەوەی کە گەلی رۆژئاوای کوردستان لە داهاتوودا لەوانەیە لە ژێر ناوی کانتۆن نا، لە ژێر ناوێکی تر، لە ژێر ناوی هەرێمێکی فیدراڵی، لە ژێر ناوی ئیقلیم هەر ناوێکی تر بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دەرگا لەسەر رۆژئاوای کوردستان دانەخات تەنها بە ناوی کانتۆن، ئێمە بڵێین لە پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی لە هەر شێوازێکی خۆ بەڕێوەبردنی ئیداری، یان دیفاکتۆیەك دەکەین کە گەلی رۆژئاوا بە شیاوی دەزانێ پێی باشە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ بکەین و بیناسێنین، ئێمە پێمان باشە، لە نیزامی پەرلەمانی دونیاش ئەمە هەیە، بۆیە جارێکیش لە پەرلەمانی کوردستان ئەمە مومارەسە کراوە پێی دەگوترێت جەلەساتی ئیستیماع، وا باشە لە هۆڵی پەناگیری وەفدێکی عەفرین و کۆبانێ و جەزیرە بێن روونکردنەوە و زانیاریمان پێ بدەن لەسەر شێوازی خۆ بەڕێوەبردن لەم شوێنانەدا، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش و فراکسیۆنەکانیش ئامادەبن کە ئەمە شێوازێکی زۆر موتەبەعە لە پەرلەماناتی دونیا پێی دەگوترێت جەلەساتی ئیستیماع، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەکو هاوڕێیەکانیش باسیان کرد جۆرێکە لە دان پێدانانی زومنی، جۆرێکە لە پێشوازی کردن لە هەر شێوازێکی بەڕێوەبردن کە ئەوان بیانەوێ، زۆر گرنگیشە، نامەوێ قسەی هاوڕێیەکانم دووبارە بکەمەوە، بەلاّم ئێستا کاتی ئەوەیە لێرەوە لەم مینبەرەوە لە پەرلەمان داوا لە جالیەی کوردستانی و لە هەموو ولاّتانی دونیا بکەین کە رۆڵی مێژوویی خۆیان ببینن لە رێگای خۆپێشاندان و لە رێگای فشارخستن، هەموو ئەو رێگایانەی کە بە باشی دەزانن لەسەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ ئەوەی جووڵەیەکی زۆر خێرا بکەن بۆ پاڵپشتی کردنی کۆبانێ و دەربازکردنی لەو مەینەتییەی کە تێیدا کەوتووە، ئەوەی تریان پاڵپشتی تەواوی بەشی زۆری خاڵەکانی راپۆرتەکەی لیژنەکە و قسەی هاوڕێیە بەڕێزەکانم دەکەم لە دۆخی ئاوارەکان، لە گەیاندنی کۆمەکی سەربازی و لە هەموو ئەو خالاّنەی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە پرسی کۆبانێ پرسێکی نیشتیمانی گەورەیە، گفتوگۆکان پێویستن و بەردەوام دەبین لە دوای وەرگرتنی پشوویەکی یەك کاتژمێری، تا ئەو کاتە رەفعی دانیشتنەکە دەکەین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای گەورە، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، بەردەوامین لەگفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ، داوا لە شاندی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە بۆ بەدوا داچوونی بارودۆخەکانی کۆبانێ پێکهێنرا بوو بێنە سەر سەکۆ بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆکردن، بەڕێز کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر مصطفى (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چەند مانگێکە باشووری کوردستان لە شەڕێکی بەردەوام و دەستەو یەخەدایە لە بەرامبەر دڕندەترین دووژمندا خۆمان راگرتووە، دەیان شەهید و سەدان بریندار و ئاوارەیی و ماڵ وێرانییەکی زۆرمان بەسەردا هاتووە، جگەلەوەی بەردەوام لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی کێشەمان هەیە، حیسارمان لەسەر بووە، بەڵام لە شەڕی کۆبانێ هەمووومان جەستەمان لێرەیە و رۆحمان لە کۆبانێ بووە، دەرکەوت کۆبانێ بگیرێت یان نەگیرێت سەرکەوتووبووە و براوەیە، کۆبانێ بۆمانی سەلماند گەر کار لەسەر ئیرادەی تاکی کوردی ئەم هەرێمە بکرێت هیچ هێزێك نییە و ناتوانێ روو بەڕووی بێتەوە، ژنانی کۆبانێ کارێکیان کرد بە داعش کە بۆتە جێگای سەر سووڕمانی دونیا، مەزلومیەت و بێ کەسی کوردیشیان پێشاندا، جگەلە بەرگری و موقاوەمەتی نەبیستراو، کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی لەم کاتەدا لە تاقیکردنەوەیەکی قورس دایە، رزگارکردنی کۆبانێ نیشانەی باش دادەنێت لەسەر ستراتیجییەتی هاوپەیمانان، تورکیا جێگای سەرەنجە، چەندین ساڵە هەوڵماندا‌وە جوانتر لە خۆی پێشانی خەڵکی کوردستانی بدەین، بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوە، بەڵام دۆست لە کاتی تەنگانەدا دەردەکەوێت، بە بەرچاوی تورکیاوە شارێك خەریکە قەتل و عام دەکرێت، قسە ناکات، تەنانەت ڕێزی هەستی ملیۆنان کوردی وڵاتەکەی خۆی ناگرێت ،کە داوای هاوکاری بۆ کۆبانێ دەکەن، بۆیە مەوقیفە سلبییەکانی تورکیا بە کەس داناپۆشرێت، لە شەڕی دژی داعش کوردانی هەر چوار پارچە، دەرەوە و ناوەوە یەکیان گرتووە، سنوورەکان کاڵ بوونەوە، خۆپێشاندانەکان دەری دەخەن ئەم میللەتە چەند زیندووە، فەرمانبەران و خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش گلەییەکانی خۆیان شاردۆتەوە، پێشمەرگە بە ژیانێکی کولە مەرگی بەرگری دەکات و سەنگەر چۆڵ ناکات، لە مێژوودا شك پێ نابەم کورد وەك ئێستا یەکگرتوو بێت، ئەرکی هێزە ساسیەکانیشە ئەم یەك هەڵوێستی و یەك ئیرادەییە گەشە پێ بدەن، دەبێ واز لە شەڕی دەروونی یەکتر بێنن، دەبێ ململانێکانی خۆیان دوا بخەن، کورد ئەمرۆ شەڕی پێ فرۆشراوە، دەبێ پێکەوە روو بەرووی مەترسییەکانی ببینەوە، بیرکردنەوەیەکی تەسکە بە پێشاندانی نا شیرینەکانی تۆ خۆم جوان بکەم، جوانیەکانی یەکتر نەبینین و تەنها نا شیرینیەکان ببینین، دەبێ ئەوە بزانین کە تۆ نەمای منیش نامێنم، ئەمە بنەمای دیموکراسیەت و پێکەوە ژیانە، داعش چەندە ئازاری هەیە ئەوەندەش کەم و کورتیەکانی دەرخستین، دۆست و دوژمنی بۆ تاقی کردینەوە، بۆی دەرخستووین یەکگرتووی هێزەکان و پێکەوە کار کردن و بوونی موئەسەساتی کامل و بوونی هێزێکی سەربازی پڕۆفیشناڵ چەند گرێنگە، بۆی دەرخستووین هەرێمی کوردستان و کورد قۆناغی

شەڕی تێ نەپەڕاندووە، دەرفەتی داینێ دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، دەبێ لە هەنگاوەکانی سەربەخۆیی سارد نەبینەوە، دەبێ سەرجەم کۆڵەگەکانی قایم بکەین و وردە وردە کاری بۆ بکەین، بۆ کۆبانێش سوپاسی ئەو لیژنەیە دەکەم و منیش پشتیوانی لە هەڤەڵەکانم دەکەم لەم سێ خاڵەدا بۆ ئەوەی چی بکرێ بۆ خزمەتی کۆبانێ و وەزعی کۆبانێ، بە تایبەتی هەوڵدان بۆ بە شەرعی ناساندن و دان پێدانانی رۆژئاوای کوردستان، ئەم پێشنیارە هەندێك رایان وایە کە لە رووی دەستووریەوە ئیشکالیاتی هەیە، بەلآم کارێکی پیرۆزی نەتەوەییە، حەقە ئیشی لەسەر بکرێت، خاڵی دووەم: هەر چەندە لە ماوەی رابردوودا لە رێگای وەزارەتی پێشمەرگە و هەندێك کەناڵەوە بە چەك و تەقەمەنی تا رادەیەك هاوکاری رۆژئاوا و کۆبانێمان کردووە، بەلآم بە راستی دەرکەوت ئەو چەك و تەقەمەنیانە بە قەدەر ئەو پێداویستی و شەڕە گەرم و گەورانەدا نەبوون، کۆبانێ پێویستی بە چەکی زیاتر و گەورەتر و تەقەمەنی زۆرتر هەیە، ئەگەر لە رێگای ئاسمانیشەوە بێت بە هەر کەناڵێکدا بێت واجبێکە کە لەسەرمانە بۆیان جێبەجێ بەکەین، خاڵی سێیەم: گرێنگە دەروازەی سێماڵکا بکەینەوە بە رەسمی، چونکە بە شێوەی نا یاسایی هاتوچۆ هەر هەیە، بازرگانی هەر دەکرێت، بەلآم ئەوەی لێی سوودمەند نەبووە حکومەتی هەرێمە، ئەگەر بتوانین باشتر رێکی بخەین سوودی باشتری لێ دەکەین، جگەلەوەی کردنەوەی ئەم دەروازەیە بە رەسمی پاڵ پشتێکی باشە بۆ پشتیوانی کۆبانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند جارێك باسی دەروازەی سێماڵکا کرا، لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەدوا داچوونی بۆ ئەم پرسە کردووە، ئینجا پێم خۆشە ئێستا سەرۆکی لیژنەکە دەرئەنجامی ئەو بەدوا داچوونانەی خۆیان سەبارەت بەو دەروازەیە بخاتە ڕوو، پێش ئەوەی کە بەڕێزانی تری ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، بەڕێز کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك سەرۆکایەتی لیژنەی ناوخۆ دوێنێ لە سنووری (سەحەرە و ئاوەنە) بووین، لەوێش چووینە دەروازەی (سێماڵکا) لەگەڵ لێ پرسراوی موجەمەعی حدودیەکە دانیشتین، پرسیارمان کرد لەسەر چۆنیەتی هاتوچۆ کردن و ئەو کارە بازرگانیانەی کە لەو سنوورەدا دەکرێت، دواتر مەیدانیەن چووینە سەر پردەکە، چووینە سەر ئەو شوێنەی کە نەفەرەکان لێی دەپەڕنەوە، هەروەها هەموو ئەو پرسیارانەی کە پێویست بوو سەبارەت بەو دەروازیە کردمان، لەو دەروازەیەدا هاتوچۆ زۆر ئاساییە، کاری بازرگانی بە ئاسایی دەکرێت، تەنانەت لە شۆفێرەکانیشمان پرسی گوتمان ئێوە چ کێشەو گیروگرفتێکتان هەیە، لە وەلآمیاندا بۆ ئەو پرسیارەی ئێمە تەنها گرفتێکیان باس کرد، کە ئەو پردەی کە لەوێیە تەحەمولی باری قورس ناکات، ئەو بارهەڵگرانەی کە بار دەبەن بۆ ئەوێ ناچار دەبن لە پێش پردەکە بارەکانیان دابەزێنن، بە چەند سەیارەیەك بە دوو سەیارە، یان بە سێ سەیارە بی پەڕێننەوە بۆ ئەو بەر سنوور، لە

کارمەندەکانمان پرسی، لە خەڵکمان پرسی، هاتوچۆیەکی زۆر ئاسایی هەبوو، هیچ ڕێگریەك لە هاتوچۆ نەبووە لەو بەرەوە بۆ ئەو بەر، کاری بازرگانیش ئاسایی هەبوو، چەند مەوادێکی بازرگانیش کە لە ئێستا تیجارەتی پێ دەکرێ، هەر بۆ نموونە ئەو شۆفێرانەی دوێنێ لێمان پرسین لە سلێمانیەوە هاتوون، پاکەت و جگەرەیان هێنابوو بۆ ئەوێ، هیچ گرفتێك، هیچ شتێکمان بەدی نەکرد، دوای ئەوە ئێمە گەڕاینەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وا ئێستا خەریکی گفتوگۆکردنین لەسەر بارودۆخی کۆبانی خۆشبەختانە ئێستا هەواڵەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن هەواڵی دڵخۆشکەر بگات ، پێموابێت هەر ئەمڕۆ شەڕڤانانی یەپەگە توانیویانە پێنج گوند لە کۆبانێ ڕزگار بکەن، بەهەمان شێوە شاخی گرنگ و ستراتیژی (مشتەنور) ڕزگار بکەن، کە بەڕاستی ئەمە جێگای دڵخۆشیە ، ئەمە بەرهەمی ئەوەیە کە تا دێت زیاتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر پرسی کۆبانی دێتە جواب ، ئێمەش ئەبێ پەرلەمانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆمان چڕتر بکەینەوە بۆ زیاتر پشتیوانی کردنی کۆبانێ و ڕۆژئاوا بە گشتی، خاتوو حیاة مجید فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم بۆ ئەو لیژنەی کە ماندوبوون بە چوونیان و بە ڕاپۆرتەکەوە، سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ گشت شەهیدانی کورد و کوردستان و درووود بۆ ڕۆحی ڕەوانی شەهیدانی قوربانی ئەم شەڕە نەگریسە نەخوازراوە دەنێرم ، دەستخۆشی و ماندوو نەبوون پێشمەرگەکان و شەڕڤانان و یەکینەکان دەکەم، لە خوا داوا دەکەم کە پشتیوانیان بێت ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی تەجروبەی شەنگالێکی تر نەبینینەوەو جارێکی تر کچ و ژنەکانمان بەدیل نەبرێن و سوکایەتیان پێنەکرێت، بەرامبەر بە مامەڵەی نامرۆڤانەی چەکدارانی داعش و هەڕاجکردنیان لە بازاڕەکانی کۆیلایەتیدا، پێویستەو دەبێت هەمووومان بە وریایی و هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەین ، بەڕێزان کۆبانی پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەکمانە ، پێویستی بە یەك ڕیزییە ، چونکە کۆبانی پارچەیەکە لە جەستەی ئەم نیشتیمانەو جیاواز نییە لە هەر شار و هەر ناوچەیەکی تری کوردستان ، هەموو لایەك دەست لەناو دەست و یەك هەڵوێست کار بکەین دوور لە موزایەدەی سیاسی و ئیعلامی ، هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێزانی ئەو لێژنە بەڕێزەی کە چوونەتە سەر سنووری کۆبانی داهاتووە، داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کراوە، جارێکی تر من لێرەوە داوا ئەکەم لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان هاوکاری مرۆیی کۆبانی بکەن، بە تەحدیدی داوا ئەکەم ئەو ڕێکخراوە مرۆییانەی کە کاردەکەن لەسەر کەیسی مناڵ و ئافرەتان ، لەسەر ئەو کەیسانە کار دەکەن ئەو ڕێکخراوانە بجووڵێنن، داوایان لێدەکەم هاوکاریان بکەن، بەتایبەتی ڕێکخراوە (saving children) کە ڕێکخراوێکی عالەمییە، ئیش لەسەر کەیسی منداڵ دەکات، ئەو ڕێکخراوە بتوانێت هاوکاری منالآنی کۆبانی بکات، سوپاس بۆ هەموولایەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، کاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تنێ دەسپێکێ ئەگەر جەناباتە دەرفەت بەمن بدتن ڕوونکردنەکا کورت لەسەر بابەتێکی منیا هەی .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لەسەر چییە بابەتەکەت کاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دێرە وەڵاما هیچ کەسەکی نینە، و هەمی کەسیش ب چاڤی برایەتی بەرێ خۆ بدەن مە، تنێ ڕوونکردنا لسەر بابەتێکی قانونی ئەو ژی بۆ هەندێ کو ڕوئیا مە یان ژی هزرەکا مە لسەر بابەتێن یاسایی باشتر یان ژ دروستر لێ بێتن زێدە تر نینە ، ئەو ژی دیارە وەسەت ناڤی پەرلەمانیدا بەری دەمەکا هاتە تەرحکرنێ کو هەندەك برادەران کو دەستخۆشی ڤەیە ڕادبن دروستکردنا یاسایەکی ناڤێ یاسایێ ڕیفراندۆمێ کو وەسا هاتە دیارکرن ، ئەڤ یاسا مخالەفا دستووری هەمیشەیی عێراقێیە ، ژبەر ڤێ چەندێ ژی دڤێتن ڤێ ڕوونکرنێ بدەم......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان ئەمە هەڵگری بۆ کاتێکی دی باشترە ، چونکە بابەتی دانیشتنی ئەمڕۆمان نییە ، لەسەر کۆبانی قسە بکەین ئەمڕۆ باشترە.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دێ ڤەگەڕم سەر هەندێ بەس سەرۆکی پەرلەمانی ڕەنگە ڕوئیا مە پتریا پەرلەمان بۆ چەندێدا چووبتین کو ئەم وەکو پەرلەمانێ کوردستانێ یێ سەر نایاسایی بینە هەندەك بابەتا شۆرەت کەین ، کو ئەو یێك ژ مافێت مەیە بەدی هیە من هیچ شتەك ژ قسەیەکی ناکەم کو بەدەر بتن ژ دستووری هەمیشەیێ عیراقێ ، ژ بەر هەندێ من دڤێتن تنێ دوو خاڵێ گەلەك گەلەك کورتن کو دەرکرنا یاسایا ڕیفراندۆمێ بۆ چی نە مخالەفی دستووری هەمیشەیی عێراقێیە ئەو ژ بەر دوو سەبەبا......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان ئێستا هێشتا ئەو یاسایەمان لەپەرلەمانی کوردستان دەرنەکردووە نەهاتۆتە ناو گفتوگۆوە....

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

باشه مادام جەنابێتە حازر نینە دەرفەتێ مە بدتن ئەم دڤێتن ئاخافتنا خۆ بکەم، دیارە بارودۆخێ نووکەی کوردستان بەهەر چار پارچەڤە ئاخۆ خەلك تێدا ناڤتن، ئەم زێدەتر پێکڤی یەك ڕیزیا کۆمەلگەها کوردستانێ، یەك ڕیزیا لایەنێ سیاسیێت کوردستانێ هەر چار پارچە کرین بۆ قائیم کرنی هەستی نەتەوایەتی و گەهەشتن ئارمانجا کوردستانیا سەرەکی، بەروڤاژیا وێ کو هەندەك کارو کرپار بێنە ئەنجامدان هەم کۆمەلگەهێ کوردستانێ دێت تێکچیت، هەم هەستی نەتەوایەتی دێت لاواز بیت، هەم کوردستان ژی دێش ئارمانجا خۆیا سەرەکی دورکەڤتن، ژ بەر هەندێ مە دڤێتن سەرنجا وە بۆ هەندەك کاودانێ دیتن ڕاکێشم داخازا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ و ئەندامێت پەرلەمانێ هەمیا دکەم هەستێ بەرپرسیاریێ وە هەستێ کوردایەتییێ ڤی بابەتی و کێشێ خودان دەرکەڤن ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی تا دێتن هەڕەشە و مەترسی ، کاری توند و تیژی یەکڕاستی خۆێن دژی ژیان و ئازادی و پاراستنا سەلامەتی و کەرامەت و بنەما و مافی مرۆڤی لبەر خەلکێ کوردستانێ گشتیت کەن، ژ بەر کو کاودانەکی چەند ڕۆژ بۆریدا کو حەفتێ ڤێ مەهێ ل دەڤەرا مەروویدا، من دڤێتن تنێ سەرنجا وە یان ژی ئاگەهداریا پەرلەمانێ سەر ڤی بابەتێ هەبیت، نەك ئیستیهزا کرنە ب چ لایەنێت سیاسی و نەك چ مەقسەدێن سیاسی ژی من پێ هەنە، بەس بۆ هندێ ئەو کاودانێت نووکە ئەڤرۆکە ل کوردستانێ دا ری ددەن پەرلەمان ئاگەهدار بیتن دەڤەرا باتیف، ب تایبەتی بۆ هندێ کو سیمایا ئارامی و تەناهییا هەرێما کوردستانێ تێك بدەن و کوردستانێ تووشی هندەك نەخۆشیێن دیتر یێن کومەلایەتی و ڤەگەهاستنێن نەچاری بکەن ، ئانکو کوشتن و بریندار کرنا خەلکێ سڤیل و دەڤەرا باتیفا سنووریێ کوردستانێ دا، ژ لایێ پەکەکێ ڤە یا دبیتە دیاردە ونیگەرانی و ترس دەف خەلکێ دەڤەرێ بەرەف زێدەبوونێ دچیت سەرەاری ڤێ چەندێ کو ڤی لایەنێ سیاسی نەهیچ دەسەلاتەکێ شەرعی و نە قانونی سەر هەرێما کوردستانێ نینە و، ئەویش ئەوەیە دوو گەنجێن زۆلم و زۆرداری لێکریێ دەڤەرا باتیفا دوو ریدانێت جودا دا تووشی ناحەقی بن، ناڤێ هاوولاتی (ڕێبەر نجم الدین) ﴿٢٠١٤/٨/٢٥﴾ێ گوندێ سووریێ دکەڤیتە بەر هێرشێن پەکەکێ و سێ گولە دژواری دهێتە بریندار کرن دوو ، سەفەر یاسین دێوالی ل ﴿١٠/٧﴾ کو ئەڤرۆکە هەفت رۆژیا وی یە ل گوندێ کێستە ب دەستێ وان سەلێیێت غەدارێ دهێتە شەهید کرن ، هەژی ئاماژە پێکرنێ یە کو سزادان و کوشتنا خەلکێ ب ئەنقەست و دەرڤەی یاسایێ دژی هەموو یاسا و رێسایێت ناڤخۆیی و نیڤ دەولەتییە کو ل ماددا سێ جارناما جیهانیا مافێ مرۆڤی و ماددا ( ١٥ ) ی دستووریێ هەمیشەیێ عێراقێ دیار دکن، کو نابیتن هیچ کەسەك ژ مافێ ژیان و ئازادیێ و پاراستنا کەسایەتییا خۆ بهێتە مەحروم کرن ئیللا ب یاسایێ بیت ، لدویف ماددا دوو برگا سێ خالا ئەو ژی عەهدێ دەولی گرێدایی ب مافێ مەدەنی و سیاسی وە دەستهەلات کەفالەتا ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان ، کاك ئاری نوقتەی نیزامی هەیە ، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دانیشتووین ئەو خاڵەی کە ئەمڕۆ قسەی لێ ئەکەین مەسەلەی کۆبانێیە، ئەگەر هەر قەزیەکی تر هەیە لەدەرەوەی ئەوە گرنگەو پێویستە پەرلەمانی کوردستان بیزانێ با لە کاتێکی ترو جەلسەیەکی تردا بکرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکات لێدەکەم کاك ڤەمان بچۆ سەر ئەسڵی بابەتەکە کە پەیوەندیدارە بە کۆبانێ.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ داخازی هاوڵاتی هەین سێ داخازی دەڤەرا مە هەین، من داخازی ژ جەنابی تە دکەم دەرفەتێ مە بدەن ئەڤی دزانم چ یاسایەو، چ بابەتەو چ بابەت نینە ئەگەرئەم بچینە وان تەفاسیلە ئەم ناگەینە چ دەرەنجاما تنێ سێ خاڵی گەلەك کورت، دوای ئەو دێینە سەر کۆبانێ یەکسەر، ئەم ژی لی ڤێرە بین کە قسە بکەم یان نەکەم سەرۆکی پەرلەمانی تنێ سێ خاڵ مە هەین ئەو ژی داخازیێنە.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکات لێدەکەم بڕۆ سەر بابەتی کۆبانێ.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داخازی ژ جەنابی تە دکەم جارەکا دی داخازا ژ جەنابێ تە دکەم تنێ ئەڤ داخازیا خەلکینە تنێ ئەڤە زولم لێکردینە ئەڤە ئیستهزا نینە چ لایەنێ سیاسی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی نەفسێت حاڵەتا کۆبانێ ل دەڤەرا مە ڕوودەدەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، ئەتوانی داواکاریەکەت ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەی لە ڕێگای لیژنەکانی پەرلەمانەوە بەدوا داچوونی بۆ ئەکەین ، ئێستا چیت هەیە لەسەر کۆبانێ فەرموو وە ئەگەرنا با ......

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

ئەگەر من نەتوانم بۆ دەڤەرا خۆ چبکەم ، ئەز بۆ کۆبانێ چتکەم ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوڕۆ دەنگیشم باش نایە، بەلام من لە تەمەنی چوار ساڵی بیرم دێتەوە شاری کۆیە قەسف دەکرا هەرات بووینە ئەشکەفتەکان لەوێ ئەو شعرەم بە گچکەیی گۆتییە (لە ئێران و لە تورکیا لە کوردستانی سوریا بۆ

کوردستان بۆ نیشتمانی خۆمانە، هی خۆمانە با لێی دەرچێ بێگانە)، پاشی نیزیکەی (٥٤) ساڵ ئەو ئاواتەی من هاتە دی کە لەپەرلەمانی کوردستانی خۆمان باسی سەرهەڵدان و بەرخودانی کوردەکانی سوریا بکەم کە فرمێسکی شادی لە چاوم دێتە خوارێ، پێشەکی دەستخۆشی لە شەڕڤانانی کۆبانێ دەکەم، چاویان ماچ دەکەم، خەباتی ئەوان لە مێژووی دوێنێ و ئەمڕۆ دڵنیام سبەینێش نوێترین خەباتە بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد لە جیهانیشدا بێ وێنەیە، مادام تیرۆریستانی داعش یاسای نێودەوڵەتییان پێشێل کردووە سنووریان بەزاندووە بۆ دژایەتی کردنی گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان پەرلەمانی هەرێمی کوردستان مافی یاسایی خۆی هەیە داکۆکی لەگەل و نەتەوەی خۆی بکات چ لە باشوور بێت چ لە خۆرئاوای کوردستان بێت، کانتۆنەکانی جزیری و کۆبانێ و عفرین و کانتۆن، گەلێکی یاسایی و شەرعین لە ئاکامی ئەو بۆشاییە سیاسی و ئیدارییە پەیدابوونە کە ڕژێمی سوریا خولقاندوویەتی، یاسایەتی و شەرعیەتی ئەو کانتۆنانە سەرچاوەکەی بۆ ئیرادەی ئازادی گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان دەگەڕێتەوە، ئەم ئیرادەیە کە بە کردەوەو بە تایبەت لە کانتۆنی کۆبانێدا سەلمێنراوە پێویستی بە ناساندن و پشتگیری کردنە وەك هەنگاوێك بۆ پاراستنی گیان و ژیانی هاوولاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان ، ئەم پێویستیەش ناچارمان دەکات دان بە شەرعیەتی ئەم کانتۆنانە دابنێین وەك تاکە لایەنێکی سیاسی و ئیداری و کۆمەلایەتی کە بتوانێت بە کردەوە، دەتوانێت سەرو ماڵی هاوولاتیانی ئەم کانتۆنانە بپارێزێت، خاڵێکی گرنگ سنوور داخستن بە ڕووی کۆبانێدا هەڵبگیرێ، پەرلەمان دەبێ زانیاری بەسەر ئەو داخستن و کردنانەوەدا هەبێ، پێویستە نووسینگەی پەرلەمان لەو کانتۆنانەدا هەبێ مەرج نییە لە ئێستادا ئەمە بکرێ، بەلام بڕیاری ئەمە دەربچێ باشە، داوا لە بازرگانەکانی کوردستان دەکەین بەنزین بە داعش نەفرۆشن، بۆ ئەوەی هەمەرەکانی خۆیان پێ پڕبکەن و بە ڕووی گەنجانی کوردا خۆیان بتەقێننەوە چیدی دایکانی کوردستان جەرگ سوتاو نەبێ، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەروەکو زیارەتێکی مەیدانی، وەکو کاردانەوەیەکی مەیدانی بەرامبەر ئاوارەبوونی خەڵکی کۆبانێ، تەنها دوێنێ وەکو روئیەکی وازح بۆ جەنابتان باس ئەکەم، من پێم باشە لەوەوە چی بکەین، یەکەم کە پێمخۆشە جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان سەردانی ئاوارەکانی ئێرە بکەن لە ڕووی دڵنەوایی و تەهید کردن و ئەکیدیش پێیان باشە و پێیان خۆش ئەبێ، کە چووین سەردانمان کردن ئەو کەمپەی کە

پێیان ئەوتریێت (کەویلان) کە ئێستا تەقریبەن هەتا ئەم شەو کە( ١٢) شەو، ئەتوانم بڵێم نزیکەی هەزار عائیلە زیاتر نەك کەمتر هاتووە، ئەو کەمپە لە دوو سەد عائیلە زیاتر ئیستیعاب ناکا، یەعنی هەزاری بۆ هاتووە هەرچی منداڵ و ژن هەیە لەو دەشت و دەرە خەوتووە، هەتا بڵێی لە وەزعێکی ناڕەحەتی نا هەمواری مرۆڤایەتیدان، حدودیان بۆ کرایەوە بە بێ هیچ تەختیت و پلانێك هەمووی زۆر موحتیاجن، ئەو هەزار عائیلەی گەیشتۆتە ئێرە نزیکەی پێنج بۆ شەش هەزار خەڵك دەبێت، تا ئێستاش سنوور دانەخراوە، خەڵك هەر وا دێت، ئەمەی کە پێویستیان پێی هەیە ئەوەی لێرەن یەکەم؛ خێمەیە، دووەم؛ خواردنە، سێیەم؛ شیرە، بۆیە بەڕاستی پێشنیار ئەکەم ئەو حاڵەتەی بۆی کۆبووینەوە بۆ سێ شتە یەکەم پەرلەمان مەوقیف وەرگرێ لە ڕووی سیاسیەوە، دووەم: لە ڕووی عەسکەرییەوە، سێیەم: لە ڕووی مرۆییەوە، هەر ئەم سێ شتەیە بۆی کۆبووینەتەوە، لە ڕووی سیاسییەوە، ئەگەر ئیعتراف کردن بە کانتۆنەکان یان ئیعتراف نەکردن ئەگەر ئیشی ئێمەیە، بەڕاستی وەکو پەرلەمان دوو ڕووی هەیە، ڕوویە سیاسیەکەی، ڕوویە قانونیەکەیە، لە ڕووی قانونیەوە با لیژنەی یاسایی یەکلابێتەوە کە ئێمە لە ڕووی قانونی ئەتوانین ئیعترافیان پێبکەین یان نا؟ بەلاَم لە ڕووی سیاسییەوە من وەکو ڕەئی خۆم ئەگەر کانتۆنێك پێك هاتبێ لە تەنها یەك لایەن، هەر کانتۆنێك هەر ئەو لایەنە خۆی سەرپەرشتی بکا، ئەوە دانانە بە تاکڕەوی، بەڕاستی بۆیە من ئەڵێم داوایان لێ بکەین، ئەوەتا بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەکە هاتووە یانزە حیزبی تر لەدەرەوەی بازنەن نە ئیعترافیان پێئەکەن، نە قواتیان لەوێیە، نە هێزیان لەوێیە هیچ دانیان پێنانرێت، بۆیە بەڕاستی ئەگەر ئێمە دان بەم حاڵەتە بنێین تەئسیر ئەکا، بۆ نموونە ئێستا کاك (صالح مسلم) هاتۆتە ئێرە، تەنها بەس خۆی هاتووە، ئەی باشە ئەو لایەنە کوردیانەی تر یەعنی مەعقولە لایەنەك حکومڕانی هەموو شتێك بکات و لایەنەکانی تر هیچ نەبن، بۆیە هەتا من خوشکێك لێرە بوو وتی پێشوازی لێبکەین بێتە پەرلەمان ، زۆرباشە بێتە پەرلەمان، بەلاَم بە تەنیا خۆی بۆچی بێتە پەرلەمان، ئەسڵ وایە لایەنەکانی تریش بێن نوێنەری (علی الاقل) سێ چوار لایەنی تریش بێن، بۆئەوەی ئەو کاتەی ئێمە لە ڕووی واقیعییەوە ئیعتراف بە کانتۆنەکانەوە بکەین، مامەڵەی جدییانەی لەگەڵ بکەین، لە ڕووی عەسکەریشەوە وازحە ئەگەر ئەو سنوورەی کە ئێستا جەنابتان ئیشارەتان پێداوە کاك ایوب وەکو لێژنەی ناوخۆ ئیشارەتی پێدا، ئەگەر لەم کاتە ئێمە ئەتوانین کە داوای چەك لە دەوڵەتان ئەکەین ، بە یارمەتی بۆمان ئەهێنن، ئێمە ئەگەر ئەتوانین ئەبێ ئەو کاتە وەکو پەرلەمان داوا لە وەزارەتی پێشمەرگە بکەین بەڕەسمی، ئایا ئەتوانین لەو بارودۆخەی ئێمە لە ڕووی عەسکەرییەوە وەکو پێشمەرگە و چەکیش یارمەتیان بدەین؟ ئەگەر وەزارەتی پێشمەرگە بڵێ لە توانامان داهەیە، ئەوە حەقە لێرە یارمەتییەك بنێرین ، سێیەمین شت لەلایەنی مرۆییەوە من پێشنیار ئەکەم پەرلەمانی کوردستان بە ڕەسمی، بۆ ئێمەش باشە وەکو مەوقیفی پەرلەمان، بە ڕەسمی داوا بکەین لە پەرلەمانی تورکیا سنوورمان بۆ بکاتەوە وەکو هەرێمی کوردستان، سنوورمان بۆبکاتەوە، یەکەم لە ڕووی مرۆییەوە شت بەرین ، چونکە خەڵکێکی زۆر هەیە نزیکەی نیو ملیۆن ئاوارە هەیە لەو نیو ملیۆنە نزیکەی (٦ ، ٧) هەزار کەس هاتووە بۆ ئێرە، ئەگەر

بۆمـان ئەكەنـەوە ڕێگاكـە ئـەو كاتـە مـن وا تـەوەقوع دەكـەم خـەڵكی كوردسـتان بـە هـەموو مونـەزەماتی خێرخوازی و خەڵكی ترەوە ، بەحكومەتیشەوە شت بەرێ بۆ ئەوێ، بەلأم سنوورەكە بـەڕەسمی نەكرێتـەوە، ئێمـە نـاتوانین هـیچ یارمەتییـەكی مرۆیـی بگەیەنینـە ئاوارەكـانی كۆبـانێ ، ئەمـە تەقریبـەن هـەروەكو بەبیرهێنانەوەیەك ئەیڵێم، كە وەفدەكە هاتەوە من خۆم ئیتیساڵم پێیانەوەكرد وتیان باشترین شت ئەوەیـە یارمەتیان بۆ كۆبكەینەوە، خیلالی ئەو دوو ڕۆژە (١٥) ترێلە بەس شیر و دۆشەك و ئەو بابەتانەمان بـردووە بۆ كەمپی گەویلان زۆر زۆر زەرورن، پێشنیارەكی بچكۆلە ئەكەم ئەگـەر پێتـان بـاش بـێ، تەقریبـەن ئێسـتا حیساباتێكم كرد لەگـەڵ كـاك دكتـۆر شـێركۆدا بـۆ مـاوەی (٢٠) ڕۆژ هـەر ئەنـدامانی پەرلـەمان یـەكی (١٠٠) دۆلار بدەن بۆ ماوەی (٢٠) ڕۆژ (١٠٠٠) منداڵ شیریان بۆ دابـین ئەكـەن، واللە بـە چـاوە خـۆم بینیومـە دایـك لەوێ گریاوە لەناو خێمەیەك، ڕۆیشتوومە لای وتی دوو ڕۆژە شیرم نەداوە پێی نانی كردۆتە ئـاوەوە، لەبـەر ئەوە وەزعی زۆر خراپیان هەیە یەك مولاحەزەیـەكی ئیـداریش هەیـە، مـن دوێنـێ لەگـەڵ بـەڕێز سـەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش كە هاتە كەمپەكەمان كە یارمەتیمان كۆكردبـۆوە، ئـەو پێشـنیارەمان كـرد زۆربەی خەڵكی كۆبانی كە هاتوونە كەس و كاریان لێرەیە لە كوردستانن ، بۆیە زۆریان پێخۆش نییە لـەناو ئەو كەمپانە بن حەز ئەكـەن بچنـە دەرەوە ، دوو ئیشـكالیات هەیـە ، ئیشكالیاتی یەكـەم ئیـدارەی سلێمانی بەڕەسمی یەك كەسی وەرنەگرتووە تائێستاكە، مـن تەئكیـدم لـەوان كـرد لـە هینـەكانی كۆبـانێ كـە هـاتوون وتیان ڕێمان پێنادەن، بەڕێز كـاك نێچیرڤان وتـی ئێمـە قسـەمان لەگـەڵ ئیـدارەی سـلێمانی كـردووە، لەبـەر ئەوەی كەس و كاریان لەوێن ، چونكە ئەهلی كۆبانێ زۆربەیان ئیش دەكەن، دیارە لەوێ ئیش دەكەن و بچن بۆ سلێمانی، ڕێیان بۆ بكەنەوە بچن بۆ سلێمانی خەڵكی زۆربەی ئەچێ بۆ ئەوێ، دووەم لـە ڕووی ئیقامـەوە ئەمان یەك گرفتیان هەیە، خەڵكی كۆبانێ ئەیەوێ لێرە ئیش بكـا، نەبێتـە بـار لەسـەر حكومـەتی هـەرێمی كوردستان، پێویستیان بە كەفالەتە، ئێ باشە خەڵكی سوریا كوردی كۆبانێ كێ كەفالەتی بكا، یەعنی لە كوێ ئـەو خەڵكـە ئەناسـێ كەفالـەتی بكـا ئـەو دوو ئیشـكالە ئیدارییـەتی حـەل بووایـە، ئێمـە ئـەوەی كـە بۆمـان ئەكرێت لەم حاڵەتە لەم مەرحەلە زۆرە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك عادل عزیز فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەرەتا مـن بۆخـۆم و ڕەنگـە زۆرێـك لـەو برادەرانـەشمان، بەڕاسـتی شـەرم دەكـەین لێـرەوە لـە هـەرێمێكی ئارامەوە قسە لەسەر كۆبانی ئەكەین، لەكاتێكدا ئێستا ئەوانە لەوێ خوشك و براكانمان، كچ و كوڕەكانمان لە شەڕێكی نا بەرامبەری سەختدان لە گەڵ تاریكترین هێز و، لەگەڵ ڕەشترین هێز كـە ئـەویش داعشـە، بۆیـە لێرەوە سلاو بۆ گیانی پاكی شەهیدانی تێكـڕای كوردسـتان و سـلاو بـۆ خـۆڕاگری خوشـكان لـە (یەپـەژە ) و

براکانمان له (یەپەگە) و بەرخودانی کۆبانێ و، دەستی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەگوشین کە شەڕێکی نابەرانبەری دژواری بەرامبەر هێزێکی دژواری تاریك و ترسناك کردووە ، ئەمەوێت دەست خۆشی لەو شاندە بەڕێزە بکەم چوونەتە ئەو شوێنەوە، ڕاپۆرتێکی زۆر تێر و تەسەلیان ئامادەکردووە، دواجار دێمە سەر خالێکی تر قسەم لەسەری هەیە ، زۆرێك لەو هاوڕێیانە قسەکانیان کردم بەڕاستی، بەتایبەتی برای بەڕێزم کاك دکتۆر (شێرکۆ حەمە امین) لەگەڵ کاك (دلێر ماوەتی) زۆرێك لە قسەکانی دڵی منیان کرد، بەلأم هەندێك سەرنج و تێبینیم هەیە دەمەوێ باسی بکەم، هەر سەبارەت بەمەسەلەی کۆبانێ، ئەمەوێت دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەم کە لەم خولەدا توانیویەتی بەفەرمی هەڤالأنی کەجەکە و هەڤالأنی کوردستانی باکوور بەفەرمی بێنە ناو پەرلەمان و بیان بینێ، بەلأم بەداخەوە خولەکانی تر بۆ ئەو هەڤالأنە ئەم پەرلەمانە بۆ ئەوان بقە بوو، پرسیارێك کە پێموابێ برای بەڕێزم کاك (جمال مۆرتکە) ورووژاندی، بەلای منەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئێمە هەموو بیرمانە شۆڕشەکانی کورد هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە بۆ شۆڕشی گولأن بۆ شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، تا دواجار و تا ڕاپەڕین، هەموو بیرمانە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە سێ تا چوار پێشمەرگە یان پێنج پێشمەرگە، جەیش و جاشی دونیای ئەتۆقاند، ئەیوەستاندن زەرەری دونیای لێ ئەدان، ئەی باشە خێرە ئەو پێشمەرگانە، خوێنی ئەو پێشمەرگانە لە گیانیان دایە کوڕی ئەو پێشمەرگانەن ئێستا ئەو شەڕە ناکەن؟ لە کاتێکا لە کۆبانێ ئەبینین کچ و کوڕەکانمان هەمان ئەو شەڕە ئەکەن کە پێشمەرگەکانمان لە شاخ ئەی کرد، ئەمە پرسیارێکی زۆر جدییە وە وەلأمێکی جدیشی ئەوێ بەڕاستی، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو کاتە ئەو پێشمەرگانە ورەیەکیان هەبوو ، باوەڕێکی بەتینیان بە مەسەلەی کورد هەبوو ، بە مەسەلەی کوردایەتی هەبوو ، بەلأم لە ئێستادا ئەو باوەڕە نەماوە هۆکاری سیاسی هەیە، هۆکاری ئیقتصادی هەیە ، هۆکاری ئاوا هەیە کە، من بۆخۆم وەلأمەکەی بۆ ئێوە بەجێ دەهێڵم، بۆچی ئەو پێشمەرگانە ئەو شەڕەی باوکیان ناکەن کەلە شاخ کردوویەتی؟ بۆ شەڕی جیلی پێش خۆیان ناکەن کە لە شاخ کردوویەتی؟ بۆ ئێستا لە هەمان سەردەم و هەمان چەرخ و بەرامبەر بەهەمان دوژمن کە یەك دوژمنە کە ناوی داعشە لە کۆبانێ هەمان شەڕ دەکرێ؟ هەمان عەقیدە و هەمان بڕواو پتەو هەیە، بۆ ئەمان نایکەن؟ ئەبێ ئەو بەرپرسانە لە خۆیان بپرسن بۆچی ئەم پێشمەرگانە مووچەیەکی کەمی ئەدەیتێ؟ بە کۆیلەی ئەکەی؟ ئەیکەیتە حیزبی؟ ئابوونەی لێ ئەستێنی ئەمە .....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل بچینە سەر بابەتی کۆبانی....

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

بەسەرچاو دێمەوە سەر ئەوە، لەسەر کۆبانییە، لەسەر هێزی پێشمەرگەشە، بەڕاستی خۆ ئێمە جگە لە کۆبانێ هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە شەڕێکی نابەرامبەر دایە کاکە بە درێژایی (١٠٥٠) کیلۆ مەتر بەرامبەر بەهەمان دوژمن لە شەڕدایە لە شەڕی داعشە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە كاك دكتۆر فرسەت سۆفی نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو باسمان كرد لەسەرەتای ئەو كۆبوونەوەیە دەمانەوێ بۆ كۆبانێ هەمووومان بە دڵێكی گەورە قسە بكەین ، ئێستا كە قسە دەكەین (١١٠٠) كیلۆ مەتر لەسنوورەكانی كوردستان پێشمەرگە لە بەرامبەر درەندەترین تیرۆریست وەستاوە، وە هەموو ڕۆژیش دەمرێ و زیندوو دەبێتەوە ئەی ئەوڕۆ پێشمەرگەی كوردستان شەڕی نەكردبێ كەی كردوویەتی؟ بۆیە پێموایە كەلیمەی بەكارهێنانی كۆیلە یان ئەمە زۆر گونجاو نییە، ئەمە ساردكردنەوەی ئەو پێشمەرگانەشە كە لەبەرەكانی جەنگن، بەڕاستی ئەوان قارەمانن، شەرێكی گەورەش دەكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك عادل تەواو بووی.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله تەواو نەبووم برا بەس خۆ نەتان هێشت من تەواوی بكەم ، كاكە خۆ من نەم وتووە هێزی پێشمەرگە شەڕ ناكا، من لەسەرەتاوە سڵاوم بۆ هێزی پێشمەرگە ناردووە، خۆمان پێشمەرگە بووینە، كەس و كارمان پێشمەرگە بووە، شەهیدمان داوە ، لەناو شۆڕشەكەداین، هەموو خەڵكی سلێمانی ئەمن ئەناسێ كاكە كەس موزایەدە بەسەر منەوە نەكا لەم بارەیەوە، بەس خۆم چوار شەهیدم هەیە، باس لەوە ئەكەم بۆچی ئەو پرسیارەی كاك جمال مۆرتكە منی وروژاند، ئەوەی بەبیرهێنامەوە، بۆچی وایە لەگەڵ ئەوەشدا هێزی پێشمەرگە سەرەتا نەموتووە شەڕ نەكا كاك دكتۆر فرسەت شەڕێكی زۆر قارەمانانە ئەكەن، كە بەداخەوە ئەبووایە وەزعی پێشمەرگە زۆر لەوەی ئێستا باشتر بكرایە، بۆ ئەوەی بەهەمان روح و هەمان خوێنی جارانەوە شەڕیان بكردبایە، بەهەر حاڵ من ئەوە ئەگەڕێنمەوە بۆ حاڵەتێك ئێمە كاك دلێریش باس لە كاڵ بوونەوەی سنوورەكان كرد بۆ ئەوەی ئەو سنوورانە نەمێنێ، بۆ ئەوەی ئێمە وەكو گەلی كورد ببینە خاوەنی ستراتیژی نەتەوەی خۆمان، بۆیە داوا لەبەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان دەكەم كە داوایەك بۆ هەردوو بەڕێزان سەرۆك كۆماری عێراق و سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەرزبكاتەوە، كە حەدێك بۆ تەراتێنی ئیتلاعات و میت دابنێ لەم وڵاتەیا، بۆ ئەوەی ئێمە ببینە خاوەنی ستراتیژی نەتەوەی خۆمان بژی بەرخۆدانێ كۆبانێ، بژی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك علی حەمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاسی لیژنەکە ئەکەین کە ئەرك و ماندوبوونیان کێشا لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، سەرەتا ئەمن لەسەر ڕاپۆرتەکە چەند سەرنجێکم هەیە لەبارەی ئەوەی کە لە لاپەڕەی حەوتا کە پێویستە ئەنجام بدرێت بۆ بەدواداچوونی کۆبانی، لە خاڵی دووەمدا هاتووە ئەڵێ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی مامەڵە لەگەڵ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات لەسەر بنەمای ڕێکەوتننامەی هەولێر، من وەکو خۆم و ئێمەش وەکو فراکسیۆنی گۆڕان بەتەواوەتی قەناعەتمان بەوە هەیە کە بەڕێوەبردن پێویستی بە دەستە جەمعییە، پێویستە هەمووان پێکەوەبین ، پێویستە ئەو دۆخە سیاسییە لەبەر چاو بگیرێت کەلەوێ هەیە، بەلأم ئێستا واقعێك هەیە لە کۆبانێ واقعی شەڕە تۆ ناکرێت هەموو شتێك ببەستیتەوە بەوەی ڕێکەوتنامەی هەولێر جێبەجێ بکرێت ئەوجا ئەو دۆخە ئەکەی، من پرسیار لە ئێوە ئەکەم لەم دۆخەی شەڕە لەکۆبانی زەمینە هەیە ڕێکەوتننامەی هەولێر جێبەجێ بکرێت، نەخێر بە هیچ شێوەیەك ئەم زەمینە نییە، ئەمرێکی واقع هەیە پەیەدە لەوێ حاکمە، پێمان خۆش بێ یان پێمان ناخۆش بێ، ئەمە ئەمری واقعە، لەئێستا یان ئەبێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەی یان ناتوانی مەرجی بەسەردا بسەپێنی؟ وەکو ئەوەی زۆرجار ئێمە مانان ڕەخنەیەك ئەگرین پێمان ئەڵێن ئەمە ناکرێ بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە کاتی شەڕە لەکاتی شەڕا ئەمە دەرفەتی نییە، دووەم خاڵێك کەبەسەر ئێمە تێپەڕی وەکو ئەو (٦٣) ئەندام پەرلەمانە و، بەڕێز دکتۆرە ڕێوازیش لەچەند شوێنێك ئاماژەی پێدا، ئەوەیە کە ئێمە وتوومان هەرێمی ڕۆژئاوا لەکاتێکدا غەڵەتمان کردووەو، ئێستاش نازانین هەرێمە یان نا؟ دکتۆرە ڕێواز وتی هەرێمەکانی ڕۆژئاوا ئایا ئەمە هەرێمە یان نا؟ بۆیە من پێشنیاز ئەکەم ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی بانگهێشتی بەرپرس و نوێنەرایەتی کانتۆنەکە بکەن بزانن ئەوان خۆیان چییان ئەوێ ، ئێوە چییان بۆ بکەن؟ ئەیانەوێ دان بنێین بە کانتۆنەکاندا، چیان ئەوێ؟ ئەگەر هەرێمە چۆنە پێمان بڵێن تەنانەت ئێمە وەکو خۆمان ئەگەر ئەوان ویستی سەربەخۆ بوونیشیان هەیە، ئێمە ئامادەین ئیعتراف بەو سەربەخۆ بوونەی خۆیان بکەین، بەلأم من پێم باشە ئێوە وەکو نوێنەرانی پەرلەمان لیژنەی یاسایی ئەو وەفدە بەڕێزەی کە چووە لە نزیکەوە بیان دوێنن، بزانن ئەمان خۆیان چییان ئەوێ؟ خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە خاڵی حەوتەمە کە ئەڵێ نارازیەکان بۆ پشتگیری و بەدەمەوە وەهاتنی خەڵك، شەروانانی کۆبانی و نابێت شێوازی ئاشتیانەو تەندروستیانەی خۆی لەدەست بدات و، پێویستە توندبێت لە توندوتیژی و بانگەشەی حیزبی، بەتەواوەتی ئەو ڕەخنەیە لە هەموو لایەك ئەگرم، ئەمەی ئێوە داواتان کردووە داواکە زۆر ڕەوایە، بەلأم جێبەجێ ناکرێت، ئێمە هاوسۆزین لەگەڵ پەیەدە، هاوسۆزین لەگەڵ پەکەکە خاوەنی ڕەواترین دۆسیەن لەسەر ئاستی هەموو جیهان لە ئێستادا، بەلأم داواکەی ئێمەش ئەوەیە ئەوانیش کاتێك کە خۆپیشاندان دەکەن، نارازیبوون ئەکەن، ئەگەر ئالأی خۆشیان بەرزئەکەنەوە حەقی خۆیانە، بەلأم شان بەشانی ئەوە پێویستە ئەوانیش ئالأی کوردستان دروستکەن، چونکە هەست دەکەم هاوسۆزی زیاتر بۆ

دروست دەكا لەگەڵ خەڵكی كوردستانا، زۆر موهیمە حكومەت چی بكات؟ بەڕەئی من زۆر موهیمە حكومەتی هەرێمی كوردستان ، سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، سەرۆك كۆماری عیراق بەفەرمی مامەڵە لەگەڵ كانتۆنەكاندا بكات، نوێنەرانیان بانگهێشت بكات بۆ كوردستان، چییان ئەوێت لە ڕووی یاساییەوە، لە ڕووی سیاسییەوە بۆیان جێبەجێ بكات ئەمە زۆر گرنگە، وەكو وتم ئەوەی كە گرنگترە ئەوەیە كە ئێوە وەكو خۆتان سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەگەر بكرێ هەر لێرە ببێت بە بڕیارێك، بانگهێشت نامەیەك ئاڕاستەی بەرپرسانی نوێنەرانی هەرسێ كانتۆنەكە بكەن، بۆ ئەوەی بێنە كوردستان بزانین ئێمە چییان بۆ بكەین؟ چۆن ئەكرێ بۆیان بكەین؟ هەموو شتێك بە پێویست و خواستی خۆیان جێبەجێ بكەین، بابەتێكی دیكە كە زۆر گرنگە بەلامەوە پەیوەستە بە كۆبانییەوە، بە خوێندنەوەی دۆخی سیاسی و ئەوەی لە میدیای جیهانی باس ئەكرێت، دوور نییە لە چەند ڕۆژی ئاینده ئاڕاستەی شەڕ گۆڕانكاری بەسەردا بێت، لە كۆبانییەوە بگوازرێتەوە بۆ كەركووك و بۆ بەغداد ئاماژەكانی ئەمەش ئەبینرێن ، بۆیە ئێستا لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستی بە یەكڕیزی و بە بەرپرسیارەتییە، بەداخەوە ئێستا من شتێك ئەڵێم ڕەخنەی توند ئاڕاستەی هەموو بەرپرسانی حكومەتی هەرێم دەكەم كە لەم دۆسییە بێدەنگن ماوەی (٢٠) ڕۆژە ئێمە دۆسییەكمان بلاْوكردۆتەوە كە كۆمەڵەك بەرپرسی بالاْ تێوە گلاْون بەنزین، سووتەمەنی لەگەڵ ڕێكخراوی تیرۆریستی داعش.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی ئەمە هەڵگرە بۆ كاتێكی تر....

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە ڕێك پەیوەندی بەو دۆسییەوە هەیە، بەنزین ئەفرۆشێ بە داعش، هیچ مەوزوعێكی تر نییە كاك ئاری خۆت لەمن باشتر دڵنیای كە بەرپرس تێوە گلاوە لەوەی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی باسی كۆبانیمان هەیە، ئێستا باس لە كۆبانی ئەكەین ، باس لە خەڵكی كۆبانی ئەكەین....

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن شەرمەزارم كە لە جورئەتی پەرلەمانێكا دانیشم كۆمەڵێ بەرپرسی حیزبی مامەڵە لەگەڵ داعشا بكەن ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سلاّو لە خۆڕاگری کۆبانێ، سلاّو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سلاّو لە خەڵکی کوردیش لە هەموو دنیا، من دەست خۆشی و ماندوبوون لەو شاندە بەڕێزە ئەکەم بەڕاستی ماندوبوون، سوپاسیان ئەکەم، ئەوەی ئێمە هەموومان قسەمان کرد لە ڕاستیدا لەسەر مەسەلەی یەکڕیزی و تەبایی، من بڕوام وایە لە ئێستادا ئەوەی کە زۆر پێویست بێت بۆ خەڵکی کوردستان یەکڕیزیە تەباییە، پاراستنی ئەو یەکڕیزییەیە، من قەناعەتیشم وایە ئەگەر بۆخۆمان لەناویەکدا یەکڕیز و تەبانەبین هەموو دونیاش هاوکارمان بێت، بەپێی ژمارەی دانیشتوانیش چەك و تەقەمەنیمان بدەنێ کە خۆمان یەك نەبووین، یەکڕیز نەبووین لە ڕاستیدا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت و بگرە سەرکەوتوو نابێت، من بەداخەوە ئەیڵێم لە دوو هەفتەی ڕابردووا هەستم کردووە کە لە هەرێمێکا نیم کە هەڕەشەی تیرۆری لەسەرە بەڕاستی، وا هەستم کردووە لە هەرێمێکام لە حەملەیەکی ئینتیخابی زۆر خراپداین، بۆیە هەق نییە ئێمە هەموومان لەم قاعەی پەرلەمانە کە نوێنەرایەتی هەموو ئەحزابەکانی کوردستان ئەکەین، نوێنەرایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەکەین ، وەکو کەسایەتی یەك دەناسین، وەکو حزب ڕابردووی یەك دەناسین، دەزانین چیمان کردووە، بەڕاستی ڕابردووی دوورو نزیکی یەك دەناسین، بۆیە پێویست ناکات هیچمان موزایەدە بەسەر یەکەوە بکەین، ئەوەی کە لێرە پێویست بێ یەکڕیزی و تەباییە، سەرەتا سڵاو لە خۆراگری کۆبانێیەوە، سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، سڵاو لە خەڵکی کوردیش لە هەموو دنیا لە راستی دا، من دەستخۆشی و ماندوو نەبوون لەو شاندە بەرێزە ئەکەم، بە راستی ماندوو بوون، سوپاسیان ئەکەم، ئێمە هەمووومان لە راستی دا قسەمان کرد لە سەر مەسەلەی یەك ریزی و تەبایی، و من بڕوام وایە لە ئێستادا ئەوەی کە زۆر پێویست بێت بۆ خەڵکی کوردستان یەك رێزیە، تەباییە و، پاراستنی ئەو یەك ریزیەیە، و من قەناعەتیشم وایە ئەگەر بۆ خۆمان لە ناو یەکا یەك ریز و تەبا نەبین هەموو دنیاش هاوکارمان بێت و بە پێی ژمارەی دانیشتوانیش چەك و تەقەمەنیمان بدەنێ، خۆمان یەك نەبووین، یەك رێز نەبووین، لە راستی دا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و سەرکەوتوو نابێت، و من بەداخەوە ئەڵێم لەم دوو هەفتەی رابردووە هەستم کردووە لە هەرێمێك نیم کە هەڕەشەی تیرۆری لە سەرە، بە راستی وا هەستم کردووە لە هەرێمێکم لە حەملەیەکی ئینتیخابی زۆر خراب دایە، بۆیە حەق نییە ئێمە هەمووومان لەو قاعەی پەرلەمانە کە نوینەارتی هەموو ئەحزابەکانی کوردستان ئەکەین و نوێنەراتی خەڵکی کوردستان ئەکەین، یەك دەناسین وەکو کەسایەتی، یەك دەناسین، وەکو حزب، رابردووی یەك دەناسین، دەزانین چیمان کردووە، بە راستی رابردووی یەك دەناسین، بۆیە پێویست ناکات وا موزایەدە لە سەر یەك بکەین، ئەوەی کە پێویست بێت لە یاسادا یەك رێزی و تەباییە، شتێك کە من پێم سەیر بوو نەهاتنی بەرپرسانی حکومەتە بە رای من رەنگە پێویستی نەکردبایە، دام و دەزگای حکومی و بەرپرسانی حکومی ئێوە بانگهێشت بکەن لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، تەنانەت وەزارەتی پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە

پێویستی نەکردایە کە ئێوە بانگهێشتی بکەن، خۆیان داوایان بکردایە بێنە هۆڵی پەرلەمانەوە روون کردنەوە لە سەر ئەوە بدەن کە چییان کردووە و، چی ئەگوزەرێ لەم وڵاتە؟ چونکە من ئەوەندەی کە بینیمە من لە سکاینیزا سەرۆکی هەرێم ئیشارەتی بەوەی کرد کە تورکیا هاوکاری کردووین، بەڵام پێی خۆش نەبوو لە راگەیاندنەکان دا باس بکرێت، هاوکارییەکی چەند تا ئێستا وەکو پەرلەمانتار زۆریشمان ئەو هاوکارییە بزانین چەندە، هەروەها سەرۆکی حکومەت و چەند بەرپرسێکی لایەنێکی دیاری کراو، زۆر بە ئاشکرا لە کۆنگرەی رۆژنامە نووسیدا دانیان بەوەدا ناوە کە بەڵێ هاوکاری کۆبانیمان کردووە، جگە هاوکاری مرۆیی، هاوکاری سەربازیشمان کردووە چەك و تەقەمنی، بەڵام ئەو شەوە، هەر ئەو شەو کەسێك بە ناوی (ادریس نەعسانەوە) ئەندامی دەستەی پەیوەندییەکانی کانتۆنی کۆبانێیە، ئەوەی رەت کردەوە کە بە هیچ شێوەیەك لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە هاوکاری سەربازی کرابێتن، و لەو باردۆخەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کرد بەرێزان، هەمووومان زانیمان کە ئێمە لە راستی دا کەس دۆستمان نییە، ئەبێ خۆمان دۆستی یەك بین، ئێمە دوو وڵات دراوسێمانن کە لە وەتەی ئەم خاکە دروست بووە، لە وەتەی کورد هەیە، ئەو وڵاتە لە سەردەمی صەفەوی و عوسمانی موناقشە و مونافسەی لە سەر ئەوەیە، چۆن دەست بە سەر وڵاتی ئێمەدا بگرن، و چۆن ئازادی لە خێر و بێری ئەم وڵاتە بەرن، کە تورکیا و لە راستی دا ئێرانە، ئەمە رۆژنامەیەکە کە ئەمڕۆ دەرکراوە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئاراستەی داعش کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەرەو هەرێمی کوردستان هێنا، ئەگینا داعش بەرەوە هەرێمی کوردستان نەهاتووە و هاوشەری کوردستان نەبووە، ئەمە جگە لەوەی کە تورکیا خۆمان دەزانین رەنگە بێ شەرمانەترین هەڵوێست لە کایەی، لەم باردۆخی هەرێمی کوردستان کرد دەوڵەتی تورکیا بێت، بۆیە من داوا دەکەم کە هەر میکانیزمێك کە پەرلەمانی کوردستان پێی دەکرێت بیکات بۆ کۆبانی، هەر بە مامەڵە کردنی بە فەرمی و ناساندنی تەنانەت کردنەوەی لە هەرێمی کوردستاندا، من ئەم شەو لە کەناڵێکی راگەیاندنەوە یەك شتم بینی، زۆر کاری تێکردم، خێزانێك پێك هاتوون لە دە برا، برایەکییان شەهید بوو لە تەقینەوەکانی قەرەتەپە، نۆ برای تری وتی هەر نۆمان پێشمەرگەین لە سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئێمە بە راستی دەبێ وەکو خەڵکی کوردستان وەك پەرلەمانی کوردستان شانازی بکەین کە لەم وڵاتە خێزانی بەو شێوەیەمان هەیە، لەم دەورە دانەیك شەهید بوو و نۆیەکەی تریان پێشمەرگەن لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، کۆتایی قسەکانم بەوە دێنم، لە هەرێمێکی بەم شێوەیە دا کە رەوایە ئێستا هەرێمی کوردستانم کە باشووری کوردستانە لە گەڵ رۆژئاوادا تێدا بەرخودانە، بەرگریە، واویلایە، شینە، رۆ رۆیە، بە داخەوە کە چی لە شارەکانی کوردستاندا هێشتا شەڕە پەڕۆیە، دەستتان خۆش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو):**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەگەر بابەتەکە نوقتەی نیزامی نەبوو داوا دەکەم لە بەر ئەوەی من باسی ڕێکەوتنی هەولێرم کرد، زۆر قسە لە سەر ڕێکەوتنی هەولێر کرا، ڕێکەوتنی هەولێر بریتی یە لە دوو ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێگەڕێ کاك ئومێد نوقتە نیزامی نییە.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو):**

والله مادەم دەرفەتتان دا قسە دەربارەی ئەوە بکرێت من بڵێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نییە کاك ئومێد، ئەو بەڕێزانەی باس لە ڕاپۆرتی لیژنەکە ئەکەن کە سەردانی کۆبانیان کردووە، وەڵامی جەنابت نادەنەوە، باس لە ڕاپۆرتەکە ئەکەی، کاك ئومێد نوقتەی نیزامی نییە، کاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

سڵاو لە خاکی پیرۆزی کوردستان و لە شەهیدانی ئەم خاکە نازدارە، لە هەموو پێشمەرگەکانی، لە هەر بستێکی کوردستان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ١٠٪ داکۆکی کردنیان لە کەرامەتی میللەتدا، من هەموو قسەکانم کورت دەکەمەوە لە سەر دوو تەوەری گشتی، یەکێکیان مەسەلەی ئەو بەڵایەی سەدان ساڵە لە ناو ئێمەیە ئەویش مەسەلەی ئەم یەك ڕێزیەیە، دووەم ئەچمە سەر ڕێ و شوێنەکانی تر کە پەیوەندی بەو ڕاپۆرتەوە هەیە، کە ئەو شاندە بەڕێزە خۆیان پێشکەش کرد، دەست خۆشیان لێ ئەکەم، پێش هەموو شتێك بۆ ئەو ماندوو بوونەیان، بۆ ئەو جورئەتەیان، لە پێش ئەوە حەز دەکەم داوایەکی لێبووردن بکەم لە کاك ڤەمان و کاك علی حەمە صالح، من بۆیە نوقتەی نیزامیم لە سەر ئەوە گرت، نەك لە بەر ئەوە پێم وا بوو ئەو مەوزوعەی کە باسی ئەکا بێ بایەخە، بە پێچەوانەوە من (١٠٠٪) پشتیوانی لێ ئەکەم، گەورەترین موشکیلە کە لە ئێستاوە هەیە، ئێمە لە شەڕاین، بۆیە ئەبێت کاتێك دێت لە جەزای ئەم شەڕە ئێمە حیساب و کیتابێك بکەین لە گەڵ ئەو فەرماندانەی کە ئەو کارەساتەی شنگال و هی سەدی موصل و هی حەمدانیە و شەلالاتی موصل و هی جەلەولاو و هی داقوقیان دروست کرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ باشە، تکایە بڕۆ ناو ئەصلی مەوزوعەکە.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

......من داوای لێبووردنم کرد، ئەوە بزانن کە ئەوە نییە کە لە گەڵی نەبووم، دوای ئەوە من پشتیوانی ئەکەم لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك محمود بیکەیسی، هەروەها کاك عبدالرحمن و کاك علی حەمە صالح جگە لەو قسانەی کە کردم، هەروەها پشتیوانی ئەکەم لە قسەکانی کاك شێرکو کە باسی گەڕانەوی

هەیبەتی پەرلەمانی کرد، واتە بڕیارەکان بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان کە لە ئێستاوە بە هیچ جۆرێك وانییە، هەروەها پشتگیری ئەکەم لە قسەکانی بەڕێز کاك گۆران ئازاد بۆ پێك هێنانی لیژنەیەك، بۆ ئەوەی کە لە سێمێل رووی داوە، بەڵام دوای روونکردنەوەکەی سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لەوانەیە ئیتر پێویست نەبێت، ئیتر نازانم ئەوە جەنابتان دەزانن، هەروەها پشتیوانی ئەکەم لە قسەکانی کاك دلێر ماوەتی و کاك ئومێد خۆشناو و کاك فرست صۆفی، و پشتگیری لەو پێشنیارانە ئەکەم کە لە کۆتایی ئەم راپۆرتەیەدا هاتووە کە لەوانەیە منیش وەکو هەندێك لە هاوڕێ بەڕێزەکان مولاحەزەم هەبێ لە سەر ئەوەی، ئەو دانپێدانانەی، یا خود ئەو پشتیوانیانەی لە سەر رێکەوتنامەکەی هەولێر بێت یا نا؟ مەسەلەی یەکێك لەو شتانەی کە پێویستە، هەر کەسێك کە سیاسەت دەکات لەم وڵاتەدا لە خۆی بپرسێ ئەوەیە کە عەجەبا لە کاتێکدا کە داعش هەموو هێزەکانی بە ئاراستەی بەغدا ئەڕۆیشت لە چەند خولەکێك، لە ماوەیەکی پێویست دا لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا گەڕانەوە بۆ جەلەولا، بۆ شنگال بۆ کۆبانێ، ئەمە بۆچی روویدا؟ ئەمەیە کە دوای ئەمە بباتە سەر مەسەلەی هاوپەیمانەتی و ئەو هاوکارییە کە ئێستا ئەکرێ و بە بێ دەنگی بە داخەوە رای گشتی کۆمۆسیۆن بەرامبەر ئەو کارەساتەی کە بەرامبەر میللەتەکەمان دێ، من بە پرسیارەکانم لێرە دەست پێ ئەکەم لەو شاندە بەڕێزە، یەکەم پرسیارم ئەوەیە ئەم کەسە یانزدە لایەنن و هیچ شەڕوانێکیان لە کۆبانێ نییە، وتوویانە کە پەیەدە رێگە نادا، من حەز دەکەم بزانم ئایا ئەوە چۆنە ئەو موناقەشەیە بۆچی رێگە نادا؟ ئەمە یەك، دووەم وترا ئەو سەیارانەی کە پلێتی یا خود رەقەمی باشووری کوردستانی پێوە دیار بووە لە باکووری کوردستان بۆمبا باران کرا، ئەمە خەبەرێکی زۆر زۆر ناخۆشە ئەگەر وابێ، حەقە بزانین بۆ؟ یەعنی حەتا ئەگەر سیاسەتی هەرێمی کوردستانیش وا بێ، هاووڵاتییەکی کوردستان هی باشووری کوردستان بچێت بۆ ئامەد ئەو گوناهی چییە لەوەدا؟ بۆچی سەیارەکەی بۆمبا باران بکات حەز دەکەم بزانم بۆ؟ هەروەها گلەیی ئەنجومەنی گەل لە کەلتوری کۆبانێ کە رەخنەی لێکرا بوو لە هەرێمی کوردستان، دیسان حەز دەکەم بزانم بۆ؟ یەك پرسیاری تر کە خۆی هاتییە پێشەوە، ئایا ئەم شاندە بەڕێزە، یەعنی ئەمەیان هەموو پرسیارن من بۆ زانیاری پرسیار ئەکەم، هیچ کام لەم پرسیارانە روخساری بڵێین تەعنیان نییە، شتێکی تر ئایا ئەڵێن ئێمە لە راگەیاندنەکان ئەبیستین کە گوایە هاوپەیمانان لە داعش دەدەن لە دەرەوەی کۆبانێ، لە خۆرهەڵات، باشوور خۆرئاوا، ئایا ئەو دەورەیە هەبێت ئەو لێدانانە، یا خود بەس شێوەکە بۆ بە دەست هێنانی رای گشتی لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکان، بۆئەوە بڵێین ئێمە بێ دەنگ نابین لەم زوڵمەی کە بەرامبەر کورد ئەکرێ، کە بە بۆچوونی شەخسی خۆم هاوپەیمانان و ئەمریکا بە هیچ شێوەیەك راستگۆ نین لەم ئەکشنێیانە، لە بەر ئەوەی ئەگەر هەر یەکە تۆزێك شارەزای عەسکەری هەبێت باش ئەزانی، ئەو چەکانەی کە بە کاری دێنن چەکی ئەکتیف کارێگەر نین بەرامبەر ئەو ئسلوب وئەو مێتودە شەڕەی کە بڵێین داعش بەرامبەری ئێمە و بەرامبەر هاونیشتیمانیانمان لە کۆبانێ لە وێ گرتیوتانە بەر، سێیەم: ئسلوبی لێدانی داعش چ لە خواری بڵێین چیای شنگال و چ لە باشوور و، خۆرهەڵات و، خۆرئاوای کۆبانێ، ئەگەر یەکێك لە ئەلف و بێی عەسکەری بزانێ زۆر باش ئەزانێ، ئەگەر ئەوە بێ

ئەمریکیـەکان بـە راسـتی نیازیـان هەبووایـە، بـە راسـتی ئـەوان دژی تـیرۆر بوونایـە بیانویستایە دیفـاع لـە کەرامەتی ئێمە، لە نیشتمانیی ئێمە بکەن لە ماوەیەکی زۆر زۆر کورتدا ئەیانتوانی کۆتایی پێ بێنن، ئینجا ئەمەش پرسـیارێکە یـا سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان لـە خـۆی بکـات، ئـەو بـەو رێکەوتنانـەی خـوارەوە بچێتەوە کە لە گەڵ ئەمانەی کردوویەتی، ئەوە مـن پرسـیارەکانم تـەواو لێـرە، شـتێکی تـر کـاك (عزالـدین کوچك) وتوویەتی ئێمە چەك ناهێنن بە پەیەدە لەوەی دوایی دەیـدەن بـە پەکەکـە، ئـێ باشـە مەیـدەن بـە پەکەکە برۆن خۆتان لە داعش بدەن، بۆ ئەوە ناکەن؟ ئەگەر بـە راسـتی ئێـوە دژە تـیرۆرن، مـن ئـەو شـتانە باس ئەکەم کە باس کران هەموویان پەیوەندیان هەیـە بـە کۆبانێـەوە، مەسـەلەی بـە هەنـد وەرگرتنـی رای شەقام، ئەو شەقامە بەرێزەی کە هەموومان ریـزی لێ ئـەگرین، لوتفیـان فەرمویـە سیقەیان دایـە بـە ئێمـە، رەوانەیان کردووین کە بڵێن پەرلەمانی کوردستان، هەندێك لە ئێمە بوون بە وەزیـر، مـەعنای ئەوەیـە لـەم وڵاتەیە ئەوان وتوویانە ئێمە سیقەمان بە عـەقلی ئێـوە هەیـە، بـە ویـژدانی ئێـوە هەیـە، نوینـەری ئێمـەن، سیاسەتمداری واقیعی و راستەقینە دوای هەموو حەرەکەیەکی شـەقام ناکـەوێ، چونکە ئـەو رابـەراتی وڵـات دەکات، ئەو رابەرایەتی هەموو وڵاتەکە ئەکات، لە شوێنێکدا ئەگەر هات و ئەو سەرکردایەتییە سیاسییە بە ئەرك و واجباتی خۆی هەڵنەستا، شەقام هوشیاری ئەکاتەوە، پێی ئـەڵێت لـەوێ غەڵـەت بوویـت، بـە خۆتـدا بچۆرەوە، ئینجا بۆیە بە بۆچوونی من مەسـەلەی ئەمـەی نـازانم کـێ بـوو باسـی کـرد وا بـزانم کـاك حـاجی کاروان بوو، زۆر بە ئیحساسات، سیاسەت کردن لە بڕی گوێ گرتن لە قسەی شـەقام پـێ ئـەکات، یەکـەم جـار دەرگا ئەکەیتەوە بە بێ ئەوەی بەرنامەیەکی دانابێ نـازانێ چـەند هـەزار کـەس دەچـنە ژوورەوە، ئـەم سـێ چوار هەزار کەس بۆ کۆی بچن؟ بە چی بژین؟ لە کوێ بحەوێنەوە؟ ئەمەم لە سـەر ئـەوەی مەسـەلەی بڵێن قسەی شـەقام، مەسـەلەی بـایکۆتکردنی هـەمووی کاڵاکـانی تورکیـا و نـەوت نـەناردن و ئەمانـە و مەسـەلەی میتی تورکی حەقیقەت ئەوەیە ئێمە لە گەڵ هەموو کەسێك ئـەتوانین ئێمـەی کـورد، یـەعنی لەوانەیـە لـە گەڵ هەموو کەسێك بتوانین یـەك ریـز بـین بـەس لـە گـەڵ خۆمـان نـەبێ، بۆیـە سـەیر دەکـەین بەداخـەوە بەشـێکی بڵێن تەحـەکوم کـردن بـە بەشـێکی سیاسـەت لـە هـەرێمی کوردسـتان فیعلـەن لـە لایـەن ئێـران و تورکیاوە ئەکرێت ئەویش بە شێوەیەکی ناراستەخۆ، لە رێگەی ئیتلاعاتی ئێران لـەو دەڤـەرەی لـە سلێمانی بەخوارەوە و لە رێگەی بەشێك لە دەستی مینی تـورکی بـە تەئکیـد لـە دێگەڵـەوە بـۆ سـەرەوە حـەتا زاخـۆ، سەرکرادیەتی سیاسەتی کورد بەرپرسە لەوەی کە یەعنی چارەیەکی ئەمە بکات، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەیبەت بگەڕێتەوە بۆ شەخسیەتی ئینسانی کوردستانی، ئەگەر وا نەبێت ئێمە وەکو ئـەوەی بـە فارسـی پێـی ئـەڵێن شـوعبەدێ بازێـك لێ دێـت وەکـو بووکـە سـەماکەرێکمان لێ دێـت تەشـبیهمان نـەبێ کـە خـەڵکی تـر ئـەمان سوڕێنن، ئەمە بۆ هەیبـەتی نیشـتمانی ئێمـە زۆر زۆر ناشـرینە، هـەر وەکـو چـۆن جـەنابی ئاغـای سلێمانی فەرموو بووی کە ئەگەر خـۆم و حـەفتا کـەس نەبوایـە هـەولێر ئـەگیرا، ئەمـە منالێـك بێـت وا قسـە ناکـات، کەواتە ئەو هەموو پێشمەرگەی کە لە جەبهە بووە ئەوان پیازیان پاك کردووە، ئاغای ئوردۆگـانیش لـەوێوە ئەیوت ئەگەر من نەبوومایە زاخۆ ئەگیرا، هەر دوو ئەمانە، بە بەرچاوی هەردووکیانـەوە مەسـەلەی شـنگال

رووی دا، مەسەلەی کۆبانێ روویدا، بەڵام هیچ ئەکشنێکی سیاسییان نییە جگە لە پاراستنی مەصلەحەتی خۆیان، مەسلەی دانپێدان یان دانپێیانەدان بەو کەلتورانە، من سەیرم لێ دێ لەو موناقشانە دروست بووە، لە بەر ئەوەی ئەگەر مولاحەزە بفەرمو بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر مولاحەزە بفەرموی لەم راپورتەدا ئەمەی کە ئەم شاندی بەرێزە نووسی ئێستا لە بەردەستمە، من بۆ جەنابت ئەخوێنمەوە ئەڵێت: بە مەبەستی سەردانی کۆبانێ، ئێ مەعنای ئەوەیە ئەمە وجودی هەیە ئەگینا خۆ ناچن بۆ شتێکی وەهمی، ئەمە دانپێدانانێکی غیر موباشیر و جێی دەستخۆشیە، هەر بژی، مەسەلەیەکی تر هەیە کە لە دانپێدان، دانپێدانەنان بە کەنتۆنەکانی خۆرئاوای کوردستان دێتە مەیدان هەمووومان شتێك ئەزانین، بەڵام هیچمان نایشاریتەوە، ئەگەر هەر لایەنەکی سیاسی پییێخۆشە ئەگەر هەر ئینسانێکی کوردستانی پێیخۆشە هەرێمی کوردستان دانبنێت، بە کانتۆنەکانی خۆرئاوای کوردستان، لە پێش دا ئەبێت یەك رێزی بپارێزێت، هەموومان ئەزانین یەکێك لە عەقەلەکانی ئەمە ئەو بار گرژیەیە، ئەوەی کە لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا هەیە، ئەگەر خەڵکی قسەی خێری پێ ئەکرێت، بۆچی هەوڵ نادا ئەم بار گرژیە نەمێنێت؟ چونکە مەسەلە ئەو بەیەکەوە ئەوانە نین لەویەن، لەبەر ئەوە ئەوان خۆیان ئوتولوم نین لە ئیش و کاری خۆیان، ئەوان لە لایەکی ترەوە لە فلنداوە کونترۆل ئەکرێن، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت دانبنێین بەوەدا ئەبێ ئیش لەسەر یەك ریزی خۆمان بکەین، ئەمە تەنها رێگەیەکە بۆ دانپێدان، ئینجا زۆریش سەیرە ئینسان لە ناو هەرێمەکەی خۆیدا نەتوانێ گەرەنتی یەك ریزی بکات، هەر لەوانەیە لەم قاعەی چونە دەرەوە بەرامبەر یەکتری بخوێنێت، کەچی لێرەوە موحاولە بکات داوا لەوان بکات ئەوان یەك ریز بن، مەسەلەی کاك (صالح مسلم) یا خوا بە خێر بێت وڵاتی خۆیەتی، مێوان نییە، لێرە خۆی ساحیب ماڵە، بەڵام ئەگەر کاك (صالح مسلم) بە خێر بێت، بانگهێشت بکرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان مەعنای ئەوەیە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانی کوردستان، خۆی کردووە بە تەرەف، خۆی ساف کردۆتەوە لە مەسەلەی ئەو بەربژێرە سیاسییانەی کە لە ناو خۆرئاوای کوردستاندان ، ئەگەر کاك (صالح مسلم) بانگ بکرێت، پێویستە لایەنەکانی تریش بانگ بکرێت، ئەگینا ئەبێتە بانێك و هەزار هەوا، مەسەلەیەکی تر ئەو پێداویستیە سەربازیانەی کە لە کۆبانێ پێویستن هەمان ئەو شێوانەن کە ئێمە لە شنگال و لە جەلاولا پێویستمان پێیەتی، لە سەدی موصڵ پێویستیمان پێیەتی، من ئەیژمێرم بە سەریعی، لە هاوەنی ئەوە بە ملیمەوە (١٢٠ بۆ ٨٢ بۆ ٨١) هەتا (٦٠) میلیم، لە دۆشکە لە (١٢ بۆ ٢٣)، لە تۆپی (١٠٦) میلیم، ئینجا ئوتومبێلی درع لە بابەتی هەمەر، ئەمە ئەو شتانەن کە پێویستییان پێیەتی، ئەگەر ئێمە هەرێمی کوردستان ئەو بۆ خۆی ئەمە جێ بەجێ ناکرێ، ئێمە خۆمان لە جەبهەکان هەتا (٦٠) پێشمەرگەین، خۆمان ئەبینین کە پێشمەرگەکانی خۆمان لە هەندێك لەم شتانە کەم و کۆڕیان هەیە، ئیتر چۆن ئەتوانین بنێرین بۆ ئەوان؟ ئەخیر قسەی خۆم مەسەلەی ئەوەی برای بەرێزم کاك (ئومێد خۆشناو) یەعنی باسی پەیمانی شەرەفی کرد لە بەینی هەموو لایەنە سیاسییەکاندا بۆ مسوگەر کردنی یەك رێزی، ئەگەر ئێمە کە لە (٦٤) ەوە، یەکەم دڵۆپی خوێنی براکوژی رژاوە، هەتا ئێستا حاڵی نەبووبین لە زەرورەتی

پەیمانی ئەو شەرەفە، تازە خەبەرمان بێتەوە، دوای ئەو هەموو شەڕە، دوای ئەو هەموو ماڵ وێرانییە، تازە بگەینە ئەوەی دوای دروست کردنی پەرلەمان، حکومەتی یەك ڕێزی نیشتمانیی، تازە پێویستمان بەوە بێت کە پەیمانی شەرەف لە گەڵ یەکتردا ئیمزا بکەین، ئەمە خەبەرێکی زۆر زۆر ناخۆشە بۆ خەڵکی کوردستان، بە بۆچوونی من یەك ڕێگا هەیە کە ئەم دەستەیە دەستبەجێ بچێتە جێی خۆی، ئەویش ئەوەیە هەر یەك لە ئێمە ئەو قسانەی کە لێرە ئەیکەین کە چوونە دەرەوەش لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمان لە ناو خەڵکەوە، لە ناو دراوسێیەکان و خزم و کەس و کاری خۆمان هەمان قسە بکەین، نەك لێرە شتێك بڵێین لە دەرەوە شتێکی تر، دوا نوقتە (٣٠) سانییە، هەتا ئەو ڕۆژەی بڕیاری دروست کردنی حکومەت بەشداری کردنی وەزیری کورد لە بەغدا، دەعوەت کردنی شاندێك لە لەندەنەوە، ڕێکەوتن لە گەڵ ئێران و لە گەڵ تورکیا لە مەکتەبی سیاسییەکان بکرێت و ئەم پەرلەمانە ناتوانێت دەوری خۆی ببینێت وەکو پێویست، هەر کاتێك وەکو پەرلەمانەکانی عالەم نازانم کێ بوو باسی کرد، سەرۆك وەزیران بۆ ئەوەی شتێك بکات کە سەرۆك وەزیر لە حیزبەکەی خۆمە لە ئێستا، موعاهدەیەك ببەستێ لە گەڵ تورکیا، داوای هاوکاری بکات لە گەڵ فلان شوێن، هەتا ئەو ڕۆژەی ئەم ئەکشنانە نەگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، مەعنای ئەوەیە ئەم پەرلەمانە ئەو دەستەڵاتەنییە کە پێویستە هەبێت زۆر بەداخەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوە وەستاوەتەوە سەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای پرسیار و پرسیار کردنەوەتان چۆن مامەڵە لە گەڵ دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن ئەکەن، بەڵام سەبارەت بە کۆمەڵێك بابەت کە باس کرا مەسەلەی دان پیانانی زیمنی و، دان پێنانی سەریح، مەسەلەی نەبوون بە تەرەف لە ململێکانی ڕۆژئاوا، لە باکوور، یان خۆرهەڵات، ئەوەی دوای هەندێك ڕوونکردنەوە هەیە باسی ئەکەین، خاتوو تەلار لطیف فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا، بەس من حەز دەکەم چەند ئیزافەیەکم هەبێ، لە ڕیێ دەستخۆشی بۆ وەفدەکە، وەك پێشنیازێك من دڵنیام لەوێ کە کۆمەڵێ خەڵك هەبووە لە ڕاپۆرتەکە، لە بەر لایەنی ئەمنی بێ، لە ڕووی سیاسی بێ، نەچۆتە ناو ڕاپۆرتەکە، هیوادارم لە داهاتوودا ڕاستەخۆ ئەو وەفدە بەڕێزە ئەو خاڵانەش بخەنە بەر دەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەروەها لیژنە پەیوەندیدارەکان هەتا کو ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە لە گەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بتوانن خزمەتی زیاتری بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو خاڵانە بکەن و دۆزینەوەی میکانیزمی بۆ جێ بە جێ کردن و خزمەت کردنی کۆبانێ و دوور خستنەوەی ئەو مەترسیانەی کە ئێستا لە سەر کۆبانێ، من لە سەر ڕاپۆرتەکە پێشنیارێکم هەیە بۆ خاڵی دووەم کە هاوڕام لە گەڵ دکتۆر (شێرکو حەمە امین) کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ کانتونەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکات، بەڵام لە سەر بنەمای ڕێکەوتنامەی هەولێر لابرێت، ئەتوانین

ئەوەئیزافە بكرێت بڵێین هەنگاوی یەكەم كردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی، یا خود نوێنەرایەتی كانتۆنەكان لە هەرێم، كە ئەمە خۆی لە خۆیدا دانپیانانێكی زمنییە، وەكو سەرەتایەك تا وەكو ئەو كاتەی رێگە یاسایەكی، چارەسەرییەكی تازە ئەدۆزینەوە بۆی، لەوە بە فەرمی بڕیارێك دەرچێ لە پەرلەمانی كوردستانەوە بۆی دان بنێ بەو كانتۆنانە بۆ ناساندنیان بە شێوەیەكی فەرمی و، ئێمە ئەتوانین بە شێوەیەكی فەرمیش مامەڵە لە گەڵ ئەو كانتۆنانە بكەین، ئەویش جارێكی دیكە پێویستی بە بڕیاری سەرۆكایەتی هەیە لە پەرلەمانی كوردستانەوە دەر بچێ بۆ ناساندنی ئەو كانتۆنانە، لە خاڵی چوارەم ئەڵێ هەرێمی كوردستان هەموو هەوڵێكی دیپلۆماسی بەكاربێنێت، تاكو دەوڵەتی توركیا رێگە بدات هێزی پێشمەرگە بەرەو كۆبانێ بچێ، ئێمە ئەزانین تاكە دەوڵەت و یەكەم دەوڵەت كە سوودمەندە لە ئابووری هەرێمی كوردستان، ئیتر چی لە رێگای كۆمپانیای نەوتەوە بێ، چ لە رێگای فرۆشتنی نەوتەوە بێ، یان لە رێگای هەرێمی كوردستانەوە بێ، بۆتە بازاڕێك بۆ ساغ كردنەوەی كاڵاكانی توركیا، ئەمانە هەمووی ئەتوانێ وەكو كارتێكی فشار هەرێمی كوردستان بە كاری بێنێ، كە ئێمە بتوانین لە دوو خاڵا كە خاڵی چوارەم و خاڵی دەیەم، ئێمە بتوانین بۆ هاوكاری كردنی ئەو ناوچانە كار ببینینەوە، ئەویش لەوەی كە هێزی پێشمەرگە، تەنها ئێمە لەوانەیە هاوكاریەكانمان لە داهاتوودا تەنها لە هێزی پێشمەرگە نەبێ، لەوانەیە بە چەك و تەقەمەنی بێ بۆ ئەو ناوچانە، بۆیە پێویستە ئەو چەك و تەقەمەنییەش ئیزافە بكرێ و بڵێ فشار بخرێتە سەر توركیا، یەعنی وشەی (فشار) بەكاربهێنرێت، بۆ ئەوەی یاخود گوشار وەكو كاك فەرهاد ئەڵێ بەكار بهێنرێ بۆ ئەوەی بتوانین زەغت لە توركیا بكەین، یەك: بۆ ئەوەی رێگە بدات بە هێزی پێشمەرگە و چەك و تەقەمەنی بچێ بۆ ئەو ناوچانەی كە دوایی ئەوەی گوێ بیستی وەزارەتی پەیوەندیداریش بین، بۆ ئەوەی ئایا ئەتوانین ئێستا ئەو كارە بكرێ یا خود نا؟ سێیەمیش لە خاڵی دەیەمە ئەو داوایەش دیسانەوە بە گوشە ناوی بێت، نەك داوا لە دەوڵەتی توركیا بكەین كە بە هەماهەنگی هاوكاری لە گەڵ دەوڵەتای هاوپەیمانان رۆڵی خۆیان بینن، ئێمە توركیا كە ئیزافە بكەینەوە بەوەی بە كردنەوی دەروازەكان لە رۆژئاوایەوە بۆ گەیشتنی هاوكاری مرۆیی و، هەروەها لەوەی كە بۆ چارەسەركردنی ئەو بریندارانەی كە لە كۆبانیشا هەن، ئێمە ناكرێ بە راستی ئەو بریندارانەش لە ئێستا دیسانەوە ئەو رێگایەیان لێ داخستۆن كە بتوانن لە رێگای توركیا بێنن، نەك لە رێگاكانی دیكەوە چارەسەر بكرێن، و سەبارەت بە قسەكانی كاك ئاری، منیش لە گەڵ ئەوم پێویستە پەرلەمانی كوردستان، با بڕیارێك لێرەوە دەرچێ، راستە لە راپۆرتەكەیا هاتووە كە ئەڵێ ئەم راپۆرتەكە لە سەر كۆبانێ، هێشتا نەچووتەوە دەنگدانەوە هەتا كو لە رووی یاساییەوە ئێمە بڵێن دانپێدانانەو، پێشنیازێكی دیكە تەئكیدی لێ ئەكەمەوە ئەویش ئەوەیە كە بە زووترین كات بریار لە نوێنەراتی كانتۆنەكان بدرێت لە هەرێمی كوردستانە، ئێمە هەتا بتوانین بە شێوەیەكی فەرمی هاوكاری مرۆیی سەربازی خۆمان بەو ناوچانە بگەیەنین و جارێكی دیكە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز كاك باپیر كامەلا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاس بۆ هەموو لایەك کە چوونی وەفدەکەی بەرز نرخاند، من لە نووسینی راپۆرتەکە ئامادە نەبووم، لە گەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبووم زۆربەی پێشنیارەکانیان لە گەڵ سەرنج و تێبینیشم زۆربەی پێشنیارەکانیان کردوویانە پشتیوانیان لێ دەکەم، بەڵام دەمەوێ لە دەرەوەی ئەو پێشنیارانە من پێشنیارێکی ترم هەیە، کە بکرێت پەرلەمانی کوردستان کاری لە سەر بکات، دیارە ئەوەی کە ئێمە دیتمان پێویستیان بە سێ رووی پشتیوانی بوون هەبوو، هاوکاری مرۆیی، هاوکاری سەربازی، پشتیوانی سیاسی، پشتیوانی سیاسی ئەوەی کە گرنگە زیاتر لای ئەوان ئەهەمیەتیان هەیە بۆ گەیاندنی چەکی قورس بۆیان، ئەوان داوای هێزیان نەکرد، کە هێزی پێشمەرگە بچێتە ئەوێ، پێم وایە پێویستیشیان بە هێزی پێشمەرگە نییە، ئەوەی پێویستیان پێیە چەکییان بگاتێ لە چ رێگاوە و چۆن؟ ئەوە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بتوانێ بڕیار بدات و هاوکارییان بکات ئەو رێوشوێنە بگرێتە بەر، بەڵام من سەرنجی هەموو لایەك بۆ یەك واقیعی تر کە لە سوریا و عێراقی گیراوەتە بەر، بە تایبەتیش ئەو شوێنانەی کە کوردی تێدا نیشتەجێ یە لە کوردستانەکەیدا، داعش ئامانجی وەکو شەریکەیەکی موساهەمە وایە کە هەموو لایەك دەجوڵێنێت ئامانجیان کوردستانە، ئەو هێزەی کە هاتووە بەرەو بەغدا بە دووری مەزانن بەرەو کەرکووك بسووڕێتەوە، بۆیە ئێمە پێش ئەوەی باس لە کۆبانێ بکەین، ئەوەی لە کۆبانێ دیتوومانە پشتیوانیەکەشی، پێویستە باسی کەرکووك بکەین، زامنی پاراستنی کەرکووك، زامنی پاراستنی کۆبانێ یەك ئالییەتی هەیە کە ئێمە بتوانین چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بکەین، چارەسەری هەموو ئەو برینانە بکەین، ئەو خیلافانەش بکەین کە باسی لێ دەکەین، مەسەلەی سنوور و کردنەوەی سنوور و گەیاندنی هاوکاری، ئەویش بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییە، کۆنگرەی نەتەوەیی زامنی یەك ریزی نیشتمانیی و یەك ریزی سیاسی دەبێت بۆ هەموو لایەکمان، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان، بێگومان کۆمەڵێك تەگەرە هەبوون لە بەر دەمی بەستنی کونگرەی نەتەوەیی کە هەنگاوی بۆ ئەنرا، کونگرەی نەتەوەیی کە ئەو هەنگاوانەی ئەخەن، ئەو پەڕانەی لە بەری دا لابرێت، پێم وایە ببێتە زامنێك و دەبێتە پشتیوانیەکی سیاسی راستەخۆ، ئەوەی کە ئێستا لەم پەڕە ئەو خیلافانەی لە نێو سێ لایەنی سیاسی، کە من دەیبینم بە سەراحەت دەبێ باسی کەین پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی کرێکارانی کوردستان و زائیدەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە لایەکەوە نایەك ریزی دەبینم لە باشووری کوردستان لە ئەوە، دوو بۆچوونی جیاواز ئەبینم، پێش هەموو شتێك بۆ ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە لە باشووری کوردستانا، بۆ ئەوەی زامنی باشووری کوردستان بکەین، ئەو نایەك ریزییە و ئەو خیلافەی ئەو یەك ریزییە مسۆگەر کەین ئەوە گرنگە یەکەم، من پێشنیارێك بۆ هەردوو مەکتەبی سیاسی، بۆ هەردوو سەرکردایەتی سیاسی بە تایبەتی بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم برا گەوریەتی بکات و بتوانێت ئەو کێشە و خیلافانەی کە هەیانە کە هاتۆتە سەر رووپەڕی میدیاکان و لە ئیعلام باس ئەکرێ نەمینێ و بتوانرێ چارەسەر بکرێت و ئەو بەشێکی دی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك باپیر، باسی كۆبانێ بكە.

**بەڕێز باپیر كامەلا:**

عەرزت كەم ئەوە كۆبانێیە، ئەوە زامنی پاراستنی كۆبانێ یە، ئەوەی تریش ئەو خیلافەی كە هەیە لە نێوان قیادەی پەكەكە و پارتی دیموكراتی كوردستان بتوانرێت چارەسەر بكرێت، كێشەی كۆبانێ و (صالح مسلم)یش چارەسەر دەبێ و هەمووی چارەسەر دەبێ، ئەوەیە ئەصڵی مەسەلەكە، با ئێمە ئیش لە سەر ئەوە بكەین دەتوانێ زامنی پاراستنی بێت، ئەگەر ئێمە ئەوە نەكەین هەر چی بڵێین هەیە، هەر هاوكاریەكی مرۆیی بڵێین، هەر شتێكی تری بڵێین، چارەسەر نییە بەراستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر شێركۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

والله ئومێد ئەكەم، هەموو بە یەك ئاراستە لە سەر كۆبانێ قسە بكات، چونكە قسە بە هەندێ برادەر بڕدرا بە بیانووی ئەوەی كە پەیوەندی بە قسەوە نییە، تكایە با بۆ هەمووی وا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز باپیر كامەلا:**

ئەو شتانەی باس ئەكەم پەیوەندی بە كۆبانێ یە، پەیوەندی بە یەك ریزی نیشتمانییەوەیە، پەیوەندی بە یەك دەنگییەوەیە، كە پێویستی بە یەك ریزی نیشتمانییە، كە وەڵام دەر و وەڵام گۆیە، بۆ ئەو هاوكێشە سیاسییە كە لە گۆڕانكاری دایە، كە لە بەردەمی ئیتیفاقی سایكس بیكۆداین كە ئەو گۆڕانكارییانە چارەسەر دەكرێ، كە سێ مانگی داهاتوو، چوار مانگی داهاتوو، ئەوە بە چاوی خۆتان دەبینن كە ململانێیەكی گەورە لە نێوانی هیلالی سوننی و شیعە دا هەیە، ئێمە لە نێوان ئەم دوو هیلالەدا نەبینە قوربانی، بتوانین یەك ریزیش بێتە هۆی پاراستنی ئەوەی كە نەبینە قوربانی، من جارێكی تر داكۆكی لەوە دەكەمەوە كە كۆنگرەی نەتەوەیی باس بكرێت و، داكۆكیش لەوە دەكەم كە كاروانی مرۆیی بتوانێ بگەیەتێ و پشتیوانی ئەوەش بكرێت هاوكاری سەربازی بە چ رێگەیەك دەبێت ئەوە، ئەوەی تریش سەرەنجم هەیە بۆ برایانمان، برادەرانی ئەندام پەرلەمان كە زۆر بە دڵسۆزانە لە پەرۆشیانە حەتمەن زۆر گرتونی، زۆر باس لە ئەملا و ئەولا دەكەن، من تكام ئەوەیە جەبهە نەكەنەوە، چونكە ئێستا ئێمە دەوڵەتێكی هێندە بە هێز نین بتوانین ئەو هەموو جەبهە بكەینەوە نە خاوەنی چەكین نە خاوەنی پێگەیەكین، مووچەی خەڵكمان پێ دابین ناكرێت، ئینجا بۆ بچین كاڵاكان ئەوە بكەین، نەوتی خۆمانە با بێن لێمان بكڕن نەك ئەوەی نەدەن بە ئەو و بە ئەو، یەعنی هەندێ شت هەیە بە عاتیفە نابێت، بە ئەوە ناكرێت ئەو وڵاتانەی لە دەور و بەرمان

تەحەكوم دەكەن یەكێیان وەكالەتی ناتۆ دەكات، یەكێیان وەكالەتی شەرق دەكات، ئێمە نەبینە قوربانی ئەو سیاسەتەی كە پێشتر گرتوومانە، ئومێدی سەركەوتن بۆ هەموو لایەك ئەكەم ئومێدەوارم كە كۆبانێ بە نێزیكترین كات رزگاری بێ، ئومێدیشم وایە كۆبانێ بە هیچ شێوەیەك نەگیرێت و بەرەو پێش چوون و بەرەو سەركەوتن و بەرەو رزگار بوون دەڕوات، زۆر سوپاس ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆك پەرلەمان وتەیەكی هەیە، سەبارەت بەو قسانەی كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە كرا، فەرموو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

دیارە من باش تێدەگەم ئەو هەست و سۆزەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی، تەسەور دەكەم ئەوە مایەی هێزی هەرێمی كوردستانە، دەبێ هەموومان پێگیری بەوە بكەین، مەسەلەیەك تێكەڵاو بووە لەگەڵ مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی كوردستان، هەمووشمان دەبێ ئیعتراف بەوە بكەین، هەندێك پرس هەنە پەیوەستن بە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی كوردستان، تەسەور دەكەم كە بەكراوەیی، بەوشێوەیەی كە ئێستا ئێمە مەعامەلەی لەگەڵ دەكەین، زیان بە خۆمان دەگەیەنین چەند دڵسۆزی هەرێمی كوردستانیش بین، زیان بە تەئكید بە ئێمە دەگەیەنرێ، ئێمە باسی پەیوەندییەكان دەكەین لەگەڵ ئیران بەشێوازێك باس دەكەین، كە هەروەكو وڵاتێكی دوژمنە، دەبێت ئێمە ئێستا دەست بەوە بكەین، چۆن ئێمە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیران بكەین، دۆسیەكی ئەمنی هاوبەش هەرێمی كوردستان لەگەڵ ئیران هەیە، بمانەوێ یان نەمانەوێ، ئێمە بەریالەتی دەبێ باس لەوە بكەین، مەسەلەی ئەوەنییە كە تۆ هەموو شتەك بە حەزو خواستی ئێمە بێتن، دۆسییەكی ئەمنی هاوبەش هەیە لەگەڵ توركیا، تۆ مەحكومی بە جوگرافیاو مەنتیقە، ئێمە پەیوەندییەكانی ئیقتصادی كاڵا ئەوەی لە توركیا دێن، خۆ لە باكوور دێن، زیاتری هی باكوورە، هی كوردەكانی باكوورە، كوردستانی باكوورە، هەتا هی رۆژهەڵاتیش، زیاتر هی ناوچە كوردستانییەكانن، لەبەرئەوە ئەو مەوزوعانە بەو شێوازە كراوەیە ئێمە باسی لێ دەكەین، وەكو ئەوەی وەختێك پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەكان سێ لای هەبوو، دوایی واز لە هەر سێ لایەكە هێنرا، ئێستاش بەشێوازێكی وا مەعامەلە لەگەڵ ئەو دۆسییە بكەین، تەسەور دەكەم یەك پلەی تێدایە، دووربینی تێدانییە، یەعنی حەقیقەت باری پەرلەمانی كوردستان قورس دەكەین، ئەو مەوزوعە هەتا حەقی پەرلەمانە باس لە هەموو شتێك بكات، بەلاّم ئەگەر مەبەست ئاسایشی نەتەوەییە، پەیوەندییەكان لەگەڵ كێ دەبێ لەگەڵ كێ نابێ؟، چۆن دەبێ، چۆن نابێ؟، كێ دوژمنە، كێ دۆستە؟، حەقە داوای جەلسەیەكی داخراوە بكرێتن، فراكسیۆنەكان راپۆرتی خۆیان بێنن، قسەی خۆیان بێنن، بەوپەڕی ڕاشكاوی باسی لێبكەین، بەس بەو شێوازەی هەیەتی، من دڵنیام ئێستا هەرێمی كوردستان پێویستی بە دۆستایەتی هەموو لایەك هەیە، ئێمە دەستی خۆمان درێژدەكەین، دیالۆگ لەگەڵ بەغدا، كە ماوەیەك بەغدا هەوڵی

وەكو بڵێین جووڵانەوەی لەشكریان دەكرد دژی هەرێمی كوردستان، لەلایەكی ترەوە ئێمە هەموو هەوڵێكمان داوە دۆستایەتی لەگەڵ ئیران بەردەوام بكەین، دۆستایەتی لەگەڵ توركیا بەردەوام بكەین، هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو مەوزوعە دەبێت بە هەستیاری باسی لێوەبكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان، كاك ئاری نوقتەی نیزامیت هەیە؟.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

نەوەڵلا پرسیارێكم هەبوو لە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تەسەور دەكات ئیران و توركیاو ئەمریكا، لەبەرئەوەی ئاری هەرسین یان فلان كەس لە پەرلەماندا قسەیەكی كردووە، دڵی گڕ بگرێت و ئاسایشی نەتەوەیی بكەوێتە خەتەرەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من هیچ وەڵامێكم بۆ ئەو پرسیارە نییە كاك ئاری، كاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

لەپێشدا سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەكان، سڵاو لە شەڕڤانان، كە بەدرێژایی سنووری باشوری كوردستان، واتە زیاتر لە هەزار كیلۆمەتر رووبەڕووی یەكێك لە بەربەریترین هێزەكانی مێژووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، سڵاو لە شەرەڤانان كە ئەم رۆژانە داستانی بی وێنە تۆمار دەكەن، نەك هەر بۆ بەرگری كردن لە گەلەكەمان، بەڵكو بۆ بەرگریكردن لە هەموو بەها باڵاكانی مرۆڤایەتی، ئەم رۆژانە گەلەكەمان كەوتووەتە بەر شاڵاو و پەلاماری یەكێك لە تاریكترین و بەبەریترین هێزەكانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەتایبەتیش لە باشوورو لە خۆرئاوای وڵاتەكەمان، بەڵام گەلەكەمان لەبەرامبەر ئەو شاڵاوە دڕندانە و بەربەریانەدا وەك هەمیشە بەگری لە شكۆو شوناسی گەلەكەمان و نیشتمانەكەمان دەكات، بەرگری لەو بەها باڵایانە دەكات كە گەلەكەمان شانازی پێوە دەكات، پێشمەرگە ئێستا نەك هەر سیمبولی نەتەوەیی و كوردستانی ئێمەیە، ئێستا هەموو ئەوانەی لە دونیادا دڵیان بۆ بەها باڵاكانی مرۆڤایەتی لێ دەدات، پێشمەرگە وەك سیمبولی داكۆكی كردن و بەرگریكردن لەو بە هایانە سەیر دەكەن، پێشمەرگەكان ئازان، بەدڵنیاییەوە پێشمەرگەكان قارەمانن، بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی من كردوومە پێشمەرگەكان زیادە ڕەویان كردووە، لەچیدا زیادە ڕەویان كردووە؟ ئەوانەی شارەزای جەنگ و هونەری سەربازین و ئێستا بە فیعلی لە بەرەكانی جەنگن، پێشمەرگەكان زیادە ڕەویان كردووە لە گیان بازی، خۆ فیدا كردن، هەربۆیە بەگوێرەی راپۆرتی ناوە ندەكانی وەزارەتی پێشمەرگە زۆربەی شەهیدەكانمان، زۆربەی برینداەكانمان، بەرهەمی گیانبازی و لەزۆر كاتدا پشت گوێ خستنی مەترسیەكانی جەنگن، بەڵێ بە دڵنیاییەوە پێشمەرگەكان نموونەی قارەمانین و فیداكاری و داكۆكی كردن لە گەل و نیشتمانەكەمانن، ئێوە خۆتان

دەزانـن لـە بەشـێکی زۆر لـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاست ئێستا هـەوڵ دەدرێـت ژنـان پاسـیڤ بکـرێن، بـەڵام بـە پێچـەوانەی ئـەم ڕەوت و شـەپۆلەوە ژنـانی کـورد ، شـەڕڤانانی کـورد، پێشـمەرگە ژنـە قارەمانـەکان، ئێسـتا بوونەتە نموونەی گیان فیـدایی و گیانبـازی بـۆ دیفـاع کـردن لـە نیشـتمان و گەلەکـەمان، دوای داگیرکردنـی موسڵ لەلایەن هێزە بەربەریەکانی داعشەوە، چڕبوونەوەی شاڵاوەکانی ئـەو هێـزە تاریـك پەرسـتە بـۆ سـەر باشوور و خۆرئاوای وڵاتەکەمان، فراکسیۆنی ئێمە، فراکسیۆنی گۆڕان هـەر زوو دامـو دەزگاکـانی حکومـەتی هەرێمی کوردستانی ئاگادار کردووەتەوە، سەرنجی هێزو لایانە سیاسییەکانی بەوە ڕاکێشا، کە ئێستا ئێمە لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە پاراسـتنی کۆدەنگی و یەکیـەتی نەتەوەییـەو، پێویسـتە زۆر کاربکـەین بـۆ دامەزرانـدنی سـتراتیجێکی نەتـەوەیی، کـە هـەموو هێـزە سیاسـییەکان لەسـەرووی بەرژەوەنـدی تەسـکی حیزبایەتیەوە، کار بۆ پاراستنی یەك دەنگی گەلەکـەمان بکـەن، بـەدیاریکراوی جگـە لـەو تێکۆشـانانەی کـە هەمووومان پێکەوە لەم هۆڵەی پەرلەماندا بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و بـەهێزتر کردنیـان، لـە (١٩)ی مـانگ لە بەیانێکی رەسمی فراکسیۆنەکەماندا سەرنجی هێزە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەکانمان ڕاکێشـا، بـۆ مەترسـی گـەمارۆدان و داگیرکردنـی کۆبـانی، لـە ٣٠ مـانگ جـەژنمان کـرد بەبۆنەیـەك دیسـان جارێکی تـر سـەرنجی ناوەنـدە هەرێمایـەتی نێودەوڵەتییـەکان و ئینجـا هێـزو لایەنـە سیاسییەکانی کوردسـتانمان ڕاکێشـایەوە بـۆ کۆبـانێ، لـە ٥ی مـانگیش واتـە بەیاننامـەی یەکـەم لـە ١٩ ی ئـەیلول، بەیاننامـەی دووەم لـە ٣٠ ئۆکتۆبـەر، بەیاننامەی سێیەم لە (٥)ی پێنجی ئۆکتۆبەر دەرمان کردووە، دیسان سەرنجی هەموو لایـەکمان ڕاکێشـایەوە کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستە یەك دەنگی گەلەکەمان، کۆدەنگی گەلەکـەمان بپـارێزین، بۆئـەوەی گەلەکەمان بەجۆرێك بپارێزین کە ئەمنیەتی نیشتمانی و ئینسانی گەلەکەمان لە خانەقینەوە هەتا کۆبانێ و لەوێشـەوە بـۆ عـەفرین بپـارێزین، ئێسـتا بـە بەرچـاوی هـەموو دوینـاوە کۆبـانێ بۆتـە سـیمبول، کۆبـانێ سیمبولی بەرگریکارانە لە بەها باڵاکانی نەك هەر گـەلی کـورد، بـەها باڵاکـانی مرۆڤایـەتی، تکایـە بـا خـوێنی چۆڕاوی کۆبانێ، با شاری ئازای کۆبانێ نەکەین بە قوربانی ململانێی سیاسییەکانی خۆمان، با هەموو هێـزە سیاسـییەکان بـە ئاراسـتەیەك کـار بکـەین، کـە تراژیـدیای گەلەکـەمان نەکەینـە کەرەسـتەی دەستخسـتنی حیزبایەتی تەسك، هەروەکو لە دانیشتنەکانی پێشوودا لەو هۆڵەی پەرلەماندا موناقەشەمان کرد، بەداخەوە بەشـێك لـە ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدن ڕۆڵـی باشـیان نـەگێڕا، بـۆ هاوکـاری و پشـتیوانی کردنـی هێزەکـانی پێشمەرگەو ئینجا شـەڕڤانان و چـۆك شـکاندنی هێزەکـانی داعـش و هێـزە بەربەریـەکان، بۆیـە دۆخێکیـان خوڵقانـد، کـە بەداخـەوە سـەرنجی ڕای گشـتیان بـەلا ڕێـدا بـرد و ڕاسـتیەکانیان، کـە لـە بنەڕەتـەوە ئیشـی ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدن ئەوەیـە ڕاسـتی بـۆ ڕای گشـتی ڕوون بکاتـەوە، بەپێچـەوانەوە ڕاسـتیەکانیان لـێ شاردەوە، سەرنجی ڕای گشتیان بەجۆرێك شێواند، کە خەڵکی ئێمە وەك خەڵکی بێ خەم سەیر بکەن، ئێستا ڕای گشـتیان بـەجۆرێك بـەلا ڕێـدابرد، کـە وەکـو ئـەوەی کۆبـانی هاوسـنوورە لەگـەڵ زاخـۆدا، لەکاتێکـدا لـە سنووری زاخۆوە بۆ کۆبانی (٢٠٠) کم، زیاتر لە (١٠٠) کم ئەم سنوورە، ئەم حـدودە، ئـەم نێوانـە لـە دەسـتی هێزە بەربەریەکانی داعشدان، بەداخەوە زەبری جوگرافی وای کردووە کە هێزەکانی پێشمەرگەو حکومـەتی

هەرێمی کوردستان، هێزەکانی باشوور بـە ئاسانی نـەتوانن دەسـتی کۆمـەك و پشـتیوانی بـۆ براکـان و ، بـۆ خوشـکانیان بـۆ کۆبـانێ ڕابکێشـن، سـێ لای کۆبـانێ خۆرهـەلأت، باشـوور، خۆرئاواکـەی لەلایـەن هێـزە بەربەریـەکانی داعشـەوە گـەمارۆ دراوە بەسـەر کۆبـانێ داو، باکوورەکەشـی دەوڵـەتی تورکیایـە، ئێمـە تاکـە مەنفەزێك کە هەمان بێ، بۆئـەوەی کۆمـەك بگەیـەنین بـە کۆبـانێ ئەوەیـە کـە لەگـەڵ تورکیـادا بـەجۆرێك مامەڵە بکەین، کە تورکیا بهێنینە ڕیزی هاوپەیمانی دژە داعش و بیهێنینە ئەوەوە کە لە جێی دوژمنایەتی گەلەکـەمان بکـەن، دوژمنایـەتی کۆبـانی بکـەن، بـەڵکو دەسـتی برایـەتی بـۆ درێـژ بکـەن، ئێمـەش دەسـتی برایەتیان بۆ درێژ دەکەین، بـەمجۆرەش گـەلی کـورد و گـەلی تـورك بەدڵنیاییـەوە ئەگـەر شـتێکمان چاوەڕێ بکەین، بە دڵنیاییەوە برایەتی قوڵتر بکەینەوە، لەوێشەوە تورکیا بکەین بە فاکتەرێکی بەهێزی کۆبـانێ، لـە ڕۆڵی خراپی میدیادا من سەرنجتان بۆ هەواڵێك ڕادەکێشم، کە بۆ پاراستنی ئەتەکێتی ڕۆژنامەنووسان ناوی سایتەکە ناهێنم، بەلأم بە دڵنیاییەوە پـڕ خوێنـەرترین سایتی ئەنتەرنێـتە، لـە ٢٠١٤/٩/٢٦ سـەعات (١١:٥٣) دەقیقەی شەو ئەم هەواڵەی نووسیوە، پێشمەرگە بە چەکی نوێوە گەیشتە کۆبـانێ، ئـەم عنـوانی هـەواڵێکی ئـەو سایتەیە، ئـەم هەوالأنـەو ئـەم جـۆرە هەواڵە دۆخێکـی خولقانـد، ڕای گشـتی بـەو ئاراسـتەیە بـرد کـە دامودەزگاکـان لـە هـەرێمی کوردسـتان دەتـوانن بـە فیعلـی پێشـمەرگەو چـەك بنێـرن بـۆ کۆبـانێ، بـەلأم لـە بێخەمی دا نایـنێرن، کـە ئەمـەش کـارێکی خراپـی کـردە سـەر دروسـتکەری ڕای گشـتی لەسـەر دەزگاکـان لـە هەرێمی کوردستان، ئێستا ئێمە کۆبووینەتەوە لەوانەیە بەهۆی بە دیاریکراوی لەسەر کۆبـانێ قسـە بکـەین، کەواتە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئێمە ئەوڕۆ چی بکەین، هەموو گەلی کورد بەگشتی و کۆبانێ ئازاو دلێر و قارەمان، کوڕو کچە ئـازا قارەمانـەکانی کۆبـانێ ئـەمڕۆ سـەرنجیان لەسـەر ئێمەیـە کـە دڵیـان خـۆش بکـەین، کارێك بکەین کە شایستەی قارەمانی و گیان فیدایی ئەوان بێ، من لێرەدا کۆمەڵێك پێشنیار دەکەم هیوادارم لە ڕاگەیاندن، لەو قەرارەی کە لە پەرلەمان دەردەچێت تەبەنی بکرێن، یەکەم: داوا لە دەسـەلأتی جێبـەجێ کردن بکرێـت تـا بـە فـەرمی تـەعامول لەگـەڵ خۆرئـاوای کوردسـتان بکـات و هـەموو توانـا سـازی سیاسـی و سـەربازی و دبلۆماسـی و داراییـەکانی بـۆ پشـتیوانی ئیـدارەکانی خۆرئـاوای کوردسـتان بـە گشـتی و کۆبـانێ بەتایبەتی بخاتە گەڕ، دووەم: داوا لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەتایبەتی بەڕێزان سەرۆکی کۆمـاری عـیراق و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عیراق و جێگری سەرۆکی وەزیران بکرێت، کـە هەوڵـەکانیان بـۆ جوولأنـدنی دۆزی خۆرئـاوای کوردسـتان لـە دامودەزگاکـانی حکومـەتی ئیتیحـادی بخەنـە گـەڕ، سـێیەم: داوا لـە دەوڵەتـە هاوپەیمانەکانی دژە داعش بکرێـت، کـە وەك بەشـێك لـە بـەرەی دژە تـیرۆر تـەعامول لەگـەڵ گەلەکـەمان و هێزە سیاسییەکانی خۆرئاوای کوردسـتان و بەگشـتی و یەکینـەکانی پاراسـتنی گـەل بکـەن، چـوارەم: داوا لـە هێزەکـانی خۆرئـاوای کوردسـتان بکرێـت، کـە یـەك دەنگـی و یەکیـەتی خۆیـان بپـارێزن و ڕێـز لـە بنـەما دیموکراتیەکان و ئازادی سیاسی و مەدەنییەکان و مافی مرۆڤ بگرن، ئـەم یەکیـەتی و کۆدەنگیـە بکرێـت بـە بنەما بۆ پشـتیوانییەکانی ئێمـە لـە خۆرئـاوای کوردسـتان، بـا کۆبـانێ ئـازاو برینـدار کۆمـان بکاتـەوە، نـەك پارچە پارچە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی لەو شاندە بەڕێزە دەكەم، كە سەردانی كۆبانێیان كرد، سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدەكانی ڕێگای ڕزگاری كوردستان و، شەهیدانی خۆرئاوا بەتایبەت شەهیدانی یەپەژە دادەنوێنم، من كۆمەڵێك شت هەیە ئەویش ئەویە كە زۆرێك لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێدا لەنێوانیاندا ئەوەیە كە بەڕاستی كۆبانێ دیفاكتۆیەو، گرینگە كە پەرلەمانی كوردستان وەك هەڵبژاردنی پرسە نەتەوایەتیەكە قسەی لەسەر بكا، گرینگی پێ بدات بەوەی كە زیاتر ڕاستە ئێمە ئەركی پەرلەمانی كوردستان بریتیە لە دەركردنی یاسا، دەبێ ڕێكاری یاسایی هەبێ بۆ ئەو پرسە، بەلاّم لە هەمان كاتدا دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، كە یاسا بۆ خۆی دوولایەنە فەلسەفەی حەق، فەلسەفەی قانون، دەكرێت زۆرجار فەلسەفەی قانون لە خزمەتی فەلسەفەی حەقدا بێت، بۆیە بۆ ئەم پرسە گرینگە ئێمە دانپیانان بەو كانتۆنانە بە هەند وەربگیرێت، كە مەسەلە نەتەوایەتیەكە یەكێكە لەو مەسەلانەی كە دەبێ ئێمە هەڵوێستمان هەبێ لەسەری، سەبارەت بەوەی كە ڕاستە دەتوانین بڵێین مەسەلەی كۆبانێ، بەگژداچوونەوەی كۆبانێ یان هێزی یەپەگە، یەپەژە، لە خۆرئاوا ئەمە هێرشێكە لەلایەن داعشەوە كراوەتە سەر ئەم ناوچەیە، تەنها بۆ خۆرئاوا نییە، بۆ كۆبانێ نییە، بەڵكو ئەمە شەڕێكی نابەرامبەری هێزی تاریكە بەرامبەر بە هەموو هەرێمی كوردستان، دواتر بەرامبەر بە جیهانیش بەردەوامی ئەبێت، بۆیە گرینگە ئێمە یەك ڕێزی گەل لە بەرامبەر ئەمەیە، چونكە ناڕەواترین شەڕ هەیە ئێستا كە هیچ بەرامبەریەك نییە، كە بریتییە لەوەی گەورەترین هێز بەرامبەر بە تاریكترین عەقڵەوە، بەلاّم بە نوێ ترین چەك و هەموو ئەو پێداویستیانەوە ڕووبەڕووی هەرێمی كۆبانێ بوونەتەوە ئێستا و، پێشتریش لە شنگال و جەلەولا و لە شوێنەكانی تریش بە هەمان شێوە بوونیان هەیە، ئێمە كۆمەڵێك شت هەیە كە ئەویش پشتیوانی كۆبانی لە چەند ڕوویەكەوە كاریگەری هەیە، كە ئەویش وەك وتمان ئەوەیە ئەو هێزە بەرامبەریە پێویستی بەوە هەیە، كە یەك ڕیزی ئێمە ببێتە هۆی ئەوەی كە زیاتر گرینگی بدات بەوەی كە تا چەند بتوانین خزمەت بەو هێزە، یان خزمەت بە كۆبانێ بكەین، تا چەند بتوانین كە بە هەموو هێزەكانی باشوورەوە، بە یەك دەنگ ڕووبەڕوویان بوەستینەوە ، لە هەمان كاتدا دەتوانین بڵێین كاریگەریەكانی بۆ نموونە دەكرێ ئێمە ئەو بەرپرسیاریەتیەی، یەعنی كۆمەڵێك شت هەیە دەتوانین زیاتر گرینگی پێ بدەین وەكو پەرلەمانی كوردستان، ئەو بەرپرسیاریەتییەی سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم زیاد بكرێت كە هەیەتی، پەیوەندییەكان بخەنە گەڕ بۆ هاوكاری ڕاستەوخۆ بۆ كۆبانێ، لەبەرئەوەی كە سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان پەیوەندییەكی باشی هەیە لەڕووی دبلۆماسیەكانەوە لەگەڵ زۆرینەی ئەو ولاّتانەی تر كە هەیەتی، دەكرێت ئەو پەیوەندییانەی كە خزمەتی

ئەم دۆزە زۆرتر بکرێت، بەڕاستی من وەك زۆرێك لەو بەڕێزانیش وتویان دەبوو بەڕێزیان ئێستا ئامادە بوونایە، بۆ نموونە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ خۆی ڕاستەوخۆ زیاتر هەوڵی بدایە لەگەڵ ئەمەو، ئەو بەڕێزانەش ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان زۆرێك لەو بەڕێزانە ئامادەبوونایە، پێشنیار دەکەم کە قونسوڵیەتی تورکیا بخرێتە ژێر بەرپرسیاریەتی گەورەوە کە لە ئێستا لە باشوور هێزە کوردیەکان دەیپارێزن، ئەو قونسوڵیەتانەی کە وەك هێزێکی وەك دەوڵەتی تورکیا کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتەکەی خۆی چۆن مامەڵە لەگەڵ داعش، مامەڵە لەگەڵ کۆبانێ دەکات، ئەوەش ئاشکرایە کە لەکاتێکدا باشوور خوانی پەنجا ساڵەی بۆ تورکیا ئامادە کردووە، لە خزمەتی تورکیادا بووە، بەڵام دەکرێت زۆرێك لەو پەیوەندیانەمان بخەینە گەڕ، بۆئەوەی کە فشارێك بێ بۆ دەوڵەتی تورکیا، بتوانێ زیاتر لەو هەڵوێستانەی کەم بکاتەوە، کە دژ بە هەرێمی کوردستانن، پێشنیارێکی تر ئەوەیە کە ئەو ژوورە ئۆپەراسیۆنەی کە هەیە لەنێوان هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا، بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و پەیەدەو هێزەکانی خۆرئاوا چالاکییەکانیان زیاتر بکرێت، تا ڕادەیەکیش ڕوون بکرێتەوە لەلایەن وەزارەتەوە بۆ خەڵکی کوردستان کە ئەو پەیوەندییە چۆن کراوە، ئەو پەیوەندییە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، چۆن هەرێمی کوردستان دەوری هەبووە لە گەیاندنی ئەو پەیوەندییە، لەو تەنسیقەدا لە خزمەتی کۆبانێ دابێ، یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە هەیە ئەویش ئەوەیە لەم شەڕەدا هێزی یەپەژە، یەکینەکانی پاراستنی ژنان، کە ئەوان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کۆبانێ، بەتایبەتی بۆ نموونە دەیبینین کە ئەمە خاڵێکی گەورەیەو گەڕانەوەی شکۆی بەڕاستی ژنانی هەموو کوردستان، کەلەلایەن ژنانی ڕۆژئاواوە بینیمان، دەبینین نارین عفرین کە سەرکردایەتی هێزی کۆبانی دەکات، بەڵام بەداخەوە لەکاتێکدا هیوادارم ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بتوانین سوود لەوەوە وەربگرین، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە زەمەنێکی زۆرترە ئەزموونێکی زیاترمان هەیە، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە ئێمە دەبێ سوود لە کۆبانێ وەربگرین، ئەوەیە کە ڕێگا نادرێت تەنانەت لە هەرێمی کوردستان ڕێگا نادرێت لە کۆبوونەوەی پێنج حزبەکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەناوەند، تەنانەت ژنە میدیاکارێك بچێتە ناو کۆبوونەوەکەوە، لەبەرئەوە کە ژنە، لە هەمان کاتدا وەزیری ژنان لە عیراق پیاوێك وەری دەگرێت، لەبەرئەوە گرینگە ئێمە لە چەند ڕوویەکەوە لە کۆبانی بڕوانین و، سوودێکی زۆریان لێوەرگرین لەو ئەزموونە کەمەی کە هەیان بووە، لەو ڕوانگەیەوە ئەوە مێنتالەتی کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا بگۆڕدرێت، لە هەمان کاتدا من زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە مەفروزە هەمووومان خۆشحاڵ بین بەوەی کە ئێستا ئەوەی کە دەگوزەرێ ئەوەیە ئێمە هەرێمێکمان هەیە، بەڵام هەرێمێکی تر درك بە هەیبەتی ئەم هەرێمە دەکات، درك بە هەیبەتی پەرلەمانی کوردستان دەکات، داوا دەکات کە دان پێدانان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ کانتۆنەکانی خۆرئاوا بکرێت، بۆیە دەکرێ هەمووومان بەو ڕوحیەتەوە بتوانین لە خزمەتی کۆبانێ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ پەروا علی، هەر ئەوە بەبیر دەهێنینەوە بەڕاستی زۆر گرینگە کوردت و پوختـە، دووبـارە کـردن زۆری تێدایە، کاك برزۆ فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

بەرلەوەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرنج بدات لەسەر ئەوەی خۆمان لـە سـۆز و عاتیفـە بـەدوور بگرین، هەر وام دانابوو کە سۆزو لـە عاتیفـە بـەدوور بگـرین بـۆ ئـەو مەسـەلەیە، بۆئـەوەی شـتی واقیـع و عەمەلی بکەین، پێشم وایە مسەلەی ئینسانیەکەی لێ دەرچێت، لەگەڵ عەسکەریەکە بۆ کۆبانی، بۆ هـەموو شوێنەکانی تر، ئێمە لە وەقتی بـەدەل زایـەع نـین، بـۆ مەسـەلە سیاسـییەکە زیاترمـان لەبـەر دەسـتە، بۆیـە لەبەرئەوەی کە کۆبانێش پەیوەنـدی هـەر چـوار پارچـەکانی کوردسـتان لەگـەڵ یـەکتر و، کاریگـەری بـاش و خراپی هەر چوار پارچەکانی کوردستانی لەسەر یەکتر زینـدوو کردووەتـەوە بۆمـان، بۆیـە کـە قسـە لەسـەر کۆبانێ دەکەین کەسمان ناتوانین بە موجـەرەدی قسـە لەسـەر کۆبـانێ بکـەین، دەبـێ قسـە لەسـەر چـەندین جـەوانبی تـر بکـەین، لایـەنی تـر بکـەین، کـە پەیوەنـدی بـەوە هەیـە، لەبەرئـەوەی ڕای گشـتی لـە هـەرێمی کوردستان خراپ بەکارهێنراوە، بە باش و بـە خـراپ ئـیش لەسـەر ڕای گشـتی لـە هـەرێمی کوردسـتان کـرا، ئینتیما بۆ ئەو مەوزوعە و، ڕەئی عام بۆ ئەو مەوزوعە جۆرێك لە کـەلتوری بەخۆیـەوە بینـی، جۆرێـك لـە شـتی سـلبی بەخۆیـەوە بینـی، مـن لێـرە زۆر بـە سـەراحەت دەڵـێم پەرلـەمان تـەنها مەعبـەرێك نییـە، مەحەتەیـەك نییـە، چـونکە هـەرێمی کوردسـتان و ناوچـەکەش وایـە پێمـان وانـەبێ کۆبـانێ و شـنگال و تەشکیلی حکومەتی بەغداو، عیلاقاتمان لەگەڵ ئێران و تورکیاو چەندین شـتی تـر ئـەوە دوا قەزیەیـە دێ و دەڕوات، ئێمـە لەگـەڵ ئـەو قەزیانـە ڕاهـاتووین، بـەڵام تکایـە بـا پەرلـەمان تـەنها دەوری ئـەوە نـەبێ، تـەنها مەعبەرێك بێ، مەحەتەیەك بێ، قەزیەکان پێدا تێپەڕ بن، بە چاك بوون و بە چاك نەبوون، بۆیـە ئـەوەی ئـەمڕۆ ڕوودەدات دیسـان دەڵێمـەوە لـە غیـابی موئەسەسـاتە، ئێـوە بیننـە بەرچـاوی خۆتـان ئەگـەر لـەم مەسەلانە هەم ڕۆڵـی تورکیـا نـەك هـەژموونی تورکیـا، هـەم ڕۆڵـی ئێـران نـەك هـەژموونی ئێـران، هـەم بـۆ مەسەلەی عیراقیش وەکو ڕۆڵ نەك هەژموونەکە، ئەگەر موئەسەساتی دەوڵەتیمان هەبووایە کێشـەمان ئـاوا نەدەبوو، من بۆ خۆم زۆر قەناعەتم بەوەیە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش ئیشارەتی بـەوەدا کـە ئاسایشـی نەتەوەیی و ئەوانە، لە ساڵانی چلەکانەوە بگـرە تـاکو ڕاپـەڕین ئێسـتاشـی لەگـەڵ دابێـت، بـەڵێ بـە تەنگـەوە هـاتن هـەبووە، لەلایـەن ئـێران، لەلایـەن تورکیـاو ئەوانـە، بـەڵام تـەوزیف یـان ئیمتیـدادی ئـەم عیلاقاتانـە ئیمتیدادای سەلیم نـەبووە، هەمیشـە هـەرێمی کوردسـتان و حزبـەکانی هـەرێمی کوردسـتان لاعیبـی ڕەقـەم یەك، دوو، سـێ بوونـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێسـتا دەرفـەت بـووە، ئـەو دەرفەتـە نـاڵێم لـە دەسـت دراوە، دەبووایـە موئەسەسـاتی دەولی دروسـت بکـەین، ئەگـەر خۆشمـان بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان، بـە قـەرزاری ئـەم عیلاقاتانـە دادەنـێین، بـەڵام باشـترین حـەلی خـۆ دەربـاز کـردن دروسـتکردنی دەوڵەتـە، بـۆ نموونـە بـەبێ تەشـخیس حزبێـك لـە حزبـەکانی هـەرێمی کوردسـتان زیـاد لـە دەوڵـەتێك لـەو دەوڵەتانـە بـا بڵـێین وەکـو

فەریزەیەك نزیکە، جۆرێك لە ئیحراجی تێدایە، ئەمە کەی ئیحراج دەبێ لە غیابی موئەسەسەی دەوڵەتی، بەلاّم ئەگەر موئەسەسەیەکی دەوڵەتی هەبێ بۆ عیلاقات، بۆ مەسائیلی شەڕ، بۆ مەسائیلی موخابەراتی، بۆ مەسائیلی هەوالگری سەربازی، ئەوکاتە حزبەکەش دەڵێت کاکە ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئێستا من ڕۆڵ ناگێڕم، موئەسەسە هەیە لە دەوڵەت، ئەو ڕۆڵەکان دەگێڕێت، بۆیە کە وتم لە وەختی بەدەل زایەع نین مەبەستم ئەوەیە کە غیابی موئەسەساتە، بۆ کۆبانێ، بۆ شەنگال و بۆ هەموو ئەوانە ئێستا ناوی سەرۆکی کۆماری عیراق هێنرا، ناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێنرا، ناوی دەسەلاّتی جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان هێنرا، ناوی پەرلەمانی کوردستان هێنرا، من پێم وایە بەشی ئەوەندەش تاقەتی بەشەریمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، لە غیابی ئەو موئەسەساتانە و بۆئەوەی خۆشمان لە موزایەدە، لە ئیحراجی لە کەرت کردنی جادەی کوردی بپارێزین، من بۆ خۆم پێشنیاردەکەم لیژنەیەکی سەریع لەو شەخسیاتانەی ناومان هێنا، کە شەخسیاتی رەسمین، فیگەری رەسمین لە عیراق و لە هەرێمی کوردستان، وەکو شەخسیەی کوردی تێدا لیژنەیەکی سەریع پێك بهێندرێت، لەڕووی ئەمنی قەومی، لەڕووی موخابەراتی، لەڕووی سیاسی، تەنانەت لەڕووی ئیداری و مالیەوە، دەکرێت زوو لەو مەسەلەیە بکۆڵنەوە، جانبی عەسکەری، جانبی ئینسانی لێ دەرچێت کە دەبێ پەلەی تێدا بکەین، بۆ مەسەلە سیاسییەکە، چونکە پێم وابێ ئەوە تەبەعاتی دەبێ، باشترین فرسەت لێرە بۆ ئێمە ئەوەیە، من لەوەیان زۆر راشکاوانە قسەی دەکەم، شەنسێکمان هەیە وەکو ئەوە کانتۆنەکانی کۆبانێ داوەت دەکرێن و دێن یان نایەن نازانم، کە دەڵێن دێن هیوادارین بێن، دەمانەوێ لە زاری خۆیان گوێمان لێ بێ، تا ئێستا ئەوان لەوانەیە تۆزێ جورئەتی بوێت ئەو قسەیە، ئایا موعادەلە سیاسیەکانی نیو سوریا، ئەو سوریایەی کە تا ئێستا نەرووخاوە، یان نەرووخێنراوە، ئایا لە ئیمتیدادی ئەو سوریایەدا ئێمە لەگەڵ سوریایەکی تازە تەعامول دەکەین یان ئەو رژێمەی ئێستا هەیە لەسەر حوکم، بۆیە چۆن دەبێ یەعنی ئیدارەکان، ئیدارەی کوردی یاخود هەتا عەلەویەکانی پشتی ئەسەد لەولاوە، یاخود وەسەتی سوریا چۆن دەبێ؟، بۆیە پێم وابێ عەقلمەندی سیاسی لەوە جگە لە ئیش کردنی تەواو بۆ مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، کە واجبە لەسەر هەموومان بکەین بە ئیعتراف کردنیش بە کانتۆنەکانیش تەنانەت ئەگەر داوای سەربەخۆشیان کرد، بەلاّم دوای گوێ گرتن لە خۆیان، خاریتەی ئێستا و خاریتەی داهاتووی دەسەلاّتی سوری حیسابی بۆ بکرێ، شتێکی تر دەڵێم نموونە لەسەر گۆڕان دەهێنمەوە کە خۆم گۆڕانم، لە خولی پێشوو بزووتنەوەی گۆڕان ئۆپۆزسیۆن بوو، تەبعی ئۆپۆزسیۆن وایە قسە دەکات، قسە لەسەر موئەسەساتی رەسمی دەکات، قسە لەسەر دەسەلاّت دەکات، رەخنە دەگرێت، ئەگەر هەندێجار (لە سووچێك لە سووچەکاندا زیاد لەخۆشی گەورە بکرێت، بەلاّم تەبیعیە، چونکە موعارەزەیە)، کە دێتە ناو دەسەلاّت لە هەموو ولاّت و هەرێمێك ئاوایە، ئەگەر موعارەزەیەکی جدی بوو، ئەگەر موعارەزەیەکی سەلیم بوو بێ، کە هاتە ناو دەسەلاّتەوە، کە ئەوەی پارو پێرار و لە خولی پێشوو، لە خولەکانی تر ئەوەی ئەو رەخنانەی دەگرت دێت لە حوکمڕانیدا بە عەمەلی دەیکات، ئەگەر نەیکات یان دەتوانی سەحب بکاتەوە یان بەجێی

دەیەڵێ، یاخود بتوانێ قەناعەت بە جەماوەر بهێنێت، من بۆ خۆم جا حزبەکەی مـن بـێ یـان حزبێکـی تـر بێ، ئێستا ناشێ غەریبە، نامەنتقیە، تۆ لەدەسەڵات بێ، لە موئەسەسەیەك بێ لە موئەسەساتەکانی هەرێمی کوردسـتان بـێ لـەو موئەسەسـەیە بـدەی، کـێ موعـارەز دەبـێ لەسـەر دەسـەڵات، بـەڵام غەریبـە، یـەعنی نامەنتقیە خۆت لە موئەسەسـەیەك لـە موئەسەسـاتەکانی هـەرێمی کوردسـتان، لـە ئـیعلام بـە رەسمـی، بـە نـارەسمی، بـە ئاشـکرا، بـەنهێنی لـە موئەسەسـاتەکان بـدەی، ئـەی بـۆ هاتیـە دەسـەڵات ئەگـەر دەتـەوێ دەسەڵاتەکەت تێك شکێنراو بێ هەیبەت بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەرکیز لەسەر کۆبانێ بکە.

**بەڕێز برزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

کۆبانێ زۆرباسم کرد، لە غیابی موئەسەساتی دەوڵەتی کە نیمانە، با لیژنەیەکی سەریع پێك بێت، بۆئەوەی بە ئاشکرا هەرچی خواست، کانتۆنەکان چییان داوا کرد لە خزمەتیان دابین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

خاڵێکی نیزامیمان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

بـەو ئیعتیبـارەی قسـەیەك کـە پەرلـەمانتاران لێـرەوە دەیکـەن دەچـێتە پرۆتۆکۆلـەوە، دۆکیـومێنتێکی مێژووییە، بۆئـەوەی زانیـاری هەڵـە لێـرەوە تۆمـار نـەکرێت بـۆ مێـژوو، خـاتوو پـەروا باسـی لـەوە کـرد کـە وەزارەتـی ژنـان لـە بەغـدا دراوە بـە پیاوێـك، ئەمـە زانیاریـەکی هەڵەیـە، چـونکە هـەموومان دەزانـین ئـەو وەزارەتە بەر یەکگرتووی ئیسلامی کەوتووە، با بۆ مێژوو ئەو هەڵەیە نەڕوات و، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ڕوونکردنەوە پەسەندە، کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

پێشەکی سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کۆبانێ و قەرەتەپەو سەرجەم شەهیدانی سەرتاسەری کوردستان دادەنوێنم، لێرەوە سلاّو ڕێز و خۆشەویستی بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان و شەرڤانەکانی یەپەگەو یەپەژە لە کۆبانێ، دیارە هەر لە سەرەتای گفتوگۆکەوە تا ئێستا هەموومان کۆك بووین لەسەر یەك ڕێزی، یەك دەنگی، بەلاّم من تەماننا دەکەم، کە ئەو یەك ڕێزی و یەك دەنگیە بنەمایەکی واقیعی و مەوزوعی هەبێ، نەك ئەوەی تەنها لەناو هۆڵی پەرلەمان و لە چوارچێوەی ئەوە دابێ، دیارە هەموو لایەك ئە وە دەزانین کە ئەمڕۆ ناوچەکە لەبەردەم ڕووداو گەلێکی سیاسی و ئەمنی و تەنانەت دیموکراسی چارەنووسسازدا هەیە، ئێمەش وەکو میللەتی کورد عونصرێکی ئەساسین لەو مەعادەلەی گۆڕانکارییانە، کە ئێمە ی لە بەردەم هەم دەرفەت، هەم مەترسیدا داناوە، قۆستنەوەی دەرفەتەکە بەوەی کە بتوانین یەك ڕیزی هەڵوێستی سیاسیمان بپارێزین، مەترسییەکەش لەوەدایە کە ئەم کەیسە بە موزایەدەی سیاسی و بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بە کار بێنین، کە دیارە لێرەدا بەدی نەکردنی ئەو یەك ڕیزییە هەست بە بۆشاییەك دەکەین کە ئەوەی دروست کردووە، هۆکاری بۆشاییەکە ئەوەیە، کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا خاوەنی ستراتیجێکی نەتەوەیی یەکگرتوو نین، ئەوەی کە لە ناوچەکەدا دابەش بووە پێویستە ئێمە زۆر صەریح خاڵ بخەینە سەر وشەکان، دوو هەژموونی سەرەکی، کە هەژموونی شیعەگەرایی و هەژموونی سوننەگەرایی لەم هاوکێشانەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، ئێمە لەم نێوانەدا کاتێ کە خاوەنی ستراتیژی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆمان نین، دیارە دەکەوینە ژێر هەژموونی یەکێك لەم دوو ئاراستەیەوە، ڕووداوکانی ئەم دواییەش هەموو پەیوەندییەکانی پێشووی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە ئێمە پێویستە، من داوا لە هەر سێ سەرۆکایەتییەکە دەکەم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت، سەرۆکایەتی هەرێم، کە بە هەماهەنگی بتوانن داڕێژەری ستراتیژی نەتەوەیی بن، کە لەم ساتەدا بتوانن بە هەموو ئەو پەیوەندییانەدا بچنەوە بە شێوەیەکی تەندروست، لە خزمەت ستراتیژی نەتەوەییدا ئەو پەیوەندییانە دابڕێژرێتەوە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، ئێمە ئێستا دوو خاڵی سەرەکی کە پێویستە قسەی لەسەر بکەین و مەبەستی کۆبوونەوەکەش بۆ ئەوە بووە، کە خاڵێك لەوانە دان پێدانانی کانتۆنەکانی کۆبانێ لە خۆرئاوا، خاڵێکی تر/ چۆنییەتی هاوکاریکردنی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە و براکانمانە لە کۆبانێ، دیارە پێش هەموو شتێك باشترین هاوکاری بۆ هاونیشتمانیانمان لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لە کۆبانێ پاراستنی یەك ڕیزی لایەنە سیاسییەکانە لە هەرێمی کوردستان، چونکە بە دڵنیاییەوە هەر کێشە و ململانێیەك و، بەکارهێنانی ئەو کەیسە بۆ موزایەدەی سیاسی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی کاریگەرییەکی سلبی لەسەر ئەوێ دەبێ، بە تایبەتی لەسەر مەعنەویاتی هێزەکانمان لەوێ، بۆیە پێویستە زۆر بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەمە بکەین، زۆر صەریح، یەکێك لە هاوکارییەکانی تر ئەوەیە هەموو جۆرە مامەڵە و بازرگانییەك لەگەڵ داعش قەدەغە بکرێ، سنوورەکانمان ئەوەندە توند بگیرێن، نەهێڵین بازرگانیان لەگەڵ دا بکرێ، چونکە بازرگانی کردن لەگەڵ داعش، هاوکاری کردنیانە، بە دژایەتی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە دەشکێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە بۆ داننان بە

کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، هەمان پێشنیاری هاوکارانی ترم هەیە کە لیژنەیەکی تایبەت لەو بارەیەوە پێك بێ، ئەو لیژنەیە تاوتوێی تەواوی لایەنە دەستووری و قانونی و نیشتمانی و نەتەوەییەکانی بکات، بیکاتە ڕاپۆرتێك و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکات، تا بتوانین ئێمە لەو بارەیەوە بە بڕیارێك دەربچین، بەڕاستی من دیسان ئەوە دووبارە دەکەمەوە، ئەوەی کە لێرە باس لە یەك ڕیزی لایەنەکان دەکرێ، باس لە یەك وتاری دەکرێ، ئومێد دەکەم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بە هەمان شێوە هەستی پێ بکرێ، کارەساتە تۆ دەزگایەك خۆت لە ناو دەزگاکەدا کار بکەی، تۆمەتباری بکەی و بیکەیە قەفەصی ئیتیهام، بەوەی کە ڕێگرە لە هاوکاریکردنی کۆبانێ، وێنەیەك لە ناو خەڵك دروست بکەی، لە مێشکی خەڵك دا دروست بکەی کە دوو کلیل لە گیرفانی سەرۆکایەتی دایە، کە یەکێیان کلیلی جبەخانەکەیەتی دایخستووە، ئەوەی تریان کلیلی ئەو دەروازەیە کە ئێمە لێی دەگەینە کۆبانێ و ناهێڵێ ئێمە هاوکاری کۆبانێ بکەین، بەم شێوەیە هاوکاری کۆبانێ ناکرێ، ئەوە لە هاوکاری کۆبانێ دوورمان دەخاتەوە، چونکە ئەمڕۆ ئێمە هەموومان، زۆربەی هاووڵاتیان زۆر لەوە وشیارترن و نەخشەی کۆبانێمان لەبەرچاوە، ڕێگەکانی هاوکاری کۆبانێ زۆر مەعلوم دیارە، ئێمە دەکرێ لەو پێناوەدا ئەوەیە کە جەخت و فشارە دبلۆماسییەکانمان زیاتر بکەین لەسەر دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژە تیرۆر، بەوەی کە کانتۆنەکانی کۆبانێ وەکو لایەنێك بە ڕەسمی لە بەرەی دژە تیرۆردا بناسرێ، ئەوە یەکێکە لە هاوکارییەکان، هاوکارییەکی تر/ فشار خستنە سەر تورکیایە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەروازەیە بکەینەوە، هاوکاری مرۆیی و سەربازیانەیان پێ بگەیەنین، لە کۆتایی دا پشتگیری لە ئەو چەند پێشنیارەی هاوکارم کاك ڕابوون دەکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان (٤٢) ئەندامی تری پەرلەمان ماون کە دەیانەوێ قسە بکەن، زۆربەی قسەکان بەڕاستی کران، خۆشبەختانە زۆربەی قسەکان لەلایەن نوێنەرانی ئێوە لە فراکسیۆنە جیاوازەکانەوە کران، بۆیە داواتان لێ دەکەین تۆزێك کورتی بکەنەوە، نەك تۆزێك، زۆر کورتی بکەنەوە، پێم وابێت هەموو بابەتەکان گەیشتن، چ لە ڕووی مرۆیی، چ لە ڕووی مەسەلەی دان پێدانان و هاوکاری سیاسی، چ لە ڕووی سەربازی، بۆیە تکایە بە کورتی بابەتەکان باس بکەن، ئەگەر نا، ناچارین پاش ماوەیەك کۆبوونەوەکەمان تەئجیل بکەین بۆ بەیانی، کە ئەوەش شتێکی باش نییە بەڕاستی، خاتوو بێگەرد دڵشاد، فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من بەر لە هەموو شتێك بە پێویستی دەزانم سوپاسی یەکە بە یەکەی پێشمەرگەکانمان لە بەرەکانی جەنگ، شەڕڤانان لە کۆبانێ، هەموو ئەو تێکۆشەرە ژنە قارەمانانە کە ئێستا بوونەتە سیمبولێکی گەورە لە هەموو نێوەندەکانی جیهان بکەم، کە تەعبیر لە بەرخودانێکی گەورە و

ئازایەتی و نەبەردی ژن دەکەن، سوپاسیان بکەین، هیچیشمان ئەوەمان بیر نەچێ، بەرخودان و ڕۆڵی ئەوانە و پارێزگاریکردنی ئەوانە لە سنوورەکانمان، لە نەتەوەکەمان کە ئەمڕۆ لێرەدا لە ئەمن و ئاسایشێکی پارێزراودا دانیشتووین، ئەرکی خۆمان جێبەجێ دەکەین، ڕۆڵی خۆمان دەبینین بۆ سەرخستنی خواستی نەتەوەکەمان، لێرەشەوە دەمەوێ دووبارە سوپاسی هەموو هاونیشتمانیانی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بکەم، چونکە بەڕاستی ناکرێ ئێمە ڕۆڵیان نادیدە بگرین، لەم کارەساتە گەورەی کە بەسەر گەلی خۆرئاوامان دا هات، لە ڕۆژهەڵات، لە باکوور، لە باشوور، لە خۆرئاوا ڕۆڵێکی بەرچاو گێڕدرا، بە خۆپیشاندان و مانگرتن و بە ئاگادار کردنەوەی نێوەندە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەوەی کە لەسەر گەلی خۆرئاوامان بێنە دەنگ، پاڵپشتی کۆبانێ بکەن، لێرەشەوە سەری ڕێز بۆ شەهیدەکانمان دادەنوێنم و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکانمان دەخوازم، دیارە ئێمە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان نەتەوەکەمان لە ژێر گوشارێکی گەورەی هەرێمی و نێودەوڵەتیش دایە، بۆیە سیاسەتی نێوەندە فەرمییەکان دەبێت لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەکەمان بێت، لەمڕۆشەوە پێویستە ئەوە بزانین کە ڕاگرتنی تەوازوون لە نێوان وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان زۆر زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، هەمووشمان کە لێرە دانیشتووین درکی ئەوە دەکەین و ناشبێت هیچ یەکێکمان موزایەدەی پێوە بکەین، ناشکرێت قورسایی هیچ یەکێك لەو وڵاتانەی کە ئەمڕۆ دراوسێمانن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، قورساییان نادیدە بگیرێ، ئێمە لە ڕاستی دا، من تەئکید دەکەمەوە، هاوکاری مرۆیی و بە تەنگەوە چوونی ئاوارەکان لە ئێستادا زۆر زۆر گرنگە، من پێموایە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەمڕووەوە هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەکردووە، چونکە جگە لەوەی ئێمە بۆ خۆمان ئێستا لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەستەو یەخەداین لەگەڵ ئەو هێزە تیرۆریستییەی کە هەڵیکوتاوەتە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، پێشوازیمان لە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئاوارەکان کردووە، چ لەو سنوورانەی کە کەوتوونەتە ناوچە جێ ناکۆکەکان، یاخود کەوتوونەتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئێستا بە هۆی شەڕی داعشەوە هاتوونەتە هەرێم، چ ئەو نەتەوانەی تر کە لە ناوەڕاستی عیراقەوە بە هۆی ئەم شەڕەوە ئاوارە بوون و هاتوونەتە هەرێم، بۆیە من پێموایە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی بەرپرسیاریەتییەوە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە، هەر ئێستا نزیکەی شەش سەد و پەنجا کەس ئەوە بەڕێگاوەن بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی، لە کەمپی باریکە جێگە و ڕێگەی تایبەتیان بۆ ئامادە کراوە، سبەینێش چەندین کاروانی تر لە تورکیاوە دەگەنە سنووری پارێزگای سلێمانی لە ئاوارەکانی کۆبانێ، لەبەر ئەوە لە پێشوازی کردنی خەڵکی شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە ئاوارەکان، نە خەڵك و هاونیشتیمانیانی کوردستان کەمتەرخەمیان کردووە، نە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کەمتەرخەمییەکی ئەوتۆی کردووە، بەڵام دەبێت ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە بەرز دەینرخێنین، پێویستە زیاتر بکرێت و جددی تر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە ئێرە کە ماڵی خۆیانە زیاتر هەست بە ئاسوودەیی بکەن، بشتوانین جێگە و

ڕێگەیان بۆ ئایندەیەکی نزیك کە ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورەتری دووبارە سەرما و سۆڵەی زستان دەبینەوە باشتر دابین بکەین، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان گرنگە لە ئێستادا ڕۆڵێکی گەورە بگێڕین بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە گرێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانمان، لەگەڵ قونسوڵگەرییەکان، لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان، لە گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەمان و پەیداکردنی کۆمەکی مرۆیی و کۆمەکی سەربازی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە من دەڵێم هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چ لە باشوور بێ، چ لە خۆرئاوا، هەمووومان یەکین، گرنگە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بە هەر بڕیارێك دەگات، بە ئاقارێك دابێ کە خزمەتی بەرژەوەندیە گشتییەکان و یەکڕیزی و کۆکەرەوەی بۆچوونە جیاوازەکان بێ، چونکە دڵنیام زۆرن ئەوانەی لە دڵسۆزی و پشتیوانیمان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان، هەڵوێستیش وەردەگرین و بۆچوونی خۆشمان دەڵێین، بۆیە ئەم دانیشتنەی پەرلەمان لە دوای چەندین جەدەل و بۆچوونی جیاواز ئەوەندە گرنگی هەیە کە هەموو کورد چاوەڕێی دوا هەڵوێستمان دەکات، سەبارەت بە کۆبانێش هەڵوێستی یەکلاکەرەوەی ئێمەی پەرلەمان و پەرلەمانتاران زۆر زۆر گرنگە، من دەمەوێ لێرەدا پشتیوانی لە قسەی بەشێك لە هەڤاڵەکانم بکەم، قسەکانی کاك دلێر ماوەتی، بۆچوونی کاك د.شێرکۆ حەمە أمین، کاك گۆرانی هاوڕێم، لەسەر بەفەرمی ناساندنی کانتۆنەکان، یاخود خۆبەڕێوەبەرییەتی خۆرئاوا، هەرچەندە لەسەر ئەم بابەتە کۆمەڵێك بۆچوونی جیاواز هەبوو، چ یاساییەکانمان، چ بۆچوونە جیاوازەکان لە نێوان پەرلەمانتاران دا، بەڵام ئەگەر ئەم پرسە پرسێکی نەتەوەیی بێ، ئەم پرسە هەمووومان دەزانین گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چ بۆ خۆرئاوای کوردستان کە نەتەوەکەمان ئێستا لە بەرخودانێکی گەورەدان، بۆ ئێمەی هەرێمی کوردستانیش کە لە باشووری کوردستان وەك دەزانین ڕاستە شەڕی داعش مەترسییەکی گەورە بوو، بەڵام یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوە بوو کە سنووری لە نێوان پارچەکانی کوردستان و بەرخودانی نەتەوەی کورد لە نێوان پارچەکان دا نەهێشت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئێمە لەگەڵ بە فەرمی ناساندنی ئەم کانتۆنانە، کاری جددی بکەین لەسەر ئەگەر پەیوەندی بە سیادەی عیراقیشەوە هەبێ، لەسەر ئاستی عیراق لە ڕێگەی نوێنەرەکانی خۆمان، بە تایبەتی سەرۆکایەتی کۆمار، وەك برای بەڕێزم کاك ئومێد خۆشناو وتی، ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێ، چونکە دڵنیام کەسایەتی سەرۆك کۆمار لەسەر ئاستی عیراقیش دا دەتوانێ قەناعەتێکی گەورە لە ناو هێزە عیراقییەکان بۆ پشتیوانی کردنی ئەو خواستەی نەتەوەکەمان کۆ بکاتەوە، لەسەر بە فەرمی ناساندن و کردنەوەی مەرزی سمێلکا، لە ڕاستی دا قسە زۆر دەکرێ، من بە باشی دەزانم لەبەر ئەوەی ئەم مەرزە مەرزێکی گرنگە، بە فەرمی ناساندنی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لەبەر چەند خاڵێك، مامەڵەی فەرمی لەو مەرزەوە گرنگن، هەمووومان باش دەزانین هەموو ئەو حاڵەتی قاچاغچییەتی کە لەو مەرزەدا دەکرێ بە نایاسایی، یەکەم/ ئەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ کۆتایی پێ هێنانی ئەم حاڵەتە، دووەم/ لە ڕووی بازرگانی و ئیقتیصادیشەوە لەوانەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێ بە شێوازە یاساییەکەی، دەرفەتێکیش دەبێ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەموو ئەو کۆمەك و هاوکاری و هەماهەنگییانەی کە

دەمانـەوێ لەگـەڵ گـەلی خۆمـان لـە خۆرئـاوادا بیکـەین، بـە ئامـانجی بگەیـەنین، ئومێـدی سـەرکەوتن بـۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی شەڕدا، ئومێدی سـەرکەوتن بـۆ کۆبـانێ، دڵنیـاین نـە کۆبـانێ دەکەوێ، نە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە هەمبەر نەیارەکانمانـدا چۆك دادەدا، سـەرکەوتن بـۆ گـەلی کوردە، ئومێدیش دەکەین هەموومان بە تەبایی و یەکڕیزی بتوانین دوور لە هـەموو جـۆرە موزایـەدە و دڵ ڕەنجانێك لەگەڵ یەکتریدا بگەینە بڕیارێك، کـە خزمـەتی بەرژەوەندییـە گشـتییەکانی نەتەوەکـەمان بکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئاواز حمید.

**بەڕێز ئاواز حمید ئەفەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبۆچوونی من ئەوەی گرنگ و کاریگەرە بۆ یارمەتیدانی کۆبانێ، یەك/ ناردنی یارمـەتی لـە ڕووی مرۆیـی بۆ کۆبانێ و ئاوارەکان لـە بـاکووری کوردسـتان، کـە تەندروسـتی و خـواردن و پێداویسـتی ژیـان دەگرێتـەوە، دوو/ هەست بە بەرپرسیاریەتی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو دۆخە دوور لە هەموو ناکۆکی سیاسـی و حیزبـی، سـێ/ جـەخت بخەینـە سـەر کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی بـۆ یارمـەتی چـڕتری سـەربازی و چـەك و پێداویسـتی شـەڕ بـۆ شـەڕوانانی کۆبـانێ، چـوار/ داوا لـە وڵاتـی تورکیـا بکرێـت سـنوورەکەی واڵا بکـات بـۆ گەیاندنی هەموو جۆرە یارمەتییەك بۆ کۆبانێ و ڕۆژئاوای کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەستخۆشیم بۆ شاندەکە و ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادەیان کردووە، هەروەها نرخاندنی ئەو شـێوازەی کـە پەرلەمانی کوردستان شاندەکەی ناردووە، کە سەرجەم فراکسیۆنەکانی تیا بووە، کە ئەوە خۆی بۆ خۆی ئەو ئیعتیبـارە سیاسـی و مەعنەوییـە دەگەیـەنێت کـە نوێنـەرانی خـەڵك لـە هـەرێمی کوردسـتان کـە سـەرجەم فراکسیۆنەکانن، نوێنەری خەڵکی کوردستانن، هەموویان پێکەوە پشتگیری کۆبـانی دەکـەن، ئـەوەی دەمـەوێ لەسەر ڕاپۆرتەکە بیڵێم، هەر لەوەی کە دەڵـێ/ ئـەوەی کـە پێویسـتە ئـەنجام بـدرێ بـۆ بـە دەمـەوە چـوونی کۆبانی، ئەوەی کە پێویستە ئایا کـێ ئـەنجامی بـدات؟ چونکە ئـەوە کـە تیایـەتی ئـەرکی پەرلـەمانی تیایـە، ئەرکی جیبهەی تەنفیزی تیایە، ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تیایە، کەواتە قوەی ئیلزامی ئەم خاڵانە، ئەو داواکارییانە چی ئەبێت؟ ئەگەر بە بڕیارە ئەوە دەبێتـە قوەیـەکی ئیلزامـی کـە دەبـێ جێبـەجێ بکـرێ، کـە هەندێکی پێموایە ئێمە ناتوانین ئەو بڕیـارە دەرکـەین کـە بیکەینـە ئیلـزام، بـۆ نموونـە/ مەسـەلەن لەسـەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتـوانێ ئـەو قـوە ئیلزامییـەی هـەبێ؟ بۆیـە کەواتـە

ئەوە جیا کردنەوەیەکی دەوێت، لەڕووی ئەوەی کە ئایا ڕاسپاردە بێت، یاخود بڕیار بێت، یاخود پێشنیار بێت بۆ جیهەی تەنفیزی، ئەو شتانەی کە وترا زۆر شتی جوان وترا، پشتگیری لێ دەکەم، بەلآم تەنها خاڵێك کە دەمەوێ وەکو ئیزافە بۆ ئەم خاڵانە بکرێت، کە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوە مرۆیی و خێرخوازییەکان لێرە ونە، کە ئێمە فەرمانگەی ڕێکخراوەکانمان هەیە بە فەرمی پەرلەمانی کوردستان چاودێری دەکات، بۆیە دەبێ ڕۆڵی ئەوانیش بخرێتە ئەو ڕاپۆرتەوە، کە ئەزانین ڕۆڵی کاریگەریشیان هەبووە لەسەر ئەو ڕێکخراوانە، لە ڕووی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارەکانی سەرجەم شوێنەکان و بۆ کۆبانێ، بۆیە وەکو خاڵێك ئیزافە بکرێت پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالله حاجی محمود.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، کە زۆر مەسەلەی ورووژاند، بەتایبەتی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە کوردستانی ڕۆژئاوا کە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، منیش تەئکید لەوە دەکەمەوە کە وای دەبینم، لە دوای ئەوەی بە بڕیارێك ئەو لیژنە بەڕێزەی بەڕێ کەوتن بۆ کۆبانێ، لە دوای تەقدیم کردن و خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەیان، دیارە جهودی زۆریان سەرف کردووە بۆ ئەوەی بتوانن لە نزیکەوە کە من تەمەنام دەکرد بیانتوانیایە زیاتر بچنە ناو کۆبانێ و لەگەڵ خەڵکی کۆبانێ گفتوگۆی زیاتر بکەن، بۆ ئەوەی داخوازی و هەڵسەنگاندنی زیاتریان هەبوایە، بۆ ئەوەی زیاتر لێرە لە گیروگرفتەکانیان بکۆڵرایەتەوە، بەلآم ئەوەی لە توانا و تاقەتی ئەوان دا بوو ئەوەندە دەکرا کە ئەوان کردیان، جێگەی خۆیەتی دەستخۆشیان لێ بکەین، ماندوو بوون و تا ڕادەیەك خۆبەخشینێکی تێدا بوو لەلایەن ئەو لیژنە بەڕێزەوە، بەڕێزان بە بۆچوونی من کەوتن و نەکەوتنی کۆبانێ مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەگەر کۆبانێ بەو شێوازەی ئێستا بمێنێتەوە، یان بە شێوازێك بە بۆچوونی من کۆمەڵێك گۆڕانکاری نوێ بەدوای خۆیدا دەهێنێ، هەرچەندە من وای دەبینم لە دوای ئەو هەوڵە چڕوپڕە دیبلۆماسی و سیاسییە لە هەرێمی کوردستان لە پاڵ بەرگری قارەمانانەی هەم هێزە شۆڕشگێڕەکان لە کۆبانێ، هەم بە ڕەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان بە درێژایی ئەو سنوورەی کە زۆربەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسیان کرد، من وای دەبینم کە کۆبانێ پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، مایەی دڵخۆشی یە بۆ گەلی کوردستان، بەتایبەتی هەوڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی و دەزگا ڕەسمییەکانی هەم سەرۆکایەتی هەرێم، هەم پەرلەمان، هەم حکومەت، کە بە بۆچوونی من هەوڵی زۆر دراوە لە پشتی ڕاگەیاندنی ڕەسمی، بۆ ئەوەی پشتیوانی لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی گەلی کوردستان بکرێ، هەڵبەتە لای هەموومان ڕوونە ئەگەر کۆبانێ یان کانتۆنەکان کورد نەبوایەن، یان کوردستانی نەبوایەن، بە بۆچوونی من ئەوەندە

گفتوگۆیـان لەسـەر نـەدەکرا، ئێمـە لـە هـەرێمی کوردسـتان مـن وای دەبیـنم، مـن بـەش بـە حـاڵی خـۆم پەرلەمانتاری پەرلـەمانی کوردسـتانی عیراقـم، ئێمـە پێویسـتە پشـتیوانی و پشـتگیری لـە داوا و داخوازییـە ڕەواکانی گەلی کوردستان بکەین لە هەر جێگەیەك، بەو پێیەی، بەو ئاراسـتەیەی کـە خۆیـان داوای دەکـەن، ئێمە پشتگیری و پشتیوانی لە داوا ڕەواکانیان دەکەین، چونکە ئێمـە بـە درێـژایی سـنوورێکی دوور و درێـژ سنوورمان لەگەڵ هێزێکە لە ناکاو هەڵتلۆقی لەو ناوچەیە، هێزێکی تیرۆریستی، کـە لـە فـەترەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا سەر و ماڵی هاووڵاتیانی کوردستانیان حەلال کرد، لەبـەر ئـەوە بـە بۆچـوونی مـن دەبێـت هەوڵـە دیبلۆماسییەکان زیاتر بخرێتە گەڕ، پێویستە ڕۆڵـی وڵاتـانی ناوچـەکەش لەبەرچاو بگیرێـت، لـە یەکـەم ڕۆژ جمهوریەی ئیسلامی ئێران ئیعلانی کرد کە دژی داعشـە، پشـتیوانی لـە گـەلی کوردسـتان دەکات، تورکیـاش خۆمان دەزانین لینکی پەیەدە چییە؟ لـە کوێـوە سەرچـاوەی گرتـووە؟ تورکیـا دژایـەتی پرۆسـەی سیاسـی و دیموکراسی لە کۆبانێ نەکات، گەورەترین سەرکەوتنە بۆ پرۆسەی سیاسی هەم لـە کانتۆنـەکانی کوردسـتانی ڕۆژئـاوا، هـەم بـۆ پشـتگیری تـەواوی گـەلی کوردسـتان، ئێمـە دەبـێ ئەوانـە لەبـەر چـاو بگـرین کـە نوێنەرایەتیشمان هەیە لە ئەو وڵاتانە، پێویستە وا مامەڵە بکەین کە دوژمنی زیاتر بۆ ئـەو پرۆسـەیە زیـاد نەکەین، چونکە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەك ماویەتی بەو ئاراستەیەی کە ئێمـە بـە نـاوی دەوڵـەت و دەوڵەتـداری گفتوگـۆی لەسـەر بکـەین، بتـوانین پـەیام بـدەین، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە ئێمـە بتوانین پشتیوانی و پشتگیری لە هاووڵاتیانی گەلی کوردستان بکەین لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێ، بەو ئاراستەیەی، بەو شێوازەی کە خۆیان داوای دەکەن، خۆیان پێشنیاری دەکەن، هاتنی (صالح موسلم) بەڕاستی بە بۆچوونی من دەرگایەکی نوێیە لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لـە ناوچـەکە، زۆر وڵاتـی تـریش دێنـە سەر خەت، دەبێ ئەو هەوڵە سیاسـییانە بـەردەوام بـێ، بـۆ ئـەوەی ئـەو پرۆسـەیە بـەرەو پـێش بـڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو نجیبە لطیف.

**بەڕێز نجیبە لطیف أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای دەستخۆشـیم بـۆ شـاندی نوێنـەرانی پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ سـەردانەکەیان، بـۆ ئامـادەکردنی ڕاپۆرتەکـەیان، مـن پشـتیوانی ئـەو پێشـنیارانە دەکـەم کـە لـە ڕاپۆرتەکـەی بـەڕێزیان دا هـاتووە، زۆر لـە قسەکانیش کرا، نامەوێ دووبارەیان بکەمەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم/ خۆشبەختانە هەمووومان کۆکین لەسەر

ئەوەی کۆبانێ پارچەیەکە لە کوردستان، هەرچی بۆ بکرێت بۆ ڕزگار کردنی هێشتا کەمە، تا ئەوەی کە بەسەر شنگال هات دووبارە نەبێتەوە، بەڵام ناکرێ بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش کە لە هەموو لایەکەوە تووشی جۆرەها قەیران بووە، یاخود ناکرێ قسە کردن لەسەر کۆبانێ وا بکات بێ ڕێزی بە دەسەڵاتە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێ، لە کاتێك دا لە هەموو پارچەکانی هەرێمی کوردستان تەنها باشووری کوردستانە کە کورد کەمێك هیوای پێی هەبێ، وەکو دەسەڵاتی کورد، بەڵام بەداخەوە دەبینین لەلایەن نوخبەی ئەو هەرێمەوە بێڕێزی بەرامبەر بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێ، چ جای خەڵکی بە گشتی، ڕۆژنامەنووسێك نووسیویەتی ئایا چ جیاوازییەك لە نێوان پەرلەمانەکەی من و گەوڕی مانگا هەیە؟ ئایا ئەوە بێڕێزی کردن نییە؟....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نەجیبە تکایە ئەو وشانە بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان جوان نییە.

**بەڕێز نجیبە لطیف أحمد:**

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، قسەی من نییە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەزانم قسەی جەنابت نییە، بەڵام تکایە ئەو قسانەشی کە خەڵکی تر کردوویەتی، ئێستا باش نییە لە ناو پەرلەمانی کوردستان باس بکرێ بڕواتە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە.

**بەڕێز نجیبە لطیف أحمد:**

داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام تەنها دەمەوێ ئاماژە بەو دوو خاڵە بدەم، کە ئایا ئەوە بێ ڕێزی کردنە بە دەسەڵاتێکی شەرعی هەرێمی کوردستان؟ یان بێ ڕێزی کردنە بە ئیرادەی هەموو خەڵکی کوردستان؟ چونکە دواجار ئەو پەرلەمانە هەڵبژاردەی سەرجەم خەڵکی هەرێمی کوردستانە، بۆیە من دەپرسم ئایا ئەوە پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانە ئەو بیانووەیان داوە بە دەستەوە، تا بەو جۆرە قسە لەسەر پەرلەمان بکرێت؟ یان ئەو خەڵکە لە ئەرکی پەرلەمان تێنەگیشتووە؟ لە کاتێکدا کە پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لە کۆی حەدەسەکان دا حزووریان هەبووە، ئەندامانی پەرلەمان مەیدانی بەشداریان کردووە، لە هەر شوێنێك پێویست بووبێت، بە لیژنە بووبێت یاخود بە تەنها، پاشان میللەتی باشووری کوردستان کەمی نەکردووە بۆ هاووڵاتیانی پارچەکانی تری هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە سوپاسی میللەتی خۆمان بکەین، سوپاسی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان بکەین لەسەر ئەو خۆڕاگرییەی کە هەیان بووە بەرامبەر بە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان کە ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە، باوەشی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەریان بۆ کردوونەتەوە، سەرەڕای قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و گران بوونی نرخی کاڵا و نرخی کرێ خانوو لەسەریان، هێشتا شەقام و کۆڵان نییە لە شارەکانی کوردستان کە خێمەی لێ هەڵنەدرابێت بۆ کۆمەکی ئاوارەکان، کەواتە با برەو بە کاری پێکەوەیی بدەین، ئەگەر لە ڕووی

مەعنەویشەوە بێت، کەمێك لە نەهامەتیەکانی میللەتەکەمان کەم بکەینەوە، بە یـەکڕیزی و تـەبایی، نـەك بێ هیوایان بکەین بە ڕەخنە و توانج لە یەکتری و بێ ڕێزی کردن بەرامبەر بە نوێنـەرانی خـەڵك، سـوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك بەیار، فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، بڕاستی جهێ دلخۆشی یە کو جارەکادی ژی پشتی حەلەپچە هـەمی یـەکڕیزیا مـە هـەمیا پاراستی، وە هەمیا کودەنگی کرین سەر ئێك مەوقیف، جارەکادی ژی کۆبانێ ب ڤان تەزحیات و ڤێ قوربانیا دەن ئەم هەمی یێت کرینـە ئێـك ڕێـز، ل ڤێـرێ ب راسـتی ئـەز دەسـت و چاڤێت هـەمی پێشـمەرگا، هـەمی شـەرڤانێت کـو ئەڤرۆکـە بـەرگرییا ڤـی میللـەتی دکـەن و ڤـی هـەجما شـەرا داعشـێ دشـکێنن رۆژ ب رۆژێ، رێزداران ل ڤێرێ ب راستی هەرچەندە جارەکا دی ژی ئەمێ باسێ کۆبانێ دکەین بەلێ تشتێ گرنگ ئەوە کو بۆ ڤی میللەتی و بۆ کۆبانێ بێتە کرن ئەو ژی ئێك رێزیا هەمی لایەنێن سیاسی و جڤاکیێت میللەتێ مەیە، ل ڤێرێ جارەکا دی ئەز دێ بێژمەڤە هەرچەندە دبیت ئەڤ ئاخفتنا پەیوەنـدی ب کۆبـانێ موباشـر نـەبیتن بەلێ ئەگەر ئەم سەحکەینە وان ئەزموونێت، بەری نووکە یێت بزاڤێت نەتـەویی خـاز تایبـەتی ئەگـەر ئـەم سەحکەینە بزاڤا نەتەوییا ئیتالیا کو چەندین لایەنا بزاڤ کریە کو بشێن وڵاتەکێ بۆ ئیتالیا پەیدا کەن یـان تەوحیدا ئیتالیا بکەن، ل ڤێرێ دا هەمی لایەن وەکی مەلکیەتا یـا سـردنیا دیسان کەسـەکێ ئیڤتـاعی وەکـی کونت کافوری، دیسان وەکی میدزینیەکی سەوری گاریبالدیەکێ کـو تـەوەجوهاتێت جمهـوری هـەین هـەمیان پێکڤە بزاڤ کر کو شیان دەمێ پێنجی ساڵادا د بزاڤەکا بەردەوام دا شیان نەتەوەکێ پەیـدا کـەن ئـەو ژی کـو ئیتالیا بوو کو یێ دابەش کری بوو سەر چـەندین دەولـەتا و هـەمی دەولـەتێن دەور و بـەر ژی کـارتێکرن ل سـەر سیاسـەتا وی دکـر، ڕێـزداران جارەکـا دی دێ بێژمەڤـە میللـەتێن بـەری نووکـە و بـەری مـە ژی ئـەڤ ئەزموونـە یێـت دیـتین ئـەڤ نەخۆشـیە یێـت دیـتین، دڤیابـا ئـەم وەکـی سـەرکردێن سیاسـی دەرحـەڤی وان ئـەزمونا دەرکـەڤین و دەرحـەڤی ڤـان کاودانـا دەرکـەڤین دا کـو بشـێن بریارەکـا دروسـت و ئیسـتیراتیجیەکا دروست پەیدا کەین، بشێن جهێ خۆ ل جیهانەکا پاشەرۆژێ دا پەیدا کەن، ڤێرێ دا جارەکا دی دێ بێژمەڤە هەرچەندە من نەڤێت ئەز درێژ کەم کو جیهان بەرەف گۆڕانیێ دچیتن، ئەڤ هاوپەیمانییێت ڤێ گاڤێ ل ڤـێ دەڤـەرێ هـەمیێ ئـەون یێـت شـەرێ سـار یێـت حـەربا سـار دژی سـوڤییەتا بـەری نووکـە، ب دیتنـا مـن ئـەڤ ئاخفتنێت جوزێف بایدنی کو دبێژیتن موشکیلا مە یا سەرەکی دگەل هاوپەیمانێت مەیە، دڤیابا ئـەم وەکـی سەرکردایەتییا کورد بۆ خۆ ئیستیغلال کەین بشێن ئێك رێزیەکێ پەیدا کـەین کـو بینـە جهێ باوەریـا ڤـان دەولەتێت دی هەمیێ، ب دیتنا من دێ تشتەکێ باش بوو هەرێما کوردستانێ و بۆ کوردستانێ ب شێوەیەکێ گشتی هاتە کرن، بەلێ دێ جارەکا دی ژی بێژمەڤە هەر کەسەکێ دڤـێ هـۆلێ دا هـەمی وڵات پـارێزن هـەمی

نیشتمان پەروەرن هەر ئێکێ بۆچوونەکا هەی نابێتن ئەو خیلافاتێن دناڤبەینا مە دا بیتە سەبەبێ هندێ سیراعەك پەیدا بیت، چونکی میللەتێن بەری مە ژی ئەڤەیا دیتی، ئەگەر ئەم سەحکەینێ کو باشترین دیموکراتیەت ل شەرق و ئەلئەوسەت یێ ئیسرائیلە، دەمێ دبیتە شەڕ هەمی پێکڤە دبەر بنە ئێك و دوو بەلێ دەمێ دبیتە شەر دژی دوژمنێت خۆ هەمی ئێك ڕێزیا خۆ دپارێزین، جارەکا دی ژی ب دیتنا من ئەڤ ڕەئیا جیاواز تشتەکێ سەحیە، بەس دڤیابا مە ستراتیجیەکا دروست هەبیت دا بشێن هاریکاریا برادەرێن خۆ یێن کۆبانێ ژی بکەین بشێن هاریکاریا خۆ ژی ناڤخۆ دا بکەین و جارەکا دێ ژی ئەز دبێژم دڤیابا ئەم ل مستەوایێ ڤان ئەحداسێن ڤێ مەنتەقێ بیتن داکو بشێن تشتەکێ باشتر بۆ میللەتێ خۆ ب دەستڤە بینن و سوپاس. چونکی میللەتێ بەری نوکە ئەڤەیا دیتی، ئەگەر ئەم سەح کەینێ کو باشترین دیموقراتیەتێ ل شەرقێ ئەوسەتێ ئیسرائیلە، دەمێت بیتە شەڕ هەمی پێکڤە ببنە ئێك و دوو وەختی دبیتە شەڕ دژی دوژمنێت خۆ هەمی یەك ڕیزیا خۆ دپارێزن، جارەکا دی ژ دیتنا من ئەڤ ڕایا جیاواز تشتەکی سحیە بەس ئەم ستراتیجیەکا دروست هەبیتن تا بشێین هاریکاریا برادەرێت خۆیەت کۆبانێ ژی بکەین و بشێین هاریکاریا خۆ ژی ناڤخۆدا بکەین و جارەکا دی ئەز بێژم ئەم ل مستەوایێ ڤان ئەحداسێت ڤێ مەنتەقێ بیتن تا کو بشێین تشتەکی باشتر بۆ میللەتی خۆ بدەست ڤە بینین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆرسوپاس، خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوارەتان باش، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا دەمەوێ سڵاو بنێرم بۆ شەهیدانمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە باشوور و باکور و ڕۆژئاوا و لە ڕۆژهەڵات، سڵاو لە بەرخودان وقارەمانیەتی پێشمەرگە و شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە، لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، سڵاو لە کوردانی باکووری کوردستان، لە سەنگەری ئیدانە کردن و گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی، سڵاو لە هەموو کوردێکی بە شەرەفی جیهان دەکەم، لە هەر کوێی دنیا کە دەنگی نارەزایی خۆیان بەرزکردووەتەوە لە ئاست ئەو کارەساتە دژوارەی بەسەر میللەتەکەمان داکەوتووەتەوە بە تایبەتی کۆبانێ، دەست خۆشی لە شاندی هەڤاڵانی پەرلەمانتار دەکەم لە دۆخێکی ئاوا مەترسیدار دا سەردانی کۆبانێیان کردووە و ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە لەگەڵ ئەوەی کاتەکەی زۆر درەنگ بوو، بەڕێزان دیارە خۆڕاگری و بەرخودانی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا و لە هەرێمی کوردستان هەر لە خانەقین و جەلەولا و شەنگالەوە تا دەگاتە کۆبانێ بۆتە سەردێڕی هەواڵە جیهانیەکان، دیارە گەلەکەمان بە درێژایی (١١٠٠) کم لە باشوور ماوەی نزکەی (٣) مانگە داکۆکی ل خاکی پیرۆز و هەرێمی کوردستان دەکات، لە ڕۆژئاواش زیاتر لە یەك مانگە بە هەموو هێز و چەکی قورسەوە هێرش دەکرێتە سەر کۆبانێ لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانی

داعشەوە، لە کاتێك دا لـە هـەموو لایەکـەوە ئابلۆقـە دراون سـنوورەکانیان بـەڕوودا داخـراوە و نـەیارانمان و دوژمنانمان بە ئاشکرا و نهێنی کۆمەکی دوژمنەکانمان دەکەن، ئەمڕۆ بەشێکی زۆری جیهـان ڕژاونەتـە سـەر شـەقامەکان، ئـەو خۆپیشـاندانانە و پشـتگیری و پەرۆشـی لـە شـارەکانی هـەرێمی کوردسـتان و هـەموو پارچەکانی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دنیـا ئاماژەیـە بـۆ گرنگـی ئـەو ڕووداوە وقارەمانیـەتی و مەترسیانەی لەسەر گەلەکەمان، بە تایبەتی لەسەر کۆبانێ کە هەیە، تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئەفغانسـتان خۆپیشاندان و پشـتگیری دەکـرێ بـۆ بـەرەنگاری و بـەرگری لـە کۆبـانێ، هـەموو دەزانـین ئەفغانسـتان لـە چ بارودۆخێك دایە، حزوری قاعیدە لەوێ چۆنە، کەچـی پشـتگیری بـۆ بـەرەنگاری تیرۆرسـتان دەکـرێ، داعـش لەگەڵ قاعیدە بەرهەمی یەك بیرکردنەوەو ئایدیان، ئەمانە دەبێ وامان لێ بکەن زۆر جدی بە پەرۆشـتر بـۆ کۆبانێ هەوڵ بدەین، کۆبانـێ خوا نەکات بکەوێت یان نەکەوێت دڵنیـام کـەوا کوردسـتان دەچـێتە قۆنـاغێکی تـازە و هاوکێشـە سیاسـییەکان گـۆڕانی بەسـەرردادێت و، وڵاتـانی ئـەوروپا و ئـەمریکا هـەم لـەڕووی هاوپەیمانیەتی و لەڕووی پاراستنی مـافی مـرۆڤ و دژایـەتی تـیرۆر و کۆمـەڵێك چـەمکی دیکـەی چـاوێك بـە پەیوەندیەکانیان دا دەخشێننەوە و، تورکیا و وڵاتانی دیکە و هێـزی دیکـە لـە ناوچـەکە لەنێوانیانـدا هێـزە کوردیەکان، من چەند پێشنیارێکم هەیە و پێویستە بـۆ ئاینـدە چ بکـرێ ئەگـەر پێتـان باشـە، یـەك لەوانـە، هەرێمی کوردستان بەشێك لە هەڤالانم ئاماژەیان پێیـدا واباشـە بـە یـەك مەسـافە لەگـەڵ هـەموو حیـزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا ڕاوەستێت و بێ لایەنی خۆمان لە دەست نـەدەین، نابێـت هـیچ لایـەنێکیش لـە ڕۆژئاوا شعور بەوە بکات هـەرێمی کوردسـتان دەیـەوێ پشـتگیری هەنـدێك لایـەن بکـات ئەمـە کاریگەریـەکی خراپی لەسەر یەکڕیزی کوردان و دانشتووانی ڕۆژئاوا دەبێت، دوور نییە لە ڕۆئاوا کێشەکان قوڵتر ببنەوە و شەڕیشی لێ دروست بێت، ئەمیش بەشێکە لە ئاواتەکانی دوژمنانی کوردستان، بەڕێزان دەنگۆی ئـەوە هەیـە کە داعش چەکی کیمیایی بەکارهێنابێت و، یان لە ئایندەدا بەکاری بهێنێت، ماوەیەکە باس لەوەش دەکرێت کە داعش دەیەوێت لەڕێی هەنـدێ ڤایرۆسـی کوشـندەوە لـەناو شـەڕڤانان ئـەو ڤایرۆسـە بڵاوبکاتـەوە، بۆیـە پێویستە لە ئێستاوە پەرلەمان ئەم بابەتە بە وردی وەربگرێت و ناوەندە گرنگەکانی دنیا ئاگـادار بکرێتـەوە و پێداویسـتیەکانی خۆپاراسـتن بـیری لێ بکرێتـەوە، سـێ/ پێویسـتە فشـار لـە تورکیـا بکـەین بـۆ هاوکـاری کۆبانی، بە زووترین کات پەرلەمان لەگەڵ سەرجەم کونسوڵی وڵاتانی هەرێم کۆببێتـەوە، بـۆ فشـار خسـتنە سەر تورکیـا، دوو/ هاوکـاری بـۆ ئاوارەکـان و ئەوانـەی لـە تورکیـا هاتوونەتـە هـەرێم، سـێ/ چـڕ کردنـەوەی بۆردومانەکان لەسـەر کۆبـانێ، چـوار/ نـاردنی پێداویسـتی بـە پەلـە بـۆ نـاو کۆبـانێ و بـۆ ئاوارەکـان کـە لـە ئێستادا زۆر زۆر گرنگە، بەڕێزان داننـان بـە کانتۆنـەکانی ڕۆژئـاوا بابـەتێکی گرنگـە و پێویسـتە پەرلـەمانی کوردسـتان هـەوڵ بـدات ڕێکـارە یاسـایی و دەسـتووریەکان بگرێتـە بـەر، نـازانم مـن لـەڕووی دەسـتووریەوە قسەکانم چەند ئەشکالی هەیـە و هەڤاڵـە یاساناسـەکان باشـتر دەزانـن، بۆیـە مـن هـاوڕام لەگـەڵ هـەموو ئـەو بەڕێزانەی کە داوای لیژنەیەك دەکەن بۆ دیراسـە کردنـی بـە فـەرمی ناسـاندنی کۆتاییـە، دووەم/ پشـتگیری لەقسەکانی بەڕێز کاك دلێر ماوەتی و خاتوو تەلار لطیف و کاك عمر عینایەت و بەشێکی قسـەکانی بـەڕێز

کاك ئاری هەرسین و کاك گۆران دەکەم و، هەروەها لەسەر دەروازەی سێمێلکا بەڕاستی ئەو دەروازەیە گرنگە بکرێتەوە بەرەسمی، وەك ئەوەی بەڕێز کاك دلێر ئاماژەی پێیدا پشتگیری تەواو لەو ڕایە دەکەم و پشتگیری لە تەواوی ڕایەکانی خاتوو بێگەرد دڵشاد دەکەم، لە کۆتایی دا ئومێدی سەرکەوتن بۆ خوشك و برا پێشمەرگەکانمان لە باشوور و ڕۆژئاوا، نەفرەت لە دوژمنانی گەلەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیێ لە شاندێ پەرلەمانێ دکەم بۆ چوونا وان بۆ سەر سنوورێت کۆبانێ ژ بۆ وەستیان و ماندوو بوونا وان، ئاخافتنێت گەلەك هاتنەکرن ژ لایێ هەڤالاَ من، من دڤێت بێژم کۆبانێ، شنگالە و جەلەولایە و خانەقینە و زوممارە و بێ جیاوازی، هێرشکرنا سەر کۆبانێ هێرشە لەسەر گەلی کورد، لە هەر چار پارچەیێین کوردستانێ، ئەم خۆ ب ساحبێن کۆبانێ دزانین، ئەڤرۆ نەك بەس عاتیفە تەشخیسی وەزعی کۆبانێ بکەین، بەلاَم بە کردار لە گەلێ کۆبانێ بین، لدیڤ ئەو برینداریێن شەرڤانێن کورد، دیهی کو ل کۆبانێ هاتینە بریندار کرن گەهەشتینە نەخۆشخانێن تورکیا تەبعەن، لدیڤ ڕاپۆرتێن پزیشکی دیار بوویە کو تیرۆریستێن داعش چەکێن کیمیاوی بکارئینانە، ئەڤە ژی مەترسیەکا مەزنە نە بەس لسەر میللەتێ کورد، بەلکو لسەر هەمی جیهانێ، ب دیتنا من شەڕێ داعش ب کارەساتەکا مەزن ب دوماهی گێت، ئەو کارەسات ل کوردستانێ بیتن، چونکە هێزێن کوردی ل ڤێ گاڤێ بەرسڤێن مەزنترین دەوڵەتا تیرۆریستی گرتینە و زەرەمەندێ ئێکێ ژی هەر میللەتێ کوردە، بۆیە داخازا من ئەڤرۆ ژ پەرلەمانێ ئەوە کو ڕۆنیشتنا مەیا پەرلەمانێ ببریار ب دوماهیك بێ، پەرلەمان فشارێ بخێتە سەر حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ، کو ئەولەویەت بۆ هاریکاریا سەربازی و چەك و تەقەمەنی بیت، بەداخەوە جارەکا دی ڕۆنیشتنا مەیا ئەڤرۆ پڕبێژم ململانێیا حزبی و موزایەداتێن سیاسی و، وەلاَم و وەلاَمدانەوەیە، بابەتی کۆبانێ ژی وەکو بابەتێ شنگال و جەلەولا، بۆیە وەسیلەیەك بۆ ئێشاندی یەکتر، کە ئێمە خەریکی ئەم ململانێیە دەبین و داعششیش دوێنێ خەریکی شنگال بوو، ئەڤرۆ خەریکی کۆبانێیە و، سبەی ژی خەریکی عەفرین و کەرکووکە، ل دوماهیێ پشتگیریا ئاخافتنێن د.ڤالاَیێ دکەم سەبارەت بە دان پێدانا کانتۆنێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە شاندەكەی پەرلەمانی كوردستان دەكەم كە سەردانی كۆبانێیان كردووە، دەست خۆشیان لێ دەكەم بۆ ڕاپۆرتەكەشیان، پشتیوانی لە سەرجەم پێشنیارەكانیان دەكەم، بە دان پێدانانیشەوە بۆ كۆبانێ و بۆ كانتۆنەكانی خۆرئاوا، هەروەها منیش پێشنیار دەكەم كە ئێمە پشتیوانی گەلی ڕۆژئاوای كوردستان بكەین كە خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش بەراستی پێویستە سوود لەو دەرفەتە ببینین، كە ئەمڕۆ بەڕێز (صالح مسلم) لە هەرێمی كوردستانە و ئەو پرسەی ڕووبەڕوو بكەینەوە كە پێی بگوترێ، ئایا داخوازی كانتۆنەكان و داخوازی گەلی خۆرئاوای كوردستان بەڕەسمی لە پەرلەمانی كوردستان چییە، بە فەرمی با ئاراستەی پەرلەمانی كوردستانی بكەن، بۆ ئەوەی ئێمە وەڵامی فەرمی داوایەكەیان بدەینەوە كە بە فەرمی داوا لە پەرلەمانی كوردستان دەكەن، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، خاتوو منی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەست خۆشی لە شاندی پەرلەمانی كوردستان دەكەین، كە سەردانی كۆبانێیان كرد، دەست خۆشی لە ڕاپۆرتەكەیان دەكەین، ئەو هێرشەی كە ڕووبەڕووی خەڵكی كۆبانێ بووە، درێژەپێدانی ئەو شاڵاوە تیرۆریستییەیەكە زۆربەی ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی كوردستانی عیراقی گرتووە، ئێمە لە فراكسیۆنە توركمانەكان دەست خۆشی لە هەموو لایەك دەكەین، كە بەهاناوەچوونی كۆبانێ دەكەن و، پێویستە وەك پەرلەمانی كوردستان  زیاتر فشار بخەنە سەر ڕای گشتی و دەوڵەتە دیموكراسیەكان، تا هاوكاری خەڵكی كوردستان لەڕووبەڕووبونی ئەو هێزە تیرۆریستیە جیهانیە ببنەوە، پێویستە هاوپەیمانان هێرشە ئاسمانییەكان خەستتر بكەن، شێوازی تەكتیكی سەربازی دیكە بەكاربهێنن بۆ ڕاگرتنی ئەو شاڵاوە تیرۆریستیە و لەناوبردنی هێزی تیرۆریستی داعش و، ڕزگاركردنی ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، وەك شنگال و تەلەعفەر و ئامرلی و ناوچەكانی تر، گەیاندنی پێداویستی هاوكاری بۆ ئاوارەكان، لە كۆتایی دا پێویستە ئێمە وەك هەرێمی كوردستان باشتر وایە ئەو پەیوەندییە فەرمی و دبلۆماسییانە بقۆزینەوە كە لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە تایبەتی ئەمریكا و ئەوروپا و توركیا و ئێران هەیە، بۆ ئەوەی پشتگیری مرۆیی و لۆجستی بكەن، هەروەها بەشێوەیەكی فیعلی و كاریگەرتر بەشداری شەڕی دژی داعش بكەن، چونكە ئێمە پێویستمان بە پشتگیری و هاوسۆزی وڵاتانی دراوسێكانمانە و لە كۆتایی دا پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەكەم، كاك د.فرست و كاك ئومێد خۆشناو و بێگەرد خان و كاك ڕابوون معروف و كاك باپیر كامەلا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك بەهزاد فەرموو.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، ئەم دەست خۆشی لە شاندێ پەرلەمانێ دکەم، ما لڤێ ڕاپۆرتێ دیار بی کو شەرڤانێن کوردستانا ڕۆژئاڤا شەرەکی قەهرەمانانانە دکەن، و وەکی چەوا پێشمەرگێت قەهرەمان پاسەوانییێ ل کوردستانێ دکەن، چونکی دیارە دوو خالێن هاوبەش مەیەت هەی، ئێك لوان پاسەوانیا ل خاك و نیشتمان و مالێ و شەرەفا گەلی کوردە، دوو/ دوژمنەکا هاوبەشە ئەو ژی داعشە، جا بڕاستی ئەم گەل وێ هەندێینە کو ئەڤ کانتۆنا برەسمی بێنە وەکی گوتی ناساندن، ناساندنێ ئیعلامیەن، تەبعەن مەخرەجەکا قانونیشی بۆ بێتە دانان و ئەڤە گەلەکا پێویستە و زەرورییە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، کاك د.محمد فەرموو.

**بەرێز محمد علی یاسین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامێن پەرلەمانی، ل دور پێشمەرگە و شەرڤانان و دەست خۆشیا مە بۆوان و سلاڤێن مە بۆوان، ئەژی سلاڤێت خۆ دنێرم، لێ سلاڤ و دەست خۆشین مە هەمووان نابنە کلاشینکۆفەك بۆ ئەوانە و کوردستانێ پێ بپارێزن، دەس خۆشیا ل شاندێ دکەم و ماندوو نەبن هەڤالان، مە پێشبینی دکەین کو شاندێ وە پێشنیارێن زێدە تر و کۆنکریت بە و هەمبەری مە ئامادە دبە، ب تایبەتی ل ڤان بیابان دا کو نهۆ ئەز دێ ئیشارەت پێدەم، ئەگەر گوهداری بکەن، ژ کەرەما خۆ، هەڤالان هەروەك دیارە کو گروپێ چەکدارێ یەپەگێ ژ ئالیێ چەك و تەقەمەنیاڤە ئاستێ وان یێ لاوازە، دیارە ڕەوشا خراب و ئەم هەمی دزانین، لێ پێشنیارا هەوە چییە بۆ پشتگیری کرنا وان، چەوا چەکی بدەینێ، چ ڕێیەك، چی دشێت و کیرێ چەکی بدەینێ، دوو/ پرسیارەکا لسەر ئاستێ نێڤدەوڵەتییێ ئەڤ پرسیارا هات ورووژاندن، ئایا بۆمباران کرنا ئاسمانیا ئەمریکا ئاشتی پێ دڤیا ل کۆبانێ؟ ئەڤێ پرسیارێ ئەز ژی ئاراستەیا هەوا دکەم، سێ/ UN بێژیتن (٢٠٠) هەزار پەنابەر دەربازێ ئالیا تورکی بووینە، ڕەوشا پەنابەران چەوانیا گەیشتنا هاریکاریان بۆ وان؟ دڤێ ڕاپۆرتێ دا فەراغا هەی، هەوە باسکر کو دکەمپەکی پەرلەمانێ کوردستانێ وەکەت، ئایا ئەو بڕیارا ئاڤا کرنا کەمپێ پەرلەمانێ کوردستانێ ل کیرێ دایە؟ ناڤێت بڕیارێ ل قاعا پەرلەمانێ بیتەدان؟ ئایا چ شێواز دێ وێ کەمپێ ئاڤا کەن؟ دێ چەوا ئاڤا کەن؟ من پتر ڕوون کرن دن هێژایان، UNدیسا دبێژێتن کو ئەگەر کۆبانێ بکەڤیت یان کو ئەگەر ئەڤ ڕەوشا ل کۆبانێ بەردەوام بیت، دبیتە کۆمەلکوژی، هەڵبەتە ئەم هەمی دزانین کو ئەڤە ل کۆبانێ ڕوویدای چ کەمتر نەبوو ژ کۆمەڵ کوژیێ، ئایا هێن شیایی نەوەکو ئەڤ شاندێ ناڤبەرێ کو هون چووینە شیایینە دۆکیۆمێنتێن باش بەردەست بکەن کو بۆ UNو کۆمەلگەها نێڤدەوڵەتی دیار بکەن ئەڤە ڕوویدای کۆمەلکوژی بوو و پتر ژی، پێنجەم/ جەنابێ هەوا ل تورکیا بوون، بێژن تورکیا پشکدارە دگەل داعش دا گەهەشتە ڕێکەفتنان، وە ل سەردانا خۆدا تا چ ڕادەیەك هەستێ ڤێ

چەندێ کر ئایا ڕاستەیەك کو هەی؟ بەڕێزان خۆپیشاندان ل باکوورێ کوردستانێ تێنە کرن، هیژی ل وێرێ بوون ل ڕۆیشتنا خۆدا ڤیدیۆ ژی نیشاندا کو خۆپیشاندان تێنە کرن و ئەو خۆپیشاندان ئاراستەیێ وان وەك امینە خانی دیاری کری بەرەڤ توندوتیژییێ دچیت، ئایا دیتنا هەوا چوونا ئاراستێ ڤان خۆپیشاندانا بـەرەڤ توندوتیژییێ، چەند خزمەتا ڕەوشا کۆبانێ و پرسا کۆبـانێ دکات، بـەڕێزان دوایـی مـن دڤـێتن پشتەڤانیا ل هەڤالێ خۆ و هەڤکارێ خۆ د.فرستی بکەم کو جڤینێن گوهداری کرنێ بهێنە کرن ل پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ وان هەڤالان یەن کـو ژ کۆبـانێ و عـەفرینێ و ئـان کـو ژ ڤـان هەرسـێ کانتۆنـان کـو بنـاڤێ تێتـە ناسـین، گوهـداریا وانــە بکـەین، چـونکێ بڕیـارا وان هەرچـەندە ڤێـرە پەرلەمانـەکی کوردیـە، لێ بـەلکو واقیعـا وان جۆرەکی دی دخازیت، بڕیارا وان  یا دوماهیکێ بەلکی ئەم نەشێین سەربەخۆ بدەین، دڤێتن گوهـداریا وانـە بکەین کو چەوا ئەو دڕازینە لسەر ڤێ بڕیارێ، تەوەرێ دوویێ ژ پرسیارا من ئەو ژی کورتە بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمانێ، لسەر ئاستێ نێڤدەوڵەتی کو دڤێ دا پتر ئەم ئەکتیڤ باین لسەر ئاستێ نێڤدەوڵەتی، هـەر لـدور شاندێ و لسەر ئاستێ نێڤدەوڵەتی گەلەکیا پێتڤی دی بـۆ دیتنـا مـن کـو شـاندێ ناڤبـەری بەیاننامەیـەك ب زمانێ ئینگلیزی بۆ ڕایا گشتیا جیهانی دەرکربوو، گەلەکا پێتڤـی بـوو ئەڤـە کربـا، داخازیـە ژ ڤـی شـاندی و دیتنێن ڤی شاندی گەهاندبانە ڕایا گشتیا جیهـانی و داخـازا کۆبـانێ ژی ل بـەیاننما دیـاری کـر، دووەم/ مـن لەسەر ئاستێ فەرمانگـەها پەیوەنـدیان ئـەز ڕاسـتی ل وێ ڕۆژێ ل هـەڤالان ژی پرسـی وکـاك مـەردان ژ مـن پرسی لێ چ سیغەیەك هەبیتن ئەم پەیوەندیێ ب سەرۆکێ فەرمانگەها پەیوەندیان بکەین، ل دەمێکا کو مـە لیژنا پەیوەندێن پەرلەمانێ کوردستان وبانگهێشت بکەین، وەك وەزیر ئـەم نەشـێ پرسـیارا ئاراسـتەی هـەوا بکـە، ژ بـەر کـو ئـەو سـیغە دروسـت نـەبیتن، مـن پرسـیارەك ژ جـەنابێ هـەیا، نهـۆ نوێنەرایـەتیا هـەرێما کوردستانێ ل ئەوروپا لسەر چ ئاست دا کار دکەت بۆ ڤێ پرسێ؟؟ ل بریتانیا نوێنەرایەتیا مە ئەکتیڤـە مـن خۆ سەردانا ژی کری و کارەکا باش دکەن، لێ ئەز پرسیارەکێ نووکە دکـەم لڤـێ دەمـێ نهـۆدا گەلـەکا پێتڤیـا مە نوێنەرایەتی ل واشنتنێ هەبیتن، نینەرایەتیا مە ل ئـەمریکا بۆچـی نینـە؟ ئـەڤێ پرسـیاری ئـەز دکـەم، سێ/ ل ڕایا جیهانی دا ڕایا لسـەر پێشـمەرگەیا دیـار و ئاشـکرایە و ڕایـەکا گەلـەکا پۆزەتیڤـە و لسـەر ئاسـتێ جیهانێ دیتنا فۆرێن پۆلیسیا و مەجـەللا فـۆرێن پۆلیسـیا کـو دبێـژیتن سـوپاس بـۆ کـوردان و بـۆ بۆمبـاران کرنێ ئاسمانی  ئەمریکا، کو دنیایێ ژ داعشی دپارێزن، من ڤێرەدا ئەز فـەرز دزانم کـو کـوردان، پێشـنیارەك هەبیتن لسەر ڕەوشا کۆبـانێ، تورکیـا پێشـنیارەکا هـەی و دبێـژیتن بافـەڕین زۆر ئـان کـو ناوچـەیا ئـامن، یـا نەفڕینێ، یان دژە فڕینێ، ئایا ئەم چ پێشنیار دکەین؟ ئایا پێشنیارا تورکیا د جهێ خۆدایە؟ دڤێتن مە وەکو کورد پێشنیارەك هەبیتن بۆ کۆبانێ، ئایا پێشـنیارا مـە ئـەوە کـو دانپێـدانێ کـانتۆنێن کۆبـانێ بکـەین، ئـەز پرسیار دکەم ئایا دا پێدانان کرن ب کانتۆنێن  کۆبانێ دشـەڕێ داعـش لسـەر کۆبـانێ ڕاوەسـتینیت، فـەرموو دەی ئەڤرۆ دان پێدانێ پێکەین، ئایا دانپێدانا چ دهێتە کرن، ئەز پێشنیار دکەم کو مەژی پێشـتر کـو گـوتی، شاندەکا ئەز باوەڕ کەم ئەڤرۆکە ب سەرۆکایەتیا صالح مسلم لڤێرێیـە، بـلا سـبەهـ بهـێن دورپێشـنیارا کـاك

د.فرستی ئەم گوهداریا وان بکەین کا ب چ شێوەك پەرلەمانێ کوردستانێ دشێتن هاریکاریا وان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتو گەشە فەرمووو.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکان، سڵاو لە یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان، کە بەڕاستی سەری هەمووومانیان بەرز کردووە و شانازیان پێوە دەکەین، بەڕێزان من دەچمە سەر ڕاپۆرتەکە، بە گشتی من یەك مولاحەزەم هەیە لە ناوهێنانی داعش، جۆرێك نالێم نیەتی پەرلەمان ئەوەیە، بەڵام پێموایە هەڵەیەکە و بەسەرماندا تێ دەپەڕێ، داعش یەعنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، پێویستە لە هەموو بەکارهێنانێك دا تیرۆرستانی داعش بەکاربهێندرێت، نەك تەنها داعش، لەڕاپۆرتی لیژنە ئامازەیەکی بچووك وەکو گلەییەك، تا ئێستا گلەیی ئامێزێکیش نەکراوە بەرامبەر بە کەمتەرخەمی دەوڵەتی تورکیا، بۆیە پێویستە لەم ڕاپۆرتە کە سبەینێ دەبێت بە دۆکیۆمێنت لە پەرلەمانی کوردستان، کە ئێمە تەمسیلی ئیرادەی شەقامی کوردی دەکەین و، شەقامی کوردی ئێستا گلەیی و گازاندەیەکی زۆر زۆری هەیە لە دەوڵەتی تورکیا لە کاتێك دا کە ئێمە هاوپەیمانین و پەیوەندی ستراتیجی ئابووری زۆر گەورە هەیە لە نێوانماندا، ئەوەندە نازمان هەیە بەسەر تورکیا ئاسا ئەو گلەیی و گازاندەیە بکەین، کە بۆ لە ئاست ئەو تاوانە گەورەیە کە نەك پشتیوانی ئێمە ناکات، بەڵکو زۆر کەم تەرخەمیشە، بەڵام نازانم لە ڕاپۆرتەکەیا باس لەوە دەکرێ ڕۆڵی تورکیا کاراتر بکرێ، خۆزگە لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەو ڕۆڵەی تورکیا بکرایا تا بزانین ئێمە کارایە یان کارا نییە؟، داوایی کاراتری بکەین، پرسیار لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان تا ئێستا هەوڵە دبلۆماسی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ قونسوڵیەتەکان چەند بەکارهێناوە؟، کە ببنە پشتیوانی کە نوێنەرایەتی دەڵەتەکانی خۆیان دەکەن لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی پشتیوانی لە کۆبانێ بکەن و بە تایبەتی لە تورکیا کە چۆن ڕێگە بدات بە ئێمە کە تاکە مەنفەزە، بۆ ئەوەی ئێمە هاوکاری سەربازی و هیچ نەبێ چەك و تەقەمەنی بگەیەنینە کۆبانێ، ئایا پەرلەمانی کوردستان بەو ڕۆڵەی خۆی هەستاوە؟ سەبارەت بە دێفاکتۆ ئێستا کۆبانێ ئەمری واقیعە و ئیعترافەکی زمنی هەیە لەلایەن ئێمەوە، هەر خودی چوونی لیژنەکەی پەرلەمانی کوردستان جۆرێکە لە ئیعتراف کردن بە کۆبانێ، باشە ئەگەر ئێمە بەڕێز (صالح مسلم) وەکو یەکێك لەو کەسایەتیانەی کە ئەمڕۆ ڕۆڵی هەیە لەو بەرەنگاربوونەوە و لەو بەرخودانییەی کە ئەکرێ لە کۆبانێ کە ئەمڕۆ وجودی هەیە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم دانیشتنی هەیە، ئەگەر لە پەرلەمانی کوردستان تەعامولی لەگەڵ بکەین ئەوەش دەبێتە دێفاکتۆیەکی تر، کاتێك کە ئێمە نووسینگەیەك لە هەرێمی کوردستان دەکەینەوە بۆ پەیوەندی هاوکاری بازرگانی و ئابووری و بۆ پەیوەندیە دبلۆماسیەکان، کە ئەوان نوێنەرایەتی خۆیان بەکاربێنن لەگەڵ قونسوڵیەتەکان بۆ فشار خستنە سەر ئەو دەوڵەتانە کە هاوکاریان بن ئەمەش جۆرێکە لە دێفاکتۆ، بۆیە پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان کە ئەم هەنگاوانە بنێ، هەنگاوی یەکەمی ناوە و، پێویستە هەنگاوەکانی دیکەی بەدوادابێت، من پشتیوانی لە قسەکانی کاك ئومێد

خۆشناویش دەكەم كە باسی لەوە كرد لەڕێی دەوڵەتی عیراقەوە كە بەڕێز سەرۆكی كۆمار ئەو هەڵوەستەی هەبێ، كە من دڵنیام لە كوردایەتی و نەتەوەیی بوونی سەرۆك كۆمار، ئێمەش پشتیوانی دەكەین، بەڵام بەڕێزیان دەزانن كە سەرۆكی كۆمار بەڕاستەوخۆ بڕیار نادات، ئیعتراف ناكات بە كۆبانێ، بەڵكو دەبێ بە پرۆژە پێشكەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بكات و ئێمەش پشتیوانی هەوڵەكەی كاك ئومێد خۆشناو دەكەین كە ئەو پێشنیارە بۆ بەڕێزیان بكرێ و ببێ بە پرۆژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

خاتوو مەدینە فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برینا كۆبانێ و شەنگالێ برینا هەمیانە، برینا هەر تاكەكا كوردەكیا، دەستدانا بستەكا ئاخا كوردستانێ لهەر پارچەكێ بیت، یان برین كرنا و شەهید بوونا كوردەكێ لهەر پارچەكێ بیت ئیشان و خەسارەتا مە هەمیانە، بلا ئەم هەمی د چاڤڤەكری بن دیر بن و ژ ڕاستیا نەرەڤن، بلا بەرژەوەندیا نەتەوەیی و ئاخا وەلاتێ بەری بەرژەوەندیا هەر تشتەكی بیت، حەقێ خەڵكێ كۆبانێ لسەر شانێ مە هەمیانە و هیچ منەتەك تێدا نینە، ئەم خزمەتا وان بكەین، ئەگەر ئەم وەك كوردستانی و كوردستانیا هزر نەكەین بۆ كوردستانێ كار نەكەین دێ ئەڤ كارەساتا د پاشەڕۆژێدا هەر هەبن، گەلەك بەحس ل توركیا هات كرنێ خۆپیشاندان تێنە كرنێ ئەز وەسا دبینم ئەڤ خۆپیشاندانا نە بۆ كۆبانێ وەسا دێنە كرنی چونكو پتر ژ ٤٠ ملیۆن كورد لوێرێ هەبین بۆ چی یەعنی ئێك ژ سەدی دەنگ نەدان كوردا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن بەشێكی زۆر لە قسەكانم كران دووبارەی ناكەمەوە، بەڵام من دوای دەست خۆشی و ماندوونەبوون لەو وەفدە بەڕێزەی  كە ئەركیان كێشاوە و ژیانی خۆیان خۆستۆتە مەترسییەوە و سەردانی كۆبانێیان كرد، چەند پرسیارێكیان ئاراستە دەكەم، ئەو وەفدە بەڕێزە كە چوون، لە نزیكەوە چوونە كۆبانێ و كەسایەتیەكانی ئەوێیان بینی داواكاری سەرەكی شەڕوانان و سیاسەتوانانی كۆبانێ چی بوو؟ ئایا ئەوان داوایان لە ئێمە كرد لە دانیشتنێك دا لە سەعات ( ١١) ەوە تاوەكو ئێستا نزیكەی ( ٣٠) كەس قسە دەكا و، جگە لە سڵاو ناردن و ڕێز و  خۆشەویستی بۆ شەڕوانان هیچ شتێكی ترمان نەكردووە، ئایا ئەوان تەنها داوای سڵاویان لە ئێمە كرد؟ یاخود فیشەك و چەك و تەقەمەنیان پێویست بوو، پرسیارێكی تر، ئایا هیچ چەك وتەقەمەنی و فیشەكێك بە دەستی شەڕوانان گەیشت بوو لە كۆبانێ؟ ئایا ئێوە بە وردی دیقەتی

ئەوەتان دا جگە لە سنووری توركیا هەر بەڕاستی شوێنێكی تر نییە كە چەكی پێدا بڕوات؟ ئەی بۆ ئەو داعشانەی كە شەڕ لەگەڵ شەڕوانە بەڕێزەكانی ئێمە دەكەن لە كۆبانێ و سنوورەكانی تر لەوپەڕی دونیاوە دەچێت و دەگاتە داعش، بەڵام ڕێگە بۆ ئێمە نییە كە ئێمە پێشمەرگەیەك بنێرین و یاخود فیشەكێك بنێرین بۆ خوشك و براكانمان لە كۆبانێ، پرسیارێك بۆ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان، كە بەڕێز (صالح مسلم) ئێستا لە هەرێمی كوردستانە و لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆدەبێتەوە ئێوە هیچ بانگهێشتێكتان كردووە، مەبەستم لە بانگهێشت بۆ دانیشتنی ئێستای پەرلەمان نییە، چۆن دەچێتە لای سەرۆكایەتی هەرێم و بە شێوەیەك لە شێوەكان تەنسیقێكی لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆكایەتی پەرلەمانیش هەبووایە، ئایا هەر بەجدی بەڕێز (صالح مسلم) و بەشێكی تر لەو برادەرانە ئەوانیش بۆ خۆیان حساب بۆ پەرلەمان و ڕۆڵی پەرلەمانی كوردستان دەكەن یاخود نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا منیش سوپاسی ئەو لیژنەیە دەكەم كە شاندی ڕاسپێردراوی پەرلەمانی كوردستانە، لە خوا دەپاڕێمەوە لەم دۆخە ئاڵۆز و پڕ لە وەیشوومە كوردستانمان بپارێزێ و گەلی كوردمان بپارێزێ و، كۆبانێ بپارێزێ و ئەم بەڵا و تەحەدیاتانەی كە یەخەی ئەم گەلەی ئێمەی گرتووە و سنووری درێژی كوردستانی گرتووە، هەر لە كۆبانێوە تا جەلەولا جێرترمان بكات، یەكریزیمان زیاتر بكات، ئەو خەونەی كە سەركردەكانی ئێمە و سیاسەتمەدار و نووسەران وشاعیرانی ئێمە  لە سەدەی بیستەم ئاواتیان  بوو دەوڵەتی كوردستان بێتەدی، ئایا لە پاڵ ئەوە ڕوحی مقاوەمە وای لێ دەكردن، كە شاعیرێكی وەكو قانع دەڵێ، (گرتن و لێدان و كوشتن عاملی ئازادیە، تۆپ و شەستیرو كەلەبچە لام وەكو ئەفسانەیە، گەر بە ئازادی نەژیم، مردن خەڵاتە بۆ لەشم، نۆكەری وسەردانەواند كاری نامەردانەیە)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، شەڕی داعش لە كوردستان و كۆبانێ و ڕۆژئاوا كاری حكومەتداری و پەرلەمانی ئێمەی لە مەحەك دا، ئێمە وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەكو پەرلەمانی كوردستان و وەكو هاووڵاتیانی كوردستانیش كەوتینە بەردەم بەرپرسیاریەتێكی مێژوویی، من دەمەوێ سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەوە ڕابكێشم زۆر بە كورتی بەراوردێك بكەین لەبەینی غەززە و كۆبانێ، غەززە كاتێ ئیسرائیل لێی دا (٢١) وڵاتی عەرەبی قوڕوقوپیان كرد، كۆبانێش كاتێ كە داعش ڕووبەڕووی بوویەوە و پەلاماری دا تەنیا ئومێدێكی ئەم دنیا كە هەیان بوو ئەم هەرێمەی ئێمە بوو، هەرێمێك كە گەلی كوردەكەی كراوە بە چوار پەلەوە، هەر پەلێك مافی ئەوەی نییە  بڵێ من لەشم هەیە، غەزنەیەكی گەشم هەیە، بەلگەی تاپۆی ڕەشم هەیە، مافی ئەوەی نییە، تەنها ئەو ئەركە كە ڕووبەڕووی ئێمە بوویەوە ئەوەیە كە لەبەرامبەری خوا و لەبەرامبەری ئەو میللەتەی

خۆمانـدا و لەبەرامبـەری مێژووشـدا هەرچیمان پـێ دەکـرێ بیکـەن، بـەڕای مـن ئـەوە کـە بـراو خوشـکانی پەرلەمانتار پێشنیازی دەکەن لەوەی کە ئێمە چەك و پێشـمەرگە بنێـرین بـۆ ئـەوێ، مـن وای دەبیـنم ئـەو بابەتە زۆر هەستیارە و بـە عاتیفـە نـاکرێ، ئێمـە وەکـو وشـکانیەك وایـن لـەناو شـوێنێك دا کـە هـەر چوار دەوری ئاوە، ئەگەر ئەو دەریایە شەپۆل بدات ئێمە دەخاتە زیانێکی گـەورەوە، دەوروبـەرمان زۆر حەساسن بۆ ئەو بابەتە، بـەڵام ئـەوەی کـە پێمـان دەکـرێ بـەڕای مـن ئەوەیـە کـە ئێمـە بتـوانین سـەرنجی دەوڵـەتانی دراوسێ و دەوڵەتانی ئیقلیم بە گشتی و وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی و شەرق ئاسیایی ڕابکێشین بۆ مەسەلەی سنوورەکانی خۆمان و بۆ شەڕی داعش و بۆ کۆبانێ، بەوەی کە ئەوەی پێمان دەکرێ ئەوەیە بە کورتی عەرزی بکەم کە ئێمە چەند تیمێك ڕابسپێرین بەسـەردان، هـەم لـە حکومـەت و هـەم لـە پەرلەمانیش سەردانی چڕوپڕ بکـەن بـۆ ئـەوەی سـەرنجی وڵاتـی تورکیـا و ئێـران بـە تەحدیـد ڕابکێشـین و بڕیار بە دەستانی ئەو وڵاتانە و سیاسەتمەدارانیان و پەرلەمانتارانیان و وڵاتانی تریش کە ئاماژەم پێکردن سەرنجیان ڕابکێشین، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە لە کۆبانێ و لێـرەش کە ئێمەش شەڕی داعش دەکەین، سەرنجیان ڕابکێشین هەموولایەکیان بەوەی کـە ئـەم دۆخـە دۆخێکـی زۆر هەستیارە، ئەبێ ئەوان دەرکی خەتەری ئەم شەڕە بکەن کە ئێستا کورد دەیکـات، نـەك هـەر ئێمـە، وڵاتـانی تریش درك بەوە بکەن کە زیانەکەی ئەم کتکە نەوتینەی کە دروست کراوە و ناوی داعشە ئەگەر بێتـو ئـاوا بڕوات دەبێت بە سەرەخۆرەی گەلان، دەبێ بە سەرەخۆرەی دین، دەبێ بە سەرەخۆرەی شارستانیەت و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت، لەبەرئەوە پێویستە بەڕاستی ئەوان بەجدی لەسـەر خـەت بـن، هاوکـاری گـەلی کـورد بکەن، هەم لە کۆبانێ، جا ئیتر لەڕووی مرۆییەوە یان لەڕووی لۆجستیەوە بێ، یان لەڕووی سەربازیەوە بـێ، شتانێك کە بەوان دەکرێت و بە ئێمە بە ئاسانی ناکرێ، دەمەوێ دواجار ئەوە عەرز بکەم کە ئەو ئاوارانـەی ڕوویان لە تورکیا کردووە، کە لە سوریاوە ڕوویان کردووەتە تورکیا و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کە هەم لە ڕاپۆرتەکـەی ئـەم شـاندەدا هـاتووە، هـەم حـاجی کـاروان ئاماژەیـەکی پێکـرد کـە بەڕاسـتی نـاخی هەموومانی هەژاند، وەرزەکە وەرزێکی ناسکە، بەرەو وەرزی سەرما و باران و بـەفر دەچـین، پێویسـتیان بـە خێمەیە و، پێویستیان بە بەتانی و، پێویستیان بە سۆپایە، پێویستیان بە خـۆ گـەرم کردنەوەیـە لەمـەودوا، جگـە لەمەسـەلەی شـیرو خـۆراك و ئـەو شـتانە، ئەگـەر حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بارگرانیـەکی زۆری لەسـەرە بـەهۆی ئـەو ڕێـژە ئاوارەیـە، ئـەوا وەزارەتـی ئـەوقاف دەتـوانێ ڕۆڵێکـی گـرنگ بگێـڕێ، لـەڕێی هاووڵاتیانی کوردستانەوە و، لە ڕێی مزگەوتەکانەوە هاوکاری کۆبکرێتەوە هەم بۆ کوردان لە تورکیـا و هـەم بۆ کوردانیش کە ئەوانەی ئاوارە بوونە و ڕوویان لەم هەرێمە کردووە، کە مـن بەدڵنیاییـەوە دەڵێم دەکـرێ لە ڕێی مامۆستای مزگەوتەکانەوە و لەڕێی مزگەوتەکانەوە خێرخوازانی کوردستان بهەژێنـدرێن کـە ئەگـەر حکومەت ناتوانێ بەهۆی بارگرانیەکەی کە لەسەریەتی بچێت بـەدەم ئـەو ئاوارانـەوە وەکـو پێویسـت، ئـەوا هاووڵاتیـانی کوردسـتان دەسـت لەسـەر دەسـت و دەتـوانن زۆر بەچـاکی دەسـتباری ئـەو ئاوارانـە بـبن و لـەم قەیرانە مرۆییانە ڕزگاریان بکەن، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان.):**

زۆر سوپاس ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، پێشنیارێك هەیە کە گفتوگۆکانمان دوا بخەین بۆ سبەینێ، سبەینێ دەست بکەینەوە بە گفتوگۆ و دوایی پرۆژەیەکیش لەلایەن شاندەکەی کە سەردانی کۆبانێیان کردووە و لەگەڵ لیژنەی یاسایی حازر بکرێ، بۆ ئەوەی بەیانی بخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە گفتوگۆکانمان دوا بخەین بۆ بەیانی؟ ٣٩ کەس لەگەڵ ئەوەیە گفتوگۆکانمان دوابخەین بۆ بەیانی، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەردەوام بین؟ ٣٠ کەس لەگەڵ ئەوەیە کە بەردوام بین، کەواتە گتوگۆکانمان دوا دەخەین بۆ بەیانی، سەعات ١١ دەست دەکەینەوە بە کۆبوونەوەکەمان، بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ١٥\١٠\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

**چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٥**

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدين قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان — عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا دانیشتنی ژمارەی (٥)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ.

٢. خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەست پاکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٣. گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٤ ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەپێی خاڵی (٢)/ بڕگەی یەکەم/ ماددەی (١٠) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە (٥)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١٠/١٥، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٠/١٥ بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ.

**٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی دەستەی گشتی دەست پاکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

**٣ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

**٤ ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەپێی خاڵی (٢)/ بڕگەی یەکەم/ ماددەی (١٠) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز مامۆستا (مولود باوەمیر) دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە حکومەتی هەرێم، پێش ئەوە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو دەخوێنێتەوە فەرموو.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/١٠/١٤ مۆڵەت پێدراون، یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (١ـ دلشاد شعبان عبدالغفار ـ ئامادەنەبووە، ٢ـ زۆزان صادق سعید ـ مۆڵەت، ٣ـ عمر صالح عمر ـ مۆڵەت، ٤ـ محمد صادق سعید ـ مۆڵەت، ٥ـ مەردان خضر مصطفی ـ ئامادەنەبووە).**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان باس لە کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکات، فەرموو.**

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لەو ڕاپۆرتەی دوێنێ پێشکەشکرا لە سەر کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنە هەمیشەییەکانی ناو پەرلەمان هەندەك کەموکورتی هەبوون و، بەتەئکید ئەو کەم و کورتیانە لە دانیشتنەکانی داهاتوو چارەسەر دەکرێن، ئەوەی غیابات هەندەك لیژنە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دابوو و تۆمار نەکرابوون، مەسەلەن لە تۆمارنەکردنەکەش بەڕاستی ئەنقەست نەبووە، دیاربوو بەرپرسی ئەو دۆسیە سەفەری کردووە، ئەوەی تریش ئەوەندە شارەزاییان نەبووە، ئێستا ڕێکخران، بەتەئکید ئەو کەم و کورتیانەی ڕوویانداوە دووبارە نابنەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە کورتەیەك لە کۆنووسی پەرلەمان بخوێنێتەوە فەرموو.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤) لە بەرواری ٢٠١٤/١٠/١٤ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:**

**١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە، هەروەها خوێندنەوەی وتاری سەرۆك پەرلەمان سەبارەت بە رەوشی کۆبانێ.**

**٢ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەبوو و، ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.**

**٣ ـ گفتوگۆکردنی لە سەر راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەست دەکەین بە گفتوگۆکردن لە سەر بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتیە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ، داوا لە بەڕێزیان دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ دەستکردنەوە بە گفتوگۆکانمان، ئێستا دەست دەکەین بە خوێندنەوەی ئەو ناوانەی کە پێشتر ناویان نووسیوە بۆ گفتوگۆکردن بەڕێز (د. شێرکۆ) لێرە نییە، فەرموو خاتوو شکریە اسماعیل.**

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبعەن لە سەرەتا رێز و تەقدیر و دەست خۆشی بۆ ئەو شاندەی کە سەردانی کۆبانێیان کرد، دیارە لە ٢٠١٤/١٠/٩، کۆمەڵێك لە ئێشگران هاتن بۆ بەردەم پەرلەمان، ئێمە چەند پەرلەمانتارێك پێشوازیمان لێ کردن، کۆمەڵێك داواکاریان هەبوو، بەڵام لە داواکارییە سەرەکییەکەیان کە زۆر جەختیان لێ دەکردەوە، داوای ئەوەیان دەکرد کە کانتۆنەکانی رۆژئاوا بە رەسمی بناسێندرێن، من دەڵێم بەڕاستی ئێمە پێویستە هەوڵ بدەین ئەگەر لە رووی مەعنەویشەوە ئەمە سوودی هەبێ بۆ ئەوان، ئێمە ئەگەر ئەمە نەکەین لە رووی مێژووییەوە بەرپرسیاریەتیمان دەکەوێتە ئەستۆ. خاڵی دووەم: داوا لە سەرۆکی کۆماری عێراق بکرێ کار لە سەر بە شەرعی ناساندنی کانتۆنەکان بکرێ و، هەروەها هەوڵ بدرێ لە رووی دیبلۆماسی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سەر ئەم پرسە بێنە دەنگ و هاوکاری ماددی و مەعنەوی زیاتر پێشکەش بە کانتۆنەکان بکرێ و، هەروەها هەوڵ بدرێ دۆسیەی کۆبانێ لە مەحاکمی دوەلی بجولێندرێت، ئێستا کە (صالح مسلم) لە کوردستانە، پێم باشە ئەگەر بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان پەیوەندی پێوە بکەن، داوای دوو شتی لێ بکرێ یەکەم: داوای ئەوەی لێ بکرێ کە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی تری حیزبە کوردستانییەکانی ئەوێندەرێ پەیوەندی بەهێز بکا، ئەوانیش بەشدار پێ بکا و، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ (سوپای ئازاد) بەهێز بکا کۆمەڵێك ئیتیفاقیەی لەگەڵ بکا، بۆ ئەوەی لە داهاتوو ئەو حکومەتە کاتییەی کە ئەوان پێکیان هێناوە، دەسەڵاتیان گرتە دەست کە ئەوان بتوانن سەربەخۆیی وەربگرن یان بەلای کەمەوە کۆمەڵێك شت بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی داهاتووی خۆیان پێ مسۆگەر بکەن، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك تحسین.

**بەڕێز تحسين اسماعيل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدە سەربەرزەكانی كوردستان دادەنوێنم، هیوای چاكبوونەوەی بەپەلە بۆ برینادارەكان دەخوازم كە لە سایەی خوێنی شەهیدان و شەونخونی و گیان فیدایی پێشمەرگە قارەمانەكانی كوردستانە، كە خاوەنی پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێم و حكومەتی هەرێمی كوردستانین و گەلەكەمان بە ئاسوودەیی دەژی، هاوخەمی خۆم بۆ خەڵكی زوڵم لێكراوی كۆبانێ و شنگال دەردەبڕم، دەست خۆشی لە شەرڤانان و خەڵكی خۆڕاگری كۆبانێ دەكەم كە قارەمانانە بەرگری دەكەن، ئێمەش لە هەرێمی كوردستان بە دڵ وگیان لەگەڵ خەڵكی خۆشەویستی كۆبانێ داین، من دەست خۆشی لە شاندی پەرلەمان دەكەم بۆ كۆبانێ، هەندێك تێبینی بچووكم هەیە لە سەر راپۆرتەكەیان لە لاپەرە (٨) خاڵی دوو، دیارە نووسراوە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەفەرمی مامەڵە لەگەڵ كانتۆنەكانی رۆژ ئاوای كوردستان بكات، لە سەر بنەمای رێككەوتننامەی هەولێر، منیش پشتگیری لەم خاڵە دەكەم كە برادەران دوێنێ هەندەك تێبینیان هەبوو، بەڵام كاك (صالح مسلم) كە خۆی لێرەیە، ئەم خاڵە زۆر بە گرنگی وەرگرت و ئێمەش هەوڵ بدەین هاندەر بین بۆ ئەوەی ئەوان زیاتر لێك نزیك ببنەوە، لە خاڵی پێنجەم: دەڵێ پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان هاوكاری مرۆیی پێشكەش بە ئاوارەكانی كۆبانێ بكات، وەكو ئەوەی نەیكردبێ، نەخێر هاوكاری مرۆیی زیاتر بكات، پشتگیری بەڕێزان (د. فرست و حاجی كاروان و ئومێد خۆشناو) دەكەم، ئێمە لە هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر و باشتر هاوكاری كۆبانێ بكەین و بتوانین لە ئێش و ئازارەكانی كۆبانێ و شنگال كەم بكەینەوە، پێویستە یەك ریزی و تەبایی خۆمان بپارێزین، هەوڵ بدەین ئەوەی دەیڵێین و ئەنجامی دەدەین لە خزمەت گەل و وڵاتەكەمان دابێ، با ئەتەكێتی پەرلەمانتاری بپارێزین و هەوڵ نەدەین یەكتر بریندار بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین هاوكاری كۆبانێ بكەین، با خۆمان لە موزایەدات بە دوور بگرین، دەبێ ئەوە بزانین كە هیچ حیزبێك بەتەنها ناتوانێ تا سەر و بەبێ ركابەر ئەسپی خۆی تاو بدات، هەر سێ سەرۆكایەتی (پەرلەمانی كوردستان و هەرێمی كوردستان و حكومەتی هەریم) بەهەماهەنگی هەوڵی جدی بدەن بۆ ئەوەی حیزبە كوردستانییەكانی رۆژئاوا یەك بگرن و یەك ریزی و تەبایی نێوانیان پتەو بكەن، تاكو ئێمەش لە هەرێمی كوردستان زیاتر بتوانین هاوكاری كوردانی رۆژ ئاواو بەتایبەتی كۆبانێ بكەین، گەورەترین و كاریگەرترین چەك كە خەڵكی كوردستان پێویستی پێیەتی تاكو لە دژی دوژمنان و تیرۆرستان بەكاری بێنێ، یەك ریزی و تەباییە، دەبوایە سوود لە رابوردوو وەربگرین و هەوڵی جدی بدەین بۆ ئایندەیەكی گەش و رووناك تر بۆ گەل و وڵاتمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خلف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا وێرای دەست خۆشیم لە لیژنەی بەڕێز کە راپۆرتەکەیان ئامادەکرد، پێم خۆشە بپرسم، ئایا هاوکاری پەرلەمانی کوردستان لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە گەینرایە ئاوارەکان و خەڵکی کۆبانیێ؟ ئەگەر هاوکاریان پێ بووە، چەند بووە؟ و چۆن خەرج کراوە؟ ئەگەر شتێك لە سەر ئەوە روون بکرێتەوە لە لیژنەی بەڕێز، لە راستیدا ئەم پەرلەمانەی ئێمە تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە کە جیاوازە لە زۆربەی هەرە زۆری پەرلەمانەکانی تری دونیا ئەویش مەسائیلی نەتەوەییە، ئێمە گەلێکی بەشکراوین لە یەکێك لە پارچەکانی خاکی ئەم گەلەدا پەرلەمانێکی شەرعی و قانونی هەیە لە چوارچێوەی وڵاتێکی تردا کە عێراقی فیدڕاڵە، بۆیە هەمووومان درك بەوە دەکەین کە مەترسیەکان یان هەندێك هەوڵی ئێمە دەبێ مەخرەجی قانونی و، بەشێوازی خۆی بۆی بدۆزرێتەوە تاکو بتوانین دان بنێن یان بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ بەشێکی تری خاکی وڵاتەکەمان بکەین کە رۆژ ئاوایە، بۆیە هەر لە رابوردووەوە تاکو ئێستا کە قسە لە سەر دۆخی کۆبانیێ کراوە و، قسە لەسەردۆخی رۆژئاوا بە شێوازێکی گشتی کراوە، ئەمە هۆکاری ئەوە بووە کە جەدەلی زۆر هەڵبگرێ و گفتوگۆی زۆر هەڵبگرێ، لەبەر ئەوە هەمووومان بە پەرلەمانتارانەوە، بە فراکسیۆنە جیاوازەکانەوە، بە سەرۆکایەتی بەڕێزی پەرلەمانەوە، هۆکاری ئەمە بووە کە ئێمە زۆر لە سەری جەدەل بکەین، بۆیە هەڵئەگرێ ئێستا بڵێین نە هەوڵی پەرلەمانتاران لە رابوردوو موزایەدە بووە، نە وەڵامەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆ پەرلەمانتاران موبەڕیڕی خۆی نەبووە و، لە جێگەی خۆی دانەبووە، بۆیە گرنگە ئەمڕۆ کە رۆژێکی زۆر مێژووییە بۆ پەرلەمانی کوردستان پارچەیەك لەم پارچەی کوردستانە کە پەرلەمانی شەرعی خۆی هەیە، قسە لە سەر بەشەکانی تری وڵاتەکەمان دەکات و، قسە لە سەر کەیسێکی تری نەتەوەکەمان دەکات، ئەم رۆژە وەك رۆژێکی مێژوویی پڕشنگدار بۆ هەمووومان، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز و، بۆ هەموو فراکسیۆنەکان تۆمار دەکرێ، جێگەی خۆیەتی هەمووومان شانازی پێوە بکەین و، هەمووومان کۆك بین ئەمە بکەینە هۆکارێك بۆ ئەوەی پێکەوە و بەیەکەوە هەموو مەسئەلە نەتەوەییەکانمان و، هەموو کەیسەکانی ترمان ببەینە پێشەوە، زۆر گرنگە ئێمە توانای سیاسی دیبلۆماسی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بۆ ئێمە لە باشووری کوردستان نەگونجاوە ئێستا کە بەشێکی تری ئەم وڵاتەی ئێمە لە بەرخودان و شۆڕش دایە، بۆ نموونە ئێمە لە رابوردوو لە باشوور شۆڕشمان کردووە، توانای دیبلۆماسیمان توانای نێو دەوڵەتیمان، سەردانمان بۆ وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا، عیلاقاتمان بە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا لەم ئاستەدا نەبوو تا بتوانین ئەو شۆڕشانەمان لە رابوردوو وەك بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی لە (UN)، لە نەتەوە یەکگرتووەکان بناسێنرێ، بەڵام ئێستا بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لەم هەرێمەی ئێمە هەیە، ئێستا مونەسیقی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (UN) هەیە، زۆر زۆر گرنگە ئێمە ئەم توانایەی خۆمان لە ئەمریکا و لە ئەورووپا بخەینە گەڕ تاکو بتوانین بەرخودانی خۆرئاوا وەك بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە (UN) بناسێنرێ، کە ئەمە سوودی

دەبێ بۆ ئێستای شۆڕشەکە، بۆ ئایندەی ئەو کانتۆنانە لە خۆرئاوا و، لەوەش گرنگتر ئەوەیە با هەموومان گەورەیی وڵاتی تورکیا لەبەرچاو بگرین و، کاریگەری وڵاتی تورکیا وەك دراوسێیەکی ئێمە، وەك زل هێزێکی مەنتیقەکە لەبەرچاوی بگرین و، ئەو عیلاقاتانەی کە خۆمان هەمانە لەگەڵ تورکیا بیخەینە گەڕ تاکو بە تورکیای دراوسێ و دۆستی خۆمان بڵێین کەیسی نەتەوەیی لە تورکیا کەیسێکی کەم نییە، پەیوەندی راستەوخۆشی بە رۆژئاواو بە کۆبانێیەوە هەیە، دەکرێ ئێمە وەك دۆستێکی نزیکی تورکیا هەموو موحاوەلات و پەیوەندییە دیبلۆماسی و ئابووری و بازرگانییەکانی خۆمان بەکاربێنین تاکو تورکیا لەوە تێبگەێنین کە کەیسی چارەسەری، مەلەفی چارەسەری، کە لە رابوردوو قسەیان لە سەری کردووە کلیلەکەی پەیوەندی بە بەڕێز (عبدالله ئۆجەلانەوە) هەیە، لەبەرئەوە لەم سەروبەندەدا هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکان لە دوای ئەوەی ئەو پەرلەمانە بەڕێزە بە بڕیارێك دەردەچێ هەمووومان موتابیعی ئەوە بین کە هەموو پەیوەندییەکانمان بخەینە گەڕ تاکو بتوانین (عبدالله ئۆجەلان)ئازاد بکرێ، چونکە ئازادکردنی ئەو کلیلی چارەسەری هەموو کێشەی کوردە لە باکوور و، لە خۆرئاوا بەتایبەتی، بۆیە ئەمڕۆ هەر بڕیارێك ئاڕاستەی پشتیوانی کردن بێ لە خۆرئاوا لەم پەرلەمانە دەربچێ جێگای دەست خۆشییە و، ئێمە هەمووومان پابەندی ئەوە بین لە چوارچێوەی ئەو مەلەفە گەورەی کە مەلەفی نەتەوەییە پابەند دەبین بە پەرلەمان و بە دام و دەزگاکانی خۆمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو شیلان.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنەوەو دەست خۆشیم لە شاندی پەرلەمانتاران و، هەوەها دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ناردنی شاندی پەرلەمان بۆ کۆبانێ، من نامەوێ زۆر درێژە بە قسەکانم بدەم، چونکە براکانم، خوشکەکانم هەر یەکە لە دوێنێوە باسیان کردووە، بۆیە پشتگیری لە راو بۆچوونی برای بەڕێز کاك (حاجی کاروان و کاك عبدالرحمن و کاك ئومێد خۆشناو) دەکەم و، ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم لە سەر راپۆرتەکە ئەوەیە کە تیایدا ئاماژەکراوە کە زیاتر لە (١٨٠) هەزار خانەوادە ئاوارە بوون و، ئێستا لە حاڵەتێکی زۆر ناشیاو و خراپ دان، ئەمە جێگەی نیگەرانییە، بەڵام ئەوەی جێگەی شانازییە ئەوەیە کە ئەو موقاوەمەیەی شەرڤانانی کۆبانێ ئەیکەن بۆ پاراستنی خاك و ماڵ وشەرەفی خۆیان لە دژی تیرۆریستانی داعش، بەڵام ئەوەی شەرڤانان جیا ئەکاتەوە لە چەتەکان، ئەوەیە هۆی سەرکەوتنی شەرڤانان بیر و باوەڕی کوردایەتی و پاراستنی خاك و گەلە، زۆر جێی نیگەرانییە کە لە ڕاپۆرتەکەش هاتووە، تەنیا هاوکارییەك کە بە دەستیان گەیشتووە، ئەو هاوکارییە کە لە نووسینگەی ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانییەوە نێردراوە و، دەزگای خێرخوازی بارزانی و ئەو هاوکارییەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ڕێگەی شاندەکەوە. ئەو بۆردوومانانەی لە ڕێگەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش ئەکرێ، ئەوە گرنگە، بەڵام

ئەوەی پێویستە ئەبینین کۆبانێ بەرەو حاڵەتێکی نادیار ئەڕوات و ترسی کارەساتی مرۆیی گەورەی لێ ئەکرێ، بۆیە پێمان باشە لەو قۆناغە داوا لە هێزی هاوپەیمانان بکرێ هێرشی ئاسمانی بۆ سەر کۆبانێ زیاد بکات، دوو: فشاری زیاتر بخرێتە سەر حکومەتی تورکیا تا سنوورەکانی بکاتەوە بۆ گەیاندنی پێداویستی چەك و تەقەمەنی و خواردن بۆ ئەوەی بگاتە شەڕڤانان، سێ: داوا لە (UN) بکرێ بۆ هەوڵی ڕزگار کردنی ئەو کەسانەی لە ناو کۆبانێن و، ڕێگەیان بۆ بکاتەوە، لە کۆتایی دا ئەڵێم بە ئومێدی ئەوەی ئەو شەڕە ببێتە هۆی یەکبوونی گەلی کورد، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حسن.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ناردنی ئەم شاندە، بۆ مەڵبەندی مقاوەمەت و بەرگری لە بوونی کوردان، لە هەمان کات دەست خۆشیش بۆ ئەم شاندە و نرخاندنی ئەم چوونەیان و، پیرۆزباییان لێ ئەکەم ئەو شەرەفە گەورەیان پێدرا لە سەردانی کردنی کچان و کوڕانی شەڕڤانانی کورد لە کۆبانێ، هەمووومان ئەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە میللەتی ئێمە ئەگەرچی ئێستا دۆستێکی زۆری بۆ پەیدا بووە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هێشتا زۆر دوژمن ماوە و، داگیرکەرانی کوردستانیش لەو دوژمنانەن، ئێمەی کورد بە داخەوە لە مێژووی ئەو (٢٣) ساڵەی ڕابردوودا زۆرجار داگیرکەرانی کوردستان هەریەکە لە لایەکەوە تەداخولی کاروباری کوردستانیان کردووە، نەك بەربەست نەبووە، بەڵکو ڕێگەشیان بۆ خۆش کراوە، و لە دوای پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق و بەشداری کردنمان لە حکومەتی ناوەند هێشتان نەمانتوانیوە لە مۆتەکەی ئەو تەداخولاتانە دەربچین، نەماتوانیوە بۆ جارێکیش بێت کارتی فشار بە قازانجی ئەزموونەکەمان بەکاربێنین، بۆیە ئەم پێشنیارانە ئەخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی دەستێکی میهرەبانانە بنێین بە زامی خوێن لێچۆڕاوانی کۆبانێ: دانان بە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا بەو شێوەی گەل لە ڕۆژئاوا ئەیەوێ، چونکە ئەم کانتۆنانە بەشێکن لەو دەستکەوتە نەتەوەییانەی کە مێژووی خوێناوی گەلەکەمان بەرهەمی هێناوە، من نازانم چ یاسایەك ڕێگرە، ئەگەر هەرێم مامەڵەی فەرمی لەگەڵ کۆبانێ و جەزیرە و عەفرین بکات؟ ئەگەر عێراق تووڕە ئەبێت با دەستوور جێ بەجێ بکات، بۆ ئێمە جارێك تووڕە نەبووین، جارێك دەمووچاومان گرژ نەبوو بەرامبەر حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دوای ٢٠٠٣، بۆ ماددەی ( ١٤٠) و کۆمەڵێك داخوازی کوردیان جێ بەجێ نەکرد، تووڕەش نەبووین؟ بە دەیان و سەدان و هەزاران کورد لە باکوور شەهیدکران و زیندانی کران و تورکیا نەك هاوارمان نابیستێ، بگرە شانازی بە کورد کوشتنەوە ئەکات، ئەمە پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، هەر تووڕە نەبووین.

بەداخەوە ئەیڵێم بۆ؟ بۆ شەڕی ناوخۆ خاك و سنووری وڵاتان بە کاردەهێنرا، بەڵام ئێستا بۆ هاوکاری گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا ڕێگەیەك نییە بۆ هاوکاری کردنیان، لە سەردەمی شاخ و شۆڕش چەك لە لیبیا و

ولاَتانی تر به قاچاغ ئەگەیشتە كوردستان، ئەدی خێرە ئێستا دەروازەكانی دونیا بە ڕووی كۆبانێ داخراون؟ لە كاتێكدا زۆربەی ولاَتانی دونیا هاودەنگن بۆ پاڵپشتی گەلەكەمان لە دژی تیرۆریستانی داعش، بەداخەوە ولاَتی توركیا نەك هاودەنگ نییە، بەڵكو گومانی گەورەی لەسەرە كە یارمەتی داعش ئەدات و بریندارەكانیان چارەسەر ئەكات، بۆیە داوا لە هەرسێ سەرۆكایەتی هەرێم ئەكەم كە: هەتا بكرێ توركیا ڕازی بكەن بێتە ناو ئەو هاوپەیمانیەتییە نێودەوڵەتییەوە كە لە دژی تیرۆریستانی داعش بەرێوەیە، ئەگەرنا پێشنیار ئەكەم بە هەموو پەیوەندییە سیاسی و ئابووری سەربازییەكانیدا بچێتەوە لەگەڵ توركیا و، ئەو گرێبەستە (٥٠) ساڵییە هەڵبوەشێنێتەوە، چونكە خەڵكی كوردستان و حكومەتی هەرێم بە نیسبەیەكی زۆر كەمتر لە توركیا سوودمەند بووە لەو گرێبەستە، لە مەسەلەی ناردنی نەوت لە ڕێگەی توركیا. دەركردنی هەموو كۆمپانیا توركەكان.

داوا لە خەڵكی كوردستان ئەكەم وەكو هەڵوێستێكی نیشتیمانیی دژی توركیا، نە جل و بەرگی توركی بكڕن، نە خواردنی توركی بخۆن و، داوا لە هەموو تیڤیەكانی كوردستانیش ئەكەم، هەرچی تیڤی كوردیە لە كوردستان هەیە، جگە لە موسەلسەلی توركی هچی تر پەخش ناكەن، وەكو هەڵویستێكی نیشتیمانیی ئەوانیش ئەو موسەلسەلانە ڕابگرن، چونكە تاكو دەروازەی دەرباز بوونی خەڵكی خۆڕاگری كۆبانێ، تاكە دەروازە بەشی باكووری شارەكەیە، لە ئێستا ڕێگری گەورەی توركیا نەك هەر گومان، بەڵكو ئەو ڕاستییە ئەسەلمێنێ كە توركیا لە دژایەتی گەلی كورد هیچ سڵی نەكردۆتەوە، خاڵێكی تر هەرچەندە یەك دڵۆپ خوێنێ كوردستان بۆ من و دڵنیام بۆ هەمووتان لە هەموو دونیا بە نرخترە، بەلاَم من فراوان بوونی جەبهەكان لە هەرێم و، كردنەوەی جەبهەیەكی تر لە كانتۆنی جەزیرە بە كەمبوونەوەی ئەو قورساییە ئەبینم كە لەسەر شانی كۆبانێیە، ئەكرێ لە جەزیرەدا هێزی كوردستانیش بەشدار بێت، و هاوپەیمانانی شەڕی دژی داعشیش قەناعەت پێ بكرێ، بۆ ئەوەی ئەو خەتەی نێوان جەزیرە و كۆبانێ بكرێتەوە، یان لایەنی كەم ئەو هەموو حیزبەی لە ڕاپۆرتەكەدا ناویان هاتووە و داوایان لە جەماوەرەكەیان كردووە و بە قسەیان نەكردوون، جارێكی تریش داوایان لێ بكرێتەوە، و جەبهەیەك بگرن تا لایەنی كەم هەوێنێكی باشیش بێ بۆ یەكڕیزی گەلەكەمان، ئەم گەنجانەی لە كۆبانێیەوە دێنە هەرێم، من ئەوە بە دەستكەوت نازانم بەرێزان، پێم وایە......

**بەرێز د. یوسف محمد صادق - سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموّستا حسن زۆر زۆرت خایەند.

**بەرێز حسن صالح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

......زۆرم نەمایە عەفوو، ئەوانەی لە باكوورەوە دێن، بە تایبەتی لە كۆبانێ، بە قەناعەتی من ڕێگریان لێ بكرێ لە هاتنیان، بۆ ئەوەی بچن لەگەڵ برا و خوشكەكانیان جەبهەیەك بگرن، نەك بێنە كوردستان و لێی

پاڵدەنەوە، ئەمەوێ ئەوەش بڵێم تیرۆر و تیرۆریست شەڕ لەگەڵ ئازادی و مەدەنیەت ئەکات، نەك شەڕ لەگەڵ تیرۆریستان، ئەمریکا بۆخۆی ئەڵێت پەکەکە شەڕی دژە داعش ئەکات، کەواتە با قورسایی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە بەکاربێنین، بۆ ئازادی گەل و نیشتیمانی خەبات کە ئەیکات ئازادیخوازە نەك تیرۆریست، هەر هەوڵێك لەلایەن ئەم سێ سەرۆکایەتییەوە، بە تایبەت لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، پێم وایە دەروازیەکی باش ئەکاتەوە بۆ لێك تێگەیشتن و بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، چونکە بەراستی پەکەکە شەڕی میللەتێکی ئازادیخواز ئەکات، نەوەك تیرۆریست بێت، ئێمە زۆرمان شەهید داوە، بەدەست قەناسەکانی داعش، بۆیە ئەوەی هاوکاری دەیان قەناس ئەکات لە جەلەولاوە بۆ کۆبانێ، و لە کۆبانێوە بۆ جەلەولا بێن و بڕۆن، ئەوانە بە خائیین و خۆفرۆش لە قەلەم بدرێن، چونکە ئەو بەنزینە ئەو قەناس بەدەستانە لەوێ بۆ ئەوێ ئەگوازێتەوە، نەك کەسێك و دوو، بە دەیان خەڵك ئەکوژن، لە کۆتاییدا ئەڵێم، لەوەتەی هەین خەبات بۆ ئازادی ئەکەین، خەبات بۆ دەوڵەتی کوردی ئەکەین، پێم سەیرە باس لە یاسایی و نایاسایی کانتۆنەکان بکرێ، بە دڵنیاییەوە ئەوە مافێکی گەلی ئێمەیە، زۆر یاساییە گەلی کورد لە ڕۆژئاوا نەك کانتۆن دروست بکەن، بەڵکو مافی ئەوەمان هەیە دەرزی و دوورمان بێنین و پارچەکانی کوردستان لێك بئالێنینەوە، هەر ئیلتیزاماتێکمان بە خواستە نادیموکراتییەکانی تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا بە پاساوی یاسایی و نایاسایی، ئەوە لە شەئنی خەباتی گەلەکەمان کەم ئەکاتەوە، کە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانین، دواجار سڵاو لە پێشمەرگە شەڕڤانەکان، بەرز و پیرۆز بێت ئەو موقاوەمەتە بێ وێنەیەی یەپەگە و پەکەکە لە کۆبانێ، لای من کۆبانێ نەك ئیعتیراف پێکراوە، بەڵکو کۆبانێ ئیعتیرافی بە دونیا کرد کە کورد بە تایبەتی کۆبانێ مەدرەسەی بەرگرییە لە گەلێکی بێ بەش، لە مافە نەتەوەییەکان، پێویستە زیاتر لە ئیعیتراف، جیهان سوپاسی کۆبانێ بکات کە شەڕی هەموو دونیا ئەکات، دوا پێشنیاریش ئەوەیە لەگەڵ داوای گورزی زیاتر لە لایەن ئەمریکاوە بۆ سەر هەموو ناوچەکان، بە تایبەت بۆ سەر کۆبانێ، چونکە ئاوا بڕوات شۆڕشی مردوو خۆرەکان لە کوردستان سەر هەڵدەداتەوە، بە تایبەت لە کۆبانێ، لەگەڵ ئەو داوا کارییە، پێشنیار ئەکەم پەرلەمانی کوردستان سوپاسی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانەکان بکات، بەراستی بەپیل ئێمەوە هاتن لەو شەڕەو، سوپاسی خەڵکی کوردستانیش بکرێ کە خۆڕاگر بوون بە هاوکاری و خۆپیشاندان لە دژی ئەوە، لە کۆتاییدا جارێکی تر گرنگی ئەم دانیشتنە لەوە ئەبینمەوە کە ئێمە بە بڕیارێکی باش دەربچین لە خزمەتی کورد و کوردستان و خەڵکی کۆبانێ، و پشتگیری لە ڕای کاك عمر عینایەت ، برزۆ مجید، کاك باپیر کاملا ئەکەم......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

حا هیچت تێدا هێشتەوە ماڵ ئاوا؟

**بەڕێز حسن صالح:**

پشتگیری ئەو خاڵەی گەشە خانیش ئەکەم، بەراستی ڕۆڵی تورکیا کاراتر بکرێ، ئەوە ڕەخنەیە لە ڕاپۆرتەکە، تورکیا هیچ ڕۆڵی نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو دکتۆر ابراهیم نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز گلەیەکا بچیك ل سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ هەی، ئەڤ سنگ فراهیا و، بۆ هەر هەڤاڵەکی مە ب کەیفا خۆ بئاخڤێت، و ئەوڕاڤا تێکەل کەت، شەڤەکی ستراتیجیا تورکیا هەڤلێرێ، شەڤەکی کۆبانیا، حەقیقەت ئەڤە تێکەل کرنە، و ئەڤ حەماسەتا هەڤالێت مە دشێوێتن، و هەست دکەن ئەمێ دەولەتەکا سەربەخۆیا زلهێزا وەکی ئەمریکا دا شەست ساڵ تیدا چین......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر بەڕێزت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ناتوانی قسە لەسەر قسەی پەرلەمانتارانی تر بکەی.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

ناوم نەهینایە......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی تۆ نوقتەی نیزامی نییە، تکا ئەکەم، هەر پەرلەمانتارێك ئازادە ڕای خۆی بڵێت، بەلاَم بە دڵنیاییەوە ڕەنگە ڕای ئەو پەرلەمانتارە بەشێکی پەرلەمانتاران پێی ڕازی بن، بەشێکی پێی ڕازی نەبن، بۆیە داوا ئەکەم هەمووتان ڕێز لە جیاوازییەکانی یەکتر بگرن، بەلاَم لە هەمان کاتیش بەراستی ئەم شێوە گفتوگۆ کردنە لە ناو پەرلەمان مونتیج نییە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەبێ توانای خۆمان بزانین، ئەبێ بزانین چیمان هەیە؟ چیمان نییە؟ چ جەبهەیەکمان لەخۆمان کردۆتەوە؟ چ جەبهەیەکی تر لە خۆمان ئەکەینەوە؟ ئایا جل و بەرگی تورکی لە هەرێمی کوردستان قەدەغە بکەین جێگەی بەچی پڕ ئەکەینەوە؟ ئایا دەرزی و دوورمانمان هەیە تا پارچەکانی کوردستان پێکەوە ببەستینەوە مامۆستا حسن؟ بەڕێزت ئەوانەت فەرموو، ڕای بەڕێزتانە، پەرلەمانتارانی تریش ڕای خۆیان هەیە، بەلاَم تکا ئەکەم ڕاستە نوێنەری خەڵکن، لەژێر فشاری شەقامن، بەلاَم لە هەمان کات پەرلەمانی کوردستان ئەبێ ئاراستەی شەقامیش بکات، ئەبێ هەندێ ڕاستی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بە خەڵکی کوردستانی بگەیەنێ، ئێمە ئەبێ لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکەین کە خەڵکی کوردستان قازانجی لێ بکات، دوای ئەوەی بڕیارمان دەرکرد، هەرشتێك لەم پەرلەمانە بڕیاری لێ درا، دوایی خەڵك ڕەخنەی ئەوەمان لێ بگرێ کە سەرەڕای ئەوەی نەمانتوانی باری خەڵکی کوردستان سووك بکەین، زیاتر قورستری بکەین، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکان زۆر کران، هەندێ جار هەیە تیکرار دەبێتەوە، پێم باشە واقیع بینانە بیر لەو وەزعەی خۆمان بکەینەوە کە لە هەرێمی کوردستان و لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە باکوور، لە باشوور، لە هەر شوێنێك

ڕوودەدات، زۆر بە واقیعیانە بیری لێ بکەینەوە و، هەنگاوی پێویستیشی بۆ باوێن، کەس نییە نکۆڵی لەوە بکات یان پێی خۆش نەبێ ئەوەی پێی ئەکرێ لە فیشەکێك، لە سەموونێك، لە هەر شتێك بۆ کۆبانێ بینێرێ بە بێ درێغی، ئەتوانم بڵێم سیباقی لەسەر ئەکرێ، بۆیە نەبێتە موزایەدە کە وا تەسەوڕ بکرێ کێ لە کێ باشترە، هەموو خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ پەرۆشی کوردە، بەلام کە ئەڵێین واقیع بینانە بین، مەبەستم ئەو ئیمکانیەتەی هەرێمی کوردستان لە دەستی دایە، ئایا ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تەواوین هەموو ئەو ئیمکانیەت و ئیرادەی لە دەستی ئێمەیە کە تەحەکوم بە وەزعەکان بکەین؟ یان وەزعێکین کە مەترسی تیرۆریستانی داعش و خەڵکی تر لە دەوری ئێمەیە، هەر ڕۆژانە شەهیدمان ئەبێ، ڕۆژانە لە شوێنێك پەلامار ئەدرێین لە سەرنگەرەکانی کوردستان، لە شەنگال هەتا دەگاتە جەلەولا، ئەوەی بە ئێمە ئەکرێ وەکو هەرێمی کوردستان، کە باسم لە مەترسیەکان کرد، لە تەقینەوەکان، لە داگیر کردن، ئەوەی پێی کرا، کرایە، بۆ نموونە قەرەتەپە لەو ڕۆژانە گەورەترین کارەساتی لێ ڕوودا، بۆیە ئەو ئیمکانیاتانەی هەیە هەرێمی کوردستان درێغی نەکردووە، سەرۆکایەتییەکان، سەرۆکی هەرێم بە بەردەوامی لەسەر هێڵ بووە بۆ کۆکردنەوەی دەنگی نارەزایی، بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ، سەرۆکایەتی پەرلەمان درێغی نەکردووە، سەرۆکایەتی حکومەتیش درێغی نەکردووە، داوا کارم لە هەموویان چۆن بەردەوام بوونە هەر وابن، بۆ ئەوەی بتوانن پشتیوانی زیاتر بۆ کۆبانێ و هەرێمی کوردستان مسۆگەر تر بکەین، لەگەڵ ئەوەش ئەحزابە سیاسییەکانیش هاوکاری سەرۆکایەتییەکان بن، بۆیە ئەو کۆدەنگیە کۆ بکرێتەوە، کۆبانێش سەر دەکەوێ ، کوردستانیش سەردەکەوێ، بۆیە هەرێمی کوردستان لە ڕووی چەك و تەقەمەنی بە پێی ئەوەی لێدوان درایەو ، سەرۆکایەتی حکومەتیش باس ئەکات، چەك و تەقەمەنی نێردراوە، هاوکاری نێردراوە، ئەوەی ئەمێنێتەوە، ڕاستە ئەوان پێویستیان بە چەك و تەقەمەنییە، ئەبێ هەوڵ بدرێ، لەوانەیە هەر چەك و تەقەمەنیش کیفایەت نەبێ ئەگەر بێت و مەنتیقە جوگرافیەکە بێنینە بەرچاوی خۆمان، پێویستە هەوڵی تەواو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەین، بۆ ئەوەی ئەو هاوکارمان بێت، ئەو لێدوانانەی لە ژووری عەمەلیات کە لە کوردستان پێك هاتووە، لە ڕێگەی ئەوان، لە ڕێگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی ئەمریکا، هەوڵ بدرێ پیدانەکانیان چڕ تر بکرێتەوە، تا بتوانرێ کۆبانێ بە پارێزراوی و بە خۆڕاگری بمێنیتەوە، زروفی کوردستان زۆر ناسکە، بۆیە سیاسەتی حەکیمانەی ئەوێ، سیاسەتێکی وای ئەوێ زۆر بە وردی دیراسەتی ئەو وەزعە بکات.

بەڕێزان تەعامول لەگەڵ دەورو پشتی خۆمان لەگەڵ عێراق، ,ئەمریکا و ئەوروپا و هەموو دونیا بە چ شێوەیەك بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە شتێك نەکەین لەلایەکی تر زەریبەکەی خەڵکی کوردستان بیدات، بۆیە داواکارم کەهەوڵدانەکان بەردەوام بکرێت بۆ ئەوەی لێدانەکانی سەر داعش چڕتر بکرێتەوە، چەندی کرایە جێی خۆی گرتووە بەراستی توانراوە حەدێك بۆ تیرۆریستانی داعش دابنرێت و، هەوڵ بدرێت چڕتری بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین زەربەی زیاتر پێیان بگەیەنین و کوردستان بە پارێزراوی بمێنێتەوە، ئەوەی کە بە پێی زانیارییەکان کە بەر دەستمان دەگات، یاخۆد لەراگەیاندنەکان بەر دەستمان دەکەوێت لە

ناو کۆبانێ، خەڵکێکی زۆر ماون لە خەڵکی مەدەنی بە پێی مەعلوماتەکانیش وەکو باس دەکرێت کەلەوانەیە هەندێك لە پەتاتە یاخود سەمون شتێکی کەمیان مابێت، زەحمەتە بەرگەی ئەو وەزعە بگرن، بۆیە هەوڵەکان چڕتر بکرێتەوە ئەوەی دەکرێت لە ڕووی ئەو پێداویستیانە بەهەر شێوەیەك بێت، هەر ئیمکانیاتەك هەبێت بۆیان دابین بکرێت و، ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەبەر چاو بگرێت کە ئەو ئیمکانیياتەی هەیە درێغی نەکردووە و پشتیوانیش بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوردستانیش دەبێت هاوکاربن بۆئەوەی بتوانرێت لەو قۆناغە ناسك و ناخۆشەی بەسەرماندا هاتووە تێپەڕێنین بەسەرکەوتوویی، داوا لە مونەزەماتی خێرخوازیش بکرێت کە هاوکاری تەواو بکرێن خەڵکەکەمان لەو مەینەتییە ڕزگار بکرێن، دەربارەی حیزبە کوردییەکانی سوریاش بەراستی هەوڵێکی زۆر بدرێت پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکان، ئەوەی جێگای دڵ خۆشییە بەڕێز (صالح مسلم) و ئەوانی تر هاتوونە کۆبوونەوەی دهۆك، ئومێد دەکەین بەرهەمێکی باش هەبیت، چونکە هەموو خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ پەرۆشی یەك ڕێزی و تەبايیە، ئومێد دەکەین ئەو تەبايیە و ئەو یەك ڕێزییە لەوێش دەنگ بداتەوە بۆ ئەوەی هەموویان بەیەك هێز و توانا بتوانن پشتیوانی لە کۆبانێ و لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، دەربارەی دانان یاخود داننەنان بە کانتۆنەکان، ئێمە دیسان دەڵێین هەر هەنگاوێك دەهاوێژین هەنگاوەکانمان بەدیراسەت بێت، کەس نییە لەگەڵ سەربەخۆیش نەبێت بۆ هەر پارچەیەك لە پارچەکانی کوردستان، بەڵام شتێك بکەین بۆ ئەو واقیعییەی ئەوان، ڕێز لە ئیرادەی ئەوان بگرین و چۆنیان دەوێت تەعامولیان لەگەڵدا بکەین و، ئەو کانتۆنانەی یاخود ئەو ئیدارەی کە لە ڕۆژئاوای کوردستان وەکو ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خۆمان، چۆن ئێمە ناومان لێنا فیدراڵی کوردستان تا چەسپا، بەڵام دەبێت بە سیاسەتێکی حەکیمانە هەنگاوی بۆ بنرێت و وابکەین ئەو واقیعییەی ئەوان قبوڵیانە وداوای دەکەن ببێتە ئەمری واقیع، بەراستی ئەو خۆ پیشاندانانەش کە جێگای خۆی گرتۆتەوە لە دونیا، لە ئەوروپا وابکرێت بەردەوامی هەبێت و ئێمەش هاوکارین چ لە هەرێمی کوردستان یاخود لە ئەوروپا و لەدونیا، بۆئەوەی پشتیوانییەکە زیاتر بکرێت، بەڵام دەشکرێت ڕووی خۆمان زیاتر سپی بکەین وانەکرێت کردەوەیەکی وا ڕوو بدات کە ڕەنگدانەوەی خراپ لەسەر هەرێمی کوردستان و لەسەر کۆبانێ بشکێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە شاندی پەرلەمانی کوردستان دەکەم و ڕێز لە ماندوو بوونیان دەگرم، ئێمە دوو ڕۆژە لە گفتوگۆداین لەسەر پرسی ڕۆژئاوای کوردستان و مەترسی لەسەر کۆبانێ بنەمای ئەم گفتۆ گۆیەش ڕاپۆرتی شاندی پەرلەمانییە، بۆیە ئومێدەوارم ئێمە دوای تەواو بوونی گفتوگۆیەکان هەم بە بڕیار، هەم بە ئەنجامەوە دەربچین، کەپێویست بکات و هەمیش بەراسپاردە، ڕاستە ئێمە دەوڵەت نین و لە جەنگ داین و

توانا سەربازییەکانمان سنووردارە، پێویستە ڕەچاوی موعادەلەی سیاسی و هەلومەرجی هەرێمایەتیش بکەین و، لە هەمان کاتدا مەوقعی جوگرافی هەرێمی کوردستان دیارە و مەوقعی جوگرافی کۆبانێش دیارە، بەلأم ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئێمە پێمان وابێت هەموو دەرگاکان بەڕووی ئێمەدا داخراون، حەز دەکەم هەرێمی کوردستان لە قالب و چوارچێوە تیۆرییەکە بەتەواوی دەربچێت و ئەمە خواستی شەقامە، خواستی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بۆیە ئەوەی کە پێویستە بکرێت وەکو هەڤالأن ڕاپانگەیانـد یەکەم: ئێمە بتوانین جیهازی تەنفیزی حکومەتی هەرێمی کوردستان راسپێرین، بۆ ئەوەی هاوکاری زیاتری ئاوارەکان بکات و، هاوکاری زیاتری کوردانی ڕۆژئاوا بکات و، لە ڕووی مرۆییەوە و لە ڕووی سەربازیشەوە هاوکارییەکانمان ئەگەر کردبێت پتری بکەین و، ئەگەر نەمان کردبێت هاوکاری سەربازی و یارمەتی مرۆیی ئەوان بکەین، خالێکی دیکە: پێشکەش کردنی هاوکاری و خزمەتگوزاری زیاتر بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەم ئەوانەی کەلە باشووری کوردستانن و هەمیش ئەوانەی کە لە دەرەوەی سنووری باشووری کوردستانن. سەبارەت بە فەرمی ناساندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، پێویستە نەك بە تەنها مامەڵە کردن بێت لەگەڵیاندا، چونکە دوای بەفەرمی ناساندنیان مامەڵە کردنیشی بە دوادا دێت، ئەمە جەدەلی لێ کەوتەوە لەناو برادەران، قسەی زۆری لەبارەیەوە کرا، ئەمە پەیوەستە بە سیاسەتی خارجی کە بە پێی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش سەلأحیاتی حەسری ناوەندە، لەڕاستیدا ئەمە جەدەل هەڵدەگرێت ئەگەر واقیعیانە سەیری بکەین، بەلأم پەرلەمانی کوردستان کە دانـدەنێت بە کانتۆنەکان، دانانی پەرلەمانی کوردستان کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ ئەم کانتۆنانە دورست ناکات و، ئێمە خۆمان وەکو هەرێمی کوردستان خاوەنی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی نین تاکو بتوانین کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی ببەخشین و، لەهەمان کاتدا ئەوان دەوڵەتیان دورست نەکردووە تاکو داوای شەرعییەتی نێودەوڵەتی بکەن، راستە ئەگەر دەوڵەتیان دورست بکردبایە ئەوە پێویست بوو مەرکەز شەرعییەتی نێودەوڵەتیان پێ بدا، لە هەمان کاتدا پێویستی بە قەراری ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەبوو، بەدەر لەمەش لەڕاستیدا ئەوەی پێویستە ئەمە دەچێتە خانەی چالأکی سیاسی و جووڵەی سیاسی بۆ هەرێم ئەگەر بەم ئەرکە هەستێت، بەلأم هەموو جۆرە چالأکییەکی سیاسی لە دەرەوەی سنووری عێراق و هەرێمی کوردستان دەچێتە خانەی سیاسەی خارجییەوە، ئێمە جووڵەو چالأکی سیاسیمان هەیە و، بۆ ئەم مەبەستە پێچەوانەی دەستووری عێراقیش نییە، چونکە ئێمە بەپێی دەستووری عێراقیش مافمان هەیە لە چوار چێوەی باڵیۆزخانەکان نووسینگە بکەینەوە، بۆیە ئەرکێکی نەتەوەییە ئێمە بەفەرمی بیان ناسێنین.

زۆر باس لەوە کرا کە پێویستە ئەم پرسە بسپێردرێت بە سەرۆکی کۆمار و، بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و، هەموو ئەو کوردانەی کە لە بەغدان، لەراستیدا من پێموایە کە پێویست ناکات ئەمە بەوان بسپێرین، چونکە ئەگەر ئێمە سەیری دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەین، یەعنی وجودی ئەوان موهیمە، بەلأم ئەو کاتە جەدەلەکە دروست دەبێتەوە، چونکە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق کێ نەخشەی سیاسەتی خارجی عێراق دەکێشێت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران موچەت بۆ نانێرێت

ئـيتر چـۆن هـەرێمێك يـان كانتۆنـەكان بەفـەرمی بناسـێنێت؟ چـونكە نـەك نەخشـەی سیاسـەتی خـارجی دەكێشێت بەرپرسی یەكەمـە و، لـە هـەمان كاتـدا هێڵـە گشـتییەكان و تەنانـەت وردەكارییـەكانیش وەزیـری خارجی دیاری دەكات، بۆیە وەكو ئەركێكی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەم واقیعـە هەیـە وەكـو هـەڤاڵان باسـیان كرد ئەمە دیفاكتۆیە، با ئێمە بەفەرمی بیان ناسێنین. سـەبارەت بـە ڕاپـۆرتی شـاندەكە لەراسـتیدا بـاس لـە (A.N.K.S) كرا، ئەمە راستە قسەی ئەوانە گواستراوەتەوە، بـەلاَم ئێمـە پێویسـتە تـەرەفگیری نەكـەین و، داخڵی ئەم سیراعە نەبین، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا گوشار دروسـت بكـەین، گوشـار پێویسـتە ئەگـەر هەوڵـەكان سەری نەگرت، بۆ ئەوەی یەك ڕێزی و تەبایی نەتـەوەیی و نیشـتمانیی لـەو پارچـەیەی كوردسـتاندا بـوونی هەبێت، جگە لەمەش من سەرنجێكی دیكەشم هەیە هاوڕام لە گەڵ كاك دكتۆر ( شـێركۆ) و كـاك (گـۆران) و برادەرانـی دیكـەش، ئێمـە بەفـەرمی ناسـاندنیان، بەفـەرمی مامەڵـە كردنـی كانتۆنـەكان نـە بەسـتینەوە بـە ڕێككەوتنامەی هەولێرەوە، چونكە ئەمە دانانی مەرجە، ڕێككەوتنامەی هەولێر گرنگـی خـۆی هەیـە، ئەمـە تەبایی بۆ هێزە سیاسییەكان دورست دەكات لەو پێناوەدا بەستراوە، ئەمە بەو مانایە نییە، بەلاَم لـە هـەمان كاتدا نابێ مەرج دابنێین، خۆ ئێمە هەمان مامەڵەی توركیـای لـە گەڵـدا ناكـەین، سـەبارەت بـەوەش كـە داوا دەكرێت لە دەوڵەتی توركیا كاراتر بێت وەكو چەند پەرلەمانتارێكی بەڕێز باسییان كـرد، مـن پێموایـە ئـەم خاڵە دەكرا بە شـێوەیەكی دیكـە بنووسـرێت، چـونكە ئـەوەی توركیـا كردوویـەتی ئاراسـتە كردنـی گرووپـی تیرۆریستی داعش بووە و، ڕێگە گرتن بووە لـە گەیشـتنی هاوكـاری بـۆ كۆبـانێ و لـە هـەمان كاتـدا دەسـتگیر كردنی ژمارەیەكی زۆر لە كوردانی ئاوارە كە داخلی سنووری باكوری كوردستان بـوون، ئێمـە لەگـەڵ توركیـا راستە بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیـە، بـەلاَم پێویسـتە هەوڵـە دبلۆماسـییەكانمان چـڕ بكەینـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانین تێگەیشتنی هاوبەشیش بۆ پارێزگاری كردن لە بەرژەوەنـدی هاوبەشـییەكانی نێـوان ئێمـەو توركیـا دروست بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شامۆ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسـت خوەشـییێ ل شـاندێ پەرلـەمانی دكـم پـیرۆزە ئـەركێ وان، دیـارە د پیلانـا هێـرش كرنـا داعـش و داگیركەراندا شنگال و كۆبانێ دوو ئارمانجێت ستراتیجی نە، چونكە شنگال فۆناغا پێكڤە گرێدانا باشـوور و ڕۆژئاڤایە و، كۆبانێ ژی فۆناغا پێكڤە گرێدانا ڕۆژئاڤا و باكوورە، گۆمان تێدا نینە ئەڤ پیلان یا داگیركەرێن كوردستانێیە، بۆ هندێ ئەگەر هاتو گهۆڕین لسەر ئاستێ نەخشێ ڤێ دەڤـەرێ چـێبوون دا دیسا مینـا جـارا كورد نە حازربن دەولەتا خوە دورست بكن، لـەوما یـا ژ هـەمییێ گـرنگتر دڤێ فۆناغێدا ئیتفـاق و تـەباییا نەتەوا كوردە لسـەر ئاسـتێ هـەمی جوگرافیـا كوردسـتانێ ل هەمبـەر ڤێ پلانـێ، ئـەو چـەكدارو شـەرڤانێن

تێکۆشینا مرنێ دکن ل کۆبانێ ل هەمبەری داعشا دڕندە جهێ سەرفرازییا هەر کوردەکێ خودان ویژدانە، چونکە داگیرکرنا کۆبانێ مەترسییە لسەر هەمی دەڤەرێن دیترێن ڕۆژئاڤا، بێ شك مەترسییا مەزن دکەڤە سەر پێکهاتێت ئاینی و نەتەوەیی وەکو باشوور ل وێ و، پارچا کوردستانێ، مینا برایت مەسیحی و برا تورکمانا و تایبەت کوردێن ئێزدی، چونکە خۆ یایە د دیرۆکێدا دەما میللەتێ کورد جارەکێ بێ چەوساندن یان جینۆسایدکرن ئێزدی دوو جارا تێنە جینۆسایدکرن جارەکێ وەك ئاین و جارەکێ ژی وەك نەتەوە، هیڤیدارم ئەڤ دان و ستاندنە ئەڤە سەرێ دوو ڕۆژانە ل پەرلەمانێ کوردستانێ تێنە کرن مفاداربن نە بتنێ گۆتن و ئەقوال بن بەلکو کریار و ئەفعال بن و ب بڕیارێت باش تەمام ببن بۆ خێرا خەلکێ کۆبانێ و، بلا ئەنجامدانا وان بڕیارا ل گۆڕ شیان و ئیمکانیاتێن دەزگاێن پەیوەندیدار بن د حکومەتا هەرێما کوردستانێدا، ئەگەر ئەم دلسۆزێ وەلات و میللەتێ خوە بن ل هەر پارچەیەکێ کوردستانێ دڤێت ئەو دلسۆزی یا واقعی بت لسەر ئەردی نەیا عاتفی بت لسەر کاغەزێ، پێشمەرگەین قەهرەمان ڕۆناهیا چاڤێت مەنە دهەر قۆناغەکێدا، پیرۆزبت سەرکەفتنا پێشمەرگەی ل میحوەرێ ڕەبیعا و زۆمار و هەمی دەڤەرێن دیترێن سنووری ل سەرانسەر کوردستانێ، ئەم چاڤەڕێی مزگینییێ نە ل داستانا مەزنا ئازادکرنا شنگالی و فورتال کرنا، خەلکێ مە یێ ژیان پەریشان و ئاوارە ژ سڕ و سەرماو سەقەما وەرزێ زستانێ یا نێزیك، سەرکەتن، بارا میللەتێ کورد و کوردستانێ بگشتی و، هیڤیدارم جڤینێن لایەنێن سیاسیێن ڕۆژئاڤا ل ژێر چاڤدێریا بارزانی ل دهۆکێ ئەنجامێن باش بینن، داکو بەرامبەری ڤێ یاریا دوژمنان دارشتی ژبۆ دوژمنایەتی کرنا نەتەوەیا کورد ئەم خۆراگر بن، هەربژین دۆستێن میللەتێ کورد سلاڤ ل گیانێ پاکێ جان گۆریێن کوردستانێ و گشت شەهیدان. بژی بەرخوەدانا کۆبانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئیستا بۆ (١٠) دەقە دانیشتنی پەرلەمان هەڵدەگرین.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، کە بەرنامەی کار بریتییە لە بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکردنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانێ. بەداخەوە چەند جارێك لە پەرلەمانی کوردستان، لەم چەند دانیشتنەی رابردوو هەندێك باس و خواست ئەهێنرێتەکایەوە، کە هیچ پەیوەندی بە دانیشتنەکانەوە نییە، لەم دوو رۆژەی رابردووش هەندێك جار بابەت درووژێنراوە کە لە زمنی ئەجندای کاری پەرلەمانی کوردستاندا نەبووە، لە زمنی ئەو بەرنامەی

کاردا نەبووە کە لەبەردەمی ئێوەی بەڕێزە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارماندابوو کە لەم دوو ڕۆژەدا ڕێگە بە پەرلەمانتاران بدەین قسە بکەن، تەنانەت ئەگەر جاری واش هەیە قسەکانیان هەندێك جار لە پەیڕەو بچێتە دەرەوە، لە ئیتاری بابەتەکە بچێتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی فشارێکی زۆر لەسەر پەرلەمان و پەرلەمانتاران هەبوو، ویستمان پەرلەمانتاران ئازادی خۆیان وەربگرن لە قسە کردن، بەلاّم بەڕاستی ئازادی قسە کردن بۆ ئەوە نییە کە پەرلەمانتار هێرش بکاتە سەر هەر کەسایەتیەکی تر، هێرش بکاتە سەر هەر هێزێکی سیاسی ترو هەوڵی دروست کردنی پشێوی بدات لەناو هۆڵی پەرلەمان، ئێمە کۆمەڵێك گرفتمان هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کە پەیوەندیدارە بە شێوازی قسە کردن، پەیوەندیدارە بە کاتی قسە کردن لەناو هۆڵی پەرلەمان، پەیوەندیداریشە بە شێوازی بەرزەفت کردن لەناو هۆڵی پەرلەمان، ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە ئەوەیە لەناو هۆڵی پەرلەمان هەوڵی ئەوە دەدەین کە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان تێك نەچێت و بە باشترین شێوە، یەعنی هەوڵ دەدەین ئەو بارگرژیانەی کە هەن خاویان بکەینەوەو وا بکەین پەرچەکردار دروست نەبێت، بەلاّم هەموو ئەمانە ناکاتە ئەوەی ئیستیغلال بکرێن، ئەم شێوازانە ئیستیغلال بکرێن بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان هەوڵی دروست کردنی پشێوی بدات، هەوڵی لێکترازاندنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بدات، بەتایبەتی کە ئێستا ئێمە لە بارودۆخێك داین لە هەموو کات زیاتر لەناوخۆی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەش پێویستیمان بە یەك ریزی هەیە، ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەمووومان پێکەوە ڕووبەڕووی شەڕێك بووینەتەوە کە هەزارو پەنجا کیلۆ مەتر درێژایی سنووری ئەو شەڕەیە، بە هەمان شێوە دووچاری بارودۆخێکی ئابووری یەکجار خراپ بووینەتەوە، کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئێستا قووتی ڕۆژانەیان کەوتۆتە مەترسییەوە، هەموو پرۆژەکان لە هەرێمی کوردستان وەستاون لە کرێکارێکەوە بۆ خاوەن سەرمایەیەك، هەمووی دووچاری کێشەو تەنگەشە بووەو ئەمە بارگرانیەکی قورسی لەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، هەموو ئەمانە وامان لێ دەکات ئێمە بە یەك ریزی خۆمان ئەو بارودۆخە تێ پەڕێنین، بە هەمان شێوە ئەم تەنگژانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە هەیە، ئەو تەنگەژانەی لە دەوروبەرمان دروستن، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی سەبارەت بە پرسی کورد لە هەر یەکێك لە پارچەکانی کوردستان دروست دەبێت، ئەوەش دیسان پێویستی بەوە هەیە بە یەك ریزی تێی پەڕێنین لەناو هۆڵی پەرلەمان، لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان هەموو ئەو بابەتانەی دەورووژێنرێن و دەبنە هۆی پەرت کردنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر ئەدای پەرلەمان دروست دەبێت، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر دابەش ببێت، وئەگەر فراکسیۆنەکانی دابەش ببێت هیچ کارێکی لەبەر ناڕوات، هیچ فراکسیۆنێك لە پەرلەمانی کوردستان زۆرینە نییە، تا بتوانێت بە تەنها خۆی هەموو بڕیارەکانی پەرلەمان تێ پەڕێنێت، بۆیە دەرکردنی بڕیارەکان، دەرکردنی یاساکان، تەنانەت لێپێچینەوە و پرسیار کردن و لێپرسینەوە و گوێ گرتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتیش، لەبەر ئەوەی ئێستا حکومەتێکی یەك ریزی نیشتمانیی هەیە، هەر دیسانەوە پێویستی بەوە هەیە موراعاتی یەکتر بکەین، یەکتر بخوێنینەوە، دژ بە یەکتر قسە نەکەین، دژ بە ڕەمزەکانی یەکتر

قسه نەكەین، كە بە داخەوە لەم دوو، سێ كۆبوونـەوەی رابـردوو دووبـارە بۆتـەوە، بەڕاسـتی ئێمـە تـا سـەر ناتوانین بـەم شـێوەیە ئـەدای پەرلـەمان و بەرنامـەی كـاری پەرلـەمان بدەینـە دەسـت میزاجـی تاكـە كـەس، ناتوانین قەبوڵی بكەین كە هەر جارەو بە بیانوویەك ئەو لێكنزیك بوونەوانەی كە لە نێوان فراكسیۆنەكان هەیە بۆ تێپەڕاندنی هەندێك پرسی نیشتمانیی بكەینە قوربانی تاكە كەسێك دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی قسە بكات، بەتایبەتیش ئێستا دانیشتنەكان بە راستەوخۆیی بڵاودەبێتەوەو، لـە ئـەنجامی ئەمـە رەنگـە وای كرد بێت كە هەندێك پەرلەمانتار بیانەوێت زیاتر لەوەی كە پێویستە قسە بكـەن و، جـەوی نـاو پەرلـەمان بـەو ئاراسـتەیەدا بـڕوات، بۆیـە بـە دڵنیاییـەوە مومارەسـەی سـەلاحیەتی خۆمـان دەكـەین وەكـو دەسـتەی سەرۆكایەتی، چیتر ئەم بابەتانە ناهێڵین بەو شێوەیە بڕوات، ویستمان هێـوری بكەینـەوە، بـەڵام بەداخـەوە بەو شێوەیە نەبوو و، هیواداریشین لەمەولا هەر بابەتێكی لەم شـێوەیەی دێتـە كایـەوە ئـەو تێـك چـرژانانە لەناو پەرلەماندا دروست نەبێت، ئەو پەرچەكردارە توندانەی دروست دەبن بەو شێوەیە ئەوەندەی تر ئـەو بارگرژیانـەی كـە هـەن زیـاتری دەكـەن و، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی كـە ئـەو ئامانجـەی هـەمووەمان لـەپێناوی كۆبووینەتەوە، كە بریتییـە لـەوەی پێكـەوە بـە یـەك ئـیرادە هـەوڵی هێنانـە كایـەی بـارودۆخێكی باشـتر بـۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان و، بۆ كورد لە هەر چوار پارچەكە، بەتایبـەتی ئێسـتا ئێمـە باسـی مەسـەلەیەكی نیشتمانیی دەكەین، كە باسی كۆبانێیە، ئەوەمان لە دەست دەردەچێت و، رەنگـە تاكـە كەسـێك، یـەك كـەس هەموو ئاراستەی ئیشەكەمان لە دەست وەربگرێت، ئێمە دوای ئەوەی كە قسەكانی پەرلەمانتارمان بڕی، كـە ئاگاداری دەكەینەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلـەمان، سـەرۆكی پەرلـەمان بـۆی هەیـە ئەنـدام پەرلـەمان ئاگادار بكاتەوە لەوەی كە هەر قسەیەك لە بەرنامەی كاری پەرلەمان دەرچووە ولـە بەرنامـەی كـار لایـداوە، جاری دووەم كە ئاگاداری كردەوە ئۆتۆماتیكیەن لـە جـاری دووەمـدا ئاگـادار كردنـەوەی سـەرۆكی پەرلـەمان دەبێتـە هـۆی سـڕینەوەی قسـەی ئەنـدامی پەرلـەمان بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، ئێسـتاش كـێ قسەیەكی هەیە؟ فەرموو كاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمڕۆ دانیشتووین بۆ قسە كردنی یەكێك لە كێشە هەرە گرنگەكانی ئەمڕۆی گەلەكەمان، كـە بابـەتی گەماڕۆ دانی كۆبانێ لەلایەن هێـزە بـەر بەرابیـەكانی داعشـەوە، لـە كاتێكـدا زیـاتر لـە (٢٠) رۆژە ئـەو شـارە گەماڕۆ دراوەو خوێنی لێ دەچۆڕێ، رایەكی گشتی دروست بووە كە ئـەركی هێـزە سیاسـییەكانی كوردسـتانە، ئەگەر رەخنەو گازاندەیەكیشیان كە پێشـتر لـە یـەكتر هـەبووە، ئـەمڕۆ بـە جۆرێـك چـاوی لـێ بپۆشـین، بـۆ ئەوەی جۆرێك لـە یـەكێتی نەتـەوەیی و هـاودەنگی دروسـت بكـەین، كـە بتـوانین هێزەكـانی گەلەكـەمان بـە هـەموو جـۆر و بـە هـەموو هێـزە سیاسـی و حزبـە سیاسـییەكان كـۆ بكەینـەوە، بتـوانین رووبـەڕووی ئـەو

تەحدییاتانـەی ئێستا ببینـەوە لەلایـەن هێـزە بەربەرییـەکان و دوژمنـە کۆنـەکانی کـوردەوە رووبـەڕوومان بۆتەوە، بەداخەوە لە بارودۆخێکی وادا خەڵکانێك دانیشتنەکانی پەرلەمان و گفتوگۆیـەکانی نـاو دەزگاکـانی راگەیاندن بە ئاراستەیەك بجوولێنن، کە درزو کەلێن بخاتە نێو هێـزە سیاسـییەکانەوە، مـن لێـرەوە بـەناوی فراکسیۆنی گۆڕانەوە رایدەگەیەنم ئەو قسانەی کە بەڕێز پەرلەمانتار (انور قادر) کردی بە هـیچ شـێوەیەك نە خزمـەت بـە دۆخـی کۆبـانێ دەکات، نـە گوزارشـت لـە فراکسـیۆنی گـۆڕان دەکـات، هـەر قسـەیەکیش لـەم دانیشتنەو لە دانیشتنەکانی پێشوودا کراوەو بۆتە هۆی بریندار کردن، هەم ئەو قسانەی سەبارەت بە بەڕێز مام جەلال کراون و هەم ئەو قسانەی کە ئەمڕۆ دڵی کەسانێکی بریندار کردووە، من خـۆم بـە قـووڵی داوای لێبووردنیان لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتی دانیشتن، بەڵێ خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز آمنة ذكري سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لسەر بنـەمایێ ئێك ریزیا نیشتمانێ و ئێـك گرتنـا یـا ئێکێتیـا نەتـەوا کـورد، سـەر وی بنـەمایێ ئـەز دخـواز دکەم، چونکی ئاخافتنێ بەڕێز کاك انـور دەرەڤـەی ئێـك رێزیـا نیشـتمانی بـوو، تەشـهیر کـرن تێـدا هـەبوو، ئاخافتنێ ویدا، ئەگەر بۆ راوەستانێ کۆبـوونێ داخـواز دکـەین ئاخـافتنێ وی لـە پرۆتۆکـۆڵ بهێنـە سـڕاندن، بەڕاست تەشهیر کرنی تێدا هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەپێی ماددەی (٥٩) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان کـە دەڵێـت: یـەك/ سـەرۆکی پەرلـەمانی لـەکاتی بەسـتنی دانیشـتنەکانی پەرلەمانـدا ئـەو رێکارانـەی خـوارەوە دەگرێتەبـەر دەرهـەق بـەو ئەندامانـەی سەرپێچییەك ئەنجام دەدەن و دەبنە هۆی کار تێ کردن لە بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان، یان قسەی نەشیاوی دەرهەق بە پەرلەمان، یان دەستەی سەرۆکایەتی، یان یەکێك لە ئەندامەکانی دەرکاند. دوو/بـیر هێنانـەوەی ئەندامەکە بە رێکاری دانیشتنەکە، ئەمەمان کرد. سێ: ئەگەر ئەندامەکە پاش بیر هێنانەوە زێدەڕۆیی کرد، سەرۆك بۆی هەیە ئاگاداری بکاتەوە، ئەم ئاگادارییـەش سـڕینەوەی قسـەکانی لـە کۆنـووس لـێ دەکەوێتـەوە، ئێمە ئاگادارمان کردەوە، بۆیە قسەکانی بەڕێز (انور قادر) لە پرۆتۆکۆڵی پەرلەمان سڕاوەتەوە.

دەچینەوە سەر بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، تکا دەکەم با بەم شـێوەیە کۆتـایی بـەو بابەتـە بێـنین کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بمبەخشە، تەنها شت لە ئیعلام هەبوو، حەز دەکەم جەنابت گوێمان لێ بگریت، چۆن جـەنابی کـاك رابـوون داوای لێبووردنی لە برادەران کرد، لە هەردوو فراکسیۆن، ئێمـەش هەسـت بـە هەڵەیـەکی ئیعلامـی دەکـەین

پێمان خۆشە بە جەنابتی بڵێین، بەڕێز ئامینە خان لە دەرەوە لە ئیعلام، ئێمە گوێمان لێ بوو لە کەناڵی ڕاگەیاندن بە بەڕێز کاك انوری گوت ئەمە نەخۆشی دەروونی هەیە، پێم وایە عوقدەیەکی دەروونی هەیە، ئەمە بۆ ئیعلام ناخۆشە، پێمان خۆشە وەڵامی ئامینە خان بدەینەوە وەکو خوشکێکی بەڕێز، وەك ئینسانێکی زۆر بەڕێز ئەویش لەوە پاشگەز بێتەوە، چونکە ئەو دکتۆر نییە بیسەلمێنێت کە کاك انور نەخۆشە، کاك انور ئەندام پەرلەمانە، چۆن دەڵێی گرێی دەروونی هەیە، تەنها ئەوە بەناوی فراکسیۆنەوە جەنابی کاك رابوون قسەی ئێمەی کردووە، بەڵام ئەوەش هەڵەیەکە بەسەر ئێمەدا شکایەوە، کە ئامینە خانم بەرامبەر بە کاك انور کردی، ئەوەش ناکرێت وەڵامی هەڵە بە هەڵە بدەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، خاتوو ئامینە فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان پەرلەمانتاران. لسەر بنەمایێ کو روون کرنا کو فراکسیۆنا گۆڕاندا ئەز دخوازی لێبووردن دکەم، چونکی ئەو چوارچێوەی ئاخافتنێ مە چوارچێوەی هەندێ دا بوو کو تەشهیر لەلایەن دیکە هاتبیت، دەرێ یەك ریزی نیشتمانیی بوو، ئەز داخازی لێبووردن دکەم لە فراکسیۆنا گۆڕان مە بریندار کر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە هەرچەندە لەوانەیە لەسەرەتا هەمووومان پێمان باش بوو کە پەخشەکان ڕاستەوخۆ بکرێت، بۆیە من لێرەدا پێشنیارێك دەکەم ئەو پەخشانە بەڕاستی موشکیلەی بۆ ئێمەی پەرلەمانتار دروست کردووە، ئێمەی پەرلەمانتار ئیشمان لەبەردەم دایە دەمانەوێت خزمەتی خەڵك و هاووڵاتی بکەین با بە فیعلی بیکەین ولە دەرەوە رەنگ بداتەوە، تەنها بۆ ئیعلام نەبێت، بۆیە هەندێك دانیشتن هەیە کە زۆر زۆر زەرورییەو باسی لەناودا دروست بێت، من داوا لە جەنابتان دەکەم ئەو پەخشانە بەڕاستی ڕاستەوخۆ نەبێت، دوایی لە دەرەوەی پەرلەمان هەرچی هەیە دەکرێت قسەو باسی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڵام ئەم پرسە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە هەیە، بەپێی هەندێك ڕێکاری پێویست کە لە پەیڕەودا ئاماژەی پێ دراوە ئێمە دانیشتنەکان بکەینە نهێنی، لە دەرەوەی ئەوە بەڕاستی ناتوانین دانیشتنەکان بکەینە نهێنی، لە کاتی بڕینی پەیڕەودا گەر بە هەر شێوەیەك پەرلەمان ڕێك بکەوێت لەسەری کە دانیشتنەکان چۆن پەخش بکرێت؟ ئایا دانیشتنەکان ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە؟ یان پێنج دەقیقە دوا دەخرێت کاتی پەخش کردنی دانیشتنەکان، وەکو ئەوە کە لە هەندێك

پەرلەمانی دنیادا هەیە، بۆ ئەوەی هەندێك بارودۆخی نەخوازراو لەناو پەرلەمان دێت بسڕێتەوە، یان هەر ڕێگایەکی تر کە پەرلەمانتار دەیگرنە بەر ئەو کاتە دەتوانرێت دەنگی لەسەر بدرێت، بەلأم ئێستا تا هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، ئێمە پابەندین بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە بەو شێوەیە دانیشتنەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەخش دەکرێت، جگە لەو حاڵەتانەی کە ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکەن و دەخرێتە دەنگدانەوە، دەچینەوە سەر گفتوگۆکردن لەسەر راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانی، بەڕێز فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ بەداخەوە سیلسیلەی ئەفکارمان هاتە فراندن دوای گفتوگۆکردن لەسەر کۆبانێ، بەلأم بە هەر حاڵ قسەکانم چڕ دەکەمەوە لەسەر ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆ و ئەو کارەساتەی لە کۆبانێ روو دەدات، بە تەئکید وەکو هاوکارانم تەئکیدیان لێ کردەوە کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ شەنگال و هەولێرو هەر شوێنێکی تر کە رووبەڕووی ئەم هێرشەی تیرۆریستانی داعش بۆتەوە، بەلأم لەو مولاحەزاتانەی کە من کردم، هەست دەکەم ئێمە بارگرانی بۆ خۆمان دروست دەکەین و لە دەسەلأت و لە ئیختیصاصاتی خۆمان دەردەچین، بەداخەوە هیوادارم پەرلەمانی کوردستانیش وەکو پەرلەماناتی عەرەبی لێ نەیەت بۆ قەزیەی فەلەستینی، کە تائێستا هەر قسە دەکەن و هیچیشیان بۆ فەلەستین نەکردووە، ئەوان (٢٢) دەوڵەتیشن، ئێمەش لەوە دەچێت هەمان ڕێچکەو ڕێی ئەوان بگرین و تەنها قسە بێت و هیچ نەکرێت، لەبەر ئەوەی لە ناساندنیش باسی عێراق کرا، عێراق تەعامول لەگەڵ دەوڵەتی سوریا دەکات، تا ئێستا سەروەری سوریا لەلایەن عێراقەوە دانی پێدانراوە، پێشێلی سەروەری سوریا ناکات، بۆیە دان پێدانەکان و مەسەلەی یاساکان باس کران، بەلأم هیچ مانعێك لەوە نییە تەعامولێکی سیاسی، فەنی لەگەڵ ئیدارەی زاتی ئەو مەنتیقانە بکرێت و نوێنەرایەتیشیان هەبێت لێرە، پێم وابێت هیچ گرفتێکی سیاسی و یاساییش دروست ناکات، ئەمانە زۆر لە جێی خۆی دان و هەمووومان موتەفیق بووین لەسەر ئەوە، لەلایەکی تریش هاوکاری بۆ ئاوارەکان زیاد بکرێت، دوێنێ دیتتان بەهۆی ئەو یەك ریزیەی کوردستانەوە برادەرانی پەیەدەش رایانگەیاند کە ئەم زمانەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە کۆبانێوە دەدرێت، هاوکاری لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، کە ئەمە ساڵێکی زۆر زۆر گرنگە، ئێستا وای لێهاتووە لێدانە هەواییەکانی هاوپەیمانان لە کۆبانێ بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەوێ دەکرێت، ئەمە خاڵێکی زۆر ئیجابیە، هەروەها ئیعتیرافیشیان بەوە کردو هاوکاریش گەیشتۆتە ئەوێ، ئەم دەنگۆیە وای کرد پەرلەمانی تورکیاش بێتە سەر خەت و پرسیار لە رەئیس وزەرای خۆی بکات چۆن و بە چ ڕێگایەك هاوکاری گەیشتۆتە کۆبانێ؟ دەبێت بۆمان روون بکەنەوە، کەواتە هەموو ئەمانە جێگای دڵخۆشییە، میللەتی کورد لە هەموو شوێنێك کە رووبەڕووی مەئسات دەبێتەوە هەموومان هاوکارو هاوسۆزین بە تەئکید کەس سڵ لەوە ناکات، بەلأم دەبێت ئەمە بزانین، ئێمە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکداین کە عێراقە، ئەوانەش لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدان کە سوریایە، هەموو

مەعاهدی دەولی و هەمموو موجتەمەعی دەولی ئەو سنوورانە بە رەسمی دەناسێنێت، ئەمە رەئی خۆمە، من ئێرە بە کوردستانی عێراق دەزانم و ئەوێش بە کوردستانی سوریا دەزانم، دووبارەی دەکەمەوە نە رەئی حزبەکەمە، نە رەئی فراکسیۆنە، لەبەر ئەوەی ئەوان وا نابینن، بەلام من وای دەبینم، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا پێموایە دەبێت رێز لەو سنوورانە بگرین، بۆ ئەوەی تەنها یەك شت پێویستە بۆ ئەوان بکرێت کە وای لێ بکەین ئەو کرانەوەی لە هەرێمی کوردستان وای کرد هاوپەیمانان موعجیب بن بە دەسەلاتی کوردی لێرە، بەو پێکەوە ژیان و دیموکراتی و رەئی ئازاد، پەرلەمانی کوردستان رۆلێکی باش ببینێت لەو ئیدارە خۆجێیانەی کە دانراون لە خۆرئاوا، ئەوانیش یەکتر قەبول بکەن، پرەنسیپەکانی دیموکراتی قوولتر بکەن، بۆ ئەوەی هاوپەیمانان هاوکاریان بکەن، لەبەر ئەوەی کورد هیچ حەلێکی تری نەماوە، جگە لەوەی ئەگەر لەلایەن هاوپەیمانانەوە نەپارێزرێین خۆمان پێ ناپارێزرێت، ئەمە واقیعێکە ئەم میللەتە لە سەدەی رابردوو بە درێژایی سەد سالی رابردوو هەر قوربانییە، هەمموو کاتێك کە لێمان دەقەومێت دەبێت کەسێك بمانپارێزێت، ئەگەرنا بوونمان، وجودمان وەکو نەتەوەیەك، وەکو گەلی کوردستان بە هەمموو پێکهاتەکانییەوە کەوتۆتە خەتەر، ئەوەی وای کردووە ئەمرۆ کۆمەلگای دەولی بەهانامانەوە بێت، ئەو پێکەوە ژیان و ئەم رێز لە یەك گرتنەیە، گرنگ ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان لەوێش ئەم پەرلەمانە قوول بکاتەوە لەگەل ئەحزابەکانی ئەوان دانیشێت و بۆیان شەرح بکات، کە بوونی ئێوەش پەیوەستە بە هاوکاری کۆمەلگای نێودەولەتی، فیعلەن ئەگەر کۆمەلگای نێودەولەتی هاریکاری کۆبانێ نەکردبا، ئەمرۆ راستە کۆبانی بارودۆخی سەختە، بەلام لەوانەیە دە رۆژ، پازدە رۆژ پێش ئێستا کۆبانێ تەواو دەبوو، هەمموی کارەساتێکی مرۆییش روویدەدات، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە موراعاتی کۆمەلگای نێودەولەتی بکەین، ئەمانەش چیان لە ئێمە قەبوولە؟ ئەوان کورد دەبینن بە میللەتێکی لێبووردە، بە میللەتێکی دیموکراتخواز، بە پەرەنسیپە نێودەولەتییەکانی ئەمرۆی دنیای نوێ ئاشنا، کەواتە ئەمە لە هەر پارچەیەکی کوردستان، لەناو هەر حزبێکی کوردی قوول ببێتەوە بە تەئکید ئەوان زیاتر دێنە خەت، بۆیە ئێمە نەبینە هۆی ئەوەی ململانێ لەنێوان ئەحزابەکانی ئەوان دروست بکەین، گرنگ ئەوەیە ئەوان تێبگەن، بەلێ بە دەست و توانای خۆمان کورد بەڕاستی ئیسپات بووە، راستە کورد موقاوەمەی کردووە، بە تەئکیدیش شەڕوانان لەوێ جێگەی تەقدیرن، بەڕاستی هەتا هەمموو دنیای غەربی پێی موعجیبە، بە پێشمەرگە، بەلام لەگەل ئەوەشدا لێمان تێك نەچێت کە ئەگەر هاوپەیمانان، دەعمی دەولی لە کۆبانێ نەبێت و لێرەش نەبێت، کورد نەیدەتوانی بەرامبەر ئەو هێرشە تیرۆریستیانە وەکو پێویست بەرگری بکات، بۆیە چۆن ئێمە دەتوانین ئەم زەرباتانە، یان ئەم هاوپەیمانیەتە، یان سۆزی کۆمەلگای نێودەولەتی بە دەست بێنین، بەڕاستی قوول کردنەوەی ئەو پرەنسیپانەیە کە باسم کرد سەردەمی حزبی قائید نەماوە، جا تۆ شەرعیەتی شۆڕشگێریت هەبێت، شەهیدت دابێت، ئەمرۆ لە دنیای نوێ ئەم پرەنسیپانە وەرناگیرێن، تەنها و تەنها پێکەوە ژیان و دیموکراتیەت نەبێت، گرنگە پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی

**کوردستان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان ئەم هێڵە عامانە دیار بکات و لەسەری ئیش بکات، بۆ ئەوەی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی رۆژئاوا کە دنیای مۆدێرنە، دنیای دیموکراتییە بە هانایەوە بچێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین تا کاتژمێر ٣:٣٠.**

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەکەینەوە، کە بەردەوام دەبین تییێدا لەسەر گفتوگۆکردنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانی، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کە ماون و قسە دەکەن زۆر بە کورتی پەیامەکانیان بگەیەنن،**

چونكە زۆربەی قسەكان كران، بۆ ئەوەی بتوانین لە دوای دانیشتنەكە بە بڕیارێك دەربچین، بەڕێزان ئەندامانی شاندی پەرلەمان بۆ كۆبانی با بێنەوە سەر منەسە، كاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە كورتی چەند پێشنیارێكم هەبوو، یەك: روونكردنەوەیەك لەسەر ئەو راپۆرتەی كە نووسراوە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی كوردی سوریا، واتە ئەو (١١) لایەنەی كە پەیەدە تۆمەتبار دەكەن كە گوایە رێگەیان پێنەداوە، دەبوایە لە راپۆرتەكەدا وەڵامی پەیەدەشی تێدا بایە، ئایا وەڵامی پەیەدە چییە؟ وەك هەمووشمان دەزانین لەسەر ئەمری واقیع دیارە كێ داكۆكی لە كۆبانێ و كانتۆنەكانی تر دەكات و، لە راپۆرتەكەشدا ئاماژە كراوە كە تەنیا یەك شەڕڤانانیشیان نییە، بۆیە پێویستە هەم پەیەدە وەك لایەنی سەرەكی و رەمزی موقاوەمە و سیمبۆلی بەرخودان موعامەلەی لەگەڵی دا بكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی یەكڕیزی پەیەدە لەگەڵ ئەو (١١) لایەنە بدرێ بۆ ئەوەی ئەو ناكۆكییەی لە نێوانیان هەیە هەوڵی چارەسەركردنیان بدرێت. دوو: پێشنیار دەكەم كۆبوونەوەیەكی هەرسێ سەرۆكایەتییەكەی هەرێمی كوردستان ئەنجام بدرێت بەمەبەستی پێداچوونەوە بە سیاسەتی هەرێمی كوردستان و توركیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوولا، بەلەبەر چاو گرتنی مافەكانی كوردانی باكوور و رۆژئاوا، سێیەم: داواكارم پەرلەمان و هەر دوو سەرۆكایەتییەكەی هەرێم هەموو هەوڵێكی دیبلۆماسی و سیاسی بخەنەگەڕ، بۆ ئەوەی بەڕێزانی شاندەكە لە راپۆرتەكە ئاماژەیان پێداوە، كە (٢٢٠) كەس لە لایەن توركیا بە گومانی هەبوونی ناویان دەستگیر كراون، نازانم تا چەند ئەو رێوشوێنانە گیراوەتەبەر؟ پێویستە هەموو رێگەیەك بگرێتە بەر، بۆ ئەوەی هەم لە لایەك سەلامەتی ژیانیان و، هەم لە لایەكی تر ئەگەر ئازاد نەكرابن هەوڵی ئازادكردنیان بدرێت، خاڵێكی تر، لەسەر كانتۆنەكانی رۆژئاوای كوردستان، دیارە چاوی ئومێدیان لە هەموو حكومەت و دەوڵەتێكی تر زیاتر لە هەرێمی كوردستانە و، لە هەرێمی كوردستانیش دیارە چاویان لەسەر پەرلەمانەكەیەتی، هەم لە لایەك بۆ كردنەوەی نوێنەرایەتی لە هەرێمی كوردستان و، بۆ موعامەلە كردن لەگەڵ كانتۆنەكانی رۆژئاوا لە دوو روویەوە، روویەكیان ئێمە راستەوخۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵكی كوردستان و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانین، بۆیە هەم شەقام و كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بە گشتی ئەو داوایەمان لێدەكەن، لە لایەكی تریشەوە دیارە رۆژئاوا بە خۆشیان ئەم داوایەیان هەیە، ئەمەش جێگەی تەقدیرە كە ئێستا كۆدەنگییەك هەیە بۆ ئەوەی كە موعامەلەیەكی فەرمی لەگەڵ ئەم كانتۆنانە بكرێت، هەم هەوڵبدرێت ئەو ئەمری واقیعە كە هەیە بچەسپێندرێت، لە لایەكی تریش هەموو ئەو هاوكارییانەی كە لە توانای حكومەتی  هەرێمی كوردستانە، هاوكارییان بكات و هەوڵ بدرێت لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە ئاستی وڵاتانی ئەوروپی و دراوسێ چی ئەكرێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگەی هەرێمی كوردستان و حكومەتەكەی ئەگەر نەتوانێت دەعمی چەك و تەقەمەنی و ئیمكانیاتی بۆ بكات، بتوانین ئەو رایە لە نەتەوەیەكگرتووەكان و وڵاتان بەو ئەركە هەڵسن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبير محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچمە سەر بابەتەكە، بەراستی تاخیر بوونی ئێمە بۆ قسەكردن جێی نیگەرانییە، حەزدەكەین سكرتێری پەرلەمان كاتێك كە ناوەكان دەنووسێت لە دواوەش دەست پێبكات بۆ ئەوەندە دوا نەكەوین لە قسەكردندا، زۆر سوپاس. بەڕێزان: دەستخۆشی و سوپاسی ئەندامانی شاندی پەرلەمانی كوردستان دەكەین و پێیان دەڵێین ماندوو نەبن، دەمەوێ لێرە سڵاو و ڕێز بۆ كەس و كاری سەربەرزی شەهیدان هەر لە جەلەولاوە هەتا كۆبانێ، بۆ شەهیدانی خۆپیشاندانی باكوور و، سڵاو و ڕێز بۆ خۆراگری و هەڵوێستی جوامێرانەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان، هیواداربن ئەم كۆبوونەوەیە دەرئەنجامی باشی هەبێت لە بەرژەوەندی كۆبانێ و خەڵكی ڕۆژئاوا دا بێت، كۆبانێ نەكرێتە سفرەیەكی چەوری موزایدات و ململانێی سیاسی، لێرەوە دەڵێم هەولێر كۆبانێیە و كۆبانێش هەولێرە، هەولێر موهابادە و موهابادیش دیاربەكرە، هەرچەندە قسەكان زۆر كراوە، پشتگیری لە زۆربەی قسەكانی هەڤاڵانی بەڕێز دەكەم، بەڵام دەمەوێ چەند پێشنیارێك بخەمە پاڵ پێشنیارەكانی شاندی پەرلەمان، یەكەم: پێشنیار دەكەم پەرلەمانی كوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان هەوڵ بدات بۆ یەكخستنەوەی یەكڕێزی ناوماڵی كورد لە ڕۆژئاوا. دوو: لە پەرلەمانی كوردستانەوە پێشنیار دەكەم هەموو ئەو لایەن و كەسایەتی و هاوپەیمانەكان سوپاس بكرێن كە هاوكاری كوردستانیان كردووە، هەم لە باشوور هەم لە ڕۆژئاوا، بۆ هاوكاری كردن لە رووی مرۆیی و سەربازی و هەڵوێست و لە ڕووی دیبلۆماسیشەوە، سێ: پێشنیارێكی تر كە هاوكاری ڕۆژئاوا بكرێت بە تایبەتی گەلی ڕۆژئاوا، شێوازی هاوكاریكردنەكەش بە ڕەزامەندی هەموو لایەنە سیاسییەكان بێت لە ڕۆژئاوای كوردستان. بەڕێزان دوو مولاحەزەشم هەیە، یەكەمیان: ئەوەیە كە دەبینم زۆربەی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان باسی دەكەن، ئێمە سێ دەسەڵاتی جیاوازمان لە هەرێمی كوردستان هەیە، هەریەك ممارەسەی دەسەڵاتی خۆی دەكات، كاتێك كە سەرۆكایەتی هەرێم یان سەرۆكایەتی حكومەت یان پەرلەمانی كوردستان بە كارێك هەڵدەستێت چ لە ڕووی پەیوەندی یان دیبلۆماسی بێت، هەقیقەت ئەمە ممارەسەكردنی دەسەڵاتی خۆیەتی، نەك ئەوەی هەر كاتێك حكومەت یان سەرۆكایەتی هەرێم یان هەر دەسەڵاتێكی تر كە بە ئەركی خۆی هەڵدەستێت، هەڤالانی ئێمە زۆرجار گوێمان لێدەبێت كە بانگهێشت بكرێن بۆ ڕوونكردنەوە، كەچی ئەمە ممارەسەكردنی دەسەڵاتی خۆیانە، مولاحەزەیەكی تر دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم هەر چەندە برای بەڕێزم (كاك ایوب) دوێنێ ئیشارەتی پێدا دەربارەی دەروازەی سێماڵكا، كە دوای ڕوونكردنەوەی (كاك ایوب) دووبارە چەند ئەندام پەرلەمانێك گوێم لێبوو لەسەر ئەم بابەتە دوان و قسەیان كرد كە دەروازەی سێماڵكا داخراوە و، دەروازەی سێماڵكا بە فەرمی تەعامول ناكات لەگەڵ ڕۆژئاوا، ئێمە چووینە ئەوێ هەموو ئەوەی بە چاوی خۆمان دیت هەم لە ڕووی تیجارییەوە، هەم لە ڕووی

هاتوچۆی مرۆییەوە هیچ گیروگرفتێك نەبوو و، دەروازەکە کراوە بوو، ئەو گرفتەی کە لەوێ هەبوو نەمانویست باسی بکەین، بەس ئەم بابەتە زۆر دووبارە بووەوە کە پەیوەندی بە بەرپرسی کۆمەڵگای سێماڵکا هەبوو، لەگەڵ ئەو بەری قسەیان کرد، گیروگرفتەکە ئەوە بوو (٢٥) عائیلەی خەڵکی کۆبانێ لەو کاتدا هاتبوون کە لە دەروازەی ئەوبەر داخڵی باشووری کوردستان بن، ئەولا ڕێگایان دەگرت و نەیان دەهێشت کە خەڵکی خێزانی رۆژئاوا دەربازی باشووری کوردستان بن، ئەوەش موبەرەری خۆیان هێنا و دەیانگۆت ئەگەر ئێمە ڕێگە بەو خەڵکە بدەین لەوانەیە خەڵکی جەزیرە و عەفرینیش دەست بە کۆچ کردن بکەن و بەرەو باشووری کوردستان بێن، بەڕێزان، لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بە شتێك بکەم ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو (٥٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا تاکو ئێستا دەبینین چەندین دەرفەتی مێژوویی بۆ گەلی کورد رەخساوە، بەڵام وەکو پێویست نەیانتوانیوە سوود لەم دەرفەتە زێرینانە وەربگرن، هەڤاڵان ئێمە دەبێ یەکڕێزی ناو ماڵی کورد بپارێزین و، گومانی تێدا نییە کە یەکێك لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی نەبوونی دەوڵەت بۆ گەلی کوردستان ئەوەبووە کە یەکڕێزی ناوماڵی کورد لە ئاستی پێویست نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، نامەوێ کاتەکە بگرم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان و قوربانیانی کوردستان لە جەلەولا تا شنگالی زامدار، بۆ خۆراگری کۆبانێ، سەری ڕێز و نەوازشیش بۆ شەهیدانی تیرۆری قەرەتەپەی گەرمسێری بریندار، بەڕاستی زۆر باس کرا، باسی یەکڕێزی هەرێمی کوردستان و رۆژئاوای کوردستان و، یەکڕێزی کورد لە سێ خاڵێ سەرەکی بوون، بۆیە ئێستا دەبێ هەندێ قسە بکەین کە عەمەلی بن، بچنە بواری جێبەجێ کردنەوە و بەئاسانی قسە بکەین تەنها نەزەری نەبێت، لە باشووری کوردستان جێگای خوشحاڵییە لایەنە سیاسییەکان و هەموو لایەك کە باسی دەکەین لە چەند رۆژی رابردوودا چەند کۆبوونەوەیەك لە سلێمانی و هەولێر کران وباسی یەکڕێزی کرا، با ئێمەی پەرلەمانتاران و پەرلەمانی کوردستان و هانیان بدەین لەسەر ئەم رێڕەوە درێژە پێبدەن، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پێی باش بوو لەگەڵیان دابنیشن، ئەگەر لەم هەڵوێستەیان درێژە پێبدەن پشتگیرییان لێ دەکەین و مەجالیان نادەینێ لە یەکڕێزی بەرەو دواوە بچن، ئەمە هەنگاوێکی باشە و چووەتە بواری جێ بەجێ کردن و بە خوشحاڵییەوە دەڵێم، (حاجی کاروان)

بابەتێكی ورووژاند كە دهۆك پڕبووە لە ئاوارە و، لە كۆبانیش دێتن پشتگیری دەكەین، بەڵام (بێگەرد خـان) باسی كرد كە لە سلێمانی دوێنێ چووەتە بواری جێ بەجێ كـردن و دەستخۆشـیان لێدەكـەین، سـەبارەت بـە ڕۆژئـاوا دان بـە كانتۆنـەكانی ڕۆژئـاوا دابنـێین كـە ئەمـە بابـەتێك بـووە زۆر قسـەی لەسـەر كـراوە، ئێمـەش دەبێـت بـە خۆشـحاڵییەوە بڵـێین، مـن پێشـنیاری ئـەو سـیغەیە دەكـەم ئەگـەر لـێم قـەبوول بكـەن، ئـەویش ئەمەیە، ئێستا ئەو لایەنانەی كە لە راپۆرتی هاوبەشدا هەردوو لیژنـە سـەردانی كۆبـانێ كـردووە و هـەموو لایەك تەئكیدی دەكەنەوە، دان بە كـانتۆن دابنـێین و هـەموو لایەنـەكان ئـەمڕۆ لـە هـەرێمی كوردسـتان لـە كۆبوونەوەدان، پێشنیار بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم هەر ئەو لیژنەی كە لەسەر مینەسەكە دانیشتوون بـا بچـن لەگـەڵیان دابنیشـن و هانیـان بـدەن بـا ئـەوان بـۆ خۆیـان سـیغەیەكی هاوبـەش ببیـنن و، ئێمـەش دەعـوەتی پارلـەمانی كوردسـتانیان بكـەین، ئـەو سـیغەی كـە لـە بەرژەوەنـدی كـورد و كوردسـتانە و یاسـاو ڕێساكان ڕێگەی پێـدەدات، بـا لـە چـەند ڕۆژی داهـاتوودا ئێمـە ئـەو سـیغەیەی كـە ئێسـتا لێرەیـە، لەگـەڵیان دابنیشین و گفتوگۆ بكەن ئەو سیغە بۆ ئەوان بهێڵینەوە، ئێمە هەر دانپێدانانێك دابنێین بە ڕۆژئـاوا دەبـێ وشەی كوردستانیی لەگەڵدا بێت نە تەنها كانتۆنی كۆبانێ و جزیرێ، ئەمە پێشنیاری منە، بە بێ كوردستان ئێمە دان بە هیچ شتێك دانانێین، چونكە كوردستان وڵاتە، خاكە، نیشتمانە، بەڵام لـەناوخۆ دا ئـازادە، بـرای بەڕێزم (د.فرست) ئەم بابەتەی ورووژاند مێوانداریان دەكەین، بەڵام من ئەو پێشنیارە وا تەعدیل دەكـەم. سەبارەت بەو پرسیارەی كە برای بەڕێزم (د. محمد علی) باسی كرد ناوچەی دژە فڕین كە توركیا پێشنیاری كردووە یان هەركەسێكی تر، من بۆ ئەو بۆچوونە وەڵامەكـەم بـەو شـێوەیە دەبێـت، ئێمـە دەبـێ بـزانین لـە ساڵی (١٩٩١) ناوچەی دژە فڕین بوو بە هۆكارێك بۆ ئەوەی بتوانین ئەمڕۆكە ئەم كیانە بێنین، ئەگەر لەبەر ئەوەی ڕۆژئاوا نەتەوە و ئاین و ئاینزاكانی تریشی تێدانە و، هەدەفن بـۆ ئـەوەی كـە جینۆسـاید بكـرێن، لـە ژێر چاودێری نەتەوە یـەكگرتووەكان بـا ڕۆژئـاوای كوردسـتانیش بكرێتـە ناوچـەیەكی تـری دژە فـڕین وەك قراری (٦٨٨)، بۆ ئـەوەی ببێتـە دانپێـدانانێكی نێونەتـەوەیی، بـۆ ڕۆژئـاوای كوردسـتانیش وابـزانم لـە ڕووی نەتەوە یەكگرتووەكان دانپێدانانێكی بـاش دەبێـت، لـەم حاڵەتەشـدا لایـەنێكی تـریش دێـت. ئـەوەی تـر زۆر باسـی خۆپیشـاندانەكان كـرا، مـن دەستخۆشـی لـەو خـەڵك و كـوڕ و كچانەی كـورد لـە هـەر چـوار پارچـەی كوردسـتان و هـەموو خـەڵك لـە هەنـدەران دەكـەم كـە خۆپیشـاندانیان كـردووە بـۆ پشـتگیری لـە هـەموو ناوچەكان، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین خۆپێشاندانەكانیش دەبێت شارستانی بن و هێمن بن، بەداخەوە ئێمە چەند دیاردەیەكی ناشیرینمان بینیوە، بۆ نموونە، هەمان وەفدی پەرلەمان كە سەردانیان كرد و وێنەكانیان پێشاندان، ئەگەر برایانمان ئەندام پەرلەمانەكانی باكوور لەگەڵیان نەبووانە سەیارەكەی ئەوانیش هەر وەكو خـەڵكی زاخـۆ دەكەوتنـە بـەر پـەلاماردان و، ئەمـە خزمـەت بـە دۆخـی كـورد ناكـات و دەبـێ خۆمـان لـە توندوتیـژی بپـارێزین، لـە هـەولێر لـە خۆپیشـاندانەكان بەداخـەوە كـە هـەموومان پشـتگیریین، دەبیـنین ڕۆژنامەنووسان و پۆلیسانیشمان دەكەونە بەر شاڵاو و، دەبێ لەو توندوتیژیانە بپرسین، خۆپیشاندانەكانمان بەرەو ئاراستەیەكی حزبی دەچن، ئاڵای كوردستان كە لە ئاراراتـەوە هـاتووە چـووتە چوارچـرا، ئەمڕۆكـەش

لەسەر ئەم باڵەخانەیە کە مەرجەعی یاسادانانی کوردستانە، با هەموومان بیکەین بە ئامانجێك بۆ هەموو رێپێوانێکی نەتەوەیی و لە ژێریشی خەبات بکەین بۆ ئەوەی هەست و سۆزی خەڵکانی خۆمان و دڵخۆشیان بکەین و، یەکرێزی کوردیش بە ئاڵای کوردستان، بە سروودی نەتەوایەتییەکانیەوە دەپارێزێت و، لە لایەکی ترەوە ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم پەیوەندی و هەوڵی دیبلۆماسی و وەفد و نوێنەرەکانیان کە زۆر باس کرا جێگای بایەخ و تێڕوانینێکی باشن، ئێمەی کورد زۆر باسی ئەوەمان کرد دونیا بە پێکەوەژیانی ئاین و ئاینزاکان دادەنێ، با ئێمە وەفدەکانمان دوور لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆ شوێنەکان رەوانە بکەین، ئێمە چەند نەتەوەین، لەناو ئەم ئەندام پەرلەمانانە کوردمان تێدایە، تورکمانمان تێدایە، ئاشوورمان تێدایە، کلدامان تێدایە، نەڵێین ئێمە کوردستان ناوچەیەکی پێکەوە ژیانین، بەڵکو وەفدێکمان بچێت رەنگدانەوەی ئەوانە بکاتن بۆ ئەوەی زیاتر دونیا بزانێت کە ئێمە پێکەوە و تەباو و تەفاهوم و ژیانمان هەیە، چەند بایەخ هەیە گرنگی بە ئەمڕۆ بدەین، بە کۆبانێ و بەرگری لێبکەین و خزمەتی ئاوارە بکەین، دەبێت بزانین کە ئەمە قەزییەیەکە ئەمڕۆ لە بەرەیەکی سەرکەوتوودایە، دونیا هاوکارمانە و لەگەڵماندایە، دەبێ لە بواری رۆشنبیری و هونەریشەوە نەهێڵین ئەم دیاردەیە لە گوێی دونیا و جیهان دابڕێت بە مۆسیقا بێت، بە شانۆ بێت، بە فیلم بێت، کارەساتی شنگال و کۆبانێ و گەرمیان و قەرەتەپە بکەین بە ئەفلام و..... هتد، لە کۆتایشدا پێویستە ئێمەی پەرلەمانتارانیش کە رەنگدانەوەی واقیعی کوردین، سوپاسێکی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی هەرێم بکەین، کە مەوقیعەکانیان لە کۆبانێ زۆر بە دەقیقی بۆ هاوپەیمانەکان و ئەمریکا دەستنیشانکردوو لە ژێر زەربەی ئەوان کە لە تیرۆریستان و داعش دراون، ئەمڕۆ پاشەکشەیان کردووە و سەرکەوتنیش هەر بۆ کورد و کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سڵاو رێز بۆ هەموو شەهیدان و هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردستان هەر لە کۆبانێیەوە تا گۆباشی، با وای دابنێین ئێستا کوردستانی تورکیا یان کوردستانی سوریا هەرێمێك بوایە وەك ئێمە، ئێستا لە (دوز و مەندەلی و شنگال) سێ کانتۆنمان هەبووایە و ئەوها بێ چەك و بێ نان و گەمارۆدراو بووینایە، ئێستا چیمان دەوت و چەند هەزار گلەیی و رەخنەمان لەو هەرێمە دەگرت، کۆبانێ لە شارێکی بچووکەوە بووە بە شارێکی گەورەی نیشتیمانیی و جیهانیی، مادام زۆر گەورە بووە شکانەکەشی ئەگەر بشکێ کە هیوادارم وا نەبێ زۆر گەورە دەبێت، گوایە دانان بە کانتۆنەکاندا نا دەستووریە، عێراق خۆی دەستوورەکەی خۆی کردووە بە دەستوور، لە هەشت ساڵی رابردوودا مادەی (١٤٠) بوونی نەبووە، دەستووری چی؟ بۆ ببین بە مالیکی؟ چی بە دڵمان بێ دەستووریە و، چی بە دڵمان نەبێ نا دەستووریە، ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆی پەرلەمان سەد ساڵی تریش باس دەکرێ، چونکە لەسەر کۆبانێیە، ئەمڕۆ پەرلەمان لە دوو رێیاندایە،

ڕێیەك شانازییە کە داننانە بە کانتۆنەکاندا، ڕێیەك زۆر خراپە، کامیانمان دەوێت؟ ئازادین، پیاوی گەورە ئەوەیە کە بڕیاری گەورە بدات، کێ داننانێك بەم کانتۆنانە دانەنێ، با دانەنێ، ئازادە، ئەفسانە دەڵێ مێشوولەکان چوون بۆ لای حەزرەتی سلێمان و سکاڵایان لێکرد لە دەست با، وتیان قوربان با ناهێڵێ بسرەوین هەر دەردەکەوین با دەمان بات، حەزرەتی سلێمان وتی بوەستن دەنێرم......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پەیوەندی بە کۆبانێیەوە نییە، هیچ پەیوەندییەکی بە کۆبانێیەوە نییە.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

......پەیوەندی هەیە، هەر دەردەکەوین با دەمان بات، حەزرەتی سلێمان وتی بوەستن دەنێرم بە شوێن بادا، وتیان قوربان دەردمان چارە دەکەی ئێستا بیکە، کە با هات ئێمە دەڕۆین، کە کۆبانێش رویشت پەرلەمانمان پێویست نییە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی تۆ ئیستیقالە دەکەی لە پەرلەمان کاك فەرهاد؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەگەڵمدا بیکەی، بەڵێ، خەڵکێك هەیە ئامادەیە بەسەر بەرزییەوە بمرێت، ئایا ئێمە ئامادە نین بەسەر بەرزی بژین.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆچی ئیستیقالەی خۆت بەمنەوە دەبەستیتەوە، من لە پەرلەمان ئیش دەکەم، فەرموو جەنابت ئیستیقالە بکە.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەڕێزت بیکەی، منیش دەیکەم، هەزار جار بەڵێ داننان بە کانتۆنەکاندا، هەزار جاریش قوربانی تاڵە قژێکی ئەو کچە (١٤) ساڵانە بم کە لە کۆبانێیە، داواکارین پڕۆژە بڕیار بێت، بژی پەرلەمان و پەرلەمانتار و سەرۆکایەتییەك کە ئەمڕۆ کەرامەتی گەلەکەی دەپارێزێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك علی علی هالۆ فەرموو، ببوورە كاك علی، كاك ابوبكر هەڵەدنی نوقتە نیزمییەكی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك پەرلەمانتار لێدوانیان داوە بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، كە گوایە لە كۆبوونەوەی ئەمڕۆدا ئەم شاندە و لیژنەی یاسایی كە دانیشتوون هەندێك بڕیاریان داوە، یەعنی بوترێت گفتوگۆ دەكرێت، ئاخاوتن دەكرێت، تەبیعییە، بەڵام ئێمە تاوەكو ئێستا هیچ بڕیار و ڕاسپاردەیەكمان نەداوە، لە گفتوگۆ بەردەوامین، بۆیە ویستم ئەم شتە ڕاست بكەمەوە بۆ ئاگاداری جەنابتان، خۆم كەناڵەكەم بینی بە چاوی خۆم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرخودان و فیداكاری شەڕڤانانی ئازادی لە كۆبانێ بە تایبەتی ژنە قارەمانەكان بەشێكی دانەبڕاوە لە سەركەوتنی پێشمەرگە قارەمانەكان و خۆڕاگری خەڵكی كوردستان لە هەر چوار پارچەی كوردستان، لەسەر مێرخاسی و قارەمانی و فیداكاری كورد زۆر وتراوە، ئەوە بەڵگە نەویستەو سەدان بەڵگەی مێژوویی هەن، (فۆن مۆڵتكا) ژەنەراڵێكی ئەلمانی كە بۆ ڕاهێنانی لەشكری ئاسمانی دێتە ناوچەكە باس لە پیاوەتی و مێرخاسی لەشكری كورد دەكات، دەڵێت ئەگەر كورد یەكگرتوو بن، هیچ هێزێك لە دونیادا دەرەقەتی كورد نایەت، منیش دەڵێم ئێستا بە تایبەتی لەم زروفە ناسكەدا ئێمە پێویستیمان بە یەك ڕێزی و یەكێتی كورد هەیە، ئەو هاوكاری و پشتیوانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بە دوو ڕێگا، بە دوو دەرگادا دەتوانین بە دەستی بێنین، یەك: یەكێتی كورد لە باشووری كوردستان و لە هەموو پارچەكان لەسەر ئاستی كوردستانی گەورە، دوو: بە دیموكراتیزەكردنی موئەسەساتی حیزبی و حكومی و ئیداری ئێمە، واتە بە یەكگرتنی كورد و بە دیموكراتیزەكردن، كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبنە باشترین پاڵپشت و هاوكارمان، من ئومێدەوارم كە سەرۆكایەتی پەرلەمان لە پەرلەمانی كوردستان بۆ یەك ڕێزی ناو ماڵی كورد زیاتر هەوڵبدات، هەر چەندە درێغیتان نەكردووە، بەڵام دەبێ زیاتر بكرێت، خاڵێكی تر لەسەر هاوكاری كۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئێمە سوپاسیان دەكەین، بەڵام با ئەوەشمان لەبیر نەچێت كە لە باشووری كوردستان و لە ڕۆژئاوا لە جیاتی هەموو مرۆڤایەتی شەڕی دڕندەترین هێزی تیرۆریستی دونیا دەكەین، بە سەدان كوڕ و كچی كورد بوونەتە قوربانی، واتە ئێمە بۆ هاوپەیمانان، بۆ كۆمەڵگای نێودەوڵەتی شەڕ دەكەین، ئەوان ئەگەر بە پارە و بە چەك، ئێمە بە خوێنی پاكی كوڕ و كچەكانمان، دەبێ ئیرادەمان هەبێت، ئیعتیمادمان نەكەینە تەنها سەر پشتیوانی نێودەوڵەتی، ئەگەر ئەوان نەبن ئێمە دەمرین، ئەگەر ئەوان نەبن ئێمە نین، ئێمە میللەتێكی خاوەن ئیرادەین بە سەدان ساڵ بە ئیرادە و خۆ ڕاگری و، بە فیداكاری و بە خوێن ئەم وڵاتەمان پاراستووە

و هەر واش دەبێت، خاڵی سێیەم: ئیعتیراف بە کانتۆنەکانی رۆژئاوا بە دەستکەوتی رۆژئاوا ئەرکێکی ئەخلاقیی و نیشتیمانیی و نەتەوەیی ئێمەیە، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیارێك مامەڵەکردنی فەرمی لەگەڵ رۆژئاوا مێژووییەکی پڕ سەروەری بۆ خۆی تۆمار دەکات، ئەگەر هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و حکومەت ئیعتیراف بە رۆژئاوا بکات دوو خاڵی زۆر گرنگی هەیە، یەك: لە هەرێمی کوردستان دەتوانین بڵێین ئێمە هەین دەبین وبە خاوەن پێگەیەکی سیاسی زۆر گەورەتر لەوەی کە ئێستا هەمانە، دوو: بەو ئیعتیرافە دەبین بە پاڵپشت و هاوکاریەکی زۆر گەورە بۆ خوشك و برایەکانمان لە رۆژئاوای کوردستان، هەروەها دەتوانین بە ئیعتیراف کردن کۆمەڵگە و ئەحزابە سیاسییەکانی رۆژئاواش داخیلی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی ناوچەکە بکەین، بە نا ئیعتیراف پێ کردن ئێمە دەبین بە رێگر کە مەسەلەی دیموکراسی مافی مرۆڤ لە رۆژئاوا دوا بکەوێت، برادەران دەست خۆشیان لە شاندەکە کرد، منیش بە هەمان شێوە دەست خۆشیان لێ دەکەم، ماندوو نەبن، من دەزانم سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆر بە پەرۆش بوون، بە تایبەتی ئەو تەلەفۆنانەی کە لەگەڵ بەڕێزتان چەند جار کردوومە، ئێوە چالاك بوون، بەلاّم دەکرا چالاکتر بن، ئێوە کارتان کرد وبە هانای کۆبانێیەوە چوون، بەلاّم دەکرا زووتر و باشتر بوایە، بەلاّم ئەمەش کۆتایی نییە و ئێستاش دەتوانرێ هەندێك کاری تر بکرێت، من چەند پێشنیارێك دەخەمەڕوو، یەکێك لە پێشنیارەکانم ئەوەیە کە شاندەکانی پەرلەمان بەردەوام بن بۆ کۆبانێ، تا کۆتایی هاتنی قەیرانەکە، تا ئاخیرین شاند بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆبانێ لەوێ ئامادەبن، ئەگەر بکرێت جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەردانی شاندەکان بۆ قونصولخانە بیانییەکان لە هەولێر، ئەگەر هەمووشیان نەهێن شەرت نییە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەم ئەرکە هەڵسێت، دەکرێت چەندین لیژنە دروست بکرێت ئەو لیژنانە سەردانی قونصولخانەکان لە هەولێر بکەن، نەك تەنها بۆ مەسەلەی کۆبانێ، بۆ مەسەلەی شنگال و زومار و جەلەولا و کەرکووك و بۆ دۆخی کورد بچن، ئێمە ئەو رەسمییاتەمان هەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان، دەبێ بە ناوی هەموو کوردەوە قسە بکەین و هەوڵە دیبلۆماسییەکانمان بخەینە گەڕ بۆ خزمەتی دۆخی کورد، هەروەها من پێشنیار دەکەم چەندین شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی پەرلەمانە ئەوروپییەکان بکات هەر بۆ مەسەلەی دۆخی کورد و کۆبانێ و شوێنەکانی تری کوردستان، بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیش لەم کات و ساتەدا زۆر گرینگە بۆ کورد، دۆخی کورد بەرەو پێشتر دەبات، لەم دوو رۆژەدا شاندی هەر دوو ئەنجومەنی رۆژئاوا بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەدان، ئومێدەوارین ئەوانیش بە بڕیاری باش و یەکگرتوو لە کۆبوونەوەکان دەربچن، دوایی ئێمەش پاڵپشت و هاوکارییان بین، خاڵێکی تریش کە من دەمەوێ باسی بکەم، برادەران زۆر لەسەری راوەستان، مەسەلەی هەست و واقیع، نەتەوەییەك بەبێ هەست و سۆز دروست نابێت، واتە لە سەرەتاوە هەست، ئینجا هزر و شتی تر، زۆر ئاساییە ئێمە وەکو کورد هاوسۆز و هاودەرد بین لەگەڵ خوشك و برایەکانمان بە سۆز و عاتیفەوەش قسە بکەین، بەلاّم لە کاری دیبلۆماسی و سیاسی دەبێ واقیع بینیش بین، هەروەها رەچاوی بەرژەوەندی باشووری کوردستان لەگەڵ ولاّتانی تر بکەین، نەك لەسەر حیسابی هەست و سۆز و

بەرژەوەندی کورد، هەست و سۆزیش نەك لەسەر بەرژەوەندی باڵای باشوور و پارچەکانی تری کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو دەستەی سەرۆکایەتی جارێکی تر سوپاسی بەڕێزیشت دەکەین کاك علی هالۆ، کە بەڕێزت یەکەم پەرلەمانتار بووی چوویتە کۆبانێ، بەڕێزیشت لە یەکێك لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا راپۆرتێکت خوێندەوە، لە دوا دانیشتنی پەرلەمان پێش جەژن سەبارەت بە کۆبانێیەوە، پێشنیاری ئەوەشت کرد کە وەفدەکەی پەرلەمان سەردانی کۆبانێ بکات، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە لە قسەیەکی بەڕێز (ئۆجەلان)ەوە دەست پێ بکەم کە لە پەرتووکی مانیفێستی شارستانییەتی دیموکراتیکەیدا هاتووە، دەڵێ: کۆمەڵگایەك لە ئێستادا بڕی چەندە بێ دەوڵەت بێت و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی لاواز بێ بە مسۆگەری بەشێکە لە مێژووی کۆمەڵگای گەردوونی، من لە دوو ئاستدا حەز دەکەم لە روانگەی بەڕێز (ئۆجەلان)ەوە وەك نووسەرێك، وەك بیرمەندێکی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی تەماشای بکەم و، ئەو دۆخە هەڵسەنگێنم کە ئێمە تێیدا دەژین، هێزە ساسییەکانی ئێمە تێیدا دەژی، ئایا بیری نەتەوەیی و ستراتیجی نەتەوەیی بریتییە لە موزایەدەکردنی سیاسی؟ یان ئەمە لەوە قوولترە؟ هەروەها لە سەروو بەرژەوندی تەسکی حیزبایەتی و لە سەروو موزایەدەکردنی سیاسییەوەیە، ئێستا ئێمە سەرباری بێ دەوڵەتی رۆڵێکی مێژوویی دەگێڕین و لەسەر گۆڕەپانی سیاسی جیهان و لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پایە و شوێنی کورد و کوردستان گرنگ و نکۆڵی لێ نەکراوە، بەڵام بە هیندەی گەورەیی شوێن و پایەی کورد هەڕەشە و مەترسی لەسەر بوونی کورد مەزنە و ناتوانرێ نا دیدە بگیرێ، پرسیاری جدی ئەوەیە ئایا بە قەد گەورەیی و کاریگەری رەوشەکە، ئێمە بە گەورەیی مامەڵەمان کردووە؟ ئایا توانیومانە تا ئێستا لە روانگەی بیرێکی ستراتیجی نەتەوەیی رەسەنەوە بیرکردنەوەو کردەی خۆمان بەرجەستە بکەین؟ ئایا توانیومانە بیری تەسکی حیزبی و خۆ بە پاڵەوان کردنی فشەڵ و نارەسەن تێپەڕێنین؟ هەر لەبەر رۆشنایی بیری بەڕێز (ئۆجەلان)دا دەڵێم دەرکەوتن و گەشەکردن لەسەر گۆڕەپانی مێژووی جیهان بە تەنها بە هەڵوێستی ساختە و کاتی نابێت، لە هەڵوێستدا ئەگەر چارەنووسی نەتەوە و نیشتیمان پێوەر نەبێ و، هەڵوێست بریتی بێت لە بە بازاڕکردنی کارەسات و نەهامەتییەکانی نەتەوە لە پێناو دەسکەوتی بچووك و گرنگی حیزبی و سیاسی نا نەتەوەییدا، ئەوە ئەو کەس و هێزانەی کە خاوەنی هەڵوێست و گەلێکی ئەوهان جگەلە هێز و کەسی ناڕەسەن و نا نەتەوەیی هیچێکی تر نییە، ئایا ئێمەی کورد بە مسۆگەری لە نێو مێژووداین؟ ئێستا کورد لە رەوشێکی هەستیاردایە، ناتوانین بەم پارچە پارچەییە لە شەڕکردن دژی داعش وەك هێزێکی کاریگەر بمێنینەوە وخۆمان بپارێزین، ئەگەر یەك بوون و هەماهەنگی و لێك تێگەیشتنی قوولی نیشتیمانیی و نەتەوەیی بینا نەکەین،

بیناکردنی ئەم دۆخە بە تێپەڕاندنی ئەو ژیان و تایبەتمەندییە نزمە دێت کە سیمای بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبی و پاشکەوتەیی بۆ دەوڵەتانی پێوە دیار و دەرکەوتووە، کێشەی گەورەی ئەمڕۆی ئێمە تەنها شەڕی تیرۆر نییە، لەپاڵ ئەمەدا ئەو نا بەرپرسیاریەتییە کە لەم دۆخە دژوارەی گەلەکەماندا هێزی سیاسی ئەوتۆ بازرگانی بە کارەسات و نەهامەتییەکانمانەوە بکات، ئایا ئەو موزایەدە سیاسییانەی کە دەکرێ دەتوانین چۆن پووچیان بکەینەوە؟ ئەگەر کوردایەتی و دڵسۆزی بۆ کوردستان پێوەرە و، کوردایەتی دەکەین لە جیاکەرەوەی نێوانمان زۆر باشە، بەلاّم کوردایەتی و نەتەوەیی بوون لەسەر سیاسەتی بەرتەسکی حیزبی و ئەو پەیوەندییە ژێر بەژێر و ئاشکرایانەوەیە کە هێزەکان لەگەڵ وڵاتانی تر هەیانە، پێویستە هەموو کوردێك بۆ ئێمە وەك یەك بن، پێویستە پارێزەری ژیان و مێژووی هەموو پارچەکانی کوردستان بین، لێرەدا پرسیارێك هەیە ئایا بە یەك چاو تەماشای هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەین؟ ئایا هەڵوێستەکانمان لە چ ئاقارێکی سیاسی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی و ئەوەی کە لە دەرودراوسێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆیە پێویستە هەموو ئەو نزیکایەتی و ئەو جۆرە پەیوەندییانەی کە لە رابردوودا ئەگەر پەیوەندی حیزبیش بوون ئەمانە هەموو بە پەیوەندی نیشتیمانیی بکرێت، ئەو دیاردانەی کە بە داخەوە بە حوکمی دۆخەکەی ئەمڕۆ من کۆمەڵێك وێنە، کۆمەڵێك بەڵگەشم لەگەڵ خۆم هێنابوو کە باسیان ناکەم و ناچمە ناو ناوەڕۆکەکەیان لەبەر دۆخەکەی ناو پەرلەمان، بەلاّم پێویستە هەموو ئەمانە بۆ بەرژەوەندی نیشتیمان و نەتەوە بەکار بهێنرێت، ئەو پشتیوانییانەی کە هەن و ئێستاش لە راپۆرتی رۆژنامەوانیدا بلاّودەبنەوە، پێویستە ئەو پشتیوانییانەش بۆ کۆبانێ بەکار بهاتبایە، ئەگەر ئێمە ئەوەندە پەیوەندی تۆخ و پتەو و قوولمان هەیە لەگەڵ هەندێك وڵاتدا، ئەوان کارەکترە ئەمنییە گەورەکانییان دێن بەبێ پرسی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە لە وەزارەتەکانەوە ئەوەیان راگەیاندووە ئاگایان لەوە نییە چۆن هاتوونەتە ناو وڵات، دەی با ئەوەش هەر بەهەمان شێوە بۆ کۆبانێش بەکار بهاتبایە، پەرلەمان و کێشە سیاسییەکان، هەر چەندە کاك (ئاری هەرسین) لێرە نییە، بەلاّم من پشتیوانی لە قسەکانی دوێنێی کاك (ئاری هەرسین) دەکەم، من پشتیوانی لە قسەکانی کاك (ئاری هەرسین) دەکەم، سەبارەت بە کاریگەری هەموو وڵاتان کە ئەو باسەی کرد وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی ئێران و تورکیا لە هەرێمی کوردستان، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نییە رەخنە بگرم، نەخێر، من پێموایە پەیوەندیکردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بە تایبەتی زۆر گرنگ و بنچینەییە، دەبێت ئەم پەیوەندییانە هەبن، چونکە بەبێ ئەم پەیوەندییانە ناتوانرێ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت، هەروەها ناشتوانین ئەو هاوکاریانەی کە دەمانەوێ ئاراستەی پارچەکانی تر بکەین و بە تایبەتی رۆژئاوای کوردستان و کۆبانێ، چ هاوکاری مرۆیی بێت، چ هاوکاری سەربازی بێت، بەلاّم دیسانەوە دەڵێم دەبێ ئەم پەیوەندییانە لە چوارچێوەی نیشتیمان و نەتەوە و ئەو بەرژەوەندییە بالاّیانەدا بێت. باس لە هێزی سەربازی یان ئەمنی لە هەرێمی کوردستان کرا، من پشتیوانی لەو قسانە دەکەم، کە ئەمە دیسانەوە پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، باسی لێپرسینەوەی پەرلەمان کرا، ئەم رەخنەیە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرا، منیش پشتیوانی لەو قسەیە دەکەم

دەبێت پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەمە بێتە دەنگ، هەموو ئەو هێزانەش کە ئەو ڕێ و شوێنانەیان کردۆتەوە ولێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، من پێم خۆشە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بڵێم ئایا ئێوە هیچ کاتێ ڕێگری قسەکردنی پەرلەمانتارتان کردووە؟ کە قسە لەسەر بابەتێکی ئەوە بکات من وەکو پەرلەمانتارێك....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد ئەمڕۆ باسی کۆبانێ ئەکەین، باسی ئازارەکانی کۆبانێ ئەکەین.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی :**

...... بەڵێ ، بێگومان ئەوە پەیوەندی بە کۆبانییەوە هەیە، چونکە ئەوەی منی بریندارکرد لەو ماوەی ڕابردوو ئەوە بوو منیان خستبووە وەك پەرلەمانتارێك بەڵێم ئێمە لە دۆخێکدا بوو کە گومان لە خۆت بکەی ئایا هەڵوێستی تۆ بەرامبەر ڕۆژئاوای کوردستان و کۆبانێ چییە؟ ئایا ئێمە ئینسانی نا نەتەوەین؟ ئایا ئێمە پشتیوانی کۆبانێ و ئەو دۆخە ناکەین کە تیایدا ئەژین؟ بۆیە ئەگەر دەمانەوێ ئەو یەکڕیزییە نیشتمانییە پارێزگاری لێبکەین، دەبێ بەڕاستی لەناو پەرلەمان، لەدەرەوەی پەرلەمانیش بەجدی، بە قوڵی پارێزگاری لەو یەکڕیزییە نیشتمانییە بکەین، نەك ئەوەی کە من بە وازحی دەیڵێم هێرشکردن بێت لە سەر پەرلەمانی کوردستان بۆ لێدان لە هێزێکی سیاسی ئەمە جێگەی ڕەخنەیە، کۆبانێ بەلای منەوە موقەدەسێکی نەتەوەییە، چرکە ساتی دەست پێکی بونیاتنانی نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن خۆیە، هەمووومان دەیزانین بەلای منەوە دانپێدانان بە کانتۆنەکانی خۆرئاوا هەر ناوێکی لێدەنێن ئەوە بنچینەییەو و، لەو ڕووەوە پشتیوانی قسەکانی کاك فەرهاد سەنگاوی و کاك عمر عینایەت و دکتۆر شێرکۆ حەمە ئەمین دەکەم، سەبارەت بە شتێکی تر کە ئەویش دیسانەوە هەر پەیوەندی بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانمانەوە هەیە لەگەڵ هەموو وڵاتان، ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بەوەی ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، ئەگەر ڕۆژئاوای کوردستان کۆبانێ بێت بتوانین پشتیوانی بکەین، باسی پێشنیارەك کرا (مامۆستا حەسەن) چەند سەعاتێك لەمەو پێش قسەو باسێکی کرد کە چۆن ئێمە بتوانین کەل و پەل و ئەو شتانەی کە لە وڵاتانی تر دێت ڕەتی بکەینەوە بەتایبەت ئەوانەی تورکیا، من پێموایە ئەوە لەوە نییە کە ئێستا حالیەن جل و بەرگەکانمان لابەرین کە لەبەر ئەوەی لە تورکیا دروست کراوە، نەخێر ئەمە تەعبیرە لەوەی کە بیرێکی ستراتیژی نەتەوەییە کە ئێمە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی پێداویستییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بونیات بنێین، ئەمە بۆ ئەوەیە کە تۆ لە ڕوانگەی ئەم بیرە ستراتیژییە

نەتەوەییەوە لە ئێستاوە دەست پێبکەی ئاسایشی خۆراکت، ئاسایشی پێداویستییە ناوخۆییەکانت لەناوخۆی کوردستان دابین بکەی، بۆ ئەوەی هەر ئێستا ئێمە بمانتوانیبایە پێداویستییەکانی ناوخۆمان بەشێکی گرنگیمان دابین بکردبایەو لە پەیوەندییە سیاسییەکانمان بتوانین کەڵکی لێوە وەربگرین، پێمخۆشە هەم دەست خۆشی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئیدانەی توندوتیژییەکانی تورکیایان کرد، لەبەر خۆپیشاندەرانی باکووری کوردستان، وەك پەرلەمانتارێك جەختی لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەوە کارێکی نامرۆڤانەبووە بە توندی ئیدانەی ئەو توندو تیژیانە ئەکەین کەبەرامبەر خۆپیشاندەرانی باکووری کوردستان بەکارهێنرا، سەبارەت بە پرسیارێکی تر کە ورووژێنرا ئەوەی لەمەسەلەی دانپێدانانی پەرلەمانی کوردستان بۆ کانتۆنەکانی خۆرئاوا، باس لە سیادەی حکومەتی عیراقی کرا، ئەو پرسیارە ورووژێنرا تێناگەین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەندە دڵسۆزی سیادەی حکومەتی عیراقییە، من پێموانییەو تا ئێستا هیچ دڵسۆزییەکم نەبینیوە بۆ سیادەی عیراقی، بە هەڵوێستێکی نا نەتەوەیی دەبینم، قسەیەك ناکەم کە پێویست بوو بیکەم ئەوانەی کە دڵسۆزی سیادەی عیراقی بوون ڕوون و ئاشکرایە، سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو فیروز طە فەرموو.

**بەڕێز فیروز طە عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکیێ دەستخۆشیا لە هەڤاڵێ شاندێ دکەم بۆ سەردانا وان، دەستیان خۆش بێ هەرچەندە بە ڕەئی من بڕیاری ئەم سەردانا زۆر درەنگ بوو، سڵاو بۆ هەموو پێشمەرگەی قەهرەمان، شەڕڤانان، ئەوەی لێرە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە پێویستە ڕۆژئاوای کوردستان بە گشتی و، کۆبانێ بەتایبەتی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پارێزگاری لێبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بوونی هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی لەو ناوچە بە گرنگ دەزانم لەو قۆناغە، دوو: من پێموایە ئەگەر لە ڕووی جوگرافی هیچ ڕێگرییەك نەبێ ئەوە کارێکی زۆر باش دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە پاڵپشتی سەربازی بەپەلە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بێنە هەناردن، سێ: هەروەها پێم باشە سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە بکەین کە دەستی درێژ کردووە بۆ کۆبانێ، هەر لێرەوە لە پەرلەمانی کوردستان داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم هەروەك لە ڕابردوو سەلماندوویانە ئەوجارەش بۆ کۆبانێ بێنە مەیدان، کۆمەك بنێرن بۆیان، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە هەماهەنگی زووری عەمەلیاتی کوردستان لەگەڵ

هێزەکـــانی هاوپـــەیمانان بـــۆ لێـــدانی مۆلگـــەکانی داعـــش لـــە کۆبـــانێ ڕۆلێکـــی گـــەورەی هـــەبووە، چـــوار: دەمـــەوێت گـــەلی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان، هێـــزە سیاســـییەکانی ڕۆژئـــاوا هـــەر بژاردەیـــەك بـــۆ خۆبـــەڕێوەبردن بەباشـــی دەزانـــن ئـــەوا ئێمـــە پێشـــوازی لێدەکـــەین وە مامەڵـــەی لەگـــەڵ بکـــەین، پێـــنج: هـــەر لـــە ئێستاشـــەوە زەمینـــە خۆشـــبکەین بـــۆ ســـازدانی کـــۆنگرەی نەتـــەوەیی لـــە کـــاتێکی زوودا بـــۆ ئـــەوەی بتـــوانین لەســـەر هـــەموو پرســـێکی هاوشـــێوەی کۆبـــانێ خـــاوەن یـــەك ســـتراتیژبین، خـــاڵێکی گـــرنگ مـــن پـــێم باشـــە وەکـــو پەرلـــەمانی کوردســـتان چـــاوەڕێی کۆبوونـــەوەی دهـــۆك بکـــەین، ئـــاخۆ دەگەنـــە چ بڕیارێـــك ئینجـــا پەرلـــەمان لەســـەر بنـــەمای ئـــەو کۆبوونـــەوە دوایـــن هەڵوێســـتی یاســـایی خـــۆی ڕابگەیـــەنێت تـــاکو بتـــوانین ئێمـــە یارمەتیـــدەریان بـــین، نـــەك بەربەســـت بۆیـــان دروســـت بکـــەین، لـــە دواییـــدا پاڵپشـــتی قســـەکانی کـــاك ئومێـــد، کـــاك دکتـــۆر فرســـەت، کـــاك حـــاجی کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـــە ڕاســـتیدا ئـــەمڕۆ ڕۆژێکـــی گـــرنگ و پرشـــنگدارە، مـــن دەستخۆشـــی لـــە جـــەنابت ئەکـــەم، لەدەســـتەی ســـەرۆکایەتی ئەکـــەم بـــۆ ئـــەو بەرنامـــەی کـــارە، بـــۆ ئـــەوەی دواجـــار پرســـی کۆبـــانێ و ڕۆژئـــاوای کوردســـتان هاتـــە هـــۆڵی پەرلـــەمانی کوردســـتان، کوردســـتانی ئـــەمڕۆمان جیـــاوازە لـــە ڕووداوەکـــانی پـــێش هەڕەشـــەو پەلاماردانـــەکانی داعـــش، واتـــە هـــەرێمی کوردســـتان ئـــەمڕۆ پێـــی ناوەتـــەوە قۆنـــاغێکی نوێـــوە، بەرپرســـیاریەتی نـــوێ و دیـــدگای نـــوێ و مەســـئولیەتی نوێمـــان لێ ئـــەخوازێ، هیـــوادارم پەرلـــەمانی کوردســـتان بـــەو ڕۆڵـــە گرنگـــەی خـــۆی هەســـتێك کـــە مـــن ئومێـــدم بـــە ســـەرۆکایەتیەکەی و تـــەواوی فراکســـیۆنەکان هەیـــە بـــۆ ئـــەو مەبەســـتە، لـــە ڕاســـتیدا ئـــەوەی بـــۆ کۆبـــانێ ڕوودەدا، ئـــەوەی لـــە شـــنگال ڕوویـــدا، لێقـــەومان بـــوو، بـــەڵام زۆرجـــار لێقەومانـــەکان دەرفـــەتی گـــەورە بـــۆ نەتـــەوەکان دەڕەخســـێنن، وەکـــو چـــۆن لـــە ئاســـتی تاکـــە کەســـدا هەنـــدێك جـــار لێقـــەومانی تاکەکەســـی کەســـایەتی گـــەورەو گـــرنگ بـــەدوای خۆیـــدا دێنـــێ، لـــە ئاســـتی نەتەوەیشـــدا لێقـــەومان و کارەســـاتەکان ئـــەکرێت بکرێتـــە مایـــەی بـــەدی هێنـــانی چارەنووســـە گەورەکـــەمان، بـــە لگـــە بـــۆ ئەمـــەش لـــە چـــەند دەیـــەی ڕابـــردوودا لـــە هـــەرێمی کوردســـتان ئێمـــە ئـــەنفال و کیمیابـــاران کردمـــانی بـــەخاوەنی بـــەرەی کوردســـتانی، ئـــەو بەرەیـــەی کوردســـتانی کـــە لـــە محتـــەوادا یـــەکڕیزی هێـــزە نیشـــتیمانییە کوردســـتانییە شۆڕشـــگێڕەکانی بەرجەســـتە

کــردووه، دواجــاریش کــۆڕەو ئیرادەیــەکی نەتــەوەیی نیشــاندا، ئــەم پەرلەمانــە مەزنــەو ئــەو حکومەتــە بــەڕێزەی لــێ بــەدی هــات، بــەڕێزان چــوار ســاڵ بــەر لــە ئــەمڕۆ لــەم هــۆڵی پەرلەمانــە میــوانێکی ئازیزمــان هــەبوو بــەناوی خوالێخۆشــبوو (دانیــال مــیتران) خێزانــی ســەرۆك (فرانســۆ مــیتران) باســی بەرپرســیاریەتی پەرلــەمانی ئــەکرد، ئــەو قۆناغــە کــە پەرلەمانەکــەمان لــە دوو بلــۆکی ئۆپۆزســیۆن و فــەرمانڕەوا پێکهــاتبوو، پێــی وتــین (ئێــوە دەبــێ یــەکڕیزبن ســەرباری جیاوازییــەکانتان، چــونکە پارچــەکانی تــری کوردســتان ئومێــدیان بــەم پەرلەمانەیــە، بــۆ ئــەوەی تەجروبــەی هــەرێمی کوردســتان ئــەو مەســجە بــدات بــە کۆمــەڵگای نێودەوڵــەتی، ئەگــەر دەرفــەتی تەجروبەیــەکی نــوێ لەپارچــەکانی تــر هاتــە پێشــەوە کۆمــەڵگای نێودەوڵــەتی پشــتیوان بــێ)، خۆشــبەختانە ئــەمڕۆ لــە قۆنــاغێکی تــردا ئــەو ژنــە بەڕەحمــەت بــێ، ئێمــە ئــەمڕۆ قســە لەســەر ڕۆژئــاوا و چارەنووســی ڕۆژئــاوا ئەکــەین، واتــە یــەکڕیزی هێــزە کوردســتانییەکان دەرفــەتێکی گرنگــە، ڕزگارمــان ئــەکا لــەو تەعنــە مێژووییــەی کــە دەیــان گــوت فاکتــەرە ناوخۆییــەکان بــاعزی لــەناو چــوونی دەرفەتەکانــە، ونــەبوونی ئیتیفــاق وایکــردووە فاکتــەری نێودەوڵــەتیش هەمیشــە پشــتیوان و هاوکارمــان بــێ، لــە مێــژووی دوورو نزیکــدا هــەرێمی کوردســتان داســتانی گــەورەی تۆمــارکردووە بــەرگری لــە خــاك و خــەڵکی کوردســتان، لــە پەلاماردانــەکانی داعشیشــدا هــەرێمی کوردســتان کــەمی نــەکردووە، جوگرافیایەکــەی ئێمــە زۆرتــرە لــە جوگرافیــای هــەر قەوارەیــەکی تــر بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی تــیرۆر و تیرۆریســتان، بۆیــە ئــەوەی لــە کۆبــانێ ڕووئــەدا ئەجنــدای نــەیاران بــۆ ترازانــدنی یەکپارچــەیی و یــەکڕیزی خــەڵك و هێــزە کوردســتانییەکانە، ئێمــە مەبەســتمانە قســەکردن لەســەر ڕۆژئــاوای کوردســتان و کۆبــانێ بەمەبەســتی بــەدیهێنانی ئــەو خواســتانە بــێ کــە خــەڵکی کوردســتان لــە هێــزە کوردســتانییەکانی دەکــا، ڕاســتە کۆبــانێ ئــەمڕۆ بۆتــە مانشــێت و ناونیشــان، بــەلاَم قەزیەکــە لــە کۆبــانێ گــەورەترە، بــەلاَم لــە مێــژوودا هەنــدێ شــار توانیویانــە وەرچــەرخان لــە مێــژووی نەتەوەکانــدا دروســت بکــەن، بــۆ نموونــە (پــۆر ســەعید لــە میســر، ســەبرا و شــاتێلا لــە فەڵەســتین، ناکــازاکی لــە یابــان، واتــەر لــۆ لــە بریتانیــا، ســتالین گــراد لــە ڕووســیا، هەڵەبجــە لــە باشــووری کوردســتان) ئــەمڕۆش کۆبــانێ بەشــێوە گشــتییەکەی بــۆ کــورد و کوردســتان لــە ڕۆژهــەلاَتی ناوەڕاســتدا بۆتــە مانشــێتی یەکخــەرەوەمان، خــەباتێکی نەتــەوەیی نــوێ، هــەموومان بەشــدارین لــەو شــەڕەو هەریەکــەمان بــەپێی پێویســتی و جــۆر، پەرلــەمانی کوردســتان ئــەمڕۆ لەبــەردەم تاقیکردنەوەیــەکی گرنگدایــە بــۆ بڕیــاردان لــە مامەڵــەکردنی فــەرمی لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان، دەمــەوێ خــاڵێکی زۆر جــدی بخەمــە ڕوو کــە هەنــدێ پەرلــەمانتاری بــەڕێز ئاماژەیــان پێکــرد ئــەویش پەیوەنــدی بــە جــۆری

پەیوەندییـــەوە هەیـــە لەگـــەڵ داعـــش، پەرلـــەمانی کوردســـتان ئەگـــەر لـــەم دانیشـــتنەش نـــەبێ پێویســـــتە دانیشـــــتنێکی تایبـــــەت بکـــــا بـــــۆ تـــــەحریم و تـــــەجریم کردنـــــی هـــــەر جـــــۆرە پەیوەندییـــەکی ئـــابووری، فکـــری، سیاســـیی لەگـــەڵ داعـــش بـــە پێـــی یاســـای ژمـــارە (٨)ی ســـاڵی ٢٠٠٨ یاســـای تـــیرۆر لـــە کوردســـتان، ئـــەو جـــۆرە پەیوەندیانـــە ئامـــاژەی پـــێ ئـــەکرێ دەبـــێ هـــەرێمی کوردســـتان لـــە چـــوار چـــێوەی ئـــەو یاســـایە مامەڵـــەی لەگەڵـــدا بکـــا، پەرلـــەمانی کوردســـتان ناوەنـــدی بڕیـــارە، پێویســـتە بـــە بڕیـــار هەڵوێســـتە فەرمییەکـــەمان ڕابگەیـــەنی، گفتوگـــۆی ئێســـتامان ئیعترافێکـــی ناڕاســـتەوخۆیە، یاداشـــتی (٦٨) ئەندامەکـــەی پەرلـــەمان، ناوەڕۆکـــە بـــە پێزەکـــەی ئیعترافێکـــی ناڕاســـتەوخۆیە، چـــونکە زیـــاتر لـــە نیـــوەی ئەنـــدامانی پەرلـــەمان هەڵوێســـتی خۆیـــان لـــەو چوارچـــێوەیە ڕاگەیانـــد، هەڵوێســـت و ڕاگەیانـــدراوەکانی هەرســـێ ســـەرۆکایەتییەکە: ســـەرۆکایەتی بـــەڕێزی پەرلـــەمان، ســـەرۆکایەتی بـــەڕێزی هـــەرێم، ســـەرۆکایەتی حکومـــەت ســـەردانی ئـــەو وەفـــدە بـــەڕێزە چـــالاکەو، ئـــەو ڕاپۆرتـــە بـــە پێزەیـــان ئیعترافێکـــی ناڕاســـتەوخۆیە، ئـــەمڕۆش ڕاســـتەوخۆ لەبـــەردەم بەرپرســـیاریەتی نیشـــتمانیی و نەتەوەییـــداین ئەرکمانـــە مامەڵـــەی دروســـت بکـــەین، لـــە ڕووی قانونییـــەوە پێموانییـــە عوقدەیـــەك هـــەبێ، لـــە ڕووی تیـــۆری و فەلســـەفییەوە ســـاڵەهایە لـــە ژێـــر چـــەتری فەلســـەفەی قانونـــدا، قـــانونی نـــاوخۆیی و قـــانونی نێودەوڵـــەتی هـــەبووە و هەیـــەو، گـــەلی ئێمـــە جینۆســـاید ئـــەکرێ، بۆیـــە بڕیـــاردان لـــە ڕووی قانونییـــەوە، لـــە ڕووی نەتەوەییـــەوە، لـــە ڕووی مرۆڤایەتییـــەوە ، لـــە زۆر بـــواری تـــرەوە بـــۆ بەدەنگـــەوە هـــاتن بـــۆ پاراســـتنی ئـــەو ئیـــدارە خۆجێیـــەی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان ئـــەرکێکی مێژووینـــەی ئـــەم ســـاتە وەختـــەی ئێمەیـــە، دڵنیاتـــان ئەکەمـــەوە ئـــەمڕۆ پەرلـــەمانی کوردســـتان لەبـــەردەم ســـاتە وەختێکـــی گـــرنگ و مێژوویدایـــە، ئـــەمڕۆ قـــانون بەدەســـتی خۆمانـــە، فەلســـەفەی حـــەقیش ئـــەوەمان لێـــدەخوازێ، هـــەرێمی کوردســـتان کـــەمی نـــەکردووە بـــۆ پارچـــەکانی تـــر، بـــەڵام تـــا ســـەروەری زیـــاتر تۆماربکـــەین لـــە بـــەدیهێنانی مافـــەکان باشـــتر دەچـــینە پـــێش و دنیـــاش بەدەنگمانـــەوە دێـــت، بـــە بڕیـــاردان بـــە پارچـــە ئازادەکـــەی کوردســـتان، تۆمـــارکردنی ســـەروەرییە بـــۆ ســـەرۆکی پەرلـــەمان، بـــۆ ســـەرۆکایەتی و ئەنـــدامانی پەرلـــەمان، بـــۆ هێـــزە سیاسییەکانمان، بۆ گەلی باشوور و بۆ مرۆڤایەتی، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەرکەوت سەرحەد فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا بە پێویستی دەزانم دەستخۆشی لە پەرلەمان بکەم، پرسی ڕۆژئاوای کوردستانی بە گرنگی خستۆتە بواری گفتوگۆکردنەوە، ئەم هەڵوێستە نیشتیمانییەی باشووری کوردستان بۆ ڕۆژئاوای نیشتمان مێژوو بە گەورەیی تۆماری دەکاو بۆ هەمووان، دەستخۆشی و ماندوونەبوونیش لەو شاندە مەیدانییەی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە سەردانی کردووە، سەردانەکەش هەڵوێستێکی مەعنەوی پەرلەمان و هەرێمەکانی گەیاندە ڕای گشتی و گەلەکەمان لە پارچەکانی تری کوردستان، ئێستا پێویستە لەم دانیشتنەدا پەرلەمانی کوردستان، شاری کۆبانێ وەك سیمبولی خەبات و بەرخودانی نەتەوەی کورد دیاری بکات و، هەروەها بە بڕیارێکی یاسایی بە فەرمی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا بناسێنێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەو بڕیارە ئیلزام بکا و بە فەرمی بیناسێنێت، پێویستە پەرلەمان حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕاسپێرێ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە دژایەتی کردنی تیرۆر، گەیاندنی هاوکاری لۆجستی بۆ شەڕڤانان لە ڕێگای فڕۆکەوە، چونکە هەموومان دەزانین حکومی جوگرافیا وای کردووە لە ڕێگای زەمینی گەیاندنی ئەو جۆرە هاوکارییانە ئەستەمە، بە تایبەتیش کە ئێستا وڵاتی تورکیا کار ئاسانی پێویست بۆ گەیاندنی هاوکاری لە ڕێگای زەمینی ناکات، بۆیە پێویستە پەرلەمان حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێرێ بە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە تورکیا لە ڕووی بازرگانی و ئابوورییەوە ئەگەر تا سەر هەڵوێستەکانی ناڕوون و نا دۆستانە بێت، بەڕێزان ڕووداوەکانی ئەم دواییە خرۆشانێکی جەماوەری تا ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان و ڕەوەندی کوردی لە هەندەران دروستکردووە، خۆپیشاندان و مانگرتنەکان شایستەی ڕێزلێنانن، بەتایبەتی پارتە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ڕۆڵی گرینگیان لەو ڕەوشە بینی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە سەر ئەو گفتوگۆ چڕ و پڕە کە ماوەی دوو ڕۆژە ئەنجامانداوە سەبارەت بە پرسی کۆبانێ، ئێستا بەڕێز مامۆستا مولود وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان وتەیەکی هەیە با بفەرموێت.

**بەڕێز مولود محی الدین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لەو شاندەی پەرلەمان دەکەم کە تەنها سەردانەکە بۆ خۆی مانا و بەهایەکی گەورەی هەبوو کە توانی ئەلقەکانی پێکەوە گرێدانی ئەو نەتەوەیە لە چوار چێوەیەك دەست نیشان بکات، من ئەمەوێ عەرزی ئێوەی بکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم نەتەوە، میللەتە بە خۆی دا باشووری کوردستانە ئەرکێکی ئەخلاقیەتی ئەرکێکی نەتەوایەتی، ئەرکێکی ئینسانیەتی، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی کە بە هەموو مانایەك بە دەم هاوکاری و یارمەتیدانی کوردانی رۆژئاوا بێ، چ لە کۆبانێ کە ئێستاکە بۆتە جێگای کێشەکان و، چ لە کانتۆنەکانی تری کوردستانی رۆژئاوا، ئەوە ئەرکێکی هاوخوێنیمانە، هاونیشتمانیمانە، هاو نەتەوەییمانە، کوردستانی بوونمانە، ئەرکی هاو دوژمنیمان کە هەیە ئەو ئەرکەشمان ئەخاتە ئەستۆ، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێم وایە لە ڕووی ئابووری لە ڕووی سیاسی لە ڕووی لۆجێستی و هەروەها لە ڕووی مرۆیی و هاوکاری مرۆیی ئەوەندەی لە دەستی بێ بۆ هیچ لەحزەیەکیش تەقصیر ناکات لەو مەسەلەیە، چونکە بە رەئی من ناکرێ بڵێ حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمساردتر ئەبێ لە وڵاتانی دونیا کە قسە لە سەر مەسەلەی کۆبانێ و قسە لە سەر مەینەتیەکانی خەڵکی کۆبانێ ئەکەن، بەڵام ئێمەش مەعلومی جەنابتانە خۆتان پەرلەمانی ئەو هەرێمی کوردستانەن و نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەزانن کە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەك کێشەی گەورەمان هەن، کە تەنها بۆ بیرخستنەوە لەم قۆناغە ئەڵێم، نە بۆ ئەوەی ئێمە وا بین کە خۆمان ئەدوێینین لەو کێشەی کە هەیە، نەخێر بەڵکو بەحس لەوەیە ئێمە خۆمان لە چ قەیرانێکا ئەژین، ئەو قەیرانە وا ناکا ئێمە بەدەم کێشەکانەوە نەبین و بەدەم ئازارەکانی خەڵکی کۆبانێ و بەدەم ئازارەکانی رۆژئاوای کوردستانەوە نەبین، کێشەکانی ئێمە مەعلومی جەنابتانە ئێمە کێشەیەکی دارایی قورسمان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا کە بەڕاستی ئەگەر ئیرادەی خەڵکی ئەو نیشتمانە نەبوایە ئێمە تا سەر لێواری وەستانی کاروبارەکانی ژیانی گشتی هەرێمی کوردستانەوە رۆیشتووین، لە بێ پارەیی و بێ داهاتییە گەیشتووینەتە ئەو شوێنەی کە وەکو گوتم ئەگەر خوگری خەڵکی کوردستان نەبێت، واتە ئەم دامودەزگایە و ئەم پەرلەمانە و ئەم دامودەسەڵاتەی قەزایی دەسەڵات جێبەجێ کردن بەرێوە نەئەچوو لەم کوردستانە، یەعنی لە هەرێمی کوردستاندا خەڵکێك ئەگەر گوێی لەقسەکانی من بێ تەنها مەعاشێکی کەم وکز بە دوو مانگ جارێ ئەیدەنێ یان نایدەنێ، شەش رۆژ دوا ئەکەوێ، مەعاشی حەفتا و پێنج روژیشمان هەیە، بەڵام وەکو مەعلومی جەنابتانە یەعنی شتێکی وەکو کارەبا لەم هەرێمی کوردستانە بە راستی ئێمە رۆژانە لە نێوان نۆ ملیۆن تا حەفت ملیۆن مەسرەف هەیە، مەسەلەی ئیدارەدانی خەستەخانەی (١١٠ تا ١٢٢) ملیار دینار مەسرەفی هەیە، جا وەرە لێرەوە سەیری پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، خزمەتگوزاری پاك و خاوێن کردن، لێرەوە سەیری مەسەلەی پەروەردە بکە، کە هەموو مانگێك نۆ ملیۆن دۆلار بەس پارەی ئیدارەیەتی، مەقسەدم ئەوەیە هاوڵاتی هەرێمی کوردستان حەقی خۆیەتی گلەیی لە هەموو لایەکمان بکات، بەڵام ئەوەش تێ بگات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم قەیرانی دارایی زۆر گەورەتر و قورسترە لەوەی کە هاوڵاتی بەو سادەیی یە دەیبینێ، کە تەمەنا ئەکەین انشاءالله ئەڕەوێتەوە، هەموو لایەکیشمان بە تەماین لە نێزیکترین کاتدا بڕەوێتەوە، دووەم: ئێمە

لەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەموو لایەکمان، وەکو کۆبانێ، وەکو هەموو شارەکانی تر لە جەلـەولاوە تاکو زومار وەکو کۆبانێین، ئێمـە لـە رووی مـەوزوع، هـەمان مـەوزوعمان هەیـە کـە بریتـی یـە لـە تـیرۆر و، هەمان کێشەمان هەیە کە بریتی یـە لـە کێشـەی رووبـەڕوو بوونـەوەی داعـش، و زاتەکـەش، زاتـی ئینسـانی کوردە، و خاکی کوردستانە و خاکی ئەم نیشتمان و ئەم نەتەوەیە، لەبەر ئەوەش خۆمان بـۆ خۆمـان رۆژانـە وەکو ئاماژەتان پێدان جەنابتان لە (١٠٣٥) هـەزار و سـی و پێـنج کیلومـەترە بـۆ چاوتررووکاندنێك غەفڵەت بوون لە هەر سـەنگەرێك لـەم سـەنگەرانە لـەو (١٠٣٥) هـەزار و سـی و پێـنج کیلۆمـەترە داعـش کارەساتێك بەسەرماندا ئەهێنێت، یا بە سەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگە، یـان بـە سـەر شارۆچکەیەکی کوردسـتاندا ئـەی هێنێت، لە بەر ئەوە ئەبێ بزانین کە بەڵێ لە رووی بە زاتی زاتەکەی هەر کـوردە لێـرە بـێ یـان لـە کۆبـانێ بێ، هەروەها لە رووی مەوزوعیش ئێمە هەمان مەوزوعمان هەیە کە بریتی یە لە داعش و لە ئیرهاب، ئـەم کێشەیە ئێمـە بـە راسـتی، بـە تـەواوی مـەعنامان کـردووە و زیـاد لـە حـەد حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هەرچی توانایەکیشی هەبێ سەرفی کا بۆ هەر شتێك، هەر هەمان ئیرهابە و هەر هەمان کێشەیە، کە ئێمـە رووبەرووی بووینەتەوە تەماننا ئەکەم ئێمـە ئـەم کێشـەیە بـە لای کـەم رایەڵەیـەکی دەروونـی و ئیـداری و شعوریمان بۆ دروست بکا، لە سەر ئەم سنوورە فراوانە یەك میللەت بەرامبەر یەك کێشـە وەسـتاوە کـە پێـی دەوترێ کێشەی داعش و کێشەی ئیرهاب، خاڵێکی تـر کـە گرنگـە بیرتـان ئەخەمـەوە هیچـێکی تـر لـە ئـارادا نییـە لـە دەرەوەی زانیـاری ئـەوەی دا نییـە، ئەوەیـە کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کـە خۆتـان ئـەزانن گـیرۆدەی کێشـەیەکی سیاسـییە لەگـەڵ عێراقـدا کـە ئـەو کێشـە سیاسـییەش بـۆ خـۆی سـەرباری هـەموو کێشـەکانە، مەسـەلەی بەشـداری کـردن لـە حکومـەت مەسـەلەی ئـەو خاڵانـەی کـە وەفـدی و دانوسـتکاری حکومـەت، مەسـەلەی مسـۆگەر کردنـی بودجەکـەش بـۆ خـۆی کێشـەیە کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کێشەیەکی سیاسی دەستە،یەخەیە لەگـەڵ حکومـەتی فیـدرالی بەغـدا، کێشـەیەکی تـر مـەعلومی جەنابتانـە کێشەی ئاوارەکانە، ئێمە وەکو هەرێم (٩٥٠) هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە تەسەور کە جـەنابت ئەگەر خـەدەماتی (٩٥٠) هـەزار ئـاوارە لـە رۆژێکـا دۆلارێـك بێـت بزانـە ئەکاتـە چـەند، حکومـەتی هـەرێمی کوردستان پێویستی بە چەندێك هەیە؟ موهیم مەقسەدم ئەوەیـە کـە بڵێم و عـەرزی جـەنابتان ئەکـەم لـە دهوکدا (٤٢٠) قوتابخانە ئێستا ئاوارەی تێدایە و چاوەڕێ ئەوەیە کە هەل ئەلەرزێن کە ئەمڕۆ بەیانی باران بباریت بۆ کوێ بگوێزرێنـەوە، ئـەوە مەسـئولیەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە بەرامبـەر بـە خـەڵکیکی وڵاتی خۆی و خەڵکی کۆبانێ و خەڵکی هەموو شوێنێکی تر، لەبەر ئـەوە ئەمـەوێ عـەرزی جـەنابتان بکـەم ئەرکەکانی حکومەت ئەرکێکی گەورەن، ئـەرکێکی زۆرن، بـەڵام ئـەوە ناکاتـە ئـەوەی بەرامبـەر ئەرکـەکانی، بەرامبەر کۆبانێ خەمسارد بێ، یان کەم بکاتەوە، بۆیە من داوا ئەکەم لە جەنابتان بۆ رەچاو کردنی ئەوەی مەوزوعی کورد، کورد وەکو زات وەکو مەوزوعێك، وەکو جەستەی نەتەوەیەك لە کۆبـانێ، لـە جەلـەولاو لـە زومـار یـەك جەسـتەیەك و یـەك قەزیەیـە کـە لـە رووبـەروو بوونـەوەی داعـش وەکو گرفتێـك و پرسـێکی تیرۆری نێو دەوڵەتی، بۆیە حەتمەن جەنابتان وەکو نوێنـەرانی خـەڵکی ئـەو کوردسـتانە بـە ڕەچـاو کردنـی

ئەو باردۆخانەی هەرێمی کوردستان ئیزافەیەك ئەخەینە سەر ئەرکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا بتوانێ بە پێی ئەرکەکانی دەر بێت و قەرزاری میللەتەکە و قەرزاری پەرلەمانیش نەبێ، یەك خاڵی تری ئاماژەی پێ ئەکەم، من ئەمەوێ بە خوشك و برایانی خۆشەویستی خۆم لە پەرلەمان بڵێم، چارەسەر کردنی هەر کێشەیەکی سیاسی یەعنی لە دەرەوەی سیاقی خۆی و لە دەرەوەی چوار چێوەی خۆی بە راستی مامەڵە ناکرێ و ئاسان نییە، ئێمە ئێستا رووبەرووی کێشەیەکین لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستانا، لە سەر ئاستی ئەقلیم، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی کێشەی پێی دەوترێ، پرسی داعش و پرسی ئیرهاب، تەنها ئێمە نین رووبەرووی بووینەتەوە تەنها کۆبانێ نییە، تەنها زومار نییە، تەنها جەلەولا نییە، تەنها شنگال نییە، ئەمە کێشەیەکی هەم ئەقلیمی یە هەم نێودەوڵەتی یە، بە دەیان ئەفراد بەشێکن لە موعادەلەی ئەم قەزیەیە، ئێمە بە تەنیا لە چوارچێوەی ئەم پەرلەمانە و لە ناو ئەم پەرلەمانە، لە دەرەوەی سیاقی ئەقلیمی نیو دەوڵەتەکەی خۆی هەر قسەیەك بکەین، بە جۆرێ لە جۆرەکان ئێمە بە لاڕێوە ئەبات، بەڵکو باشترین قسە ئەوەیە لە کۆی سیاقی مەوزوعەکان، لە کۆی چوارچێوەی رووداوەکاندا مەوزوعەکە ببینین، ئەو کاتە ئەتوانین دوایی هەڵسەنگاندنەکەمان جێگەی خۆی بێ، لە مەسەلەی ئیعتیراف پێکردنا، یەعنی ئێمە خاکی نیشتمان، سەر زەمینی نیشتمان، سەر زەمینی نەتەوە لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوە جیاوازە، هەموو بستێکی ئەم خاکە بەشێکە لە روحی ئێمە، ئەوە سەر زەمین و، نیشتمان و، خاکی ئێمەیە، بەڵام وڵات مەسئەلەیەکی ترە، وڵات لە لایەك تاکێکە لە مەسەلەی نێو دەوڵەتی، لایەکی تریش تاکێکە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی، میساقی ئومەم ئەلموتەحیدە کاری لەگەڵ ئەکرێ، ئەگەر ئەم پەرلەمانە لە سەر ئەوەیە بڕیار بدا کەوا دان بە کۆبانێ دابنێ و دانی فەرمی پێدا بنێ لەگەڵ ئەوە کە صەلاحیاتی حکومەتی عێراقیش نییە، چونکە ئەمە دەخالەت کردنە لە سیادەی وڵاتێك، هەم بە پێی قانونی نێودەوڵەتی ئەو کەسە مەحکوم ئەبێ، هەم بە پێی قانون و بە پێی میساقی نەتەوە یەکگرتووکانیش بریتی یە لە شکاندنی سیادە، بڵێن هەمووی ئەوانە تەجاوز ئەکەن، بەڵام ئەمە ئەبێ عیراق بیکات، ئەگەر رەئیس جەمهور لە عێراقدا ئەمە بکا شتێکی باشە، لەوەش تەجاوز ئەکەین، ئێمە ئەو قەرارە لەو پەرلەمانە دروست ئەکەین هیچ ئەسەرێکی نابێ، دەمی موعارزەی سوری و سوریا، دەمی وڵاتانی ئەقلیمی، دەمی عێراق، دەمی شوڤینیەکانی عەرەب تەبعەن لەگەڵ رێزم بۆ هەموو ئینسانێك، مەقسەدم شوڤینیەکان سیفەتی توندیەکەیانە، هیچی تر نییە، شوڤینیەتی عەرەب لە خۆمان ئەکەین ئەمە بێ ئەوەی ئینتاجێك بدات، چونکە عەقلیەن حەقی ئەوەی نیە قەرارێك بدات، ئەگەر نییەتەکەش لەمەدایە لە دانان بە کۆبانێ بۆ ئەوەی کە لێرە مومەسیلیەك دروست کا، وەکو سەرۆکی پەرلەمان داوا بکا مومەسیلێکی هەر سێ کانتۆنەکە بێنە ئێرە لەگەڵ جەنابتان دانیشن و، لەگەڵ حکومەت پێکەوە کۆبوونەوەیەك بکەن و نووسینگە لە هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە، ئەگینا ئەم پەرلەمانە (٢٧٥) هەزار ئیعتیراف پێ بکات بە هیچ شێوەیەك ناگات، جگە لەوە دەمی پەرلەمانی عێراق و مەحکەمەی فیدراڵی، دەمی سوریا، دەمی موعارەزەی سوری، دەمی وڵاتانی ئەقلیمی، هەموو وڵاتانی کۆ بکاتەوە، من لە گەڵ ئەوە

نیم و پشتگیریش لەوە دەکەمەوە کە دان بە کانتۆنەکاندا بنێین، بەڵام مونتیج نابێ ئەگەر بۆ ئەوەمانە لێرە بارەگا بکەنەوە، ئێمە زوو با ئیقراری ئەوە بکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم پەرلەمانە بەرێزە کۆ ببنەوە، ئیقراری ئەوە بکەن هەر سێ کانتۆنەکان، سێ مومەسلیان لە هەولێر هەبێ، ئەو هەموو حیزبە موعاریزە بۆیە کانتۆنەکان بۆیان بێ، لە بەر ئەوە تەمەنا ئەکەم جەنابتان ئەو بڕیارە بدەن کە بڕیارێکی مونتیجە، ئەمە وا نەکا کە ئێمە خوا نەخواستە زەرەیەك لە مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەی خۆمان ئەخەینە دوا، بەڵکو ئەم پەرلەمانە ئەبێ بڕیارێك بدا کە مونتیج بێ، ئەمە تەسەوری منە، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری کاروباری پەرلەمان لە حکومەتی هەرێم، لە راستیدا لەم دوو رۆژەیا هەندێك پرسیاریش ئاراستەی ئێمە کرا لە دەستەی سەرۆکایەتی کە من بە کورتی وەڵامی دەدەمەوە، دوایی ئەو شاندەی بەرێزی پەرلەمانیش سەردانی کۆبانێیان کردووە، ئەوانیش هەندێك روون کردنەوەیان هەیە و کۆی ئەو راسپاردانەی کە بەرێزتان لە گفتوگۆکاندا باستان کرد کۆیان کردۆتەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی سیاغەیان کردووە و شتێکیان ئامادە کردووە کە دوایی ئەیخوێنینەوە و ئەیخەینە دەنگدان، لە راستیدا بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئێوە ئەزانن، ئێوە شاهیدی ئەوەن کە لە دەستپێکی کارەکانی ئێمەوە تا ئێستا هیچ یادداشتێکی ئێوە، هیچ پرسیارێکی ئێوە، هیچ بانگ کردنێکی وەزیر کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان داوا لە ئێمە کرا بێت کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا بکەین، هیچ پڕوژە یاسایەکی ئێوە فەرامۆش نەکراوە و هەمووی بە هەند وەرگیراوە، ئەوەی خراوەتە روو رۆیشتۆتە بەرنامەوە و کاری لە سەر کراوە، ئەوەی خوێندنەوەی بۆ کراوە رۆیشتۆتە لای لیژنەکان بۆ ئەوەی ئامادەسازی بۆ بکرێت و راپۆرتی لە سەر حازر بکرێت و بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و، هەندێکیشی فریانەکەووتوین خوێندنەوەیان بۆ بکەین لە لای ئێمەیە بەم نزیکانە خوێندنەوەیان بۆ دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە رووی یاساییەوە  بۆ ئێمە ناکرێ هەر پڕۆژەیەك کە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەش ئەکرێ راستەخۆ بیخەینە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە، من نموونە ئەهێنمەوە نەك (٦٠) ئەندامی پەرلەمان بەڵکو (١٠٠) ئەندامی پەرلەمان ئەگەر یادداشتێك بۆ ئێمە بەرز بکەنەوە و داوای ئەوە بکەن کە دەستوری هەمیشەیی عێراق لە پەرلەمانی کوردستان هەموار بکەین، ئێمە بە راستی ناتوانین بیخەینە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، چونکە ئەمە لە صەلاحیەتی کاری پەرلەمان نییە، نموونەیەکی تر ئەهێنمەوە لە دانشتینی پێشووتری پەرلەمان باسی پایتەختی ئاشتی کوردستانی عێراقمان کرد لە لایەن ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمانەوە پێشنیاری ئەوە کرا کە ناوی هەڵەبجە بنێین بە پایتەختی ئاشتی کوردستان، واتە عێراقەکەشی لێ بکەینەوە بۆ ئەوەی ببێت بە پایتەختی ئاشتی هەر چوار پارچەکەی کوردستان، راوێژمان لە گەڵ سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی کرد، راوێژمان لە گەڵ هەندێك پەرلەمانتارانی یاسایی ناو پەرلەمانی کوردستان کرد کە رایان وا بوو ئەوە لە صەلاحیاتی ئێمە نییە، بەڵکو صەلاحیەتی ئێمە تەنها چوارچێوەی

هەرێمی کوردستان و زیاتریش ئەتوانین بڵێین صەلاحیەتمان کوردستانی عێراقە، بەڵام ناتوانین لەمە زیاتر صەلاحیەتی خۆمان بە کار بێنین و هەڵبجە بکەین بە پایتەختی ئاشتی هەر چوار پارچەی کوردستان، لە ماوەی رابردوو (٦٣) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان یادداشتێکیان ئاراستەی ئێمە کردبوو، لە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی پرسی هەرێمی رۆژئاوای کوردستان بیخەینە بابەتی دانیشتنەکانی پەرلەمان و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە فەرمی بناسێنرێت، لە راستیدا لە دوای بەدواداچوونەوە بۆمان دەرکەوت کە کیانێك لە رۆژئاوای کوردستان نییە بە ناوی (هەرێمی رۆژئاوای کوردستان) و، بەرێزان لە ماوەی رابردوو زۆر زیاتر بە دوا داچوونم بۆ کرد، بۆم دەرکەوت کە ئەم بەرێزانە لە رۆژئاوای کوردستان لە دەمی خۆیانەوە من پرسیارم لێ ئەکردن و ئەوان وەڵامی منیان ئەداوە، ئەو بەرێزانە لە رۆژئاوای کوردستان ئەو کانتۆنانەیان کە بە راستیش ناوی کانتۆن نییە ئەوەی کە من هێشتا لام روون نییە، چونکە چەند نوێنەرێکمان بینی قەرارە ئەو شتانەی کە ئەوان قەراریان کردووە داوا لە ئیدارەکانی خۆیان بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی بزانین تەبیعەتی ئەو کیانە سیاسییە چییە لەوێ؟ بە هەرێمیان نەناساندووە، پرسیارم لێکردن بۆچی بە هەرێمتان نەناساندووە؟ باسیان لەوە کرد کە دۆخێکی تایبەتی هەیە، دوژمنیان زۆرە و ناشیانەوێ دوژمن بۆ خۆیان زیاد بکەن، بە دەقیقی و دروستیش پێیان گوتم لەبەر خاتری چی ناوی هەرێمێیان لێ نەناوە کە من ئیستا بە راستی لێرە نامەوێ باسی بکەم، بەڵام تەفەهومی ئەوەش ئەکەم، لەوە تێ ئەگەین کە ئەوان بارودۆخێکی تایبەتیان هەیە، راستە چوار دەوریان داعشە، باکووریان دەوڵەتێکە کە دۆستیان نییە، واتە بە لایەنی کەم نایانەوێ دوژمنی تر بۆ خۆیان زیاد بکەن، لەمە زیاتر ناوی هیچ یەکێك لەو ئیدارانەی کە دروستیان کردووە کوردستانی پێوە نییە، یەعنی پاشگری کوردستانیان پێوە نەکردووە ئەمەش دیسان بە هۆی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە ئەوان هەیانە، بەو مانایانەیە کە ئەوان بارودۆخێکی تایبەتیان هەیە ئەبێ ئێمە خۆمان لەوان لەیانە وەربگرین داوای چیمان لێ ئەکەن؟ چونکە رەنگە ئەگەر ئێمە ئەو پرسە، ئەو کات بمان خستایەتە گفتوگۆیەکی پەرلەمانەوە و دەنگمان لە سەر بدایە لە پەرلەمانی کوردستان و دانمان بە هەرێمی رۆژئاوای کوردستان بنایە لە بری ئەوەی کە خزمەتیان بکەین کێشەمان بۆ دروست ئەکردن، تووشی کێشەی زۆر گەورەمان ئەکردن و دوور نەبوو ئەصلەن دوژمنیشیان بۆ زیاد بکەین، بەڵام ئێمە ئەم یادداشتانەی ئەندامانی پەرلەمانمان رەت نەکردۆتەوە، بەڵکو ناردوومانە بۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە بڕیارە لیژنەی یاسایی پەرلەمان، پسپۆرە یاساییەکانی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستانی تیا بێت، لیژنەی یاسایی پەرلەمان وەڵامیان داوینەتەوە بە نووسراوێك کە تیایدا دوو ئەندام ئامادە نەبوون و ئەندامێکیش مۆڵەت بووە، واتە ئەندامێکیش ئیمزای نەکردووە، بەڵام کەس تەحەفوزی لەسەر ئەو یاداشتەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان نەنووسیوە کە نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی تیایە، لەوە زیاتریش هەمان ئەو پرسەمان ئاڕاستەی ڕاوێژکارانی یاسایی پەرلەمانیش کردووە، بۆ ئەوەی لە دۆخەکە تێ بگەین و بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، دوای ئەوەی کە ئەم نووسراوانەمان بە دەست گەیشتەوە، بە نووسراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە

لەلایەن بـرای بـەڕێز سـکرتێری پەرلەمانـەوە ئاراسـتەی فراکسـیۆنەکان کـراوە، ڕای لیژنـەی یاسـایی و ڕای ڕاوێژکارانی یاسایی پەرلەمانمان بەئێوە ڕاگەیاندووە، بەڵام ڕای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان نەوتووە، یاداشتەکە لەبەردەست هەمووتان هەیە، حەز ناکەم بیخوێنمـەوە، بـەڵام تـەنها وتوومانـە سـەرنج بـدەن کـە ڕای لیژنەی یاسایی پەرلەمان و ڕای ڕاوێژکارانی یاسایی پەرلەمان بەم شێوەیەیە، بابەتەکەمان بە کراوەیـی هێشتۆتەوە، بەڵام ئێمە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بەوەوە نەوەسـتاوین کـە ئەگـەر بـە پێـی ڕای ڕاوێـژکارانی یاسایی پەرلەمان و، بە پێـی ڕای زۆرینـەی لیژنـەی یاسـاییش پەرلـەمانیش ئەمـە گرفتێکـی یاسـایی تیایـە، ئێمـە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم کانتۆنانـە بکـەین، مامەڵـە لەگـەڵ نوێنـەرەکانیان بکـەین، ئێـوە زۆر بـە دەقیقـی ئاماژەتان پێیدا ناردنی وەفدی پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ کۆبـانێ، خـۆی بـۆ خـۆی ئیعترافێکـی زیمنیـە بـەم کانتۆنا نە، پێشوازی کردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لـەناو بینـای پەرلـەمان و لـەناو حـەرەمی پەرلـەمان لـە نوێنەرانی ئەوان خۆی بۆ خۆی داننانێکی زمنیە بـەو کانتۆنانـە، سـەردانی کردنـی نوێنـەرەکانی ئـەوان لـە هەرێمی کوردستان خۆی دانپێدانێکی زیمنیە بەو کانتۆنانە، ئەم پرسە بە کراوەیـی لەبـەردەم ئێوەیـە و تـا ئێستاش ماوەتەوە، ئێوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلـەمان بڕیـار دەدەن لـەوەی کـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم پرسەدا دەکرێ، بـەڵام مـن ئەوەنـدە ویسـتم بـاس لـە ئـەو ڕێکارانـە بکـەم کـە لەلایـەن ئێمـەوە لـە دەسـتەی سەرۆکایەتی سەبارەت بەم پرسە گیراوەتە بەر، دوای توند بوونی بارودۆخـەکانیش خۆتـان دەزانـن کـە ئـەو وەفدەمان ناردە کۆبانێ کە زۆر بە سوپاسـەوە سـەرەڕای سـەختی بارودۆخەکـە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە پشـوو بوو، ئەوان سەردانی ئـەوێیان کـرد، لـەخۆ بوردووانـە ئـەو موخاتەرەیـەیان قبـوڵ کـرد و ڕۆیشـتنە ئـەوێ و ڕاپۆرتێکیان حازر کردووە و بۆ ئێمەیان هێناوەتەوە، جگەلـەوە لـە ئاسـتی دبلۆماسـی لـە ٧/١٣ ەوە تـا ئێسـتا هەر دەرفەتێك هاتبێتە کایەوە بۆ ئێمە لە دانیشتنمان لەگەڵ قونسوڵیات، لەگەڵ ئـەو نوێنەرایەتیانـەی کـە لە هەرێمی کوردستان هەن، لەسەردانی ئەوان بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەموو دەرفەتێکمان قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی شەڕی داعش لەڕۆژئاوا و جەبهەی دژی داعش لە ڕۆژئـاوا ببەسـتینەوە بـە جەبهـەی دژی داعـش لـە هـەرێمی کوردسـتان و، هەمیشـە تەئکیـدمان لەسـەر ئـەوە کردووەتـەوە کـە ئـەم جەبهەیـە لـە خانـەقین و جەلەولاوە درێژ دەبێتەوە بـۆ کۆبـانێ، زیـاتر لەمـەش هـەوڵمان داوە کـە شـەڕڤانانی یەپەگـە و یەپـەژە کـە ئێستا قارەمانانە لە ڕۆژئاوا دەجەنگن دژ بە تیرۆریستانی داعش بە بەشـێك لەشـەڕی دژە تـیرۆر لـە ئاسـتی دنیـا بناسـێنرێن و، لەڕێگـەی کۆمـەڵگای نێودەوڵەتیـەوە دەعـم بکـرێن، ڕاسـتە بـەهۆی بـارودۆخی سـەختی هـەرێمی کوردسـتان، ئێسـتا بـەهۆی شـەڕمان لەگـەڵ داعـش و بـەهۆی ئـەو پانتاییـە بەرفراوانـەی کـە ئـەم جەبهەیەی ئێمە هەیەتی لەگەڵ داعش، بەهـەمان شێوە بـەهۆی بـارودۆخی سـەختی ئـابووری لـە هـەرێمی کوردستان، بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان، ڕەنگە هـەرێمی کوردسـتان نـەیتوانی بـێ ئەوەی لە توانایەتی چ لە ئاستی سێ سـەرۆکایەتیەکە، چ لـە ئاسـتی حکومـەتی هـەرێم، تەنانـەت لـە ئاسـتی شەعبیش بۆ کۆبانێ و بۆ ڕۆژئاوا بیکات، بەڵام بەرپرسیاریەتی وای لە هەموو لایەك کردووە کە ئـەوەی لـە توانایـان بێـت ئـەنجامی بـدەن، هەرمـەوقعێك هـەبێت هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان لـە هاووڵاتیـەکی

سەرجادەوە کە دەڕژێتە سەرجادە و شەقامەکان بۆ پشتیوانی کردن لە کۆبانێ، لەو هاووڵاتیەی کە پیتاك کۆ دەکاتەوە بۆ هاوکاری کردنی ئاوارەکانی کۆبانێ، لە ئێوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە بەشداریتان لەم هەموو چالاکیانە کردووەو، وەفدیشتان سەردانی ئەوێی کردووە، هەموو ئەمانە هەوڵن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرپرسیاریەتە نیشتمانییە، ڕەنگە نەگەیشتبینە ئاستی بەرپرسیاریەتی تەواو، بەڵام هەوڵمان داوە وهیوادارین سەرکەوتوو ببین لەوەی هەنگاو هەڵبگرین بۆ ئەوەی کۆبانێ بپارێزین، هەرێمی کوردستان بپارێزین، هەموو ئەو ناوچانەی ڕووبەڕووی پەلاماری داعش دەبنەوە بیانپارێزین و یەکێتی نەتەوەییمان بپارێزین و بەهێزی بکەین، یەکێتی ناوخۆییمان لە هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین، یەکێتی ناوخۆیی لە ناو هێزەکان، لە پارچەکانی تری کوردستان بەهێز بکەین، یەکێتی نێوان هێزە کوردستانییەکان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەهێز بکەین، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکانت، بەڵام بە پێویستی دەزانم دوو، سێ خاڵ هەیە بەڕاستی زەرورە ڕوونی بکەمەوە، بۆ ڕوونی دەکەمەوە؟ چونکە ئاماژە بە هەندێ شت درا کە هەندێ ڕەبتی بە منەوە هەیە وەك ئەوەی کە بڕیاردەرم لە لیژنەی یاسایی، یەکەم: دوێنێش بەڕێزت ئاماژەت بەوەدا کە هیچ کەسێك داوای نەکردووە لە خۆرئاوا دانیان پێدابندرێ، ئەگەر ئەمڕۆش پەرلەمانی کوردستان ئەم بڕیارە دەرنەکات دڵنیا بن لەم چەند ڕۆژانە هەموو حزبەکان بە نووسراوی فەرمی ئاراستەی پەرلەمانی دەکەن کە چەند زەرورە دانیان پێدابندرێ. دوو: قسەی من قەد لەسەر ئەوە نەبووە کێ دژە، یاخود لیژنەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە یاخود نا لەوەی کە دان بە کانتۆن دابندرێ یاخود دانی پێدانەنرێت، قسە لەسەر ئەوە بووە زۆر بە وازحی داوای دانیشتنێکی پەرلەمان کراوە بە پێی ماددەی (٥٤) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، هیچ دەسەڵاتێکتان نییە وەك سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەو نووسراوە ئاراستەی لیژنەی قانونی بکەن، دەبووایە بیهێنیە هۆڵ و لەناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە قانونیەکەی کە ئێستا کرا، دەکرا و، کە دەڵێین ماددەی (٥٤) مەخسەدمان ئامادەبوونی حکومەتیش بوو لێرە، چونکە بەشێك لە شتەکان پەیوەست بوو بە حکومەتەوە، سێ: دەڵێ هیچ کەسێك تەحەفوزی دەرنەبڕیوە لەسەر ئەمە، من کە بڕیاردەرم، بۆیە تەحەفوزم دەرنەبڕیوە، چونکە ئەو ڕۆژە هاوڕێیانم ئەو قسەیان کرد کە ئێستا لێرە دەیکەم، کاتێك چوومە ژوورەوە من بەهیچ جۆرێك ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە نەبووم، ئەوە لێرە دەیڵێم ئەم یاداشتە واژوو دەکرا، گوتم بۆ من ئاگادار نیم، گوتیان تۆ هەر لەگەڵ دەبی لەناو هۆڵی پەرلەمان قسەی خۆت بکە، ئەگەر نا بایی ئەوەندەی دەتوانم قسەش بکەم لە لیژنە و تەحەفوزیش کە لەسەر شتێك ڕازی نەبوومە، بۆیە قسە لەسەر ئەوە نەبووە کە کێ دژە یان کێ دژ نییە، قسە لەسەر ئەم ماددەیە بووە کە بە پێی ماددەی (٥٤) داوای دانیشتنێك کراوە بهاتبانە ناو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر کرابا، ئەگەر نا هیچ کەسێك

**پێموانییە ئیرادەی هەموو هێزە سیاسییەکان و هەموو فراکسیۆنەکان، لە زۆر حاڵدا موتەفقین و هاوڕاین و سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، تکایە مەیکەنە وەڵام و وەڵامکاری، پێویست ناکات بە یارمەتیت، با من یەك، دوو قسە هەیە کە بیکەم، تکایە مایکەکەت بکوژێنەوە، لە دوو دانیشتنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان، کۆنووسەکانی پەرلەمانی کوردستان ماوە، کە باسی کۆبانێ کراوە، ئێمە خۆمان باسمان کردووە و ئەندامانی پەرلەمان باسیان کردووە، من بە ئێوەم گوتووە و ئێوە ئەگەر دەتانەوێ دانیشتنێکی تایبەت بە کۆبانێ باس بکەین، دانیشتنی تایبەت بە ڕۆژئاوای کوردستان ساز بکەین، هیچ ڕێگریەك لەبەردەم ئەمەدا نییە، بەڵام ئێمە هیچ کارێکمان نەکردووە کە پێچەوانەی ڕای ئەندامانی پەرلەمان بێ، شتەکانمان ئاراستەی ئێوە و ئەندامانی پەرلەمان کردووە، هیچ ڕێگریەکمان دروست نەکردووە بۆ ئەوە، ئێستاش لەناو هۆڵی پەرلەمان ئەگەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە بوو کە دان بە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا بدرێ، بەهەر ناوێك بێت، ئەوە ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی دەکەنەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان هیچ ڕێگریەکی لەبەردەم ئەمە نییە، ئەم مەسەلەیەش لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا بە کراوەیی هێشتوومانەتەوە و باسی کەسیشمان لە لیژنەی یاسایی نەکردووە کە کێ لەگەڵی بووە و کێ دژی بووە و کێ ئامادە نەبووە، بەڵام ئیتر ئەوە یاداشتەکە لەبەردەستی ئێمەیە و پێموابێ دوایی دەتوانرێ موتابەعە بکرێ، د.بەهار فەرمووو.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزیان بڕیاردەری لیژنەی یاساییە و خۆی لە ئەسڵدا پێویستە ئەو ئەندامان ئاگادار بکات، بەڵام ئەو لە هەموو کۆبوونەوەیەك ئاگادار دەکرێت، بەس خۆی ئامادە نەبووە لەو کۆبوونەوەیە، بەس ویستم ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك گۆران فەرمووو.**

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەحەدا دەکەم د.بەهار، ئەوە د.ڤالا لێرەیە و تومەتی وا قبوڵ ناکەم، هاتم لەسەر مێزەکە واژووتان دەکرد، گوتم چ واژوو دەکەن، گوتتان ئەوە، گوتم بۆ من ئاگادارنیم، گوتیان تۆ هەر لەگەڵی و لە قاعە قسەی خۆت بکە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە كاك گۆران تكایە با نەبێ بە موناقەشەی جانبی، تەواو، بەڵێ كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا جەنابت هەندێ ڕوونكردنەوەت دا و گەڕایتەوە بۆ ڕابردوو كە ئێمە لە كۆی دانیشتنەكانی دوێنێ و ئەمڕۆ دا هیچ پێویستمان بەوە نییە، چونكە ئەسڵەن مەسەلەی ڕۆژئاوا و كۆبانێ ئەجوائێكی زۆر باش و جوانی دروست كرد لەناو هۆڵی پەرلەمان، دەرفەتێكی گەورەی داوەتە جەنابتان بۆ ئەوەی ئێمە تەجاوزی ئەوە بكەین كە لەڕابردوودا ڕوویداوە، ئەگینا لە كۆی موناقەشەكان گفتوگۆ و وەڵام دانەوە هەڵدەگرێ بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە یاداشتی ئەندامانی پەرلەمان و بەلاڕێدا بردنی محتەوایەكەی هەیە، ئێستا من دەست خۆشی لە جەنابت دەكەم كە لە دوایین وتەكانت وتت ئەم مەسەلەیە دەیخەینە دەنگدانەوە و بڕیاری لەسەر بدرێت، پێمان خۆشە هەر كۆبوونەوەكە بەو ئاراستەیە بڕوات و گوێمان لە ڕای لیژنەكە بێت و ئەو كۆبوونەوە جانبیانەش كراوە لایەنێكی فەرمی هەیە كەلەگەڵ فراكسیۆنەكان كراوە، بۆ ئەوەی ئێمە سیغەیەك ئامادە بكەین و بگەینە بڕیار و هیوادارم بەو ئاراستەیە بڕوات، چونكە باش هاتووە و بۆ ئەوەی كۆتاییەكەشی باش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر باشە، سوپاس بۆ بەڕێزت لەڕاستی دا من پێویستم بەوە هەبوو كە هەندێ ڕوون كردنەوە بدەم، چونكە پێویستە لەم دوو ڕۆژەدا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پرسیارم ئاراستە كراوە، پرسیار ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی كراوە، ناگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو كە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو چی وتراوە، بەڵام لەم گفتوگۆیانەی ئەم دوو ڕۆژەشدا پرسیارمان ئاراستە كراوە، بۆیە پێویست بوو ڕوون كردنەوە بدەم، بەڕێز مامۆستا مولود قسەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مولود مراد محی الدین (وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوانەی كە من دەربارەی ئیعتراف عەرزم كردی، مەوقفێكی سیاسی نییە، من بەحسێكی قانونیم بۆ تەقدیم كردووە، وتیشم ڕێگای حەلی ئەم مەوزوعانە كە ئێمە دەمانەوێ بیكەین، چۆن بیكەین، ئەگینا ئەگەر مەسەلەكەی ئیعتراف بێ و بەم ئیعترافە كەمترین دەستكەوتی نێودەوڵەتییە، ئیعتراف قەزیەیەكی نێودەوڵەتییە خۆت دەزانی، كەمترین، كەمترین، دەڵێمەوە كەمترین، كەمترین دەست كەوت بۆ كۆبانێ و بۆ هەر كانتۆنێكی كوردستان من ئەوەڵەن هەر (١٠) پەنجەكەم هەڵدەبڕم، بەڵكو پەنجەم بگاتە نەفەرێ، لەبەرئەوەی ئەم مەوقفەی كە بەحسم كرد مەوقفێكی قانونییە كە ئێمە چۆن دەتوانین بە تەسەوری من وەك یەك نەفەر چۆن دەتوانین شتێك بكەین كە لە قازانجی كانتۆنەكان بێ، ئەگەر ئیعتراف بۆ ئەوە بێ هەرێمی كوردستان كانتۆنەكان لێرە نوێنەرایەتیان بكات، یا لەگەڵ حكومەتی هەرێمدا خەریك بین لەو

سەرئێشـەیەش بکـەوین کـە لـە ئاسـتی نێودەوڵـەتی و ئیقلیمـی و چـی و چـی دەنگـێ پـێ بـدرێت و هـیچ ئیستفادەیەکیشی نییە، موجـەڕەد ئەوەنـدە بـوو نەزرەیـەکی سیاسـی نییـە، بـەڵکو نەزرەیـەکی قانونییـە و، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو فۆرمەی کە دەیخەنە دەنگدانەوە، ئەگـەر قـەرارە، قـەرار، ئەگـەر بەلاغـە، بـەلاغ، پێشـنیار دەکـەم پـێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لەسەری دابنیشین و ئیتفـاقی لەسـەر بکـەین، ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێزو خۆشەویستیم بۆ بـرای بـەڕێزم کـاك مولـود هەیـە، بـەڕێزی کـە وەزیـری پەرلـەمان و حکومەتـە، ڕای شەخسی خۆی نابێ لە هۆڵی پەرلـەمان بڵـێ، ئـەوەی پێمـان دەڵـێ ڕەئـی مـولزەمی حکومـەت، ڕەئـی ڕەسمـی حکومەت لەو مەوزوعەدا چییە، ئەمەیـە، هـەر ڕەئـی و ئارایـەکی هەیـە ئێمـە ئێسـتا ئـەو تـەعبیر لـە کـۆی کابینەی حکومەتی هەرێم دەکات و گلەیی ئەوەشم هەیە بەڕاستی کە ئەمڕۆ لە لیژنەش گـوتم بـەڕێز کـاك مولود لەو دانیشتنە تایبەتیانەی کە وەزیرە جا لە بەڕێزتانە لە دەستەی سـەرۆکایەتی یـان خـۆیتی نـازانم، دەبێ ئامادە بێ، چونکە بەشێکی زۆری ئەو نەزرانەی ئەندامانی پەرلەمان پرسیار و داواکاری بوو، پێشنیار بوو بۆ حکومەت، دەبێ بەڕێزیان یاداشتی بکەن و بیبنـەوە ئەنجومـەنی وەزیـران و تەنانـەت کۆبوونـەوەی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەم پرسانە بکرێت، بۆیـە ئەگـەر هـەر ڕەئیـەکی بـەڕێزی گـوتی دەبـێ پێمان بڵێ ڕەئی فەرمی حکومەت لەسەر ئەم پرسە چییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مولود فەرموو.

**بەڕێز مولود مراد محی الدین (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومـەت لەسـەر ئـەم مەوزوعـە لـە ئەنجومـەنی وەزیرانـدا قسـەی نـەکردووە، شـتێك نییـە بـەناوی ئـەم مەوزوعە تەرح کرابێ، کە هەبوو دەیهێنمە خزمەتی جەنابتان، بەڵام وەکو مەسـەلەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان مـن کۆمـەڵێك مولاحـەزات دەدەم کـە کێشـەکانی حکومـەت چـییە؟ ئـەوە چـەند کۆبوونـەوەمان

کردووە باسمان کردووە، مەعلوماتی ئەوەم هەیە، بەڵام لەوەی کەوا ئەم مەوزوعە بڵێم ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی شەخسیە، جا من ئەمە ببەمە بەردەمی حکومەت، بەڵێ بەسەرچاو دەیبەم و ئێوە چیتان فەرموو و پەرلەمان چ بڕیارێکی دا بەسەر سەر من دەیبەمە ئەوێ و، داواش دەکەم کە یەك بڕگە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەتی وەزیران تەخسیس بکرێ بەوە، بەڵام من لەسەر داوای ئێوە هاتووم، من مەعلوماتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی تەواوم پێ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا با لیژنەکە ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن، کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم قەزیەیە قەزیەیەکی تازە نییە، مەسەلەی دانپێدانان بە ڕەسمی بە کانتۆنەکانی کۆبانێوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن ئەندام پەرلەمانێکی خولی پێشوو کە کاك عبدالله مەلا نوریە یاداشتێکی بۆ پێشکەش کراوە و، ئەو بابەتە تا ئێستا ماوەتەوە و، تا ئێستا سەرۆکایەتی وەڵامی نەبووە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم دەرەچەیەکی قانونی بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەم مەوزوعە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لەلایەن لیژنەکەوە ڕوون کردنەوەی خۆیان دەدەن، ئەگەر پێویستتان بەوە هەیە دەرفەتێك وەربگرن پێش بڕیاردانی کۆتایی، ئەوا بۆ ماوەیەکی کاتی دوای ڕوونکردنەوەی شاندی پەرلەمانی کوردستان کە سەردانی کۆبانێ و ئاوارەکانی کۆبانێیان کردبوو فورسەتێك وەردەگرین، بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی نێوان فراکسیۆنەکان بگاتە دەرئەنجامی کۆتایی و دوایش دێینەوە بۆ دەنگدان لەناو پەرلەمان، بەڵێ ڕوونکردنەوەی خۆتان بدەن، بەڕێزان شاندی پەرلەمان، تکایە، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە گفتوگۆی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەماندا هەندێك پرسیار هەبوو کە پێویستی بە وەڵام و ڕوونکردنەوە هەیە، بە کورتی عەرزی جەنابتانی دەکەین، یەکەم: لە ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژەمان پێیداوە لەوێش باسمان کرد، ئیعتراف بەوە دەکەین کە سەردانەکەمان درەنگ وەخت بوو، بەڵام بەها و قیمەتی مەعنەوی خۆی هەبوو لەو کاتە و بۆ داهاتووش. دووەم: لە هەموو شوێنەکان دەیانوت کە داواکاری سەرەکی ئێمە بریتیە لە گەیاندنی چەك و کەرەستە و تەقەمەنی سەربازی. سێیەم: بۆ زانیاری ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان تاکە دەروازەیەك بۆ گەیشتنی هەموو جۆرەکانی هاوکاری تەنها بریتیە لە سنووری تورکیا، دەرەچە ودەروازەی تورکیا، حکومەتی تورکیاش ئەو پرسیارەی کە کرا لەڕێگەی مانگی سوور هاوکاری ئاوارەکانی کردووە و بریندارانیشی بردووەتەوە نەخۆشخانەکانەوە بۆ چارەسەرکردنیان، هاوکاریەکانی پەرلەمانی کوردستان بریتییە لە دروست کردنی چادرێك کە بڕیارە پاش چەند ڕۆژێکی تر تەواو ببێ، هەندێك لە ئەندامانی

ئەم وەفدە دەگەڕێنەوە بۆ دانانی ئەم چادرگەیە، مەبەست لە دانانی ئەوەی کە مەرجمان دانەناوە ئێمە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کانتۆنی کۆبانێ، وەکو ئەوە مەبەست لە پاراستنی یەکرێزی و تەبایی لایەنە سیاسییەکانی خۆرئاوای کوردستانە، گلەییان لە باشوور هەبوو بە هەموو شێوەیەك کە هاتنەکەتان درەنگ وەخت بوو، بەڵام بەڕێز و ئیحتیرامەوە ناوی باشووریان دەهێنا، هەمیشە دەیانووت برا گەورەکانمان لە باشووری کوردستان پێویستە هاوکاری زیاترمان بکەن و بەدەممانەوە بێن، ئاوارەکان: ئەو (١٨٠) هەزار ئاوارەی ئاماژەی پێدراوە، بەشێکیان لە کەمپەکان دا وەکو باسمان کردووە، ئەوەکەی تری لە گوند و شار و شارۆچکەکان و سەر سنوور پەرت و بڵاوبوونەتەوە و دەژین، ئەو بەرەو پێش چوونەی هەیە لە خۆرئاوا لە بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان، ئیمەش لەوێ وەکو شاندەکە وتمان ئەوە بەرئەنجامی تەنسیقی ژووری عەمەلیاتی باشووری کوردستانە لەگەڵ هاوپەیمانان، ئەندامانی شاندەکە دەزانن لەگەڵ هەموو بوردومانێك دا فرمێسکی شادیان هەڵدەڕشت، دەیانکردە ئاهەنگ و چەپڵە ڕێزان و بەشێك لە پێشڕەوییەکانی شەڕڤانان گرتنەوەی هەندێ گەڕەك و سەنگەر بوو لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، (ئەنەکەسە) هیچ شەڕوانێکیان نییە لەوێ لەبەر ئەوەی وەڵامی ئەوان ئەوە بوو کە پەیەدە ناهێڵێت، هەردوولا یەکتریان تۆمەتبار دەکرد، بەڵام ئێمە وەك چۆن لەم پەرلەمانە ئاقاری کۆبوونەوەکە برا بە ئاستی یەکرێزی و هاوهەڵوێستی، ئێمەش لەوێ هەر ئەو ڕۆڵەمان بینی، وەختی یەکتر تۆمەتبار کردن نییە، ئێستا کاتی شەڕە، دەبێ بە هەموو لایەکتان پارێزگاری لە خۆرئاوای کوردستان و کانتۆنی کۆبانێ بکەن، سەیارەی باشوور کە بەردباران کراوە، بەڵێ گلەییان لە باشوور هەبووە بە هەموو جۆرێك، لە هەموو شار و شارۆچکەکان، هاوپەیمانان لە داعش دەدەن، بەڵێ لە داعش دەدرێ، بەڵام وتیان هێشتا لە ئاستی پێویست دا نییە، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتی و شوێنە هەستیارەکانی داعش، پێویستە هاوپەیمانان زیاتر بۆردومانی ئەو شوێنانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، امنە زکری فەرمووو.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیار ژ لایێ ئەندامێن پەرلەمانتارێن بەرێزڤە هاتنە کرن، کو بەرسڤێن وان نك مە نینن پێدڤی یە حکومەت بەرسڤا پەرلەمانا بدەت، پاش من هندەك روون کرن یێت هەین، داخازێ ژ جەنابێ تە دکەم ئەو پرسیارێن پەرلەمانتاران کو ئاراستەی جەنابێ وەزیری بکەن، ئێك ژ وان ئەوە کو ئەگەر دەولەتا تورکیە رێك دا ئایا شیانێت حکومەتێ دا هەی هاریکارییێن چەك و تەقەمەنیێ بۆ رۆژئاڤایێ کوردستانێ فرێکەن؟ پرسیارەك هەبوو بۆچی حەتا نووکە نوێنەراتیا حکومەتێ ل واشنتونێ جه نەگرتیە؟ پرسیارەکا دیتر، چونکی ئەڤە پرانیا پرسیارایە، یەعنی پتریا پرسیارێن پەرلەمانتاران دڤێ چارچوڤەی دا بوو، ئایا حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەو داخازیا ژ حکومەتا تورکیا کری دەربارەی هێزێ بۆ رۆژئاڤایێ

کوردستانیٚ؟ ئایا بەرسڤا ئەرێنی یان نەرێنی هەبوویە؟ ئایا دڤیٚ قەیرانا دارایی دا حکومەتا هەرێمیٚ شیانێن مادی هەنە هاریکاریا رۆژئاڤا بکەت؟ و، پرسیار دوماهیکیٚ ئەوە حکومەت چ هاریکاریا سەربازی پێش کێشی رۆژئاڤای کوردستانیٚ کریە؟ ئەڤە ئەو پرسیار بوو کو مولەخەسێت پرسیارێت پەرلەمانتارانە، بۆیە ئەگەر جەنابیٚ تە ڤان پرسیارا ئاراستەی جەنابیٚ وەزیری بکەت پاشی من هندەك روون کرن هەنە ئەز دخازم بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، ئەو پرسیارانە لە ڕێگەی وەزیرەوە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەین، جەنابت ئێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە؟

**بەڕێز مولود مراد محی الدین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانە ئامادە بکەن، تەقدیمی حکومەتی دەکەم لە نزیکترین کات دا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرباشە، سوپاس، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز آمنة زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار گەلەك هاتنە کرن کو پەرلەمانیٚ کوردستانیٚ گوهداری یان ژی جڤینەکا گوهداریێ بۆ هێزێت سیاسییێت رۆژئاڤاییێت کوردستانیٚ بکەن وەك شاند ژی مە، ژی پیٚ باشە و داوا دکەین کو نوێنەراتیا هێزێت سیاسییێت رۆژئاڤای کوردستانیٚ و نوێنەراتییێن هەر سیٚ باژێرێن عفرین و کۆبانیٚ و جزیری ژی ب هەمان بهێنە کرن کو گفتوگۆ سەر هندیٚ بهێتە کرن، چەوانیا برێڤە برنیٚ ل رۆژئاڤای کوردستانیٚ و داخازییێت وان چ بن، چەند پرسیارەك ژ لاییٚ هەڤالێت مە هاتنە کرن سەر راپۆرتا مە هندەك ژ وان ئاماژە دانە هندیٚ کو راپۆرتا مە ب تایبەت ئەو هندەك لایەنگری تێدا هەبوو بەحسیٚ (ئەنەکەسیٚ) مە کربوو، بەرێزان شاندیٚ پەرلمانیٚ کوردستانیٚ چوو بوو ئەو حەقایقێت کو هەی ڤەگوهێزێتەوە وەکی هەی، دگەل هەمی لایەنێت سیاسی ئەم یێت رونشتینە خاریٚ ئاخفتنێت وان کا چ بووینە ب راستی و ب بەلگە مە یێت بۆ پەرلەمانیٚ کوردستانیٚ ڤەگوهاستی، ژبەر هندیٚ مەسەلە نە لایەنگریە، راپۆرتا مە ژ چەند صەفحان پێك دهێتن پتریا وان دیدارێت مە دگەل نوێنەرێت کۆبانیٚ و رۆژئاڤای کوردستانیٚ و پەیەدیٚ و پەرلەمانتارێن باکووریٚ بوینە، ئەگەر هندەك پەرەگراف سەر هندەکا بن ئەڤە حەقەکیٚ تەبیعییٚ وانە ژی کو رەئییێن خۆ دەربڕن و بیٚ لایەنی و بیٚ جیاوازی ئەم رەئییێت وان ڤەگوهێزینە دناڤ پەرلەمانی، پرسیارەك هەبوو یان ژی بێژم پێشنیارەك هەبوو کو د راپۆرتا مە دا پالٚ هەر داعشەکیٚ ئەم پەیڤا تیروریست ب کار بینین ئەوا جهیٚ خۆدایە ئەم دشێن د راپۆرتا خۆدا ب کار بینین، پرسیارەکا دیتر هەبوو ئایا ژبلی تورکیا چ رێکێت دیتر بۆ کۆبانیٚ هەنە؟ بەرێزان روینشتنا مە جڤینا مە دگەل هەمی پەرلەمانتارێن باکووریٚ رایەدارێت

بێت (پەیەدێ) دگەڵ بەرێز (احمد تورك) هەمیا ئاماژە دا هندێ ب تایبەتی بەرێز احمد تورك نەخشێ کۆبانێ بۆ مە کێشا و بۆ مە دیار کر کو ئەو دەرگەهێن کو دا بۆ کۆبانێ چن هەمییێت هاتینە گرتن، چونکە هندەك باژێرك و باژورێکێت وێ باژێرێت عەرەبانە و د دەستێن داعش دانە، یەعنی گوتی مە نەخشە ژی فلمی ژی دا نیشانا هەوە دای حالەتەکێ حەرفییویە، چار دەورێت وێ دهاتینە گرتن تەنها رێکا کو بۆ کۆبانێ چینە رێکا تورکیا دەروازا تورکیایە کو ئەم دشێن هاریکارییا ب وێ رێکێ دا فرێکەن ئەگەر ب هاریکاریا وان نەبیتن ئەم نەشێن فرێکەن، بەرێز مەلا انس بەحسێ فیلمی کر رەخنە گرت کو وە دیارە ئەم ناڤ تورکیادا بووین و بەحسێ هندێ کر ئەو کۆبانێ یە، بەلێ راستە ئەو دەروازا یا تورکیێ بوو وەختێ ئەم چوین داخلێ سنوورێ تورکیێ بین، داخلێ کۆبانێ ببین، و گەلەك ب وزوحی یا دیارە باژێر یا دیارە بێژیتن ئەڤە باژێرێ کۆبانێ یە، و سنووری ئەم دەرباز بووین یا دیارە، هەروەسا بەحسێ هاریکاریا دەزگەهێ خێرخازیا بارزانی کر کو دیارە من خەلەتیەکا لەفزێ هەبوو ئەز دێ راستڤەکەمەڤە، دەزگەهێ خێرخازی یا بارزانی (١٢) لۆری هاریکاری کو ب (١٢٦) تەن و نیڤ هاریکاری بۆ خودێ کۆبانێ هاتینە هنارتن، بەحسێ هندێ هاتە کرن کو هێزێن (ئەنەکەسێ) پارچێن (ئەنەکەسێ) هێزێن عەسکەری نینن، نەخێر هێزێت عەسکەری یێت هەین تەدریب داینە ژی پتر ژ (٣) هەزار پێشمەرگەییێت کو یێت تەدریبداینە و یێت هەین و ئەو ئامادەنە کو بچن بەرەف رۆژئاڤای کوردستانێ بەرەڤانیێ ل باژێر و وەلاتێ خۆ بکەن لێ رێ ل وان هاتیە گرتن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورن باسەکەی من پەیوەندی بە وەڵامی ئەو پرسیارانەوە نییە، بەڵکو تەوزیحاتە لەسەر هەندێ لەو قسانەی کە کران، ئەویش ئەوەیە ئەو بەروارەی کە کاتی خۆی ئێمە ئەو (٦٣) شەست و سێ ئەندام پەرلەمانە ئیمزامان کۆکردەوە، پێش ئەو بەروارەش ڕەوش و دۆخی کۆبانێ ئەم دۆخە نەبوو کە ئێستا ئێمە هەموومان شانازی پێوە دەکەین، ڕەنگە ئەو کات وەکو ئێستا نەبوایە، ئەوەی کە ئێستا دوای ئەو مقاوەمەتە پڕ جۆش و خرۆش و بەهێزەی کە شەڕڤانانی کۆبانێ لە شارەکەیان کردیان، زیاتر لە یەك مانگە سەرەڕای تەسك بوونەوەی بازنەی پارێزگاری لە کۆبانێ، شارەکە دوو بەشی داگیر کراوە، هێشتا مقاوەمەت لە هەڵکشانە، دۆخەکە بەجۆرێك گۆڕاوە ئەمڕۆ لەبری دیفاع هێرش کردن هەیە بۆ ڕزگار کردنی گەڕەکەکانی تر و سەرتاپای ئەو شارە لەلایەن شەڕڤانانەوە، فڕۆکەی جەنگی هاوپەیمانان پشتیوانی زیاتر دەکەن، بۆ یەکەم جارە، کۆبانێ یەکەم شارە لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان دا کە شەڕی کۆڵان بە کۆڵانی تیا دەکرێ لەلایەن شەڕڤانانەوە، کۆبانێ بوەتە ڕەمزی تەحەدا، بۆیە پێموابێ هەر کەسێك کۆبانێ بە جێی شانازی نەزانێ ویژدانی موعەزەبە، واتا هەموومان ئێستا کێبڕکێمانە لەسەر دیفاع کردن و

ناساندنی کانتۆنی کۆبانێ، ئەوەی خاوەن غیرەتە حەزی لەوەیە شەرڤانانێك بێت لە سەنگەرەکانی کۆبانێ، ئێستا دۆخەکە گەییە و، نەچووە بچێ، کاتی ئەوەیە هەمووومان بە عەمەلی پشتیوانی لە کۆبانێ بکەین، فەرموو با بەیەکەوە لە خزمەتی کۆبانێ دا بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارەکان لە نێو ڕاپۆرتەکە، برادەران گوێبیستی ئەوە بوون کە ئایا لە باکوور بەدەمیانەوە هاتوون یان چۆنە؟ چونکە ئەو ئامارەی ئێمە پێمانە، ئەوانەی لە کەمپ دان نزیك بە (٣٠) هەزار ئاوارە لە کەمپ دایە، لە کاتێك دا (١٨٠ ) هەزار ئاوارە لەوێ یە، دەبێ ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە خەڵکی باکوور هاوشێوەی خەڵکی باشوور و ناوچە جیاوازەکان کاتێك ئاوارەکانی شنگال و ناوچەکانی تر هاتوون، نزیك بە (١٠٠) هەزار زیاتر لە ئاوارە لە نێو ماڵ و گوندەکان دا جێیان کراوەتەوە، بارەگای بەدەپە کە لە پڕسۆز زۆرترین دیدارمان تیا ئەنجام دا، تەنها ژوورێك بە دەست ئێمەوە بوو و باقی ژوورەکانی تری ئەو بارەگایە بە بەردەرگا و کۆڵانەکانیش پڕ بوو لە ئاوارە، ڕەوشی ئاوارەکان زۆر خراپە، ئێمە گلەییمان بەڕاستی هەبوو لەوێ، کە ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٠ ) ملیۆن دۆلاری داوە بۆ (١،٨٠٠،٠٠٠ ) ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار ئاوارەی تورکیا، بۆچی هێشتا هیچ شتێك بۆ ئاوارەکانی کۆبانێ دیار نییە، جگە لە پشتیوانی و هاوکاری شارەوانییەکان، ئەوەش دەزانین شارەوانییەکان بە دەست کوردەکانی ئەوێوەیە، لە ڕاستیدا یەکێك لە گرفتەکانی خەڵکی کۆبانێ ئەوەیە ناچنە کەمپەوە، بە صەراحەت بە ئێمەیان وت کە ناچنە کەمپەکانەوە، ڕەنگە زۆرتر حەز بکەن لەگەڵ کوردانی باکوور لە ماڵ و شوێنەکانی گوندەکان دا بمێننەوە، سەبارەت بە ئەو خەڵکانەی بە تایبەت کۆمەڵێ حاڵەتمان بینی لە ناو ئاوارەکان، کچی منداڵ لە درندەیی بۆردومانەکان تووشی حاڵەتی جۆرێك لە شیزۆفرینیا ببوون، ئێمە توانیمان چەند کەیسێك ببینین، لەو هاوکارییەی بردبوومان هاوکاری چارەسەری یەکێك لەو کچانەمان کرد، کە بەداخەوە حاڵەتێکی نەفسی بۆ دروست ببوو، بە هۆی بینینی ئەو هەموو بۆردومانانە بۆ سەر کۆبانێ تووشی ببوو، پێیان وتین کە زۆر ئەم حاڵەتانە هەیە، توند وتیژییەکانی باکوور ڕاستە پەلاماری سەیارە دراوە، پەلاماری ڕەنگە دوا سەیارەی ئێمەش درابێ کە ڕەقەمی تورکیاش بووە، تاکو ناسیویانە ئەزیەتی جامێکی سەیارەیان دابوو، ئەم حاڵەتانە پەیوەستە بەو هەیەجانەی کە تووشی باکوور بووە، بەڵام ئەو کوژراوانەی کە هەن لە خۆپیشاندانەکان، بە تایبەت لە ئامەد، زۆر بەداخەوە کورد و کوردە لەوێش یەك دەکوژێ، لە بەینی پارتێکی ئیسلامی بە ناوی (هودا پارت)، لەگەڵ لایەنگرانی بەدەپەیە، کە ئەوە زۆر جێی نیگەرانییە، ئەوە نەتیجەی ئەو یەکتر قەبووڵ نەکردنەیە کە بەشێکی لە ڕۆژئاوا بە وازحی ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەشی کە لە ئەنەکەسە هەیە ئێمە زۆر بە صەڕاحەت پێمان وتن: ئێوە ئەگەر وجودتان لە ئەرزی واقع دا هەیە (١١)

لایەنن، چەند شەڕوانتان هەیە؟ وتیان پەیەدە ناهێڵێ، وتمان باشە سێ سەد و ئەوەندە گوند گیراوە، بۆچی ئێوە لەو گوندانە شەڕوانتان نییە؟ لایەنی کەم با (٢٠) گوند ئێوە بتانپاراستایە لە داعش، ئەوە بەهانە نییە بۆ ئەوەی کە پەیەدە ڕێ نادا، بەهانەکە ئەوەیە کە تۆ لە ئەرزی واقیع وجودی خۆت بسەلمێنە، ئەو کاتە هیچ هێزێك نییە ڕێگریت لێ بکات، بەڵێ هێز هەیە تاکڕەوە لە ڕۆژئاوا و عەقلیەتەکە بەو جۆرەیە، بەڵام دواجار سەلماندنی خۆت ئیسپاتی دەکەیت  کە تۆ تا چەنێك هەیت، من بۆخۆم هیچ سەیارەیەکم نەبینی کە ڕەقەمی باشوور بێ و لەوێ شکێنرابێ، شایەتی ئەوەم کە سێ خانەوادە لە (ئورفەوە) لەگەڵ شاندەکەی ئێمە هاتنەوە، لەبەر ئەوەی دەترسان لە پەلاماردان، چونکە ئێمەش هەتاکو دڵنیا نەبووین لە چۆنیەتی ڕێگاکە نەهاتینەوە، لە کاتێکدا پەرلەمانتاری باکووریشمان لەگەڵ بووە، ئەوە مانای وانییە ڕقی باکوور لە باشووره ئەو ناکۆکی یە خۆپیشاندانەکە و پەلامار دەدات، عەفەویشە، ڕەنگە شتی تریشمان بینیبێ، بەڵام لەبەر حورمەتی هەیە جانەکە نایگێڕینەوە، ئەوەشی کە کردمان حەریصی شاندەکە لەسەر ئەوەی ئێمە بگەینە کۆبانێ، بگەینە هەر جێگەیەك کە نزیکترین جێگەیە، ئەگەر نا لە ڕاستیدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بۆ سێ ڕۆژ بەو کاتە ئیحراجییە، بەو وەزعە، بەو هەموو ڕێگرییە، وابزانم شاندەکە لە حەریصیان بۆ پرسی کۆبانێ توانیویانە ئەوەندە بکەن، ئەگەر نا دەبوو قسە لە مەوزووعێك بکەین، ئێمەش وەکو خەڵك لە میدیا بینەر و بیسەری ڕووداوەکان بین و، هەست دەکەم شاندەکە بەرچاوڕوونییەکی تا ڕاددەیەکی باشی هێناوەتەوە، یەك لە نەقصەکانی ئەوە بوو کە تەئخیر بووین بە هۆی ڕووداوەکان کە فشاری زۆر لە کۆبانێ بوو نەمانتوانی بەرپرسانی زۆرتری حکومەتەکەی کۆبانێ ببینین، هەرچەندە نەچووینە، چەند مەترێك نزیکی بینای حکومەتی کانتۆنی کۆبانێ بووین، بەڵام بەهۆی بۆردومانەکان و شەڕی کۆڵانەو کۆڵان ئەو کاتە نەمانتوانی پێشڕەوی بکەین، یەك شاهیدی دەدەم لەسەر بۆردومانی هاوپەیمانان، ئەو کاتەی کە ئێمە چووین بۆ یەکەم جار بوو کە ڕۆژێ پێش ئێمە، بەڕۆژ بۆردومان دەستی پێ کردبوو، بەڵام بەداخەوە هاوپەیمانان هەتا داعش نەچۆتە ناو کۆڵانەکانی کۆبانێ بۆردومانی نەکردووە، داعش بە درێژایی سەدان کیلۆمەتر لە رقە و شوێنەکانی ترەوە، هێز و تانکێکی گەورەی هێناوە، لە موصلەوە لێی بردووە، لە لیوای (٩٩) ی جەیشی سووری کە گرتوویەتی، ئەم هەموو هێز و تانکەی بردووە، مەواقیعەکانی چەندین ڕۆژ بۆردومانی زۆر خەست و چڕی کۆبانییان کردووە، بۆردومان نەبووە لەسەر داعش، من وا هەست دەکەم ئەگەر هاوڕێیانیشم هاوڕا بن لەگەڵم، ئەو بۆردومانانەی کە لەم دوو ڕۆژە (١٤) بۆردومان بوو کرا بۆ ئەوە بوو دەرگاکەی سەر سنوور نەگیرێ، پێموایە ئەوە داوای تورکیا بوو کە ئەوێ نەگیرێ، من بە گومانیشم لە ئیسعافەکانی کە دەچوونە سەر سنوور، لەگەڵ لێدانەکانی داعش ئیسعاف دەچوو برینداری دەهێنا و دەهاتەوە، ئەوە لێگەڕێین بۆ دوایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سعید مەسیفی، فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید (مەسیفی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەمەوێ لەسەر بابەتی ئەوەی کە ئەو ڕەخنانە گیران لە دواکەوتنی وەفدەکە، یان بڵێین شاندەکە بۆ ئەوێ، ئەوەش هۆکارەکەی بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ هەر کاتەك یان چەند ئەندام پەرلەمانێك یان بیرۆکەیەك یان هەر حاڵەتێك دەینینە پەرلەمان لەسەر ئەوەی بە موزایەدە و موزایەدە کردن ناوی دەبەین، ئەوەیە دانیشتن ئەنجام نادرێ، ئەگەر نا لە ماددەی (٥٤) بڕگەی (٢) خاڵی (٣) کە لە پاش ئەوەی بابەتەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ یەکدی نەگونجان بێتە پەرلەمان، لە ناو پەرلەمان یەکلا دەکرێتەوە، ئەگەر بێت و ئەو (٦٣) ئەندام پەرلەمانەی کە واژوویان کۆکردەوە، بهاتنایە ناو پەرلەمان ئەوەی لێ دەردەچوو کە شاندێك زوو بنێردرێ، یان لە کاتی خوێندنەوەکەی کاك علی علی هالۆ بە هەمان شێوە بچووباین، ئەوە بوو لەوێ کە جێگەی پرسیار بوو، ڕۆژنامەوانان هەر ئەو پرسیارەیان دەکرد، خاسەتەن سەرۆکی ئەنجومەنی کۆبانێ، هەندێکیان لە سنوور گلەییەکەیان ئەوە بوو کە دوای بە دەستەوەدانی تەواوی کۆبانێ شەڕ گەیشتۆتە ناو گەڕەکەکانی کۆبانێ، ئێستا ئێوە بە هانامانەوە دێن، شێوازی ڕۆیشتنیشمان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەبوو بەڕاستی ئەو ڕۆژەی کە ئێمە ڕۆیشتین نە قونصولیەی تورکیا ئاگادار کرابووەوە، نە کەس، یەعنی کار ئاسانی نەبوو، ئەو شاندە بەربەستی زۆری بۆ دروست بوو، ئەوە بوو کاك ئایدن وەك خۆی لە ڕێی ڕەفاقەت و ئەوانە نازانم بە چ شێوازێك تا ئاودیوبووین و ڕۆیشتین، پێویستە ئەگەر ئەو شاندانە بۆ هەر شوێنێ بچێ ئامادەکاری لەلایەن سەرۆکایەتییەوە بۆی بکرێت، بۆ ئەوەی لە قونصولییەی تورکیا ئەوانە ئاگاداری باش بکرێت بۆ شاندەکە وە بە هەمان شێوە سەرۆکی شاندەکە، ئەندامانی شاند ئەوە نەبوو کە لە وێندەرێ تازە برای بەڕێزم کاك سۆران و برادەران، یەعنی سێ ڕۆژەو چوار ڕۆژە توانیان ئامادەکاریەکی زۆر بکەن، بەڵام پێویست بوو ئەو پرسە زۆر گرنگ بوو و، لە ئەهەمیەتی شاندەکە یان سەرۆکی شاندەکە وەکو گوتم ئیشی خۆیان زۆر باش کرد، بەڵام کە کۆبانێ هەموویان کوردن کوردستانی ڕۆژئاوا پرسێکی زۆر گرنگ بوو، پێویستە لەو پرسانە هەر وڵاتێك کە سەرۆکایەتی یان یەك لە ئەندامانی سەرۆکایەتی دەچێ، پێویست بوو بەراستی، یەك لە ئەندامانی سەرۆکایەتی لەگەڵدابا بۆ ئەو پرسە، ئەوەش نەبوو کە ئەو گلییانە کرانە دەست خۆشیش نییە بۆ ئەوەش بووە کە شاندە زۆر ئیشیان کردیە، جگە لەوەی کە گلەیشیان هەبوو، بەڵام خاتوو (سلمی ) گوتی سەرەرای ئەم دواکەوتنە کە گلەییەکانتان کە خۆشحاڵ بووین کە شاندێکی پەرلەمان لە کوردستانی باشوور، سەردانی کردن بە گرنگی وەسفی کرد ئەگەر تەنها بۆ نیشاندانی یەك ریزی گەلی کوردستانیش بێ، زۆر جێی بایەخە پەیامێکی گەورەی تێدایە بۆ پرسی نەتەوەییمان، بۆیە ئەمە پێویستە ئەگەر بێتو زووتریش با ئەوە جێی خۆشحاڵیش دەبوو ،زۆر سوپاستان دەکەم. بەس تەنها ئەوەندە ئەڵێم، کە قونسلیەی تورکیا ئاگادار کرابوو بەڵام بۆ ئەوەی عوتلەی جەژنە بەشێکی زۆریان سەفەریان کردبوو، ئەو هەڵە لێك تێگەیشتنە ئەنجامی ئەوە بوو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڵێ كاك د. شوان قەڵادزەی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر(د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەناوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان، ئەنـدام پەرلەمانـە سـەنگین و بـەڕێزەكان، عمـری كـوری خـەتاب دەفەرمووێ (ر.خ)، بۆچی خـەڵكی دەكـەن بـە كۆیلـە نـاڵێ موسـڵمان، ئـەڵێ خـەڵك (النـاس)، لـە كاتێكـدا كـە ئەوانە بە ئازادی لە دایـك بـوون، واتـە هـەموو خـەڵكی سـەر زەوی هـەرەنگ و بۆچـوونێكیان هـەبێت، مـافی ئازادییان هەیە، مەسەلەی پێشمەرگە زۆر باسـكرا، وەكـو پەخشـان پـێ هەلئـەگوترا، وەكـو سـۆزداری، بـەڵام هەموو ئەمانە سوود بە پێشمەرگە ناگەیەنێت، ئەوە موهیمـە پەرلـەمانی كوردسـتان، حوكمـەت بخاتـە ژێـر فشارەوە بڕیارەكانی پەرلەمان جێبەجێ بكات، وشەی پێشمەرگە ئێستا تاكە وشەیە كە تەرجومەی نییە لـە هەموو وڵاتێك لەهەموو نەتەوەكان، وشەی پێشمەرگە بەكاردەهێنن، خـاڵكی تـر پەرلـەمان و حكومـەت زۆر هەماهەنگ بن، بـەڵام هـەتا ئێسـتا بەرپرسـانی باڵـای سـەربازی ئـەڵێن ئێمـە هاوكاریمـان نـاردووە، چـەكمان نـاردووە، بـەڵام هـەر پەرلـەمانتارێكی موحتـەرەم لێـرە ئێسـتا كـە چـووە دەرەوە لێـی بپرسـم؟ شـێوازی هاوكاریەكە چۆنە؟ شێوازی چەك و تەقەمەنییەكـە چـۆنە؟ نازانێـت، ئێمـە نوێنـەری هـەموو هاووڵاتیـانی كوردسـنانین، بـەڵام نـاتوانین لـەم كۆبوونـەوەیـە بانگهێشـتی ئـەوەی كـە پێویسـت ئـەكا سـەرۆكی حكومەتـە، جێگرە، وەزیری پێشمەرگەیە، هەرچ كەسێكە ئێستا ئێمـە ئەڕۆینـە دەرەوە ئـەوە فـەراغ و بۆشـاییەكی زۆر گەورەیە، تا ئێستا ئێمە لێی حاڵی نەبووین میقـداری هاوكـاری حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ كـانتۆنی كۆبانێ، چی بووەو چی نەبووە؟ بەڵام لە راگەیاندنەكان هەموو باس دەكرێ، خاڵێكی تر ئەو خۆ پیشاندانە جەماوەریانەی كە ئێستا هەیە، ئەوە بە ئێمە دەڵێ، وەكو كوردستانی باشوور قیادەی سیاسی لە كوردسـتانی باشوور..........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی د. شوان ئەمانە هیچ روونكردنەوەی وەكو وەفدەكە نییە، وەكو رای ئەندامانی پەرلەمان ئەمە وەكو قسەی جەنابتە، كە ئەبوو دوێنێ بیكەی یان ئەبوو لە كـاتی گفتوگۆكانـدا بیكـەی ئێسـتا جـەنابت ئەنـدامی شاندێك بووی، رۆیشـتووی بـۆ توركیـا لـەوێوە ئاوارەكانـت بینیـوە، كۆبانێـت بینیـوە، پەرلـەمانتاران ئەگـەر پرسیارێكیان هەبوو جەنابت بتەوێ وەڵامیان بەیتەوە فەرموو ئەگەر نا ئێستا دەرگای گفتوگۆ داخراوە.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر(د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوام كرد ناوم بنووسرێ، بەڵام من ئەو كاتە لێرە نەبووم، ناوتان نەنووسیوم، منیش حـەقی خۆمـە كـە وەكو ئەو خەڵكە قسە دەكرێ تاوەكو ئێستا نەگەیشتوونەتە نەتیجەیەك قسەی خۆم بكەم .

**بەڵێ بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمانەوێ قسەكانت كورت كەیتەوە، بۆیە بەشكو ئینشاللە ئەگەینە نەتیجەیەك.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر(د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ بەسەر چاو دایمە ئیشی من هەروایە، یەك مانگ ئیشم لەسەر دوو كاریگەر گێران كرد، نەیانهێشت بیخوێنمەوە، بە ناوی وەی كەوا ئەوە شتەكی ناوچەگەریە، هەموو پەیڕەوی ناوخۆ بخوێنە شتەكی تیا نییە بڵێی ئەوە شتێكی ناوچەیی نابێ لە پەرلەمانە بخوێندرێتەوە بەڵێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

بێ شانسییە خەتای ئەوەیە.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر(د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆپیشاندانی هەر چوار پارچەی كوردستان، بەو هەموو سۆزو عاتیفەوە، ئەگەر هەرێمی كوردستان لە باشوور خۆی بكاتە بەراستی مشورخۆرو مەرجەعی هەر چوار پارچەكە، دەتوانین بڵێین ئەمە ئەو فرسەتەیە بۆ ئێمە ڕەخساوە، بۆ سەڵاحەدینی ئەیوبی نەرەخساوە، كەتوانی هێزێكی گەورە داگیركەر لەهەموو وڵاتی شام و لە فەلەستین وەدەربێنێ و دەوڵەتێك دروست بكا لە فەڵەستین تا دەگاتە وڵاتی خۆمان وڵاتانی شوێنی تر، ئەو سۆزە جەماوەریە هیچ كاتێك بەقەدەر ئێستا كورد وەها یەكگرتوو نەبووە، لەبەر ئەوە قیادەی سیاسی كورد ئەو پەرلەمانە كە ئەمڕۆ لەم كۆبوونەوەیەدا بەبریاری سیاسی دەرچێت، بڕیارێكە وەكو وەزیفەیەكی سیاسی پەرلەمان، داوا لەهەموو هێزە سیاسییەكانی باشوور بكات كە لە چوار چێوەی یەكخستنی هێزەكانیان كاری زۆر جدی بكەن، ئیتفاقی ستراتیجی با لە دووەوە ببێتە پێنج و شەش و حەوت و هەموویان، ئێستا كاك ئومێد خۆشناو باسی كرد، لەسەر ئیتفاقیەی شەرەف، چونكە بەراستی ناكۆكییەكان هەموو سەرخان و ژێر خان و هەموو شتێكی كوردستانی گرتۆتەوە، بەو ئیتفاقیەتە با تەجروبەی بكەین بزانین تا چ رادەیەك سەركەوتوو دەبێت، خاڵێكی تر هاوكاری كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەراستی ئەو جۆرە هاوكاریەی كە ئێستا هەیە، ئەوەی كە دەردی ئێمە دەرمان دەكا بەراستی یەك ریزییە، یەك مالییە، هاوكاریەكان وەكو برای بەڕێزم كاك سۆران باسی كرد هەتا سێ سەدو پەنجا گوندەكە نەگیرایە، هەتا سەری كانی نەگیرایە، شوێنەكان نەگیرایە، یەك لەسەر سێ كۆبانێ نەگیرایە، هێزەكانی هاوپەیمان دەستیان نەكرد بە بۆردوومان، ئەوە بەشێكە لە هەوڵەكان ئەوان بۆ بەكۆیلە كردنی ئیرادەی خەڵك بەراستی، چۆن ئێستا ئێمە كە باسی مەخموور و گوێر دەكرێ هەر ئەوە ئەڵێ من ئازادم كرد، ئەو ئەڵێ من ئازادم كرد، كاكە تا رۆژی قیامەت ئێمە لە ژێر ئەو بابەتە دەرنایەین، كەواتە لەو قۆناغەدا یەكخستنی یەكریزیەكانی ئێمە لە هەموو شتێك گرنگترە..........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆشبێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمير (د.شوان قەڵادزەيى):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

....... دياريکردنی مافی چارەنووس لە هەموو جاڕنامەی جيهانی مافی مرۆڤ (ميثاق امم المتحدة) هەموو گەلان، هەموو نەتەوەکان مافی دياريکردنی چارەنووسييان هەيە، بەڵام ئێمە دوو رۆژە جورئەت ناکەين بڵێين کۆبانێ کەمترين مافە کە پێی دراوە کانتۆنيکی هەيە، کاتی خۆی کورد لە چلەکان و هەشتاکان هێزی دەنارد بۆ وڵاتانی تر، بەڵام ئێمە دەستی خۆمان دەبەستين هەر رۆژێ لە مەتاری هەولێر وەزيرێکی خاريجی سەردانی هەولێر دەکات پێگە رسميەکان دێن، پێگە نێودەوڵەتييەکان دێنە هەولێر، بەڵام خۆمان بچووك کردۆتەوە لەوەدا ناتوانين شتێك بڵێين ببێتە موقفێکی مێژوويی دەستی خۆمان دەبەستين کە ناتوانين هاوکاری ئەوان بکەين، ياخود ئيعترافيان پێ بکەين، هاوکاری ماددی و دارايی ئەوەی کرابووە، کەوا پێويستە بە هەموو شێوەيەك بەردەوام بێت، ئەو ئەجندايەش کە هەيە ئەو هيزانەی کەوا پەيدابوون ئەجندای تايبەتی خۆيان هەيە شتێکی نێودەوڵەتييە ئابلووقەی ئابووری لەسەر هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئێستا موسڵ و تکريت و ئەنبار هەموو مانگانە مووچەی خۆيان بۆ ئەچێت، مووچەی خۆيان بۆ ئەنێردرێت، کەواتە دەبێ ئێمە زۆر حەکيمانە لەگەڵ ئەو کەيسە تەعامول کەين، کورد ئەگەر يەك ريزو يەك مەوقيف و يەك هەڵوێستێت نەبێت، خەتەری زۆر گەورە لە رێگامان دايە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك يروانت فەرمووو.

**بەڕێز يروانت نيسان:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من سێ نوقتێت هەين سەر وەفدێ، راستی موتئەخر بوو بەس گەلەك موهيم بوو وەکی هەميا گوتی، يا دوويێ تەنسيقا مە گەلەك زەعيف بوو، چونکی مە ئاريشا ديتن، يا سيێ ژی ل دەف من موهيم ئيعلام ب راستی بلا دگەل وەفدێ پەرلەمانی نەچيت، چونکی مانشێتەك هاتە خار سەر فيس بوکێ بە پەلە وەفدێ پەرلەمانێ چو بوو نان خارن، يەعنی تشتەکێ نە جان بوو، وەفدەکە ئيعلاميەك ئەحزابا موستەقر ل گەل پەرلەمانی بيت، هەيبەتا پەرلەمان دهێتە خار ئيعلاما مە پەرلەمانا مە دگەل مە بيت گەلەك جانە بەس خارجی نە و، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دانيشتنەکەمان بۆ ماوەی (١٥) خولەك هەڵئەگرين دەستەی سەرۆکايەتی و ليژنەی ياسايی و سەرۆکی فراکسيۆنەکان داوای ئەوە ئەکەن کەدانشتنێك بکەين سەرۆکايەتی ليژنەی ياسايی ( ١٥) خولەك لەگەڵ شاندەکە بفەرموون بۆ سەرۆکايەتی پەرلەمان بۆ ئەوەيی دوای ئەگەڕێينەوە هۆلی پەرلەمان دانيشتنەکەمان کۆتايی پێئەهێنينەوە.

## دانیشتنی چوارەم

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، کە خاڵی سەرەکی بەرنامەی کار بریتییە لە بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆکردنی راپۆرتی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ کۆبانی، بەڵام پێش ئەوە دەمەوێت بۆ دواجار سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەوە ئاگادار بکەینەوە کە پێویست دەکات رێککەوتن بکەن لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی سەرۆکایەتی پێنج لیژنەی پەرلەمان، کە بەداخەوە بەهۆی رێك نەکەوتنی سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە، کاك ئومێد خۆشناو بۆ دواجار ئاگادارتان دەکەینەوە، کە رێککەوتن بکەن لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی سەرۆکایەتی پێنج لیژنەی پەرلەمان، کە دوو لیژنەیان زۆر گرنگن و ئانین، بەتایبەتی ئەوەی کۆمسیۆن، چونکە ئێمە خۆمانمان پابەند کردووە لە ماوەی دوو مانگدا کۆمسیۆن دروست بکەین، بەڵام سەرۆکایەتی هەڵنەبژێردراوە، تکایە تا رۆژی دووشەممەی داهاتوو خۆتان ساغ بکەنەوە لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنی یەکلایی کردنەوەی سەرۆکایەتیەکەی، ئەگەرنا دانیشتنی هەر پێنج لیژنەکە ساز دەکەین سەرۆکایەتیەکانیان هەڵبژێرن، ئێستا بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی سەرۆکی شاندی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی کۆبانی بفەرمووێت بەو پرۆژە بڕیارو بەلاغەی کە ئامادە کراوە بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

### بڕیار

یەکەم/ پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی دەکات لە ئیرادەی گەلی رۆژئاوای کوردستان لە هەر شێوازێکی خۆ بەڕێوەبردندا بێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ بڕگەی یەکەمی بڕیارەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٧٩) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم/ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای دارایی خۆی هاوکاری پێویست پێشکەش بە رۆژئاوای کوردستان بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٨٣) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەزر بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ فەرمو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان دەقی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٨١) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەزر بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ فەرمو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم/ کار بە هیچ دەق و بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٨٢) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەزر بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ فەرمو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٨٣) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەزر بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ فەرمو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارە پێویستەکان**

لە پێناو زیاتر پشتیوانی کردنی بەرخودانی گەلی کوردستان لە ڕۆژئاوا و هاوکاری کردنی لە بەدی هێنانی مافە ڕەواکانیان و پاڵپشتی کردنی یەك ڕیزی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٨٧) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەزر بكاتەوە؟ كەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، كەواتە پەسند كرا، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان، پیرۆزبایی لە گەلی كوردستان دەكەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم بڕیارە لە پەرلەمانی كوردستان، پیرۆزبایی لە گەلی خۆرئاوای كوردستان دەكەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم بڕیارە، جارێكی تر لە پەرلەمانی كوردستان دەستخۆشی لە بەرخودانی قەرەمانانی گەلی كوردستان دەكەین لە كۆبانێ، ئێستا بەڕێز كاك ابوبكر بفەرموو بۆ خوێندنەوەی بەلاغی پەرلەمانی كوردستان لەم بارەیەوە.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەلاغەكە (٩) خاڵ لەخۆ دەگرێت:

**بەلاغی پەرلەمانی كوردستان**

یەكەم/ پەرلەمانی كوردستان و فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی حكومەتی هەرێم و سەرجەم نوێنەرایەتیەكانی حكومەتی هەرێم لە ولاَتان لە رێگەی رەوەندی كوردستانی و پەرلەمانتارانی كورد لە ئەوروپا هەوڵەكانیان چڕتر بكەنەوە بۆ بەدەمەوە هاتنی ولاَتان بۆ كۆبانێ.

دووەم/ هەرێمی كوردستان هەموو هەوڵێك بدات تاكو دەوڵەتی توركیا رێگا بكاتەوە بۆ گەیشتنی هێزی پێشمەرگە بۆ كۆبانێ.

سێیەم/ پێویستە سەرجەم پارت و لایەنە سیاسییە كوردستانییەكان یەك ریزی و هاوهەڵوێستی نێوانیان بپارێزن و دەرچوون لە ستیراتیجی نەتەوەیی و نیشتمانیی هێڵی سوور بێت، چونكە یەك ریزیمان زامنی سەركەوتن و بەدەمەوە هاتنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

چوارەم/ نارەزایەتیەكان بۆ پشتگیری كردن لە كۆبانێ پێویستە بە شێوازی ئاشتیانە ئەنجام بدرێت و دوور بێت لە بانگەشەی حزبی.

پێنجەم/ هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژی داعش هاوكاری گەلی رۆژئاوا و پێشمەرگە لە باشووری كوردستان لە رووی چەك و كەرەستەی سەربازی و لۆجیستی بكات، كە بە نوێنەرایەتی دنیا شەڕی تیرۆریستانی داعش دەكات.

شەشەم/ نەتەوە یەكگرتووەكان و رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان هاوكاری و یارمەتییە مرۆییەكانیان بگەیەننە ئاوارەكانی خۆرئاوای كوردستان.

حەوتەم/ داواكاری رێكخراوە خێرخوازەكانی هەرێمی كوردستان هاوكاری ئاوارەكانی رۆژئاوای كوردستان بكەن.

هەشتەم/ داواكارین لە حكومەتی فیدراڵی عێراق بەشێوەیەكی فەرمی دان بنێت بە شێوازی خۆ بەڕێوەبردنی گەلی رۆژئاوای كوردستان.

نۆیەم/ داواکارین کە دەوڵەتانی هاوپەیمان ناوچەی دژە فڕین لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات بۆ ڕێگە گرتن لە کۆمەڵ کوژی.

پەرلەمانی کوردستان سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەت و هێزو لایەن و ڕێکخراوە خێرخوازییانەی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم دەکات، کە هاوکاری گەلی خۆرئاوا بە گشتی و کۆبانێیان کردووە بە تایبەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٨٥) ئەندام لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەزر بکاتەوە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسند کرا، بەڵێ کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ژماردنی دەنگەکاندا من تێبینیەکم هەبوو، لە (٧٩) دەچووە (٨٧) تێکڕایی ئەندامانی پەرلەمان دەستیان بەرز دەکردەوە، کەس نەبوو بڵێ نا، من نازانم لە ژماردنەکان پێموایە هەڵەیەکی تێدا هەیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، هەندێکی (٨١) بوو، (٨٢) بوو، هەندێکی (٨٧) بوو، هەندێکی (٧٩) بوو، هەندێکی (٨٥) بوو، جا ئەوە تەناقوزێکی زۆر هەیە لە ژمارەکە، بۆیە داوا دەکەم دوایی تەماشای بکەن پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك باپیر ئێمە لێرەوە زیاتر ئەندامان دەبینین، بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەستیان بەرز نەکردۆتەوە، پێویست ناکات ناویان بێنم، ئێستاش کە دوو ناو نەقص بووە لە (٨٧)ەکە دەستیان بەرز نەکردبۆوە، لەبەر ئەوە دەست بەرز کردنەوەو نەکردنەوە هەیە، جا لەو کاتە ئاگای لە خۆ نییە دەستی بەرز نەکردۆتەوە، یان قەناعەتی پێ نییە، دەستی بەرز نەکردۆتەوە ئەوە بابەتێکی ترە، گرنگ ئەوەیە ئێمە لێرە هەوڵمانداوە وردەکار بین لە ژماردنی دەنگەکانداو بە دڵنیاییشەوە ئەم جۆرە بژاردنەی کە ئێمە دەیبژێرین لە هۆڵدا بژاردنێکی ئەم سەردەمە نییە، مەفروزە بژاردنێکی ئەلیکترۆنی هەبێت، بەلام ئێمە لێرەدا بە پەنجە بە چاو ریز بە ریز پێیدا دەڕۆین، وا بڕوات ئەگەر ساڵێکی تر بمێنین چاویشمان زەعیف دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆ، خاڵەکانی تری بەرنامەی کار هەڵدەگرین بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**فخرالدين قادر**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**جعفر ابراهيم ئێمينكی**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. يوسف محمد صادق**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١\١٠\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢١

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٠/٢١ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی

**جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا دانیشتنی ژمارەی (٦)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢١ دا بەم شێوەیە بێت:**

**١-دەنگدان لەسەر زیاد کردنی ئەندامانی لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پالاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران.**

**٢-پەسند کردنی ناوی ئەندامی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.**

**٣-گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.**

**٤-گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان، بەپێی خاڵی (٢) بڕگەی یەکەم/ ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.**

**٥-گفتوگۆکردن لەسەر گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەپێی بڕگە یەکی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

**٦ ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

**٧ ـ خوێندنەوەی یەکەمی (١١) پڕۆژە یاسا و بڕیار کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراون بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٦)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٠/٢١ دا بەم شێوەیە بێت:**

١-دەنگدان لەسەر زیاد کردنی ئەندامانی لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پالاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران.

٢-پەسند کردنی ناوی ئەندامی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

٣-گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

٤-گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، بەپێی خاڵی (٢) بڕگەی یەکەم/ ماددەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو.

٥-گفتوگۆکردن لەسەر گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەپێی بڕگە یەکی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٦ ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٧ ـ خوێندنەوەی یەکەمی (١١) پرۆژە یاسا و بڕیار کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراون بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی یاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/١٠/١٥ مۆڵەت پێدراو بوون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(١ ـ ادریس علی اسلام ـ مۆڵەت، ٢ ـ ئاری محمد عبدالرحیم ـ مۆڵەت، ٣ ـ جمال عثمان، مۆڵەت، ٤ ـ دڵشاد شعبان عبدالغفار ـ مۆڵەت، ٥-دلێر مصطفی حسن ـ ئامادەنەبووە، ٦ ـ زۆزان صادق سعید ـ مۆڵەت، ٧-عمر صالح عمر ـ مۆڵەت، ٨ ـ محمد صادق سعید ـ مۆڵەت، ٩ ـ مەردان خضر مصطفی ـ مۆڵەت، ١٠ ـ یعقوب گورگیس یاقو ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان لە رۆژی یەکشەممە ٢٠١٤/١٠/١٩ بەم شێوەیەی خوارەوە بووە: لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بەڕێز رابوون توفیق معروف - مۆڵەت و، کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، لیژنەی یاسایی بەڕێز گۆران ئازاد - مۆڵەت، لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە ئەم سێ بەڕێزە مۆڵەت بوون (امنە زکری، نجاة محمد، فیروز طه) لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە ئەم سێ بەڕێزە مۆڵەت بوون ( هەورامان حەمە شریف، د. جوان اسماعیل، انس محمد شریف) لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە ئەم سێ بەڕێزە مۆڵەت بوون (عبدالله حاجی محمود، سعید محمد سعید، برزۆ مجید) سەردانی کۆبانێیان کردووە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان دیارە گشت ئەندامان ئامادەبوونە تەنیا ئێستا تێبینیەك بۆ ئێمە هاتووە بەڕێز (ئاواز جەنگی)ئامادەنەبووە، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدراوە، دواخراوە بۆ رۆژی دووشەممە رێکەوتی (٢٠)ی مانگ و، دواتر ئەوە دەخوێندرێتەوە، لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن دواخراوە بۆ هەفتەی داهاتوو بەپێی بڕیاری خۆیان، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدراوە، لەبەرئەوە لیژنە سەرقاڵ بوون بەئەنجامدانی وۆرك شۆپێك سەبارەت بە هەردوو پڕۆژە یاسای پەروەردە و خوێندن و، پڕۆژە یاسای وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی نەزاهەت دواخراوە بۆ حەفتەی داهاتوو، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان کۆبوونەوەکەیان ئەنجام نەدراوە بەهۆی ئەوەی بەشێك لە ئەندامانی لیژنەی دارایی لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان لە کۆبوونەوە دابوون، بۆیە کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ رۆژی چوارشەممە ٢٠١٤/١٠/٢٣، ئەو لیژنانەی کە کۆبوونەوەیان لە (٢٠)ی مانگ ئەنجامداوە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی، (پەروا علی محمد - مۆڵەت، محمد علی یاسین - مۆڵەت، محمد سعدالدین - نەهاتووە)، بەڵام نەزانراوە هۆکاری نەهاتنەکە چی بووە؟ لیژنەی وەرزش و لاوان (د. ابراهیم احمد سمۆ - مۆڵەت) لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە گشت ئەندامان ئامادەبوونە، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە کۆبوونەوەکە دواخراوە و، دواتر ئەنجامدراوەو گشت ئەندامان ئامادەبوونە، تەنیا بەڕێز (مریم صمد عبدی - مۆڵەت بووە) لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە و، کۆبوونەوەکە تایبەت بووە بە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکە، لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە (د. عزت صابر - مۆڵەت، یروانت نیسان مارکۆس - مۆڵەت) لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شاروانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت گوزار، کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە (د. سراج احمد - مۆڵەت) لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافی بەکاربەر کۆبوونەوەکە ئەنجامدراوە گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، ئەو لیژنانەی کۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە کۆنووسەکان هاوپێچن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز جێگیری سەرۆكی پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە پوختەیەك لە كۆنووسی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامادەنەبوونی (دلێر مصطفی حسن) كە ناومان بە غایب خوێندەوە لە كۆبوونەوەی رابوردوو سەرەتای كۆبوونەوە ئامادەبوو، بەڵام بەهۆی شەهیدبوونی یەكێك لە خزمەكانی هۆڵی كۆبوونەوەی بەجێهێشت بەمەبەستی بەشداریكردن لە پرسەی ئەو شەهیدە كە خزمی بوو، پێش ئەوەی كە فۆرمی واژووكردنی ئەندامان دابەش بكرێت، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥) لە بەرواری ٢٠١٤/١٠/١٥ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١ ـ دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە.

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبووی كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمان لەلایەن بەڕێز جێگیری سەرۆكی پەرلەمانەوە.

٤ـ خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

٥ـ پەسندكردنی گفتوگۆكردن لە سەر راپۆرتی شاندی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە سەردانیان بۆ كۆبانێ و پەسەندكردنی دوو بڕیار لەو بارەیەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، لە دەسپێكی دانیشتنی ئەمڕۆمان دەمەوێ بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە (د. پشتیوان) بكەین بۆ پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ وەفدی یاوەری، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری كاروباری پەرلەمان لە حكومەتی هەرێم دەكەین مامۆستا (مولود)، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە كە ئەم دەستپێشخەرییەی كرد، خۆی ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان دەبێ بۆ قسەكردن لە سەر ئەو گرفتانەی كە ئێستا لە سیستمی پەروەردە هەن، بەتایبەتی بە هۆی ئەو رووداوانەی كە لە ماوەی رابوردوو روویانداوە و، هیوادارین لە ماوەی داهاتوو هەم ئەو پرۆسەیە لەلایەن پەرلەمانەوە ئەكتیف بكرێ بە بانگهێشتكردنی وەزیرەكان و، هەم لەلایەن بەڕێزان وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانیشەوە هەركاتێك پێویستیان بوو روونكردنەوە بدەن بە پەرلەمانی كوردستان، یان هەر كاتێك روونكردنەوە بدەن بە خەڵكی كوردستان لە رێگەی پەرلەمانی كوردستانەوە ئامادەی دانیشتنەكانی پەرلەمان بن و، روونكردنەوەی پێویست بدەن و، وەڵامی پرسیارەكانی ئەندامان بدەنەوە، دوو نوقتەی نیزامیمان هەیە؟ فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم برگا (5)ی بێتە برگا (٣) و، برگە (٣)ی بچێت برگا (5)ی، چونكی ب راستی ئاریشێ پەروەردێ زۆرن، هەرچەندە زوو بێنە چارەسەر كرن دێ باشتر بن بۆ قوتابیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزی پشتەڤانی ئەو پێشنیارە دكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ابراهیم،

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر هەمان پشتگیری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. جوان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیم هەیە، لە فەقەرەی حەفتەم، فەقەرەی سێیەم و چوارەم دووبارە كرایتەوە، واتا پڕۆژەكان خوێندنەوەی یەكەمی دەبێتە (١٠) فەقەرە نەك یانزە فەقەرە، چونكە دووبارەیە سێیەم و چوارەم دووبارەكرایتەوە، هەڵەی لێ كرایە، واتا خوێندنمان دەبێتە (١٠).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با بێینە سەر ئەوە باسی دەكەین، ئەوە دوو پڕۆژەی جیایە، فەرموو د. جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چونكە هەمان ژمارەیە و هەمان ساڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە یاسای سزادانی عێراقیە، بەڵام داوای هەمواركردنی ماددەی جیاواز لە یاساكە كراوە بە دوو پڕۆژە، فەرموو خاتوو امنە.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە دوو جارا ناڤی من هاتە خاندن بۆ غیاب بوونێ، ئەڤە دەمێکی دایە کو مە سەرەدانا کۆبانێ کری و، هەروەسا ڤێ جارێ ژی ئەمێ چووین کەمپەکی بۆ ئاوارەێی رۆژئاڤایێی کوردستانی داناى ئەز وەسا تێت گەهەم کو مادام ئیزنا دەستا سەرۆکایەتیا بووینە نا چێبێت ئەز غایب بهێمە حسێب کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە مۆڵەت خوێندرایتەوە پێم وابێ، ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگەوە داوای ئەوە کرا کە بڕگەی (٥) بکرێ بە بڕگەی سێیەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ داواکە وابوو ببێتە بڕگەی (٣)یەم

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی (٥) ببێتە بڕگەی (٣) و، (٣)یش ببێتە (٥)، هەرچەندە بڕگەی یەکەم و دووەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکە بەم شێوەیە بوو و، پێم وابوو پێشنیارێکی باشیشە، چونکە بڕگەی یەکەم و دووەم دەنگدانە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان، زۆر بە ئاسانی تێئەپەڕێ، بۆیە پێم وایە پێشنیارێکی باشە، رای من وایە یەعنی وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نەك وەکو سەرۆکی پەرلەمان، دەیخەینە دەنگەوە، بڕگەی (٥) بکرێ بە بڕگەی (٣) لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کێ لەگەڵ دایە با دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٦) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە لەگەڵ نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، دەچینە سەر خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە دەنگدان لە سەر زیادکردنی ئەندامانی لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، پێشنیارێکمان بۆ هاتووە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنەکانی تورکمان و کلد و ئاشووری و ئەرمەن واژوو کراوە و، هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی تری پەرلەمانیش واژوویان لەسەر کردووە، داوای ئەوە دەکەن کە هەردوو بەڕێزان (یعقوب گورگیس یاقو و، بەڕێز ئایدن معروف سلیم) زیاد بکرێن بۆ لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، بۆیە هەر یەکەیان دەخەینە دەنگەوە، بەڕێز (یعقوب گورگیس یاقو) زیاد بکەین بۆ لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، فەرموو ابو کاروان، نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامییە و روونکرنەوەشە، ئێمە لە کۆبوونەوەی پێشوودا دەنگدرا لە سەر ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، بە کەم و کوڕیەکی گەورە و ناڕەزایەتییەکی زۆری پەرلەمانتارانەوە بەڕێخرا، ئێستا هەستتان کرد فیعلەن ئەمە کەم و کوڕیەکە پێویستی بە چارەسەرکردنە و، ئێمە لەگەڵی داین، دەستتان خۆش، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە تا ئێستا لیژنەکە دروست نەبووە ئیشی نەبووە، بەناوی پێنج لایەنی سیاسییەوە

تەنانەت ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بڵاو دەکرێتەوە، ئەوە کارێکی زۆر خراپە و، خۆڵ کردنە بە چاوی جەماوەرەوە، تکایە ئەو جۆرە کارانە با دووبارە نەبێتەوە، بۆ سومعەتی پەرلەمان زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوا لە لیژنەکە دەکەم بەڕاستی ئەمڕۆ دانیشتنی خۆیان ساز بکەن، سەرۆکایەتی لیژنەکە دابنێن، چونکە ئێمە لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەپێی بڕگەیەك لە یاساکە بڕیار دراوە کە لە ماوەی (٩٠)رۆژدا ئەو کۆمسیۆنە پێویست دەکات دروست بکرێ، بۆیە پێویستە بەزووترین کات لیژنەکە دەست بەکار بێ، هاوڕام لەگەڵ پەرلەمانتاری بەڕێز (ابو کاروان) کە پێویست دەکات دەست و برد لەو پڕۆسەیە بکرێ، فەرموو د. شوان.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە دانیشتنی ئەمڕۆ کە باس لە ناوی ئەندامانی لیژنەی کاتی بۆ پێداچوونەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ دەکات......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. شوان، لە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆین، فەرموو د. شوان.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

.....هەر نوقتەی نیزامییە، بە ئیمزای بەڕێزتان لە ٢٠١٤/٦/١٦ ئەم لیژنەیە پێك هێنراوە، ناوەکانی بڵاوکراوەتەوە.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی باسی دەکەین با بڕۆینە سەر خاڵی دوو، فەرمو کاك شوان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ئەوەی باسمان کرد کە لیژنەکە بکرێتە تاك، چونکە لیژنە دائیمەن بە تاك پێك دێ، بۆیە ئەگەر بکرێتە (١١) لە دووەکە بکرێتە سێ، ئەوە حیزبەکانی تریش کە ئەوان لەوانەیە هەست بە شتەك بکەن، نوێنەرێك لەوانیش دابنرێ، ببێتە (١١)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ ئێستا ئێمە دوو ناومان لەبەردەم دایە، دەنگدانی لەسەر دەکەین، ئەگەر پێشنیاری تریش هەبوو ئەوکاتە دەتوانین رەچاوی بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (یعقوب گورگیس یاقو) ببێ بە ئەندامی لیژنەی کاتی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران، با دەست

بەرزكاتەوە؟ (٨٤) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ نییە؟ كەواتە پەسەند كرا، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (ئایدن معروف سلیم) ببێ بە ئەندامی لیژنەی كاتی پەرلەمانی كوردستان تایبەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی كۆمسیاران، با دەست بەرزكاتەوە؟ (٨٥) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ نییە؟ كەواتە پەسەند كرا، پیرۆزباییان لێ دەكەین، بەڵام وەكو باسمان كرد پێویست دەكات ئەم لیژنەیە هەر ئەمڕۆ دانیشتن بكات بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتییەكەی و، بە دانانی بەرنامەی خۆی بۆ دەست كردن بە كارەكانی وەرگرتنی سیڤی و دابەشكردنی فۆڕم و دانانی ئالییەتێك بۆ شێوازی كاركردنیەكەی كە كۆمەڵێك شتمان لەلایەن ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە لەم بوارە بەدەست گەیشتووە، دەتوانین بیدەین بە لیژنەی پەیوەندیدار. دەچینە سەر خاڵی دووەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان كە بریتییە لە پەسەندكردنی ناوی ئەندامانی لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، وەكو بەڕێز (د. شوان) باسی كرد لە رابوردوو ئەم پرسە لە دانیشتنی پەرلەماندا دەنگی لە سەر دراوە كە ئەو لیژنە كاتییە دروست بكرێ بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام بۆ وەرگرتنی شەرعیەتی زیاتری ئەم لیژنە كاتییەی پەرلەمان و، بۆ ئەوەی ئەم لیژنەیە كارەكانی تەواو كرد، ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەكەیان بێننە ناو هۆڵی پەرلەمان و، ڕاستەوخۆ دەست بكەین بە گفتوگۆكردنی لە ناو هۆڵی پەرلەمان، بۆیە ناوی ئەندامانی ئەو لیژنەیەش كە ئێستا لەبەر دەستمان دایە، دەخەینە دەنگدانەوە بۆ پەسەند كردنی، ناوی ئەندامانی لیژنەكە بەم شێوەیە بەڕێزان ﴿ فرست سۆفی علی ـ قارەمان قادر فتاح ـ گەشە دارا جلال ـ امنە زكری سعید ـ ڤەمان فیصل سلیم ـ بەهار محمود فتاح ـ ڕێواز فائق توفیق ـ ابوبكر عمر عبدالله ـ سۆران عمر سعید ـ منی نبی نادر ـ وحیدە یاقو هرمز - عمر مصطفی باوەمیر (د. شوان قەڵادزەیی) ـ عبدالرحمن فارس عبدالرحمن (ابوكاروان)﴾ فەرموو د. ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ناوم (ڕێواز فائق حسین)ە نەك تۆفیق،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاستی دەكەینەوە خاتوو (ڕێواز فائق حسین)، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەندامانی لیژنەی كاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان لەم (١٣) بەڕێزە پێك هاتبێ كە ناومان خوێندەوە با دەست بەرزكاتەوە؟ (٨٧) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ نییە؟ كەواتە پەسەند كرا، ئێستا دەچینە سەر خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان كە بریتییە لە گفتوگۆكردن لە سەر گرفتەكانی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە بەپێی بڕگە یەكەمی ماددە (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (پەروا علی) داوا دەکات ببێت بە ئەندام لە لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەندە ئەمە لە ئەجندای کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان نییە، بەڵام زیادکردنی ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان پێویستی بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانە، بۆیە ئەو پێشنیارەش دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە خاتوو پەروا علی ببێ بە ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی با دەست بەرزکاتەوە؟ (٨٢) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە لەگەڵ نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، ئێستا داوا لە بەڕێز (د. پشتیوان صادق) وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین با بفەرمووێ بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی خۆی سەبارەت بە گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، نوقتەی نیزامی هەیە؟ فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەوزیحاتێکمان بدەیتێ شێوازی دانیشتنەکە با بڵێین ئەندامان چەند پرسیار دەکەن؟ چۆن پرسیار دەکەن؟ لە سەر راپۆرتەکەیە لە سەر کۆی ئەوەیە، بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە وەزیر ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبێ لە سەر داوای خۆی روونکردنەوەی خۆی دەدات سەبارەت بەو گرفتانەی کە هەن، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەتوانن پرسیاری ئاڕاستە بکەن، ئەویش دوایی دەتوانێ راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە یان هەر پرسیارێکیش کە ئێستا زانیاری لە سەر نەبێ پێویستی بە کات هەبێ، پێویستی بە وەڵامی تر هەبێ دەتوانێ لە دواتردا وەڵام بداتەوە لە ماوەی (١٥) رۆژدا وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بداتەوە، هەڵبەت جەنابی وەزیر دەتوانێ پرس و راوێژ بە راوێژکارەکانی خۆی و ستافی خۆی لە وەزارەتەکەی بکات بۆ هەر پرسیارێك کە ئاڕاستەی دەکرێ، وەکو باسمان کرد دەتوانێ راستەوخۆ وەڵام بداتەوە لە دانیشتنی ئەمڕۆ و، یان لە ماوەی (١٥) رۆژدا وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بداتەوە، فەرموو کاك ئاری.

**بەڕێز ئاری محمد (ئاری هەرسین) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لەوانەیە بچێتە قاڵبی نوقتەی نیزامییەوە، خۆی پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا دەکرێت، یان بڵێین عورفە یان قانونییە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە لە هەر دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا ئەگەر ئەندام ئارەزوویەکی هەبوو بۆ بەشداری کردن لە لیژنەیەکی تردا بەبێ ئەوەی لە بەرنامەی کار دابێ، ئایا شتێکی تەبیعییە یان خود نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو داواكارییە پێشتر لە كۆبوونەوەكانی پێشووشدا ئاڕاستەی دەستەی سەرۆكایەتی كرابوو، ئێستا لای بەڕێز سكرتێری پەرلەمانە، ئەو داوای كرد كە ئەو بابەتە بخەینە دەنگدانەوە، بۆیە بەو شێوەیە بوو داواكاریەكە هی پێشتر بوو، لەلای دەستەی سەرۆكایەتی بوو، فەرموو كاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو بڕگەیەی لە پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی (٥٣) كە ئێوە داوای ئەوەتان كردووە كە جەنابی وەزیری پەروەردە ئامادە بێت، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەوە نەدراوە كە پرسیار لە جەنابی وەزیر دەكرێتن، كەواتە ئەگەر بەپێی ئەم ماددەیە بێتن ئەندامانی پەرلەمان سەلاحیاتی ئەوەیان نییە پرسیار ئاڕاستەی وەزیر بكەن، ئێمە گفتوگۆی وەزعێك دەكەین داوای موناقەشەی دەكەین، جەنابی وەزیریش دەتوانێ بەشداربێ لەگەڵمان، ئەگەر ئێمە شتێكمان هەبوو دەتوانین دوای ئەوە پرسیاری ئاڕاستەی بكەین، بەڵام لە ناو ئەو كۆبوونەوەیە ناكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ ڕێگریەك نییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لەو كاتەی كە بەڕێز وەزیر ئامادەی دانیشتنەكانی پەرلەمان دەبێ، پرسیار ئاڕاستەی وەزیر بكرێ سەبارەت بەهەر بابەتێك كە ئەندامانی پەرلەمان لە چوارچێوەی بەرنامەی كار لانەدا، هیچ ڕێگریەك نییە لە پرسیاركردن، خۆی (الأصل في الأشياء الإباح) مادام هیچ ڕێگریەك نییە لە كاتی ئامادەبوونی وەزیر پرسیار ئاڕاستەی بكرێ، دەتوانرێ پرسیاری ئاڕاستە بكرێ، بەڵام وەزیر سەر پشكە لەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە یان دواتر لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا وەڵامی پرسیارەكان دەداتەوە، دوو نوقتەی نیزامی تر هەیە، فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر ئەو نوقتە نیزامییەی كە من وتم ئەوەی كاك ڤەمان وتی ڕاستە، بەڵام ناڵێ نابێ پەرلەمانتاریش پرسیار بكا، بەڵام نەوتوویەتی دەبێ پرسیار نەكەی نەوتوویەتی دەبێ پرسیار بكەی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیار کردن پەیڕەوی ناوخۆ چەند ماددەیەکی تایبەتیان تەرخان کردووە بۆ پرسیار کردن، ئەوەش لە ماددەی (٦١)ەوە دەست پێ دەکات، لەبەرئەوە ئێمە سەلاحیاتی ئەوەمان نییە پرسیار بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ڤەمان ماددەی (٦٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەڵێ، هەر ئەندامێك پرسیار بکەن چ نووسراو بێت یان زارەکی لە ڕێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بکات، بۆیە هیچ تەقیدێك نییە لەم بوارەیەوە و، دەتوانرێ پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیر بکرێ، بەڵام ئەویش دەتوانێ ئێستا وەڵام بداتەوە یان لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و، پێم وابێ بەڕێز وەزیری پەروەردە خۆی ئامادەیە وەڵامی پرسیارەکانی پەرلەمانتاران بداتەوە، فەرموو بەڕێز وەزیری پەروەردە دەست بکە بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە.

**بەڕێز د. پشتیوان صادق/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ بۆ ئێمە ڕۆژێکی زۆر مێژووییە کە بەڕێزتان قبوڵتان کرد ئێمە لە خزمەت پەرلەمانی کوردستان میوان بین و، دەمەوێ ئەو ڕاستیەش باس بکەم کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئێمە باسی کرد، کە زەرورییە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە پەیوەندی دابن لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە لە سەر هەموو بابەتەکان بدەن کە پێویست بێ و، لەبەرئەوەی پەروەردە خەمی هەموو خەڵکی کوردستانە و، هەمووومان دەزانین هیچ کەسێك نییە لە کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەگەڵ پەروەردە نەبی، بۆیە پێم وایە ئێمە لە هەموو کاتێك زیاتر ئەمڕۆ پێویستمان بە پشتگیری پەرلەمانی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ، ئەو بابەتەی کە حازرمان کردووە، دوو ڕاپۆرتە، ڕاپۆرتی یەکەم لە سەر ڕەوشی پەروەردەیە بە شێوەیەکی گشتی، ڕاپۆرتی دووەمیش لە سەر بارودۆخی پارێزگای دهۆکە کە بەهۆی ئەو وەزعەی ئێستا هەیە، تەبیعی هەمووومان دەزانین کە لە قۆناغی ڕابوردوودا، لە کابینەکانی ڕابوردووی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی بە پەروەردە داوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پێویستی بە زیاتر لە ئایندە بە گرنگی دان هەیە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی پەروەردە بەردەوامە و، گرفتیشی زۆرە لە حەقیقەتدا و، وەزارەتی پەروەردە لای هەمووان ئاشکرایە کە گەورەترین وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، گەورەترین خزمەتگوزاری تەقدیم دەکات، ئەگەر تەماشا بکەین لەو خشتەیە بەکورتی نزیکەی (١١٩) هەزار مامۆستامان هەیە و، نزیکەی ملیۆنەك و حەوت سەد هەزار قوتابیمان هەیە، ئەو (٦٠٠) هەزارە تەبیعی هێشتا ئیحسای نوێ نەکرایە بەنیسبەت ئەو قوتابیانەی چوونەتە پۆلی یەکی سەرەتایی، هەروەها نزیکەی (٧) هەزار بینای خوێندنگامان هەیە، تەبیعی ئەو ژمارە زۆرە ئەگەر تەماشا بکەین ئەو ( ١١٩) هەزارە تەنیا مامۆستایە،

بەلأم لەوانەیە حدودی ( ٥٠ تا ٥٥) هەزاریش فەرمانبەر و کارگوزارمان هەیە، کەواتە ( ١٧٠٠٠٠٠ ) ملیۆنێك و حەفت سەد هەزار خوێندکار، ئەگەر هەر یەك لەوانە تەنیا دایك و باوکی حیساب بکەی، کەواتە ئەکاتە تەواوی کۆمەلگەی کوردستان، بۆیە ئەڵێین پەروەردە خەمی هەموومانە، ئەو ئامارەی بە نیسبەت ژینگەی پەروەردە هەیە، گەورەترین گرفتمان قوتابخانەی دوو دەوامی، سێ دەوامی یە، هەرکاتێ توانیمان قوتابخانەی خۆمان بکەینە یەك دەوامی، کەواتە گەورەترین سەرکەوتنمان بە دەست هێناوە بۆ ئەوەی پەروەردە بچێتە ئاستێکی بەرزتر، ئەگەر سەیری ئەو جەدوەلە بکەی دیارە خوێندگەی یەك دەوامی زیاتر لە ( ٤٠٠٠) چوار هەزارە، دوو دەوامی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزارە، سێ دەوامی زۆر کەمە ( ١٢٤)ە، و خوێندنگەی بە کرێمان (٤٥٢ )ە، خوێندنگەی لە قوڕ و کابینە دروست کرابێ ئەوە زیاتر لە گوندە، (٣٨٣) یە، بەلأم ئەم سالْ ڕەغمی ئەوەی باری دارایی زۆر خراپە، هەولْ ئەدەین ئەو قوڕانە نەمێنێ، بە کابینە بۆیان چارەسەر بکەین، ئێستا پرۆژە یاسایەکیش لە پەرلەمان هەیە گۆڕانی بەسەر دا دێت، ئەو گرفتانەی ئێستا هەیتمان و پرۆژە چییە بۆ چارەسەر کردنی؟ (١٤) نوقتەیە، یەکەمیان ژێرخانی پەروەردەی هەرێمە، بێگومان سالأنە بەپێی ڕاپۆرتێك کە دەزگای (ڕەندی) ئەمریکی ئامادەی ئەکات (٧٠ ) تا (١٠٠ )هەزار قوتابی نوێ بۆ خوێندنگە ناوی خۆی ئەنووسێ، بۆ ئەوەی موباشەرە لە قوتابخانە بکات، بۆیە گەورەترین گرفت ژێرخانە، کە بریتییە لە زیاد بوونی قوتابی، کەواتە پێویستمان بە بینایە هەیە، بە میلاك هەیە، مەبەستمان لە مامۆستایە نەك فەرمانبەر، موشکیلەی تاقیگە هەیە، هەر پرۆگرامێکی نوێ ئەگەر تاقیگەی باش نەبێ واتە لە ڕووی پراکتیزیەوە ناتوانی کوالیتی خوێندن بەرز بکەیەوە، ناتوانی ئیبداع لە ناوەندەکانی خوێندن زیاد بکەی، بەشێوەی گشتی هۆلْمان کەمە، جا هۆلْی مۆسیقا، تاقی کردنەوە، یان هەر هۆڵێکی تر، ڕحلەمان کەمە، ئێستا خەریکین سەبر سەبر حەلی ئەکەین، بەلأم دیسان پەیوەندی بە باری دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و، دیسان بە نیسبەت تەکنەلۆجیا لە قوتابخانەکان نەمانتوانیوە سوودی لێ وەرگرین، جگە لە شتە نوێیەکان، بەلأم ٥٠٪ ی ئەو بینایانەی کە هەیە ئێستا پێویستی بە نۆژەن کردنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەیان تێکچوونە، دیسان کەموکوڕی تر هەیە، وەکو سارد کەرەوە و فێنکەرەوە، لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون هەندێکیان بە پێی یاسایەکە، بە پێی ئیتیفاقی موستەسمیر لەگەلْ وەبەرهێن ئەبێ حەزانە و مەکتەب دروست بکات، بەلأم هەندێکیان دروستیان نەکردیە، هەندێکیان دروستیان کردیە، بە کرێ داویانە بە ئەهلی، پێشنیار چییە؟ پێویستمان بە نزیکەی (٢٠٠٠) دوو هەزار قوتابخانە هەیە، بۆ ئەوەی ژینگەیەکی لەبار بۆ قوتابیانی خۆمان دروست بکەین، لەبەر چ ژێرخان باش بێ کوالێتی بەرز ئەبێتەوە؟ ئەوکات سەعاتی دەوام زیاتر ئەبێ، ئێستا قوتابی لە (٨ ) بەیانی تا (٣٠-١٢) دەوام ئەکات، بەلأم ئەوکات ئەتوانین تا سەعات (٣ و ٤ ) دەوام بکات، زیاتر ئیهتیمام بە بابەتی پراکتیکیش بدەین لە قوتابخانەکان و، ئێستا لەگەلْ ئیستیسمار و لەگەلْ دەزگا پەیوەندیدارەکان خەریکی ئەوەین ئەو پرۆژە ئیستیسماریانەی نیشتەجێ بوون کە قوتابخانەیان دروست نەکردووە ئیجباریان بکەین بە پێی یاسا دەست بکەن بە دروست کردنی قوتابخانە، و ئەوەی بە کرێی داوە لێی وەرگرینەوە. خالێکی تر کە پەیوەندی بە

ژێرخانەوە هەیە، لە هەوڵی ئەوە داین کە لە دوو ساڵی داهاتوو بە ئەلیکترۆنی کردنی وەزارەت تەواو بکەین، نوقتەی دووەم کە پەیوەندی بە کوالیتی خوێندنەوە هەیە، مەوزوعی ڕاهێنانی مامۆستایە، تا تەدریبی مامۆستا چڕ و پڕ و بە سیستەم نەبێ، ئێمە ناکرێ بڵێین خوێندن لە کوردستان پێش ئەکەوێ، لە ڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە، ئێستا بەرنامەمان هەیە لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە کۆلێژی بنیات مامۆستایانی ئێمە کە دبلۆمیان هەیە ئەچن بۆ ئەوەی بەکالۆریۆس وەرگرن، خاڵی دووەم، پەیمانگای پەرەپێدانمان هەیە، ئەمساڵ دەست بەکار ئەبێ، ئەگەر نەجاحەت بێنین، ساڵانە ( ٤٠٠٠) مامۆستا بچێت و (٢) ساڵ خوێندن بخوێنێ و دوای ئەوە بە ئیمتیازاتی بەکالۆریۆس حیسابی بۆ ئەکرێ، و ئاستی مەشق پێ کردن بە نیسبەت ئەو مامۆستایانە وەکو مامۆستای سەرکردە ئەبن، ئێستاش لە زۆر بواری تر لەگەڵ (بریتیش کاونسڵ) و لەگەڵ زانکۆکان خەریکین ئیهتیمام بە بابەتی مەشق ئەدەین، ئەوە پیشنیارەکانە، بۆ ئەوەی وەقت زۆر نەکوژین بە نیسبەت مەشق کە تەوەری ئەساسی ئێمەیە، بۆ ئەوەی لە ساڵانی ئایندە مەشق بە سیستەم بکەین لە وەزارەتی پەروەردە، خاڵی سێیەم کە خاڵی لاوازی ئێمەیە مەوزوعی سەرپەرشتیارییە، ئەزانن کە سەرپەرشتیاری هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندن و ئەدای مامۆستا و قوتابخانەکان ئەکات، بەرنامەمان ئەوەی لە کاتێکی نزیك سەرپەرشتیاری ئیستیقلالی خۆی هەبێ، و پرۆژەی خۆی هەبێ، و تەدریبی موشریفەکان بەردەوام بێت، ئەوەی پێشنیارە، خاڵی چوارەم ئیدارەی قوتابخانەکانە یان ئیدارەی پەروەردەکانە، ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەتی ناوەندەکانی قوتابخانە زۆر زۆر گرنگە لامەرکەزیەتی هەبێ، پێمان وایە پەروەردە هەر سیاسەتێکی هەبێ، حکومەتی هەرێم هەر سیاسەتێکی هەبێ، ئەگەر ئیدارەیەکی باشی نەبێ لە قوتابخانەکان، ئەگەر مودیر یان مودیرەیەکی باشی نەبێ، چونکە قائیدی پەروەردەن، ناتوانین برەو بە ڕەوشی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بدەین، بۆ ئەو مەبەستەش دەستمان کردووە بە ڕاهێنانی ئیداراتی قوتابخانەکانی خۆمان لەسەر خولی کارگێری و زانستی و ئایتی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەش ئێمە وەکو وەزارەت لەو خولانەی ئێستا چ لیژنەیەکمان پێکهێناوە، لە کۆنگرەش ئەو بنەمایانە دائەنێین کە کێ ئەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە، کێ ئەبێتە بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزایەکان، پەیمانگاکان، بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە و ئەو بەڕێوەبەرەی کە باسم کرد، و زۆرتان لەوانەیە گلەییتان لە تەداخولاتی دانانی هەندێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانین حەدێك بۆ ئەوە دابنێین، و بتوانین ئەو قائیدە پەروەردەیانە دابنێین کە لە ئاستی پێشکەوتنەکان بن کە تموحی ئێمەیە لە هەرێمی کوردستان، خاڵی پێنجەم، کەمی کاتی دەوامە، یەکێ لە ڕەخنەکانی موتابعینی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان کەمی کاتی دەوامە، عوتلە زۆرە، یەکێ لە ئەسبابەکانی کەمی دەوام مەوزوعی دوو دەوامی، سێ دەوامی یە، خاڵێکی تر، ئەو جەژنەی ڕۆیشت یەك هەفتە لە هەرێمی کوردستان عوتلە بوو، ئاساییە یەك هەفتە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ فەرمانگەکان، بەلاّم بۆ خوێندنگاکان ئاسایی نییە، بۆیە هەوڵ ئەدەین و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش قسەمان کردووە، جەژنەکە (٣ یان ٤) ڕۆژە ئەوە با عوتلە بێ، بەلاّم لە هەفتەکە ( ٢یان ٣) ڕۆژ ئەمێنێ، با ئەوەندە دەوامی خوێندنگاکان هەبێ

بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێ مەنهەجی خۆی لەو ساڵەی دیاری کردیە تەواو بکات، ئێستا تەقویمی دیراسی ئێمە کە مامۆستایانی بەرێز لەگەڵمان هاتوونە و ئەزانن، تەقویمی دیراسیمان (١٧٢) رۆژە، جگە لە ئیمتیحانەکان، ئەگەر حیساب بکەی ئەکاتە (١٩٢) رۆژ، کەواتە بە پێی ستانداردی جیهانی ئاستێکی باشە، بەلاّم بەو عوتلاّنە ئەو(١٩٢) رۆژە کەم ئەکاتەوە، مامۆستا ناتوانێ مەنهەج تەواو بکات، خاڵێکی تر کە گرفتی ئێمەیە بێ سەروبەری یە لە میلاکا، ئێمە مامۆستای پسپۆڕمان کەمە، زانکۆکانیش کەم گرنگی بە بواری زاسنتی ئەدەن، مامۆستای کۆمەلاّیەتی زۆرترە لە پسپۆڕ، لە ناوچە دوورەکان گرفتی مامۆستامان هەیە۔ مامۆستا ئەچێ( ٤) یان (٥) ساڵ لەوێ ئەبێت دوای ئەوەی حەقی خۆیەتی داوای گواستنەوە ئەکات، و خاڵی سێیەم لە گرفتەکان موشکیلەی مۆڵەتە، ئەو رۆژە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دانیشتنمان کرد، ئێستا نزیکەی (١٠) هەزار مامۆستا بە بەردەوام لە مۆڵەتە، مۆڵەتی خوێندن، دایکایەتی، بە لیژنەکانی پزیشکیمان وت مەعقول نییە یەکێك هیچ موشکیلەی نییە، وەڵلا پشتم دێشێ ناتوانم دەرس بڵێمەوە، ئیجازەی پێ ئەدەن، یان مۆڵەتی بەخێو کردن، لە ماڵێك (٥) کەسی تێدایە، یەکیان مامۆستایە، چوارەکەی تریش ئەتوانن ببن بە بەخێوکەر، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی مووچەی پێ بدات، بەس ئەوەی مامۆستایە ئیجازەی پێ ئەدەن بۆ بەخێوکردن، ئومێدەوارین لە تەعدیل کردنی هەندێ لەو یاسایانە، بەتایبەتی هی وەزارەتی کاروباری کۆمەلاّیەتی، و مۆڵەتی دایکایەتی لە یەك، دوو فەقەرە پێویستمان بە تەعدیلە، بەرێزتان هاوکارمان بن، خاڵی حەوتەم، هەڵسەنگاندن، لای ئێمە لاوازە بەراستی، بەرنامەی ئێمە ئەوەیە لە ئایندە فۆرممان هەبێ بۆ تەقیم کردنی مەکتەبی باش و خراپ، نەك( ٣ )، (٤) مەکتەب دابنێین لە شارەکان ئەوانە مەکتەبی نموونەین، ئێستا مەکتەبی نموونەیی لە کوردستان نەماوە، بەلاّم نموونەیی ئەوەیە ئەمساڵ کام مەکتەب ئەتوانێ بە پێی هەندێ خاڵ ئەتوانێ ببێتە نموونەیی؟ لە رووی کوالیێتی خوێندن، ئیلتیزامی مامۆستا، ئیدارە، پاك و خاوێنی، مامۆستای نموونەیی، ئیدارەی نموونەیی، ئەوانە لەمەودوا ساڵانە هەڵئەبژێرین، هەشتەم، یاسا، ئێستا لە پەرلەمان پرۆژە یاسای نوێی وەزارەتی پەوەردە هەیە، ئەو پرۆژە کۆنە لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە تەشریع کراوە، بۆیە بۆ ئێمە زۆر گرنکە، ئەو پرۆژە یاسایە نوێیە ئومێد ئەکەن پەرلەمان هاوکارمان بێ، و لیژنەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بەراستی زۆر بە جدی دەستی کردووە بە دیراسە کردنی ئەو یاسایە، دوێنێش وۆرکشۆپیان هەبوو، بە تەواو کردنی ئەو یاسایە گۆڕانگاری باش لە هەیکەلیەتی وەزارەت، لە مۆدێرن کردنی یاساکە، لە کردنەوەی دەستەلاّتی وەزارەت دروست ئەبێ، بەوەش زیاتر ئەتوانین خزمەتی پەروەردە بکەین، خاڵی نۆ، کۆنگرەی پەروەردەیی، بڕیارمان داوە ساڵانە کۆنگرەی پەروەردەیی ئەنجام بدەین، لە ساڵی( ٢٠٠٧ )ەوە کۆنگرەی پەروەردەیی نەکراوە، ساڵانە ئاساییە گۆڕانکاری لە زۆر بابەتی وەزارەتی پەروەردە بکری، لەبەر ئەوەی گۆڕانکاریەکانی دونیا خێران، تۆش ئەبێ بەخێرایی لەگەڵی برۆی، بۆ ئەوەی ناکرێ هەموو ساڵ یاسا بگۆڕی، لە رێگەی کۆنگرەی پەروەردەییەوە ئەکرێ زۆر شت بگۆڕین، ئێستا دوا بڕیارمان ئەوەیە لە مانگی کانوونی دووەم کۆنگرەی پەروەردەیی ئەنجام بدەین و، جگە لە لیژنەی

پەروەردە هەموو بەرێزانی تر ئەتوانن لەسەر تەوەرەکان پێشنیار و پرۆژەی خۆیان بۆمان بنێرن، سوپاسیان ئەکەین، خاڵی دەیەم، ئەزموونەکان، خوێندنی قوتابی و چارەنووسی قوتابی بۆ ئەزموونەکانە، بەرێز بەڕێوەبەری گشتی ئەزموونەکانیش لێرەیە، یەك لە تەوەرەکانی کۆنگرە ئەزموونەکانە، پێداچوونەوە بە تەعلیمات و بڕیارەکانی ئەزموونەکانە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەو بارودۆخە، و لەبەر بەرزەوەندی گشتی قوتابی ژمارەیەك بڕیارمان دا، یەکێ لەوانە هەوڵ ئەدەین، لای بەرێز سەرۆکی پەرلەمانیش باسمان کرد، هەوڵ ئەدەین خولی سێیەم بکەینەوە بۆ ئەو خوێندکارانەی نەیانتوانیوە بەشداری تاقی کردنەوەکان بکەن، بە تایبەتی خەڵکی شنگال و خەڵکێك پێشمەرگە بووە نەیتوانیوە بەشداری تاقی کردنەوە بکات، بە نیسبەت پۆلی (١٢) ش ئەمساڵ تاقی کردنەوەمان تاخیر کرد نزیکەی مانگێك، و ئەمساڵ بە ساڵی نەکەوتن هەژمار ئەکرێ، یەعنی یەکێك ئەگەر( ٢ )ساڵ لە پۆلێك بێ و کەوتبێ، حەقی خۆی قانونی کە بچێتە مەسائی، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ساڵی نەکەوتن حیساب ئەکرێ، بۆیە لە هەمان شوێن ئەمێنێتەوە، و ئەمساڵ بڕیارمان داوە کە پرسیاری پۆلی (١٢) ی ئامادەیی هەڵبژاردن بێ (١٠٠٪) لەبەر چ؟ بۆ ئەوەی قوتابی دوور بکەوێتەوە لە لەبەر کردن، و هەندێ جار گلەیی ئەکرا کە غەدری لێکرایە لە تەسلیحی دەفتەر، و هەندێ ئاسانکاری تر، ئەمساڵ تاقی کردنەوە بۆ پۆلی( ٩ و ١٢ )کرا کە بە شێوەیەکی گشتی (کێرڤ) مان نا، مەسەلەن بۆ پۆلی نۆ (٩) دەرەجە دراوە، (٥) قەرار، و (٤) تریش، بۆ پۆلی( ١٢ )ئیعلانمان نەکردووە، ئەوەی هەتا حدودی( ٣٨ )ی هێناوە، کە ئیکمال بووە، ئەویش هاوکاری کراوە، خاڵی یازدە، بە نیسبەت پرۆگرام، لەبەر ئەوەی باسمان کرد گۆڕانکاریەکان خێران، زەرووریە کە پرۆگرامەکانیش بەردەوام لە گۆڕانکاری بن، زۆرجار باس ئەکرێ چۆن ئەبێ ئەمساڵ ئەو ماددەیە زیاد کراوە، زۆر ئاساییە، لە بیرکاری، لە فیزیا، مەوزوعێك دێتە پێش، ئەو هاوکێشەیە بۆ ساڵی ئایندە زیاد بکەی، بە نیسبەت چاپ کردنی کیتابەکان زۆرجار تەعن لە وەزارەتی پەروەردە ئەدرێ، ڕەغمی ئەو موباڵەغانەی ئەکرا، بەڵام ئێمە ئالیەتێکمان داناوە کە ئیتر چاپ کردنی کتێب بە شێوەی شەفاف بێ، و ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ئێشێکی باشیان کردووە بۆ چاپ کردنی کتێب، بەڵام ماوەیەك لەگەڵ ئەوانە عەقد ناکەین، بە شێوەیەکی تر چاپیان ئەکەین، ئەوە بۆ زانیاری بەرێزتان، زیاتر لە (١٠٠٠) عینوانی کتێبمان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە، جگە لەوەی مەسەلەن فیزیا هەیە، بە کوردی سۆرانی، بادینی، بە ئینگلیزی، تورکمانی، سریانی، بە عەرەبی، ئەبێ بە هەموویان چاپی بکەین، ئیشکالیەتی زۆری ئەدایە مەوزوعی چاپ، خاڵی دوازدەهەم، توێژینەوە و دیراسات، بە شێوەکی گشتی زیاتر لە (١٠٠٠) ماستەر و دکتۆرامان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە، بەڵام وەکو پێویست سوودمان لێیان وەرنەگرتووە، بەرنامەمان هەیە کە ئەو هەڵگری بڕوانامانە ئێستا لیژنەمان داناوە لە هەموو قەزاکانی کوردستان یەکەی توێژینەوە، یان یەکەی تدریب سوودیان لێ وەرگرین، خاڵی سێزدەهەم، بە نیسبەت خوێندنی ئەهلی، ئێمە سیاسەتمان وایە ئەبێ هانی کەرتی تایبەت بدەین بۆ خوێندن و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئەزانین کەموکوڕی لەو کەرتە هەیە، بۆیە ئێمە گرفتمان لاوازی

و نەشارەزایی موشریفەکانە لە موتابەعە کردنی قوتابخانە ئەهلییەکان، و بەشێك لە قوتابخانە ئەهلییەکان ئاستی زانستیان لاوازە، و بەشێك لەو قوتابخانانە بینایە و ژینگەی پەروەردەیی گونجاویان نییە، و ژمارەیەك لەو قوتابخانانە لە بینایەی حکومی دەوام ئەکەن، پێشنیار چییە؟ ئێستا لیژنەیەکی بالأمان پێکهێناوە، مامۆستا (زیاد)یش لێرەیە، بۆ پێداچوونەوە بە یەکە، یەکە بەو قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلییانە، لە ڕووی بینایە، پرۆگرامی خوێندن، ئاستی زانستی مامۆستا، نرخی خوێندن، و ئاگاداری گشت قوتابخانە ئەهلییەکانمان کردۆتەوە بە ڕەسمی کە ئەبێ بۆ ساڵی ئایندەی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێمە دەربچن، بە پێچەوانە داوای یاساییان لەسەر تۆمار ئەکەین، خاڵی چوارده و کۆتایی، خوێندنی پیشەییە، ئەزانن خەڵك ئەچێتە ئامادەیی، دوایی زانکۆ، ئێمە بەرنامەمان ئەوەیە خوێندنی پیشەیی ڕەبتی بازاڕ بکەین، ئایا چمان پێویستە لە بازاڕی کوردستان؟ خوێندنی پیشەیی بەوەوە دەست پێ بکەین، بەلأم لێرە پێویستمان بە دورست کردنی موجەمەعاتی پیشەیی هەیە بە ستانداردی جیهانی، دیزاینەکانمان حازر کردییە ئێستا، تەنیا لەسەر ئەوەی ماوە باری دارایی هەرێمی کوردستان باش بێت، ئەو کۆمەڵگە پیشەییانە دروست ئەکەین، ئەوکاتی ڕێژەی (٢٠٪ تا ٣٠٪) ئەو خوێندکارانەی ئەچنە ئامادەیی کەمتر ئەبێتەوە، بازاڕی کوردستانیش ئەکرێ جوولەی پێ بکرێ بە نیسبەت کادیری وەسەتی، ئەوە بە گشتی، بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکەمانە کەر کورترە لەسەر پارێزگای دهۆکە، بە نیسبەت ئاوارە و پەنابەران، یەکێ لە کێشە گەورەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەو خاڵەیە، لە ماوەی ڕابردوو زۆر لە پەنابەرانی ولأتانی دراوسێ، بەتایبەتی کوردانی رۆژئاوا و ئەوانەی عێراق و ئەو ڕووداوانەی دوایی هێرشی تیرۆریستان لەسەر هەرێمی کوردستان، کەواتە دوو جۆرە، یەکیان ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق  و هەرێم، ئەوەی تریش پەنابەرانی ولأتانی دراوسێ، بە نیسبەت مەرحەلەی یەکەم بۆ قوتابیانی ئاوارەی کوردستانی رۆژئاوا توانیتمان لەو کەمپانە خوێندنگە دابین بکەین، و مامۆستا و پێداویستی خوێندن، گرفتی ئێستا ئەو ڕووداوانەیان کە لە مانگی ئاب دروست بوو لە هەرێمی کوردستان، بە نیسبەت ئاوارەکانی ناوخۆ، میشکیلەکە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانە، بە تایبەتی کە لە قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆك نیشتەجێ کراون، وای کردووە قوتابیانی پارێزگای دهۆك بێبەش بن لە خوێندن، ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هاوولأتیانی دهۆك کردووە، دووەم، تێکچوونی ژێرخانی قوتابخانەکان، لە هەندێ شوێن بەخۆم بینیم بە ڕیحلەی قوتابخانە چێشتیان چاك ئەکرد، ئیدی ئەوەشی هاتە سەر، خاڵی سێیەم، دابڕانی قوتابیانی ئاوارەی هاتوو، کەینی ئەو کەمپانە دروست بوو، ئەوکات ئەتوانین بۆ ئەو ئاوارانەی شنگال و دەشتی نەینەوا مامۆستا دابین بکەین، و پرۆگرامی خوێندن دابین بکەین، بە پێی ئەو ئامارانەی ئێستا هەیە، پێشتر لە هەموو قوتابخانەکان ئاوارە هەبوو، بەلأم ئێستا لەو سێ قەزایە بە دەرجەی ئەساسی ئاوارەکان لەو قوتابخانانە نیشتەجێ بوونە، بۆ زانیاری بەرێزتان، کە ئەو ئاوارانە هاتنە ئەو قەزایانە، ئێمە هاوڵمان دا ئاوارەکان نەیەنە قوتابخانەکان، بۆ ئەوەی بینایەی خۆمان بپارێزین، بەلأم لەبەردەم ئەو خەیارە بووین ئایا رۆحی ئاوارەکان گرنگترە، یان بینای قوتابخانەکان؟ حکومەت ناچار بوو ئەو ئاوارانە داخیلی ئەو قوتابخانانە

بكات، بۆ ئەوەی ژیانیان پارێزراو بێ، مودیری ئێمە و مامۆستاکان لەو ڕۆژەی مامۆستاکان چوونەتە قوتابخانەکان وەکو مودیری کەمپ تەعامولیان کردووە، یەك، بۆ ئەوەی ئاگایان لە ئاوارەکان بێ، دوو، بۆ ئەوەی کەمترین مومتەلەکاتی حکومەت زەرەری پێ بگات، ئێستا لە قەزای دهۆك کە دوو پەروەردەی لێیە، ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا،( ١٦٥ )بینای ئێمە ئاوارەی تێدایە، لە قەزای سمیلێ (٩٩)، و لە قەزای زاخۆ (١٣٧)، لە ئەسڵدا ژمارەی ئەو قوتابیانەی قوتابخانەکان بریتییە لە (٢٣٥) هەزار هی ئەو (٣) قەزایە، بەلأم بۆ زانیاری بەرێزتان ئەو بارانەی ئەو ڕۆژە باری، وای کرد ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان بگەڕێنەوە ئەو قوتابخانانەی کە چۆڵیان کردبوو پێشتر، لە قەزاکانی تر بە تایبەتی، لەبەر ئەوەی حەجمی بارانەکە لاتان مەعلوم بوو، ئەو قوتابیانەی ئێستا لەناو مەکتەبەکانی ئێمەن ناتوانین هیچیان بۆ بکەین تا نەچنە کەمپەکان، ئەوان( ٢٦) هەزار قوتابینە، مەکتەب هەیە (٦٩ )عائیلەی تێدایە، بەلأم مەجموعی ئەفرادەکان ئەکاتە (٥٠٠ )کەس، بەلأم( ٢٦ )هەزار قوتابی ئێستا لە مەکتەبەکانی ئێمەیە، پێشنیارمان بۆ چارەسەر کردن، وەکو وەزارەتی پەروەردە لە سەرەتای مانگی (٨ )نیدایەکمان لێدا بۆ پەرلەمانی کوردستان و هەموو ڕێکخراوە بیانییەکان، ئوممەمی موتەحیدە، قونسڵەکان، داوامان کرد ئەگەر چارەسەری ئەو بابەتە نەکرێ لە دروست کردنی کەمپ و گواستنەوەی ئاوارەکان ئەوە منداڵانی کوردستان لە پارێزگای دهۆك زۆریان بێ بەش ئەبن لە خوێندن، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خێزانەکانی دهۆك ئەبێ، ئێستا زۆر عائیلە تەلەفۆن ئەکات ئەڵێ من گوناهم چییە، منداڵم گوناهی چییە بێ بەش بێت لە خوێندن؟ بە نیسبەت پۆلی( ١٢) ی ئامادەیی، ئێستا شوێنمان دابین کردووە لە هەموو پارێزگای دهۆك تەقریبەن کە پۆلی (١٢) بەردەوام بن لە خوێندن، بەلأم گرفتەکە لە پۆلەکانی ترە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی دروست کردنی کەمپە بۆ ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆك، تەسەوڕ ئەکرێ ئەگەر زروفەکە ئاسایی و سروشتی بێت باران تەئسیری لێ نەکات، بۆ مانگی (١٢) دەوام لەو قوتابخانانە دەست پێ بکاتەوە دوای نۆژەن کردنیان، بەلأم ئەگەر هاتو نەتوانرا کەمپ دروست بکرێ، بە سەرۆکایەتی بەرێز سەرۆکی حکومەت، و ژمارەیەك وەزیریش لەگەڵی چووینە دهۆك، ئەولەویەتی ئێمە لە پارێزگای دهۆك کە لەگەڵ بەرێز سەرۆکی حکومەت و جێگر و ژمارەك وەزیری تر چووین ئەوە بوو کە بە زووترین کات قوتابخانەکان چۆڵ بکرێ، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەولەویەتی ئیشەکانی دایە، بەلأم ئەو ئاوارانەی ڕوویان کردۆتە هەرێمی کوردستان، و ئەو بارودۆخە لە خاریجی ئیرادەی حکومەتی هەرێمە، دوای ئەوەی ئەو کەمپانە دروست ئەکرێ، قوتابخانەکان نۆژەن ئەکرێتەوە، ئەکرێ قەرەبووی هەندێ لەو خوێندنە بکەینەوە، لە وەرزی یەکەم، یان لە پشووی بەهار کە درێژە، یان ئەگەر کرا لە عوتلەی هاوین، ئێمە ئامادەین لە عوتلەی هاوین بۆیان بکەینەوە، بەلأم ئەگەر نەمانتوانی تا مانگی یەك قوتابخانەکان چۆڵ بکەین، ئەوکات وەرزێکی خوێندن بە تەواوی لە دەست قوتابیان ئەڕوات، بۆیە ئەبێ ئەوکات بڕیار بدەین کە چ ئەکەین، ئەوەش دیراسەی زیاتری ئەوێ، هەرچەند لێرە پێشنیارێکی بچووك هەیە کە وەرزی دووەم بە یەکەمیش حیساب بکرێ، هەرکاتێ ئەو ئاوارانەش چوونە کەمپەکان بە تایبەتی ئەوانەی شنگال ئێمە ئامادەین هەر کاتێك ئەو

ئاوارانەش چوونە کەمپەکان بەتایبەتی ئەوانەی شنگال، ئێمە ئامادەین پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: بەپێویستی دەزانم لێرە زۆر سوپاسی خەڵکی دهۆك بکەم کە بەراستی ئەو ماوەیە خۆڕاگر بوون لەوەی کە منداڵەکانیان نەچوونە خوێندن، تەحەمولیان کرد بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو ئاوارانە بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، فەرموو جەنابت دەتوانی لەشوێنی خۆت دابنیشی، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ژمارەیەکتان ناوتان نووسیوە بۆ گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی وەزیری پەروەردە، دواتر دەتوانرێت ناوی تریش ئیزافە بکرێت، ئێوە دەتوانن گفتوگۆ بکەن لەسەر ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری پەروەردە و هەرپرسیارێکیشتان هەیە دەتوانن لە بەڕێزیان بکەن، بەڵام ئەوان ئاگاداربن کە نە ڕوون کردنەوەکانی جەنابتان، نە ئەو گفتوگۆی کە بەڕێزتان دەکەن، نە پرسیارێکیش کە ئەمڕۆ لەم دانیشتنە دا دەیکەن دەچێتە بواری پرسیارو پرساندن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، کە بەشی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ تایبەتمەندە بە پرسیارو پرساندن لە ماددەی (٦١) بۆ ماددەی (٧٠) تەنها لە چوار چێوەی گفتوگۆدا دەبێت، واتە هەرکاتێك ئەگەر بتانەوێت پرسیارێکی لەم بابەتە بکەن لەچوار چێوەی پەیڕەوی ناوخۆ و لەو بەشەی پەیڕوی ناوخۆ کە تایبەتمەندە بە پرسیار و پرساندن، ئەوا دەبێت دواتر بەشێوەی پرسیار ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار بکرێت، ئەمڕۆ بەڕێزتان دەتوانن پرسیار بکەن، بەڵام دەچێتە بواری گفتوگۆ کردنەوە نەك بواری پرس و پرساندن بەپێی پەیڕەوی ناو خۆ، با ناوەکان بنووسرێت، جەنابت ئەگەر ناوەکان بیخوێنیتەوە ئەوەی کە نووسراوە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان ناویان لای ئێمە تۆمار کردووە، (امنە زکری، شێرکۆ حەمە امین، علی حەمە صالح، شرین حسنی، پەری صالح، ڤەمان فیصل، سهام عمر، علی هالۆ، ڤیان عباس، مدینە ایوب، گەشە دارا، عبدالرحمن علی رضا، سوهراب میکائیل، شکریە اسماعیل، بەهزاد دەروێش، کەژاڵ هادی، ادریس علی، وحیدە یاقو، مەڕوان گەڵاڵی، ئاری هەرسین، شێرکۆ جودت، عزت صابر، حیات مجید)، کەرتی یەك دەست پێدەکەین لێرەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی خاتوون ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو جارێك لەو لایەوە دەست پێدەکاتن، ئەوە جاری سێیەم و چوارەمیشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێڤار خان، ئێمە هەوڵدەدەین هاوسەنگی لە نێوان هەموو فراکسیۆنەکاندا بپارێزین.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ وا هەیە ئێمە بۆ دووەم ڕۆژیش بە بەرمان ناکەوێت قسە بکەین، دوایش قسەکان هەموو دوو بارە دەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێڤار خان، ئەگەر ئێوە سەرنج بدەن ئەندامێکی پەرلەمان لەم کەرتە، ئەندامێکی پەرلەمان لە کەرتەکەی ئێوە، ئەندامێکی پەرلەمان لەکەرتێکی تر قسە دەکات و بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە، یەعنی کەرت بە کەرت گفتو گۆ ناکرێت، کەرت بە کەرت پرسیار ناکرێت، بەڵکو هەوڵدەدەین تەوازون ڕابگرین لە نێوان کەرتە جیاوازەکان و تەنانەت لە نێوان پێش و دواش هەر تەوازون ڕادەگرین، لەنێوان نێر و مێش جاری وا هەیە تەوازون ڕادەگرین.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم عەدالەتی هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فخرالدین فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

دیارە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان روون کردنەوەی دا لەسەر ئەوەی کە ناوەکان بە نووسین نییە، بۆ بەرنامەیەك کەبەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش ئیشارەتی ناوەکان دەکات بۆ گفتو گۆ کردن، بەهەر حاڵ لە کەرتی چوارەوە دەست پێدەکەین ئەم جارە، (دکتۆر شوان، ابو کاروان، ئایدن معروف، ماجد عثمان، کاك محمد، مامۆستا غریب)، کەرتی سێ (بەهار عبدالرحمن، بێستوون فائق، خاتوو ئێڤار، انور قادر، نجیبە لطیف، پەروا علی، دکتۆرە بەهار، مامۆستا حسن، محمود عمر، منیرە عثمان، عمر عینایەت، کەنعان نجم الدین، عمر صالح)، کەرتی دوو (کاك جمال، دکتۆر ابراهیم، کاك بەیار، کاك بشار مشیر، کاك تحسین دۆڵەمەڕی، دکتۆر سراج، کاك عباس غزالی، خاتوو نجات، دکتۆر فرست صۆفی، کاك فرحان جوهر، کاك ناظم کبیر، فیروز خان، خاتوون شیلان، کەرتی یەك (مریم صمد، ئاواز جەنگی،...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح(فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم هەم ناوم بنووسن هەم قسەیەکم هەیە، بەراستی لێرە بە حیساب داد پەروەرانەترین شوێنە لە کوردستان، ئەو برادەرانەی کە لە پێشەوە ناویان نانووسن ڕەنگە ئەوە شتێکی نا ڕەوابێت هەموو پێکەوە لێرە ناو بنووسین باشترە لەوەی ڕۆژێك پێشتر یان چەند ڕۆژێك ئەوە نا ڕەوایە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیە بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەندامی پەرلەمان دەتوانێت پێشتر ناوی خۆی بنووسێت لای سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(سەرکەوت سەرحەد، سعید مەسیفی، قادر ئۆتمان، ڕێواز فائق، کاك صالح فقێ، خاتوو تەلار، فەرهاد سەنگاوی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خوێندنەوەی ئەو ناوانەی کە پێشتر ناویان نووسیبوو برادەران گوتیان ناوی من نەخوێندرایەو، ئەگەر یەکەم کەس ناوم نە نووسیبێت لای کاك فخر الدین، پێموایە دووەم کەس ناوم نووسیوە، بۆ هەر چوار ساڵیش ناوم نووسیوە !.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ چوار ساڵ نابێت، بەڵام بۆ ئەو بابەتەی کە ئێستا ئەمڕۆ لەبەر دەستمانە گفتو گۆ دەکەین، بەڕێزان ماددەی (٥٥) خالی (٢) داواکاری مۆڵەتی قسەکردنەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی ڕێزبەندی پێشکەش کردنیان تۆماردەکرێت و لە پێدانی مۆڵەتیشدا ڕەچاوی ئەم ڕێزبەندییە دەکرێت، بۆیە ئاساییە ئەندامی پەرلەمان پێشتر داوای ئەوە بکات کە ناوی بنووسرێت بۆ قسەکردن، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ناویان نووسیوە، (٦٧) کەس ناوی خۆی نووسیبوو بۆ قسەکردن، بۆیە پێویستە زۆر بە کورتی هەر ڕوون کردنەوەیەکتان هەیە، هەر پرسیارێکتان هەیە ئاراستەی وەزیری بکەن و، ئەگەر نا بە دووڕۆژ تەواو نابین لەم گفتو گۆیە، بەڕێز دکتۆر سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ناو نووسین (٦٧) کەس بێت تەصەور ناکەم ئەمڕۆ لێی خەلاس بین و لێی دەربازبین، ئەو بابەتانەی ئەندامانی پەرلەمانیش باسی لێوە دەکەن، گرنگە جەنابی وەزیر دکتۆر پشتیوان حزوری

هەبێت، پێم باشە ئەگەر ئەمڕۆ تەواو نەبووین جەنابتان داوای لێ بکەن کە بەیانیش تەشریف بێنێت و ئامادەبێت بۆ؟، لەبەر گرنگی بابەتەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با دەست پێ بکەین بە گفتو گۆ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك تێبینیم هەیە لەسەر وشەی پرسیار، کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش بە پرسیار هاتووە بەڕای من پرسیار هەڵەیە دەبێت بوترێت پرس، چونکە پرسیار لەسەر وەزنی جۆتیار، کرێکارە، ئەو کەسەی پرسیار دەکات، پرسیار، یەعنی خاوەن پرسەکەیە لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەوە بەڕێز وەزیری پەروەردە لێرەیە بسپۆری حەتمەن لەگەڵدایە، لەناو پەرلەمانیش خەڵکی پسپۆرهەیە ئەم وشەیە بە هەڵە ڕویشتووە لەبری پرسیار بوترێت پرس، پرسیار ئەو کەسەیە کە پرسیارەکە دەکات نەك پرسەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت لە لیژنەی پەیڕەو نەماوی وانییە؟

**بەڕێز عمر عینایەت:**

نە من نەماوم لە لیژنەی پەیڕەو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوا ئەندامانی لیژنەی پەیڕەو دەتوانن ئەو تێبینیەی بەڕێز عمر عینایەت ڕەچاوبکەن و، لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆدا جێی بکەنەوە،

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، ئێستا دەست دەکەین بە گفتو گۆ کردن، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ بخێرهاتنا جەنابێ وەزیری و شاندێ دگەلدا دکەم، جەنابێ وەزیری باسێ پلانا خوە یا گشتی دەربارەی پەروەردێ کر، ئەز دێ لسەر خالا یان ژی ناحیا پەروەردێ لسەر پارێزگەها دهۆکێ راوەستم، ددەمەکێدا زەنگا خواندنێ ل ٩/١٠ دەستپێکر و حکومەتا هەرێما کوردستانێ باری نە ئاسایی ل پارێزگەها دهۆکێ ڕاگەهاند و، پتر ژ (٧٠٠) قوتابخانێت دهۆکێ ئاوارە تێدا نیشتەجێ بووینە، ل عێراقێ ژبەر

بارودۆخێ ئەمنی و ژبەر بارودۆخێ هەی هەیڤەکێ خواندن پاشخست، لێ هەرێم وەکو یەکەیەکا ئیداری کو بڕیارا دەستپێکرنا خواندنێ تەنها ئەڤ بڕیارە بۆ هەولێرو سلێمانی بوو، سیاسەتا پەروەردێ سیاسەتەکا گشتییە و هەمی ئالییە، بەلێ جەنابێ وەزیری هۆن دزانن ڕەوشا دەروونی یا قوتابیا، ڕەوشا مالباتا قوتابیا ئەڤرۆکە د پارێزگەها دهۆکێ دا دڕەوشەکا زۆر نا جێگیر و نا سەقامگیر دایە، ل دهۆکێ (١٦٣٩) قوتابخانە ێت هەین و (٤٦٥,١٣٦) قوتابی ل دهۆکێ ێت هەین، ئەو ئاڤاهیێن کو ئەڤرۆکە ل پارێزگەها دهۆکێ ئاوارە تێدا هەین (٣٩١) ئاڤاهی نە کو دبنە (٧٩٠) قوتابخانە ئەڤەژی ژمارەیەکا زۆر زێدەیە ل دیڤ ڕێژا قوتابخانا، قەزاین دهۆك، سێمێل، زاخۆ، کو (٢٤٥,٢٧٢) قوتابی یت تێدا هەین ئەڤە ژبلی هندێ کو قوتابیێن پارێزگەها دهۆکێ ل هەرسێ قەزا نووکە بێ بەهرن ژ خاندنێ، قوتابێین شنگال و تلکێفێ ژی کو (٤٧٨٦٠) قوتابی نە و هەمی پێکڤە دبنە (٢٩٣,١٣٢) قوتابی ئەڤرۆکە ژ خاندنێ بێ بەهرن، بڕیارەك هاتە دەرخستن قوتابیێت (١٢)ێ ئامادەیی کو دێ دەست بخاندنێ کن هەتا نووکە ل قەزا زاخۆ، یەعنی هەتا دابەشکرنا ئاوارا نە بتنێ لسەر هەرێمێ نە عەدالەتییەك تێدا هەبوو دناڤ خۆیا دهۆکێ ژی نە عەدالەتییەك تێدا هەبوو، ئەڤرۆکە قەزا زاخۆ هەتا، یەعنی قوتابیێن وان دەست بخاندنێ نەکریە ئەو قوتابخانەین کو ئەڤرۆکە دەست بخاندنێ کرین پۆلا (١٢)، هەر ئامادەییەك ئەگەر بەرێ خوە بدەیێ چوار، پێنج پۆل یت ڤالاکرین و ێت دی ئاوارەیت تێدا هەین، ژینگەها خواندنێ بڤی ڕەنگی یا ئامادە نینە، یەعنی قوتابی چاوا دێ شێتن د چوار پێنج پۆلاڤە خواندنا خوە خوینت و ژ لایەکێ دیڤە ئاوارەیت تێدا و، گریا زارووکا دهێت و، نەخۆشییێت تێدا، ڤایرۆسێ هەی و، مەدبەخ د قوتابخاناڤە بتن، یەعنی وەزعێ پەروەردێ د وان قوتابخانێت کو خاندن تێدا دەستپێکری یا نالەبارە، ل هەرێمێ (٦٧٣٤) قوتابخانەێت هەین و (١,٠٠٠,٧٦٠) قوتابیێت هەین، باشە من ئاماژە پێدا (٧٩٠) قوتابخانە کو ئاوارەێت تێدا و دبنە (٣٩٠) ئاڤاهی ژمارەیا قوتابیێت کو ئەڤرۆکە زەرەر مەندن ژ خاندنێ (٢٩٣,١٣٢) نە، ئەگەر توو بێی ئەڤێ ژمارێ لسەر نیسبەیا هەرێمێ حیساب بکەی (١٧,٧٣٪) قوتابی ئەڤرۆکە د هەرێما کوردستانێدا زەرەر مەندن کو تەنها بەشێ ژ پارێزگەها دهۆکێ یە، ل هەرێمێ من ئاماژە پێدا سیاسەتا پەروەردێ سیاسەتەکا گشتگیرە، جەنابێ وەزیری یێ بوو من باسێ کۆنگرێ پەروەردەیی دکەت، پلانا وان بۆ کۆنگرێ پەروەردەیی دێ چبت؟، خێرە ئەڤ هەمی ڕوویدانە ل پارێزگەها دهۆکێ دورست بوون و حالەتەکێ نە ئاسایی دورست بوو، چ کۆنفرانس، چ کۆنگرە، چ ڕووینشتنێت بلەز لسەر پارێزگەها دهۆکێ هاتینە ئەنجامدان؟، چ پلان هەیە؟، پلانا بەرێز جەنابێ وەزیری یا گرێدایە بدوماهی ئینانا کەمپا ڤە، ئەگەر کەمپ خلاس نەبوون، ئامارا لبەر دەستێ من ژ پارێزگەها دهۆکێ ئینجازا بدوماهی ئینانا کەمپا دلخۆش کەر نینن، ئەوا کو ئاماژە پێدای گەلەك ژوان دڤێت (١٠/١٠ ، ١٠/١٥، ١٠/٢٠، ١٠/٢٥)، خلاس بن، ئەڤرۆکە( ١٠/٢١) و هەتا نووکە ئەڤ کەمپە تەمام بوونا وان بەرەڤ خلاس بوونێ ڤە نینە، یەعنی د ڕەوشەکێدا بوو من یێ باس ل پەروەردێ دکەن کو پارێزگەها دهۆکێ د حالەتەکێ نە ئاسایدا، چ لۆژیك و مەنتقەك قەبیل دکەت دوو هەیڤا یان ژی، چونکە من ئاماژە پێدا مادەم پلانا وەزارەتێ یا گرێدایە ب کەمپا ڤە هەتا ئاوارە دەر دکەڤن، کی دبێژت پتر نا ڤەکێشت، کی دبێژت (١٢/١)ێ دێ دەست

بخاندنێ هێته کرن؟، یەعنی ل هەولێر و سلێمانییێ دوو هەیڤا خواندنێ ل بەراهییا پارێزگەها دهۆکێ بت، گونەها قوتابییێ پارێزگەها دهۆکێ چییە؟، هین یێ باس ل هندێ دکەن کو ل وەرزێ هاڤینێ دێ تەعویز بوو خواندنا قوتابێن پارێزگەها دهۆکێ هێته کرن، باشە ژینگەها قوتابخانا یا بەرهەڤە بوو هندێ کو ل وەرزێ هاڤینێ قوتابی بشێت بخوێنت، سپلێت هەیە، کارەب هەیە، پێداویستییێت خواندنێ بۆ هاڤینێ بەرهەڤ کرینە؟، ئەڤە ژ لایەکێ دیتر ڤە ئەو قوتابی یێت کو تاقیکرنێت وزاری کەن باشە دیسان گونەها قوتابی یێت دهۆکێ چییە، چاوا دێ شێتن ئەو وەختێ کو ژ وی چووی دوو هەیڤا پارێزگەها هەولێر و سلێمانییێ لبەراهییا وی، فەترا خوە یا تاقیکرنا دێ چاوا تەعویزکەتن، یەعنی چاوا تاقیکرنێت وان دێ وەکی ئێك بن؟، پرسیارەکادی من یا ژ جەنابێ وەزیری هەی، پلانێت توکمە یێن وەزارەتێ بۆ دەربازبوون ژڤێ قەیرانا پەروەردەیی ل دهۆکێ چنە؟، ئەگەر هاتو کەمپ دوەختێ خوەدا خلاس نەبوون دیسان چارەسەرییێت هەوە چنە؟، جەنابێ وەزیری د پلانا خوەدا ئاماژە دا هندێ دێ خوە گرن هەتا بزانن کەمپ دێ خلاس بن، ئەگەر کەمپ خلاس نەبوون دێ ژ نوی وەزارەتا پەروەردێ روونیتە خوارێ و دێ ڕووینشتنا کەتن و مەصیرێ قوتابی یێت دهۆکێ دێ بەرەڤ کیڤە چت؟، مەعقولە خواندن ل ٩/١٠ دەست پێبکەت و هێشتا پلانا وەزارەتێ یا گرێدایە ب کەمپا ڤە، مەعقولە پشتی کو بزانن ١٢/١ خواندن دەست پێنەکەت ژ نوی پلانا خوە دانن، من دڤێت، یەعنی برروونی، بوازحی بۆمە وەك پەرلەمانتار یا دیاربتن پلانا وەزارەتێ ئەگەر کەمپ خلاس نەبوون دێ چ بن؟، ئایا ماددێن دەستنیشان کری بۆ سالا خواندنێ ل هەرێمێ بۆ قوتابی یێن دهۆکێ دێ چاوا هێتە قەرەبوو کرن؟، تاقیکرنێت وزاری ئەو تاقیکرنێت وان، یەعنی دەمێ تاقیکرنا ئەڤە هاڤینێ بەردەوام بوو، بەس دیسان قەرەبووکرنا ئەو وەختێ قوتابی لسەر، قوتابی هەتا حەدەکێ دشێت وەربگرت، هەتا حەدەکێ مەجالێ وەرگرتنێ یێ هەی، مەعقولە شەڤ و ڕۆژ قوتابی مەجبوور بکەی هیچ بهێن ڤەدانەك نەبتن و ماددا وەربگرت، پرسیارەکێ برێکا جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانی ئاراستەی وەزیرێ کاروبارێ پەرلەمانی دکەم، د تەوزیعا ئاوارەیاندا نە هاوسەنگییەك هەبوو، هەمی ئاوارە تەوزیع بوون پتریاوان ژمارەیەکا هەرە زۆر یا ئاوارا لسەر پارێزگەها دهۆکێ تەوزیع بوون، یەعنی پرسیارا من ئەوە بوو پلانا حکومەتێ یا رێکخستی نەبوو بۆ هندێ کو ئەڤ حالەتێ ئەڤرۆکە حالەتێ نە ئاسایی ل پارێزگەها دهۆکێ دا هەی، ئەڤرۆکە نە تەنها ئاوارە زەرەرمەندن هەمی مالباتێن دهۆکێ و هەمی قوتابی یێن دهۆکێ ژی یێ زەرەرمەندن، بۆچی هاوسەنگی نەبوو د دابەشکرنێدا؟، ل پارێزگەها دهۆکێ بخوە داژی نە هاوسەنگی یا هەی ئەڤرۆکە زەغتا مەزن یا لسەر دهۆکێ و زاخۆ و سێمێلێ هەی، یەعنی خێرە بۆچی ئەو دابەشکرنا وان ئەگەر لسەر قەزا ئامێدی یێ و، شێخان و، ئاکرێ وان ژی هاتبا کرن ئەڤ زەغتە هۆسا لسەر سێ قەزا بتنێ نە دراوەستیا و خواندن بڤی ڕەنگی نە دبوو، بەرێز جەنابێ وەزیرێ پەروەردێ ئەو ئامارێن لبەر دەستێ مە (١٥٠) ئاڤاهی یێن وەزارەتا پەروەردێ ژ لایێ پارتییێن سیاسی و دام و دەزگەهێن غەیری پەروەردێ دەست بسەردا گرتیە و، (٢٠) قوتابخانەژی ژلایێ قوتابخانێت ئەهلی ڤە بکار دهێن و لگۆرِ یاسایێ ئەم هەمی دزانن قوتابخانێت ئەهلی پێتڤییە ئەو بخوە

ئاڤاهیان بۆ خوە دابین بکەن ئەڤە د دەمەکێدایە کو ئەو ئامارێت جەنابێ وەزیری دانە دیارکرن (٢٢٢٧) قوتابخانە دوو دەوامی نە، (١٢٤) قوتابخانە سێ دەوامی نە و ئاماژە دا هندێ ژی کو (٤٥٢) قوتابخانەژی یت د کرێدا، ئەڤ ژمارەیا ئاڤاهییا ژمارەیەکا زۆر یا زێدەیە، پلانا وان چییە کو ڤان ئاڤاهیا ژدەستێ پارتیێن سیاسی و دام دەزگەهێن غەیری پەروەردێ دەربینن ب تایبەتی ئەوێن کو دژێر دەستێ قوتابخانێت ئەهلی دا؟، پرسیارەکا دی من یا هەی قورسیا وەزنێ پەرتووکان هەرچەندە دروینشتنەکێدا من ئەڤ پرسیارە ژ جەنابێ وەزیری کر، لێ من بەرسڤا دورست وەرنەگرت ژبەر هندێ دیسان دێ ڤێ پرسیارێ ئاراستەی جەنابێ وی کەم، قورسیا وەزنێ پەرتووکان، یەعنی ئەو پەرتووکێن هاتینە دورست کرن بشێوازەکێ تایبەت هاتینە دورست کرن ژ کاغەزەکێ هاتینە دورست کرن کو کێشا پەرتووکا گەلەك یا گرانە ب تایبەتی ئەو قوتابی یێت بنەڕەتی کارتێکرنێ لسەر ساخلەمیا وان دکەت، زاڕووکێ ٧،٦ سالی نەشێتن جانتەیەکا چوار کیلۆ، پێنج کیلۆ ڕاکەتن ئەڤە کارتێکرنێ لسەر ساخلەمیا زاڕووکی دکەتن، پلانا وان چییە بۆ هندێ کو کێشا پەرتووکان کێم بیت؟، پرسیارەکادی من یا هەی دەربارەی واز هێنان ژ خواندنێ کو ئەڤە دیاردەیەکا مەترسیدارە، لگۆڕ ئەو ئامارێت هەین ل سالا ٢٠١٠- ٢٠١١ (١١،٥٩٦) قوتابی یێن ژ خواندنێ هاتینە دابڕین، سالا ٢٠١١- ٢٠١٢ (١٤،١٠٩) قوتابی یێن هاتینە دابڕاندن، سالا ٢٠١٢- ٢٠١٣ (١٣،٨٠٥) قوتابی یێن هاتینە دابڕین و، سالا ٢٠١٣- ٢٠١٤ (١١،٠٥٧) قوتابی یێن هاتینە دابڕاندن کو ئەڤەژی ژمارەیەکا زۆر زێدەیە، پلانا وەزارەتێ بۆ هندێ، چونکە خواندنا ئیلزامی یا هەی ل هەرێمێ، پلانا وان چییە و چ دیڤچوۆن لسەر دیاردا واز هێنان ژ خواندنێ هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ، تکایە روون کردنەوەکانتان، ڕەئیەکانتان، پرسیارەکانتان کورت بکەنەوە، چونکە وەکو باسمان کرد ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان ناویان نووسیوە، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەست بکەم بە قسەکانم دوو شت دەڵێم یەکێکیان ئەوەی کە کاك (عمر) وتی پشتگیری لێدەکەم، لەراستیدا تەواوە هەربۆ نموونە وشەی پرسیار بەکاردێت لەبارەی ئەو کەسەی کە پرسیار دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: من دەمەوێت یەك شتی تریش بڵێم لەراستیدا سەبارەت بەو نووسراوانەی کە ئێمە بەتایبەتی لە نووسینگەی سلێمانییەوە دەینێرین بۆ پەرلەمان، ئێمە تا ئێستا (٢١٣) نووسراومان ناردووە تەنها (٤٨) نووسراویان وەڵامی دەزگاکانی حکومەتمان وەرگرتۆتەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ ئەوە پەیوەندیدار نییە بە تەوەری گفتو گۆ کردنی ئێستامان، بەڕێزتان دواتر دەتوانن ئەم بابەتە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی باس بکەن و، خۆشت ئاگاداری کە هەندێك ڕێنمایی تایبەتمان لەم بوارە دا ئامادەکردووە، لەنزیکترین دەرفەتدا دەنێرین بۆ نووسینگەکانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ئەو پرسیارانەی کە ڕوون کردنەوەی مـن بـۆ بـەڕێز وەزیـری پـەروەردە و ئـەو هاوڕێیانـەی کـە لەگەڵ ئامادەن، یەکێك لەو پرسیارانە کەزۆر ڕوو بـەڕوو دەبێتـەوە و چـەند جاریش بـە بـەڕێزی وتوومـە، مەسئەلەی دامەزراندنی گرێبەست کە بەنیازن ئەو (٦٠٠٠) گرێبەستە، ئەوە یەکێك لەو ترسانەی کە لـەلای دەرچووەکان هەیە بـەدەردی سـاڵانی ڕابـردوو ببرێـت لەڕێگـەی دەسـتێوەردانەوە، لەڕێگـەی کـاری لا بـەلاوە، لەراسـتیدا عەدالـەتی تێـدا نـەپارێزرێت بەشـێوەی میزاجـی، جـا چ سەرپەرشـتیار بکـات و، چ بەڕێوەبـەری پەروەردە بکات و، چ پارت و لایەنە سیاسییەکان بکەن و، چ ئەشخاس بکەن، ئەوە یەکێکە لـەو خاڵانـەی کـە لەراستیدا پێویستە کۆمەڵێك میکانیزمی زۆر گونجاوی بـۆ دابنرێـت بـەوەی کـە ئـەو پـەڕی ڕوونـی و، ئـەو پـەڕی عەدالـەت و، ئـەو پـەڕی پێداویسـتی قوتابخانـەکان ڕەچاو بکرێـت نـەك ڕازی کردنـی ئـەم لاو ئـەولا، خاڵێکی تر داواکاری وەکو پرسیار ئەمساڵ بەساڵی نەکەوتن هەژمار کراوە، بۆیە ئەو خوێندکارانـەی کـە لـە ساڵی ٢٠١٤- ٢٠١٥ لـە پـۆلی (١٢) دەوام دەکـەن ئـەو (٣) نمرەیـە بیـان گرێتـەوە، واتـە ئەگـەر مابوونـەوە ئـەوە نەبێت کە بە کەوتوو بۆیان هـەژمار بکرێـت، خـاڵێکی تـر کـە لەراسـتیدا زۆر بـاس دەکرێـت، ئەمـە بـابڵێین واژووی کە پێشتریش هێناومە ئەمە واژووی (٢٠٠) مامۆستای پارێزگای سلێمانین کە هێناومـە، ئـەوە ئێسـتا من هەمووی تەسلیمی بەڕێز وەزیری پـەروەردەی دەکـەم، کـە کۆمـەڵێك خاڵیـان نووسـیوە زۆر بـە خێرایـی دەیخوێنمـەوە، چـاو خشـاندنەوە بـە مەسـئەلەی مووچـە، لابردنـی بەڕێوەبـەرە حیزبیـەکان لـە تێکـرای فەرمانگەکانی وەزارەتی پەروەردەو قوتابخانەکان و دانانی کەسانی شیاو بەشێوەی ئەوەی کە تاقیکردنەوەی کردبێت و چەند ساڵ ئەزموونی هەبێت و چەند سـاڵ یاریـدەدەر بێـت و، ئـەوەی کـە پێموابێـت لـە سـاڵانی ڕابـردوو لـە کـۆنگرەی پەروەردەیـدا بڕیـاری داوە، بـەڵام بـەهیچ شـێوەیەك لـە دوور و نزیکـەوە جێبـەجێ ناکرێـت و، مـن دەیـان نموونـەتان بـۆ دەهێنمـەوە کـە ئێسـتا یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری خوینـدنگاش بـە تەزکییـەی حیزبـی دا دەنرێـت، هـەر لـەم هـەولێرەوە، بـۆ دهـۆك، بـۆ سلێمانی، بـۆ ئیـدارەی گـەرمیان، بـۆ ئیدارەی ڕاپەڕین و مەسئولم لە هەموو ئەو قسانەی خۆم، حەزدەکەی یەکە بە یەکە نـاوی مەکتەبـەکانیش پێتان دەڵێم، لە گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن و بڕیارە پەروەردەییەکانـدا گرنگـە ڕاو سـەرنجی پسـپۆڕان وەربگیرێـت، شـکۆ بـۆ مامۆسـتا بگێڕێتـەوە، هـەوڵی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی و هوشـیاری و رووحـی نیشتمانپەروەری بدرێت، لابردنی بڕیاری نەچوونی مامۆسـتا بـۆ بەڕێوەبەرایەتییـەکانی پـەروەردە لـەکاری پێویسـتدا، هەڵبەتـە هەنـدێك مـودیری تەربییـە ئـەمریان دەرکـردووە مامۆسـتا نابێـت بچـێتە نـاو بەڕێوەبەرایـەتی پەروەردەکانـەوە، نەهێشـتنی جیاوازییـەکان و ئاسـتەنگییەکانی نێـوان مامۆسـتاکان و بەریوەبەران و سەرپەرشتیاران لە بوارەکاندا، پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ و بـێ لایـەن بـۆ گـوێ گـرتن لـە کێشەکانی مامۆستایان و راستەو خۆ هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنیان بـە پێـی یاسـاو رێساکان، پەلـەکردن لـە دابین کردنی مووچەی مامۆستایان کە مافێکی زۆر ڕەوا و شەرعی خۆیانە و ئەمە ئیمزای (٢٠٠) مامۆسـتای

لەگەڵدایە و لە پێش جەژنیش ژمارەیەکی زۆری تر هەمان ئەم داواکاریانەیان هێنا کە ژمارەیەکی زیاتر واژووی مامۆستا بەڕێزەکانی لەگەڵدا بوو، یەعنی ئەو مەسئەلەی دەستێوەردانە لەراستیدا بۆتە مۆتەکەیەکی زۆر گەورە بەتەحدید لە دوای ساڵی (٢٠٠٩) زۆر خەتەر بووە لە ساڵانی (١٩٩١) و، (١٩٩٢) و، (١٩٩٣) و، (١٩٩٤) زۆر زیاترە.

خاڵێکی تر، تایبەتە بە ئەو مامۆستایانەی کە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران و لە وەزارەتی پەروەردە دەوام دەکەن، ئەوانە بە پێی یاسایەك کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، بۆیان هەیە پلەی زانستیان هەبێ، بەڵام هەتا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێ دەرنەکردووە، هەر بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەو بەڕێزانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەن و هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، هەم لە پێدانی نازناوی زانستی بێ بەش بوون، کەواتە لە پێدانی ئیمتیازاتی نازناوەکەش بێ بەش بوون و ئەمانە لە بەردەم دوو ئەگەردان، یان ڕێگەیان پێبدرێت بڕۆن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، یان لە راستیدا پێویستە ئەو یاسایانەی کە دەرچووە لە هەرێمی کوردستان هەم نازناوەکەیان پێبدرێت و هەم ماف و ئیمتیازاتیان، ئەمەش یەکێکە لەو داواکارییانەی تر، خاڵێکی تر، ئەوەی لەبارەی تەحسین موعەدەلەوە ئەوەی کە بڕیار دراوە ئەو خوێندکارانەی کە لە ساڵی ئایندە تاقیکردنەوە دەکەن، داوایان کردووە کە جۆرێك لە ئارەزوومەندی هەبێت  لەوەی کە ئەو وانانە هەڵبژێرن کە تاقیکردنەوە تێدا دەکەنەوە، خاڵێکی تر، لەسەر مەسەلەی گواستنەوەی مامۆستایانە کە دیسان هەم میزاجی شەخسی، هەم دەستێوەردانی حزبی، وەکو خۆرتکە لە مەسەلەی گواستنەوە و دانان و ئاڵۆگۆڕی مامۆستایان داوە، ئەوە بۆ نموونە هەندێك مامۆستای بەڕێز کە لە چۆمان یان مێرگەسۆر یان لە شوێنی تر، پێش تر بەڵێننامەیان لێوەرگرتوون کە ماوەی سێ ساڵ لەوێ بن، دواتر بگوێزرێنەوە بۆ کۆیە یان ناو هەولێر، بەڵام زیاتر لەو ماوەیە تێپەڕیوە و تا ئێستا نەگوێزراونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان، رەخنەیەکی زۆر هەیە لە اعتراض ﴿پەڵپ﴾ واتە ئەو خوێندکارانەی کە پەڵپ وەردەگرن لەو ئەنجامەی کە بۆیان هاتۆتەوە، یەعنی تەنها نمرەکانی سەر بەرگەکە سەیر دەکرێت و هیچی تر و، ئەمە داوا دەکەن بە تایبەتی پۆلی ﴿١٢﴾ کە پۆلێکی چارەنووسسازە، چارەنووسی خوێندکارەکەی پێوە بەستراوەتەوە، تکا دەکەن و من داوادەکەم و پشتیوانی داواکەیان دەکەم کە پێویستە وردبینی و پشکنین سەر لە نوێ بۆ دەفتەرەکانیان بکرێتەوە، یەعنی ئەمە لە حاڵەت دەرچووە، یەکێك پێم دەڵێ من بە تەمای ﴿٨٢﴾ بووم ﴿٣٢﴾م بۆ هاتووە یان یەکێك دەڵێ من بە تەمای ﴿٩٢﴾ بووم ﴿٤٠﴾ بۆم هاتۆتەوە، بە راستی رۆژانە ئێمە لەگەڵ ئەم گرفتانە هەڵسوکەوت دەکەین، لەسەر مەسەلەی چاپخانە و ئەو قسەو باسانەی کە هەیە لەسەر ئەو گەندەڵیانەی کە تێدا دەکرێن من دەپرسم بە راستی کەرتی تایبەت یەعنی دامەزراوەی روناکبیری چاپخانەی خۆی هەیە، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپخانە بۆ خۆی دانانێت؟ یەعنی ئەمە رەنگە دەبوایە لە وەزارەتەکانی پێشوو و لە کابینەکانی پێشوو لە بری ئەوەی گرێبەست لەگەڵ ئەو کۆمپانیانە دەکەن، بە راستی ئەمە سادەترین

ئەرکە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی چاپخانە دابنێت، من تێناگەم بۆ حکومەت ناتوانێت چاپخانە دابنێت؟ دۆخی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان یەکێکە لەو گرفتانەی کە رۆژانـە رووبـەرووومان دەبێتـەوە، خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت پێویسـتە هـەر لـە گواسـتنەوەی تـا نـاو مەکتەبەکـە بـە راسـتی بـیر لـە چارەسـەرکردنی دۆخیـان بکرێتـەوە، بـە گشـتی لـە پلانـی وەزارەتـە چ لـە رابـردوو چ لـە ئێسـتا، بـواری پەروەردەیە و زیاتر گرنگی بە فێرکردنەکە نییە، ئەویش بە دونیایەك قەیرانەوە، بەڵێ منـیش پشتیوانی دەکەم کە زۆر پێویستە ئەو بینایانەی کە لە لایەن پارت و رێکخراوی سیاسی و لە لایەن ئەو شوێنانەی کە بـە نـاو خوێندنگـەی ئـەهلین کـە ئەمـە بـە راسـتی بازرگانییـەکی زۆر جوانـە بەسـەر خـەڵکی هـەرێمی کوردستانەوە، چۆڵ بکرێت و لێیان بسەندرێتەوە و بدرێتەوە بە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پـەروەردە و ئەم بڕیارە هەیە، باوڕ دەکەن هەرچی کابینە لە رابردوودا هەیە لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ سـەرۆکایەتی حکومەت هەمووی بڕیاری داوە ئەم شوێنانە چۆڵ بکرێت رێگری چییە؟ بـۆ خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان روونی بکەنەوە، بـە بـڕوای مـن پێشـنیار دەکـەم هـەر حزبێـك، هـەر پارتێـك، هـەر موئەسەسـەیەکی بـەناو ئەهلی، بیناکانی حکومەتی چۆڵ نەکرد، سەرچاوەی دارایی لێی ببرن بەقەدەر ئەو پارەیـەی کـە چۆتە ئـەو بینایەوە، مەسەلەی خوێندنی ئەهلی دیسان دەڵێمەوە ئەمە یەکێکە لـەو راپۆرتانـەی کـە گەیشـتۆتە دەسـت نووسینگەی سلێمانی، دەیدەمە جـەنابی وەزیـر و ئەمـە کەسـێك کـراوە کـە نوێنەرایـەتی دایکـان و باوکـانی خوێندگا ئەهلییەکانی سلێمانی کە خـۆی ﴿١٦﴾ ساڵ لـە ئـەوروپا بـووە نـاوی خـۆی نووسـیوە، یـەعنی لـە راستیدا خوێندکار رۆژی ﴿٤٠﴾دۆلار دەکەوێت لە خوێندنگای ئەهلیدا، نازانم ئەمـە لـە کـوێی عالـەم هەیـە خوێنـدکارێك رۆژی ﴿٤٠﴾ دۆلاری بکـەوێ لـە خوێنـدنگای ئـەهلی دا، شـوێنێك نـاونراوە ﴿بریتانیـای نێودەوڵـەتی﴾ بـە پێـی ئـەوەی مـن بەدواداچوونم بـۆ کـردووە ﴿٣﴾ کەسـی تێدایـە، یـەکێکیان یۆنانییـە، یـەکێکیان هیندییـە و یـەکێکیان خـۆی کـوردە و خێزانەکـەی خـەڵکی بەریتانیایـە، ئەمەیـە بـەریتانیای نێودەوڵەتی؟ من دڵنیام بۆ هەموو هەرێمی کوردسـتان ئـەوەی کـە نـاونراوە خوێنـدنگای ئـەهلی، بەداخـەوە ئـەم جـۆرە لـە تێـڕوانین لـە هـەرێمی کوردسـتان زۆر بـە جـوان سـەیر کردنـی ئـەوی دی بۆتـە کلتـوورێکی کوشندە، خەڵك هەیە خـۆی بەرێوەبـەری پەیمانگایـەکی ئەهلییـە، خێزانەکـەی بەرێوەبـەری خوێندگایـەکی ئەهلییە و رەوزەیەکی ئەهلیشیان هەیە، ئەمەش لەسەر ئەو بابەتانە، لەسەر ئیـدارەی راپـەڕین و گـەرمیان بـە دیـاریکراوی داوای کردنـەوەی پـەیمانگای پەرەپێـدانی پـەروەردەیی دەکـەن، ئـەوە هیـوادارم بـیری لـێ بکرێتەوە بۆیـان، بەشـێکی زۆر لـەو مامۆسـتایانەی لـە کۆلێـژی پـەروەردەی بنیـاتی ئێـواران دەخـوێنن، داوا دەکەن بە هۆی قەیرانی دارایی و خراپی ئەمساڵی هـەرێمی کوردسـتانەوە ئـەو پارەیـەی کـە دەیـدەن بۆیـان بکرێت بە ئەقسات، بە راستی مـافی خۆیانـە لەبـەر ئـەوەی پـەیمانگای پەرەپێـدانی پـەروەردەیی کـە ئێسـتا کراوەتەوە هەم بە دوو سـاڵ بـەکالۆریۆس دەدات بـە خـەڵك و بـێ بەرامبـەر، رەنگـە دواتـر ئەمانـە نـاتوانن ماستەر بخوێنن، بەڵام لە کولێژی بنیات دەخوێنن هەم ﴿٤﴾ ساڵ دەخوێنن و هەم بـە پـارەش دەخـوێنن، و خۆی حکومەت خـەڵك دەنێرێـت بـە ﴿٢﴾ سـاڵ بەکالۆریۆسـی دەداتـێ بـە بـێ پـارە و بـەڵام خـەڵك لەسـەر

حسابی خۆی ﴿٤﴾ ساڵ بخوێنێت بە پارە، ئەمە دەبیٚ جۆرێك لە هاوسەنگی تێدا بێت لە راستیدا، بەشێکی زۆری ئەو خوێندگایانەی گرفتیان لەگەڵ حانووتەکانیان هەیە کە زۆر گرانە و بەشێکی تر لە لە راستیدا بە تایبەتی لە ئیدارەی راپەڕین کە بەشێك لە خوێندنگاکان تازە کراونەتەوە ئەمساڵ وەکو پێویست ریحلە و کورسی دانیشتنیان نییە، خاڵێکی تر ئەوەیە ئەوەی کە پەیوەستە بە دۆخی دهۆکەوە، لە راستیدا لە تەنیشت ئەمانەوە گرنگیشە ئەم دامەزراوانەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت دامەزراوە ئەمنییەکان، وەزارەتی پێشمەرگە، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بیرێك لە پلانی ئازادکردنی ئەو ناوچانە بکرێتەوە دەچنەوە شەنگاڵ، ئەمە چارەسەرە هەرە بنەڕەتییەکەیە بە بڕوای من، و دیسان دەیلێمەوە دەستێوەردانی حزبی لەبەر ئەوەی زۆرم پێدەوتریێت لە راستیدا بووەتە خۆرکەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، یەعنی لە هیچ سەردەمێکدا رەوا نییە موعاونی مودیری مەکتەب بە تەزکیەی حزبی دابنرێت و، داوا دەکەم هەرکەسێك ئەمەی کردلە سلکی پەروەردە دوور بخرێتەوە و توندرین سزا بدرێت و ئەو کەسەی کە لە پشتەوەی بوو تۆندرین سزا بدریٚ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو وحیدە فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز وەحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم نووکە فرسەتە جەنابێ وەزیری پەروەردێ ئامادەیە ل ویرێ قەیرانا نووکە بلەز بهێتە چارەسەرکرن خوێندنا پارێزگەهێ دهۆکێ یە، ئەز بێژم باشترە ئەو خالێت پەیوەندیدار ب پارێزگەها دهۆکێ بێتە پێش ئەو خالێت دی ب گشتی ل هەرێما کوردستانێ، چونکی هەتا نووکە دەوام نەهاتیە کرن و ب خودێ گەلەك یەعنی قەیرانەکا زۆرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە وەحیدە خان، ئەوە جەنابت روونکردنەوە دەدەی، ئەگەر ناوی خۆت دەنووسی ناوی خۆت بنووسە، ناوی خۆت نووسیوە، دوایی دەتوانی قسە بکەی، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاتنی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان بە خاڵێکی ئیجابی و زۆر باش دەزانم و پێشوازی لێدەکەین، پشتیوانی تەواوی بۆچوونەکانی بەڕێز ﴿د. شێرکۆ﴾ دەکەم کە زۆربەی وت، من ئەوانەی کە وت دووبارەی ناکەمەوە، لە ئازارەکانی پارێزگای دهۆك تێدەگەین و ﴿ئامینە زکری﴾ زۆر بە روونی باسی کرد ئێمە نامانەوێت ئەوەی ئەو باسی کرد دووبارەی بکەینەوە، بەڵام دهۆك بمانەوێت و نەمانەوێت لە هەموو پارێزگاکانی تری کوردستان زیاتر بووەتە قوربانی، پێویستە پلانێکی تایبەتی بۆ جیٚ بە جیٚ بکرێت، دەچمە سەر

سەرنجەکانم، پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا پێکەوە تەقویمی خوێندن دابنێن، واتە بڵێین ساڵانە ڕۆژەکانی پشووی خۆیان دیاری بکەن و بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران دەربکرێت ئەمانە ئیلتیزام نەکەن بەو پشووانەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران رادەگەیەنرێت و، تەنیا ئیلتیزام بەو تەقویمە بکەن کە بۆ خوێندن دادەنرێت، چونکە ئەوەی بەڕێز وەزیری پەروەردە باسی کرد تەنانەت لە خوێندنی باڵا پشووکان زۆر زیاتر دەبن، زۆرجار خوێندکاران بە ویستی خۆیان پشوو دەکەن و ئەمە کاریگەری نەرێنی کردووە، واتە تەقویم دادەنرێت تەقویمی خوێندن، ئەنجومەنی وەزیران ئەم تەقویمە پەسەند بکات و هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەگەر بکرێت تەندروستیش بێت بەم تەقویمە پشووەکانیان دیاری بکەی و ئیلتیزام نەکرێت بەو تەقویمە عامەی حکومەت، کە جەژن دەبێت بە هەفتەیەك جاری وایە دو هەفتە پشوو وەردەگیرێت، خاڵێکی دیکە ئەوەی تێبینی دەکرێت لەکاتی دەست بەکاربوونی هەر وەزیرێك چەند ڕێنماییەکی نوێ دەردەکات کە بەشی زۆری هەرە ڕێنماییەکان دەبینرێت بۆ رازی کردنی دڵی بەشێك لە خوێندکارەکانە، زەرەرێکی تری ئەمە چییە؟ سیستەمی خوێندنگای بنەڕەتی و ئامادەییەکان کە لە دواهەمین کۆنگرەی پەروەردەیی دەرچووە و سەرۆکی حکومەت واژووی لەسەر کردووە، بە هۆی زۆر دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەوە زۆربەی بەندەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی ئەوەی لە کۆنگرەی پەروەردەیی دا جێکراوەتەوە هەڵدەوەشێتەوە یان پێشێل دەکرێت، لەکاتێکدا تەنیا کۆنگرە و کۆنفرانسەکان دەتوانن ئاڵوگۆڕ لەو بەندانەدا بکەن کە لە کۆنگرەی پەروەردەیی دا پەسەند کراوە، خاڵێکی دیکە کەزۆر گرنگە، پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە کاتی دەرکردنی هەر ڕێنماییەك پێشووتر راوێژ بە کەسی شارەزاو پسپۆر بکات، من سەرنجتان بۆ خاڵێك رادەکێشم لە بڕیاری هەژمارکردنی نمرەی پۆلی﴿١٠ و١١﴾ی ئامادەیی بۆ پۆلی ﴿١٢﴾ لە ساڵی ﴿٢٠٠٨- ٢٠٠٩﴾ بڕیارەکە دەرچووە، واتە نمرەی ﴿١٠ و ١١﴾ بۆ پۆلی ﴿١٢﴾ هەژمار بکرێت لە ساڵی ﴿٢٠٠٨-٢٠٠٩﴾ ئەم بڕیارە دەرچووە، بەڵام جێ بە جێ نەکراوە ئەگەر ئەو بڕیارە خراپە ئەو کات دیراسە کرا لە کۆنگرەی پەروەردەیی؟ یان دواتر لەو ناوەندانەی تر دیراسە کرا؟ ئەگەر دیراسە کرا بۆ جێ بە جێ ناکرێت؟ ئەم ڕێنماییە خێرایانە دەردەکرێت ساڵ بە ساڵ هەڵوەشانەوەی لە ژێر چ کاریگەرییەك دایە؟ ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە، چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان پرۆگرامەکانی خوێندن گۆڕانکاری بەردەوامیان بەسەردا دێت لە ڕووی بابەتییەوە، ڕاستە ئەوەی کە ئێمە لە مامۆستایانی پسپۆرمان پرسیوە لە چەند ڕۆژی رابردوودا بە تایبەتی خۆمان ئامادە کردووە بۆ هاتنی وەزیری پەروەردە دەڵێن بەهێزن گۆڕانکارییەکان، بەڵام کێشەی سەرەکی وەرگێڕان و پێداچوونەوەکانیانە، واتە ئەوان کێشەیان هەیە لە سەر زۆر چەمك بە تایبەتی لە بابەتە عیلمییەکان ﴿فیزیا و کیمیا و ..﴾ و پێداچوونەوەیان، کە دەبێت بە زووترین کات پێداچوونەوەی بۆ بکرێت بۆ چاپکردنێکی خۆماڵی، ئەوەی کراوە لە دوای ﴿٤﴾ چاپ ئێستاش چەندین هەڵە و کەم و کورتی لە پرۆگرامەکاندا هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئێمە کێشەیەکی گەورەی تری چاپمان هەیە پێشووتر بۆ زانیاری بەڕێزتان بە هۆی هەڵەی تەبعەوە پێشتر ﴿٢٥﴾ ملیۆن دۆلار هەروا بە فیڕۆ چووە و ئیستیفادە لەو کتێبە نەبینرا، واتە کتێبێك پیش ئەوەی

تەبع بكرێت پێداچوونەوەی وردی بۆ بكرێت و لێكۆڵینـەوەی دەقیقـی لەبارەیـەوە بكرێـت نـەوەك ﴿٢٥﴾ ملیۆن دۆلار یان هەر بڕێكی تر ئەگەر ملیۆنێك دۆلاریش بێت تەبع بكرێـت و ئیسـتیفادەی لـێ نـەبینرێت، ئەمە جگە لەوەی﴿د. شێركۆ﴾ باسی كـرد حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان مـن پـێم وا نییـە توانـای ئـەوەی نەبێت چاپخانەیەكی زۆر باش دابنێت، لە كاتێكدا ئێستا چەند چاپخانەی هەیە چ وەزارەتـی كشتوكاڵ یـان وەزارەتـەكانی تـر، سـوود لـەم چـاپخانانە وەربگرێـت و ئەگـەر هـەر ئەمـەش ناكـەن تەشـجیعی چـاپخانە ناوخۆییەكان بكەن با ئەو پارەیە نەچێت بۆ لوبنان و دەرەوەی وڵات، خاڵێكی دیكە كە ﴿د. شێركۆ﴾ باسـی كرد، بەڵام دەمەوێ بە بڕگەیەكی یاسایی پشتیوانی بكەم، ئەوەیـە بـەڕێز وەزیـری پـەروەردە مـن سـەرنجت رادەكێشم دڵنیام لەمن باشتر زانیاریت هەیە، لە گەرمیانـەوە بـۆ زاخـۆ دانـانی بەرێوەبـەری پـەروەردەكان و موعاونی پەروەردەكان، ئەمانـە كاریگـەری تـەواو تـەواوی حزبیـان لەسـەرە، دڵنیابـە جگـە لـەوەی كـە داوای تەزكیەی حزبی دەكەن، دەڕۆن بە دوای كەس و كاریشیان دەگەڕێن بزانن ئەمە سەد لـە سـەد وایـە یـان نـا؟ رۆژانـە دەیـان حاڵـەتی وا روودەكاتـە ئێمـە كـە ئێمـە بـە راسـتی جـەنابتان بـەو پـەڕی حاڵەتـدا ئاگادارتـان دەكەینەوە، ئەگەر نا ئیتر رەنگە ئەو خەڵكانەش كە توانای ئەوەیان هەیە ببنە بەرێوەبـەر بـە پێـی بەنـدی ﴿١٥ و ١٦﴾ سیستەمی خوێنـدنگای بنـەڕەتی و ئامادەییـەكان پێویسـتە دانـانی بەرێوەبـەر و یاریـدەدەرەكان دوای بوونی چەند مەرجێك بێـت لـە رێگـەی تاقیكردنـەوە هەڵبـژێرن بـە كـۆنمرەی لـە﴿٦٠٪﴾، بـەڵام ئـەو بەندە تا ئێستا جێ بە جێ نەكراوە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكـەم ئـەم بەنـدە جـێ بـە جـێ بكرێـت و ئـەو هەیئەش دائەنرێت، هەیئەیەك بن كە كەسێكی تر تەئسیریان لێ نـەكات كـە قـەرار لەسـەر نومرەكـە دەدەن یان كێ شایەنی بەرێوەبەرە یان كێ شایانی بریكارە؟ هیوادارم جارێكی تر ئێمە ئەو رەخنەیـە لـە وەزارەتـی پەروەردە نەگرین جارێكی دیكە بێینەوە بڵێین ئەو كێشەیە چارەسەر بـووە، چونكە زەختێكی زۆر لەسـەر ئێمەیە، ئێمەش ناچارین ئەو زەختە زۆرەی كە لەسەرمانە هەمان زەخت بخەینە سەر وەزیـری پـەروەردەی بـەڕێز، بـە هـۆی ئـەوەی كـە پرۆگرامـەكانی خوێنـدن گۆڕانكـاری بەسـەردا هـاتووە، پێویسـتە مامۆسـتای راهێنراو هەبێت، ئێستا بەشی هەرە زۆری ئەو مامۆستایانەی كـە ئێسـتا ئـەم وانانـە دەڵێنـەوە ئاشـناییەكی تـەواویان نییـە، لەبـەر ئـەوەی پرۆگرامـەكانی خوێنـدن گـۆڕانی خێرایـان بەسـەردا دێـت، واتـە دەبێـت بـە بەردەوامی لە پشووی هاویندا خولی بەهێز كردن بـۆ مامۆسـتایان بكرێتـەوە نـە وەك ئـەو خولانـەی كـە لـە دەوام بۆ مامۆستایان دەكرێتەوە، ماوەی یەك یان دوو رۆژ یان هەفتەیەك كە هیچ سوودێكی ئەوتۆی بۆیـان نابێت و پێویستە كۆمەڵێك مامۆستا بە تایبەتی ئەوانەی كـە رۆڵیـان بینیـوە لـە دارشـتن یـان ئامـادەكردنی پرۆگرامی خوێندن بۆ هەر قۆناغێكی خوێندن بێت، ئەوانـە خۆیـان رۆڵیـان هـەبێت لـە وتنـەوەی وانـە بـە كۆمەڵێك مامۆستا، خاڵێكی تر سەرپەرسشتیكردنی مامۆستایان لە لایەن سەرپەرشـتیارانەوە زۆر زۆر لاوازە و ئەو تەقیمە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، چونكە بەڕێز وەزیری پەروەردە من خۆم مامۆستا بووم بەشێكی تریش لە هاوڕێیانم هەر مامۆستا بوون، زۆر هاوڕێشمان هەیە مامۆستان و ئاگادارن، لە ساڵێكدا موشریف ﴿سەرپەرشتیاری پەروەردەیی﴾ دوو جار دێت و ئەو دوو جارەش زۆربەی جار ناهێتە

ژوورەکان و هۆڵەکانی خوێندنەوە و تەقیمەکە تەقیمێکی زۆر لاوازە من سەرنجت بۆ خاڵێك رادەکێشم، برۆ پرسیار بکە بزانە لە سەدا چەندی مامۆستا بە هۆی تەقیمی پەروەردەوە جەید یان جەید جیدەنی نییە، هەموو ئەوەندەیە، ئەی بۆ ئاستی خوێندن لە خوارەوەیە؟ بۆیە پێویستە پێداچوونەوەیەکی جیدی بۆ سیستەمی خوێندنی پەروەردەیی بکرێت، خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە میلاکی مامۆستایانەوە هەیە کەمی میلاکی مامۆستایان لە کاتی خۆیدا گرفتێکی گەورەی دروست کردووە، پێویستە ئێوە بتوانن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران تایبەتمەندی بدرێت بە وەزارەتی پەروەردە پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن ئەو میلاکانە جێگەیان بکرێتەوە و دابمەزرێن، ئەوەی بەڕێز ﴿د. شێرکۆ﴾ باسی کرد ئێمە رۆژانە چەندین مامۆستا بە تایبەتی ئەوانەی بوارە پسپۆریەکان پەیوەندیمان پێوە دەکەن هەموویان ترسیان لە دامەزراندنی ئەو شەش هەزار کەسەیە بە گرێ بەست، ترسیان هەیە لە پەروەردەکان و لە رێگەی بەڕێوەبەرکانەوە، چونکە ئەوان دەڵێن بەشی زۆری ئەمانە لە سەر ئەساسی حیزبی دامەزراون هیچ گرەنتییەك نییە هەمان ئەساس دیاری نەکرێت بۆ ئەو مامۆستایانەی کە بەو شێوەیە بە گرێ بەست دادەمەزرێن کە پێویستە ئێوە میکانیزمێکی روونتر و گونجاوتر و شیاوتر و دڵنیاتر بدەن بەوانەی کە چاویان لەوەیە لە چوارچێوەی ئەو گرێ بەستە دابمەزرێن و عەدالەتێکی باشی تێدا رەچاو بکرێت، خاڵێکی تر ئەوەیە بەڕێزت ئێستاش گوتت تاقیکردنەوەکان بە تایبەتی ﴿١٢﴾ی ئامادەیی لە ﴿١٠٠٪﴾سەدا سەد دەکرێت بە هەڵبژاردن، بەشێکی زۆری ئەوانەی کە پسپۆری بواری پەروەردەین و ئێمە راوێژمان پێکردوون،دەڵێن هەست دەکەین ئەمە دیراسەی تەواوی بۆ نەکراوە و ئەم جۆرە تاقیکردنەوە بۆ هەرێمی کوردستان رەنگە نەگونجێت، لە هەندێ وڵاتدا راستە لەبەر ئەوەی سیستەمێکی رێك و پێك و شیاو هەیە، هۆڵەکانی تاقیکردنەوە بە تایبەتی کۆنترۆل دەکرێن و رێگە لە غەش و فێڵ کردن دەگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆخی کوردستان و هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکان دڵنیام خۆشت لە من باشتر دەزانی و میکانیزمی خوێندنی خوێندکار لە کوردستان لەمن باشتر دەزانی، من دڵنیات دەکەم هەڵبژاردن، راستە سەحدان گرفتی هەیە مولاحەزەی تەلەبەی بەدواوەیە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە ناتوانێت بکرێت بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی توانای زانستی، چونکە ئەگەر هەڵبژاردنەکە تەنیا ﴿أ و ب ج و د﴾ بێت پێ وتنەوە و کۆپیکردنەوە و قۆپێ کردن زۆر ئاسانتر دەبێت لەوەی کە پرسیارێکی عیلمی حەل بکات و وەڵامەکەی بداتەوە و ئەمە جگە لەوەی کە هەر لە ئێستاوە بەشێك لە قوتابی تەشجیع دەبێ بەوەی کە پشت بە خوێندن نەبەستێت و هەر بەهەڕەمەکی وەڵام بداتەوە، چونکە دەڵێ لە هەڕەمەکی ئەگەر من هەمووشی لێبدەم ئەگەری ئەوەیە لە ﴿٢٥٪﴾ راست بێت، بەڵکو لە ﴿٢٥٪﴾یش پشت بە خۆم ببەستم و دەربچم، واتە من داواتان لێدەکەم لەمە خەڵکی پسپۆر بێنن، پێداچوونەوەی بۆ بکەن، راستە ئەمە لە دونیا هەیە تەئکیدی دەکەمەوە، بەڵام بیگونجێنن لەگەڵ دۆخی سایکۆلۆژیا و بیرکردنەوەی خوێندکاری خەڵکی کوردستان، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بۆ بەریزت دەڵێم کە لە پۆلی ﴿١٢﴾ی بنەڕەتیش نەماوە ئەمەش دیسانەوە وای لێهاتووە ئەوانەی مامۆستان لە هۆڵەکانی خوێندن بە ئێمە دەڵێن بەشێکی زۆری خوێندکاران بە بێ ئەوەی سەیر کەن، خوێندکار

هەبوو بە ﴿١٠﴾خولەك وەڵامی هەموو هەڵبژاردنەکانی داوەتـەوە ئەمـە نیشانەی ئەوەیـە ئـەو خوێنـدکارە پاڵی داوەتەوە و پشت بە خۆی نابەستێت، هیوادارم هەموو ئەمانـە رۆڵـی باشـتر ببیـنن، خـاڵێکی تـر رەنگـە تەواو بوو بێت هیـوادارم لـە ئێسـتاوە بـۆ سـاڵی کۆتـایی خوێنـدن ئیشـی لەسـەر بکرێـت ئەوەیـە هۆڵـەکانی تاقیکردنەوەی کۆتایی بەکالۆری بەتایبەتی لـە پـۆلی ﴿١٢﴾ی ئامـادەیی، مـن پێشـنیار دەکـەم بـە شـێوەیەك دابنرێتەوە ئەوانەی کە خوێندکاری ئێوارانن بەسەر سەرجەم ناوەندەکانی تر یان قوتابخانەکانی تر دابەش بکرێن، چونکە هەموو خوێندکارەکانی ئێواران کە دەزانین بە هۆی تەمەن و بارۆدۆخی ژیـان تایبەتمەنـدی خۆیان هەیە، ئەگەر هەموویان لە قوتابخانەیەك دابنـرێن، رەنگـە لـە رووی کـۆنترۆڵ کردنـەوە و رەنگـە بـە هۆی نەزیهی وانەوتنەوە کاریگەری نـەرێنی هـەبێت، هـەڵگرانی بڕوانامـەی دکتـۆرا و ماسـتەر لـە وەزارەتـی پەروەردە گلەیی ئەوە دەکەن هەمان ماف و ئیمتیازاتی وەزارەتەکانی تریان پێنادرێت، لە کاتێکدا لـە خـۆلی پێشووی پەرلەمان پەسەند کراوە، ئەوەی کە بەڕێزیشت وتت من دەمەوێ بە تەرکیزی زیاترەوە پێت بڵێم، بـە پێـی یاسـای وەبـەرهێنانی سـاڵی ﴿٢٠٠٦﴾ پێویسـتە وەبەرهێنـەر لـە چـوار چـێوەی پرۆژەکـەدا هـەموو خزمەتگوزارییەکان لەسەر شانی خـۆی بێـت، ئەمـە بـۆ قوتابخانـە و نەخۆشـخانە و باخچـەی سـاوایان و بـۆ مزگـەوت و بـۆ هـەمووی دروسـتە، بـەڵام بەشـی هـەرە زۆری نـەیان کـردووە ئەمـە جگـە لـەوەی سـاڵانە لـە بودجـەی گشـتی پەرلـەمانتارەکانی خـولی پێشـوو، زۆر باشـتر دەزانـن کـە لـە نـاو بودجـەی گشـتی پـارە بـۆ دروستکردنی قوتابخانە تەرخان دەکرێت لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەی کە کـەرتی تایبـەتن و وەبەرهێنـەر خۆی کردوویەتی، لە کاتێکدا ئەمە نا قانونییە و دەبێ ئەو وەبەرهێنەرە خـۆی کارەکـە بکـات، دەیکـات یـان نایکات؟ یان دەیکات دەیدات بە خوێندنگایەکی ئەهلی بە کرێ و بەشێکیشیان کردوویانە، واتە دەبێ هەموو ئەو خزمەتگوزارییانـە کـە دەکەونـە چوارچێوەی پـرۆژەی وەبـەرهێنان و یەکـەی نیشـتەجێ بوونـەکان بـە تایبەتی موستەسمیر خۆی بکات، ئەو تەقریرە تەندروستییانەی کە هەر بۆ وەزارەتەکەی جەنابتان نییە بۆ وەزارەتەکانی تریشە بەداخەوە ئەو پزیشکانەی کە تەقریری تەندروستی دەنووسن چ بـۆ مۆڵـەت بێـت یـان تەنانەت بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت هیچ تەرکیزێکی تێدا نییە دەتوانین بڵێین بەشـێکی زۆری بەرێکردنە، هیوادارین ئەوەی ئێوە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە لەگەڵ وەزارەتی تەندرۆستی کۆنتـاکتێکی باشتر بکەن، بۆ ئەوەی تەقریرە تەندروستییەکان دەقیق بن لەگەڵ واقیعدا کۆببنـەوە، خـاڵێکی تـر کـە زۆر گرنگە و زۆریش گرفتە ئەوەیە کە بەشی زۆری باخچەی ساوایان و قوتابخانەکانیش بە ویستی خۆیان نـرخ لەسەر خوێنـدن دادەنـێن، ئـەو دەڵـێ بـەریتانی ئـەو دەڵـێ سـویدی، ئـەو دەڵـێ ئـەڵمانی، هەریەکـە نرخێـك دادەنێن و ئەمە کێشەی بۆ خەڵك دروست کردووە، بەڕێز وەزیری پەروەردە من پێشنیار دەکەم بـۆ نموونـە لە باخچەی سـاوایان یـەك پرۆگرامـی دیـاریکراوی خوێنـدن دابنـێن و یـەك تایبەتمەنـدی بـۆ ئـەو شـوێنانە دابنێن کە خوێندکاران تێدا دەخوێنن و یەك نرخیش دابنێن، یـەعنی مـن لـە هـەولێردا بـۆ نموونـە شـوێن هەیە کۆی ساڵانەی وەربگری بە دیاریکراو مانگانە هەشتسەد هەزارە و، شوێن هەیـە ملیۆنێـك و هەشتسـەد هەزارە، یەعنی دەبێت جیاوازی نێوان ئەم دوو شوێنانە چی بێت؟ بـڕۆ بزانـە پرۆگرامـەکانیان لێکۆڵینـەوە

بکـەن و، پێشـنیار دەکـەم یـەك پرۆگرامـی خوێنـدن بـە یـەك نـرخ، ئەگـەر باخچـەی سـاوایانیش وەکـو قوتابخانەکانی لێ بێت و حکومەت خۆی بەڕێوەی ببات، مـن پـێم وایـە خـاڵێکی زۆر باشـە، مـن پرسـیار لـە بەڕێزتان دەکەم ئێوە پلانتان چییە بـۆ وەرگرتنـەوەی ئـەو خوێندنگایانـەی چ بارەگـای حزبـی تێدایـە یـان دراوە بە قوتابخانە ئەهلییەکان یان خەڵك وەکو شەخس ئیستیغلالی کردووە؟ ناکرێت تۆ پێویستت بـە دوو هەزار بێت بـە پێـی زانیـاری مـن ﴿١٠٠ بـۆ١٢٠﴾ خوێنـدگای حکومەتـە ئەگـەر هەڵـەم بـۆم ڕاست بکـەرەوە، یەعنی ناکرێت تۆ خۆت پێویستت بە قوتابخانەیە، قوتابخانەکەشت لای خەڵکدایە، ئینجا ئەمە لە هەر کوێ بێت، هیوادارم بە قانونێك ڕێکی بخەنەوە، خاڵێکی تر کە ساڵانە هـەبووە ئەوەیـە کـە لـە پـارەی حکومـەتی هەرێمی کوردستان پارە تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی بینای قوتاخانەی ئەهلی، بـۆ نموونـە قوتابخانـەی شویفات ﴿٣٠﴾ ملیار دینـاری بـۆ تـەرخان کـراوە بـەم ﴿٣٠﴾ ملیـار دینـارە ﴿٢٥﴾ قوتابخانـەی تـر درۆست دەکرێت و هەر قوتابخانەیەك نێزیکـەی ﴿٢٥﴾ ئەوەنـدەی ئـەو قوتابخانەیـە پـارەی تێـدا وەرگیـراوە و هـەر ئەمە نییە، ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەش دەدات بە هەندێ لـە قوتابخانـەکان وەکـو بودجـە و مەسروفاتیان، لە کاتێکدا نـرخی خوێندن لەم قوتابخانانە هەر گرانن، بە دیوێکی تـر حکومـەت قوتابخانـەی بۆ دروست بکاتن و پارەشی بۆ تەرخان بکات و هەر خوێندکارێکیش ﴿٤٠ یان ٥٠﴾ وەرەقە یان زیاتر بدات، ئەمە بە ڕاستی دەتوانن پێناسەی بکەین بەوەی کە بە فێڕۆدانانی دارایی گشتییە، بەڕێز وەزیری پەروەردە تاوەکو ئێستا وەرگرتنی ئابوونە لە مامۆستایان بە شێوەیەك لە شێوەکان زۆرەملێیـەکی تێدایـە چـۆنە زۆرە ملێیەکە؟ ڕاستە دەتوانی بڵێی نەیدەم و ئینکاری بکـەی، بـەڵام بەڕێوەبـەری قوتابخانـە لـە کـاتی وەرگرتنـی مووچەکە مامۆستا بە کۆمەڵێك شت دەترسێنێت، بۆ نموونە دەڵێت ئەگەر کۆمەڵێك ئیمتیازات هات تۆ لێی بێبەشی، ئەگەر خانوو دروست کرا بـۆ ماموسـتا تـۆ لێـی بـێ بەشـی، ئەگـەر ئـەرز درا تـۆ لێـی بـێ بەشـی و لەهەموو ئەمانە، جگە لەوەی دەیترسێنێ بەوەی شانسی بوون بە بەڕێوەبەر و موعاونت نییە و ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان حاڵەتێکی بە زۆرەملێیە، لە کاتێکدا خۆت لەمن باشتر دەزانی ئەندام بـوون لـە هـەر سەندیکا و ڕێکخراوێکدا حاڵەتێکی ئیختیارییە، من پێشنیار دەکـەم بـۆ بـەڕێزتان ئێسـتا حکومـەتی هـەرێم پرۆژەیەکی لەبەر دەسـت دایـە، پێداچـوونەوە بـە میلاکـی وەزارەتـەکان دەکـات، هـەر وەزارەتێـك کۆمـەڵێك خـەڵکی هەیـە کـە دەوام ناکـەن و تـەنیا مووچـە وەردەگـرن، بـۆ نموونـە وەزارەتـی پیشەسـازی و بازرگـانی نێزیکەی ﴿٢٠٠٠﴾ە، وەزارەتی دارایی نێزیکەی ﴿٦٠٠٠ بۆ ٧٠٠٠﴾ە، وەزارەتی ... ئەوەندەیـە، ئێـوە پێشـنیار بکەن تازە ئەمانە مووچە خۆرن و ناتواندرێت مووچەکانیان ببڕدرێت، بەڵام ئەوانەی کـە دەکرێـت بـبن بـە مامۆستا بە پێی بڕوانامەکانیان بەو پێیەی وەزارەتی پـەروەردە پێویسـتی بـە مامۆسـتایە، لـە چوارچێوەی وەزارەتـی پـەروەردە وەربگیرێـن و جێگـەیان بـۆ بکرێنـەوە و، مـن دڵنیـام بەشـێکی زۆری ئـەوان لـە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە دەبـن کـە ئـەو مووچـەی وەردەگـرن بـێ بەرامبـەر نییـە و مامۆسـتان، هیـوادارم وەك خۆتان پێشنیاری بکەن ئەو لیژنەی کە پێکدەهێنرێت بۆ پێداچوونەوە بە میلاکـی سـەرجەم وەزارەتـەکان، بـەڕێز وەزیـری پـەروەردە لـە بەشـێکی زۆری قوتابخانـەکان بـە تایبـەتی لـە گونـدەکان زیادەڕەوییـەکی زۆر

کراوە، ئەوەی کە بۆ وەزارەتەکانی تر وتمان دەوام ناکەن و مووچە وەردەگرن و لە هەولێر پێی دەڵێین بن دیوار لە وەزارەتی پەروەردەش هەیە بە تایبەتی لە بەشێك لە گوندەکان، من مامۆستا پێی وتم کە خۆی بەرێوەبەرە دەڵێ ئێمە ﴿٢﴾ مامۆستاین و ﴿١٥﴾ خزمەتگوزارمان هەیە لەم ﴿١٥﴾ خزمەتگوزارە هیچیان دەوام ناکەن و هەریەکێکیان مانگی ﴿١٠﴾هەزار دەدەن کە یەکێکی تریان گرتووە بە کرێ لە جیاتیان دەوام بکات و خزمەتگوزاری قوتابخانەکەیە، من ناڵێم مووچەی ببڕە، بەڵام عەدالەتێك پەیرەو بکەن کە ئەمانە چ دابەش بکرێنەوە لەسەر قوتابخانەکان یان هەر خاڵێکی تر، بۆ ئەوەی جێگایان بکرێتەوە، تەداخولی حزبی هەر ئەمە نییە، من بە بەڵگە و بە واقیع و ناوی قوتابخانەشم لایە، تەنانەت من دڵنیات دەکەم کاتێك کە مامۆستا ناڕەزایی دەربڕیوە بەوەی کە مووچەکەی درەنگ دەدرێت کە حەقێکی شەرعی خۆیەتی و ژیانی لەسەر ئەو مووچەیەیە، لە بارەگا حزبیەکانەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێت و تەهدید دەکرێت ناوی چووەتە کۆمیتە یان رێکخراو یان ناوچە و لە کاتێکدا قایمقامییەت تەداخول دەکات لەمە، ئەگەر ئەو مامۆستایە دەزانن موخالیفە و سەرپێچی یاسای پەروەردەی کردووە ئێوە خۆتان قانونتان هەیە، یاساتان هەیە، پێش ئەوەی ئێمە قسە بکەین یاخود مامۆستاکان، خۆتان قسە بکەن، دەبێ بەرێزتان رۆڵێکی گرنگتان هەبێت لەوەی کە رێگە نەدەن حیزب یان رێکخراو یان شخص یان هەر کەسێك بێت تەدەخولی سلکی پەروەردە بکات، خۆتان مەسئولن، سوپاس، هیوادارم ئەوەی کە گرنگترە و ئاخیر خاڵم ئەوەیە بەشێکی گرفتەکان لە پلانەکاندا دەستتان  خستەسەری، هیوادارم (date line) پلان کات دیاری بکەن بۆ ئەوەی کەی ئەم گرفتانە جێبەجێ دەکەین، چونکە ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەگەڵ ئەوەی کە پلان دانراو، لەبەر ئەوەی کات نەبووە و بەرنامە نەبووە و (step by step) قۆناغ بە قۆناغ دابەش نەکراوە، نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، سوپاس بۆ گوێگرتنتان، هیوادارم سەرنجەکانم بە هەند وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە خاڵێکی نیزامیمان هەیە وەریدەگرین، دوایی بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکانمان، بەرێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەرێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٦) فەقەرە (١) بۆ هیچ ئەندام پەرلەمانێك نییە قسەکانی خۆی ئاراستەی وەزیر یان هەر کارمەندێکی ئەنجومەنی وەزیران بکاتن، ئەگەر قسەیەك هەبێت، ئەگەر پرسیاریش بێت ئەوە هەر بە پێی ماددەی (٦٢) دەبێ ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی بکات، سەرۆکی پەرلەمان ئاراستەی وەزیر یان وەزارەتی بکات، سوپاس.

**بەرێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینیەکەت راستە، پەسەندە، بەرێز کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتادا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و وەفدی یاوەری دەکەین، هەروەها دەست خۆشی لە مولاحەزە و روونکردنەوەکان دەکەین کە بەشێکی وەڵامەکانمان وەرگرت، پشتیوانی سەد لە سەدی قسەکانی ئامینە خان دەکەم لەسەر رەوشی خوێندن لە پارێزگای دهۆك، هەروەها بەشێك لە قسەکانیشم کرا، هەوڵدەدەم قسەکان دووبارە نەکەمەوە و بە کورتی سەرنجەکانم بخەمە روو، یەکەم خاڵ کە دەمەوێ باسی بکەم بریتییە لە مۆڵەت دان بە خوێندن و پەیمانگای ئەهلی، دیارە ئەوانە کە تەقدیم دەکەن موافەقەیەکی مەبدئییان بۆ دەکەن و هەڵدەستن ئەم پەیمانگا و خوێندنگایانە بە وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار، بەڵام ئەوەی کە ئێمە بەدوا داچوونمان کردووە و تا ئێستا کە (١٠/٢١)یە ئێمە باس دەکەین خوێندکار دەوامی تێدا دەکات، بینایان گرتووە، بینا دروست کراوە، مامۆستایان دەمەزراندووە، بەڵام تا ئێستا مەسەلەی مۆڵەتدانەکە، شێوازی مۆڵەتدانەکە با بڵێین وەردەکاری زۆری تێدایە، رۆتینییاتی زۆری تێدایە، بە تایبەت لە وەزارەت ئەوەی من لە ئاخیر جار بیستوومە لەسەروی هەموو ئەو رۆتینیات و ئەو ئیشەی کە دەکرێ لیژنەیەکی دیکەش دروستکرایە لە وەزارەت کە کەمێك ئەوەی ئێمە پێمان گەیوە من پرسیارەکانم بۆ وەرگرتن و روونکردنەوە دەکەم میزاج رۆڵی تێدا دەبینێ، من سەد لە سەد پشتیوانی لە وەزارەت دەکەم لە مەسەلەی پێدانی مۆڵەت بۆ ئەم خوێندگایانە لەسەر کوالیتی، بەڵام دەبێ لە بیرمان بێ ئێستاکە ئاخیر رەئی گوتراوە با بەشێك لەو خوێندنگایانە ئەوەنەی تەڵەبەیان وەرگرتووە و ئیجازەی نیهائیان بۆ نەکراوە با ئیزنیان بدەن، باشە ئەمانە مەکتەب هەیە سەد خوێندکاری تێدایە، مامۆستا دامەزرێنراوە، چۆن تازە دەڵێی ئیزنیان بدە، دەبێ ئەم ئالیەتە ئەوانەی کە ئێستا خوێندکار دەوامی تێدا دەکات دەبێ بە سەریعی ئیجازەیان پێ بدرێت، هەروەها بۆ ساڵانی داهاتووش لە وەرزی هاویندا ئەم خوێندگایانەی یان ئەو پەیمانگایانەی کە دەکرێنەوە گرفتەکەیان چارەسەر بکرێت، نەك لە ئێستادا ئەمە یەك، دوو: لەگەڵ هاوڕێیانم کاك سعیدیش سەردانی بەڕێزتمان کرد و پەیوەندیمان بە کاك احمد گەل و بەڕێوەبەری پلاندانانمان کرد لەسەر کردنەوەی خوێندگەی تایبەت بە پێشمەرگە، دیارە ئێستا خۆشبەختانە بە دەست خۆشییەوە خوێندگەی تایبەت کراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگەی کوردستان تێیدا دەوام دەکەن، بەڵام ئەمە بۆ کاتێك بووە تەنها پێشمەرگە واجیبی هەبووە، ئێستا هەرێمی کوردستان کە لە شەڕە پێشمەرگە لە واجیبە، بەرگری و فریاکەوتن لە واجیبە، زێرەڤانی و ئاسایش و پۆلیسی نەوت و گاز، یەعنی کۆمەڵێك لە شەریحەکانی تری وەزارەتی ناوخۆ لە واجیبن، هەروەها ئەوەی کە هەیە ئێمە داواشمان کرد خوێندنگای تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە، یەعنی ئەوانیش وەرگرێت، هێزەکانی ناوخۆش وەربگرێت و رێنماییەکی تایبەت بۆ ئەوانە هەبێت، چونکە ئەمانە هەیە وەجبەیان (١٠) رۆژ (١٥) رۆژ لە واجیبن، ئەگەر بە رێنمایی خوێندنی ئێوارانیان لەسەر تەتبیق بکرێتن لە دوای (٢١) رۆژ ئەمانە تووشی فەسڵ دەبن، هەروەها ئەوەی ئاخیر جار کە من ئاگام لێیە گوایە لە ئەنجومەنی وەزارەت بە نیازن

قەراری لەسەر بدەن بە پێی موتابەعەی من، ئەگەر بكرێ پەلەی لێ بكەن، چونكە پێشمەرگە و هێزەكانی ناوخۆ دەوامیان وا دەڕوات و تاوەكو ئێستا بڕیارەكەش لەلای بەڕێزتانەوە دەرنەچووە، هاوڕێیانم زۆر باش باسی ڕێكخستنەوەی میلاكیان كرد و جەنابیشت جوان ئاماژەتان پێدا كە یەكێك لە گرفتەكانی بەڕێزتان بریتییە لە ڕێكخستنەوەی میلاك، ئەوەی ئێمە بەدوا داچوونمان بۆ كردووە لەناو شار تەزەخومی میلاك هەیە، نەقصی میلاك نییە، زیاتر بەڕێزیشت ئاماژەت پێدا لە دەوروبەر نەقصی میلاكمان هەیە، واتە بەتایبەت لە شوێنە دوورە دەستەكان، ئەگەر نا لەناو شار تەنانەت پێموایە لە هەندێك خوێندگا بەشی زۆری مامۆستایەكان ناتوانن حیسەی خۆیان كە (٢٤) بە (٢١) بە (١٥)یە لە حیسەی خۆیان تەواو بكەن، بۆیە گرفتەكە لەوێندەرە، پێشنیارێك هەبوو كاتی خۆی لە وەزارەتی پەروەردە، من نازانم ئەمە بە كوێ گەیشت، بە پێی ئەو بەدوا داچوونەی كە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كۆیە ئەگەر بۆت باس بكەم، كراوە، ئێمە لەو گوندانەی كە لە نێوان گوندێك و گوندێكی تر تەنها كەمتر لە (٥) كیلۆ مەتر لە یەكتری دوورن و ئەو خوێندنگایانە تەنها یەك مامۆستا بۆ دوو مامۆستایان هەیە، خوێندنگا هەیە من دەزانم (١١) خوێندكاری هەیە، دوو مامۆستای هەیە، خوێندنگا هەیە (٢٥) خوێندكاری هەیە بە پێنج مەرحەلەوە یەك مامۆستای هەیە، من دەپرسم ئاستی خوێندنی ئەو مەكتەبە دەبێ چی بێ مامۆستایەك (كوردی و عەرەبی و ئیگلیزی و بیركاری كیمیا و فیزیا) نازانم هەرچی وانەی زانستی هەیە لەم خوێندنگایە بیداتەوە، دەبێ نەفسیەتی ئەو خوێندكارە چی بێ، بەس یەك دەموچاوی مامۆستا ببینێت، كەواتە ئەمە گرفتێكی گەورەیە بۆ پەروەردە، پێشنیارەكە ئەوەبوو ئەو گوندانەی كە (٤) كیلۆ مەتر بۆ (٥) كیلۆ مەتر ئەو پەڕی (٥) كیلۆ مەتر لە یەكتری دوورن لێك بدرێن، بەلاّم لێك بدرێن و دەبێ خوێندكارەكان تەسلیمی قەدەر نەكرێن لەسەر شەقام دەست لە سەیارە رابگرن و پارەیان بۆ سەرف دەكرێ یان بۆیان ناكرێ، سەیارەیان بۆ بگیرێت هاتوچۆیان پێ بكەن، بەس لەو بەدوا داچوونەی كە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كۆیە كردوویەتی دەتوانرێ (٣٥) خوێندنگا دابخرێت لە بەرامبەردا داخستنی ئەم با بڵێین (٣٥) خوێندنگایە نزیكەی (هەشت سەد ملیۆن دینار) بەس بۆ حكومەت دەگەڕێتەوە، ئەو بێجگەلە پارەی ئەو موشریفانەی كە ئەگەر ئەو (٣٥) خوێندنگایە بكەن چەندی دیكەیان پارەی دەوێ كە لە موقابیلدا ئەو پارەیەی كە دانراوە بۆ گرتنی سەیارە بۆ خوێندكارەكان تەنها (٩٠) ملیۆن دەبێتن، زۆر كەمترە لەو پارەیەی كە سەرف دەكرێ و جگەلەوە لەوەدا نزیكەی (٢٠٧) كارمەند لە مامۆستا (١٠٧) پاسەوان و با بڵێین كارگوزار دەگەڕێتەوە بۆ میلاكی حكومەت، جگەلە بەرزكردنەوەی ئاستی ئەو خوێندنگایە كە لە بری مامۆستایەك (٥، ٦) مامۆستای دەبێت، پێموایە ئەمە حەلێكی گونجاو و پەلەشە بۆ بەڕێزتان، هەم پارەی تێ ناچێت، هەم میلاكتان حەل دەكات، هەم ئاستی ئەو خوێندگایانەش بەرز دەكاتەوە كەوا ئێستا خوێندكارەكان تێیدا دەخوێنن و گرفتیان هەیە  لەوەی یەك مامۆستا هەموو وانەكان دەڵێنەوە، خاڵێكی تر كاتی خۆی كۆمەڵێك مامۆستا هەبوو كە بە دەورەی (٦) مانگی ئەو كاتە پێویست بوو بوون بە مامۆستا، ئەمانە با بڵێین صناعە و تیجارەیان تەواو كردووە كە ئەمانە جێگای ڕێزن كە لە كاتێكدا بە هانای حكومەتەوە هات كە پێویست

بوون، بەلاّم ئێستا کۆلیژی بنیات کراوەتەوە لە هەموو شارەکان، هەروەها زۆربەشیان ئێوارانن، بۆچی ئەمانە ئیجبار ناکرێن بچن ئەم کۆلیژانە تەواو بکەن؟ هەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆیان، هەم بۆ سوود بینین لە توانایان لە خوێندنگایەکان ، من پێم باشە ئەمانە بیر بکرێتەوە بە ئیجباری بنێردرێنەوە بۆ تەواوکردنی کۆلیژ، وەك گوتم بەشێك لە خوێندنگاکان مەسەلەی حیسەی مامۆستا تێدا تەواو نابێت، بەلاّم هیچ فەرقێك نییە لە نێوان مامۆستایەك کە (٢٤) حیسەی هەیە لە موخصەصات لەگەڵ هەمان مامۆستا کە لەو خوێندنگایە (١٠) حیسەی هەیە، باڵێین زۆر جار لە زانکۆ یان لە هەندێك شوێن ئەم حاڵەتە هەبووە کەوا ئەو مامۆستایەی میلاکی تەواو نەکات حیسەی کامیلی وەرنەدەگرت، یەعنی موخصەصاتی کامیل وەرناگریت، پێموایە ئەگەر ئەم حاڵەتە جیاوزیەك بکرێ لە نێوان مامۆستایەك کە حیسەی پێ تەواو نابێ لەگەڵ مامۆستایەك کە حیسەی تەواوکردووە، هەم مەجبورە لە خوێندنگەی تر بێ یان لە شوێنی تر بێ لە وانەی تریش بێ ئەم مامۆستایە حیسەی خۆی تەواو بکات و مامۆستایەکانی تر ئامادەبن بچن بۆ خوێندنگەی تر کە پێویستییانە، بەلاّم ناچن، لە مەسەلەی ئەو پارەیەی کە دەیدرێتێ ئەوەی میلاکی تەواو دەکات و ئەوەی تەواوی ناکات، بەرێزیشتان ئاماژەتان پێدا گرفتێکی گەورە هەیە، یەعنی هیلاکیەکی گەورە بۆ مامۆستای زانستی و مامۆستای زمانەوانی هەیە لە خوێندنگاکان، بەلاّم هیچ جیاوزیەك لە دەرماڵە و موخصەصات لە نێوان ئەو مامۆستایانە و لە نێوان مامۆستاکانی تردا نییە، ئەمانە هەم لە رووی ختورەت، هەم لە رووی هیلاکەتی، هەم لە رووی مەسئولیەتی نیسبەی نەجاحیان، مەسئولیەتیان زۆر قورسە، کە هیچ جیاوزییەك نییە وای کردووە ئەو کەسانەی تموحیان بوون بە مامۆستایەتیان هەیە هیچ کاتێك بیر نەکەنەوە بچنە کۆلیژی زانستی، لەبەر ئەوەی لەگەڵ رێژم مامۆستایەکی بواری ئەدەبی و ئەم لە موخصەصات و ختورە یەك ئاستن، بۆیە پێویست بەم هیلاکەتیە ناکات، ئەمەش پێویستە جۆرێك لە تایبەتمەندیان پێ بدرێ و رێکبخرێتەوە، باسی ریحلەی خوێندنتان کرد کە موشکیلەتان هەیە، دیارە ئێوە بە پێی عەقدێك کە کردووتانە لەگەڵ کۆمپانیایەك ئەمساڵ نیسبەیەکی زۆرتان لەمانە بۆ دروست کراوە، بەلاّم هەر خۆتان بە شەفەوی ئەگەر هەڵە نەبم بە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەکانتان گوتیە ئەم ریحلانە وەرنەگرن، چونکە لەگەڵ ئەو کوالیتی و مواسەفاتە ناگونجێت کە لەگەڵ (پرۆپۆزەل)ەکەی ئێوەدا هەبووە، دەستتان خۆش بۆ ئەم موتابەعەیە، بەلاّم بە نموونە لە کۆیە وەریان گرتووە و دابەشییان کردووە، لە رانیە بابڵێین حەوزی بتوێن و پشدەر تا ئێستا خوێندکار کورسی لە ماڵەوە دەهێنێت، (١٤) هەزاریان بۆ هاتووە وەریان نەگرتووە، دەبێ ئەم پرسە یەکلا بکرێتەوە، وەری بگرن، یان وەری نەگرن، ئەگەر وەری ناگرن حەلی سەریع چییە؟ ئەگەر وەریدەگرن چۆن؟ بەلاّم نابێت خوێندنگاکان بێ ریحلە بن کە (١٤) هەزار تا ئێستا لەوێندەر رێگە نەدراوە بە تەوزیعاتی، بە پێی رێنمایی جەنابتان وانەی خصوصی و تایبەت مەمنووعە، یەعنی ئەوەی کە دەگوترێتەوە، بەلاّم لە من باشتر دەزانن زۆر ئەو وانەیە بە تایبەتی لە پارێزگاکان، هەروەها ئەمە وای کردووە دەرەجە زۆر دێت، بەلاّم ئاستی زانستی کەمە، یەعنی پێموانییە ئێستا کەس موناقەشەی ئەوە بکات کە دەرەجەی خوێندکار (١٠١) و (١٠٢) و (٩٩) ئەوانە لە کۆلیژی

پزیشکی وەردەگیرێت، نابێ (٩٥) باس بکات، دیارە دەرەجە زۆر دێت، بەس ئاستی زانستی کەمە، بەشێکی گەورە پەیوەستە بەو وانە تایبەتییانە، ئەگەر ئیجرائات و بەدوا داچوون بکرێت، پێموایە ئاسانە، مامۆستا یەك کار هەڵبژێریت، یان برۆ لە تایبەت وانە بڵێوە و وانەی خصوصی دەڵێیەوە فازانجت زیاترە، یان لە حکومی کە مادام بە پێی تەعیلماتی ئێوە قەدەغەکراوە، پێموایە چوار ساڵە یەك کارگوزار و یەك حەرەس لە خوێندنگاکان دانەمەزراوە، ئەگەر چی ئەوە پەیوەست نییە بە بەڕێزتانەوە لەگەڵ وەزیری دارایی بەدوا داچوون دەکەین، ئەوانەی کە خانەنشین دەبن و یاخود دەمرن بە پێی ئەوە دەبوایە خەڵکیان لە شوێن دابنرێتەوە و دەسەڵاتەکان بە ئێوە و تەربیەکان بدرێت، بەڵام ناهێڵن شوێنیان پڕبکرێتەوە، گرفتێکی تر کە پێموایە زۆر جەوهەری و گرنگە ئەگەر گرنگی پێ بدرێت مەسەلەی خوێندنی زمانی کوردیە لە شاری کەرکوك، کە بە دەست خۆشییەوە بەڕێوەبەرایەتیەکی پەروەردەتان هەیە لەوێ، بەڵام بەشێك لەم حەوزە کە ناحیەی شوانە تا ئێستا لەسەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیەیە، ئەمانە لە رووی تەربیەوە سەر بە کەرکووکن، لە رووی مامۆستا و میلاك و ئیشرافەوە سەر بە کۆیەن، خەڵکەکەی خەڵکی شوانە، لە رووی ئیشرافەوە سەر بە کۆیەیە، چەند جار ئێمە بەدواداچوونمان کردووە ئومێدەوارم یەك لە دەرئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەی ئەمڕۆ کە لەگەڵ بەڕێزتان دەیکەین ئینتاجی هەبێ، ئەوەبێت بەڕێوەبەرایەتی کەرکووك خوێندنی وانەی کوردی ناچار بکرێت ئەو (٢٠٠) مامۆستایەی کە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیەیە وەریان بگرێتەوە، ئەوەی خەڵکی مەنتیقەی شوانە کە بەشێکیان پترۆ دۆلارن، بەشێکیان عەقدن، بگوازرێنەوە بە میلاك بۆ سەر ئەوێ، ئەوەی تر بدرێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی کۆیە و خۆیان ئیشراف بکەن، موشریف هەیە دەچێتە خوێندنگایەك چوار مامۆستای لێیە، لە پڕ دەبینێ دوو مامۆستای نوێ هاتووە، یان دوو مامۆستا رۆیشتووە، لەبەر ئەوەی عەقد هەیە، پترۆ دۆلار لەسەر کەرکووکن، ئەو ئاگای لە دامەزراندن و ناردنی میلاك نییە، کەرکووك دەینێرێت، ئەمیش لەوێندەری ئیشراف دەکات، بەشێکیان مامۆستای کۆیەن دەچنە ئەوێ، بۆیە پێویستە ئەو (٢٠٠) مامۆستایە ئەوەی خەڵکی مەنتیقەکەیە بمێنێتەوە و بە ئیشراف و بە هەموو شتێکەوە بدرێتەوە بە کەرکووك، هەروەها ئەوەی مامۆستای سنووری قەزای کۆیەیە بێتەوە سەر ئەوێ بۆ ئەوەی یەك ئیشراف و یەك پەروەردە هەبێت و ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، خاڵێکی تر کە پێموایە موخصەصات لە وەزارەتی پەروەردە یەك جۆرە موخصەصاتە، ئەوەی بەڕێوەبەری ناو شار، ئەوەی بەڕێوەبەری دەرەوەی شار، ئەوەی پێشەیی، ئەوەی موشریف، هەمووی برێتییە لە (٢٥٪)، کە زەرورە مامۆستایەك، مەعاون مودیرێك لە شاردا (١٠٠٠) خوێندکاری هەیە، فەرقی هەیە لەگەڵ یەکێکدا کە لە لادێیەکە، یەعنی دەبێ تۆزێك لەمانە جیاوازی بکرێت بۆ وەرگرتنی مەسئولیەت، خاڵێکی تر کە ئەگەر ئێمە هاوکارتان بین لەگەڵ وەزارەتی دارایی چارەسەری بکەین برێتییە لەوەی کە کەسێك بە نووسەر دادەمەزرێ لە خوێندنگا یەك مووچەی هەیە، ئەگەر ئەو کەسە بە نووسەر، بە موەزەف لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دابمەزرێت، لە کاتێکدا لەوێ حەفتەی دوو رۆژ دەوام دەکات، سێ رۆژ دەوام دەکات، پشووی هەیە، وەرزی هاوینەی هەیە سێ مانگەکە، لە کاتێکدا لە بەڕێوەبەرایەتی

پەروەردە هیچ ئەو حاڵەتانەی نییە دەبێ بەردەوام دەوام بکات و ئەوەی لە خوێندنگایەکەیە ئەوەی لەگەڵ دیوانی پەروەردەیە یەك مووچەیە، دەبێت جیاوازیەك لە نێوان ئەو فەرمانبەرە هەبێت کە لە ناو خوێندنگاکە دەوام دەکات لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەی کە لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان دەوام دەکەن، بۆیە گرفتی گەورەی بەڕێوەبەری پەروەدەکان ئەوەیە فەرمانبەریان بۆ نایەت، لەسەر چاپ کردنی کتێب باسیان کرد هاوڕێیانم، پەیمانگای وەرزشی نزیکەی (٦) ساڵ بۆ (٧) ساڵ هەیە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پێموایە لە هەموو پارێزگاکان و زۆربەی قەزا و ناحیەکانیش هەیە، ئەگەر هەڵە نەبم لەوانەیە (٩) پەیمانگا هەبێت، تا ئێستا و لە چوار ساڵی رابردووش ئێمە هیچ کاتێك پلانی وەزارەتی پەروەردەم نەبینیوە بۆ کردنەوەی بینای یەك پەیمانگا، ئەگەر ئەم پەیمانگایانە زیادن بیر لە داخستنیان بکەنەوە، ئەگەر زەرورن و ئیدامەیان هەیە تاوەکو ئێستا لە ماوەی (٧) ساڵدا چەندین خوێندنگا دروست کراوە، بەلاَم یەك قەزا و ناحیە و پارێزگا نەبووە بە خاوەن دروست کردنی یەك بینای پەیمانگای وەرزشی، هەروەها بە سوپاسیشەوە ئەوەی ئەرکی ئێمەبوو، ئێوە بە ئێمەتان سپارد یاسای پشووە فەرمیەکان ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە و یاسای وەزارەتی پەروەردەش ئێمە کاری لەسەر دەکەین، ئێمە ئاگادارین ئاخیر مولاحەزەم ئەوەیە کە مەسەلەی دامەزراندن نییە، بەلاَم نووسراوێك لای من هەیە لە (٢٠١٤/٩/١) کە چەند کەسێك دامەزراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، یەك دانەش بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان (٢٠١٤/٩/١) کیتابەکە دەرچووە لە وەزارەتی دارایی، وێنەکەت پێ دەدەم ئەگەر کرا روونکردنەوەیەك بدەی، چونکە گرفتی بۆ هەندێك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان دروست کردووە، زۆر بەلامەوە گرنگە قسە لەسەر پەروەردە و خوێندنگای خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بکەین، کە من پێموایە ئەمە ئیهمالترین توێژن کە ئیهمال کراون، هەروەها تەنها پێموایە ئەو دایك و باوکانەی کە منداڵێکی کەم ئەندامیان هەیە و خاوەن پێداویستی تایبەتیان هەیە لەم موعاناتانە دەگەن، ئەگەر نا پێموانییە ئەگەر هەڵە نەبم، یەعنی بەرپرس و وەزیرە بەڕێزەکان لەم موعاناتە گەیشتبن، بەلاَم هاوڕێم گەشە خان بەو پێیەی لە لیژنەی کۆمەلاَیەتییە وردتر قسەی لەسەر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین حسنی فەرمووو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە دەست پێکێ بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیری پەروەردە و شاندێ دگەلدا دەکەم، هێڤیدارم ئەڤرۆ سینگێ وی بەر فرەبیتن، چونکە ئاریشە و گلەیی و گازندەی پەروەردە زۆرن بە تایبەتی لە باژێرێ زاخۆکا دەلال و قەزایا سێمێل و سەنتەرێ دهۆکێ، بە راستی پێویستە هەتنا جەنابێ وەزیر ئەڤرۆ بۆ پەرلەمانی و رینیشتنا ئەڤرۆیا پەرلەمانی بە تایبەت با بە باردۆخی پارێزگەها دهۆکێڤە، چونکە بە راستی رینیشتنا ڤوتابیان لە ماڵ و بورینا وەختی کارەساتەکا مەزنە، باردۆخێ نوکە و هاتنا

ئاواران و ڤەکرنا دەرگەهێ قوتابخانە بۆ ئاواران کار تێکرندنەکا زۆر لە قوتابیێن مە هاتنە کرن، لە پاژێرێ زاخۆ (١٣٧) ئاڤاهییێن قوتابخانە هەنـە، هـەر (١٣٧) قوتابخانـە ئـاوارە تێـد ئاکـەنجی بوونـە، بـە راسـتی جێهـێ داخێیە کو لە هەر دەسپێکی دەرگەهێ قوتابخانە هاتە ڤەکرن بۆ ئاوارە، پێتڤییە بە دیلەکی دی هـەبا ژبلـی قوتابخانە، چونکە لە هەمی دونیایێ هەر ولاتەکێ هەبێت کو ئاوارە ڤەستا وان کریە یان ژی هەر بـاژێرێکی هەبیت ئاوارە ڤەستا وان کریە بە زیترین دەم بۆ وان کەمپ دێنە دروست کرن بە هەمی پێداویسـتیڤە، بـێ کو کار تێکرنێ لەسەر ژیانا خەلکی یا رۆژانە بکـەن یـا وی بـاژێری یـان وی ولاتـی، پرسـیارا مـن ژ جـەنابێ وەزیـری، یەك: ئەڤ قوتابخانە دە کەنگی دەهێنە ڤـالا کـرن؟ ئەگـەر نەهاتـە ڤـالا کـرن هـەوە چ پـلان هەنـە؟ ئەڤە بۆ ماوەی سێ هەیڤانە کەمپ بە دوماهی نەهاتینە، ئەگەر دروست کار بکەن بـە دیتنـا مـن لـە مـاوەی سێ هەیڤادا عیمارە دەهێنە ئاڤاکرن، نـەکو دێ کـەمپ دێنـە دروسـت کـرن، دوو: وەك ئـەم هـەمی دەزانـین ژمارەیەکا زۆر یا ئـاواران دێ کـاولان نیشـتەجێ بوونـە دگـەل هاتنـا سـەرمایێ و وەرزێ زڤسـتانێ هەوەیـەن بەرێز چ پێنگاڤ هاڤێتینە بۆ نەهیلانە ڤە گواسـتنا وان ئـاواران ژ کـام لا بـۆ نـاڤ ئـاواهییێن قوتابخانـە؟ سـێ: هەوە چ پـلان هەیـە بـۆ پـۆلا (١٢)؟ لـە وەختەکێـدایا پارێزگـەها هـەولێر و سـلێمانی چ ئاریشـە نینـە دگـەل وەرزی خواندنێ بۆ پۆلا (١٢)، ئاریشـە بـتنێ لـە پارێزگـەها دهۆکێیـە، پارێزگـەها دهـۆکێ ژی بـتنێ بـاژێرێ زاخۆ و ڤەزای سێمێل و سەنتەرێ دهۆکێیە، وەکو ئەم هەمی دەزنـین ئـەزموونی وەزاری دەڤێـت لـە وەخـتێ خۆ بهێنە کرن، چوار: ئەگەر هـاتوو قوتـابییێن مـەیێن ڤۆنـاغێن دی جگەلـە ڤۆنـاغـا (١٢) زۆر تـەئخیربی لـە دەست پێکرنا دەوامێ، واتە دەواما وان لە دەست پێکا مانگا (١٢) دەست پێکر هەوە چ پلانەك هەیە بۆ زێدە کرنا ماوەی وەرزێ وان یا خواندنێ لە دوماهییا سالێ؟ ئایا هین ئامادەنە ژینگەها قوتابخانە خۆش بکەن لە وەرزێ هـاڤینێ کـو قوتـابی نـا رەحـەت نـەبیت؟ ئەڤـە دەربـارەی ئاریشـەیێ لـە بـاژێرێ زاخـۆ و سـێمێل و سەنتەرێ دهـۆکێ، سـەبارەت بـە ئاسـتێ خوانـدنێ لـە هـەرێما کوردسـتانێ بـە گشـتی بـە داخـەوە لـە ئاسـتێ پێتڤیدا نینە، هەر لە ئاستێ نزمبینێ دایە سالێ دیـڤ سـالێ، چـونکە بـە دیتنـا مـن ئـەڤ سیسـتەمێ سـویدی ناگونجێـت دگـەل کۆمەلگـەها مـە، دروسـتاهی وەکـی خـۆی ناهێتـە جێبـەجێ کـرن بـە تایبـەتی ڤۆنـاغێن سەرەتایی، زارۆکێن مە هەمی تووشی فەقەراتا بینە ژبەر گرانییا جانتێ وان و وان پەرتوکێن ستیر و گران، بە رۆژانە دگەل خۆ دەبەن و دەهینن، ژ لایەکی دیڤە ئەڤە بۆ ماوەی سێ سالانە رێـژەیا دەرچـووێ یـا پـۆلا (١٢) ئامادەیی لە نزمبینێ دایە لە پارێزگەها دهۆکێ ئەڤەش دزەڤریتن بۆ نەبینا زمانەکی ستاندارد، بۆ زالێ کرنـا زاراوەی سـۆرانی لەسـەر زاراوەی بـادینی، باشـترین بەلگـە لـە سـالا بۆریـدا (٢٠١٣) و (٢٠١٤) هـەر (١٠) سەرکەفتییێن ئێکێ لەسەر هەرێما کوردستانێ ژ پارێزگەها هەولێر و سلێمانیێ بین هیچ سـەرکەفتییەك لـە پارێزگەها دهۆکێ نەبیتن لە ناڤ ئـەو (١٠) کەسـاندا، مـا چ گونـەها قوتـابییێن مـە هەیـە بـبن بـە قوربـانیێن زاراوەی سۆرانی، هێڤیا من ئەوە ئەڤ بابەتە بەرچاڤ بێتە وەرگرتن هەتا زمانەکی ستاندارد هاتییە پەسەند کرن کو دێ مە ئاریشەیێن زمـانی نـەبن، مـن چـەند پێشـنیاریك ژی هەنـە هێڤیـدارم جـەنابێ وەزیـری بـە سینگەکی بەرفرە وەربگرێتن، یەك ژ وان پێداچوونەوەیەك بێتە کرن ژ لایێ جەنابێ وەزیری ڤـە، تەبعـەن

ئەڤە یەك پێشنیاری وی بین لە دەست پێكێ هاتە بەحس كرن لەسەر سیستەمی كارگێریێ وەزارەتێ، ئەگەر ئەم بەرێخۆ بدەینێ سیستەمێ كارگێریێ وەزارەتێ وەكی هەرەمەكێیە، دەسەلأت بتنێ لە دەستێ جەنابێ وەزیریدا حەسرینە، ئەگەر بە دیتنا من پێچەك وان دەسەلأتا بینیتە خارێ و بدەت بە رێڤەبەرێن گشتییێن هەر سێ پارێزگەها، چونكە هەر پارێزگایەك تایبەتمەندیا خۆیا هەی، واتە وەزعێ پارێزگەها دهۆكی جیاوازە دگەل وەزعی پارێگەها هەولێر و سلێمانییێ، دووەم: هەر رێڤەبەریەكا گشتی بۆردێ خۆیا تایبەت هەبت كە پێك بهێت ژ خەلكێ مەنتەقەی، ئیش و كارێ وی بۆردێ ژی چاڤدێری و دیڤ چوون بیت لەسەر هەمی قوتابخانەیەن سەر وێ رێڤەبەریێ ڤە، بۆ نموونە هەلسەنگاندنا كوالیتیێ بە شێوەیەكی پراكتیكی و دابەش كرنا مامۆستایان لەسەر قوتابخان لە دیڤ پسپۆر و پێتڤی، چونكە هەندەك قوتابخانە و هەندەك ژمارا مامۆستا زۆرە بەتال رینشیتنیە و لە هەندەك قوتابخانە ژی ئەزمەیا مامۆستایانە یان ژی لە هەندەك قوتابخانە مامۆستاییێ مێژوویێ بابەتێ فیزیا دبێژیت، سێ: زێدە كرنا دامەزراندنا مامۆستایێن خودان پسپۆرێت ژێنگەهە و دەروونناسی لەهەر قوتابخانەیەكی لە سەرانسەری هەرێما كوردستانێ، چوار: هەماهەنگی هەبیت دناڤبەرا وەزارەتا پەروەردە و خوێندنی بالا بۆ وەرگرتنا قوتابیان لە زانكۆ و پەیمانگەهان بە تایبەتی لە زانكۆكان، واتە سالأنا پلانا وەزارتا پەروەردە بۆ پێویستی بە پسپۆریا مامۆستایان دگەل پلانا زانكۆیان بۆ وەرگرتنا قوتابیان پێشەكەشی وەزارەتا خواندنا بالا بكرێت، چونكە ژمارەیا وەرگرتنا قوتابیان لە پشكێ زانستی زۆر كەمترە ژ وەرگرتنا قوتابیان لە پشكێن ئەدەبی، واتە سالأنە ئەگەر (٤٠) قوتابی لە پشكێن زانستی بێنە وەرگرتن (٨٠) قوتابی لە پشكێن ئەدەبی دێنە وەرگرتن، پێنج: گرنگیدان و ئەكتیڤ كرنا خوێندنا پیشەیی، چونكە بە راستی زۆر لاوازە هەر یا هاتیە ئیهمال كرن لە هەرێما كوردستانێ، شەش: كۆنترۆل كرنا نرخێ خواندنێ لە خواندگەهە و باخچەییێن زارۆكان یێن ئەهلی، بە راستی بیتە بازرگانی بە خواندنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رەنگە زیاتر قسەكانی من پێشنیار بێت، لەبەر ئەوەی (٣١) ساڵ وەك مامۆستا و یاریدەدەر و بەڕێوەبەر لە بواری پەروەردە ئیشم كردووە، تا ئێستاش هەندێ كێشە هەر وەكو خۆی ماوەتەوە، رەنگە كەمێكیشی چارەسەری بۆ كرابێت، پێشەكی لە باخچەی ساوایان دەست پێ دەكەم، باخچەی ساوایان وای لێ بكرێت نیمچە ئیلزامی بێت، چونكە بارودۆخی ئێستای كوردستان و وڵاتەكەمان پێویستی پێیە كە ئەم منداڵانە لە زوو وە شارەزا ببن، منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەشی پەروەردەی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە بایەخی زیاتری پێ بدرێت، دەبێ كەسانی پسپۆر بۆ ئیدارەی ئەو باشانە دابنرێ نەك خزمی ئەم و ئەو، بایەخدان بە دامەزراندنی دەرچووانی باخچەی ساوایانی كۆلێژی بنیات، تا بتوانن شوێنی هەندێ

مامۆستای بێ توانا بگرنەوە، بایەخدان بە گرووپی شارەزایانی پەروەردەیی لەناو وەزارەتی پەروەردە و گوێ گرتن لە راو بۆچوون و پرۆژەکانیان، چونکە گرێ کوێرەی باخچەی ساوایان و چارەسەرەکە لەلای ئەوانە، باخچەی ساوایان بخرێتە ناو سیاسەتی دەوڵەتەوە بە بەرنامە یاری و چاپەمەنی و هۆیەکانی فێرکردنیان بۆ دابین بکرێ و دەوامی باخچەی ساوایان درێژ بکرێتەوە تا دایکان و باوکان تا کۆتایی دەوام بە دڵنیاییەوە ئیش و کاری خۆیان بکەن، دەتوانرێ ئەمە لە رێی خەفارەوە چارەسەر بکرێ، نەك دەوامەکە زۆر درێژ بکرێتەوە لەلایەن هەموویانەوە، زۆربەی خەڵك ناچار نەبن منداڵیان ببەنە باخچەی ساویانی ئەهلی، چونکە هەموو کەس ئەو توانایەی نییە، کاتی ئەوە هاتووە لە دانانی سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و دادەکانی باخچەی ساوایان حیزب و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بەلاوە بنرێ و پسپۆری و لێهاتوویی کەسەکان ئیشی پێ بکرێت، بایەخدان بە کردنەوەی پڕ ئاست و بەردەوام بۆ مامۆستایان، خولەکان بەردەوام بن، تەنها کلێشە نەبێ و بۆ ئەوە نەبێ بەڕێوەبەرانی خولەکە تەنها گیرفان پڕ بکەن، وانەی وەرزش و هونەر کە ئەوە رەنگە خەمی هەمووومان بێت لە سەرەتاییەوە هەموومان زۆرمان حەز لە وانەی وەرزش بووە، بەڵام بە پێی پێویست نەبووە، وانەی وەرزش دەکرێ لەناو لیستی وانەکان بهێنرێتە دەرەوە، بەیانیان لە بەڕێوەبەرەوە تا بەردەستەکان، خوێندکارەکان هەموویان بۆ ماوەی (٢٠) خولەك لە چوار دەورەی خوێندنگاکان هەروەلەیەکی بکەن، هەم دەبێتە کەلتورێکیش بۆ ئەو گەرەکەی کە ئەو خوێندنگایەی تێدایە، ئەو شەرمەمان لە وەرزش کردنی هەمووومان دەرەوێتەوە، مامۆستای بابەتی وەرزشیش بکرێتە دەستەراستی بەڕێوەبەر لە خوێندنگاکان، لەبەر ئەوەی کە خۆمان لە نزیکەوە ئاگادار بووینە بەسەر منداڵەکانی خۆشماندا هاتووە زۆر ئەزیەتی منداڵەکان لە کاتی پشووەکان دەدرێت، ئەوانە بەو مامۆستایەنەی وەرزش رابسپێردرێت، ئاگاداری پشووەکان بن، داوای زۆربەی خەڵك لە هەولێر و کۆیە ئەوەیە بەڕێوەبەرەکان لە چوار ساڵ زیاتر ئیدارەی خوێندنگاکان نەکەن کە وەك شێوەیەکی دیکتاتۆریەتی گرتووە، ماوە نەدرێ، هەڵبژاردنیش بەو شتە بکرێت، بابەتی بیرکاری پۆلی (٥)ی سەرەتایی زۆر قورس کراوە، پرسیارەکانیش زۆرە، مامۆستا پێ راناگات ئەو پرسیارانە حەل بکات، ئەگەر حەلیشی نەکات دایك و باوکی منداڵەکان سەردانیماڵەکەی دەکەن، بۆ ئەوەی بۆیان حەل بکرێت، زۆر جار گوێمان لێ بووە کە لیژنەی پێداچوونەوەی کتێبەکان لە خۆیان لە ئەندامەکان زۆر جار گوێمان لێ بووە لە نزیکەوە کە بە دەستی ئەنقەست هەندێك هەڵە چاك ناکەنەوە بۆ ئەوەی زوو زوو پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، لەبەر ئەوەی پارەی تێدا سەرف دەکرێ و بەشی ئەوانی تێدایە، لەبەر ئەوە هەڵەکان بن بڕ ناکەن، چونکە خەریکە جەستەی میللەت بە کەوچك لە کفن بکرێ لەبەر بێزاری، دەبێ چارەسەر بکرێت ئەوە، پشتگیری ئەو پێشنیارەی کاك د.شێرکۆ دەکەم شکۆ بۆ مامۆستا بگەڕێتەوە لەلایەن تەلەبەوە چیتر غەدری لێ نەکرێت بە شێوازی جۆراوجۆر، هەروەها مووچەی مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی سیستەمی گواستنەوەی ئەو مامۆستایانە لە دەرەوەی شارن خێزاندارن پێداچوونەوەی وردتریان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز بەتنێ دێ بەحسێ وی بەشی كەم ئەوێ كو گرێدای بە پارێزگەها دهۆكێڤە، دیارە هەر وەكی ئەڤرۆكە هەرێما كوردستانێ و نوێنەرایەتیا هەمی خەڵكی دكەتن لە شەڕێ دگەل داعشدا، ئەڤرۆكە پارێزگەها دهۆكێ بە گشتی و قەزا زاخۆ بە تایبەتی نوێنەرایەتیا هەمی عێراقێ و كوردستانێ دكەت، داڵدەدان و وەرگرتنا ئاوارەیاندا، ئان كو سەرباری وی سەرەدەریا دگەل پارێزگەها دهۆكێدا هاتە كرنێ ساڵێت بورییدا كو بی ئەگەرا ئاستی نزمیا خواندنێ یان ژی لە دیڤ یا پێتڤی خاستی نەبیتن ئەڤرۆكە پارێزگەها دهۆكێ تووشی ئان ژی ئالودەی كێشەیەكا دیتر بیتن ئەو ژی كێشەیا بە ئێك جاری راوەستاندنا خواندنێ ئان ژی دەست پێ نەكرنا وەرزێ نوێ ئان ژی ساڵا نوێ یا خواندنێ، لە هەمی نەخۆشتر ئەوە كو ئەڤرۆكە هیچ موئەشیرەك بەرەڤ هەندێ ڤە نینە كە كەنگی دێ دەوام لە پەرێزگەها دهۆكێ و قەزا زاخۆ و قەزایێن دی دەست پێكەتن، سەرە رای هەندێ كو ئەز دزانم كو ئەڤە گونەهە وەزارەتا پەروەردێ نینە، بۆچی؟ چونكە وەزارەتا پەروەردێ هیچ ئیمتیناع دگەل هەندێدا نەكریە بینایەتێت وان بێنە ڤالا كرنی و ئەو دەوامێ تێدا نەكەن، ژبەر هەندێ ئەڤ ئیلتزامە ئان ژی ئەڤ ئەركە دكەڤیتە سەر ملێ هەندەكێن دیتر ژی یەكیش وان كو پەرلەمانێ كورستانێیە، دڤێتن ئەڤرۆكە پەرلەمانێ كوردستانێ لە كۆمبینا ئەڤرۆكەدا هەندەك راسپاردە و پێشنیاران ئاراستەی حكومەتێ بكەتن بۆ هەندێ هەر چی زی بیتن هێشتا درەنگە كو دەوام لە پارێزگەها دهۆكێ بە شێوەیەكی فەرمی دەست پێ بكەتن. هێشتا درەنگە كو دەوام لە پارێزگا دهۆكێ بەشێوەیەكی فەرمی دەست پێبەكەتن و چارەنڤیسێ هەزارەها قوتابیا لە ئەڤێ پارێزگاهێ ژی بێتە دیاری كرن، بەش بەحاڵێ خۆ ئەڤژی هەندەك پێشنیارا ئێخم دیار كرن ئان ژ ئێخمە بەر سینگا پەرلەمانی كو ئێكی ژ وان پێشنیارا ئەوا دیڤ قاعیدەیەكا شەرعی بێژتن (الضرورات تبیح المحذورات) دیارە ئەم دزانین ئان ژ ئەم دشێت بێژین وەزارەتا ئاوقاف ژی دشێت ملێ خۆ بدت بن ئەڤی باریهە ، ئەو ئاوارێ دناڤ قوتابخانادا لوان جیها بدەینەتن ئەوێ كو وەزارەتا ئەوقافێ هەین ئان نوژەنكەت ئان پێتڤی پێنەهەی ئان ژ قۆناغا دروستكردنێ دا بۆ هەندێ دەواما فەرمی ڤان قوتابخانا دەستپێبەكەتن، پێشنیارەكا دیتر ئەوا كو حكومەتا هەرێما كوردستانێ یان ژی ئەو وەزارەتێن تایبەتمەندن ب ئاوارەیا ڤە ئەڤان ئاوارەیەن دناڤ قوتابخانەدا ل پارێزگەها دهۆكێ گشتی ڤە گوێزهتن بۆ پارێزگەهێن دیترێن سلێمانی و هەولێرێ بۆ هەندێ كو قوتابی بشێن دەست ب دەواما خۆ بكەن ل ئەڤان قوتابخانەیە، پێشنارا سێ ژی ئەوە ؛ كو چاڤدێرییەكا یا چڕو پڕ ژ لای لیژنەیەكا تایبەتمەندیا پەرلەمانیا بێتە كرن ل سەر زوو دروستكردنا كەمپا بۆ هەندێ كو ئەڤ ئاوارەیا بێنە ڤەگوهاستن بۆ كەمپا، دگەل هەندێدا مە دڤێت ئاماژە دشتەكی دی بدەم سەرۆكا پەرلەمانی ئەو ژی ئەوە ئەگەر هاتو باری نائاسایی هاتبتە ڕاگەهاندنێ ل پارێزگەها دهۆكێ كەواتە هینگێ تەعلیق یان

ژ وەقفا هەمی حقوقێت مەیت بی، ژبەر هەندێ ئەز داخازا دکەم کو بارێت نائاسایی نەهاتبتە ڕاگەهاندنێ، چونکە ئەڤە تنێ دەسەلاتا سەرۆکێ هەرێمێ یە دیڤ ماددە (١٠) بڕگا (٨)ی نەهاتبت ڕاگەهاندن ، ئەگەر هاتبتە ڕاگەهاندن ژی بێتە ڕاگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، خاتوو سهام عمر لێرە نییە، کاك علی هالۆ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەر گەلەك ئاخافتن گۆتن من ناڤێت دووبارە بکەم، تنێ من دڤێت سەرنجا هەڤالاْو خەلکی کوردستانێ بۆ ڤێ خالێ ڕاکێشم کو ئەڤرۆکە ل پارێزگەها دهۆکێ، بتایبەتی ل باژێرێ زاخۆ کو (٨٠٠٠٠) هەزار قوتابی تێدا، ئێك قوتابی ژی ناخوێنن، واتە ئەگەر ڕەوش هۆسابت ئەز دێ زاخۆ بنموونە دەینم، قەزا زاخۆ (٨٠٠٠٠) هەزار قوتابی ژ خواندنێ بێ بەهربن، واتە باندۆرا وێ نەبتنێ ئەڤ سالا بۆ سالێ بێت ژی دێ گەلەك زێدە بت، ئو بت کێشەیەکا گەلەك مەزن کو ساناهی ئەمەش بن باندۆرا وێ و دووش دەرحەق دەرناکەڤین، ل دهۆکێ (٨٢٠٠٠٠)هەرزار ئاوارەیەت هەیە واتە (٦٣٪) ئەو ئاوارەیێ کو ل باشوورێ کوردستانێ، هەرێمی کوردستانێ دژین یل پارێزگەها دهۆکێ ، ئو ژوانا ژی بەهرا پتر قەزا زاخۆ ، بۆ هەندێ کو ئەم هەست بە مافێ هاوولاتی بوونێ بکەین، ئەم هەست بکەین ئەمنیا وەلاتەکیدا هەمی هاڤ سۆزو هاڤ دەردین دگەل ئێك و دوو پێویستە ئەڤ ئاوارەیێ خوشك و براین مە ئاوارەین هەرێمی کوردستانێنە ل هەر سێ پارێزگەهێن سلێمانی و هەڤلێر و دهۆکێ وەکو ئێك بێن دابەشکرن، پێویستبی وەزیرێ پەروەردە بۆ هەندێ دیسا کو ئەم هەست بوێ هاوسۆزیێ بکەین ئەگەر وەکو سیمبول بۆ ڕۆژەکێ یان بۆ هەفتیەکا با خواندن سەرا سەریا هەرێمێ هاتبا ڕاگرتن داکو پتر گڤاشتن ل سەر حکومەتێ هاتبا کرن بۆ چارەسەریا ڤێ کێشێ، ئەڤ چارەسەریا کو نووکە دێت دیتن بۆ چێکرنا کەمپا ئەو خیڤەتێ دێن ڤەدان بۆ نموونە سێ ژوانێ ل باژێرێ زاخۆ جارێ دیار نییە کەینێ دێن تەمام بن، هەندەك ژوان (٥٪) ژ کار تێدا نەهاتیە کرن ئەگەر دوماهی ژ بێن ئەز تەخمینێ دکەم هەیڤەك یان زێدەتر، بۆ نۆژەنکرنا قەتابخانا ژی دیسا چ پلانێ پێش چاڤ و بلەز ئەز نابینین کو کار ل سەر هاتبت کرن ، ئەڤ چادرگەهێ هاتنێ ئەڤێن زاخۆ جێنا (٥٥٠٠٠) هەزار کەسێ هەنە، ئاوارەیا زاخۆ زێدەتر (١٨٠٠٠) هەزارن واتا (١٢٥٠٠٠) هەزار دیسا بێ جهوار دەمێنن ئان کو (٧٠٪ ، ٨٠٪) ژ قوتابخانێ باژێرێ زاخۆ ڤالا نابن، ئەڤە کێشەیەك گەلەك مەزنە پێویست بوو وەزارەتا پەروەردێ زێدەتر کار ل سەر بکات حکومەتا کوردستانێ گرنگتر بەرێ خۆ بداتە ڤی بەر بابەتی، چونکی کێشەیەکا گەلەك مەزنە نە کێشا خوارن و ڤەخوارنێ بابەتەکی ئاوا کێشە دگەل عەقل و زانین و پاشەڕۆژ و موستەقبەلێ زارۆك و میللەتێ مەو وەلاتێ مە، نەبتنێ ئەڤ کێشا خواندنێ و ئاوارەیا کو وەك پێویست ل زاخۆ نینە ئەم تێ تینە دەر کو لڤێ پارێزگاهێ حکومەت گەلەك خەم سارە وەکو پێویست بێت ئەرك و واجباتێ خۆ نارابت، بۆ نموونە هەتا نووکە ژ لیترێ بەنزینێ پڕا نییە بەنزینخانە پارێزگەها دهۆکێ

(١٣٠٠) كو حكومەت بڕیارەك دەركردبوو پێویست بوو پێگیریا بڕیارا خۆ بكاتن مەخابن هەتا نووكە نەكرینە ، پێشنیارێت من ئەگەر هەندەك ژ وان دووبارەش بن ئەڤەیە بۆ هەندێ كو ئەڤ كێشە هات بنەڕەت دابێت چارەسەركرن پێویستە ئاوارە لسەر هەرسێ پارێزگەهان یەكسانی لدیف ژمارە ئاكنجێت وێ بێن دابەشكرن، نزانم ڕۆڵێ عێراقێ ژ بۆ دابینكرنا ئەڤ ئاوارەین ل ڤێرێ دژین چییە؟ حەتا نووكە حكومەتا عیراقێ چ كرییە پێویستە گڤاشتنەكا زێدەتر سەر حكومەتا عێراقێ بێتە كرن بۆ هەندێ كو ئەڤ كێشە بێتە چارەسەر كرن، داخازا من ژ جەنابی وەزیر ئەڤەیە هەر نووكە ئامادەكاری بێتە كرن، پلانەك هەبن بۆ نۆژەنكرنا ڤان قوتابخانە ئەگەر هاتو هەندەك قوتابخانە د چەند حەفتیەك بێت یان چەند هەیڤیت بێت بێنە ڤالا كرن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو ڤیان عباس فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤرۆ دەستپێكا بەخێرهاتنا بەڕێز وەزیرێ پەروەردەو شاندێ دگەل دا دكەم ، پرێكا جەنابێ وی چەندین پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردە دكەین هێڤی دارین ب سینگەكا بەر فرە وەربگرێت ژبەر كو ل پارێزگەها دهۆكێ زەغتەكا زۆر سەر مە هەی و ئەم ژ نوێنەرێ میللەتینە ئەڤرۆكە د پێشكەشی جەنابێ هەوێ دكەین، جەنابی وە دزانیتن كو خاندن و ساخلەمی ژ مافێ سروشتی هەمی خەلكینە لڤێرێ هەركە بەحسێ پەروەردە و خاندنێ بەتنێ بكەین، قوتابیا پارێزگەها دهۆكێ ژ ڤی مافێ بێ بەهرەبوون، بۆچی وا بڕیاردا سالآنیا خاندنێ دەست پێبەكات؟ بۆچی قوتابیا پارێزگەها دهۆكێ بێنە بێبەشكرن؟ بۆچی فشار نەخستنە سەر حكومەتێ و لایەنی پەیوەندیدار؟ وەك هاڤكارێ من كاك علی هالۆ ژ دیار كری كو ئاوارە سەر هەرسێ پارێزگا بێنە دابەشكرن، داكو زەغت ژی سەر پارێزگەها دهۆكێ كەم بباو ژبەر كو هاتنا ئاوارە وەكو زانن قورس هاتنەوە یەت ماهێ هەشت بوو ، ڕاستە ئەم ژ دگەل تەینە جەنابی وەزیری كو ڕوحا پەنابەرا گرنگترە ژ هەر تشتەكی، بەس با بلێین هەر سێ پارێزگەها ئەڤ چەندە هاتبا بلاڤكرن تاكو زەغت بتەنێ لسەر پارێزگەها دهۆكێ نەبایە، خاندنگەهێ تایبەت دەوام لێ تێتە كرن تنێ زارۆكێن خەلكی فەقیر و كەمدەرامەت زەرەر مەندن، بەڕێز جەنابی وەزیری نیسبەت پۆلێن بێژم نەهی هەرچەندە بی كۆنترۆڵە وا محەلیبیتن بەس بۆ پۆلا دوازدەیێ، پێزانن ئەنجامێ كۆنترۆڵی دێنە دیاریكرن ڤێرێ چارەنڤیسا ڤێ قوتابیا چ دبیتن كو كۆرسەكی خوێندنێ ڤێ بچیتن، ئەز پێشنیار دكەم بۆ ئەو ساڵە یان كۆنترۆڵەكی تایبەت لە پارێزگا دهۆكێ بۆ پۆلا دوانزە بێتە دانان یان ژ سالآنیا خاندنێ لە هەرێمێ كوردستانێ ل هەمیا بێتە ڕاگرتن، داكو هەمی قوتابی وەك یەك بێنە حیساب كرن نینە لە جیهانێ هەمی چ جیهان مافێت یەكسانی لسەر هەمی خەڵكێ نەهێتە دابەشكرن، نینە تنێ دهۆكێ تەحەمولێ وی بارێ گران بكات و قوتابیا پارێزگەها دهۆكێ تنێ زەرەرمەندبن ژڤێ چەندێم، جەنابێ تە ئیشارەتدا كو گەلەك غەدر ل قوتابیا تێتە

کرن ژبەر کو وەختێ تەسلیحێدا قوتابیانی پارێزگەها دهۆکێ بەتایبەتی پۆلێ دوانزەی بنەڕەتی زاراڤا بادینی نڤیسن گەلەك جارا ژی گەلەك گەلەك ئیعتراز بۆمە هاتینە ، گەلەك نڤیسین پێشکەشی مە هاتینە کرن، وان ژ ئیعتراز پێشکەشی کۆنترۆلی کرینە دێ ئەڤ ئیعترازە هەمی هەمی بێ بەرهەم و بێ مەفا بووینە، بەڕێز جەنابی وەزیری هندێ چەوا هەوڵدەدەن ژمارە ڕۆژێ دەوامێ بکەنە (١٩٠) ڕۆژ ئەڤە (٤١) ڕۆژ ژ قوتابیێن دهۆکێ چوون، ئەرێ هەوە هزرا بارێ دەروونیا قوتابیا کێریە کو دەمێ مەها ژ هەیڤێت هاوینێدا دەوام بێتە کرن، ئەرێ بە چ شێوە دێتە کرن؟......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە باس کرا خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ، بەس ژینگەها چەندی بەرهەڤبیت بۆ هەندێ کو دوو پارێزگەها دین ڤەدان بیتن پارێزگەکا ژی تنێ دەوام بێتە کرن؟ گەلەکی سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە بەڕێزان، قسەی ئەندامانی پەرلەمانی پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە سوپاستان دەکەین، ئەزانین ئێوەش هەمووتان خۆتان حازرکردووە ئەو گرفتانەی کەلە ناوچەکانی خۆتان هەیە، ئەو گرفتانەی کە پەیوەندیدارە بە سیستەمی پەروەردە لە ئاستی هەرێمی کوردستان پەیوەندیدارە بە مەنهەج هەمووتان خۆتان حازرکردووە قسەی لەسەر بکەن، بەڵام کە هەڤاڵێکی ئێوە، هاورێیەکی ئێوە، ئەندامێکی پەرلەمان پێش ئێوە باسی کرد ئەتوانن پشتگیری ڕای ئەندامی پەرلەمانی پێش خۆتان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین بە زووترین کات گفتوگۆکان بەڕێوەبەرین، خاتوو مدینە ایوب فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم هەمی دزانن ڕێژەکا بەرچاڤ ئاوارا داخیلی ڤەزا زاخۆ، سێمێل، سەنتەرا دهۆکێ بییە ژ هەمی ئالیاڤە زاراوەکا مەزن ل قوتابیێن ڤەزا زاخۆ ، سیمێل، سەنتەرا دهۆکێ بییە تا هەتا ڤێ گاڤێدا مە بە فەرمی دەست پێنەکرییە، هەروەسا خەم ساری ژ لایە هاتییە کرن بۆ چێکرنا کەمپان ڤالاکرنا قوتابخانا ژی، ئەڤ بارودۆخا تنێ کارتێکرن لسەر قوتابیان ڤەزا زاخۆ، سیمێ ، سەنتەرا دهۆکێ کرییە، پێشنیار دکەم کو وەرزێ سێ، دەوێ سێ بهێتە ڤەکرن چونکە ئەو قوتابیێن ئێك مالبین گەلەك زەرەر گەهشتا وانە، چەندین قوتابخانا چوونە ناڤێ خۆ نەدیتینە بووینە ئەگەری هەندێك و نەگەهیشتینە ئەزموونا خۆ نەکرینە، دیسان دێ کەنگێ دروستی ڕۆژ بێ تەحدید کرن کەنگێ قوتابخانە دێنە ڤەکرن، کەنگێ دووماهیکێت و ڕۆژێت

بهێنـه ڤـەدانان کەنگێنـە؟ سـەبارەت ڕاپـۆرتێ وەزیـری پـەروەردە، وەزیـری پـەروەردە بەحسـێ لـە دەوامـا قوتابخانـە کـر کـو دێ گەلـەك دەگـو سـەعات (٨-١٢) دەوام کەمـە، لسـەر وی بـارودۆغێ بەحسـێ باخچـەو سیسـتەمێ تەکنـەلۆجی دکـەت، بەحسـێ سیسـتەمێ ئـەوروپی دکـەت، دڤێـت ڕاپـۆرت پـتر بـارودۆخێ ڤـە گرێدایڤە ڕەوشا قوتابیا زاخۆ، سیمێلێ ڤە گرێدایبا ، هەروەسا ڕایۆرتا وەزیـرێ پـەروەردە هـیچ شـێوەیەکی بەحسێ لـوان قوتابیـا نـەکر ئـەوێن بـارێن وانێـت خێزانییێـت ژ لای ئـابووری ڤـە خـراپ نەشـێن هـەمی پێداویسـتییێن زارۆکێـت خـۆ جێبەجێبکـەن وەکـو جـل و بـەرگ و پـەرتووك و جانتـا و مەلزەمـە ئـەو بارگرانیاکا کەتیتە سەر ملێت وان خێزانا، دیسان وەزیـری پـەروەردە دڤێت پڕۆگرامـەکا جدی هـەبا بـەری قوتابخانـا دەسـت پێکردبـا چـارەك بـۆ وان قوتابیـا هاتبـا کـرن، دئێـك دەمـدا ل سـەران سـەرێ هـەرێمێ کوردستانێ دئێك کاتدا هاتبا ڤەکرن و دئێك کاتدا هاتبانا ڤەپاتکرن، زیان و مفاهیم بۆ هـەمی قوتابیـان بـا ل سەران سەرێ هەرێمێ کوردستانێ نەبتنێ بۆ ڤەتابیا ڤـەزا سـیمێل و زاخـۆ و سـەنتەرا دهـۆکێ بـا، زۆریـا گرنگا عەدالەتەك هاتبا کرن بۆ دابەشکرنا ڤێ چەندێ لسەر ڤان قوتابیا کو قوتابی دروستی دەواما خـۆ بـە فەرمی بکاتن، دیسان وەزیری پەروەردە سالآنامە خاندنێ دەرێخستی کو ل (١/٣) دوماهیك ڤێت، ئـەزموونێ دووەم دوماهیك بێن، ئایا ئەڤ ڤەرارە ل پارێزگەها دهـۆکێ ژ دهێتـە کـرن، هێشـتا قوتابخانـا لـوێرێ دەسـت پێنەکرییە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە درارا حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەخێرهاتنی بـەڕێز وەزیـری پـەروەردە ئەکـەین لەگـەڵ شـاندی یـاوەری، دیـارە کێشـەکانی ئەوەنـدە زۆرن وەزارەتی پەروەردە بۆیە هیواداریـن بە سینگێکی فراوانـەوە ڕەخنـەو پێشـنیارەکان وەربگـرێ، وەکـو ئـەوەی بیسـتووشمانە گـوێگرە لەخـەڵك بـە هیـوای ئـەوەین کـە ئێمـەش وەکـو پەرلـەمانتار هاوکـاریبین بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڕێز وەزیری پەروەردە لە هەموو وڵاتێکدا پرۆسەی فێرکردن ئەرکی وەزارەتـی پەروەردەیـە، ئێمـە لـە هـەرێمی کوردسـتان دروشمـی خوێنـدن بـۆ هـەمووانمان هـەڵگرتووە، وەزارەتـی پەروەردەش بەڕێوبەرایەتییەکی تایبەتی بەخوێندنی خاوەن پێداویستی تایبەت کردۆتەوە، بەپێی کۆمەڵێ یاسا لەوەش یاسای وەزارەتی پـەروەردە، یاسـای مـاف و ئیمتیـازات خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت، بـەپێی ئـەو بەڵگەنامانە و جاڕنامەی مافی مرۆڤ، پێویستە منداڵانی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت بـێ بـەش نـەکرێن لـە پرۆسـەی پـەروەردە و خوێنـدن، بـەڵام دەبیـنین لـە مەیـدانی پراکتیکـا ئـەم توێـژە وەکـو پێویسـت لایـان لێنەکراوەتەوەو وەرناگیرێن جیاوازی ئەکرێت لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، ئایا ئێـوە بەرنامـەتان چـییە بـۆ ئەمە؟ لە هەرێمی کوردستان چەند پەیمانگاو قوتابخانەیەك هەیە تایبەتن بـە خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت، لەوانە پەیمانگای هیوا بۆ نابیستان، ڕووناکی بۆ نابینایان ، ئاوات بۆ بیرکۆڵان، ئەمانە سەر بە وەزارەتی کار

و كاروبـاری كۆمەڵایـەتین، بەڕاسـتی ئێمـە وەكـو لیژنـەی كۆمەڵایـەتی بەدواداچـوونمان بۆیـان كـردووە، سەردانمان كردوون كێشەو گرفتیـان زۆرە ، پرۆسـەی پـەروەردەو فێركـردن ئـەركی وەزارەتـی پەروەردەیـە، بـەڵام ئەمــە ســەر بــەوەزارەتی كاروبــاری كۆمەڵایــەتین كــە بۆتــە گرفـت لــە جێبەجێنــەكردنی ئــەو پێداویستیانەی كە هەیانە لەمەسەلەی میلاك، مامۆسـتا، مەنهـەج، دیاریكردنی مەنهەجدا، چونكە ئـەوان پێداویستی تایبەتن خسوسیەتی خۆیان هەیـە لـە تەحدیـدكردنی مەنهـەجا، ئایـا وەزارەتـی پـەروەردە كـەی خۆی دەكاتە خاوەنیان؟ بەهیوای ئەوەین، دیارە پێشـتریش هـەوڵێكی وا درا ئـەم پەیمانگایانـە بخرێنـە سـەر وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی بـە ڕاسـتەوخۆ چارەسـەری كێشـەو كـەم و كوڕیـەكانیان بكـا و، بـەڵام ئـەوەی گرنگە لێرەیا ئەم ستافانەی كە لەم پەیمانگایانەدان بەستاف و بـە میلاكـەوە نـەقل بكرێنـە سـەر وەزارەتـی پەروەردە، چونكە ئەوان ڕاهێنراون و مامەڵەی تایبەتی ئەوێ ئەو پەیمانگایانە، یەكێ لەو كێشانەی تـر كـە مامۆستاكانیان بێبەشن، ئەوەی جەنابت باست كرد، ئێستا نازانم پەیمانگایەكی بەریتانیە بۆ تـەعادولكردنی شەهادەی بەكالۆریۆس كە مامۆستاكانی ئەمان بێ بەش ئەبن لە كاتێكدا كەسەر بە وەزارەتی پەروەردە نین، بۆیە پێویستە ئاستی خوێنـدن لـە خوێندنگەكەیانـدا وەكـو پێویست لەگـەڵ پرۆسـەی پـەروەردەیا بـڕوات، یـەكێ لـەو گرفتانـەی تـر كـە هەیانـە مامۆسـتا و ڕاهێنـەر و سەرپەریشـتیارە ، ئایـا بەرنامـەتان چییە كـە لەكاتێكدا باستان لەوە كرد (٦٠٠٠) هەزار مامۆستا بە گرێبەست دادەمەزرێنن؟ ئایـا بـۆ پـەروەردەی تایبـەت بەرنامەتان هەیە؟ ئەچمە سەر تەوەرێكی تر ئەویش لەسەر ئەو گۆڕانكاریانەی لەو دواییدا هاتنە پێشـەوە، مـن پشـتیوانی هـەموو هاوڕێكـانم ئەكـەم كـە پرۆسـەی پـەروەردە بـۆ ئـاوای لێهـاتووە لـە دهـۆك؟ دەبـوو بەرمانەیـەكی تـر هەبووایـە، دەبووایـە هاوسـەنگی هەبووایـە لـەنێوان هـەموو شـارەكان كـە نـاكرێ منـاڵانی پارێزگای دهۆك بێبـەش بوونایـە لـە پرۆسـەی پـەروەردە، بـەڵام یـەك لـەو گرفتانـەی تـریش كـە هەیـە لـە ئەنجامی ئەو گۆڕاكاریانەی كە ڕوویدا لە شنگال و زومار و تلكێف و لـە چـەند ناوچـەیەكی تـر ئـاوارەبوون، خێزانەكان ئاوارەبوون منالەكانیش بەهەمان شێوە لە پرۆسەی خوێندن هەڵكەنران، ئەم منالانە بەشـێكیان یان ئەو خوێندكارانە بەشێكیان دەوری دووەمیان نەداوەتەوە، یەعنی فرسـەتیان بـۆ نەڕەخسا بـەهۆی ئـەو وەزعـەی كـە تێـی كـەوتوون، لـە (٨/١٦) یاداشـتێكم لـە ڕێـی بـەڕێز سـەرۆكایەتی پەرلەمانـەوە ئاڕاسـتەی جەنابتان كرد، بۆ ئەوەی كە چارەسەرێك بۆ خولی دووەمـی ئـەو خوێنـدكارە ئاوارانـە بكـرێ، بـەڵام وەڵامـم وەرنـەگرت، ئێسـتاش مـانگێك زیـاترە پرۆسـەی خوێنـدن لـە هـەرێم دەسـتی پێكـردووە منـاڵانی خێزانـە ئاوارەكان بەهەمان شێوەی مناڵانی دهۆك بێبەشن لـە پرۆسـەی پـەروەردەو فێركـردن، ژمارەیـەكی زۆر لـەو منداڵانـەی شـەنگال لـە كـەمپی نـەورۆز لـە ڕۆژئـاوای كوردسـتان لـەو كەمپانـەدا نیشـتەجێن، ئـەوەی كـە ئامارێكمان بەدەست گەیشتووە نزیكەی (١٥٠٠) منداڵ لەو كەمپەدایە، قوتابخانەیەكیشیان بۆ كردوونەتـەوە، بەڵام ئەوەی گرفتە گرفتی كتێب و دەفتەر و قرتاسیەیە و كۆمەڵێ شتیان هەیـە كـە ڕەنگـە وەكـو پێویست نەیانتوانی بێ لـەوێ ئـەو ئیدارەیـە ئەگـەر چـی خزمـەتكراون، بـەڵام وەكـو پێویسـت نییـە و بـەهانای ئـەو منداڵانـەوە پێویسـتە وەزارەتـی پـەروەردەی حكومـەتی هـەرێم خـۆی لێـی بەرپرسـبكات، امنـە خـان باسـی

ئامارێکی کرد ئەو منالأنەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە ، بەڕاستی ئەمە دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە کە بەپێی ڕاگەیندراوی خۆتان وەزارەتی پەروەردە (٥٠٥٨٥) مندالٚ وازی لە خوێندن هێناوە، ئەمە تەنها وازهێنان، ئەی ئەوانەی هەر نەچوونەتە بەر خوێندن؟ بۆیە هیواداریین قانونی تەعلیمی زۆر بە توندو تۆڵی جێبەجێ بکرێت، ناچمەوە سەر هەندێ پرسیار کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کردیان، بەلأم خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دیارە خێزانە کوردییەکان لە ناوچە کوردستانییەکان، لەبەر ئەوەی زۆر تینووی کوردایەتی و ئەوەن کە مندالٚەکانیان بچنە بەر پرۆسەی خوێندنی کوردی، بەلأم لەوناوچانەش گرفتی زۆر گەورەهەیە لەمەسەلەی بینای قوتابخانە، کردنەوەی قوتابخانە ، میلاك ئەمانە کە یەکێك لە کێشە هەرە سەرەکیەکانیش ئەوەیە کە پرۆگرامی ئێمە ئەخوێنن، بەلأم سیستەمی تاقیکردنەوەی بەغدایان بەسەردا جێبەجێ ئەکەن، ئایا وەکو وەزارەتی پەروەردە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر ئەکەن؟ لەکاتێکدا کە بۆتە هۆی دابەزاندنی ئاستی دەرەجەیان نالٚێم ئاستی عیلمییان ، کە بۆتە هۆی ئەوەی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی حکومەتی هەرێمیش وەرنەگیرێن، لێرە خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکان لە پاشەکشەدایە بە هیوای ئەوەی کە بەڕێزتان چارەسەری بکەن، بڕیارتان داوە بۆ گۆڕینی سیستەمی تاقیکردنەوەکان بە هەڵبژاردن، واتە وەلأمی ڕاست خوێندکار هەڵی بژێرێ کە ئەمە سیستەمێکی سەردەمییانەیەو دەستتان خۆشبێ، بەلأم ئایا زمینەتان بۆ خۆش کردووە بۆ گۆڕینی پرۆگرام و شێوازی وانە وتنەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو سهام عمر فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت هەردوو تەوەرێن جەنابی وەزیر پێشکەش کرین، ڕەوشا قوتابیا پارێزگەها دهۆکێ، ڕەوشا خاندنێ بەڕاستی هەردوو ڕاپۆرتا دیارۆك تایبەت ڕەوشا خاندێ دیارە گەلەك گرفت هەین لێ حەز کەم دەست پێکێ ئاماژە بهەندێ بکەم کو ڕەوشا قوتابیێت مە لە پارێزگەها دهۆکێ زۆر ئالۆزە نووکە، ئەز نابینم بێژین ئینجازەك بۆ هەرێمێ کوردستانێ دوو پارێزگا دەوام بکەن و پارێزگەهەکا پڕ هەمی شەلەل و خەلەل پرۆسە خاندنێ تێداهەبیتن ئەڤە هەنێ ژێ هەرچەندە بەرپرسیارەتییە ئەڤێ ناکەڤیتە سەر ملێت وەزارەتا پەروەردێ، لێ ئەز بێژم پێ تڤییە جەنابێ وەزیری پەروەردە خوب خودانێ قوتابیان دانیتن خوب محامیە قوتابیا دای بەتایبەت لە پارێزگەها دهۆکێ ئەگەر چارەسەریا قوتابیا پارێزگەها دهۆکێ هاتە کرن ئەکید پلان هەبیتن بۆ قوتابی ئاوارەین ژێ پلان، ژبەر هەندێ ژێ دانیشتنا مە ل لیژنە پەروەردەدا کو بەڕێز وەزیرا پەروەردەیێ ئامادەبوو مە داخاز ژ کرد کو چ پلان هەیە ئەگەر کەمپ نەهێنە دوماهیك ئینان داخازی وی ئەڤە بوو مە چ پلانێ دی نینە ئایا هەوە چ پلان هەیە کا هین بۆ مە بێژن ژبەر هەندێ ژێ ئەز حەزکەم ئەڤرۆکەدا ئاڕاستەی وەزیرێ پەروەردە بکەم و بێژم مە ل پارێزگەها دهۆکێ ژێ

گەهاندییە ئیدارا پارێزگەها دهۆکێ کو فیعلەن مە بەدیلا لڤێ چەندە هەنێت هەین گەلەك پسپۆر و شارەزا و مامۆستا و خەمخۆرا پارێزگەها دهۆکێ ژی بەشدار بووینە دگەل مە بۆ دیتنا بەدیلەکی چارەسەریا بۆ ڤێ کێشا هەنێ ژبەر هەندێ مە گەلەك ژی چارەسەری عەرز کرد ئێکیش کو وان ئەڤ ئاوارانە بچنە قەلعا نزارکێ ل پارێزگەها دهۆکێ چەندێن مەخازنا دائیرە خالینە چن دەم و دەست جێ بۆ بێتە دابین کرن ئەڤ ئاوارا تایبەت ئەڤە قوتابخاناڤە چنە ئەڤان جێت هەنێ دیسان وەکێ هەندەك پێزانین گەهشتینە مە، چەندین پرۆژەیێن حکومەتا هەرێمێ ئاڤاهی حەتا ٨٠٪ هاتینە ئەنجامدان و ژبەر بارێت دارایی هاتینە ڕاگرتن، کەواتە ئەگەر ڕێژەی ٨٠٪ ئەڤە مسۆگەری بۆمەیە هاتین هاتبنە ئەنجام دان کەواتە جێهێ ژیانێ دێلێ هەبیتن ، چ جدای هەیە ئەگەر بچنە ڤان جهێ ب گشتی کو هەر سەر ڤە حکومەتی هەنە یان قوتابخانەڤەبن؟ چونکە بەرژەوەندە دەخوازیتن هەندێ کو ئەڤ قوتابیێت مە بچنە قوتابخانا خۆ بەردەوامی بدەنە خاندنا خۆ پرۆسەیا خاندنێ ، سەرەڕای وان کێشەو گرفتا و قەیرانا ئەڤرۆکە و وەکو بنیات، پەروەردە لسەر ئاستێ هەرێمێ تێدا ئەڤ کێشە هەنیژیا هاتییە سەر من وەرە ئەڤان گرفتا هەتا دێ ڤولتر لێکەتن و پلانا پەروەردێ حەتا چوار سالا بهێتن و هەرچەندە چەندین ڤان چار سالا چووی ناگەهیتە مەبەستا خۆ بیتن ئەڤ پلانا هەنی ژی دێ خەلەلا مەزن هەبیتن، ژبەر هەندێ ئەز داخازا دکەم جەنابی وەزیری پەروەردە خو لڤێ چەندە هەنێ بکاتە خودان، هەروەسا ئەو ژیك دگەل خۆشحالەنە کو جەنابێ وەزیرێ هەرێمێ بۆ کاروبارێ پەرلەمانێ ڤێرە ئامادەیە ئەڤ چەندە هەنێ بگەهیننە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران ب هەمی ڤە خۆبکەنە خودانێ ڤێ قەزیە هەنێ، ئەڤ پلان و ئەڤ پەنگاڤێ هاڤێتینە هاڤێتن ژ من ڤە نە لە ئاستێ پێتڤینە، نە لە ئاستێ هەندێنە کو ئەم بێژین هندە تنێ ئەڤەش حکومەتێ تێتن، بەلکو پتر ژ تێتن چنکی دیڤ ئامار و زانیاری گەهشتینە مە ئەڤە هاتییە کرن ل من وەرە خەم سارییە تێدا هەی، ژبەر هەندێ ژی ئەم وەکو پەرلەمانتار داخازی دکەین لێ نێرینەکا باشتر بۆ هەبیتن، ئەڤە سەرەڕای ئەوی چەندەهەنێ ئەز پشتەڤانیا لە ئاخافتنێت امنە خانێ دکەم هەروەسا ئاخافتنێت دکتۆر شێرکۆ حەمە امین و کاك علی حمە صالح و هەروەسا کاك گۆران ئازاد دێ چەندین بابەت و گرفتن پەروەردێ داو، دکتۆرە شرین کو بەرێزێن دی ئەز نزانم چ هاتە گوتن چنکی ئەزیا ئامادە نەبووم لڤێرێ، دیسان من دڤێتن سەر هەندەك گرفتن قوتابخانەو مامۆستا ئامازە بەهەندەك خالا بدەم و ئەمانەت ئەڤ گرفتن گەهیشتینە مە نووکە عەرزی جەنابی سەرۆکایەتی پەرلەمانێ دکەم بە حزوری جەنابی وەزیری پەروەردێ کو بە ڕێگا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەڤ پرسیار و گرفتێت هەنە یان تێبینیت هەنێ دگەهنە وەزیرێت پەروەردە، بۆنموونە مامۆستا سنوورا پارێزگەها دهۆکێ پارەی ئیفادێت کۆنترۆلێ وەزاری وەرنەگرتینە ئی پۆلا دوازدەیێ خولا ئێك، خولا دووێ هەرچەندە پارێزگەها سلێمانی و ئیدارە گەرمیان ییێت وەرگرتینە پارات خۆ لێ ئەڤە نەوەرگرتینە نزیکەی (دووسەدو پێنجا و حەوت) مامۆستاێنە ئەڤ مامۆستایت لسەر حسێبا خۆیێ چوینە ئوتێلا هەروەسا مەسرەڤا هاتوچۆ کرینە و هێشتا بۆ نەهاتییە خەرجکرن، ڕێڤەبەریا گشتی پەروەردە دهۆکا گوتیێ موافەقە بۆ ئەمە ئینای لێ سیولەنییەو ئەڤە ئەم

نابينين ئەڤە مامۆستا لڤێ چەندە ژی خۆ بگريتن بۆچی بۆ پارێزگەهەکی هەیە؟ بۆ ئيدارەيەکی هەيە؟ بۆ پارێزگەها دهۆکێ نينـه؟ ديسان ئـەز پێشنيارەکا دی هاتيـه بەردەستێ مـن و وەکـو گرفتـه ل ديـڤ ياسـای يەکێتيه مامۆستایێ کوردستانێ بەشێ (٥) مـادده (٢٠) نوێنـەرێ يـەکێتیێ مامۆسـتایێ کوردسـتانێ پێتڤيـه ئەندام بيتن دهەمی ليژنه ڤەکۆليندا سەرکێشەيێن پـەروەردێ، لێ برِيـار ئەڤرۆکـه هاتييـه دان کـو نوێنـەرێ ئێکێتيا مامۆستا حەڤتنينه بهێتن گەل ڤان ليژنه نووکەيێ هاتييه لادانيش ئەڤان ليژنه هەنێ، ئەم دبيـنين کو ئێکێتيا مامۆستایێ نوێنەرايەتييه مامۆستایێ دکـاتن لسـەر ئاسـتێ هـەر پارێزگاهـەکێ پێتڤييـه ئـەوژی نوێنەر هەبيتن و ئەز حەزدکەم بەرِێز وەزيری پەروەردێ ديڤ چوونێ بۆ ڤێ چـەندەهەنێ بکـەتن و لێڤـه بن ژی ڤێ برِيارێ چونکه ديڤ ياسایێ ئێکێتيا مامۆستایێ ئەڤ چەندەهەنێ ناچبيتن، ئەڤە ئەرکێ ئێکێتيـا مامۆسـتايه پێتڤييـه ئـەو ڤـی ئـەرکی رِابـن و ئـەو دێ چاڤدێربن سـەر چارەسـەرکرنا ئـەڤان کێشـەش لای پەروەردێڤە، ديسان سەبارەت بە دامەزراندنا مامۆستا کو دێ گرێبەست دهێنه دامەزراندن پێتڤييـه هـزرێ لوێ چەندێ بهێته کرن کو رِێژەيا پارێزگەها دهۆکێ زێدەتر بيتن، هەروەسا بۆچی ئەز ڤی چەندها هەنێت بيژم چونکی ئەم دێ کێشەيا ڤوتابی ئاواره ژی چارەسەرکەين، ژبەر هەندێ ژی پێتڤييه وەزارەتا پەروەرده زەرورە چەندێ بکەتن پێتڤی پتر ميلاکی هەبيتن و ئەوە هەنێ بلا بەرچاڤ بهێتـەوەرگرتن بـەری کـو ئـەڤ رِێژە تەنێ بهێنه دابەشکرن سەر پارێزگەهێن هەرێما کوردستانێ، هەروەسـا کێشـەيەکا دی هەيـە زێـدەتر ژ سەد مامۆستايه ڤەدگريتن ئەو ژی برِيارەکی لسەر ئاستێ پەروەرده گشتيا دهۆکيا هاتەدان کو ل پارێزگـەها دهـۆکێ نابيـت مامۆسـتایێ هـەلگری برِوانامـە دبلـۆمێ ژ پـەروەردا رِۆژهـەلات بچـيته پـەروەرده رِۆژئاڤـا، بەروڤاژی دروسته ژ رِۆژئاڤا بچيته رِۆژهەلات حەز دکەم ئەڤە لدەڤ خۆ تێبينيه بنڤيسن و ديڤ چوون بـۆ بهێته کرن، ديسان سەرەرِای وێ چەندێ کو سنوورێ پەروەردا رِۆژئاڤا زێدەتر ئاڤاهی لێ پەيدادبن و رِێژەيا ڤوتابيـان و دانيشـتيا پـتر لێتـێتن و ئەڤـە ژی پێتڤييـە ئـەڤ هاوکێشـە هاڤسـەنگی بـۆ هـەبيتن، هەروەسـا کێشەيەکا دی هەی حەزکەم ديڤ چوون بـۆ بهێتـە کـرن پـارێ رِێکـێ بۆنموونـە مامۆسـتا ژ بـاژێرێ بچـيته گوندەکی دەوام بکا (٦٠٠٠٠) هەزار دينار بۆ تێنه خەرجکرن، ئەڤ مامۆسـتایێ هەنـە کرێيـا سـەيارێ نزيکـی (١١٠٠٠٠) هەزار دينار پتر ددەتن، کەواته مامۆستا ژ بەريکا خۆ حەڤێ رِێکی ددەتن هەر چـەندە ئـەڤ خـەرج کرنــە ل ســەر وەزارەتــا پــەروەردێ دکــەڤيتن، مــە چــەندين کێشــە و گرفتێــت دی يێــت هــەين بــەلێ ب خوشحالانەڤە کۆ جەنابێ وەزيرێ پەروەردێ يێ هەڤکاره دگەل ليـژنا پەرلـەمانی، ئـەم دێ گەلـەك کێشـێت دی هـێلين، چـونکی مـە دانيشـتن دگـەل ئێـك دا يێـت هـەين خوشـحاليڤه کـا چـەوا ئـەڤرو مـە پێشـوازی ل جەنابێ وی کريه ئەوی ژی پێشوازيا مێهڤانداريا مە ل ليژنێ يا کری ئەم سوپاسیێ دکەين.

**بەرِێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەرِێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا بـەخێر هـاتنی جـەنابی وەزیـری پـەروەردەو هاوڕێیـانی دەکـەم و، پشـتیوانی لەسـەرجەم ئـەو هاوڕێیانەم ئەکەم کە باسی گرفتەکانی دهۆك و زاخۆ سمێلیان کرد، قسەکان حەز ناکەم دووبارەی بکەمـەوە ئـەوەی کـە پێویسـتە بیلێمـەوە وەزارەتـی پـەروەدە بـۆ خـۆی ڕۆژمێرێکـی دانـاوە، مـن هیـوادارم کـار بـەو ڕۆژمێرەی خۆی بکات و، لەرێی ڕاگەیاندنەکانەوە داوا لـە قوتابخانـەکان بکات کـە پەیوەسـت بـن لـە (١٠٠٪) بەو ڕۆژمێرەی کە خۆیان دیاریان کردووە، ئەگەر پشیوییەك دروست بوو هیچ عیلاقەی بەپەروەردەکانەوە نەبوو یاخود بە بواری پرۆسەی خوێنـدن وفێـر کردنـەوە نـەبێت، دەسـتپێکی سـاڵی نـوێی خوێنـدن کـە لـە (٩/١٠) ویە من خۆم تێبینیم هەیە لەسەر ئەمە لەبەر چەند خاڵێك .

١. لە (٩/١٠) وەهەمووومان ئەزانین لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا پلەی گەرما بەرزە وە زۆرینەی هەرە زۆری قوتابخانــەو خوێنــدنگاکان ئـامێری فێنکـەرەوەیان نییــە وە دەوامــیش تثبیـت نابێـت تـا ماوەیەکی پێ ئەچێت، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە ماوەیـەکی پـێ ئەچێت وە کـە(٩/٩) وە ئیمتیحـانی وەرزی دووەم تەواو ئەبێت یـەعنی نـاکرێ، لـەدونیا نـەبووە لـە( ٩/٩)وە تـۆ ئیمتیحانـت تـەواو بـێ وەلە( ٩/١٠ )دەوام ببێتەوە، دەرەجە چۆن ئەدەیتە قوتابی وە کۆمـەڵێك گرفـت دروسـت دەبـێ لـەو حاڵەتـە جگـە لـەوەی کـە لـە( ٤/١٥ )بەشـێکی زۆری مەنهـەجی یـاخود پـرۆگرامـی خوێنـدن تـەواو دەکرێت، ئەمە من بەخۆم لە کارەکەیام دەیان نموونەم هەیە کـە حاڵـەتی وا هەیـە، بۆیـە باشـترین کات بە بڕوای من وەزارەت خۆی بیری لێ بکاتەوە بـۆ سـاڵانی ئاینـدە( ١٠/١)رەنگـە باشـترین کـات و گونجاوترین کات بێ.

٢. لەرێکخستنی میلاکاتا بەرێزان جەنابی وەزیری پەروەردە، ئێمە بەپێی ئەو ئامارەی جەنابت باست کـرد ملیۆنێـك و حەوسـەت هـەزار قوتـابی و خوێنـدکارمان هەیــە کــە ئەگــەر دابەشــی کــەین بەسەر(١١٩)هەزار مامۆستامان هەیـە پێموابێـت هـەر مامۆسـتایەك (١٤)قوتـابی یـاخود (١٥) قوتـابی بەردەکەوێت کە ئەمە پێموابێت کێشە لە مەسـەلەی رێکخسـتنی میلاکاتـا هەیـە وە خـراپ دابـەش کردنی مامۆستایان هەم بـەپێی میلاکـات و، هـەم بـە پێـی ناوچـەکان، یـەعنی مـن دەیـان نموونـەم لایەکـە قوتابخانــە هەیــە رەنگــە پێــنج مامۆسـتای ئینگلیـزی تێـدا بێـت وە، رەنگـە قوتابخانەکـەی تەنیشتی مامۆستایەکی  ئینگلیزی تێدا نەبێت کە ئەمە زیاتر کاری سەرپەرشتیارانی پەروەردەییە و، یەکێك لە گرفتەکانی تر ئەوەیە رەنگە لە شـارە گەورەکانـدا بـە تایبـەت لەهـەولێرو سـلێمانی و دهۆك کە کێشەی کەمی میلاك لە خوێندنگاو قوتابخانەکاندا نەبێت ئەم کێشەیە زیاتر یان، قەزاو ناحیە و شوێنە دوورە دەستەکانی گرتۆتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ وەزیری پەروەردە ئەگەر بـە هەنـد وەریبگرێـت، ئێمـە دەرماڵەیـەکی جـوگرافی هەیـە کەئەدرێتـە مامۆسـتا ئـەم دەرماڵـە جوگرافییە، لەراستیدا بە پێی ناوچە دیاریکراوە بۆ نموونە قەزا بیست هەزار، ناحیە برێکی تـر و لادێکانیش (٦٠) هەزار دانراوە، یەعنی ناکرێت ناحیەیەك یان قەزایەك رەنگە سێ کیلـۆ مـەتر لـە مەرکەزی محافەزەوە دوور نـەبێت کـە هـەمان دەرماڵـەی پـێ بـدرێت و، مامۆسـتایەکیش کـە (١٥٠)

کیلۆ مەتر لە مەرکەزی محافەزەکەوە دوور بێت هەمان دەرماڵەی پێ بدرێ، لەبەر ئەوە دەکرێت بۆ دەرماڵەی جوگرافیا حیساب بۆ کیلۆ مەتر بکرێت، بری کیلۆ مەتر یا رێژەی کیلۆ مەتر بکرێت بە قیاسی، کە ئەمە پێم وا بێت برێك لە کێشەی مامۆستایانی ناوچە دوورە، دەستەکان چارەسەر دەکات، شتێکی کە تایبەتە مەنهەج و گۆرانکاریەکان دیارە بە داخەوە ئەڵێم مامۆستا زۆر جار ئامادە ناکرێت بۆ بابەتەکان، بەتایبەت ئە وانانەی کە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، بۆ نموونە عەرەبی پۆلی نۆمان هەیە کە مامۆستا تەنها حەفتەیەکی بۆ دانراوە، خولێك دەبینێت بەم حەفتەیە دەبێت شارەزا بکرێ لەو مەنهەجە تازەیە کە گۆڕانکاری تێدا کراوە، کە بە حەفتەیە پێم وانییە هیچ مامۆستایەك بتوانێت ئەوە بکات، یاخود کوردی ئەلف و بێی پۆلی یەکی بنەڕەتی ئەمیش پێنج رۆژی بۆ دانراوە، ئەمەش بۆ خۆی گرفتە وە گۆڕانکاری لە پیتەکانی ئەلف وبێ ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی ترە هیوادارم بە هەند وەربگیرێ، ئیدارەی ئامادەییەکان بەتەواوی سەریان لێ شێوایە لەبەر چەند هۆکارێك سیستەمی خوێندەکە وە نمرە حیساب کردن بۆ پۆلی دە و یازدە مەسەلەی عبور، مەسەلەی سجلی قەیدی عام، بە داخەوە وای لێهاتووە گیریان خواردووە، هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ قەتابخانە یا خوێندنگا هەیە نمرەی لە تۆماری نمرەکاندا دانەناوە، لەبەر ئەوەی کێشەی هەیە، بۆ نموونە قوتابیەکی پۆلی یازدە، یا پۆلی دە لە کیمیا کەوتووە بە عبور چۆتە پۆلی دوانزە لە پۆلی دوانزە دەرچووە، بەڵام کە دەرچووە نابێت بچێتە جامیعە یان زانکۆ یان پەیمانگاکان لەبەر ئەوەی عبورێکی هەیە لە پۆلی دە، یاخود یازدە بۆیە دەکرێ عیلاجێکی ئەمە بکرێ کە شتی لەو جۆرە بەراستی ناکرێت.

٣. خاڵێکی تر پێم خۆشە جەنابی وەزیر بە گرنگییەوە لەمە بڕوانێت، ئەویش مەسەلەی گواستنەوەی مامۆستایانایە، دیارە ئەوەندەی من ئاگادار بم وە بەحوکمی ئەوەی نزیکی (١٨) ساڵە زۆرترین گەندەڵی و نا عەدالەتی لە گواستنەوەی مامۆستایاندا دەکرێت، بە تایبەتی ناوچە دوورە دەستەکان، من تەنها یەك شت بە نموونە دەهێنمەوە، من نازانم لە چ یاسایەکی وەزارەتی پەروەردە ئەوە باس کراوە ئەگەر مامۆستایەکی ئافرەت دوای ئەوەی مۆڵەتی منداڵ بوونەکەی تەواو بوو دوور بخرێتەوە لە مەکتەبەکەی خۆی، یعنی ئیدارەی قوتابخانەکەیان سەر پشك کردووە لەوەی وەریئەگرێتەوە یان نەقلی ئەکەی بۆ قوتابخانەیەکی دیکە، بیر لەوە نەکراوەتەوە ئەم مامۆستا بەرێزە، رەنگە خانوویەکی گرتبێ لە نزیك قوتابخانەکەی خۆی تۆ بە چ یاسایەك کاتێك پەیوەندی دەکا بە قوتابخانەکەی خۆی ساڵی دووەم کە هاتەوە بۆ قوتابخانەکەی رەوانەی گەڕەگێکی دەکەی کە رەنگە دەیان کیلۆ مەتر لە ماڵەکەی خۆی دوور بێ، دونیایێ کێشەو گرفت بۆ ئەم مامۆستایە دروست بێ، بۆیە دەکرێت بە وردی بیر لەوە بکرێتەوە.

شتێکی تر کە پێم خۆشە باسی بکەم ئەویش ئەوەیە کاتێك کە مامۆستایەك مۆڵەتی دایکایەتی وەرئەگرێت لە کاتێکدا کە فۆرمی گواستنەوە ئەو مامۆستایە پڕی ئەکاتەوە، دەچن ئەم ساڵەی کە

مۆڵەتی دایکایەتی وەرگرتووە بە خزمەت بۆی هەژمار ناکەن، کە ئەمە گرفتەکی گەورەیە، ئەگەر بە خزمەت بۆی هەژمار ئەکرێت بۆ لە فۆرمەکەیا بۆی هەژمار ناکرێت، ئەگەر نیشە بۆ مووچەی ئەدەیتێ، کێشەکە لەوە دایە دەکرێت بە وردەکاریەوە قسەی لەسەر بکرێت، یان یەك گرفتی دیکە لە گواستنەوە هەیە، پەروەردەکان بە تایبەت پەروەردەی ناوچەی قەزاو ناحیەکان بە خواستی خۆیان خاڵیان دیاری کردووە، دێ هەیە ساڵی سێ خاڵ ساڵێك بووە چوار، یەعنی جاری وا هەیە ناحیە شەش خاڵ بووە ئێستا بوویتە دوو خاڵ، ئەمە هیچ پێوەرێك نییە، بەراستی لەبەر ئەوە ئەکرێت حیسابی کیلۆ مەترو دووری ناوچەکە بکرێت، نەك پەروەردەکان بە خواستی خۆیان رەقەم دابنێن بۆ ئەو حاڵەتانە، شتێکی تر سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان کە بریتیە لە سێ بازگە لە یەك بۆ نۆ هەیە، ئەم سیستەمە بە بڕوای من یان تەواوکاری پێبکرێت یان هەڵبوەشێندرێتەوە، چونکە زۆرێك لە قوتابخانەکان ئێستا لە یەکەوە بۆ نۆن وە زۆرێکی تریش لەوانە یەك بۆ شەش زائیدەن حەوت بۆ نۆیە، تکایە وەزارەتی پەروەردە، جەنابی وەزیر، ئەمە یەکلایی بکەنەوە، چونکە ئەوەندەی من دیقەتم داوە رەنگە زۆر قوتابخانە کە بۆ خۆیان بە دڵی هەندێك پەروەردە و بەرێوەبەری پەروەردە نییە بچن بیکەن لە یەك بۆ نۆ هەندێکی تریش هەر لەگەڵ ئەوە دا هەیە بۆ شەش هەندێکیش حەوت بۆ نۆیە دانانی بەرێوەبەر باسیان کرد ئەو هاورێیانە، من یەك نموونە ئەهێنمەوە دیارە ساڵانی پێش ئێستا من خۆم لە کارەکەیدا بووم، تاقی کردنەوە بەرێوەبەرو یاخود یاریدەدەری بەرێوەبەرەکان دابنێن، لە سلێمانیدا کە تاقیکردنەوە کراوە کە مامۆستا بەرزترین دەرەجەی هێناوە، ئێستا چاوەڕێن بیکەن بە مەعاون نەك بەرێوەبەر کامەشی کەمترین نمرەی هێناوە ئێستا بەرێوەبەری بەشی قوتابخانەیە، ئەوەش بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە.

خاڵێکی تر کۆمەڵێك مامۆستا، کە پێشتر بڕوانامەی دبلۆمیان هەبووە لە دەرەوەی پسپۆری خۆیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان لە ئێستادا بە دەست هێناوە، ئەمانەش کە پێشتر هیچ رێنماییەك نەبوو رێگری هەبێ لە حاڵەتی ئەمانە، کە ژمارەیان (١٥٠) مامۆستایە، بۆیە داوا دەکەم جەنابی وەزیر حەلێکی ئەمانە بکا، چونکە ئەو مامۆستایانە دیارە بۆ (١٥٠)مامۆستا عەرقەلە دروست کراوە، هەر لەو جۆرە کەسانە کە پسپۆریەکانیان علوم سیاسیە یاقتصاد یا ژمێریاریە ئێستا تیایەتی مودیری پەروەردەیە، بەرێوەبەری پەروەردەیە، شتێك کە بەراستی جێی داخە ئەوەی کە لەئێستادا کەمترین گرنگی پێ ئەدرێت دوو سێ وانەی وەرزش و سروود وهونەرە، ئێمە ئەگەر ساڵانی رابردوو لای هەر قوتابخانەو خوێندنگایەك گوزەرمان بکردایە گوێمان بە سرووی ئەی رەقیب و خوایە وەتەن ئاوا کەی ئەزرنگایەوە، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا کەمترین ئەو سروودانە لە خوێندنگاو قوتابخانەکاندا دەوترێتەوە، وە پێموابێت پەروەردە بۆ خۆی جۆرێك لە کەم تەرخەمی هەیە بە گوێنەدان بەم وانانە، ئەکرێت وانەی سروود هیچ سەرپەرشتیارێکی بۆ دانەنرێت با شەرپەرشتیاری هونەر یان وەرزش ببێتە سەرپەرشتیای سروودیش لەگەڵیا، چونکە دڵنیاتان ئەکەم کۆمەڵێك پەرتووکی سروودمان داوە بە قوتابخانەو خوێندنگاکان، بەڵام کەمترین کاری لەسەر کراوە،

جەنابی وەزیری پەروەردە پێم خۆش بوو ئاماژە بەوە بکا، کە ئایا ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا چەندە؟ وە ئایا کە بڕیارتان داوە، کردووتانە بە بڕیار تاقی کردنەوەکانی (١٢)ی ئامادەیی لە(١٠٠٪) هەڵبژاردن بێت، من پێم باشە لە ڕاستیدا نازانم جەنابتان ئەوەتان کردووە، پێویستە ڕەئی زۆرترین لایەنی پسپۆڕی بوارەکەتان وەربگرتایە، چونکە لە ڕاستیدا بە جۆرێك لە جۆرەکان خراپی تیا هەیە هەڵبژاردن وە خۆمان ئەو تەجروبانەمان بەسەردا تێپەڕیوە، من دوایین شت کە بمەوێ باسی بکەم ئەویش مەسەلەی وانەی تایبەتە، جەنابی وەزیر وانەی تایبەت وە خولی بەهێز کردن، پێشنیارم ئەوەیە بۆ دروست کردنی لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو مامۆستایانەی کە وانەی تایبەت دەڵێنەوە ئەرکی لیژنەکە چی بێت؟ یەکەمیان دیاری کردنی نرخ بێت بۆ هەر بابەتێك کە جۆرێك بار گرانی لەڕاستیدا بۆ قوتابی دروست نەکات. دووەم مامۆستا بۆی نەبێ لەڕاستیدا لە دەرەوە وانەی تایبەت بەو قوتابی بڵێ کە خۆی لە قوتابخانە دەرسی پێ ئەڵێ وە پێشنیاری ئەوە ئەکەم بۆ ئەوەی خوێندکاری کەمدەرامەت ئەوانەی کە توێژی هەژارن لە ڕاستیدا گرنگی تەواو بدرێ بە تی ڤیەکان کە وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە تی ڤی پەروەردەیی بدات وە لەگەڵ چەند کەناڵێکی ناوخۆیی لە شارەکاندا با  هاوکاری و هەماهەنگی بکات، بۆ ئەوەی چەند بەشێك لە بەرنامەکانیان بۆ بواری پەروەردە تەرخان بکەن و بۆ ئەوەی خوێندکاری کەم دەرامەت بێ بەش نەبێت لە وانەی مامۆستا بە ئەزموونەکان، پێویستە گشت مامۆستا بە ئەزموونەکان هان بدرێن کە لەو تەلەفزیۆنە پەروەردەییە هەموو وانەکانیان بڵێنەوە و بیکەنە بەرنامە بۆ خوێندکاران پەخش بکرێت بەمەش خوێندکاران بە گشتی لێی سوود مەند دەبن لەکۆتاییدا پشتگیری ڕاو بۆ چوونی هاوڕێیانم کاك د. شێرکۆ و کاك عەلی حەمە صالح و کاك گۆران ئازاد و ئامنە خان و ئەو برادەرانە دەکەم بە تایبەت ئەوانەی کە بۆ خۆیان لەوبوارو شوێنە شارەزا لە گرفتی پەروەردەن لە سنووری پارێزگای دهۆکا کار ئەکەن، هەر چییەك ئەکرێت بۆ پارێزگای دهۆك لە ئێستادا بکرێت ڕەنگە لە هەموو ناوچەکاندا سەرکەوتوو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس بۆ بەڕێز عبدالرحمن علی، دیارە زۆر بەڕێزی تر ماون، گفتوگۆکان بەردەوام دەبن، بەڵام بۆ ماوەیەك دانیشتنەکە دەوەستێنینەوە وە یەك سەعات پشوو وەردەگرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ ئەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژارتن ساڵی یەکەم دانیشتنی ژمارەی (٦) ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١٠/٢١ بەردەوام ئەبین لە سەر خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتی یە لە گفتوگۆ کردن لە سەر گرفتەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە، بە پێی برگەی یەکی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی (١)ی  ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، ئەچینەوە سەر ئەو بەڕێزانەی کە ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ قسە کردن، بەڕێز کاك سهراب میکائیل، بەڵام تکایە زۆر بە کورتی، چونکە ئەمە گلەیی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، من سەیرم لێیە ئەندامانی پەرلەمان گلەیی لە یەکتری ئەکەن ئەڵێن زۆربەی

قسەکان دووبارەیە، پێویست ئەکات تەنها لیژنەی تایبەتمەند قسە بکات، بەڵام هەر ئەوەندە کە گلەیی ئەکەن خۆشی بە هەمان شێوە رەفتار ئەکا، بۆیە داواتان لێ ئەکەین قسەکانتان کورت بکەن، پرسیارەکانتان زۆر بە کورتی بکەن، قسەی ئەندامانی پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بە زووترین کات گفتوگۆ بە کۆتا بگەیەنین، کاك سهراب پێم وابێ لێرە نییە، خاتوو شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەرێز شكریە اسماعیل:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا بە خێرهاتنی گەرمی وەزیری پەروەردە و شاندی یاوەری دەکەین، بە راستی ئەو هەنگاوە هەنگاوێکی زۆر چاکە و جێگای دەستخۆشییە، من وەکو ئەندامی لیژنەی پەروەردە و خویندنی باڵا، پاڵپشتی تەواوی قسەکانی دکتۆر شێرکو حەمە امین و هەروەها کاك علی حەمە صالح و امنە خان و سهام خان دەکەم، قسەکانی ترم دووبارە ناکەمەوە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لە کاتێکدا لە وڵاتانی جیهاندا کاتێك کێشەکان قوڵ دەبنەوە سەرەتای یەکەمی هەنگاوی چاکسازی بریتی یە لە دووبارە پێناسە کردنەوەی سەرجەم بابەتەکان، بۆیە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پێویستە جارێکی تر پێناسەکان دابرێژێتەوە، پەروەردە چیە، حکومەت چییە؟ حزب چییە؟ مامۆستا چییە؟ قوتابی چییە؟ بەرێوەبەر چییە و پەیوەندی و کاری ئەمانە بە تەنها و لە گەڵ یەکتری چییە؟ خاڵی دووەمم دیارە ئێمە ماوەیەك لەمەوبەر لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کۆمەڵێك لە خەڵکی دەڤەری بەردەرەش هاتن بۆ سەردانی لیژنەکەمان و، هەشت هەزار ئیمزایان هێنا و گلەیی ئەوەیان دەکرد کە دەڤەرەکەی ئەوان زیاتر لە (٩٥٪)، خەڵکی ئەوێندەرێ سۆرانین، بەڵام بە زۆری خوێندنیان بە زمانی بادینی بە سەردا سەپێندراوە و ئەمەش دەیانوت لە سەر ئێمە قورسە و، زۆرێك لە منداڵەکانمان بە ناچاری دەگێڕینەوە لە قوتابخانە، لەبەر ئەوەی ناتوانن لێی تێبگەن و فێر بن، بۆیە من داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم کە داواکاریی ئەوان جێبەجێ بکەن، کە بە بۆچوونی من مافی خۆیانە، خاڵێکی تر دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی تەندروست و دروست بۆ قوتابیان دابین نەکراوە، بۆیە لێرە من داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم کە لە بودجەی ئەمساڵ پێداگیری زۆر لە سەر ئەوە بکات کە بودجەیەکی زیاتر لە ساڵانی رابردوو بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ژینگەیەکی تەندروست و دروست بۆ سەرجەم قوتابخانەکان دابین بکات و لە هەمان کاتیشدا پێداگیری و، هەروەها پەلە بکات لە سەر ئەوەی کە سەرجەم قوتابخانەکانی وەزراەتی پەروەردە بە گشتی سیستەمی ئەلکترۆنیان بۆ دابین بکات بۆ ئەو بارە قورسەی کە رۆژانە قوتابیەکانمان لە پشت و لە کوڵ خۆیانی دەکەن و لە پشتی خۆیانی هەڵدەدەن و دەچن و دێنەوە، بارێکە زۆر قورسە لە پشتی ئەوان، خاڵێکی تر سەربارەت بە وانەی ئاین بە داخەوە کە وەکو لە قوتابخانەکانەوە دەتوانم بڵێم بە وانەیەکی لاوەکی هەژمار کراوە و لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووە بە پاشکۆی وانەی زمانی عەرەبی تەنها (٢٠) نمرەی بۆ هەژمار دەکرێت و لە ٢٠٠٧ یشەوە سەرجەم دەرچووی زانستە ئیسلامییەکان پشتگۆی خراون و هیچ رێژەیەکیشی بۆ دیاری ناکرێت لە

دامەزراندندا، من زۆر بە پێویستی دەزانم کە بە راستی وانەی ئاین، مـرۆڤ هـەر بـە رێگـای ئایینـەوە فێـری باڵاو پاین، فێرە رەوشتی جوان و فێرە ئاکاری جوان دەبێت و لە هەمان کاتدا فێرە زمانیش دەبێ، بۆیە بـە پێویسـتی دەزانم وەزارەتـی پـەروەردە رێژەیـەکی دیـاری کـراو دابنێـت سـاڵانە لـە بـۆ دەرچـوانی زانسـتە ئیسلامییەکان و هەر لە یەکی بنـەڕەتی تـا شەشـی ئامـادەیی کەسـانێك وانـەی ئـاین بڵێنـەوە کـە دەرچـووی زانسـتە ئیسـلامییەکان بـن، خـاڵێکی تـر دیـارە لـە وڵاتـانی دونیـا بابـەتی پرۆگرامـەکانی خوێنـدن بابـەت تەواوکەری یەکترین، بەڵام ئێمە لـە کوردسـتاندا خـاوەن فەلسـەفەیەکی روونـی پـەروەردەیی نـین، لـە رووی نەتەوەی و ئاینی و کلتورییەوە، بـەڵکو دژایەتییـەك و لێـك نەچـوونێك لـە نێـوان ئەمانـەدا بـەدی دەکـرێ، دیارە ئەمەش بە لێك جیاکردنەوەی پرۆگرام لە پەرتووك جیا بکرێتەوە، ئەمە دەتـوانرێ چارەسـەر بکـرێ و لە زۆریش لە وڵاتە جیاجیاکانی دونیا ئێمە پەرتووکمان بۆ دەهێنرێت و پەرتووکەکان کە وەردەگێڕدرێن بۆ سەر زمانی کوردی، سەرەرای ئەوە لە زۆرێك لەو پەرتووکانە تەرجومەکەیان بـە راسـتی بـە شـێوەیەکی باش نییە، تۆزێك قورسە لە سەر قوتابی و لە هەمان کاتیشدا لە گەڵ کلتور و ئاینی ئێمە ناگونجێ، خاڵێکی تر من بە پێویستی دەزانم پێداچوونەوە بـە پرۆگرامـەکانی خوێنـدن بکرێـت بـۆ هـەر بابـەتێك، بـۆ هـەر بابەتێکی خوێندن لیژنەیەکی پسپۆر دیاری بکرێت و کۆنفرانیسیان بۆ ببەستێت تا لـە داهـاتوودا بتـوانرێ پرۆگرامی خوێندن بە خۆماڵی بکـرێ، خـاڵێکی تـر دیـارە لـە خوێندنگـە ئەهلییـەکان لـە کوردسـتاندا نـرخ دیاری کراوە ساڵ بە ساڵ رووی لە بەرزبوونەوە دایە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باس کرا ئەمە خاتوو شکریە، چەند جار باس کرا.

**بەڕێز شکریە اسماعیل :**

بەڵێ، حەز دەکەم یەك خاڵی جیا ئاماژەی پێ بکەم، دیـارە لـە گـەڵ بـاری هـەرێمی کوردسـتان بگونجێنـدرێ، ئێمە هەندێك قوتابخانەمان هەیە بو نموونە لە شاری هـەولێر هەیـە ئێسـتا نرخەکـەی ئـەو سـاڵ بـۆ یـەکی بنەڕەتی گەیشتووتە (١٢٠) وەرەقە، بۆ ئاگاداریتان، دوا خاڵم ئەویش ئەوەیە دیارە لە هـەموو وڵاتـانی دونیـا سـتانداردێك هەیـە، ئێمـە کاتێـك زۆر لـە خێزانـەکان کـە دەچـن بـۆ وڵاتـانی دەرەوە، دوو سـێ قۆنـاغ دەیانگەڕێنەوە دواوە، لەبەر ئەوە ئێمە بە ستانداردێکی جیهانی کـار ناکـەین سـتانداردی جیهـانیش ئەوەیـە کە لە ساڵێك (٢٠٠) رۆژ دەوام بکرێ و(٨٠٠) کاتژمێر خویندن ئەنجام بدرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردسـتاندا تەنها (١٧٢) رۆژ دەوامی رسمی هەیە و(٥٠٠) کاتژمێر خوێندن هەیە، زۆر سوپاس بۆ گوێ گرتنتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك علی هالۆ نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

باس له زمانی بادینی كرا بادینی و سۆرانی و لەهجەكانی تر زاراوەی زمانی كوردین دەبێ دیقەتی ئەم بابەتانە بدەین زۆر حەساسن له ناو هۆڵی پەرلەمان لەهجەیەك بە زمان بناسێنین، ئومێدەوارم ڕەچاوی ئەم شتانە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەهزاد دەرویش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

خێرهاتنا هەر دوو وەزیرێن بەڕێز دكەین دگەڵ ستافێ دگەڵدا، ڕاستی من پێشنیارەكا هەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كو ئەم سپێدێ وەختێ دهێن موداخەلا دكەین ئەم گەرمین، نەفەری هەی (٢٧) دەقا، نیڤ سەعاتێ دێ ئاخڤیت، وەختێ بێیە درەنگ وەخت پەلە بكەت، ڤێجا حەس دكەم ئالییەتەك بێتە دانان بە پێی پەیڕەوێ ناوخۆ ئەڤە دووبارە نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئەبێ لیژنەی پەیڕەوی ناخۆ ئەو ئالییەتە دابنێ، ئێستا ئێمە بەردەوام ئەبین لە سەر كاركردن لە پەیڕەوەی ناوخۆی ئێستا.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش:**

بەلێ، تێبینیەكا گرنگ، جەنابێ وەزیر بەحسێ پلانا خۆ كر مە حەس دكر ب ڕاستی پلانا ستراتیجی دیار بە تایبەتی بۆ چار ساڵا كە ئەڤە سێ مانگە حكومەت پێك هاتووە، پاشی پلانا ساڵانە و سەعات تێدا با هەر خاڵەكا بەحس كربا وەخت تێدا دیار با، نیسبەت ئەو خاڵێت بەحسێ وەزعێ دهۆكێ هاتیە كرن پشتگیریا وان هەمی بەڕێزان دكەین كە موداخەله كر ب ڕاستی كو خاڵەكا زۆر یا گرنگە، یا دی زۆر خاڵێت جەنابێ وەزیر بەحس كر هەر دا بێژێت ئەم پێشنیار دكەین، یەعنی مەفروزە وەزارەتێ پتر شوێنا كەلیما پێشنیار بڕیارێت وازحتر هەبانە، هەرچەندە هەندێك بڕیار هەبین بەس كێم بین، ب قەناعەتا من ب تایبەتی بۆ نموونە هندەك ئاریشە هەبین وەكی گوتی ڕیحلە، حەتا نووكە كێماسیا ڕیحلا یا هەی، باشە ئەگەر ڕیحلە كێم بن قوتابی دێ كیرێ ڕوونێتە خارێ، دێ چەوا دەواما خۆ كەتن؟ ئەڤە خاڵەك بی، تەرمیما قوتابخانا كو جارەكا دی بێنە تەرمیم كرن، مەدرەسا هەی ئەز دزانم یا نموونە (٣٤) ساڵا هاتیە ئاڤا كرن ڕۆژەكێ ژی نەهاتیە تەرمیم كرن، ئەولەویەت بێتە دان بۆ ڤان مەدرەسا كو هاتە بەحس كرن، ئاریشەكا دی كو بەحس نەهاتە كرن د ئێك پۆل دا ئیحتمیالە نێزیكی (٤٠ تا ٥٠) تەلەبە یێن تێدا ناحیا زانستی ئیحتیمالە (٣٠) تەلەبە زێدەتر بن ئەو ئیشكالە دێ چێكەتن، نیسبەت گۆڕینا مەناهجا خاڵەكا گرنگ مامۆستا ئەوە كە باسی گۆڕین كر، تەبعەن ئەصلێ ئەوە گۆڕینا مەناهجا زوویی ب زووی نەهێتە كرن، چونكی تەكلیفەكێ زۆرە، مەنهەج دهێتە دانان بۆ (١٥ ) ساڵ، (٢٠) ساڵ بەس ئەگەر زەروری ساڵانە پێدڤی بی مولحەق بێنە چێكرن وەك مولحەقەك بۆ ئەم مەنهەجە فی سەبیل تەكالیف زۆرتر نەبن، مەسەلا دی یا گرنگ بەڕێز

سەرۆكی پەرلەمانێ بەری دوو هەیڤا (٨/٢٥) مە جەلەسە كر سەر مەسەلا ئاوارا، مە بەحس كر، مە گوتێ دوو ئاریشێ پێشڤە كو وەرزێ زستانێ یە و مەسەلا خاندنگەها، مە گوت دڤێت بێنە چارەسەر كرن ئەڤ كەمپا زوی بێنە ئاڤا كرن، یەعنی كو بەحس هاتە كرن (٢٤٥) هەزار و(٢٧٢) قوتابی مەحرومن ئێك ژ سەبەبا ئەڤەیە كو وەكی گوتی زوی بە دوا داچوون نەبیە مە حەس كر پەرلەمانێ ب راستی جدی ئەڤ كارە هەند وەرگرتبا دگەل لایەنێن پەیوەندیدار و جێ بە جێ كار، خالەكا دی بۆ جەنابێ وەزیرێ پەروەردێ پێشان وەختێ بێژین پێشی (٢٠ ) سالا وەختێ وەزعێ دارایی نە یێ باش یێ هەرێما كوردستانێ پتر پشتگێریا رێكخراوێت نیڤ دەولەتی بۆ دهاتە كرن وەكی یونێسف و ئەڤ مونەزەمێت هەی، ئایا ب تایبەتی حالەتێ نووكە ئەڤ داواكاریە هەبیە؟ ئایا پلان هەی بۆ ڤێ چەندێ؟ كو ئەڤە ژی خالەكا گرنگ بی، خالەكا دی كو مەسەلای تەعدیلا (شاهدة صحة الصدور) وان ئەڤە گەلەك جارا دهێتە تەئخیر كرن حەتا ئەڤرۆ ناڤ هۆلا پەرلەمانی بین چەند خودان باوەڕنامەی دكتۆرا پەیوەندی ب مە كریە كو دبێژیت ئەڤە چەند هەیڤا مە بڕواناما خۆ ئینایە، بەلام ناهێتە تەعدیل كرن لایێ وەزارەتا پەروەردێ ڤە، یا دی مەسەلا نەقل كرنا وان بۆ خویندنا بالا تایبەتی بڕیارەك (٦/٣/ ٢٠١٤ ) یا وەزارەتا پەروەردێ دەرچووە كو ئەڤان ماف یێ هەی خودانێ ماستەر و دكتۆرا نەقل بنە خویندنا بالا كو ئەڤێ ل سەر وەزارەتا پەروەردێ ڤە تایبەتی دبوارێ یاسایێ و كشتۆكالێ و شەریعە و راگەهاندن، بەلام دیارە بۆ هندەكا دهێتە جێ بە جێ كرن بۆ هندەكاش ناهێتە جێ بە جێ كرن ئەو ژی وەدكەت كو حەتا خوێندنی بالا هندەكێت دی ل شوێنا وان دەرسا بێژن و ئەڤ شاهدە نەبن، خالەكا دی ئەز تەئكیدێ لێ دكەمەڤە هەر كابینەكا تەواو بی، یەعنی شول ل سەر كابینا چووی بكەت بۆ نموونە حەتا هەمی بوارادا مە بەحسێ مەنهەجێ كر بۆ نموونە گەندەلیا مالی پێشی دوو سالا وا بزانم مەسەلەی چاپەمەنی مەنهەج باسەك هاتە كرن دیعایەت عام باسەك هەبوو، وەزارەتا پەروەردە ئەڤە ژی ئەم حەس دكەین كا چ لێ هات خاسەتەن ئەو شەریكا جیوپرودێسك بەحس هاتە كرن ئەنجامێت وێ ئەم حەس دكەین كا چ لێ هات؟ یا دی تەئكیدێ ئاخفتنا دكتۆر شێركۆ و كاك علی حەمە صالح و ئەڤان برادەرا دكەین مەسەلا وان ١٦ هزار عەقدا، یا دی خالەكا زۆرا گرنگ راستی تەدەخولا حزبی كو ئێك ئەم بێژین شیعارێت حیزبی كابینا هەشتێ یا حكومەتا هەرێما كوردستانێ كو تەدەخولا حیزبی نەهێتە كرن، ئەڤە نموونە ل بەر چاڤن ب تایبەتی مودیرا، یەعنی ئیستیلامەك بۆ من هاتییە چەند نامەی هاتییە یەعنی خودان ئەڤ پرسەنە حەتا نموونەكێ لێرە بینم ئەگەر روخسەت بیت، كابرایێ هەی مامۆستا بە تەلەبێ وی ل ئێكی ئیبتیدائی بوو ئێستا ئەو بووە مودیر ئەو هەر لە جێ خۆ مامۆستایە، تەبعەن ڤێ ڤۆناغێ مەفروزە زویترین وەخت بێتە چارەسەر كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو كەژاڵ هادی فەرموو.

**بەڕێز كەژاڵ هادی:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

لە گەڵ ئەوەی کە مامۆستایان گرفتی زۆریان هەیە و ئەرکی زۆر لە سەر شانی مامۆستایە، بەڵام هەندێ لە گرفتەکانی کاتییە و هەندێکیان تەراکوماتی چەند ساڵەی رابردوویە کە وەزارەتی پەروەردە خەمساردانە لە گەڵ گرفتی مامۆستایانی کردووە، وەك کەمی مووچەی مامۆستایان و نەبوونی دەرماڵەی پیشەیی و نەبوونی دەرماڵەی ترسناکی و هاوتا نەکردنی مووچەکانیان لە گەڵ حکومەتی ناوەند، دوو: کێشەی نەبوونی دایانگە چ لە نزیك قوتابخانە و چ لە ناو قوتابخانە کە بۆ مامۆستایانی ئافرەت کە گرفتی زۆریان بۆ دروست دەبێت، سێ: کەمی رێز لێنان و باس کردن و دەستخۆشی بۆ مامۆستایان و لە رووی مەعنەوییەوە، چەند سەرنج و پرسیارم هەیە لە راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردە باس لە (١٩٠) رۆژ زیاتر کردنی رۆژانی دەوامی رەسمی قوتابخانەکان دەکات، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان دەوامی زیاد بە بینای باش و مامۆستای باش و گوزەرانی باش بۆ مامۆستا و پێداویست و کەل و پەلی سەردەمیانە بۆ قوتابیان جێ بەجێ دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری قوتابیانی قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە، بەڵام لەبەر کەمی نمرەیان کە لە ئاستی پێویست نییە بوونەتە کچانی ماڵ و کوڕانی ماڵ، ئایا چارەنووسی ئەم ژمارە زۆری قوتابیان چییە؟ رێگە چارە بۆ ئەوان چییە؟ بۆ دەرچووی زانستە ئیسلامییەکان پشتگیری لە شکریە خان دەکەم کە باسی کرد، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لە کاتی بوونی هەر ئاهەنگ و بۆنەیەك لە ناو قوتابخانەکان وەك رۆژی ئالا، رۆژی جلی کوردی خێرە رێکخراو و ناوچە حیزبییەکان ئامادە دەبن؟، هیوادارین ئەم دیاردەیە نەمێنێ، ئاواتە خوازین لە بەرێوەبەر و یاریدەدەرەکان خزمەت لە سەر ئەساسی خزمەت و توانا، لێهاتوویی مامۆستا پێوەر بێت، نەك ئینتیمای حیزبی، بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە ناجیگیرن کە ئەمەش دڵەراوکێ بۆ مامۆستا و قوتابیان دروست دەکات، تەئکید لە سەر قسەکانی کاك علی حەمە صالح دەکەم شێوازی هەڵبژاردنی دیراسەی زیاتر بکرێت، تەئکید لە سەر قسەکانی سهام خان و امنە خان دەکەم بۆ پارێزگای دهۆك، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان کرێی هاتووچۆی مامۆستایان و بەرێوەبەری تاقیکردنەوەکانی نیشتمانیی، تاقیکردنەوەکانی کۆتایی جیاوازە، خولی یەکەم بڕی پارەکە کەمترە لە خولی دووەم لە گەڵ ئەوەش مامۆستایانی خولی یەکەم ئەرکیان زیاترە لە مامۆستایانی خولی دووەم، خوێندنی خێرا خۆی لە خۆی دا کارێکی باشە، بەڵام کەمی مامۆستایان جاری وا هەبووە تەنها لە کۆرسی یەکەم چوار جار مامۆستای بابەتی زانستی لە قوتابخانەکانی خوێندنی خێرا گۆڕاوە، دوا قسەم تەئکید لە سەر قسەکانی مامۆستا عبدالرحمن دەکەم سەبارەت بە مامۆستایان کە مۆڵەتی دایکایەتیان هەیە و دواتر دەگوازرێنەوە بێ ئەوەی مامۆستاکە خۆی ئاگادار بێ و، سوپاس بۆ بەرێزتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا ادریس علی فەرموو.

**بەڕێز ادریس علی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ب خێرهاتنا بەرێز هەر دوو وەزیرا دکەم و شاندێ دگەل وانا، دەست پێکێ سەرۆکێ پەرلەمانێ رێز بۆ هەمی ئەندامێن پەرلەمانی و گوتن و فەسێت وان کری هەر ژ دەستپێکا ڤێ جەلەسێ و حەتا نووکە، بەلێ یا ژمنڤە سەرۆکێ پەرلەمانێ ئەڤرۆکە پەرلەمانتارێن کوردستانێ هەمی دێ راوەستن لسەر رەوشا خاندنێ ل قەزا زاخۆ هەروەسا سێمێلێ و دگەلێ قەزا دهوکێ کو چارەیەکێ ببینن بۆ ڤان دەڤەرا، چونکی وەکی ئەم دبێژن یێت ئاریشەکێ گەلەك مەزن دایە، لێ وەك هاتیە گوتن یێ تێر ئاگای ژ برسێ نینە، ئەڤرۆکە بابەت گەلەك مەزنترە ژ ئاریشەیا کو رێڤەبەرێ فوتابخانەیەکێ یان ژ مامۆستا یان ژ نەسریا فوتابخانێ یان ژ ئەڤ ئاخفتن و گوتنێن ئەندامێن پەرلەمانی بەحس لێ کری ب رێزڤە دێ بێژم، ئەڤرۆکە کو ل دەڤەرا زاخۆ (٨٢) هەزار و (٦٠٠) فوتابی ژ کورٍ و کچان بێ خاندنن، (٨٢) هەزار و (٦٠٠) فوتابی بەس ل قەزا زاخۆ زێدەباری سێمێلێ هەروەسا ل قەزا دهوکێ کو ئەو ژی ژبەر ئاوارێن کو پەیدا بی نەخاسمە هەمیان کو ئیشارە پێدا کو دەڤەرا زاخۆ زێدەترە ژ هەمی دەڤەرێن دی حەتا نیزیکی (١٧٠) یان (١٨٠) هزار ئاوارە ل دەڤەرا زاخۆ پەیدانە و هاتیە دابەش کرن ل سەر فوتابخانە هەمیان تەنها فونابخانەك بتنێ ئەو ژی دواناوەندیا ئەوفافا ئیسلامی زاخۆ ئەو بتنێ یا بەتالە و بی جهێ هندێ ژی جهێ سەرفەرازیێ کو ئەزموونێن دەورێن دوویێ یێت پەروەردێ تێدا هاتینە کرنێ و هەروەسا ئەو دەڤەرێت ئاوارە ژی دیسان چوون ئیمتحانێت خو دڤێرێ دا کرن، بەلێ ل ڤێرێ دێ بێژن لازمە چارەیەك بهێت دیتن بۆ ڤی بابەتی نە تەنها بێتە گرێدانێ ب ئاڤا کرنا کەمپا، بەلێ ئاڤا کرنا کەمپا تشتەکێ پێویستە ئەو ل جهێ خوەیە و لازمە عەجەلە لێ بێتە کرنێ نەخاسمە ژ لایێ دەستا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ ڤە زەغت بێت کرنێ لسەر هەمی لایەکێ کو ئەڤ ئاریشە بێتە چارەسەر کرنێ، خالەکا دیتر ئەو ژ گرێدایە ب دامەزراندنێ ڤە کە تەعینات ل پەروەردا زاخۆ وەکو پێزانین گەهشتینە مە کو نیزیکی (٩٠٠) شاغلا یێت هەین، نیزیکی (١٤٠) شاغل بەس تەنها ل فۆناغا ئامادەیی و یێت دی ژی هەمی ل فۆناغا بنەرِەتییە، حسێب بۆ زاخۆ لازمە بێتە کرنێ وەکو حسێبا موحافەزەیەکێ نە حسێبا قەزایەکا بچویك، دامەزراندنێ و تەعیناتێ ڤە کو ئەڤە ژی ئاریشەیەکا مەزنە، وەکو دیسا بۆ ماوێ شەش هەیڤە پەروەردا زاخۆ گلە و گازندە یێت هەین برِوانامە لێ نینن، برِوانامە یێت کو فۆناغا ئامادەیی (١٢) ێ کو بچنە بۆ کولیێ، ئەو برِوانامەیە کو ئەڤرۆکە پێویستە ئەم یێن دەرگەهێ وەرگرتن یان قەبولکرنا جامیعە و کولیێت مە یێت کوردستانێ، گازندەیەکا مەزن دکەن کو برِوانامە مە نینن، حەتا بۆ فۆناغا بنەرِەتی ژ پۆلا نەهێ بچیتە بو دەهێ، دیسا برِوانامە نینن هەر دبێژن ژی پەیوەندیێ ئەم یێن دکەین دگەلێ دهوکێ دبێژن ئەڤرۆ یان ژی سوبە حەتا ئەڤرۆکە ژی دای نەبیە، خالا دویماهیێ کو سەر راوەستن ئەو ژی وەکو پێشنیارەکێ دێ دەمە جەنابێ هەوە کو ئەم حەس دکەین پەروەردا مە یا زاخۆ کو بینایەتێ وێ یێ بچویکە ئەم حەس دکەین قسمێ یان بەشێ ئیشرافێ بێتە جیاواز کرنێ یان ژی ژێڤەکرنێ یان بینایەتەکێ خاص بێتە دانان تایبەت ب ئیشرافێ کو ببیتە جهێ بەرفرەهیێ بینایەتەکێ گەلەکێ تەنگە وەکی قەزا دهوکێ و گەلەك دەڤەرێن دی، زۆر سوپاس.

**بەرِێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو وحیدة یاقو فەرموو.

**بەرێز وحیده یاقو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشییێ ل هەر دوو بەرێزان، هەر دوو وەزیران و شاندێ دگەلێ دا دکەین، گەلەك تشت هاتنە گوتن و ب شێوەیەکێ گشتی پشتگیری ل ئەڤان هەڤالان دکەم بەحسا خاندنا ب تایبەت ل پارێزگەها دهوکێ و قەزا زاخۆ و سێمێلێ هاتە کرن ئەز دووبارە ناکەم، بەس دویف پێزانینا ئەز دبێژم ئەنجومەنێ وەزیران ب تایبەت کاك نێچیرڤان بارزانی لیژنەیەکێ تایبەت دروست کریە بۆ دویف چوونا خاندنا پارێزگەها دهوکێ و وەسا دیارە ژی خاندن سەبەب ئەگەرێ کەمپا نەهاتینە دروست کرن حەتا نووکە، چونکی چارەسەری ب ڤان کەمپا دێ هێتە کرن ب زویترین وەخت دا ئاوارە بچنە ناڤ ڤان کەمپا دا تەلەبە ژی دەست ب خاندنێ بێتە کرن، هیڤیا من ئەوە جەنابێ وەزیرێ پەروەردێ ژی ئەز دزانم کو ئەندامە ل ڤێ لیژنێ بۆ دویف چوونێ پێشنیارا من ئەوە کو ئەندامەك دی هەر دگەل ڤێ لیژنێ بیت هەر نەفسی موحافزا دهوکێ بیت دا بشێت نیزیك دویف چوونا ڤان کەمپا کا بۆچی تەئخیر بینە حەتا نووکە دا ب زویترین وەخت بێنە دروست کرن، وەسا دیارە ژی وەکو پەروەردا زاخۆ کو پێشنیارا وان ئەوە ئەگەر هات و حەتا ئێکێ یازدە ژی خاندن ئەگەر دەست پێکر دێ شێن عیلاجا وەزعی بێتە کرن، یا دوویێ ژی پشتگیری کاك مەلا ادریس یا انس دکەم کو باوەڕنامە ب تایبەت ل قەزا زاخۆ نینن ئێك جار، ئەگەر باوەڕنامە ژی شێوازی نوی هاتنە دروست کرن ژ لایێ وەزارەتا پەروەردێ ئەگەر مابن ژی شێوازێ کەڤن یێت هەین باوەڕنامە، ئەڤە ژی گەلەك جارا نووکە تەلەبە یێت هاتین ڤەگوهاستنێ ژ زاخۆ بۆ هەولێرێ چوونە قوتابخانا ئەڤ باوەڕنامە نەهاتیە وەرگرتنێ، گوتی ئەڤ باوەڕنامە یا کەڤنە و ناهێتە وەرگرتن، تەلەبە ژی نەهاتینە وەرگرتن ل قوتابخانێ، هیڤیا من ئەوە ئەگەر باوەڕنامێت کەڤن ژی بێنە وەرگرتن، نیسبەتا هندەك ئاوارا تایبەت یێت مەسیحی، ئەغلەبی یێت مەسیحی نەچوونە قوتابخانا، یێت چووینە مالێت مرۆڤێت خۆ تایبەت ل گوندا، یەعنی دەرڤەی زاخۆ، ئەڤە ئەگەر وەزارەتا پەروەردێ، تکایە هیڤی یە بێنە وەرگرتن هەر نەفسی قوتابخانێت گوندان، چونکی مەجال هەیە بێنە وەرگرتن ئەگەر رەزامەندی ژ وەزارەتا پەروەردێ هەبیت دا بشێن بەردەوامی بۆ قوتابخانە و ئەڤە ژی دێ بارێ پەروەردێ سڤك بکەتن ل ڤێرێ، بۆ ئاڤارە ژی ئەز دبێژم ئەگەر رێڤەبەریەکا تایبەت بۆ دەشتا نەینەوا یان میسل ب شێوەیەکێ کاتی ئەگەر هەولێرێ بێتە دانان دا چارەسەریا قوتابییێت ئاوارە بێتە کرن دا ب ساناهی تر بیت بۆ وەزارەتا پەروەردێ ژی و، هەروەسا ژی نیسبەتا مەسیحیا بەس عینکاوە ئەز دبێژم هندەك قوتابخانە ئاوارێت مەسیحی تێڤەنە ئەو ژی ئەز دبێژم ب ساناهی بێنە ڤالە کرن ئەڤ قوتابخانێ هەنێ، تشتەك دی ژی مامۆستا یا فەرە ژی سالانا خاندنێ یێ دەرکەفتی ژ وەزارەتا پەروەردێ یێت دبێژیت (١/٣) ئەزموونێت وەرزێ ئێکێ دەست پێ کەت، هەر(١/٦) ئەز دبێژم عوتلەیە هەروەسا جەژنا ئەرمەنیانە تێدا، ئەگەر نڤیسینەك ژ پەروەردا گشتی ل دهوکێ هاتی

رەوانە کرن بۆ وەزارەتا پەروەردێ کو رەزامەندی ئەڤ ئەزموونە بێنە (١/٨)، ئەز دبێژم گەلەك تەئسیرا خۆ نینە ببیتە (١/٨) دا ئەڤ ئەزموونە بێنە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەروان گەڵاڵی فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا بە خێرهاتنی هەر دوو برای بەڕێزم هەر دوو وەزیر و شاندی یاوەریان دەکەم، زۆر بە کورتی پێم خۆشە ئیشارەت بە چەند خاڵێك بکەم، یەکەمیان کە پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانێکی تایبەتی هەبێ بۆ دهۆك و پشتگیری لە گشت قسەکانی خاتوو امنە زکری دەکەم دەربارەی پارێزگای دهۆك، دوو: پەروەردەی ئاینی لە خوێندنگەکانماندا هیچ ڕۆڵێکی بۆ نەهێشتراوەتەوە، بۆ پەروەردەکردنی تاکەکانی ئەم گەلەمان، وانەی ئاین خراوەتە وانەی کۆتایی، بۆ؟ پرسیارێکە بۆ جەنابی وەزیر، دووەم پرسیارم بەڕێز بەرنامە چییە بۆ دوورخستنەوەی دەستی حزب لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، پرسیاری سێیەمم ئایا دانانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەسەر ئەساسی حزبی بوون لەو کابینەی بەڕێزیشت بەردەوام دەبێ، یان بەرنامەت هەیە لەسەر ئەساسی پسپۆڕی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرەکان بکەین، پرسیارێکی تر هۆکارەکانی لاوازی پەروەردە لە خوێندگاکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە، پلانت چییە بۆ نەهێشتنی ئەم هۆکارانە؟ پرسیارێکی تر تا چەند ئەو گۆڕانکاریە یەك لەدوای یەکانەی لە مەنهەجی پەروەردەی خزمەتی بە پرۆسەی خوێندن کردووە لە هەرێمدا، پرسیارێکی تر بۆ تا ئێستا کەمترین ڕێژەی دامەزراندن لەنێو ئەو دەرچووانەیە، کە دەرچووی کولێژی شەریعەن، پرسیارێکی تر کە هیوادارم ئەوە بکرێتە کردەوە، گەڕانەوەی ڕێزی مەعنەوی مامۆستایان لە هەموو قۆناغ و مەرحەلەکاندا، کۆتایی پرسیاریشم پشتگیری پرسیارەکەی گەشە خان دەکەم، کە دەربارەی مەنهەجی خوێندنی بلێن ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، کە بەکوردی دەخوێنن، بەڵام کە پۆلی ١٢ تەواو دەکەن لە کۆلیژو مەعهەدەکان وەرناگیرێن، ئەوە موشکیلەیەکی گەورەیەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم تەوەرەی کە ئێستا عەرزی دەکەم، دیارە لە ڕوانگەی پرۆسەی پەروەردە ئینجا فێرکردن، ئەوەی کە جەختی لەسەر دەکەمەوە بەوەی کە کات زۆر نەبەم، بوعدە پەروەردەکەیەتی، کە بە بڕوای ئێمە مرۆڤی عێراقی، مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئەگەر ناوی بنێین ئەمنی بەشەریمان، لەبەر مەترسیەکی گەورەدایە،

ئەم وەزارەتە بەڕێزە کە ئەمنی بەشەریمان بۆ بگێڕێتـەوە، ڕاسـتە بـە سـێ، چـوار سـاڵ نایگێڕێتـەوە، بـەڵام دەبێ ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە بکەین، کە ئایا چی دەکرێت بۆ بنیادنانەوەی زاتی ئینسان لە هەرێمی کوردستان، نموونە دەهێنمەوە بە دیراسەیەك لە زانکۆی هارڤەرد لە ئەمریکا، زانکـۆی هارڤـەرد دوای ئەوەی کە توێژینەوەیەکی تر لەناو تەلەبەکان خۆیان بۆی دەرکەوت لـە (٨٥٪)ی مەنهـەجی بـۆ بـواری علمی داناوە، لە( ١٥٪)ی بـۆ بـواری بیناسـازی و پـەروەردەکردنی نـاخی مرۆڤـەکان دانـاوە، زانکـۆی هارڤـەرد ئیعتیرافی کرد کە لە (٢٥) ساڵی رابردوودا لە هەڵەدایە، (٢٥) ساڵ شەشەم باشترین جامعە لە عالـەم ئـیعتراف دەکات کە لە هەڵە دایە، چـونکە دەبووایـە نیسـبەکان بـە عەکسـەوە بووایـە، دەبووایـە لـە (٨٥٪)ی مەنهـەج، پرۆگرام، بۆ دروستکردنی ئینسانەکە بووایە لەڕووی ئینسانیەوە بۆ؟ بۆ ئەوەی کە ئێمە تەنها عالم دروست نەکەین، عالمی ناتەواو لەڕووی ئینسانیەکەوە دروست نەکەین، بـەڵکو ئینسـان دروسـت بکـەین ئینجـا عـالیم بێ، ئینسانی عالیم دروست بکەین، ئێمە بەداخەوە پرۆسەی تەعلیم لەوساوە باسی دەکەین دیواری چییەو، نوقسانی چییە، ریحلـەی چـییەو، تەختـەی چۆنە، پێداویسـتیەکانی و دەسـت تێـوەردانی حزبـی و ...هتـد، ئەمە هەمووی وەکو ئەوە وایە بە بڕوای من کە ئێمە بینایەك دروست دەکەین، ئەم بینایە بۆڕی و کارەبا و ئاوو تەختەو داری باس دەکەین، بەڵام خۆمان نازانین ئەسڵەن ئەم بینایە بۆچی دروست دەکەین، هەویـەی ئەم بینایە بۆچییە؟، من ئەم داواکاریـە ئاراسـتەی جـەنابی وەزیـر دەکـەم، ئایـا بەرچـاوی ڕوونـە لـە (٢٠١٨) دەمانگەیەنێتە کوێ، لەڕووی بنیاتنانەوەی تاکی هەرێمی کوردستان، بنیاتنانەوە ئەو تاکەی کە دەیـان سـاڵە بـەپێی دیراسـاتەکان نێـردراوە کـە دەرووخـێ، حەزدەکـەم بـزانن بـەڕێزان و، بەدیراسـاتی عیلمـی ئێمـە شەخسیەتمان، کەسایەتیمان، ناخمـان مشـەوەهە، ئێمـە کەسـانی نائاسـاین بـەپێی مـەعایری عیلمـی، دەبـێ بونیات بندرێت، نەوەکانی داهاتوو بەتایبەتی ئێرە بونیات بنرێتەوە، ئایا لە (٢٠١٨) جەنابی وەزیر روئیەی وازیحە، بۆیە پێشنیاردەکەم کۆتایی قسەکانم بەوە دەهێنم، ستراتیجێکی نیشتمانی درێژخایەن، ستراتیجێکی نیشـتمانی درێژخایـەن بـۆ بنیاتنانـەوەی تـاك، فێرخـواز لـە هـەرێمی کوردسـتاندا کـە ئەمـە سـتراتیجی پەروەدەییە، نابێ کەمتربێ لە (١٠) ساڵ، بۆیـە نـاوی دەنـێم سـتراتیجی نیشـتمانی، بـۆ ئـەوەی وەزیـری دوو کابینەی تر تەنها بتوانێ تەعدیلاتی تێدا بکات، نەك بیگۆڕێت، ئەم پرۆسەی بنیاتنانەوەی مرۆڤە بێگومان زۆر گـەورەترە لـە بنیاتنانـەوەی ڕێگاوبـان و ئاوەدانکردنـەوەی ژێرخـانی ئابووریـە، لەبەرئـەوە تکـا دەکـەم، جـەنابی وەزیـر تەبـەنی سـتراتیجی نیشـتمانی و هەرچۆنێك بـووە، بـە هـەموومان داوا بکـەین ئەنجومـەنی وەزیران پەسەندی بکات، ستراتیجێکی نیشـتمانی درێژخایـەن بـۆ بـواری پـەروەردە و بونیاتنانـەوەی مـرۆڤ، بەکورتی چەند داواکارییەکیان لێ کردووین کە زۆر گرینگـە بـە خـاڵ دەیڵـێم، تەلەبـەی عـەرەب زۆر ڕووی کردووەتە هەرێمی کوردستان، بەغداد پێویستە لەسەر بودجەی خۆی قوتابخانەیان بۆ بکاتـەوە، خزمـەتیان بکات لە هەرێمی کوردستان، تەنها ئەوە یادی جەنابی وەزیر دەهێنمەوە تـەنها ئەوانـەن کـە داوا بکرێـت لـە بەغدا ئەو پارانە بنێرێت، کـە خزمـەتی تەلەبـە عەرەبـەکان و ئاوارەکـانی ئێـرە، کـە ئێسـتا ئـەرکن بەسـەر وەزارەتـی پەروەردەشـەوە، پێداچـوونەوە بەوانـە بکرێـت کـە بەشـێوازی نایاسـایی تـەرفیعیان پـێ کـراوە،

گەیشتووەتە مەناسب و پۆستی زۆر حەساس، زۆرێك لەو خەڵكەی کە خزمـەتی تـەواو کـردووە لـە دەرەوەی شارەکان، کاتی ئەوەیان هاتووە کە نەقل بکرێنەوە بۆ ناوشارەکان، پێداچوونەوەی بکرێت، ئـەو مافـەیان بـۆ بگێڕێتەوە، باسی دەست تێوەردانی حزبی کـرا دووبـارەی ناکەمـەوە، بـەڵام دەمێنێتـەوە تـەعلیمی میهـەنی، ئـەمڕۆ فێرکردنـی میهـەنی و پیشـەیی دەتـوانم بڵـێم تـەنها دەروازە نـەبێ، یەکێکـە لـەو دەروازانـەی کـە ڕزگارمان دەکات و دەمان بات بۆئەوەی کە لەمەودوا پشت نەبەستین بە تەعیناتی حکومی، کە ئەوە کارێکی زۆر زۆر مەترسیدارە حکومەت هەتا هەتایێ ئەوها خەڵك تەعین بکات، مەخرەجی ئیقتصادی و عیلمی بـۆ ئـەو مەوزوعـە بـەهێزکردنی تـەعلیماتی میهـەنی و پیشـەییە، تکـا دەکـەم خوتەیـەکی سـتراتیجی لەلایـەن وەزارەتەوە بگات بە ئێمە بـۆ خوێنـدنی پیشـەیی، کـە چۆن وەکـو جـەنابی فـەرمووی دەیانـەوێ یـەکنگیری بکەنەوە لەگەڵ بازاڕی کار و خواستی بازاڕ، تکایە خوتەیەکی ستراتیجیمان لەو بوارەوە پێ بگات، بۆئـەوەی بتوانین موتابەعە بکەین، لە کۆتاییدا هیوادارین کە وەزارەت نەخشە ڕێگایەك، خوتەیەکی ئەم سێ ساڵەی داهاتوومان بداتێ، بۆئەوەی کە ئێمە بتوانین موتابەعەی بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عزت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی ئە دوو وەزیرە بەڕێزەو بەڕێوەبەرە گشتیەکان دەکـەم، قسـەکانم بـەوە دەسـت پـێ دەکـەم، کـە ڕێژەی دەرچوون لە قۆناغی (١٢) ی ئامادەیی، بەداخەوە لەو پێنج ساڵەی رابردوودا کەمی کردووە، ئەم کەم بوونە ئەگەر لایەنی داراییەکەی لێك بدەمـەوە بەنزیکـەیی خوێنـدکارێك لـە سـاڵێکدا (٧٠٠) دۆلار نزیکـەی تێچوویەتی، هیودارم وەزراەتی پەروەردە ئـەم مەسـەلەیە بـە هەنـد وەربگرێـت، مانـەوەی خوێنـدکارێك بـۆ ساڵێك، هەروا ساناو سادە نییە، ڕاستە بەشێکی زۆری خوێندکار شەنسێك بەخۆی دەدات کە ئەزانێت نمرەی کەم دەهێنێت، هەر کەسێك دەوری دووەمی هەیە ناچێتە ئیمتحانەوە بۆ ئەوەی ساڵی دووەمـی لـە قۆنـاغی (١٢)ی ئامادەیی، ئەو (٧٠٠) دۆلارە ئەوە ئەوەیە کە حکومەت بۆ یەك خوێندکاری سەرف دەکات لە ساڵێکدا، بێ لـەوەش ئـەو خێزانـە دوو (٧٠٠) دۆلاری خـەرج دەکـات لـە ڕۆڵەکەیانـدا کـە لـەو سـاڵەدا خوێندوویـەتی، کەواتە ئەوە خەرجیەکی زۆر زۆرە لە گیرفانی خێزانەکان و گیرفانەکانی حکومەتی، بەڵام وەزیری پێشووی پەروەردە بەڕاستی لە موقابەلەیەکدا بینیم وتی زۆر ئاساییە خوێنـدکار بمێنێتـەوە، ئەگـەر لایـەنی دارایـی لێك بدەمەوە زۆر نائاساییە، ساڵی هەشـتاکان ڕێـژەی دەرچـوون لـە پـۆلی شەشـی ئەوکاتـە ئامـادەیی، یـاخود ئێستا پێی دەڵێن (١٢) زۆر زیاتر بوو لە ساڵی دوو هەزارەکان، بۆیە ئەوە زۆر گرینگە لە ڕووی یاساو ڕێسـای ڕێنماییەوە وەزارەتی پـەروەردە کـار بـەوە بکـات، تەشـجیعی خوێنـدکار بکـات سـاڵێك زیـاتر لـە پـۆلی شـەش نەمێنێتەوە بە هەر بیانوویەك، ئەمەش بەوە دەکرێت خوێندکار ئێستا دەزانێت ساڵەکان ئاستی وەرگرتنـی خوێندکار و ئەو نمرەیەی کە پێی وەردەگیرێت جیاوازی زۆر تێدا ڕوودەدات لەنێوان ساڵێك و ساڵێکی تـردا،

بۆیە تەزحیە بەو پارەیە دەدات، تەزحیە بە ساڵێکی تەمەنی خۆی دەدات بەهیوای ئەوەی شانسێکی باشتری هەبێ، کولیەیەکی باشتر وەری بگرێت، بۆیە ئێمە لە ڕێگای سیستەمەوە بەهیواین وەزارەتی پەروەردە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم بە هەموو شێوەیەك قەدەغە بکرێت و لەسەر دەستی ئەم وەزیرە بەڕێزە بێ کتێبی خوێندن بۆ خوێندکار ئیتر لە دەرەوەی وڵات چاپ نەکرێت، بە سەدان هەزار دۆلار ساڵانە دەدرێت بە چاپ کردن و هیچ تەبریرێکیش نییە، یان حکومەت خۆی چاپخانە دابنێ یان بە کەرتی تایبەت لەناوخۆیان هەلی تایبەت، هەلی کار دەدۆزێتەوە، قازانجی بۆ ئابووری وڵاتەکەمان دەبێ، لە پۆلی چواری سەرەتاییدا یاخود با بڵێین پۆلی چوارەم خوێندکارێك دوو کتێبی ئینگلیزی دەدەنێ، کتێبێکیان خوێندنی ڕۆژانەیە، کتێبێکیشیان ڕاهێنانی ڕۆژانەیە، ئەو خوێندکارە دەتوانێ ئەو دوو کتێبەی بۆ بکەیت بە یەك کتێب بۆ وەرزێك هەمان کتێب بۆ وەرزێکی تر، زۆر باشتریشە ڕاهێنان و خوێندنەکەی لە یەك کتێب دابێ، ئەوکاتە قورسایی نیوەی کتێبەکە یاخود قورسایی ئەو کتێبانەی کە لە جانتاکەیەتی دەبێ بە نیوە، کە بەڕاستی امنە زکری زۆر بەباشی باسی کرد، ئەمەش هەر پشتیوانییەکە بۆ ئەوەی ئەو لە ڕاستییە، ئەوەی ماوە بڵێم لە زۆر وڵاتی دونیا کرێی خوێندنی ئەهلی لەسەر بنەمای هەلاوسانی نرخ ساڵانە دیاری دەکرێت، چەند خوێندنگایەك بە نموونە بێنمەوە لە ماوەی (٥) ساڵی ڕابردوودا، نرخی ئەوسا لەگەڵ نرخی ئێستا بەرێژەی لە ١٠٠٪ زیادی کردووە، کە ئەمە نابێ لە هیچ ئابووریەك، لە هیچ وڵاتێك، لە هیچ وەزارەتێك ڕێگای پێ بدات، من بەدواداچوونم کردووە لە مودیری مەکتەبەکە دەپرسم دەڵێ وەزارەتی پەروەردە ئیمزای بۆ کردووم، ڕێی پێداوم هیوادارم ئەو خەتایەی نەخەنە سەر وەزارەت، زۆر بە وردی دیراسەی بکەن و ببێ بە بڕیار، ئەمە دەیڵێم بۆ زانکۆ ئەهلییەکانیش تەواوە، ناکرێ و نابێ بەبێ یاسا و بەبێ بنەما نرخ زیاد بکرێ، دیراسەی وردتر کراوە، خوێندکارێك لە ڕەوزەیەکدا بە چ پێوەرێك ( ٥٠٠٠) دۆلار، کە دەڵێین لە ماوەی ساڵێکدا، ساڵێك نییە لە ڕاستی شەش مانگە، لەبەرئەوە داواکارم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە زۆر بە وردی دیراسەی نرخی خوێندن لە دایەنگا، لە خوێندنگا ئەهلییەکان بکا بنەماو ڕێسا و یاسایەکی بۆ دابنێن، چونکە پارەیەکی زۆر زۆر قازانج دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردەو شاندە بەڕێزەکەی دەکەم، پێشنیاردەکەم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، لەم زروفە نەخوازراوەی ئێستادا بۆئەوەی چی تر خوێندن لە پارێزگای دهۆك دوانەکەوێت، ئەوە نزیکەی دوو مانگ تێ دەپەڕێت، بەسەرکردنەوەی دەوامی ڕەسمی خوێندنگا لە قوتابخانە ئەهلییەکان نەك هەر لە ئێستادا ناتوانین ئەو ئاوارانە لە قوتابخانەکاندا بگوێزینەوە، بەڵکو دوای دەرچوونیشی لەو قوتابخانانە، ئەو قوتابخانانە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بۆیە پێشنیاردەکەم کە هەماهەنگی هەبێ

لەنێوان وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی ئەوقاف، کە لە هەموو کوردستاندا و لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا مزگەوتێکی زۆری لێیە، ئێمە دەتوانین سوود لەو مزگەوتانە وەربگرین بۆ ئەمە مەبەستە، تاجێگای ئەو ئاوارانە لەو شوێنە پیرۆزانە بکەینەوە، کە مزگەوتەکان هەم شوێنێکە، هەم خێرە، هەم ئینسانیشەو ڕێگاش ناگرێت لە یەکتاپەرستی موسوڵمانان، دیار بوو برای بەڕێزم کاك دکتۆر عزت باسی چاپەمەنییەکانی زۆر بە باشی کرد ئەوە نوقتەیەکە زۆر بە گرینگی نووسیومەو هەمووی باس کرد دووبارەی ناکەمەوە، جگە لە کێشەی بیناو زۆری قوتابی لە قوتابخانەکانی هەرێمدا بەشێوەیەکی گشتی، مەسەلەیەکی تر هەیە کە پەیوەندی بە تاکی قوتابیانەوە هەیە، ئەویش مەسەلەی تەندروستییە، کە زۆر ئیهمال کراوە بەداخەوە، ئەو تانکییە ئاوانەی کە لە قوتابخانەکاندا هەیە ساڵانە پاك ناکرێنەوە، قوتابیان ئاوی لێ دەخۆنەوە کە ئەمە ڕاستەوخۆ تەئسیری سلبی تەندروستی هەیە لەسەر قوتابیان، بۆیە پێشنیاردەکەم لە وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی تەندروستی هەماهەنگیان هەبێ بۆ ئەم مەسەلەیەو بۆ مەسەلەی حانوت و کافتریاکان، نوقتەیەکی تر وەك لە راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردەدا هەبوو، کە تێیدا باسی کاراکردنی ئەنجومەنی دایکان و باوکانی کرد، دەتوانن بەڕێزیان ئەو خاڵە ڕوون بکەنەوە مەبەست لەم ئەنجومەنە چییە، خاڵێکی تر بەنیسبەت بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانە ئەهلییەکان ناتوانن جارێکی تر بگەڕێنەوە قوتابخانە حکومیەکان، لێرەدا دەپرسم ئەگەر کەسێك منداڵەکەی لە قوتابخانەیەکی ئەهلی بێت و لە داهاتوودا نەتوانێت بینێرێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە، بەهۆی لە دەستدانی کارەکەیەوە بێ یاخود تاجرێکەوە ئیفلاس دەکات یان بە هەر هۆکارێکی تر بێ، ئەبێ چارەسەر چی بێ بۆ ئەم مەبەستە، ئایا ڕەوایە منداڵەکانیان لە خوێندن دەربهێنن و دووركەونەوە لە خوێندن کە لە خوێندنگا حکومیەکانیشدا وەرنەگیرێن؟، بۆیە پێشنیاردەکەم کە وەزارەتی پەروەردە موراجەعەی ئەو بڕیارە بکاتەوەو ئەلتەرناتیڤێکی تر دابنێ بۆ ئەم مەبەستە، خاڵێکی تر ناسیستەمی سیعر و مەنهەجی جیاواز لە قوتابخانە ئەهلییەکاندا کە لە قوتابخانەیەك بۆ قوتابخانەیەکی تر ئەم سیعرە جیاوازە و ، هەر قوتابخانەو بە ئیشتیهای خۆی سیعر و مەبلەغێك تەحدید دەکات، کە ساڵانە ئەم سیعرانە لە هەڵکشاندایە ئەمە جگە لە جیاوازی مەنهەجی ئەم قوتابخانەیە، ئەوەی ئێمە دیراسەمان کرد بێ، زۆر لەم قوتابخانانە زیاتر تەعلیمین نەك تەربەوین، کە زەرورە پێچەوانەکەی بێ، تەربەوی بێ ئینجا تەعلیمی، پێشنیاردەکەم کە میکانیزمێکی گونجاو دابنێن بۆ ئەم قوتابخانەیەو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز و شاندی یاوەریان دەکەین، دیارە لە راپۆرتەکەدا جەنابی وەزیر بۆ خۆی ئاماژەی زۆر بە کێشەکان کرد، لەڕاستیدا من دەڵێم ئەگەر هەر ئەو پێشنیارانەی کە خۆی

باسی کرد ئێمە موتابەعەیان بکەین و کاری لەسەر بکەین، پێم وایە زۆربەی لە کێشەکان چارەسەر دەکرێ، بۆیە پێشنیاردەکەم کە ئەو راپۆرتە ئەگەر نوسخەی بە هەمووومان بدرێ، بۆئەوەی دواجار بەدواداچوونی بۆ بکەین، یەکەم خاڵ کە ئەمەوێ وەکو پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیری بکەم ئەوەیە، ئەمە نامەیەکە ئەم نامە فەرمییە بە ژمارە (٦٢، ٤٢) لە بەرواری (٢٠١٤/٣/٤) بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان هاتووە، پەروەردە، رۆژهەڵات، رۆژئاوا، هەڵەبجەی شەهید، پشتدەر، رانیە، پێنجوێن، دوکان، چەمچەماڵ، شارباژێر، شارەزوور، سەید سادق، دەربەندیخان، قەرەداغ، کە تێیدا دەڵێت بەڕێزتان ئاگادار دەکەین کە لەمەودوا بەهیچ شێوەیەك بروانامەی زانستە ئیسلامییەکانمان بۆ مەنێرن، بە مەبەستی گۆڕینی ناونیشان و ڕێژەی دەرماڵە، لەبەرئەوەی لە وەزارەت کاریان بۆ ناکرێت،  بە ئیمزای پەروین امین احمد بەڕێوەبەری گشتی بە وەکالەت، ئایا جەنابی وەزیر ئاگای لەوە هەیە؟ ئەگەر ئاگای لێیەتی بەڵکو وەڵامێکمان بداتەوە بزانین لەبەرچی ئیشیان بۆ ناکرێت، ئەمەش کتابێکی ترە کە بۆ خوێندنی (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩) بە ئیمزای بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، کە تێیدا موافەقە کراوە بۆ پەیمانگایەك بەناوی پەیمانگای ئەزهەر لە کوردستاندا فەرعی لە هەولێر، بە رەسمی و بە فەرمی دامەزراوە، بەڵام بەداخەوە وەفدیان هاتە لای ئێمە شەکوای ئەوەیان هەبوو، کە تاوەکو ئێستاش کە بەشێوەیەکی فەرمی مۆڵەتیان پێدراوە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەوانەی کە لەوێ دەردەچن، دیارە پەیمانگاکە پەیمانگا نییە، بەڵکو ئەعدادیەی ئیسلامییە، بەس ناوی پەیمانگایە بەپێی ئەو سیستەمەی کە ئەزهەر هەیەتی، بەڵام بەداخەوە هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێ و کاتێك کە تەخەروج دەکەن لە هیچ شوێنێك وەرناگیرێن ئایا بۆ؟ سەبارەت بە پرسیاری سێیەم زەی موەحەدە، کە دیارە زەی موەحەد کاکڵەکەی ئەوەیە لە ڕەنگدا وەکو یەك بێ، نەك جۆری قوماشەکەی، جۆری دوورینەکەی، بەڵام لە سلێمانی لە زۆر لە مەکتەبەکان وەکو ئاگاداریان کردینەوە قوتابیانی کچ ئیجبار دەکرێن بەوەی کە دەبێ پانتۆڵ و تەنورەی تەسك و بێ شەرعیان لەبەر دابێ، ئایا لەسەرچی، ئەم ئیجبارییە لەسەر چییە؟ لە کاتێکدا کە ئیدعای دیموکراسیەت دەکرێ لە کوردستاندا، پرسیاری چوارەم سەبارەت بە ماددەی ئاین زۆری لەسەر وترا، من پێشنیاردەکەم بەوەی کە هۆکارەکەی ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەوانەی کە ماددەی ئاین دەڵێنەوە دەرچووی عەرەبین، ئیختصاصیان، پسپۆڕیان لە زمانی عەرەبیدا هەیە نەك لە ئاینیان هەبێ، لەبەرئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وەزارەتی ئەوقاف کۆمەڵێك مەعاهید و پەیمانگای زۆری هەیە دەرچوویان هەیە، بەڕاستی تاوەکو ئێستا چەندین وەجبە تەخەروجیان کردووە هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێ، ئەگەر لە وانەکە لە پسپۆڕی خۆیان دابمەزرێن، بەڵکو لەو ڕێژەیە دیارە لەو ماوەیە ڕاگەیەنرا، کە بە عەقد دادەمەزرێن ڕێژەیەك بۆ ئەوانە دابندرێن، بۆ ئەوەی تەعین بکرێن بە عەقد دەرسی ئاین بڵێنەوە، چونکە بەڕاستی مامۆستای وا هەیە کە پسپۆڕی لە زمانی عەرەبیدا هەیە جاری وا فاتیحەشی لەبەر نییە بە تەواوەتی و دەرسی ئاین دەڵێتەوە، پرسیاری پێنجەم بەرنامەی جەنابتان چییە سەبارەت بە پاراستنی ئەو کتێب و پرۆگرامانەی کە قورئانی پیرۆزیان تێدایە، کە بەداخەوە زۆرجار فڕێ دەدرێتە زبڵدانەکانەوە، شەشەم سەرجەم بەڕێوەبەرەکان لەسەر بنەمای

تەزكیـەی حزبـی دامـەزراون قسـەیەكی لەسـەر كـرا، بـەلاَم پرسـیارەكەی مـن ئەوەیـە كـە نموونەیـەكی بـۆ دەهێنمەوە، ئەمساڵ (١٥) مودیر لە ڕانیە بە تەزكیەی حزبی داندراون، بەبێ ئیمتحان و كەفائە، جەنابیشت لێكۆڵینـەوەت كردیـە، بـەلاَم هـیچ نەتیجەیـەك نـەبوو، هـیچ گۆڕانكاریـەك نـەبوو، ئایـا بـۆ؟ نـاوی ئـەو (١٥) مامۆسـتایەشمان لەلایـە، سـەبارەت بـە كێشـەی مامۆسـتا و تـەعینات بـە نموونـە مامۆسـتایەكی زۆر كـە لـە سلێمانی و هەڵەبجەوە دەچن بۆ سەید صادق و پێنجوین بۆ نموونە، ئەمە بووەتە هۆی سلێمانی و هەڵەبجە كێشەی میلاكیان هەبێ، دەرچوویەكی زۆریش لە پێنجوێن و سەیدصادق دانامەزرێن، خاڵی هەشتەم، بۆچی مۆڵەتی خوێندن نادرێت بەو مامۆستایانەی كە پسپۆری شـەریعەتن و بـۆ خوێنـدنی ماسـتەر و دكتـۆرا، بـە بیانووی ئەوەی ئەو پسپۆریانەتان پێویست نییە، لەكاتێكدا ئەوان وانەكانی عـەرەبی و ئـاینیش دەڵێنـەوە، پرسیاری نۆیەم: بۆچی مامۆستایەك بۆ لاری نەبوونێك (عدم ممانعە) بۆ خوێنـدن لـە پێنجوێن و زاخـۆوە دەبێ بێتەوە هەولێر، ئەی بۆ دەسەلاَت نادەن بە قـەزاكان یـان بەڕێوەبـەرە گشـتییەكان بۆیـان بكـەن و ئـەو رۆتیناتە نەمێنێ بۆ ئاسانكاری؟، خاڵێ دەیەم: كۆمەڵێك مامۆسـتا هەیـە كـە هـەڵگری بڕوانامـەی ماسـتەر و دكتۆران بۆ نەقلیان ناكەن بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاَ خوێندنی خزمەتی یاسایشیان تەواو كـردووە، كـاتێ: كە داواتان لێ دەكەن كە مۆلەتیان پێ بدرێت بۆ خوێندنی دكتۆرا، بۆ نموونە دەڵێن پێویستمان بە پسپۆری شەریعە نییە، ئەگەر پێویستتان پێی نییە، ئەی بۆ نـەقلیان ناكـەی بـۆ وەزارەتـی تـەعلیم عـالی، بـۆ ئـەوەی لەوێ مومارەسەی پسپۆریەكەی خۆیان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵەبەت پرسیارەكانم بە نووسین ئاراستەی وەزیر دەكەم، بۆئەوەی كات بگێڕمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكانم كرا، قسەكانم لە چوار خاڵدا كورت دەكەمەوە، پرسیاری یەكەمم لـە بـەڕێز وەزیـر بۆچـی كتێبەكانی خوێندن لە هاویندا چاپ ناكرێ؟ هەموو ساڵێك ئەم گرفتە دووبارە دەبێتەوە، بەردەوام دەكرێت و گرفتی زۆری كتێبمان هەیە بۆ خوێندكاران، دووەم: مامۆستایەكی زۆر هەیـە كـە مـن ناوەكانیشـم لەلایـە ئەمە پاشماوەی دوو ئیدارەییە ئەوانە مەعاشی مامۆستایەتی وەردەگرن، بەلاَم دەوامی مامۆسـتایەتی ناكـەن و ئیشـی تـر دەكـەن، وەزارەت چـی دەكـات لەوكەسـانە؟ ئەوانـە ئەگـەر توانـاو شایسـتەییان هەیـە فـەراغ و

بۆشاییەکانی پەروەردەیان پێ پڕ بکرێتەوە، یاخود بە مامۆستایی نەمێنن، سێیەم: دەربارەی هاوسەنگی لەنێوان قوتابی و مامۆستا، کە ئێستا قوتابی بە سەنتەر کراوە، هەم لەلایەن سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکان و، هەم لەلایەن قوتابی، هەم لەلایەن دایك و باوکان، هەموو فشارەکە لەسەر مامۆستایە دەبێ ئەو هاوسەنگییە بگێڕدرێتەوە بۆ مامۆستا، شکۆی مامۆستا وەکو برادەران باسیان کرد ئایا پلانی وەزارەت لەو بارەیەوە چییە؟ خاڵی چوارەم: کێشەی قوتابیانی سنووری بەردەڕەش لە (٢٥/ ٧) هەشت هەزار ئیمزا لە ڕێگای لیژنەی پەرلەمانەوە گەیەنراوەتە وەزارەت، کە ئەوانە داوای گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن دەکەن لە شێوازی بادینییەوە بۆ سۆرانی، لانی کەم ئەگەر ئەوەش نەگۆڕێت ئیختیار بدەن بە خوێندکارەکان، بۆئەوەی خۆیان کام شێوەزاریان تێدا موسەیترە یان بەدڵیانە بەوە بخوێنن، بەوە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئاخیر خاڵیشم لەسەر مەسەلەی دەست تێوەردانی حزبییە، پشتگیری لە ڕای زۆربەی برادەران دەکەم، هیوادارم کە جەنابی وەزیر پێشتر بەرپرسێکی حزبی بووە ئێستا بەرپرسی حکومییە، بۆ خۆی باش لە موعانات و زەرەرو زیانەکانی دەست تێوەردانی حزبی دەزانێ، سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت، ئێمە لەگەڵ ئەو مودیرانەمان نییە کە حزبین و کەفائەتیان هەیە، بەڵام چی لەو بەڕێوەبەرانە دەکەن کە تەنها لەسەر بنەماو پێوەری حزبی بوون داندراون، ئەوانە نەك بارن بەسەر قوتابخانەکان، ئیهانە بە مامۆستای غەیری حزبیش دەکەن، دەرسیان بۆ دەخەنە ئاخیر، جیاوازی دەکەن لە کەفائەت و شوکر و تەقدیر و هەموو شتەکانی تر، ئومێدەوارین ئەم دۆخە کۆتایی پێ بهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ شامۆ فەرمووو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێربێن هەردوو ڕێزداری وەزیرو شاندێ دگەلدا، گەلەك پرسیارێت من بەرسیڤە من لەناو راپۆرتە جەنابێ وەزیردا هاتن، ڕای خوشك و برایە ئەندام پەرلەمان ئەو دەردو داخوازیەی ناڤ ڕەوشا پەروەردەدا ئانینە زمان، ئەز پشتەڤانیا لە بیروبۆچوونی ئەوان دەکەم، تنێ پرسیارەکا من هەبوو جەنابی وەزیر باسی چەند سیسی یان خولاسی بۆ قۆناغی سێ و دووێ نازانم شەشێ دێ چەند سیسێ هەبێ یان ئەو ژی ئەزموونا بکەن، ڕاستە قۆناغا ئامادەیی دەست پێکریە، چونکە دوو حالەی هەی، خوێندنا خۆ دەست پێکریا لەسەر ئاستی هەندێك ئامادەیین لە پارێزگا دهۆکێ، پێشوازیا قوتابیێن ئامادەیین ئاوار ژی کەن، بۆ نموونە لەسەر ئاستی پەروەردە سێمێلێ ئامادەیە یاخانکێ وەکو ئامادەیەکی نموونە دهێتە حیساب کرن،

قوتابی پێشوازی كرنا، له ڤان قوتابیه نه خەرجییێن جل و بـەرگێن زەی موەحـەد هەنـە بكـرن نـە ژی ئـەو قوتابییێن خاندنا عەرەبی ڤەستا چارێ دهوكێ دكەن خەرجییێن چون و هاتنێ ژی نینن، ئەڤان ل دور شیانا ئەگەر جەنابێ وەزیر عیلاجەكێ بكەت باشە، صەد ژ صەد ئـەز پشـتەڤانیا هـزرا دكتـۆر شـێركۆ دكـەم ئاڤا كرنا كەسایەتیا وڵات پارێزی ژ نفشێ تازە و چاندنا گیـانێ پێكڤـە ژیـانێ و هـەڤ قـەبول كرنـێ یـا ئـاینی و نەتەوەیی یا ساخلەم ل وڵاتێ مە ژ پەروەردێ دەست پێ دكەت، ل سالا (٩٦) دەسـت كەفتـەكێ دیرۆكـی بـوو كوردێن ئێزدی رەزامەندی ل هەرێما كوردستانێ وەزارەتا پەروەردێ وەرگرت، خوندنا عەرەبی ڤەستا شاری دهۆكی دكەن، خەرجین چوون و هاتنین ژ نینن، ئەڤان ل گۆر شیانا ئەگەر جەنابێ وەزیر عیلاجەك ل ڤـێ رەوشێ بكەت باشە، ١٠٠٪ ئەز پشتەڤانیا هزرا دكتۆر شێركو دكەم ئاڤا كرنا كەسایەتیا وڵات پارێزی ژ نفشێ تـازە و چـاندنا گیـانێ پێكڤـە ژیـانێ و هـەڤ قـەبوولكرنێ یـا ئـاینی و نەتـەوەیی یـا سـاخلەم ل وڵـاتێ مـە ژ پەروەردێ دەست پێ دكەت، ل سـالا (٩٦) ێ دەسـتكەفتەكێ دیروكـی بـوو بـۆ كـوردێن ئێـزدی رەزامەنـدی ل حكومەتا هەرێما كوردستانێ وەزارەتا پەروەردێ وەرگرت و ژ هنگی وەرە راستییا فەلسەفا ئولا خو و زمانێ خو یێ شرین و ماكێت خوینن پێشنیار دكەم جەنابێ وەزیر پسپورەك یـان ژی مودیرعامـەك سـەر ئاسـتێ وەزارێ هەبیت ژ بۆ پتر خەملاندنا وێ پەیرەو و پروگرامی و تەنقیح كرنـا وی و ئەگـەر شـنگال و شـێخان موشرف بێنە دامەزراندن ئەز بێژم وێ باشتر بە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك فەرهاد سەنگاوی.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

بەڕێزان ئەم كاتەتان باش، بە خێرهاتنی مێوانە بەڕێزەكان دەكـەم، لـە ڕاسـتی دا مـن نموونەیـەكی بچـووك دەهێنمەوە، لە ئەوروپا ئیمتیحانێكی زۆر سەخت هەیە بۆ خوێندكاران، هەتا زۆربەی وڵاتـە ئەوروپییـەكان لەو ئیمتیحانە دەرناچـن، زۆرتـر فینلەندییـەكان و كۆرییـەكان دەردەچـن، كاتێـك كـە پرسـیاریان لـێ كـردن بۆچی وایە؟ وتیان لەلای ئێمە مامۆستای سەرەتایی نابێ لە ماستەر كەمتری هـەبێ، بەرزكردنـەوەی ئاسـتی مامۆستا بەڕێزەكان لەگەڵ مووچەی مامۆستا، ئەوە شتێكی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێ بە باشـی و بە دڵخۆشـی دەرسـەكەی بڵـێ، بابـەتێكی تـر لـە كوردسـتان بەداخـەوە هەنـدێ مامۆسـتا هەیـە خوێنـدكار دەرترسـێنێ، لـە سـلێمانی مەكتـەبێكیان پـێ وتم ماوەیـەك لەمـەو پـێش، تـۆزێ یـەعنی ڕابـردووە، لـەوێ مامۆستایەك هەیە بـەیانیان منـاڵان دەبـات لـە مەكتەبەكـەوە، لەبـەردەمی مەكتەبەكە قەبرسـتانێك هەیـە پێیان دەڵێ سەیری بكەن ئێوە موستەقبەل هەمووتان دەچنە ئـەوێ، لـەوێ دەمـرن، بەڕاسـتی ئـەوە یـەعنی زۆر خەتەرە تۆ لەم هۆڵە پێنج دەقە باسی مشك و مار و قەبر بكە شەو هەموو خـەوی پـێ دەبـینێ، ئینجا نـەك منـاڵێكی بەسـتە زمـان، مەسـەلەیەكی تـر هەیـە كـە زۆر گرنگـە زمـانی ئینگلیزییـە، ئێمـە پێویسـتە گرنگییەكی زۆر زۆر بە زمانی ئینگلیزی بدەین، تەنانەت هەوڵ بدەین لە داهاتوودا بكرێ بە زمانی فەرمی كوردستان، چونكە زمانی زانست و گەیانـدنی نەتەوەكەمانـە بـە هـەوارە بـەرزەكانی پێشكەوتن، ئـەوە زۆر

موهیمە، مەکتەبی ولاتان لە هەرێم یەعنی چی؟ قوتابخانەی گولەنییەکان لە ڕاستی دا چی دروست دەکات؟ خوێندکاری ئەو قوتابخانانەتان بۆ دێنم ڕازی نابێ یەك کەس ناوی تورکیا و ئەردۆغان ببا، چ میللەتێك هەیە بچێ قوتابخانەی میللەتێکی تر، ئەفکاری میللەتێکی تر کە مەبەستە بیهێنێ و منالانی میللەتەکەی خۆی بخاتە ژێر دەستی ئەو پەروەردانە، بە تایبەتی شەرقی ئەوسەت، ولاتانی شەرقی ئەوسەت و داگیرکەر و کۆنەپەرستی ناوچەکە خێر و خۆشیان دەوێ بۆ ئێمە، ئێمە جوان پەروەردە دەکەن؟ ئەوە شتێکی زۆر سەیرە، هیچ کەس نییە میللەتەکەی خۆی ئاوا بخاتە بەردەستی خەڵك، مەسەلەیەکی تر کە زۆر گرنگە، ئەوەیە کە هەموومان باسمان کرد، بەڵام من لە ڕوویەکی ترەوە باسی دەکەم، پەروەردەی حیزبی لە مەکتەبەکان دا کە زۆر خراپە، بچووکترین حیزب مامۆستایەکی هەبێ لە مەکتەبێك دا هەوڵ دەدا ئەفکاری ئەو حیزبە یان ئەو مامۆستایە لەوێ بڵاو بکاتەوە، لە ڕاستی دا ئەوە کارەساتە، قسە زۆر بوو لەبەر ئەوەی هەموو کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شیلان جعفر.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی هەردوو وەزیرانی بەڕێز دەکەم، هەروەها شاندی یاوەریان، وێڕای دەستخۆشیمان لە وەزارەتی پەروەردە بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەیان، کە ڕاپۆرتێکی زۆر تێروتەسەل بوو، کە پەنجە خرابووە سەر هەموو کێشە و گرفتەکانی خوێندن، هەروەها دەستخۆشیشمان لە وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەوەی کە بە هۆی ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی کە بەسەر ئێمەی میللەتی کوردا لەم چەند مانگەی ڕابردوودا هات، کە ئاسانکاریان بۆ قوتابیانی پۆلی شەشی ئامادەیی کرد، بەڕێزان، من ناچمەوە سەری، چونکە زۆر لە برادەران و خوشکە بەڕێزەکان ئاماژەیان پێدا، بەڵام من پشتگیری لە بۆچوونی برای بەڕێز کاك علی حەمە صالح و دکتۆر شیرین دەکەم، سەبارەت بە خوێندنی ئەهلی کە پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئەم کێشەیە بە هەند وەربگرێ، هەروەها پشتگیری لە گەشە خان دەکەم سەبارەت بە پێداویستی و کێشە و گرفتەکانی بەردەم خوێندنی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، کە منیش بە هەمان شێوە پشتگیری دەکەم، هەروەها پرسیارێکیش لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەم سەبارەت بە کۆی (٢٠) نمرە، کە (١٠) نمرە لە پۆلی چواری ئامادەیی و (١٠) نمرەی تر لە پێنجی ئامادەیی، ئەوە لە ژێر دەستی مامۆستایە، داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکەم کە پلانێکی تۆکمە دابنێت، چونکە ناکرێت بیست دەرەجە لە ژێر دەستی مامۆستا بێت، بە ئارەزووی خۆی ئەم مامۆستایە ئەم دەرەجانە بدا بە هەندێ قوتابی کە لە ژێر دەستی مامۆستایە، شەشی ئامادەییش کە ئیمتیحانەکان دەکرێ لە کۆی (٨٠) دەرەجە، پرسیارێکی تر ئەوەیە سەبارەت بە دامەزراندنی مامۆستایان کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە دامەزراندنی مامۆستا هەیە، بە عەقد ئەم مامۆستایانە ئەمساڵ دادەمەزرێنێ، بۆیە تکا دەکەم کە ڕەچاوی ساڵانی ڕابردوو بکا، واتا ساڵانی (٢٠٠٩ و ٢٠١٠ و ٢٠١١ و

٢٠١٢ و ٢٠١٣) كە ئەو مامۆستایانە دانەمەزراون، بە تایبەتیش ڕەچاوی سنووری هەڵەبجە بکا، پارێزگای سلێمانی بڵێین بە گشتی لەگەڵ گەرمیان دا بکات، هەروەها پرسیارێکی تر هەر بە هەمان شێوە لە بەڕێزیان، سەبارەت بە قۆناغی ئەو ئەسئیلەی قوتابیان، واتا لە ئیمتیحانات دا ئەسئیلەکان پرسیاری هەڵبژاردن هەیە، بەڕاستی ئێمە دەزانین کە ئەم صەح و غەڵەتە کە هەیە سیستەمەکە عالەمییە، سیستەمێك هەیە کە هەیە، بەلاّم لە ولاّتی ئێمە ئەم صەح و هەڵەیە پێمەوابێ زۆر باش نییە، قوتابی دەتوانێ غەشی تیا بکات، ئاستی زیرەکی قوتابییەکەی تر کە سەعی کردووە، ماندوو بووە، هیلاك بووە، ئەو ڕەچاو نەکرێ، بۆیە من هەر ئەوەندەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. جوان.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان، پێشنیار دەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر ئەو فەقەرەیەی دانێین، کە وەزیرەکی موختەص دێ لیژنەی موختەص گفتوگۆی بکات، چونکە لە پەرلەمانی دەوڵەتەکانی پێشکەوتوو لیژنەی موختەص پرسیار لە وەزیری موختەص دەکات، ئەگەر برادەرەکانیش سوئالیان هەبوو، پرسیاریان هەبوو دەتوانن بیدەنە لیژنەی موختەص هەتا سوودی زیاتر بێ، بە خێرهاتنی وەزیری پەروەردە دەکەم لەگەڵ وەفدەکەی.

بەڕاستی پێم خۆشە نوقتەیەکی زۆر ئیجابییە کە وەزیری پەروەردە لەسەر داواکاری خۆی بێتە پەرلەمان، بەڕێزیان هەر ئەو تەصەروفەی لەگەڵ ئێمە کرد لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ، لەسەر داواکاری خۆی هاتە ناو لیژنە، پلانی وەزارەتی پەروەردەی بۆمان ڕوون کردەوە، زۆر شت بۆمان ڕوون نەبوو بۆمانی ڕوون کردەوە، جێگای تەقدیر و سوپاسە، بە نیسبەت خاڵی یەکەم کە دەمەوێ باسی بکەم/ وەزیری پەروەردە جەنابت خەڵکان هەیە ناویان نووسییە، کتابەکەش لەلامە، بە ناو و بە قوتابخانەکان پاشی ئەو گفتوگۆکردنەی إنشاء الله پێت دەدەم، سزای سیاسی، ئەو کەسانەی کە لەبەر جیاوازی ڕاو بۆچوونیان سزا دراون، بەڕێوەبەر بوونە ئێستا کراونەتە مامۆستا، هەموو ئیمتیازاتێکیان لێ وەرگیراوەتەوە، تکا لە جەنابت دەکەین داواکاری ئەو کەسانەی کە سزای سیاسیان وەرگرتووە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بە هەموو ئیمتیازاتەکانەوە.

خالێکی ترم هەیە کە مامۆستا موعاناتی ئەوەمان هەیە کە مامۆستا بووین لە زانکۆ و لە پەروەردەش، خیبرەمان هەبوو کە ئاستی زانستی لە هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ دێتە خوارێ، لەبەر ئەوەی تەعلیمات و قەوانینمان بەڕاستی زۆر زۆر تەسهیلاتی تێدایە، قوتابی لە هەشت دەرس دەکەوێ ئیمتیحانی دەوری دووەم دەداتەوە، واشمان کرد ئێمەی مامۆستا محاوەلەمان کرد لە (٣٠) ساڵی ڕابردوو عبور سێ مادده بوو، لە ساڵی حەفتاکان و هەشتاکان کرا دوو، دوایی کردمان بە یەك، ئێستا دەگەڕێینەوە پاش، دەیکەینەوە دوو،

گەڕاندمانەوە بەس لە جامیعەی نەبێ، بەڵام لە ئیعدادییەش عبوور هەبێ، ئیمتیحانی نیشتمانی جاران ئەگەر هاتبایە بەکۆلۆرییەی، داخل بای، بە سێ مادده دەهاتی، ئێستا لە چەند ماددەی راسبی لۆت هەیە و رسوبیش نییە، قەراری موساعەدەی جاران پێنج دەرەجە بوو، بەداخەوە لە جامیعەی خوێندنی باڵاگەیشتە مەجلیسی کولیەکە (١٣) دەرەجە دەداتە تەڵەبەی هەتا نیسبەی نەجاحی زیاد بکات، لە پەروەردە (٥) دەرەجە بوو، بووە (١٠) دەرەجە، (١٠) دەرەجە کرا.

ڕاستە بارودۆخی کوردستان وا دەخوازێ یارمەتیان بدەن، بەڵام لەسەر حیسابی ئاستی زانستی نەبێ، یان لایەنی عیلمی نەبێ، ئەوە دەبێتە کلتورێك، دوایی وای لێ دێ ئەگەر ئەو تەسهیلاتەی نەدەن خەتابار دەبین، ڕێگا و دەرگای پەرلەمانمان لێ دەگرن، دەرگای وەزارەتیشمان لێ دەگرن، دەبێ بگەڕێینەوە ئاستی زانستی بەرز بکەینەوە، بە تەعلیماتی نوێ، تۆزێك توند بین، ئێستا ئەو تەڵەبانە من دائیمەن ئەو قسەیەی دەکەم، ئایندەی خۆی نابینێ، (٢٠) ساڵە، (٢٢) ساڵە، (١٨) ساڵە وا دەزانێ ئەگەر مامۆستا یارمەتی نەدا، ئەگەر وەزارەت یارمەتی نەدا ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، خەتابارین، بەڵام ئێمە گەیشتینە ئاستێکی فیکری گەورە، (نضوج)مان هەیە ئایندەی تەڵەبە دەبین، ئەوانە تەخەروج دەکەن سبەی، دووسبەی ئەوەل گلەیی لە ئێمە دەکەن، دەڵێن خۆزگە تەعلیماتەکە تۆزێك قورس بوایە لەسەرمان، خۆزگە ئەو مامۆستایە تۆزێك توند بوایە هەتا تەڵەبەی باشمان لێ دەرچووبا، زانستی باشمان وەرگرتبا، لەبەر ئەوەی ناڕۆم ئەوەی خاڵێك برادەران باسیان کرد بە نیسبەت تەعینەوە، (بالفعل) تەزکییەی حیزبی دەست پێکرد، دووکەڵ بێ ئاگر نابێ (لا یوجد دخان من غیر نار)، ئێستا دەستی پێکردووە، واستە و واستەکاری کە زانیان (٦) هەزار عەقد تەعین دەبێ، هیوادارم کە بەڵێنی دا وەزیری پەروەردە لە لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە چیتر بە (CV) خەڵك تەعین دەکەن، پەیڕەویش دادەنێین بۆ ساڵانی پێش وەخت ئەوەی دەرچوونە، لە (٢٠٠٩)وە لەماڵەوە دانیشتوون، ڕەچاوی ئەوانە بکرێ، خوێندن بە زمانی بادینانی و سۆرانی با برادەران بە هەڵە لە یەك تێنەگەین، زمانی بادینانی لەسەر سەرم، زمانی سۆرانی لەسەر سەرم، بەڵام ئێستا باسی دەکەین لە قالبی سیاسی دەدەن، ئێمە لە قالبی سیاسی نادەین، بەڵام لە قالبی زانستی باسی دەکەین، خەڵکانی بەردەڕەش هەزار تەوقیعمان بۆ هاتووە موحازیرەکانیان لە هەولێرەوە دەڕوات بە زمانی سۆرانی دەخوێنن، یەعنی ئەوەی لەهجەی سۆرانی، هەتا مامۆستاکانیشیان سۆرانییە، بەڵام دەرسەکە بە بادینانییە، وای کردووە تەئسیر لەسەر ئاستی زانستی قوتابییەکان بکات، وای کردووە ئەوانە زۆر پەست بن، محاوەلەی نەقلیش دەکەن.

وا ئێستا مەسەجم بۆ هاتووە تەبعەن (٨) هەزار تەوقیعم بۆ هاتووە لە بەردەڕەش دەیانەوێ، من لەگەڵ ئەوەم لە هەولێریش مەکتەب بکرێتەوە بە زمانی بادینانی، لە بەردەڕەشیش بە زمانی سۆرانی بکرێتەوە، هیچ کێشە نییە، ئەگەر قەزییەکەش سیاسی یە، ئەوە ڕێگر نییە دەتوانین ئەوەش حەل بکەین، خاڵێکی تر جەنابی وەزیر باسی کرد، دەستخۆشی لەوە دەکەم کە لیژنەیەك هەیە موتابەعەی مەکتەبەکانی ئەهلی دەکات، نەك بەس نرخ کاك وەزیری پەروەردە، بەڵکو جلی ئەو مەکتەبانە و کیتابەکانیشی لە دەرەوە پێت

دەڵێ لە فلان دوکان بە نرخێکی زۆر بەرز دەفرۆشرێتە هاووڵاتیان، خەریجی کولیەی شەریعە ئەوە باسی ناکەم، بەڵام هەڵە بە هەڵە حەل نابێ.

پرسیم وەزیری پەروەردە نەبوو، مەسئولێکی تر بوو لە پەروەردە وتم/ بۆ خەریجی کولیەی شەریعە تەعین ناکرێ، ئەی ئەو کولیەمان بۆ داناوە؟ وتی/ دکتۆرە خۆ بەس ئەوە نییە، عیلمی ئیجتیماعیش هەیە، خەریجی عیلمی ئیجتیماع و خەریجی عیلمی نەفسیش هەیە، ئەوانەش تەعین نابن، باشە ئەو کولیانە زەنبیان چییە؟ کە سوقی عەمەل نەبوو ئەدی ئێمە بۆ ئەو ئیختیصاصاتانە دەکەینەوە، باسی چاپخانە کرا، دەستخۆشی لە بەڕێز کاك شێرکۆ حەمە ئەمین و مامۆستا گۆران دەکەم، کە باسی چاپخانەیان کرد.

من موقابەلەکەی وەزیری پەروەردەم بینی لە ڕووداو، وتی/ چاپخانە لە هەرێمی کوردستان لە (١٠٪) دەکرێ، ئەگەر هەڵە نەبم، بەڵام سەرۆکی چاپخانەی کوردستان هاتە پەرلەمان سەعاتێك لەگەڵی دانیشتم گوتی/ لە (٠٪) یش نەدراوەتە ئێمە، من ئەگەر هەبێ نەبێ، ئەگەر کەم بێ یان نەبێ، تەشجیعی صناعەی وەتەنی بکەین، تەشجیعی ئیستیسمار بکەین، تەشجیعی ئەوە بکەین کە بێکاری نەمێنێ، تەشجیعی چاپخانەی خۆمان بکەین لایەنی ئابووریشمان بەرز دەبێتەوە.

بە نیسبەت شەهادەی ماجستێر و دکتۆرا زۆر لەسەری ناڕۆم، بەڵام ئێستا کتابێکم بۆ هاتووە لە (٢٠١٤/٧/١) کە لە دارایی هاتووە، ئەو کەسانەی کە ماجستێر و دکتۆرا لە وەزارەتی ئەوقاف، لە پلاندانان غەیری وەزارەی تەعلیمی هینایتیان، پلەیان ئەگەر ماجستێریان هێناوە راتبی ئیسمیان دەبڵ دەبێ، ئێستا دارایی داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکات لە (٧/١) وە ئەوانە لە مووچەیان بېڕێ، باشە ئەوانە زەنبیان چیە؟ (٥) ساڵە تەخەروجیان کردووە، ماجستێر و دکتۆرایان هێناوە، کە ئێمە تەشجیع بکەین ماجستێر و دکتۆرا لە هەموو وەزارەتێك هەبێ نەك بەس وەزارەتی تەعلیم، من ئەوەی تێدەگەم چونکە لە وەزارەتی تەعلیم بووم، ئیحتیماله کێشەیەك هەبێ لە بەینی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئەوقاف و پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی تەعلیم عالی، چونکە ئەلقابی عیلمی ئیمتیازێکە بۆ وەزارەتی تەعلیم، بەڵام چ هەڵەی تێدایە ئەگەر ئەو ئیمتیازە بدرێتە وەزارەتی ئەوقاف، بدرێتە وەزارەتی پلاندانان، بدرێتە وەزارەتی پەروەردە، بەڵام کێشەیەکی تریش هەیە دەڵێ کو بڵێین، چونکە ئەلقابی عیلمی دەڵێ مودەریس موساعید، مودەریس، أستاذ موساعید، أستاذ، دەبا بیکەینە مودەریس تەربەوی، مودەریس علوم ئیسلامییە، ئەوەش حەل دەبێ، بۆ ڕێگر بین لە پێشکەوتنی وەزارەتەکانی تر.

بە نیسبەت زانستەکان، پشتگیری کاك گۆران دەکەم (بالفعل) یەعنی ئەوەی ئیختیصاص بێ دەزانی من چی دەڵێم، مەعقولە یەکێك خەریجی أحیاء بێ، کیمیا و فیزیا دەرس بدا؟ لە قۆناغی حەفت و هەشت و نۆ، مەعقولە ئەوەی تۆ خەریجی کیمیا بێ ئەحیا و فیزیا بدات؟ ئەی کوا دەوری ئیختیصاص؟ ئەی ئەو کولیانە؟ ئەو قسمانە بۆ دەکەمەوە کە من بڵێم دەرسی زانستەکان یەك مامۆستا هەر سێ دەرسی بڵێتەوە؟ ئەحیا، کیمیا، فیزیا، ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە دەربارەی ئیختیصاصی دەکرێ، (١٠٠٪) پشتگیری د. شێرکۆ جەودەت دەکەم بە نیسبەت ئەوەی کە لەسەر ناوی دەڵێ/ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، کە دەڵێ

پەروەردە یەعنی (بناء شخصیة الطالب)، یـەعنی پـەروەردەی شەخصییەتەكی ڕەوا بكەی بـۆ تالیـب، بـەس عیلم نییە، وا فێربكەین تەڵەبە چۆن مەكتەبی خۆش بوێ؟ وای لێ بكەین تەڵەبەمان كو ئیهتیمام بە پاكی ماڵەوە دەدا ئەوها ئیهتیمام بە پاكی مەكتەبی بدات، (ولاء)ی زیـاد بكـەین، (إنتماء)ی زیـاد بكـەین، ئـەوەش لەسەر ئیدارەی مەكتەب دەوەستێ، لەسەر ئسلوبی تەربەوی مامۆستا دەوەستێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك محمد سعدالدین، نوقتەی نیزامی هەیە پێشوەخت، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی داخازا لیبووردنێ ل دكتۆرە جوان دكەم، نە ڕەخنەیە، بەس بۆ ڕاست ڤە كرن تا لە پرۆتۆكۆلیدا دروست بی ڤنووسی، مە دوو زمان نینە زمانی سۆرانی و بادینی، مە یەك زمانی هـەی، دوو زاراڤە هەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ باسكراوە، فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد سعدالدین أنور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەستخۆشی لە ڕاپۆرتەكەی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەكەین و ئامادەبوونیان و شاندەكەی یاوەری، نامەوێت قسەكان دووبارە بكەمەوە، چونكە ئەو شتانەی كە لێرە وەكو خـاڵ نووسـیبووم لەلایـەن بـەڕێزان عزت صابر و آمنة زكـری ئامـاژەی پێكـرا، منـیش ڕام لەگـەڵ ئەوانـە، بـەڵام خوێنـدنی توركمـانی دوو، سـێ تێبینــیم هــەبوو، حــەزم كــرد لێــرە باســی بكــەم، لــە قوتابخانــەكان هــەروەك دەزانــن ئــەوە دەربــارەی بەڕێوەبەرایـەتی مـەناهج و پرۆگرامـە، بـەگوێرەی پرۆگـرام و مـەناهجی خوێنـدن لـە هـەرێمی كوردسـتان مێژووی كورد و مێژووی شارستانییەتی كوردستانی هەیە.

پێشنیاز دەكەین وەكو لایەنە توركمانییەكان لە كتێبی مێژووی كـورد و شارسـتانییەتی كوردسـتان بەشـێك یان فەصلێك هەبێت بۆ پێكهاتە نەتەوەییەكانی هەرێمی كوردستان، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە كتێبی مێژوو و شارستانییەتی كوردستانی وەكو بەشێكی كوردستان باسی مێژوو و كەلتوری ئەوانیش بكات وەكو توركمان و كلدو ئاشوورییەكان، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچەكانی تر لـە عـیراق، كـە لێـرە پێكـەوە ژیـاون، بـۆ ئـەوەی ببێتـە هانـدەرێك بـۆ پێشخسـتنی پرۆسـەی دیمـوكراتی لـە هـەرێمی كوردسـتان و مـافی پێكهاتـەكان، خاڵێكی تریش هەیە دەربارەی مامۆستایانی وانەكانی زانستی وەكو كیمیـا و فیزیـا، لـە پـاش ڕاپـەڕین، دوای تەشكیل كردنی یەكەم كابینەی حكومەتی هـەرێم، لـە هـەولێر و كفـری قوتابخانـەی توركمـانی كراوەتـەوە، ئەو قوتابخانانە بـە تایبـەتی ئامادەییـەكان بـە زمـانی تـوركی لاتـینی دەخـوێنن، ئـەو مامۆسـتایانەی كـە لـە بەشـەكانی كیمیـا و فیزیـا و وانـەكانی زانسـتی تـر تەخـەروج دەكـەن لـە كولیـەكانی جامیعـەكانی هـەرێمی

کوردستان تەخەروج دەکەن، بە زمانی کوردییان خوێندووە، ناتوانن کیمیا و فیزیا و وانـە زانسـتییەکان بـە زمانی تورکی بڵێنەوە.

بـەڵام لـە ئامادەییـەکان دەرسـەکان بـە زمـانی تـورکی دەخوێنـدرێت، واتـا ئـەو مەنهەجانـەی کـە لەلایـەن وەزارەتی تەربیە بۆ ئـەو قوتابخانـە تـەرخان کـراوە وەکـو مـافی خۆیـان بـە زمـانی تـورکی یـان تورکمانییـە، مامۆستای کیمیـا و فیزیـا و ئـەوانی تـر لـە جامیعـاتی هـەرێمی کوردسـتان تەخـەروج دەکـەن، نـاتوانن ئـەو مەنهەجـە بـە شـێوەیەکی رێـك و پێـك بـە تـورکی بڵێنـەوە، وای لێهـاتووە هەنـدێك لایـەنی تورکمـانی، موئەسەسـاتی تورکمـانی دەوراتـی تەقویـە دەکاتـەوە، یـاخود دەوراتـی زمـانی تـورکی بـۆ کیمیـا و فیزیـا لـە وڵاتانی تورکیا و وڵاتانی تورکی بیکات، ئێمەش پێشنیاز دەکەین بـۆ ئـەوەی لەبـەر ئـەوەی ئـەو قوتابخانانـە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانن.

بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان وەکو قوتابخانـەی خـۆی لـە هـەرێمی کوردسـتان دا، بـۆ ئـەوەی پشـتگیری لـە قوتابخانە تورکمانییەکان بکات، لـە بنکـەی پێگەیانـدنی مامۆسـتایان کـە دەورە دەکرێتـەوە بـۆ مامۆسـتایان بەشـێك بکرێتـەوە بـۆ وانـە زانسـتییەکانی زمـانی تـورکی، کەسـانی پسـپۆر لـە دەرەوەی وڵات بێننـە ئێـرە، عەمەلییەکە لێرە بکرێت.

وەزارەتی پەروەردە خۆی بۆ ئامادەییە تورکمانییەکان مامۆستای کیمیا و فیزیـای بـە زمـانی تـورکی ئامـادە بکات، نەك بچن لـە دەرەوەی وڵات ئـەو شـتە بکـەن، کـە وای لـێ دێـت هەنـدێك جـار لایـەنی دیکـە ئیتیهـام دەکرێ بەوەی کە تەداخولی کاروباری قوتابخانەکان دەکات، ئەوە لەلایـەك ئـەو کێشـانە چارەسـەر دەکرێـت، لەلایەك وەکو وەزارەتی پـەروەردە کـە وەزارەتـی پـەروەردەی هـەموو پێکهاتەکانـە بـە بەرپرسـیارێتییەکەی خۆی هەڵدەستێت، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عمر صالح.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێـنج خالێ کورتی پێشکەش کەم، ئەز پشتگیریا وا هـەمیا خوشـك و بـرایێ پەرلـەمانتار دکـەم، باسـی وەزعـی دهۆکی کری، ڕاستیا گەلەك جارا موتەئەخیرین، پەرلەمان تایبەت بۆ ئەم بابەتـە، دوو هـەیف، دوو مـانگ ژ ڤێرێ وەزعی دیراسەتی خوێندنی چوونە و ئێستا پەرلەمان هێشتا باش ئەڤی وەزعی نزانیت ئەز پێشـنیار و ئیقتراحا لیژنەیەکێ دکەم ژ پەرلەمانی دویف چونا وان کەمپان بکەتن، هوسا یا گەهشتیە من یـەعنی خـو گەندەلی ل ڤێرێ ژی دا دهێتە کرن سەر ڤی وەزعی وان ئاوارا ڤی وەزعی میللـەتی نیسـبەکا گەلـەك گەلـەکا کێم یا هاتیە جێ بە جێ کرن.

پەرلەمان لیژنەکێ تەشکیل کەت دویف چوونەکێ بۆ ڤان کەمپان، چونکی ئەز نزانم چ بەدیلێت دیتر هندەك بەدائێل مە دروینشتنەکێ دا دگەلێ ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوکێ کر هندەك بەدائیل یێت هەین هۆلێت ئاهەنگا، قەلعا نزارکێ، بەس ئیحتیمالە کا (١٠٪) یان (٢٠٪) کا دێ گریت و (١٢) ئامادەیی دێ عیلاج کەت یان نە، ژبەر هندێ هەر چارەسەری هەر کەمپن و ل دویف ڤێ ستراتیجەتا ئەمریکا و خوتە و ئیحتیمالە ئەڤ سوحبەتە سێ سالێن دی ژی درێژ ببیت، ژبەر هندێ ئەز حەس دکەم پەرلەمان ب جدی موزوعێ کەمپا دویف چوونەکێ بۆ بکەت و هوسا یێ گەهشتیە من کو یێ دایەف هندەك رێکخراوێت خەیری مەع ئەلئەسەف هوسا یێ بۆ من هاتە بەس موحتاجێ تەحقیقێ یە ئەڤە خالا ئێکێ.

خالا دوویێ پشتگیریا وان هەمی برا بەرێزا دکەم سەیدای مەروان، خویشکا حەیات، بۆ مەوزوعێ پەروەردێ، حیکمەتەکا صینی یا هەی دبێژن باوکەك و مندالەك ل گەل ئێك بوون ئەوی مندالی جەریدە دڕاند، وەختی جەریدە دڕاندی باوکی خۆ عێجز کر گوتێ ئەڤێ جەریدێ دروست کە چو زوی هات دروست کر وەختێ دروست کری گوت تە چەوا زویکا دروست کر نەخشا جیهانێ ل سەر بوو؟ نەخشا جیهانێ ژی نە تشتەکێ ب ساناهیە مندالەك دروست بکەت، گوتی بابێ خۆ سەرێ ئینسانەکێ لایێ دی بوو بەس سەرێ ئینسانی من دروست کر جیهان هەمی دروست بوو، پشتگیریا دکتۆر شێرکو جەودەت دکەم کو ئەگەر مە ئینسان دروست کر.

مخابن وەزارەتا پەروەردێ ئەڤ نافێ شرین یێ ل سەر، بەس پەروەردە ل ڤی وەلاتی خرێ قەیرانە، فەلتەرێت عالەمێ دا هەی، ڤێ گاڤێ بۆ ئینترنێتێ، بۆ فیس بوکێ ئەڤ ئێشێت نەفسی یێت زێدە دبن ل ڤی وەلاتی دا، ئەڤ ئاستێ نزم یێ سەرکەفتنێ یێ نەجاحێ پێویستی راوستیانێ یە دویف چوونێ یە ئەم موحتاجین جارێ بەری هنگێ مەسەلەن بۆ نموونە شەریعە چەند یا پێدڤی یە کولیەکا شەریعێ هەبیتن، ئەڤە لیژنا ئەوقافێ ژی یا حازرە ئەگەر تو بەرێ خۆ بدەیێ ئەوێت ئاستێ وانا ڤێت پەروەردا خەلکی دکەن مزگەفتا چەند یا فەرە ئەگەر خەریجێ بەکالۆریۆسێ بیت و فەهمەکا جوان یا ئیعتیدال یا دروست، هندەك جارا مخابن حکومەتێن مە لایەکێ ڤە دژایەتیا ئیرهابێ و تەترفێ دکەن بەس ژ رەخەکێ دیڤە مەدارسێت هەین بۆ تەشەدودێ و مودەرسێن نە یێت رەسمی یێت هەین مەع ئەلئەسەف کولیا شەریعە و بەکالۆریۆس و عیلمیەت و وەسەتیەت و ئیعتیزال ل وەلاتێ مە دا ل پارێزگەهەکێ دا شتی پارێزگەها دهوکێ نینە، ئەڤە دێ چەوا پەروەردە سەرکەفتنێ ئینیت و دێ ناجح بیت، خالا سیێ ئەم زوی پێنگاڤا دهاڤێژین قەفزا، مەسەلەن دێ چین سوئێدێ تەجریبا سوئێدێ ئینین بەرنامجەك هەبوو (أحمد الشقیري) خەواتر دچوو تەجریبە یابانێ دیراسە دکرن پاش دویماهێکێ تەراجوع کر چو تەجریبێت دەولەتێت نیزیکێت پێش کەفتی، تو جارێ سەحکە دەولەتێت دەوروبەرێت خۆ یێ سەرکەفتی، ئەز سێ سالا ل ئوردون بووم من بەرێ خو دایێ گەلەك ناحیا تەعلیمێ دا پێش کەفت بوون نموزەجێن حکومی و ئەهلی هەبوون حەتا ل موستەشفایا دا حەتا ل مەدرەسا دا ئەم سەحکەینە تەجربێت نیزیك دێ سەرکەڤین نیزیك واقعێ مە بیت نە مەوزوعێ ئەفکارێ وانا بینین هەر ئەفکارێت مە بن و

ماموّستاییّت مه بن و شاهدیّت مه بن بەس تەجریبا یا هوسانێ بیت نه قەفزەكا هوسانێ بیت تو بینی ل ڤێرێ تەتبیق نابیت و تەنفیز نابیت.

خالا چارێ گەلەك تەلەبه تەلەفونیّت مه دكەن هەزارەها قوتابی هەنە هەر جهەكی تەعین نابیت، قەبیل نابیت نه ل كولیێ و نه ل مەعهەدێ ئەڤە نزانم ل چ وەلاتەكێ ل دونیایێ هەیە؟ هەزرەها قوتابی هەنە خەریجیّت شەشێ یان (١٢) ئامادەینە هەر جهەكێ قەبیل نەبووینە نه كولیه و نه مەعهەد، ئەرێ مەسیرێ وان پرسیارێ دكەم ژ جەنابێ وەزیری كا دێ چ بیتن؟ مەوزوعێ گەلەك ئەنداما تەئكید ل سەر مەوزوعێ حزبایەتیێ كر ئەز ب خۆ فەترەكێ ماموّستا بووم، قوتابی یێ هاتی بێژیته من ژ پولێ دەركەڤە، خێرە؟ دێ ئیجتیماعا حیزبی ل ڤێ پولێ من یا هەی، من گوتێ والله ئەز رێكێ نادەم، گوت والله هەمی ماموّستاییّن بەری تە رێكێن دای ئیجتیماعا خۆ یا حیزبی ل پولێ دكەن، یەعنی ب ڤی رەنگی بیتن، یان مەزوعێ ئینتیخابات یەعنی یێ وەلێ هاتی دەرەجەكێ ئینتیخاباتا مەشروعێ دیراسەتێ یێ فاشل كری لازمە ئینتیخابات بهێنه تەحریم كرن پێت حزبی و حەفلێت ئینتیخاباتا ل ناڤ قوتابیان دا گەلەك كارەسات پێت هەین بهێنه چارەسەر كرن ناڤ قوتابیاندا ب دەهان، ئاخر پرسیارا من مه ماموّستا پێت هەین ژبەر سزایێ سیاسی دكتۆرا یا هەی ل ئیعدادیێ دەوامێ دكەت مخابن، ئەرێ دێ چارەسەریا وان چ بیت پشتی ئەڤ حكومەتا یا بنكه فراوان و هەمی پێكڤه چاكسازیێ دەعوەت كەن؟ سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو فیروز، لێرە نییە؟، باشە خاتوو تەلار فەرمووو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی زۆر بەخێرهاتنی هەردوو وەزیر وشاندی یاوەریان دەكەین، سەرەتا من چەند پرسیارێكم هەیە، یەك لەوانە، یەكێك لە كێشەكانی بەڕێوبەرایەتی گشتییەكان لە پارێزگاكاندا نەبوونی سەلاحیەت و دەسەلاتە، ئایا بەڕێز وەزیری پەروەردە چ بەرنامەیەكی هەیە بۆ ئەوەی كە لە داهاتوودا كۆمەلێ سەلاحیەت شۆربۆتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتییە گشتییەكان، تا بتوانن كارئاسانییەك لە داهاتوودا بكرێ سیستمی پەروەردە لە پارێزگاكاندا.

پرسیاری دووەمم لەسەر خوێندنی گەورە ساڵە، دەستیان خۆش بێ و كارێكی زۆر باشە، بەلام لە ئێستادا لە شارۆچكەكاندا بەڕاستی گەورەترین كێشە دروست بووە، ئەو مەكتەبانە ناكرێنەوە بە تایبەتی چوار و پێنج و شەش.

بۆیە لە ئێستادا داواكارین كە وەزیری پەروەردە كە دەڵێن لە وەزارەتەوە ڕێگەیان پێ نادرێ داواكارین كارئاسانی بكرێ بۆ ئەو شارۆچكانە_ یاخود چییان هەیە لە بەرنامەدا هەتاوەكو بتوانن ئەوانیش لە خوێندن بێ بەش نەبن.

پرسیاری سێیەم/ ئایا چ بەرنامەیەکیان هەیە بۆ توێژەری کۆمەڵایەتی لە مەکتەبەکاندا؟ کە خۆتان دەزانن ڕێژەیەکی زۆر لە توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە و لە خوێندگەکاندا، بەڵام تاوەکو ئێستا سیستمێك نییە ئەو پەیوەندییە لە نێوان بەڕێوبەر وهەروەها توێژەرەکە یاخود خوێندکار و توێژەرەکە ڕێك بخات کە ئەمە گرفتێکی زۆری لە خوێندگەکاندا دروست کردووە، لە کاتێك دا توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان گرنگیەکی زۆر زۆریان هەیە لە خوێندگاکان.

باسی قوتابخانە ئەهلییەکان کرا، من تەنها یەك ئیزافەم هەیە، باسی بینا و ئەوانە کرا، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە بەدواداچوون هەبێ، بۆ ئەوەی کە ئێمە بە تایبەتی کە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ قسە کردن بوو لەسەر زمانە فەرمییەکان، ئەو خوێندگایانە وایان کردووە کە لە ئێستادا زمانی دایك کە زمانی کوردیە، ئەو خوێندکارانە زمانی خۆیان لەبیر بچێتەوە، ڕاستە لە قسە کردن لەوانەیە بتوانن، بەڵام لە نووسیندا زۆر زۆر لاوازن، هەموو تەرکیزێکیان لەسەر ئەو زمانەیە کە لە خوێندگاکەیە، ئیتر ئایا ئینگلیزی بێ، تورکی بێ، فەرەنسی بێ، بۆیە زۆر زۆر گرنگە وەزارەتی پەروەردە لە کاتی چاودێری کردندا زۆر زۆر تەئکید بکاتەوە لەسەر زمانی دایك لەو خوێندگایانەدا، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کێشە و گرفتمان بۆ دروست نەبێ، بەشی دووەمیان وای لێ هاتووە لەم خوێندگایانە بە ڕاستی ئەوەندەی کەلتوری ئەو وڵاتە خوێندگەی لە هەرێمی کوردستان دانراوە، موهتەم نین بە کەلتوری وڵاتی خۆمان، ئەمەش گرفتێکی دیکەیە بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان، باسی مامۆستای تایبەت کرا کە ئەمیش تەنها یەك ئیزافەم بۆی هەیە، ئەویش زۆرجار هەیە بەهۆی نەبوونی لێ پرسینەوە لەلایەن وەزارەتەوە، وای کردووە مەلزەمە، مەلزەمەی تایبەت هەیە بەخۆشیان ئەگەر هاتوو ئەو مەلزەمانەشیان پێ نەبێ ئەو خوێندکارانە گرفتیان بۆ دروست دەکات لەڕووی دەرەجەوە، لەڕووی پرسینەوەی زۆرەوە، کە ئەمە زۆرجار هەیە ئەڵێ خۆیشی وەزارەت ئاگادارە لە بوونی ئەومەلزەمانە کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێتەوە، ئەمەش کارێکە پێچەوانەی یاسایە، جیاوازی دەرماڵەکان، بۆ نموونە لە باخچەی ساوایان دا هەندێ لە باحسە ئیجتماعیەکانیان، باحسەی دەروونی، یان معاونی توبیمان هەیە کە لەو باخچانەدا کار دەکەن، جیاوازی دەرماڵە هەیە، لەکاتێك دا ئەمان لەسەر وەزارەتی پەروەردەن، هۆکاری ئەو جیاوازیانە چییە لە دەرماڵەکاندا کە پێویستە ئەوانە هان بدرێن لەو شوێنە، چونکە خزمەتێکی زیاد لە پێویست دەکەن بەتایبەتی بۆ باخچەی ساوایان کە ئەمە کارێکی زۆر زۆر گرنگە و پێویستە ئیهتمامی زیاتری پێ بدرێت.

دەست خۆشیان لێ دەکەم لەسەر خولی سێیەمەکە، ئەوە خۆیان لەبەرنامەیان هاتووە، من باسی ئەو (٦) هەزار تەعینە دەکەم، حەز دەکەم ڕوونکردنەوەی وردترمان بداتێ لەسەر شێوازی ئەو دامەزراندنە، ئایا بە گرێبەستە؟ هەندێ جار لە ئێستاوە کۆمەڵێك بێ متمانەیی کە لەو شێوازی گرێبەستە هەیە، لەبەرئەوەی لە پێشووتردا گرێبەست هەندێك هەیە بە موحازر یاخود بە گرێبەست دامەزراون لە وەزارەتی پەروەردە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە یاخود جیاوازی دەرماڵەکانیانەوە وای کردووە هیچ دڵخۆش نەبن بەو دامەزراندنەی کە ئێستا لە وەزارەتی پەروەردە ئەو ( ٦) هەزار دامەزراندنەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام

پێویست دەكات لێرەوە میكانیزمەكەی و شێوازی دامەزراندنەكەی ئایا حیسەی ناوچە دابڕێنراوەكانی تێدایە یاخود نا؟ ئەو میكانیزمە چییە كە ئەو مامۆستایانەی هەرێمی كوردستان كە لەسەر حیسەی ناوچە دابڕێنراوەكان دادەمەزرێن لەگەڵ سیستمی پەروەردەی هەرێمی كوردستاندا جارێكی دیكە بەیەكەوە گرێداتەوە؟، هەروەها پشتگیری قسەكانی خاتوو امنە دەكەم لەسەر ئاوارەكانی دهۆك، پشتگیری قسەكانی كاك علی حەمە صالح دەكەم لەسەر خشتەی پشوو و چاپخانەكان و هەورەها هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی هەمان سیستمی سویدیمان بۆ دروست نەبێ ئەوە كە كێشەیەكی زۆری دروست كردووە لە هەرێمی كوردستاندا، هەروەها پشتگیری لە كاك گۆران دەكەم لەسەر ئەوەی كە خاوەن پێداویستی تایبەتەكان كە ئەمەش وای كردووە بەڕاستی بە یەك جیاوازی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەواندا لە خوێندگاكان دا بوونەتە هۆكارێك بۆ ئەوەی دابڕاون لە خوێندگە، هیوادارم بەشێوازێكی دیكە مامەڵەیان لەگەڵ دا بكەین هەتاوەكو ببنە هاندەرێك بۆ تەواوكردنی خوێندن بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەكان لەو خوێندگایانەدا، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەكان و شاندی یاوەریان دەكەین، تەمەنامان دەكرد كە ئەمڕۆ دانیشتنەكە تایبەت با لەسەر ڕەوشی خوێندنی ئەمساڵی پارێزگای دهۆك، بەڵام بە حەقیقەت ئەوەندە بابەت وروژێنرا خەم و گریانی قوتابیانی پارێزگای دهۆكیان لەبیر ئێمەیان بردەوە، پشتگیری لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە ڕەوشی خوێندنی ئەمساڵی پارێزگای دهۆك بە خەمخۆریەوە باسیان كرد، دەربارەی ئەم ڕەوشەش پرسیار لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەكەین كە زووترین چارەسەر چییە؟ ئەگەر چارەسەر نەكرا بەدیل چییە؟ پێشنیار دەكەم دەربارەی ئەو ئاوارانەی كە لەناو قوتابخانەكان دانە، وابزانم زۆر برادەرانیش باسیان كرد كە ئەم ئاوارانە دابەش بكرێن بەسەر پارێزگاكانی هەرێمی كوردستاندا، پشتگیری لە قسەكانی ئەو بەڕێزانە دەكەم كە دەربارەی چاپ كردنی پەرتووكەكان كە بە پێی زانیارییەكان ئەو پەرتووكانەی كە لە هەرێمی كوردستان هەن زۆربەیان لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان چاپ دەكرێن، لەوانەیە ئەوە بە گوژمەیەكی زیاتر كە لەناو هەرێمی كوردستان چاپ بكرێت، تەكلیف لەسەر حكومەتمان دەكات لەو سات و كاتەدا، پشتگیری لە قسەكانی سهام خان دەكەین دەربارەی ئەو مامۆستایانەی لە پارێزگای دهۆك كە ژمارەیان (٢٥٧) مامۆستایە تا ئێستا ئیفادیان وەرنەگرتووە دەربارەی خولی یەكەم و دووەمی خولی (١٢) ی ساڵی (٢٠١٤) كە وەزارەت بڕیاری دابوو پێیان بدات، بەڵام تا ئێستا بۆیان خەرج نەكراوە، پرسیارێكی ترمان هەیە دەربارەی میلاكی مامۆستایان، بۆ نموونە لە بەڕێوبەرایەتییەكی وەكو پەروەردەی ئاكرێ، كەئەو مامۆستایانەی بۆیان دێ و دامەزراون، زۆربەیان یان لەناو سەنتەری پارێزگای دهۆكن یان لە

پارێزگای هەولێرن، کاتێ کە بۆ میلاکی پەروەردە دێن هەر لە مانگی یەکەم و دووەمەوە دەست بە واستە و واستەکاری دەکات، بۆ ئەوەی خۆی نەقڵ بکاتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی ئەوەش ئەشکالێك و گرفتێکە بۆ پەروەردەی ئەم ناوچەیە، جا ئێمە وەکو پەروەردەی ئاکرێ مەسەلە بۆ نموونە ئامارێکمان هەیە کە ژمارەیان ( ١٠٠٠) دەرچووی ئەو دەڤەرە هەیە، ئەگەر لە کاتی دامەزراندن ئەم دەرچووانە لەبەرچاو بگیرێت، ئەو گیروگرفتە چارەسەر دەکرێت، خاڵێکی تر ئەوە بوو لەسەر بڕیاری وەزارەتی پەروەردە یەعنی بە دەمج کردنی قوتابخانەی چەند گوندێك پێکەوە بۆ نموونە قوتابخانەکانی سێ گوند پێکەوە دەمج دەکران، کاتێ کە دەمج دەکرا، بەلاَم بەدیلی ئەوە بۆ قوتابییەکان و خوێندکاران ئەوە بوو کە پارەیان بۆ سەرف بکرێ یان بۆ بەکرێ گرتنی سەیارەکانیان تا ئێستاش ئەوەش جێ بەجێ نەکراوە و بووەتە گرفتێك بۆ ئەم قوتابیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالاَ نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاَ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهەر جەلسەیەك کە تایبەت دەکرێ بە ڕوونکردنەوە، ڕوونکردنەوەکان لەسەر داوای بەڕێز وەزیری مەعنی دەبێت، تکا دەکەم کە نیتاق و ئیتاری موناقەشەکان بەو شێوەیە بێ، لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردەدا دوو خاڵی سەرەکی هەبوو، دوو خاڵە سەرەکییەکە دابەش کرابوو بۆ چەند خاڵێکی لاوەکی، بۆیە پێویستە ئیتاری موناقەشە کردن و ڕوونکردنەوە و پرسیار کردنیش ئەگەر هەبێت لەو ئیتارە دەرنەچێت، دەسەلاَت بۆ بەڕێزتانە کە چۆن دووبارە کردنەوەکان ڕادەگرن، بە هەمان شێوەش دەزانن کە موناقەشەکان لەو ئیتارە دەرنەچێ، چونکە ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و ئەوەی تەرح کرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان گرفتەکانی تەربیە بوو هەر لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە تا گەیشتە ئەمڕۆ مەعەل عیلم ئیتاری موناقەشەکان دیار بوو لە ڕاپۆرتەکە هاتبوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە چوارچێوەی گرفتەکانی پەروەردەدا ئەو بابەتانە باس دەکرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەڵێ خۆی باشتر وایە کە تەرکیز بخرێتە سەری ئێستا، ئەو گرفتانەی کە ئێستا هەن لە هەرێمی کوردستان و پەروەردە بە دەستییەوە دەناڵێنێ، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو بەڕێز د.مولود باوەمراد و د.پشتیوان و شاندی یاوەریان دەکەم، زۆربەی قسەکان کرا، من ئەوەی زۆر بە کورتی قسەی لەسەر دەکەم، نازانم جەنابی وەزیر لە ڕێگەی جەنابتانەوە

پرسـیاری لێ دەکـەم، لەگـەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا چـییان کـردووە بـۆ کـەم کردنـەوەی دەرچـوونی کۆلیجەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان و کۆمەڵایەتی و وێژەییەکان، لەبەرئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر ماوەتـەوە و ئایا پلانی چییە بۆ دامەزراندنیان؟ هیواردارم بەرێز وەزیری پەروەردە پلانی هەبێ خوێندن لە ماڵەکانەوە جارێکی دیکە بگوازێتەوە بۆ نـاو بیناکـان، چونکە وانـەی خسوسـی وای کـردووە ئێسـتا بینـای خوێنـدگاکان وانەی تیا ناوترێ تەنها بۆ ئیسپاتی وجود بـە تایبـەتی لـەناو پارێزگاکانـدا، هیوادارین لەسـەر دەسـتی ئـەو بتوانێ وانەی خسوسی بنبڕ بکات لـەم وڵاتـە، چونکە ناعەدالەتییـەکی زۆری تیایـە، خـەڵکی هـەژار نـاتوانێ وانەی خسوسی ببێ، کەواتە لێرە ناعەدالەتی هەیە، خوێندنگا ئەهلییەکان لەگـەڵ ئـەوەی کـە زۆربـەیان لـە بینای حکومی دان بە تایبەتی و بۆ نموونە دەیهێنمەوە سەڵاحەدین و میدیا لە سلێمانی، بەڵام ساڵ بە ساڵ پارە لەسەر خوێندکار زیاد دەکات، خوێندن بە زمانی عـەرەبی لـە قۆناغـەکانی یـەك و دووی بنـەڕەتی زۆر گرانە، بـەڕای مـن یـەعنی بـۆ شـەش، بـەڕای مـن لەبـەرکردنی ئـەو هـەموو هەڵبەسـتە عەرەبیـە کۆنـە زۆر پێویسـت نییـە ودەکرێـت جارێکی دیکـە موراجەعـە بکرێتـەوە و سـنوورێك بـۆ ئەمـە دابنـێین، خوێنـدنی مێژووی عەرەبەکان زۆر زیاد لە پێویست گرنگـی پێـدراوە لـە کاتێـك دا لـە هـەموو دونیـادا کـەس مێـژووی کورد ناخوێنێ، بەڵام لە وڵاتـی ئێمـە مێـژووی هـەموو دونیـا دەخـوێنین و کـەس مێـژووی ئێمـە نـاخوێنێ، هیوادارم لە ڕێی جەنابتەوە پرسیار لە جەنابی وەزیر بکـەم چ پلانێکـی هەیـە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە؟ ڕێـژەی دەرچوون لە قوتابخانە ئامادەییەکان(٣٠٪ )کەمترە، پلانی چیە بۆ زیاد کردنی پەرتووکی پۆلی (١٢) بابەتی ئاین چاپی( ٢٠١٢ ، ١٣٢) لاپەڕە بووە چاپ کراوە و کراوە بە (٦٩) لاپەڕە، بەڵام لە کۆتایی هەموو بەشـەکاندا پرسیارە کۆنەکان کە پێش دەستکاری کردن تیایدا ماوەتەوە، ئایا ئەم هەڵەیـە چۆن بەسـەریاندا تـێ پـەڕی کردووە؟، تکا دەکەم جارێکی دیکە ئیعادەی بکەنەوە و پارەیەکی زۆری تێچووە هەمان ئەو پرسـیارە کۆنانـە دووبارە بۆتەوە، دەوامی خوێندنی ئێوارانی کچان ئەمە پرسیارە و بۆ من هاتووە لە شارەکاندا بـە تایبـەتی لـە سـنووری پارێزگـای هەڵەبجـە، ئێـواران لـە سـەعات ( ٤ بـۆ ٨) ی ئێوارەیـە و زۆر درەنگـە لـەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەندێ سلبیاتی لێ کەوتووەتەوە بڵێین ڕەنگدانـەوەی نـەرێنی هەیـە، ئەگـەر بکرێـت بیکـات بە( ٢ بۆ ٦) ی ئێوارە جەنابی وەزیر زۆر باشترە، بەڕێوبەرایەتی گشتی هەیە بەناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی بیناسازی لـە وەزارەتـی پـەروەردە، مـن هیـوادارم جـەنابی وەزیـر زۆر گرنگـی بـدات بـەوە بەشـی دیـزاین و ئەوانەی لێ بکاتەوە، با ئەو بەڕێوبەرایەتییە گشتییە بە ئاراستەیەك براوە کە بیناکـانی پـەروەردە لەلایـەن پارێزگاوە دەستی تێخرا بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی من پێم باشە ئـەوە پسـپۆرایەتی خۆیانـە و (اهل مکە ادری بشعابها) خۆیان باشتر دەزانن چییان پێویستە گرنگی بدات بـە بەڕێوبەرایـەتی بیناسـازی خۆیـان بیناکـان و پێداویسـتیەکان بونیـاد بنـێن، هەڵەبجـە بووەتـە پارێزگـا نـازانم جـەنابی وەزیـر پێشـتر بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە هەبووە لە هەڵەبجە، چ هەنگاوێکی ناوە لەو ڕۆژەوە تا ئێستا بۆ ئەوەی ئـەو بەڕێوبەرایەتییـە گشـتییەی پـەروەردەی هەڵەبجـە بگەڕێنێتـەوەو زینـدووی بکاتـەوە، لـە مێرگەسـۆر خۆپیشـاندانێك ڕوویـداوە، قوتابیـان خۆپیشـاندانیان کـردووە، بـەڕێوەری پـەروەدەی ئـەوێ هـانی چـەند

کەسێکی داوە بە سەیارە تێیان کەوتووە و (١٠) بریندار هەیە، ئایا جەنابی وەزیـر ئاگاداری ئـەم بابەتەیـە؟ چەند قوتابی هەیە لە پۆلی (٧)ی بنـەڕەتی، جـەنابی وەزیـر پێمواپـە ئـەمری کـردووە ئەمسالْ سـالْی عـدم رسوبە، بەلاٌم سێ سالْ کەوتوون و بۆ سالْی چـوارەم ئایـا بۆیـان هەیـە بمێننـەوە؟ یـەعنی پـار لـە خوێنـدنی بـەیانیان بـوون، ئایـا ئەمانـە بۆیـان هەیـە لەمسـالْیش دەوام بکـەن، لـە خوێنـدنی بـەیانیان؟ مەکتەبـە نموونەییەکان هەست دەکەم ناعەدالەتییەکی زۆری تێدایە ئایا کە تـۆ دەڵێـی مەکتـەبی نموونـەیی ئەوانـەی دیکە نا نموونەییم جـەنابی وەزیـر؟ ئەمانـە نـا نموونـەین ئەگـەر نـا نموونـەین کەواتـە بـێ ئومێـدی لـەلای خەڵك دروست دەبێ و ناعەدالەتی دروست بێت ناکرێت هەموو مەکتەبەکان نموونـەیی بـن، یـان هـەموویان بەیەك چاو سەیر بکەین، هیوادارم هەموو مەکتەبەکان بە یەك چاو سەیر بکرێن زۆر سوپاس بۆ سـەرۆکی پەرلەمان و جەنابی وەزیر کە ڕاپۆرتەکەی ئێمەیان زۆر بەدڵ بوو پشـتگیری لـە قسـەکانی بـەڕێز د.شـێرکۆ حەمە امین، خاتوو امنە زکری، د.شێرکۆ جودت، د.جوان، کاك علی حەمە صالح و بەڕێز گۆران ئازاد دەکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەخێرهاتنی هەردوو بەڕێز وەزیری کاروبـاری پەرلـەمان و وەزیـری پـەروەردە و وەفـدە یاوەرەکـەی دەکـەم، بەڕاسـتی مـن لەسـەر قوتابخانـە ئەهلییـەکان دوو لاپـەڕەم نووسـیوە، بـەلاٌم لەبەرئـەوەی زۆر باسـی لەسەر کراو و وەقت بەش ناکات، تەنها بە سێ دێر سێ پرسیار دەکـەم، یەکـەم/ بۆچـی خـەڵك حـەز دەکـات منـالْی خـۆی لـە قوتابخانـە تایبەتـەکان یـان نموونەییـەکان دابنێـت؟ دووەم/ ئایـا حکومـەت نـاتوانێ ئاسـتی قوتابخانـەکان بگەیەنێتـە ئاسـتی قوتابخانـە ئەهلییـەکان؟ سـێیەم/ ئایـا پێتـان وانییـە کـە قوتابخانـە نموونەییـەکان جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی فـەرق و جیـاوازی کـردن لـەنێوان قوتـابی بنەماڵـەی هـەژار و کـەم دەرامەت و منالْەکانی بەرپرسان و دەوڵەمەندەکان؟ سەبارەت بە سیستمی هەڵبژاردن لـە تـاقی کردنـەوەکان هەرچەندە هەندێ بـرادەر ئاماژەیـان پێـی کـرد، منـیش پشـتیوانی لـە هاوڕێکانم دەکـەم، چـونکە لەوانەیـە تێکەڵ بوونێك دروست ببێت لەنێوان قوتـابی زیـرەك و ئەوانـەی تـر بەشـێوەیەکی تـر لەوانەیـە نـەتوانرێ کۆنترۆڵی هۆڵی تاقی کردنەوەکان بکرێت، لەوانەیە وەڵامەکان، ڕەد بکرێتەوە بۆ یەکتر کـە ئـەوەش جۆرێـك لە ناعەدالەتی دروست دەکات و لە هەمان کاتدا مستەوای عیلمی دوا دەکەوێت بـە تایبـەتی لـە قۆناغـەکانی زانکـۆدا، پشـتگیری لـە ڕای بـەڕێزم کـاك محمـد دەکـەم، سـەبارەت بـە دانـانی مێـژووی پێکهاتـە نەتەوەییەکان لە مەنهەجەکانی خوێندن، چونکە وابزانم ئەوە مافێکی ڕەوای خۆمانە، پێویستە چۆن بـاس لە مێژووی کورد و خەباتی گەلی کورد دەکرێت بە هەمان شێوە بـاس لـە تـاریخ و کلتـوری پێکهاتـەکانی تـر بکرێت لـە مەنهەجـەکان، لـەو چـەند ساڵەی ڕابـردوودا بـەڕێز جـەنابی وەزیـر ڕێگـە دراوە بـە کردنـەوەی

چەندین پەیمانگای ئەهلی لە بواری جۆرارو جۆر بە تایبەتی پەیمانگاکانی کۆمپیوتەر ئایا پێتان وانییە پلانێکی پێویستمان هەیە بۆ دەرچووانی ئەو پەیمانگایانە ئامادە کردووە؟ ئایا چۆن لە کۆلیژەکان وەردەگیرێن؟ ئایا چ ڕێژەیەك دانراوە لە زانکۆکان بۆ قبوڵ کردنی ئەو دەرچووانە؟ ئایا پێتان وانییە جێگەی ئەو هەموو قوتابییە دەبێتەوە لە دامەزراندنیان لە فەرمانگە و دەزگاکانی حکومەت؟ من پێموایە کە هەموو تاکێکی کوردستان پێویستە شارەزایی هەبێت لە بواری کۆمپیوتەر، ئەمڕۆ زانستی کۆمپیوتەر یەکێکە لە ئەولەویاتی ژیان، بەڵام خۆ دەکرێت ئەو زانیاریانە بە چەند خولێکی کۆمپیوتەر فێر بکرێت، دەتوانرێت ئەم زانستە زیاتر بایەخی پێ بدرێت لە هەموو قوتابخانەکان، نەوەکو پەیمانگای تایبەت بکرێتەوە بۆ کۆمپیوتەر، بۆیە پێموایە پێویستە ئیجازەدان بەو پەیمانگایانە بە وردی دیراسەت بکرێ و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە کۆتایی دەهێنین بە دانیشتنی ئەمڕۆ، گفتوگۆکانمان هەڵدەگرین بۆ سبەینێ، کاتژمێر (١٠) دەست دەکەینەوە بە دانیشتنی پەرلەمان، نوقتەی نیزامی کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داوای لێ بووردنەوە، بەس ڕوونکردنەوەیەك بە نیسبەت برای بەڕێزم کاك عمر عینایەت ئەو مەعلوماتەی لەسەر مێرگەسۆر بۆی هاتبوو تەسەور دەکەم هەڵەیە، چونکە شتی وا ڕووی نەداوە لە مێرگەسۆر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڵێ، کاك سهراب نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکایل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناڤێ من نڤیسی بوو، نەخاند؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ بەیانی، سوپاس بۆ ئێوە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستا تحسین، جەنابی وەزیر پێویستە خۆی وەڵام بداتەوە نەك مامۆستا تحسین، سوپاس.

**فخرالدين قادر**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**جعفر ابراهيم ئێمينكی**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. يوسف محمد صادق**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**